# یادەکانم

**1934_2019**

**کامیل ژیر**

**کوردایەتی بوێری کۆڵنەدان**

یادەکانی کامیل ژیر

**بابەت: بیرەوەری**

**دیزاینی بەرگو ناوەوە: ئارا ژیر**

**چاپی ئەلەکترۆنی: ٢٠١٩**

**لەسەر ئەرکی د.جەواد مەلا چاپئەکرێ**

# ناوەڕۆك


منالّییەکی دژوار!...... 1
پرسیارەکانی رۆژنامەی تایم...... 4
بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیز...... 6
جەنگی جیهانیی دوەم...... 9
کەڕەی شەربەت...... 10
رێبازە سیاسییەکان...... 10
ململانێی پارتیو تەهەڕور...... 12
زیندانی شوئەییە...... 17
دورخستنەوەم بۆئەبوغرێب...... 21
هۆنراوەی بەهاری کوردستان...... 22
هەڵوێستی ئیراک بەرامبەر بەکورد...... 24
بەشیر موشیر...... 28
چونم بۆتورکیا...... 31
رادیۆیەکی کوردیو رۆژانێ لەسویسرا...... 33
رۆژانێ لەشام و وەرگرتنم لەکۆلێجی یاسا...... 42
سەبارەت پاسۆک...... 46
دیسان بەشیر موشیر...... 56
برێ لەژیانی وێژەییم...... 58
وێنە: بنەماڵە. باوکو دایکو خوشکو براو ژیرو هاوژینو منالەکانیان...... 72
سەرەتای خوێندن...... 74
لەگەڵ شانۆ...... 76
لایەنی شاراوەی ژیانی سیاسی...... 78
گیرانم لەبەغا...... 83
پەیوەندیکردنم بەشۆڕشی ئەیلولەوە...... 86
چالاکیی یاسایی...... 88
سەبارەت کاژیک...... 91

پرسیارەکانی رۆژنامەی تایم ........................................................91
پرسیارەکانی د.دلێر .................................................................106
تایبەتمەندییەکانی کاژیک ..........................................................111
پوختەی فەلسەفەی کاژیک لە کاژیکنامەدا .......................................115
1- کاژیکـو بزوتنەوەی کوردایەتی.....................................................115
2- کاژیکـو جێ چۆڵیی بیروباوەر......................................................117
3- کوردو بیروباوەڕی بێگانە لەباری سەرنجی کاژیکەوە ........................120
4- کاژیکـو دادی کۆمەڵایەتی............................................................122
5- پێویستیی بونی کاژیک ...............................................................125
6- کاژیکـو دەوڵەت .......................................................................127
7- پوختەی بیروباوەڕی کاژیک .........................................................127
زانیاریی زیاتر لەسەر کاژیک........................................................130
فاروقیش خۆی تێهەڵئەقورتێنێ .....................................................133
هەولی کودەتا بەسەر سەرکردایەتیی کاژیکا .....................................135
ئەو پەرتوکو بابەتانەی سەبارەت کاژیک نوسراون .............................152
بەرهەمە هزرییەکانی کاژیک:........................................................167
ناوی هاوبیرانی کاژیک ..............................................................224
بەرئەنجام.................................................................................232
هەنێ بیرەوەرییتر .....................................................................235
راپەڕینی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠....................................................236
مافی مرۆڤی کورد لەبیرەوەرییەکانما................................................239
پەرچدانەوەی وتارێ لەکوردستانی نوێدا ..........................................246
بەگژاچونەوەی گەندەڵی ..............................................................253
لیژنەی کۆششی نەتەوەیی ...........................................................254
سیاسەتی گایانە .......................................................................260
لەسێبەری هیزبەکانا ئاوا هەڵبژاردن ئەکرێ!......................................261
سەرژمێری.............................................................................262
وێنەیەکی گاڵتەجاڕیی ئەم سەردەمە بۆمێژو........................................264

کەرکوک- ئەو تاوانەی لەئەستۆی بەرپرسە کوردەکانیایە..............................266
پەتای پارتایەتی، شێرپەنجەی کوردە..........................................268
هەڤپەیڤینو دیمانەکانم .........................................................270
نەتەوایەتی لەسیاسەتەوە بۆ ئەدەب ............................................270
قانون اداره الدوله ..............................................................291
کوردو سیاسەت ..................................................................298
رەوشی سیاسیی ناوچەکە ........................................................315
تاگەندەڵی بمێنێ ئایندەمان لەخراپەوە بۆخراپترئەچێ .........................327
شانازییەکانمو ئاواتی گەورەم ..................................................333
دەوڵەتی کوردی ...................................................................339
دەمەتەقێی گروپی گوڵنار .......................................................345
پرسی بەدەوڵەتبون ...............................................................396
بیرەوەرییەکانم لەنێوان نامە کراوەکانما.........................................406
نامەی یەکەم - بەڕێز سەرۆکی هەرێم: نەجارێ کارەساتو نەدو.................407
نامەی دوەم - بەرێز سەرۆکی هەریم.............................................409
نامەی سێیەم :راسپاردەیەکی کراوە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم.....................414
نامەی چوارەم بۆسەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمان، رای گشتی...415
نامەی پێنجەم- نامەیەکی کراوەی بەپەلە بۆدەمیرتاش ...........................417
نامەکانی هاوبیران ...............................................................419
هاوبیری هێژا کاك جەواد ........................................................419
عزیزی الاستاد جواد المحترم.....................................................420
عزیزی ماموستا کامل الورد .....................................................422
براو هاوبیری خۆشەویستمان کاکە عارف باوەجانی...............................423
براو هاوبیری خۆشەویستمان کاك سیروان بابە عەلی ..............................424
بەریز بەریوەبەری پەروەردەی مەلبەندی سلیمانی ................................426
بەریز کاك سیروان کاوسی .......................................................427
براوهاوبیری خۆشەویست ماموستا باخەوان.........................................428
هاوبیری بەڕیز کاك سیروان کاوسی:.............................................429

زۆر بەڕێز پێشمەرگەو فەرماندەی گیانفیدا مامۆستا مەلا عەلی زمناکۆ ............431
هاوبیری خۆشەویستم د.هۆگر مەهمود فەرەج..........................................433
نامەی هاوبیر نوری کەریم...........................................................434
برای شیرینم کاکە جەمال گیان (د.جەمال نەبەز) ...................................437
هەندێ لەکورتە نوسینەکانم کە ئاوێنەی ئەم رۆژگارەماننو بەشێکن لەیادەکانم: ...........440
کولۆلخۆی کورد، بەبابێو بەباران هەر لەبەفر کەمئەبێتەوە ...............................440
دوای رۆژئاوا نۆرەی باشورە..........................................................441
هەرامو هەلاڵ!...........................................................................442
دەوڵەتی کوردیو تاکۆس-بەڵامەکان .....................................................443
هیزبایەتیی ئەم سەردەمەو هەزار خەوش ...............................................447
دەمەتەقێیەکی مێژویی نێوان موهتەدیو ژیر ............................................449
پرۆژەیەک بۆسەربەخۆیی کوردستان بەبێ خوێن ........................................453
وتارێکی موزەفەر ئەبدوڵا..............................................................457
رای هاوبیر سەروەر: ....................................................................461
رای هاوبیر پشکۆ ئەمین...............................................................469
پرسی دەولەتو دەسەڵاتێکی گونجاو......................................................475
ئەو شەڕانەی یەخەیان گرتوم...........................................................482
ئارەزوەکانم ..............................................................................484
گەشتەکانم ...............................................................................485
کۆتاییەکی خەمناک!.....................................................................486
دوابەشی ئەم یادەوەریانەم:.............................................................488
سی . ڤی کامیل ژیر:....................................................................493

لەپاڵ یادەکانما، هەنێ بابەتیدیش بڵاوئەکەمەوە کەوێنەیەك لەبارودۆخو ڕەوشی کوردو پارتە کوردییەکان لەسەردەمی ژیانی هەشتاو پێنج ساڵەی من پیشانی نەوەکانی ئایندەمان ئەدەن، ئەمەش بایەخی مێژویی خۆی هەیە، بەتایبەتی بۆمێژونوسانو ئەشبنە بەشێکیش لەیادەکانم.

# منالییەكی دژوار!

هێشتا لەسەر پشتی بێشكەبوم، پزیشكێكی میللی كۆلگێڕ، لەجیاتی دلۆپی چاو، بەهەڵە دلۆپێ تێزاب ئەكاتە چاوم! هەر لەمنداڵیما دو جار دوپشك پێوەیداوم. توشی گرانەتابوم. كترییەك ئاوی لەكوڵ رانم ئەسوتێنێ. ئەكەوم بەسەر مەنجەڵێكی سەر ئاگراو دەستی چەپم ئەكەوێتە ناویو پێستەكەی دائەماڵرێ. لە نهۆمی سەرەوە بەرئەبمە خوارێ. سەرەتای مێردمنداڵیشم بەكرێكاری، وەك شاگرد خەیاتو شاگرد پێڵاودرویەكبو. جا وەنەبێ تەندروستیی گەورەییم لەمنداڵیم باشتربێ! لەكەوتنێكا باڵی چەپم گردەبڕ لەتئەبێ، كەوتنێكیتر، ئێسكی رانمو تۆپە خڕەكەی بن رانی چەپم ئەشكێنێ. كەوتنێكیتر ئێسكێكی شانم ئەشكێنێ. هۆی ئەم كەوتنانە، خراپبونی بڕبڕەكانی پشتمە كەبۆتەهۆی گوشینی دەمارەكانی ناو ستونی بڕبڕەكانی پشتم، لەئەڵمانیا نەشتەرگەریی بڕبڕەكانی ملوپشتیان بۆكردم، بۆملم بەسود، بەڵام بۆپشتم بێسود!. ئەوانە سەرباری نەخۆشیی شەكرو پرۆستاتو گرانبونی گوێم. كەچی لەگەڵ هەمو ئەوانەدا، هێشتا لەم تەمەنی هەشتاو چوار ساڵییەدا لەبزێویی خۆم نەكەوتومو بە ورەیەكی بەرزەوە لەگەڵ گرفتەكانی ژیاناو هەوڵی مافەكانی نەتەوەكەم، لە جەنگێكی بەردەوامامدام.

*

نامەوێ یادو بیرەوەرییەكانم، كلاسیكیانە بنوسمەوە. زیاتر پشت بەو دیمانەو چاوپێكەوتنو پرسیارو هەڤپەیڤینو نوسینانەم ئەبەستم كەئەنجامم داونو بەشێكیان لەسەرچاوەی جۆراوجۆریترا بڵاوكراونەتەوە، وەك پەرتوكی كوردایەتی بیروبزاڤە، یارۆژنامەو گۆڤار، یافەیسبوك، یاسایتەكان، یادیمانە تەلەفیزیۆنیەكان، یاسەرچاوەیتر. ئێستەش كەلێرەدا هەنێكیان یەكئەخەمو بڵاویان ئەكەمەوە، ئەم مەبەستانەیان لەدوایە:

1-ئەو بابەتانە بڵاوئەكەمەوە كەوابەستەن بەیادەكانمەوە.

2-هەڵوێستی ئیراك بەرامبەر بە كورد.

3-هەنێ دەسکاریم تیاکردون، بەڵێزیادکردنی پێویست یاکورتکردنەوە. واتا ئەوانەی لەو دیمانانەو نوسینانەما تۆمارمنەکردون، لێرەدا تێهەڵکێشیانئەکەم.

4-هەمویان بەیەك رێنوسی تازە ئەنوسمەوە. ئەم رێنوسەش لەئەنجامی توێژینەوەیەکی زانستییەوەیە کەپێشکەشمکردوە بەکۆنفرانسی زانستیی-بەشی زمانی کوردی لەزانکۆی بەغا کەلە2017/4/10ا بەسراوە.

5-بۆ کەسێ کەبەشوێن یادەوەرییەکانی منا بگەڕێ، ئەمەیان، واتا ئاوا بەکۆکراوەیی ئاسانترە، نەك بەدوی ئەوسەرچاوانەیتری مندا بگەڕێ کەئەشێ هەنێکیانی هەر دەسنەکەوێ.

ئەم یادەوەرییانەم بەم شێوازە تازەیە، واتا تێهەڵکێش بەو بابەتانەی ئاماژەمبۆکردن، یا تێکەڵ بەهەنی هۆنراوە، هەم تازەکارییەکە، هەم ئەوانەش خۆیان لەخۆیانا هەر یادەوەرینو نوسینەوەی مێژوشن بەشێوازێکی تازەو هاندەرو خۆش بۆنەوەکانی ئێستەو داهاتو، بەپێچەوانەی نوسینە سادەو کلاسیکییە پەیڕەوکراوەکانی بیرەوەرییەکانو مێژوەوە کەزۆر هاندەرنین بۆهەمو خوێنەرەوەیەك تابەشەوقەوە


UNIVERSITY OF BAGHDAD
College Of Education Ibn Rushd
for Humanitarian Sciences

جامعة بغداد
كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية

المؤتمر العلمي الأول لقسم اللغة الكردية
(اللغة الكردية أصالة وابداع)

العدد: ١٩٧
التاريخ: ٥ / ٤ / ٢٠١٧

No.
Date.

الى/ الأستاذ كامل ژير

م/قبول مشاركة

تحية طيبة..

تهديكم اللجنتان العلمية والتحضيرية للمؤتمر العلمي الأول لقسم اللغة الكردية اطيب تحياتها ونود اعلامكم بقبول بحثكم المرسل الينا والموسوم بـ

سەبارەت رێنوس و رێزمانی کوردی

للمشاركة في وقائع المؤتمر الذي سينعقد في الساعة العاشرة من صباح يوم الاثنين الموافق ٢٠١٧/٤/١٠ على قاعة ابن رشد، نأمل حضوركم للمشاركة الفاعلة لانجاح المؤتمر.

مع خالص الامتنان والمودة

رئيس المؤتمر
أ.د. علاوي سادر جازع
ع/ عميد كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية

جامعة بغداد
كلية التربية/ابن رشد
مكتب العميد

بەدویانا بچیّ. هەروەهابلاوکردنەوەیان لەم پەرتوکەدا پێویستیشە، چونکە کۆی هەمویان، بەشی زۆری یادەکانی من پێکئەهێنن. مەرجیشنیە هەمو خوێنەرەوەکانی ئەم پەرتوکە، هەمو ئەو سەرچاوانەیتریان خوێنبێتەوە. ئەگەر هەربابەتێکیشیان خوێنبێتەوە، ئەوا ئەتوانن بچنە سەر بابەتە نەخوێنراوەکان. دوبارەکردنەوەش لەسود بەدەرنیە. وەك سەرنجێکیش، لەزوربەی دیمانەکانا کە وشەی(کاك یا مامۆستا)یان خستبوە پێش ناوەکەم، لەگەڵ سوپاسما بۆیان، لەم پەرتوکەدا هەمویانم سڕیوەتەوە. بەتایبەتی، لەڕوی زمانەوانییەوە، ئەو وشانە بۆکەسی سێیەم گونجاونین. ئەکریّ بۆ کەسی دوەم بەکاربهێنرێن. هەر لەبەر ئەم هۆیە، ئەوانەش کەناومهێناون وەك کەسی سێیەم، وشەی کاك یامامۆستام نەخستۆتە پێش ناوەکانیان بەداوای لێبوردنەوە. هەوڵیشمداوە لەجیاتی **2** واو تەنیا **1** واو بەکاربێنم. زوربەی پیتەکانی وەك (د، ت، ك)م لابردون لەو جێگایانەدا کەنوسینو نەنوسینیان وەکیەکە. هەمو ئەوانەش بەمەبەستی کورتکردنەوەی نوسینو رەوانبێژی، مەگەر هەنێجار بەناچاری بەکارمهێنابن بۆئەوەی سەر لەخوێنەرەوە نەشێویّ، یا بەبیّ ئەو پیتانە، واتای وشەکە ناتەواوبیّ. هەوڵیشمداوە ئەو پیتە ئەرەبییانەی لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیا ناگونجێن، بەکارنەهێنم وەك (ح،ع) کەلەجیاتیان (هـ و ئە)م بەکارهێناوە. ئەوانەش بەپێی ئەو توێژینەوە زانستییەی ئاماژەمبۆکرد.

# پرسیارەکانی رۆژنامەی تایم




**سەرەتا بەپرسیارەکانی رۆژنامەی تایم دەسپێئەکەم**

**تایم:**

**کامل ژیر دەفتەرەکانی بیرەوەری بۆتایم ئەکاتەوە:**

**گۆڤاری (گەلاوێژ) بیری نەتەوایەتیمانی گەڵاڵەکرد**

**وەکو لەژمارەی پێشوی تایم بەڵێنمان پێدابون، بەمەبەستی تۆمارکردنی یادەوەرییەکانی کامیل ژیر، چاوپێکەوتنێکی دورودرێژمان لەگەڵا کردوەو بەزنجیرە ئەڵقەیەك بلاوی ئەکەینەوە.**

**لەو چاوپێکەوتنەدا کامیل ژیر رەوشی ئەو کاتەی کوردستانو دامەزراننی کاژیك ئەگێرێتەوە، هەروەها هۆکارەکانی چونی بەرەو بیری نەتەوایەتیو کوردایەتی رونئەکاتەوە.**

هۆی چونی گەنجو رۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە بۆناو ریزەکانی هیزبی شیوئی، وا لێکئەداتەوەو ئەڵێ:

خەڵکانێ کەئەچونە ناو هیزبی شیوئیو من یەکێکبوم لەوانە، وامان ئەزانی کلیلی مافی چارەنوسی کورد، وا لەیەکێتی سۆڤیەت.

لەو چاوپێکەوتنەدا ئاماژەی بەوەداوە کە:

نزیکەی 8-9 ساڵ گفتوگۆبو لەنێوان پارتیو شیوئی لەسەر ئەوەی ئایا کورد نەتەوەیە یا نا؟

لەگەل رۆژنامەی (تایم) ژمارە 27 رۆژی 2002/8/19

-لەسەردەمی ئینگلیزا تورکچێتیو ئینگلیزچێتیو کوردایەتی هەبو.

-ئەمانزانی روسەکان کۆماری مەهابادیان دروستکردوە، بەڵام نەمانئەزانی هەر ئەوانیش بەگورگان خواردویانداوە.

-رەفیق هیلمی لەئاستی سەرکردایەتیکردنی هزبی هیوادا نەبو.

چاوپێکەوتنی: شۆڕش قادر

(تایم) چاوپێکەوتنێکی دورودرێژی لەگەل کامیل ژیر کردوە بەمەبەستی تۆمارکردنی روداوەکانی سەردەمی ژیانی، سەبارەت بەهەستو سۆزی کوردایەتیو چۆنیەتی گەڵاڵەبونی بیری کوردایەتیو رەوشی سیاسی ئەو سەردەمەو ململانێی نێوان رێبازە سیاسیەکانی ئەو کاتەی کەلەناو کورداو بەتایبەتی لەسلێمانیا هەبون.

تایم بەمەبەستی خستنە بەرچاوی روداوەکانی ئەوسەردەمە بۆخوێنەرانی کورد، هەوڵئەدا ئەوچاوپێکەوتنە بەزنجیرەیەك ئەڵقەی یەکلەدواییەك بڵاوبکاتەوە.

*تایم: هەستی نەتەوایەتی لای جەنابت چۆن دەستیپێکرد، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو هەستە چیبونو چۆنو لەچ چوارچێوەیەکا گەڵاڵەبو؟

-ژیر: بەوهۆیەوە نەتەوەی کورد، نیشتمانەکەی داگیرو دابەشکراوە، هەمیشە زوڵمو چەوسانەوەی لەسەربوە، تاکەکانی کۆمەڵگای کورد وەکو هاوڵاتی پلە دو سەیرو مامەڵەیان لەگەڵا کراوە لەهەمو پارچەکانی کوردستانا کەئێستاش وەکو رەوشێکی تاڵ ماوە، ئەمانە هەموی وایانکردوە زۆربەی زۆری خەڵکی کورد، بەتایبەتی رۆشنبیران لەدەرگای سیاسەتبدەنو سەرەتەقێیەك لەگەڵ هەستی نەتەوایەتی بکەن. ئەوەنەش خەڵکی کورد خەریکی سیاسەتە، ئەوەنە خەڵکی رۆژئاوا پێیەوە خەریکنیە، ئەویش هۆیەکەی بۆئەوە ئەگەڕێتەوە کەخەڵکی رۆژئاوا، کێشەی نەتەوەیی ئەوتۆیاننیە، خەڵکی لەویٚ خەریکی ژیان، پیشە، خوێنن، زانیاری، زانست، داهێنان، کەیفو گەڕانن، بەڵام کوردەکە چارینییە، بیەوێو نەیەویٚ، ئەبیٚ روبکاتە سیاسەت، چونکە کێشەی نەتەوایەتیی هەیەو سیاسەتەکەش لەکێشەی نەتەوایەتییەوە سەرچاوەیگرتوە. ئەوە، جگەلەوەی من لەبنەماڵەیەکی نەتەوەییا پەروەردەبوم. هەروەها زۆربەی هاوتەمەنی من لەوکوردانەی دەستیان بەسیاسەتکردوە، بەبیرۆکەی چەپ دەستیان پێکردوە، بەڵام پاڵنەرەکە هەر چەوسانەوەی نەتەوایەتیو ئامانجیش چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیبوە.

## بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیز

من وەك بیرەوەریی خۆم، کەلەدایکبوی ساڵی **1934**م، روداوێکی بچوکی ئەوکاتە سەرنجی راکێشامو تائێستاش هەر لەیادمە، ئەوەش رەنگە یەکێکبوبیٚ لەوهۆکارانەی کەدواتر بەرەو ئاڕاستەی نەتەوایەتیی بردوم. ئەویش ئەوەیە: کاتیٚ تەمەنم پێنج ساڵانبو، ساڵی **1939** فڕۆکەیەکی ئینگلیز هاتە ئاسمانی سلێمانی، من ئەوکاتە لەدوکانەکەی باوکم دانیشتبوم، فڕۆکەکە چەن دەورەیەکی بەسەر سلێمانیا کردو سوڕایەوە، بەڵام هیچینەکرد، کەچی کاتێکمزانی خەڵك دەڕابەی دوکانەکانیان دائەدایەوەو رایانئەکرد، هەمویان شپرزەبوبونو بەڕاستوچەپ خۆیان بەیەکترا ئەکێشاو رایانئەکردو خۆیان ئەکوتا تازو بگەنە ماڵی خۆیان، هەندێکیتریان هەوڵیانئەدا بچن بۆدەرەوەی شار، ئێمەش بەهەمان شێوە بەرەو ماڵ کشاین تا

فڕۆکەکە دورکەوتەوە. دوای چەن ساڵێ، ئەم روداوەم هەر لەخەیاڵابو، باشە ئەو فڕۆکەیە هیچپینەکرد، بۆ ئەو خەڵکە شپرزەبون؟! دواتر کەتۆزێ گەورەتربوم، وەڵامی پرسیارەکەمم دۆزییەوەو تێگەیشتم ئەو شپرزەییو راکردنی خەڵکە بەو قەڵەباڵغییە، رەنگدانەوەو درێژبونەوەی کارەساتو مەرگەساتی بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیزبو لەکاتی شۆڕشی شێخ مەهمودا، چونکە خەڵکەکە چاویان ترسابو، ئەوانەیان هەر لەبیرمابو، ساڵی 1939ش زۆر دورنەبو، هەموی 7ساڵ پێشتر 1932 دوا بۆردومانی سلێمانی کرابو. خەڵك وەها لەفڕۆکە تێگەیشتبو، کەهات ئەتکوژێ، ئەمە مۆرکێکبو لەمێشکی منی منالێشا چەسپیبو و بەرەو هەستی نەتەوایەتیی ئەبردم. گەلێ جاریش باسی بۆردومانەکان لەماڵی ئێمەدا دوبارە ئەبوەوە!.

بۆزانیاریش: پێشتر فرۆکەکانی ئنگلیز رۆژی 1924/5/20 بەخەستی بۆمبارانی شاری سلێمانیانکردوە. بەرلەوەش فڕۆکەکانی ئینگلیز ناوچەی بادینانیشیان بۆردومانکردوە. لەرۆژانی شۆڕشی بیستیشا ئینگلیزەکان چەنجارێ فرۆکەیان ناردۆتە سەر گەلێ ناوچەی کوردستان بۆهەڕەشەو چاوترسانن. ناوەراستی ئەیلولی 1920یش، دو فڕۆکەی ئینگلیز بۆردومانی بارام ئاواو بەڵخەو چەن گوندێکیتری ناوچەی هەورامانیانکردوە بۆدامرکاننەوەی دزڵیەکان کەهەمیشە لایەنگری شێخ مەهمودبون، دوای ئەوانە رۆژی 1931/12/24 دیسان فڕۆکەی ئینگلیز لەدو جێگەوە پەلاماری هێزەکانی شێخ مەهمودیانداوە، بەرلەوەش رۆژی 1931/3/9 چوار هەزار گوللە رەشاشو بیستوپێنج بۆمبایان لەناوچەیەك لەدوریی سلێمانیەوە گرتۆتە شۆڕشگێڕانی کورد. لەرۆژی 1931/3/23یشەوە بۆمبهاوێژەکانی ئینگلیز بۆماوەی چەن رۆژێ لەسەریەك کەوتونەتە گیانی گوندو شارۆچکەکانی دەوروبەری خانەقین، بەتایبەتی هۆرێنو شێخانو کانی کرمانجو شاهوازیو باخهەنارو بێلولەو قۆرەتو و گوندەکانی ئوسمان بەگی سەرەك هۆزی شەرەف بەیانیو چیای سورخو ناوچەکانی سەر روباری ئەبباسان، رۆژی 30 مارتیش ژمارەیەك لەو گوندانەی کەوتونەتە باشوری دامێنی زنجیرە چیای قەرەداخەوە، بۆمبارانکراون، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئینگلیز خۆیشیان، تەنها ئەو رۆژە نەوەتو پێنج هەزارو دوسەد

گوللەرەشاشیان گرتۆتە تەنها سێ لەو گوندانەی باشوری قەرەداغ، لە 1931/4/5یشا، هێزی ئاسمانی شایانەی بەریتانی، بەتوندیو بێبەزەیی بۆمبارانی ناوچەی ئاوباریکیان کردوە، رۆژی 4/5یش فرۆکەوان گ.گاردنەر کەلەگەڵ هێزە دەستوەشێنەکەی خۆیا لەسلێمانیەوە فڕیبو، دەوروبەری شەست تا سەد لەشۆڕشگێڕانو ژمارەیەك وڵاخی قەڵتاخ کراوی لەناو دارو درەختو جۆگەکانی باشوری ئاوباریکا بەدیکردوەو هێرشی بردونەتە سەر، گشت فڕۆکە بۆمبا هاوێژەکانی پۆلی (30 و 55) بەدرێژایی دواساتەکانی ئەورۆژە خەریکی بۆمبارانی ئەو ناوچەیەبون، هەر ئەو گاردنەرە یەکەم کەسبوە کە رۆژی 3/30 شۆڕشگێڕانی لەگوندی بانی مورت دۆزیوەتەوەو بەهاوکاری لەگەڵ چەن فڕۆکەیەکیتر بۆردومانیان کردون، هەر ئەمیشبو رۆژی 4/5 شوێنی شێخ مەهمودی لەئاوباریك دەستنیشان کردوەو پەلاماری داوە. رۆژی 4/17یش رابەریی هێرشی فڕۆکەکانی بۆ سەرکان کردوەو دوای چوار رۆژ واتە لە 4/21ا لەسیاگوێز ژمارەیەکیتری لەشۆڕشگێڕانی بەدیکردوەو بۆردومانیکردون. ئنجا بەرامبەر ئەو هێرشە دڕندانانەی گاردنەر بۆسەر نەتەوەیەکی لێقەوماوی بەشبەشکراوی لاوازو بێ چەکی هاوتا، گاردنەر مەدالیای خزمەتی باڵای دراوەتێ.

جگە لەو گاردنەرە، لەلیستی راپۆرتەکانی ئەوسای شەڕا، نمونەیتر لەم بابەتە بەرچاو ئەکەوێ، ئەفسەری فڕۆکەوان سیدنی جۆزێف کار 185 کاژێر فڕینی تەنها لەکاتی هێرشەکانی ئاوباریکو بانی مورتو گوندەکانی ئەو دەوروبەرەدا تۆمارکردوە، لەسەرەتای مانگی کانونی یەکەمی 1930یشا ئەم فڕۆکەوانە کۆی سورانەوەکانی 1496 کاژێر بەسەر سورداشو دەوروبەرییەوە بوە. جونسن ولیەمزیش کە دوایی بوە یەکێ لەهەرە فڕۆکەوانەکانی جیهان، لەوهێرشەدا بەشداربوە کەمارشاڵی فڕۆکەوان جێمس رۆب لەجەژنی کریسمسا ساڵی 1923 کردویەتیە سەر ماڵی شێخ مەهمود لەسلێمانی، بەکورتی فڕۆکە جەنگیەکانی ئینگلیز بەهەزاران کاژێر لەئاسمانی کوردستانا دژی شۆڕشگێڕانی کورد جەنگاون[1]

[1]-بۆئەم زانیاریانە سەبارەت ئەو فڕۆکانە، بروانە:

کەواتە ئەو رۆژەی ساڵی **1939** کەمن بینیم فرۆکەیەك هاتە ئاسمانی سلێمانیەوەو لەهەنێ نوسینیترما ئاماژەم بۆکردوە، خەڵکەکە ناهەقیاننەبوە بەوجۆرە شپرزەببن.

**جەنگی جیهانیی دوەم**

راستە، ئەوەی مرۆڤ لەکاتی ئاساییا بەساڵێ فێریئەبێ، لەکاتی شەڕو ئاژاوەدا بەرۆژێ فێریئەبێ.

من چاوی منالێم، جگەلەو کاردانەوەی فڕۆکانە، بەدەنگوباسەکانی شەڕی جیهانی دوەم کە **1/9/ 1939** دەستیپێکرد، کرایەوە. کە شەڕ دەستیپێکرد لەنێوان دەولەتانی تەوەر(محور)و هێزەکانی هاوپەیمانان، من وردەوردە گەورەئەبوم. لەیادمە خەڵك دائەنیشتنو باسی ئەو شەڕەیان ئەکردو گوێیان لەرادیۆ ئەگرتو دەنگوباسی شەڕیان بۆیەکتر ئەگێڕایەوە. ئەو شەڕە تا **1945/9/2**ی خایان. زوربەی دەولەتانی دنیا تیایا بەشداربونو گەورەترین جەنگی جیهانیبوە. زیاتر لە **100**ملیۆن سەرباز بەشدارییان تیاکردوە. نزیکەی **85**ملیۆن کەس لەسەربازو سڤیلی تیاکوژراوە کەئەیکردە **2،5**٪ی دانیشتوانی ئەوسای جیهان.

---

-د. کەمال مەزهەر، چەن لاپەڕەیەك لەمێژوی گەلی کورد، بەشی یەکەم ل**279**.

-د. کەمال مەزهەر، گاڵتەوگەپۆ گەمەکانی نێوان شێخ مەحمودو فڕۆکەوانە ئینگلیزەکان: گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە **136** ساڵی **1995** ل**6** تا **22**، لەو وتارەدا ئاماژەکراوە بۆئەو سەرچاوانەی ئەو ژمارانەیان لێوەرگیراوە.

-کامیل ژیر: کوردایەتیو دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، بنکەی چاپەمەنی رۆژ، سوید ئابی **1994**

-وەنەبێ ئنگلیز هەر پشتی بەفڕۆکەکانی بەستبێ دژی شێخ مەهمود بەتایبەتیو دژی کورد بەگشتی، بەڵکو پشتی بەژمارەیەك سیخوڕیش بەستوە لەناو کوردا. لەوانە هەندێ لە هەمەوەندەکانی وەك موشیری هەمەی سلێمان، هەندێ لەبەگزادەکانی جاف وەك خانمی وەسمان پاشا ناسراو بە ئادیلە خانم، هەندێ لە ئاغاکانی پشدەریش.

## کەڕەی شەربەت

شتێکی خۆش کەلەبیرم ماوە لەو بارەیەوە بیگێڕمەوە، کابرایەك هەبو ناوی غەفوربو، پێیان ئەوت (کەڕەی شەربەت) کەڕولاڵبو، ڕەنگدێزو دانگڕێبو، شەربەتفرۆشی گەڕۆکبو لەبازاڕ، کوپەیەکی بەسەر سنگەوەبو، ئەو کابرایە، ناودارە لەسلێمانی، پێیئەڵێن کەڕەی شەربەت، ئێستاش مەسەلەی لەسەرئەهێنرێتەوەو یەك بەیەك ئەڵێ: (خۆی لێکردوم بەکەڕەی شەربەت) واتا ئەزانێ، بەڵام خۆیلێکەڕئەکا!. ئەو کابرایە هەمو دەنگوباسەکانی شەڕی ئەزانی، تەنانەت ئەوانەی گوێو زمانیان هەبو، ئەوەنەی ئەو دەنگوباسی شەڕیان نەئەزانی. ئەو، هەمو بەیانییەك بەدەم فرۆشتنی شەربەتەوە ئەهاتە بەردەم دوکانی باوکمو بەئاماژەو غەڵدەغەڵدو وردە دەنگێ کەدەریئەبڕی، گشت دەنگوباسەکانی ئەو شەوەی شەڕی بۆباوکم ئەگێڕایەوە! هەروەها بۆخەلکیتریش.! دوایی سەرو شەربەتمان بەسەرا ئەکرد.

## ڕێبازە سیاسییەکان

تایم: وەکو لەیادەوەریی فڕۆکەکەدا باستکرد، وادیارە خەڵکی کورد بەرامبەر بەئینگلیز هەڵوێستیان هەبوە، ئایا ئەوکاتە خەڵکی سلێمانی لایەنگری ئینگلیزەکانبون یا بەرەکەیتر؟

-ئەو سەردەمە، لەسلێمانی سێ ڕێباز هەبو، ئەوانیش تورکچێتی، ئینگلیزچێتیو کوردایەتیبون، بەشێ لەوانەی هەستی ئاینییان هەبو، بەلای تورکچێتیا ڕۆیشتبون، خەڵکانێ هەبون هەلپەرستبون ئینگلیزو هکومەتی ئەوسای ئیراك هەوڵی ڕاکێشانیان بۆلای خۆیان ئەداو چاویان لەکورسیبو، ئەوانە ئینگلیزیان بە رزگارکەرو باش ناوئەبرد، ئەیانوت ئینگلیزەکان چەندین وڵاتیان لەژێر دەستی ئوسمانیەکان رزگارکردوەو سەربەخۆکراون.

هەشبون ئەیانوت ئێمە کوردینو ئەمانەوێ سەربەخۆبین، نابێ کلکی کەسبین، بەڵام بەداخەوە ژمارەیان کەمبو، کەسایەتییە دیارەکانی ئەم ڕێبازەش لەسلێمانی، وەك من ئەوکاتە ئەمبینین، ئەمانە بون: جگەلە شیخ مەهمودو بنەمالکەیو

ئەندامانی هکومەتەکەی : رەفیق هیلمی، پیرەمیرد، تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتهوڵڵا، تۆفیق قەزاز، فایەق بێکەس، شیخ سەلام ،ا.ب هەوری، برایم ئەهمەد، مەهمود محەمەد، برایم کوردی ، ئیسمائیل شاوەیس، سدیق شاوەیس، رەمزی مەلا مارف، شاکیر فەتاهو زوربەی نوسەرو زوربەی خوێنەرەوەکانی گۆڤاری گەلاویژو کۆمەڵێ خەڵکیتر. لەو سەرودەمەشاو برێك پێشتر، هیزبایەتی وردەوردە پەیابو، سەرەتا هەنێ پارتی بچوك، ئنجاهیزبی هیواو هزبی رزگاری، دواتر گۆڕان بۆپارتی دیموکراتی کورد. ئەمانە بەشێوازی ئەو سەردەمە کوردایەتیان کردوە.

تایم: جەنابت چ کاتێ هەستت بەو ئینتمایە کردو بیرۆکەی نەتەوەو هەستی نەتەوایەتی بوبەفکر لەلات؟

-ئەتوانم بڵێم تا رادەیەك ، ژمارەیەك خەڵکی تریش، گۆڤاری گەلاوێژ، زۆر کاری تێئەکردین. گۆڤاری گەلاوێژ گۆڤارێکی چاکبو، زۆر بابەتی دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی ئەنوسیو رۆشنبیرییەکی باشی بلاّوئەکردەوە، سرودە کوردییەکانو هۆنراوەی هۆنیارانیش، ئەمانە بو بەهاندەرێکمان بۆگەلاّڵەبونی بیری نەتەوایەتی لەلامان. کارکردی دوەمیش دامەزراننی کۆماری مهابادبو کە دەنگیدایەوە لەلای ئێمەو کاریگەری زۆری لەسەرمانهەبو، چونکە شتێکی نوێبو لەناو کورداو ئەمانوت خەریکە کورد ببێ بەشتو دەوڵەتی هەیە. هەرچەن کۆماری مهاباد ساڵێ کەمتری خایان (1946/1/22ـ1946/12/17)بەلاّم خەڵك هەر دڵی پێیخۆشبو، چونکە دامەزراننی، هیوایەکبو بۆئەوەی سەرهەڵدانەوەیتریش ئەبێ. کارکردی سێیەم بۆگەلاّڵەبونی ئەوبیری نەتەوایەتییە لەلامان، رەوی بارزانییەکانبو بۆیەکێتی سۆڤیەت دوای تێکچونی کۆماری کوردستان لەمهاباد کەدەنگی دایەوەو خەڵك باسیان ئەکرد، خەڵك چاوەڕوانی ئەوەبون رۆژێ لەرۆژان بگەڕێنەوەو سەرلەنوێ شۆڕشی کورد دەستپێبکاتەوە، بەتایبەتی لەکاتی چونیان بۆسۆڤیەت، توشی شەڕی زۆربوبونو وازانرابو کەهێزێکی دەسوەشێنو چەکدارو شەڕکەرو شارەزان.

جگە لەم هۆکارانەش، شۆڕشەکانی شێخ مەهمود سەرچاوەیەکی داهێنەری بیری نەتەوایەتیبو بۆسەردەمی خۆیو بۆدوای خۆشی، هەروەها راپەڕینی شەشی ئەیلولیش.

پێشتریش چەن هیزبێکی کوردی دروستبوبن وەك: تەئالیو تەرەقی، هێڤی، کۆمەڵەی ئیستیقلالی کورد، خۆیبون، زەردەشت، یەکێتی، پشتیوانی، برایەتی، دارکەر، سەرباری شۆڕشەکانی: پیران، ئاگریداخ، دەرسیم، جەمئیەتی تەشکیلاتی ئیجتیمائی، سمکۆ، سەردار رەشید، کەدەمخێرو هتد. جاگەرچی ئەو هیزبو شۆڕشانە سەربەخۆیی کوردستانیان دەستەبەر نەکرد، بەڵام هەریەکەو هۆکارێبو بۆگەشەی بیری کوردایەتی.. ئێمەمانانیش نەوەی دوای ئەو قۆناغەبوین، بۆیە رەنگدانەوەی ئەوقۆناغە لەهەستو سۆزی ئێمەدا کاریئەکردو ئەیبزوانینو ئەیبوژانینەوە.

لەلایەکی تریش، چەندین گەلو وڵات لەژێر دەسی ئوسمانیەکان رزگاریانبوبو، بوبون بەدەوڵەت، رۆشنبیرو گەنجانی کوردیش چاویان لەوەوەبو، چاویان کرایەوەو ئاڕاستەی ئەو پرسیارە ئەبون کەکوردیش لەژێر دەسی ئوسمانی رزگاریبوە، بۆئەویش هکومەتو دەوڵەتی خۆی نەبێ؟

## ململانێی پارتیو تەهەروڕ

تایم: باشە ئەگەر وابێ، ئەی بۆچی (تحرر) کەنوێنەری هزبی شیوئی ئەکردو هێشتان هزبی شیوئی نەبوبو، لەسلێمانی بەهێزتربو، پارتی خۆی هێڵی نەتەوایەتی گرتبوەبەر، ئایا ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەبیری نەتەوایەتی لاوازبو؟

-نەخێر، بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆهەنێ دیاردەیتر کەلەو کاتەدا هەبو، خەڵکی ئەوسەردەمە، یەکێتی سۆڤیەتیان بەرزگارکەری میللەتان ئەزانی، پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستەکان لەوسەردەمەدا وەهابو کەیەکێتی سۆڤیەت پشتوپەنای میللەتانەو هیزبی شیوئیش خۆی بەتەواوکەری یەکێتی سۆڤیەت ئەزانی، لەلایەکیتر دروستبونی کۆماری مهاباد تاڕادەیەك بەپشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت، شتێکبو کەخەڵکی کوردی لەشیوئی نزیکئەکردەوەو خەڵك ئەیوت فەرمو یەکێتی سۆڤیەت فرسەتی هێناو کۆمارێکیان بۆکورد دروستکردوە، ئنجا ئێمەش ئەو کاتە ئەمانزانی کەوا یەکێتی

سۆڤیەت ئەوکۆمارەی دروستکردوە، بەڵام نەمانئەزانی هەر یەکێتی سۆڤیەتبو بەگورگان خواردویدا بۆبەرژەوەندیی خۆی، لەگەڵ قەوامو سەلتەنە سازشی کردو کوردی فرۆشت بەرامبەر بەڵێنی پێدانی ئیمتیازاتی نەوتی ئێرانی بەیەکێتی سۆڤیەت، ئەوسەردەمە قەوام سەرۆك وەزیرانی ئێرانبو، بەڵام دواتر کاتێ کۆماری مهاباد روخێنراو ئێران گەڕایەوە بۆئەو ناوچانە، کۆمەڵکوژیو لەسێدارەدانێکی زۆری کردو قەوام دەستی لەکارکێشایەوە. یەکێتی سۆڤێیەتیش بۆئەو پەیمانانەی کەلەگەڵ قەوام ئیمزای کردبو، ملی ئێرانی گرت، ئەوانیش وتیان ئەو پەیماننامانە کەسێ واژۆیکردوە ئێستا دەسەلاتینیە، بەمجۆرە یەکێتی سۆڤیەت لەلایەك بەو سازشەی، وازی لەکۆماری مهاباد هێناو لەلایەکی تریش ئیمتیازاتی نەوتی ئێرانی دەسنەکەوت .

لێرەدا خاڵێکی تریش هەیە لەمەسەلەی کۆبونەوەی خەڵك لەدەوری (تحرر) ئەویش خەڵکی چونی بارزانیەکانی بۆیەکێتی سۆڤیەت والێکئەدایەوە کەئەمە یارمەتییەکی یەکێتی سۆڤیەتە بۆکورد. ئەمانە هەموی وایانکردبو کە خەڵك یەکێتی سۆڤیەتی خۆشبوێ، هەڵبەت دڵخۆشبونەکەش سەرچاوەکەی هەر بۆهەستە نەتەوەییەکە ئەگەڕێتەوە. ئەمانە وایانئەکرد خەڵکی زیاتر لەهیزبی شیوئیی کۆببنەوە. کاتێ خەڵکیش ئەچونە ناو هیزبی شیوئی کەمن یەکێبوم لەوانە، وامانئەزانی کلیلی مافی چارەنوسی کورد وا لەیەکێتی سۆڤیەت. بەو هۆکارەو مەبەستە من چوبومە ناو هیزبی شیوئی، نەك بەوەی ببم بەکۆمۆنیستو خەباتی چینایەتی بکەم، لەراستیا ئەوسا چین لەکوردا نەبو تاخەباتی چینایەتیی بۆبکەین، ئێستاش چین بەپێی چەمکی مارکسیزم، واتە چینی کرێکارو چینی سەرمایەدار لەناو کوردا دروستنەبوە. لەم روانگەیەوە خەڵکانێ کەرویانئەکردە رێکخستنی (تحرر) یا کۆمۆنیست، زیاتر بەهۆکاری نەتەوەییبو.

تایم: ئایا هچ ململانێیەك لەوسەردەمەدا لەنێوان پارتیو (تحرر)ا هەبو، ململانێیەکە لەسەرچیبو؟

-بەڵێ، ململانێ زۆربو، ئەویش لەسەر ئەوەی ئایا کورد نەتەوەیە یان نەتەوە نییە؟ هەشت نۆ ساڵێ خەڵکو گەنجانی کورد لەوسەردەمەدا لەسلێمانی بەوەوە خەریکبون ئایا کورد نەتەوەیە یا نەتەوەنییە؟ چونکە ستالین بۆپێناسەی نەتەوە کۆمەڵێ مەرجو پێوانەی دانابو، سەرکیترینیان ئابوریی هاوبەشبو. هەروەها خاکی هاوبەش، مێژوی هاوبەش، زمانی هاوبەش، هەستی هاوبەش. بەکورتی ستالین پێنج شەش مەرجی لەم بابەتەی دانابو، ئەگەر هەرمیللەتێ تێیدابوایە، ئەوە نەتەوەیەو ئەگەر تێیدا نەبوایە بەنەتەوە دانەئەنرا. ئنجا ئەوسەردەمە بەپێی مەرجەکانی ستالین، کورد ئەبوایە بەنەتەوە دانەنرێ. چونکە هەرهیچنەبێ کورد ئابوریی هاوبەشی نەبوەو ئێستاش ئابوری هاوبەشینییە لەبەر ئەو پارچەپارچەییەو داگیرکراوەییەی بەدەس چەندین دەوڵەتەوەیە ، بۆیە کۆمۆنیستەکان ئەیانوت کورد نەتەوەنییە. لەبەرامبەرا پارتییەکان رایان وابو کورد نەتەوەیە. بەڵام لێرەدا شتێ هەیە پێویستە بوترێ: پارتییەکانیش بەگەزی کۆمۆنیستەکان جاوی کوردایەتیان ئەپێوا!. یاخود بەمانایەکیتر بەتەرازوی ئەوان کێشەی کوردیان ئەکێشا!! ئەمانیش بەگوێرەی قسەکانی ستالین کۆمەڵێ بەڵگەیان ئەهێنایەوەو ئەیانوت کورد نەتەوەیە. لەبیرمە ئەوکاتە من لایەنگری هیزبی (تحرر) بوم، کە دەهاتینە سەر مەسەلەی ئایا کورد نەتەوەیە یا نا، من رام جیاوازبو لەکۆمۆنیستەکانو رام لەگەڵ پارتییەکانبو کەوا کورد نەتەوەیە. ئەوکاتە من خۆم لەگەڵ خۆما بیرم ئەکردەوەو ئەموت کاتێ من خۆم بەکورد بزانمو ملیۆنانی وەکو من خۆیان بەکورد بزانن‌و هەمومان خۆمان بەیەك نەتەوە دابنێینو خاکو هەستی هاوبەشمان هەبێ، با ئابوری هاوبەشیشمان نەبێ، هەر نەتەوەین، لەگەڵ خۆشما ئەموت: من هەقمچییە بەسەر سەنگو ترازوی ستالینەوە، خۆ ستالین یاساکانی جیهانی دانەڕشتوە!.

تایم: ئایا ئەو ململانێیەی لەسلیمانی هەبو لەشارەکانی کەرکوکو هەولێریش هەبو؟

-بەڵێ، بەڵام کەمتر، چونکە بەڕاستی سلێمانی سەرچاوەی سیاسەتبو، سەرچاوەی دروستبونو سەرهەڵدانی ئەوهیزبانەبو. هەروەها خەڵکەکەی ئێرە کراوەترو ڕۆشنبیرتربون، بەڵام بێگومان درێژبونەوەی ئەم ململانێیە چوبو بۆشارەکانی تریش، بەتایبەتی لەکۆیەو ناوچەی بادینان، چونکە کۆیە نزیکبو، هەمزە ئەبدوڵای سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانیش، خۆی بادینیبو، لەسلێمانی ئەژیاو ناوەندی ململانێکەش سلێمانیبو.

لەلایەکیتر، وەکو ڕێکخستنیش، پێش ئەوسەردەمە، هیزبی هیوا هەبو، کە هیزبێکی زۆر فراوانو گەورەبو، دروشمەکەی سەربەخۆییبو، سەرۆکەکەی رەفیق هیلمیبو.

تایم: وا بزانم ئەوکاتە نامیلکەیەك دەرچوبو فەهد نوسیبوی لەسەر هزبی هیوا بەناوی (هل نحن بحاجە الی حزب عمل ام حزب امل؟)

-بەڵێ، مەبەستی هیزبی هیوابو، گوایە هیزبی شیوئی هیزبی عەمەلەو ئیش ئەکاو هیزبی هیوا هیزبی ئەمەلەو هەر بەهیوایەو ئیش ناکەن. ئەمەی نوسیبو. ئەو نامیلکەیە تاڕادەیەك دەنگدانەوەی هەبو، تا ئاستێکیش راستی تێابو، چونکە بەڕاستی سەرکردایەتییەکەی هیزبی هیوا، توانانەبو بەسەر ئەوخەڵکە زۆرەی رژابونە هیزبەکەوە، واتە وەکو فەهد ئەیوت، ئەگەر سەرکردایەتی هیزبی هیوا سەرکردایەتی عەمەل و لێهاتو بوایە ئەوە شتێکی زۆر گەورەی لێئەکەوتەوە، بەڵام بەداخەوە هەرچەنە رەفیق هیلمی وەکو کەسێکی پیرۆز سەیرئەکراو پیاوێکی زۆر باشو نیشتمانپەروەرو لەڕوی بیریشەوە ئاستی زۆرباشبو، بەڵام لەڕوی ڕێکخستنەوە، ئەو توانا زۆرەی نەبو کەسەرۆکایەتی ئەو هیزبە گەورەیەبکا، سەرباری ئەوەی ژمارەیەك هێڵی لاری دەوڵەتانی دژ، خۆیان کوتابوە ناو هیواوەو گێرەشێوێنییان تیائەکرد. بۆیە زۆری نەخایان ئەوهیزبە لەئاستی خۆی توایەوەو هەرەسی هێناو لەجێی ئەو چەن هیزبێکیتر دروستبون.

دواتر بزوتنەوەی کوردایەتی بوبە دو کەرتەوە، کەرتێکی رویکردە مارکسیەتو کەرتەکەی تریشی رویکردە جۆرێ لەنەتەوایەتی کەناتوانین بڵێین نەتەوایەتی تەواو، چونکە تادرەنگکاتێکیش پارتی دیموکراتی کوردستان هەر مارکسیانە بیری ئەکردەوە، لەپەیڕەوو پرۆگرامیا دەقێکی ئاشکرا هەبو بەئەرەبی ئەیاننوسی (ننتفع من الماركسيه ـ اللنينيه). تەنانەت تاکۆنگرەی یانزەی پارتیش کەساڵی **1993** لەهەولێر گیراو خۆم تیایا بەشداریمکرد، ئەودەقە هەر مابو و کرابو بە (ننتفع من النظريه العلميه)و مەبەستیان هەر مارکسیزمبو، بەڵام لەو کۆنگرەیەدا من چومە لیژنەی پیاچونەوەی پەیڕەوو پرۆگرامو لامبردو کەسێ نەبو وردبینییبکاو پێیا بچێتەوە، ئیتر بەمجۆرە ئەو دەقەم لەپەیڕەوو پرۆگراما نەهێشتو چاپکراو تێپەڕیو لەو خاڵە رزگارمانبو. دلنیام ئەگەر بخرایەتە دەنگدانەوە، بەنەرێ وەڵامیئەدرایەوە!

## رۆژنامەی (تایم) ژمارە 28 رۆژی 2002/9/3

-ئەبدولکەریم قاسم پیاوێکی نیشتمانیو دیموکراتیخوازبو.

-شیوئیەکان بەمەئاریفی کوردستانیان ئەوت مەئاریفی قلیاسان.

-دە ساڵی تەمەنم لەناو هزبی شیوئی بەفیرۆدا.

-ویستیان بۆ بەسرە نەفیم بکەن، ئەبوغرێبم هەڵبژارد..

لەم ئەڵقەیەی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیا بۆتایم، باسی لەئەزمونی **10** ساڵەی خۆی لەناو هزبی شیوئیو راو هەڵوێستی شیوئیەکان بەرامبەر بەکوردستانکرد.

لەمیانەی باسەکەیا دەربارەی هێزو توانای ئەوسەردەمەی هزبی شیوئی دوای شۆڕشی **14**ی تەموزی ساڵی **1958** ئاماژەی بەوەدا کە (یەکێ لەهەڵە گەورەکانی هزبی شیوئی: ئەیانتوانی بەئاسانی دەسەڵات بگرنەدەس، بەڵام سەرکردایەتیەکەیان بودەڵەبو، نەیکرد.

لەبەشێکیتری یادەوەریەکانیا باسی لەدوکانەکەی بەشیر موشیرو بەشیریاتو بەشیرخوازەکانکرد.

تایم: کاتێ پارتی دیموکراتی کوردستان دروستبو، زۆربەی ئەوانەی هەستی کوردایەتیان هەبو بەرەو پارتی چونو خۆشت وازت لە (تحرر) هێنا. ئایا پارتی تا چەن توانی بەرجەستەی بیری نەتەوایەتیبکا؟ خوێندنەوەی خۆت بۆ ئەو قۆناغانە، واتە پێش شۆڕشی 14ی تەموزی ساڵی 1958 چۆنە؟

-من ساڵی 1958 وازم لە (تحرر) هێنا. پێشتر ساڵی 1948 تەمەنم بچوکبو، 14 ساڵانبوم، بەڵام بەهۆیئەوەی مامەکانم، سەید نوری، سەید مەجیدو سەید تەها شیوئیبون، بەرەو هیزبی شیوئی چومو بومە لایەنگریان، ئەو سەردەمە سەید تەها وتاربێژی شیوئییەکانبو، دەنگێکی زۆر چاکی پێوەبو. کامەران موکریش وتاربێژی پارتیبو، ئەم دوانە ئەوکاتە زۆر دەرکەوتوبون لەسلێمانی.

من تا ساڵی 1958 لەگەڵ هیزبی شیوئیبوم، بەڵام بەپچڕپچڕی، چونکە من لەساڵی 1952وە ئیتر لەلایەن ئەمنەوە ناسرام بەوەی کە کەسێکی سیاسی بزێوم، لەبەرئەوە، هەر ناڕەزایی دەربڕینێك هەبوایەو 4 کەس بگیرابایە، من سەری پێنجەمبوم. بەو جۆرە تا ساڵی 1954 چەن جارێ گیرام.

## زیندانی شوئەیبە

ساڵی 1954 کەلەقۆناغی ناوەندیابوم، نزیکەی 40 قوتابی گیراینو خستینیانە ناو لۆری سەربازیو بردیانین بۆشوئەیبە، لەوێ سەربازگەیەك کرابوەوە بۆقوتابییە سیاسییەکان، کەسەیرمانکرد ژمارەیەك قوتابی سیاسی- لەئیراکا گیرابونو لەوێ کۆکرابونەوە. بیانوی ئەوگرتنانەش بەوناوەوەبو گوایە ئێمە سەربازیمان لەسەرە، بەڵام لەوێ خستینیانە زیندانەوەو یەکی 7ـ8 مانگ لەو زیندانە ماینەوە.

تایم: قوتابییە کوردەکان کێوکێبون؟

-ئەوانەی لەبیرمن:

ئەهمەد مهەمەد، ئەلبێرد، بابا ئەلی بەرزنجی، بەشیر رەشید، بەهادین کابان، جەلالی مەلا کەریم، جەلالی میرزا کەریم، جەزای میرزا هسەین، جەلال ئەزیز، جەودەت مستەفا، هسەینی هاجی ئەمین، هسەین ئارف، هسەینی مەلا هەکیم، خالید سەئید، خەسرەو رۆستەم، رەئوف مهەمەد ئەمین، روشدی ئەلی شەریف، شیخ سدیقی شێخ مەهمود، سەلاهی هەمەی شێخەلی، سەلاهی ئەلی ئایشەخان، سلێمانی مەجید بەگ، سمکۆ ئەزیز، ئەبدولاَ بەرزنجی، ئەبدولی سوران، ئەبە ئفریت، ئوسمان بەکر، فەرەیدون ئەمین، فوئادی نوری خەفاف، قادری میرزا کەریم، کامیل ژیر، کەمال مستەفا قادر، کەمال نوری، لەتیف خەزنەدار، مهەمەد کاکە، مهەمەد ئەلی شەریف، مهەمەد ئەتا رەشید، مستەفا ئەبدولڕەهمان. هەر ئەوەندەیانم لەبیرە.

*وتتان گیرایتو ناردیانیت بۆشوئەیبە؟

-بەڵێ. ئەوساڵە ئومەر ئەلی متەسەریفی سلێمانیبو، پۆلیسی سەرشەقام گرتمی، ئەلی والی بەگ مئاونی پۆلیسی سەرشەقامبو، ئەلی بەگ خزممانبو، وتم بۆچی منتان گرتوە. وتی باوەڕبکە نازانم. هەرئەوەنە ئەزانم کە ئەبێ ئێستا بتنێرین بۆسەکەنەی ئەسکەری، لەوێ پشکنینی پزیشکیان بۆکردمو دەفتەری خزمەتی ئەسکەرییان بۆپڕکردمەوەو خستمیانە پشتی لۆرییەکی ئەسکەریەوە. کە سەرکەوتم، روانیم چەن کەسێکی تریش لەلۆرییەکەدان، لەوکەینوبەینەدا پرسیمانو پێیان وتین ئێوە ئەسکەریتان لەسەرە! وتمان ئێمە قوتابین، ئەسکەری چی!؟ لۆری کەوتەڕێ بۆکەرکوك، بۆئیزگەی شەمەندەفەر، بۆبەغا، بۆئیزگەی شەمەندەفەری بەسرە. گەیشتینە بەسرە، لەوێوە براین بۆشوئەیبە! بۆکۆنە سەربازگەیەکی ئینگلیزەکان کەبریتیبو لەچەن کۆنە بەنگەڵەیەك، زیاتر لەزیندان ئەچو، پانابیەکەی هەوت مەترێکو درێژییەکەی نزیکەی سەدو هەشتا مەتر. نیوەی لەژێرزەمینابو، تەنیا لەپەنجەرە بەرزەکانەوە روناکیمان بۆئەهات. تا نزیکەی چوار مانگ، دەرەوەی بەنگەلکەمان نەدیو مواجەهەشمان قەدەغەبو. جگە لەئێمە لەهەنێ شاریتریشەوە، بەهەمانشێوە، قوتابیی سیاسیتریان ئەهێنا، لەهەمو رێبازە سیاسییەکان: شیوئی،

پارتی، بەئسی، نەتەوەیی، ئیسلامی. هەمومان بوینە برادەر. لەئەرەبەکان دوایی هەنێ کەسیان لێهەڵکەوتو چونە سەرکردایەتیی بەئسەوە وەك ئەبدولخالق سامەرائی، زوهێر قادریو مەئاز ئەبدولڕەهیم.

لەم بەندیخانەیەدا کەبەناوی سەربازگەوە بۆئێمەی قوتابی کرایەوە، زیاتر چاوم کرایەوەو بەڕێبازە سیاسیەکانیتر ئاشنابوم. لەسەرەتاوە باری ژیانمان زۆر خراپبو، وەك خواردنو جێگەی نووستنو گەرماو بێخزمەتی، ئەوە جگەلەوەی نەئێمە هەواڵی کەسوکارمان ئەزانیو نەئەوان هی ئێمە، بەڵام چونکە ورەمان بەرزبو، دەربەست نەبوین، دوای چوار مانگ، ڕێگەیاندا کەسوکار سەردانمان بکەن. هەفتەی جارێك سەری بەسرەمان ئەدا. خۆشمان بۆهەمو بۆنەیەك، ئاهەنگمان ئەگێڕا. بەبۆنەی نەورۆزەوە، شانۆنامەیەکم ئامادەکرد، هەنێ کەسمان کردە لیژنەی سەرپەرشتیی ئاهەنگەکە، ئەکتەرەکانمان دیاریکرد، لەسەربەرزاییەکی تۆزێ دور لەقاوشەکەمان، شانۆمان ڕێکخست، ئەبە ئفریت دەوری ئەژدەهاکی بینی. شانۆگەرییەکەمان تێکەڵ سرودی نەورۆزو ئەی ڕەقیب کرد. باسی شوئەیبەو ناخۆشیو خۆشییەکانی باسێکی درێژە. قادری میرزا کەریم کردویێتی بەکتێبێك بەناوی (بیرەوەری مێژویەکی پڕلەشانازی) ساڵی **2001** لەسلێمانی چاپی کردوە. دوای ئەو شیخ سدیقی شیخ مەهمود پەرتوکێکی لەسەرنوسی.

*چەنی لێمانەوە؟

-من ڕۆژی **1954/10/24** گیرامو ناوەڕاستی هوزەیرانی **1955** دوای ئەوەی سەد دینار بەدەلیان لێسەندم، بەربوم، ئەو پارەیەش بۆئەو ڕۆژە زۆربو! ئەوانی تریش، بەرودوا هەر بەوجۆرە.

*دوای ئەوە؟

-هاتمەوە سلێمانی، بومەوە بەشاگردی کاکم. ئێوارانیش خوێنن. چەنجاریتر گیرام، جاریواهەبو تا سێ مانگ لەگرتوخانەدا ئەمامەوەو دوایی بەرئەدرام.

**وەك وتم كۆتایی ساڵی 1955 گەڕامەوە بۆسلێمانیو ماوەی ساڵێ زیاتر لەسلێمانی مامەوە. لەو ماوەیەشا چەن جارێ گیرام، یەكدوجار درام بەدادگا بەناوی كتێب گرتن لەماڵەكەما، بەڵام دادگای ئەو كاتە بەو توندییەی ئێستا نەبو.**

**تایم: ئایا ئەو كاتەی لەناو تەهەروربوی بیری نەتەوایەتیت بەتەواوەتی لەلا گەڵاڵەببو؟**

**-نەخێر، بەڵام هەزم پێئەكرد، ئەوسەردەمە جارجار ئەكەوتمە ململانێ لەگەڵ خۆمو جارجار لەگەڵ هیزبەكەشما لەسەر مەسەلەی ئەوەی ئایا كورد نەتەوەیە یا نا؟! ئەم جۆرە پرسیارانەم لەخۆ ئەكردو گفتوگۆم دەربارەیان ئەكرد. هێڵی هزبیش ئەو كاتە كەمتر بنەمای فكریی هەبو، زیاتر مەسەلەی رێكخستنبو، چونكە ئەوچاپەمەنییانەی لەدوای ساڵی 1958وە هاتنە ئیراك، بەتایبەتی ئەو هەمو كتێبەی لەلوبنانو دەرەوەی ئیراك چاپئەكرانو لایەنگری بیری شیوئیەتبون، نەیانئەهێشت لەئێراك بڵاوببێتەوە، بۆیە ئێمە سەرچاوەی هزریمان نەبو، تەنها رۆژنامەی قائیدەی سەر بەهیزبی شیوئیبو لەگەڵ ئەو قسانەی كەرێكخراوەكانمان لەڕێگای رێكخەرەكانیانەوە بۆیان ئەكردین، ئەوانەش بەگوێرەی دڵی ئێمە قسەیانئەكرد.**

**تایم: ئەتوانین بڵێین جەنابت بۆگەڵاڵەبونی زانستیانەی بیری نەتەوایەتی لەلات سودت لەئەدەبیاتی ماركسیش وەرگرتوە؟**

**-بێگومان، یەكێ كەچوە ناو سیاسەتەوە، هەر بیروباوەڕێ هەڵبژێرێ، زۆر ئەخوێنێتەوەو بەدواداچون ئەكا، لەئەنجامی ئەمەشا زانیاری زۆری لا كەڵەكە ئەبێو ئەبێتە زەخیرەو سەرچاوەی فكری بۆی. لەلایەكی تریش مرۆڤ بەبیركردنەوەی خۆی ئەگاتە رایەكی تایبەتی خۆی، كەلەوانەیە جیاوازبێ لەڕای ئەو رێكخستنەی كاری تیائەكا. ئنجا بۆمن مەسەلەكە وابو، ئەنجامی ئەوبیركردنەوەو خۆپڕچەككردنە بەزانیاریو رۆشنبیری، منی گەیانە راوبۆچونی جیاواز لەهیزبەكەمو زیاتر هەستو**

بیری نەتەوەییم لاگەلالەبو تالەگەڵ دروستبونی کاژیکا ساڵی **1959**، ئەو هەستوبیرە، کەهێشتا، گەلاڵەبو، بوبە بیروباوەڕێکی نەتەوەییو فەلسەفیی تایبەت بەنەتەوەی کورد کەئیمە پێیئەڵێین کوردایەتی .

**<u>دورخستنەوەم بۆئەبوغرێب</u>**

ساڵی **1957** دایەرەی ئەمن ناردی بەشوێنما، ئەو کاتە پێیان ئەوت (شعبە التحقیقات)، دو کەس تیایا بەرپرسبون ، یەکێکیان ئەفسەربو ناوی مەسعودو ئەویتریان مفەوەزبو بەناوی تالیب، هەردوکیان ئەرەببون، ئەو دوانە دائیرەی ئەمنی سلێمانیان بەڕێوە ئەبرد، ئەوانە پێیان وتم: ئیتر ئێمە لەگەڵ تۆدا گەیشتۆتە تینمان، تۆ ئەبێ چارەسەرێکی خۆت بکەیو واز لەهەمو شت بهێنی، یاخود سێ رێگات لەبەردەمدایەو خۆت یەکێکیان هەڵبژێرە. وتم: کامانەن؟ وتیان یەکەم، لەرۆژنامەیەکا بەرائەتبکە لەهزبی شیوئی. دوەم ئەگەر ئەوە ناکەی ئەوا **3-4** ساڵ زیندانیتئەکەین، رێگەی سییەم، لەسلێمانی دورتئەخەینەوە (نەفیت ئەکەین)، ماوەشیان پێدام **2-3** رۆژ بیربکەمەوەو وەلامەکەیان لێبگێڕمەوە.

من سەیرمکرد بەڕاستیانە نەك گاڵتە، بۆیە چومەوە لایانو پێموتن: مومکیننییە من بەرائەت بکەم، چونکە بەرائەتکردن کارێکی زۆر ئەیبەبو، خەڵکانێ کە بەرائەتیانئەکرد، زۆر بەچاوی سوك تەماشا ئەکران، جگە لەمەش بەرائەتنەکردن لەلای من مەسەلەیەکی مەبدەئیبو، بۆیە پێموتن پەتیشم بۆهەڵواسن بەرائەت ناکەم، ئەوەشی کەئێوە کێشەم بۆدروستبکەنو **3-4** ساڵ بمخەنە زیندانەوە، بژاردەیەکی باشنییە، بەلام بۆنەفیکردنم کەیفی خۆتانە، ئەوانیش وتیان: باشە نەفیتئەکەین. وتم: بۆ کوێ؟ وتیان: بۆشوێنێکت نەفی ئەکەین، لەوەشا کەوتمە سەواو مامەڵە گەڵیانا کەبۆکوێم نەفیبکەن، لەدواییا وتیان: خۆت بڵێ بۆکوێت نەفیبکەین؟ وتم: بۆبەغا، وتیان: هەی وەڵلا شتێکی جوانە، ئێمە لەسلێمانی نەفیت بکەین، ئەتەوێ

بچی بەغاش بشێوێنی!؟. وتیان بۆبەسرە نەفیتئەکەین. منیش پێموتن: نا، پێشنیاری نەفیکردنم بۆئەبوغرێبکرد، ئەوانیش وتیان: باشە، ئەبوغرێب دوریشە لەبەغاو کاتێ چویتە ئەوێش، لەژێر چاودێری پۆلیسا ئەبیو بەیانیانو ئێواران ئەبێ بچی لەپۆلیسخانە ئیمزا بکەیو نابێ بشچی بۆبەغا، وتم: باشە.

من بۆیە ئەبوغرێبم هەڵبژارد، چونکە لەبەغا نزیکەو ماڵە برایەکم فازیل نیزامەدین ئەوکاتە وەك فەرمانبەرێ لەئەبوغرێببو، کاتێ کەنەفیکرام بۆئەبوغرێب، لەرِێگاوە چوم بۆماڵی ئەوانو دواتر بۆرۆژی دوەم چوم خۆم بەپۆلیسخانە ناسان، بینیم هەمو زانیارییەکیان لەسەر من لابو. ئەوانیش وتیان: زۆر چاکە ئیتر تۆ بزانە لێرە نەفیت، ناویان نوسیم، ئیمزایان لێوەرگرتم، پەنجە مۆریان پێکردمو پێیانوتم کە ئەبێ هەمو رۆژێ بەیانیانو ئێواران بچم بۆپۆلیسخانە ئیمزا بکەم.


بەم شێوەیە ماوەیەك بەیانیانو ئێواران ئیمزامئەکرد. دواتر وردەوردە وایلێهات ئێوارانەکەی نەئەچومو بەیانیەکان هەردو ئیمزاکەم بەسەریەکەوەئەکرد،. وردەوردە ئەوانیش وایان لێهات زۆر بایەخدارنەبون بەئیمزاکردنو بەچوار پێنج رۆژ جارێ ئەچوم ئیمزای هەمو رۆژەکانم ئەکردو ئەوانیش چاوپۆشیان لێئەکردم.

**<u>هۆنراوەی بەهاری کوردستان</u>**

ئەم کەینوبەینە درێژەیکێشا، تا رۆژێکیان لەساڵی **1957**دا رۆژنامەی (ژین) گرەوێکی هۆنراوە (شیعر)ی تیانوسرابو بۆجوانترین هۆنراوە لەسەر بەهاری کوردستانو خەڵاتیان بۆدانابو. ناونیشانیشیان دانابو کەئەو بەرهەمە گرەوەی، بۆبنێردرێ.

من ئەو کاتە زۆرنەبو دەستم دابوە هۆنراوە، هۆنراوەیەکم لاگەلاڵەبو لەسەر بەهاری کوردستانو بەپۆست بۆمناردن، من ئومێدی سەرکەوتنمنەبو، چونکە تەمەنی ئەدەبیم ئەوەنەنەبو، کەچی سەیرمکرد دوای نزیکەی مانگونیوێ هەر بەپۆستە نامەیەکم بۆهات تیایا ئەڵێ پیرۆزباییت لێئەکەین، هۆنراوەکەی تۆ، بە یەکەم دەرچو، وەرە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەت، لیژنەی هەڵسەنگاننی ئەوگرەوەش بریتیبو لە ئەلائەدین سوجادی، رەشید ئارف، ئەنوەر سائیبو شەماڵ سائیب لەبەغا . ئەوانە زۆر پیرۆزباییان لیکردمو خەڵاتەکەیان دامێ. منیش نەموت لەژێر چاودێریی پۆلیسدام.

ئەوەی گرنگە لێرەدا، ئەوهۆنراوەیە، دەرگایەکبو بۆمن کرایەوە. هەر ئەو لیژنەیە داوایانلێکردم سەرپەرشتیی گۆڤاری هیوابکەم. ئەوەبو هەردو ساڵی **1957**و




گۆڤاری هیوا

**1958 مانگانه گۆڤارەکەم ئەخستە بەرچاوان.**

**بەڕێزان کەریم زانستیو مهمەمەد نوری ئارفو نەسرین فەخریش هەر یەکەو بۆ ماوەیەك یارمەتییانئەدام[1].**

## **<u>هەڵوێستی ئیراك بەرامبەر بەکورد</u>**

***تایم: بەهوکمی ئەوەی بەڕێزت هەڵگری بیری نەتەوایەتیت، ئایا ئەتوانی بەراوردێکمان بۆبکەی لەنێوان هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی ئیراك پێش شۆڕشی 14ی تەموزو پاش شۆڕشی 14ی تەموز؟**

**-دژایەتی کردنی کورد لەلایەن ئیراکەوە، مەسەلەیەکە لەورۆژەی کەولایەتی موسڵ لەساڵی 1925وە خرایە سەر ئیراك، دروستبوە. ململانێیەك لەنێوان کوردو ئەرەب دروستبو، چونکە تێکڕای سیاسەتکارانی ئەرەب، بەهەمو ڕێبازەکانیانەوە، چاویان لەوەبوە کورد لەناو خۆیانا بتوێننەوەو مەرجەکانی خۆیان بەسەر کوردا بسەپێنن. بەڵام ئەتوانم بڵێم دەسەڵاتدارانی ئیراك پێش 14ی تەموز نەرمترو زیرەکانەتر لەوانەی دوای خۆیان سیاسەتی دژایەتی کردنی کوردیان پەیڕەوئەکرد. ئەوانە هەر لەدوای ئەوەی کە ولایەتی موسڵ خرایە سەر ئێراك، هاتن کۆمەڵێ خەڵکی کوردیان هێنایە پێشەوەو کردیانن بەوەزیرو بەنائب، لەوانە مهمەمەد ئەمین زەکیو تۆفیق وەهبیو جەمال بابانو سەئید قەزازو مەهمود بابانو هەسەن تاڵەبانیو زۆریتر، تەنانەت جارەناجار سەرۆك وەزیرانیش بەکوردێ ئەدرا. ئەمانە وایانکرد کە تائاستێك خەڵك چەواشە بکرێو ئەیانوت: فەرمون، ئەوهەمو وەزیرە کوردن، جاری واهەیە سەرۆك وەزیرانیش کوردە. دانانی ئەو وەزیرە کوردانەش لەڕاستیا دەرزییەکی سڕکەربو بۆکوردو وایکرد زۆرێك بەو ڕەوشە تاڵە قایلبن کەتێیکەوتبون بەوەی بەشێکی خاکەکەی خرابوە سەر ئێراك. بەو شێوەیە بەربەرەکانیی کوردیان ئەکردو**

---

[1]- شیاوی وتنە د.هیمدادی هوسێن ئەم گۆڤارەیکرد بەبابەتی نامەی دوکتوراکەی.

کوردایەتیان لەبیر خەڵکی کورد ئەبردەوە، بەڵام کاتێ کودەتای 14ی تەموز رویداو ئەبدولکەریم قاسم هاتە سەر هوکمو لەدەستوری ئیراکیدا نوسیی: ئەرەبو کورد شەریکن لەو وڵاتەدا، بەوە کورد بوژانەوەیەکی بەخۆوە بینی..بەڵام ئەوەش زۆری نەخایان!

*ئەگەر بگەڕێینەوە سەر راستییەکان، ئەبدولکەریم قاسم شتێکی زیادی نەوتوە، چونکە کوردو ئەرەب لەئێراکدا هەن، ئەمە واقیئێکە هەیە؟

-بەڵێ، بەس شتێك هەبو پێویستە باسی لێوەبکرێ، ئەویش ئەوەیە ئەبدولکەریم قاسم کەهاتە سەر هوکم، خۆی بەتەنیا نەبو، ئەبدولسەلام ئارفیشبو، ئەبدولسەلام زیاتر نوێنەرایەتی ئاڕاستە نەتەوەییە ئەرەبییەکەی ئەکرد، هەرچی ئەبدولکەریم قاسمبو زیاتر کابرایەکی دیموکراتیخوازو نیشتمانیبو، بایەخی بەقەومیەتی ئەرەبی نەئەدا، بۆیە خەڵکەکە، بەتایبەتی کورد پشتگیری ئەبدولکەریم قاسمی ئەکرد، شیوئیەکانیش ئەوەیان قۆستەوەو وتیان ئەبدولکەریم لەخۆمانە، ئەویش بواری زۆر بەشیوئیەکاندا، هزبی شیوئیش بوبەهزبێکی ئاشکراو چەندین وەزارەتیان پێدراو خەڵك بەگشتی رویانتێکرد.

لەدوای 14ی تەموز، کتێبو بڵاوکراوەی زۆر رژانە ئێراك دەربارەی شیوئیەتو مارکسیزمو هەندێکیشیان رەخنەبون لەمارکسیزم؟ لەلایەکیترەوە، منیش لەوکاتەدا گەیشتبومە تەمەنێك کەبتوانم زیاتر لەشت تێبگەمو زیاتر شت بخوێنمەوە، ئەرەبییەکەشم بەهێزتربوبو. کاتێکیش ئەوکتێبانەم خوێنەوە کەرەخنەبون لەمارکسیزم ، بۆمدەرکەوت ئەوەی من شوێنی کەوتوم، بەهەڵەدا چوم، من بەئومێدی نەتەوایەتی شوێن هیزبی شیوئی کەوتبوم، وام ئەزانی لەو رێگایەوە کورد رزگاری ئەبێ!.

لەمبارەیەوە کتێبەکەی لینین چاپی ئەرەبی (حق الامم فی تقریر مصیرها) رۆڵی زۆری هەبو بۆئەو رایەی کە پێی گەیشتم. ئەویش: ئەمانە لەڕوی تیۆرییەوە شتێك ئەڵێنو لەڕوی پراکتیکیشەوە شتێکیتر ئەکەن!.

لەلایەکیترەوە، کردەوەو هەڵسوکەوتی شیوئیەکان دوای ساڵی **1958** لەبەکارهێنانی زەبروزۆنگ بەرامبەر بەخەڵکو خەڵك راکێشان (سحل)و کوشتنیانو گاڵتەکردنیان بەکوردایەتیو دژایەتیکردنی زۆری کورد لەکوردستانا، چاومی بەرامبەر هیزبی شیوئی کردەوەو لەراستیەکانیان گەیشتم. بۆنمونە کۆمەڵێ مامۆستای نەتەوەیی داوایانکرد مەئاریفی کوردستان دابنرێ. کەچی هیزبی شیوئی دژی وەستاو کەوتنە گاڵتەپێکردنیو مەئاریفی کوردستانیان ناونابو مەئاریفی قلیاسان، وەکو گاڵتەپێکردن!.

*شیوئیەکان پشتیان بە چ بیرۆکەیەك ئەبەست لەدژایەتیکردنی کوردو داواکانی؟

-شیوئیەکان لەوسەردەمەدا ئەیانوت کۆماری ئیراك کۆمارێکی ساواو کۆرپەیە، ئەگەر بێتو لەمکاتەدا بانگەشەی قەومی بوروژێنین لەکوردستانا، ئەوە زیانی ئەبێ بۆئەوکۆمارە ساوایە، کارێکی لەوبابەتە ،دەسودەسیسەی ئەمریکاو ئینگلیزە کەئەوان هاندەری بزوتنەوەی کوردایەتین، ئیتر هەرچی قسەی خراپو ناشیرینبو بەکوردایەتیو هەڵگرانی بیروباوەڕەکەی ئەوترا. سەرباری ئەوەی هەر لەبنەرەتەوە باوەریان وابو کورد نەتەوەنیە، بەلکو کەمینەیەکەو ئەبێ بکرێ بەقوربانی زۆرینەی ئەرەب!

*ئەو سەردەمە سکرتێری هیزبی شیوئی ئیراکی کوردبو؟

-بەڵێ، ماوەیەك بەهائەدین نوریو دوای ئەویش ماوەیەکی زۆر ئەزیز مهەمەد سکرتێرێربون. ئەمانە هەستی نەتەوایەتی کوردییاننەبو. جگەلەمانە، سکرتێری هیزبی شیوئیی سوریاش خالید بەگداش هەرکوردبو. ئەوانە کاریان بۆ مەسەلەی چینایەتیئەکرد، بۆشیوئیەتو مارکسیزم خەباتیانئەکرد، مەسەلەی کورد لای ئەوان هەرگیز مەبەستێنەبو، ئەوانە بەمانای وشە گوێیان نەئەدایە مەسەلەی کورد، بەڵکو بەپێچەوانەوە، زیاتر لەئەرەبەکان دژی بزوتنەوەی کوردایەتیبون، ئەوەش بەرئەنجامی بیروباوەڕەکەیانبو.

من کاتێ ئەوانەم بەچاوی خۆم بینیو هەستم بەوهەڵوێستانەیانکرد، توشی بارێکی دەرونی خراپ هاتم، هەستم ئەکرد 10ساڵە رەنجم بەخەسارچوە، 10ساڵە بەهەڵە لەو رێکخستنە تێگەیشتوم، بۆیە 1958 وازم لێهێنا، بەڵام هەزئەکەم هەمو کەس بزانێ من لەرۆژێکا وازم لەهیزبی شیوئی هێنا، خەڵکانێکی زۆر هەوڵیان ئەدا ببنە شیوئی بۆئەوەی شوێنێك، یا پۆستێك بۆخۆیان پەیاکەن. چونکە ئەوکاتە خەڵك وایئەزانی کەئیتر ئیراك بەرەو شیوئیەت ئەرواو هوکم بەدەست ئەوانەوە ئەبێ.

*وازانراوە ئەوکاتە کەتۆ وازتهێنا، هزبی شیوئی زۆربەهێزبو، ئەیتوانی دەسەڵاتیش بگرێتە دەست؟

-یەکێك لەهەڵە گەورەکانیان لەسەردەمی قاسما ئەوەبو ئەیانتوانی بەئاسانی دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام سەرکردایەتیەکەیان بودەلەبو، نەیکرد.

*بەڕای تۆ باشبو دەسەڵاتیان نەگرتەدەس، یان ئەگەر دەسەڵاتیان بگرتایەتەدەس باشتربو؟

- پیاو ناتوانێ ئاینده بخوێنێتەوە، ئایا ئەگەر ئەوان دەسەڵاتیان بگرتایەتەدەس، وڵات بەرەو کوێ ئەچو؟. یاچۆن ئەبو؟، لەهەمو بارێکا، ئەوان بەڕای من، باشترئەبون لەرژێمی ئارفو رژێمی بەئس، ئەو هەمو تاوانەی کەکران بەرامبەر بەکورد، ئەوان بەوجۆرە نەئەبون.

*کەوازتهێنا چیتکرد؟

-بێلایەن دانیشتم. ئەوکاتە لەبەغا ئەژیام. لەدوای 14ی تەموزیش چاودێریی پۆلیسم لەسەر لابرا، ئیتر دەستمکرد بەئیشکردنو وەزیفەو خوینن، ئەوکاتە دوکانی بەشیر موشیر لەبەغا وەکو یانەیەکی هزریبو، رۆشنبیرە کوردەکان بەهەمو جۆرەکانیانەوە سەردانیان ئەکردو لەوێ کۆئەبونەوە. منیش لەگەڵ بەشیر موشیر زو ئاشنایەتیم پەیاکردو واملێهات کەبتوانم لەو دوکانە دابنیشمو بوم بەموریدی بەشیر

موشیر! چونکە ئەو ڕێگای بەهەمو کەس نەئەدا لەدوکانەکەی دابنیشێ. زیاتر ڕێی بەوانەئەدا کەکوردێکی باشبون. دوکانەکەشی بە قیبلەی ئامالی کورد ئەزانی.

<u>ڕۆژنامەی (تایم) ژمارە 29 ڕۆژی 2002/9/18</u>

**-دکتۆر ئیزەدین مستەفا ڕەسول لەبەشیرییات لایداوە**

**-موسا ئەنتەرم لەئەستەمول بینی.**

**-شیوئیو پارتی دژی هیزبی سەربەخۆییخوازبون.**

**لەدرێژەی ئەم چاوپێکەوتنەدا، باس لەچونی بۆتورکیاو سویسرا ئەکا.**

**هەروەها ئاماژە بەوەئەدا کەلەئەستەمول چەندین جار موسا ئەنتەری ڕۆژنامەنوسی بینیوەو لەگەڵ کۆمەڵێ ڕۆشنبیریتری کوردی دانیشتوی ئەستەمولّ کۆبونەوەی کردوەو باسی چۆنیەتی دامەزراننی هیزبو ڕێکخراوی سیاسیی بۆکردون.**

**<u>بەشیر موشیر</u>**

بەشیر موشیر



***لەسەر بەشیر موشیر، باس لەوەئەکرێ ناکۆکی لەگەڵ زۆر لەموریدەکانیا بۆدروستبوبو؟**

-هیچ ناکۆکی، یان ناتەباییەك روینەداوە، کەس ناتەبایی لەگەڵ بەشیر موشیر نەبوە، بێجگە لە د. ئیزەدین. هەرئەو لایداو ئەوکتێبەی دەرکرد (ئوستاد) کەرەنگە بەڕای خۆی بەشیرییاتبێ، بەڵام لەڕاستیا ئیشەکەی دژی بەشیربو، چونکە لەزۆر شوێنی کتێبەکەدا بەشیرو خەڵکیتری شکانوەو هەقیخۆیانی نەداونەتێ، بۆیە زۆرکەس وەڵامی کتێبەکەیاندایەوە.

بێجگە لە ئیزەدین، ئەوانیترمان: جەمال نەبەز، مام جەلال، کەمال فوئاد، ئیهسان فوئاد، مەلا جەمیل رۆژبەیانی، ئەلائەدین سوجادی، تۆفیق وردی، مهمەد نوری ئارف، منو زۆریتر، هەر هەمومان لەسەر بەشیرییاتی خۆمان رۆیشتوین.

بەشیرییاتەکەش زیاتر سەرپۆشێکبو بۆکاریترو لەودەرگایەوە ئەمانتوانی کوردایەتی بکەین، ئەو ماوەیەی کە من تێکەڵی ئەو رۆشنبیرانەبوم لەدوکانی بەشیر موشیرو لەگەڵ جەمال نەبەزو ئەلائەدین سوجادیو مەلا جەمیل رۆژبەیانیو زۆریتر، زیاتر ئاسۆی بیرم کرایەوە. لەبوارێکیتردا، هەر لەم یادەوەرییانەدا، یادەوەریی زیاترمان ئەبێ سەبارەت بەشیر موشیر.

بیرمدێ ئەو سەردەمە ئێمە پێکەوە لەبارەگاکەی بەشیر موشیر (قیبلەی ئامالی کورد) بەکۆمەڵ دائەنیشتینو رەخنەمان لەمارکسیزم ئەگرت وەکو بیر. رەخنەمان لەهزبی شیوئی ئەگرت وەکو رەفتارو هەڵسوکەوت. جگە لەوە، لەوسەردەمەدا کەوتینە رەخنەگرتن لە(پارتی)یش، چونکە پارتیش ئەوکاتە لەئاستی ئەوکارەدانەبو.

رەخنەمان لەپارتی

*ئایا رەخنەکانتان لەپارتی ئەوەبو کە کەموکورتبو لەبواری مەسەلەو هەستی نەتەوایەتیا؟

-بەڵێ کەموکورتبو، وەکو لەسەرەتاشەوە باسمکرد پارتی تاکۆنگرەی یازدەش هەر ئەو ئاراستە مارکسیەی تێابو. ئەوەش بەلای ئێمەوە هەڵەبو، بەڕای ئێمە ئەوکاتە پێویستبو پارتی دەست لەو ئاراستە مارکسیە بەردا، هەرچەن تائێستاش

ئاستی هۆشیاریی نەتەوایەتی پارتی وەکو پێویست بەرزنەبۆتەوەو لەئاستی پێویستدانییە،

بەڕای من، هۆکاری نزمیی ئاستی هۆشیاری، یان نەبونی هۆشیاریی نەتەوایەتی بەئاستی پێویست ، ئەگەڕێتەوە بۆکۆمەڵێ هۆکار، لەوانە: تۆوی دوبەرەکی کەبەدرێژایی **2700** ساڵەی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن بێگانەوە لەکوردستانا بڵاوکراوەتەوە، ئەو ڕێبازو ئایدیۆلۆجیا نامۆیانەی کەکەوتونەتە ناو نەتەوەی کوردو دەماری نەتەوایەتییانی سڕکردوە وەك ئایدیۆلۆجیای ئیسلام کە ڕێبازێکی نێونەتەوەییە (ئینتەرناسیونالیستییە)و لە**1400** ساڵەوە، بتەوێونەتەوێ، بەرەو نانەتەوەییت ئەبا. چونکە ئەوئایدیۆلۆجیایە واتلێئەکا زیاتر گوێ بەئاینو ئەوەدنیا بدەی، کەمتر بیر لەم دنیایە بکەیتەوە. سەرباریئەوەی ئاینەکە لەبنچینەدا بۆخزمەتی ئەرەب دانراوە (انا انزلناکم قورئانا عربیا لعلکم تعقلون). لە شەست ساڵی رابوردوشا، مارکسیەت ئەوەنەیتر دەماری نەتەوایەتیی سڕکرد.ین.

بەم شێوە کارلێکردنەش، بمانەوێونەمانەوێ، بایەخو هەستی نەتەوایەتی لەناو میللەتا کەمئەبێتەوە. بەڵگەش بۆئەوە سەلاهەدینی ئەیوبییە، ئەو کابرا بەهێزەی کەدنیایەکی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیو ڕۆژئاوای راوناو قودسی لەخاچپەرستەکان سەندەوەو خزمەتێکی گەورەی ئەرەبو ئیسلامیکرد، هیچ هەستێکی نەتەوەیی کوردیی نەبو.

*ئەوە بۆئەوە ناگەڕێتەوە کەئێمە رۆشنبیری نەتەوەییمان نییە؟

-با، ئەمەش هوکارێکیترە. نەتەوەکانی دنیا بەگشتی، پێش سەربەخۆییان، چەندین بیرمەندو فەیلەسوفی نەتەوەییان تیاهەڵکەوتوە. یا ئاینێکی تایبەت بەخۆیان هەبوە. ئەوانە ڕێخۆشکەربون بۆداڕشتنو گەشەپێدانی بیری نەتەوەییو رزگاریی نەتەوەکانیان. بیرمەندەکانی ئێمە، کەوتنە خزمەت ئیسلام، لەمدواییەشا خزمەت مارکسێتی. ئاینی زەردەشتیمان هەبو، بەڵام لەبێشکەدا تاسێنرا. چەن بیرمەنێکی کەممان هەبوە وەك خانیو کۆیی، بەڵام ئەوانیش هەر بەمێژەری

ئیسلامییەوە هەنی هۆنراوەی کوردایەتیانەیان وتوەو تەنیا لەگۆشەی مزگەوتو هەنێ دیوەخانا بلاوکراونەتەوە!!. لەمدواییەشا دەزگای نەتەوایەتیمان پارتیبو، پارتیش هەر بەگەزی مارکسیزم دیاردەکانی ئەپێوا، بۆیە هەستی نەتەوەیی لەوسەردەمانەدا گەشەی نەسەنوە .

## چونم بۆتورکیا

سالّی 1962 من چومە تورکیا، ئەوسەردەمە دیوانی هۆنراوەی کوردایەتیەکەم پێشتر لەسالّی 1960 دەرچوبو، ژمارەیەکی لێگەیشتبوە تورکیاو هەنێ لەکوردەکانی ئەوێ خوێندبویانەوە، لەڕێگای کۆمەلّێ خوێندکاری سلێمانیو هەولێر کەلەوێ ئەیانخوێن، لەهۆنراوەکانم گەیشتبونو کاریان تێکردبون.

لەتورکیا برادەرێکم بەناوی جەمال ئەلەمدار هەبو، لێپرسراوی پارتیبو، من کەچوم بینیم، وتی وەرە، زۆر لەکوردە رۆشنبیرەکانی ئێرە دیوانە هۆنراوەکەی تۆیان خوێندۆتەوەو زۆریان پێباشە، وەرە لەگەلّیان دانیشە، جگەلەمەش، ئەوانە ئەیانەوێ رێکخراوێ، هیزبێك دروستبکەن، بەس هیچی لێنازانن، تۆ ئەگەر یارمەتیان بدەی پێیان خۆشئەبێ. منیش ئەوەم پێخۆشبو، لەوێ دەستیانکرد بەدەئوەت کردنی من، ئەو دو هەفتەیەی لەئەستەمولبوم، ئەبوایە بەرەو ئەوروپا بچم، بەلاّم ئەو ماوەیە لەوێ مامەوە، بێ شەوبواردن،هەرشەوەی لەمالّی یەکێ لەکوردە ناودارەکانی ئەوێ کۆئەبوینەوە، بەهۆی ئەمەوە گەلێ کەسایەتی کوردی ئەوێ کۆدەبونەوەو باس لەمەسەلەی کوردو رێگاچارەسەرو دروستکردنی رێکخراوی کوردیکرا.

بەبیرمدێ، دو کەس لەوانەی کەناودارو چالاکبون، لەوکۆبونەوانە ئامادە ئەبون، یەکێکیان ناوی موسا ئەنتەربو، رۆژنامەنوسێکی بەناوبانگبو، بەمدواییە شەهیدکرا، ئەویتریشیان مەمۆ ناوێکبو، نازانم مەمۆ چیبەسەرهات. ئەم دوانە زۆر رۆلّی سەرەکییان بینی لەو

کۆبونەوانەدا کەبەمەبەستی هیزب دروستکردنو کوردایەتیبون.

*باشە ئەوانە لەویٚ بۆچی نەئەچونە ناو پارتی کەئەوکاتە هەبو؟

-نازانم، ئەوەی ئەیزانم پارتی لەویٚ بونینەبو. پارتی هەر لەباشورهەبو. ئەوانیش هەر لەسەرەتاوە رەوتو ئاڕاستەیان زۆر نەتەوەییانەبو، لەوانەیە پارتیان بەدڵنەبوبیٚ، بەڵام کاریگەریی هۆنراوەو بیروباوەڕەکانی منیان پێوەدیاربو.

*ئایا ئەتوانین بڵێین دیوانی شیئری (کوردایەتی) گوزارشت لەبیری کاژیك ئەکا؟

-بەڵیٚ، گوزارەی لەبیری کاژیکئەکردو تەڤینەوەیەکی بیری نەتەوەییشبو، واتە لەوەوپێش خەڵکی ئەوجۆرە قسانەیان نەبیستبو، زیاتر قسەی نەرمتر کرابو، بەڵام ئەوەی من بەبیروباوەڕو بەشێوازو گوفتاریش کوردایەتیەکی داهێنەرانەو نوێبو، ئەمە تەڤینەوەیەکبو بۆکوردەکانی ئەوێش.

لەبەرئەوەی من ئەزمونی هیزبایەتیم زۆربو، پێشتر لەناو هیزبی شیوئیو دواتریش لەکاژیك، ئەمزانی رێکخستن چۆنەو هیزب چییە، پرەنسیپ چییە، پەیڕەوو پرۆگرام چییەو چۆن هیزب دروستئەکریٚ. بۆیە هاتم لەسەر شێوازی کاژیك، شێوەی دروستکردنی رێکخستنیکی نەتەوەییم بۆداڕشتن. پێموتن ئەوە (کاژیك)یش هەیە. وتیان: باشە ئێمە ئیتر دەستپێئەکەین، یابەشێئەبین لەکاژیك یاخۆمان شتێکی سەربەخۆ دروستئەکەین.

منیش ئیشەکەم وابو نەمئەتوانی زیاتر بمێنمەوە، نەخشەو شێوازی دروستکردنی هیزبو کارکردنم بۆداڕشتن وەکو سەرەتاو پێموتن ئێوە خۆتان بەرپرسیارن لەکاری خۆتانو خۆتان ئیشەکانتانبکەن، ئیتر من رۆیشتم بۆسویسرا بەمەبەستی چون بۆفەڕەنسا



بۆسەرپەرشتیکردنی ئەو رادیۆ کوردییەی کەبڕیاربو لەپاریس دابنرێ، د.کامەران بەدرخان بەڵێنی رەزامەنی دانانی ئەو رادیۆیەی لەفەڕەنسییەکان وەرگرتبو، پێش منیش جەمال نەبەز چوبو بۆسویسرا، لەوێ د.کامەران بەدرخانی بینیبو. هەردوکیان پێکهاتبون لەسەرئەوەی من ئەورادیۆیە بەرمبەڕیوە.

<u>**رادیۆیەکی کوردیو رۆژانێ لەسویسرا**</u>

**رۆژنامەی (تایم) ژمارە 30ی رۆژی 2002/10/3**

**-یەکەکە متمانەی نەتەوەی کوردو دۆستەکانی کوردیشی لەدەستدا.**

*د.کامەران بەدرخان*

**-مادام برۆنزینۆ هەزی ئەکرد شو بەبەشیر موشیربکا.**

**-باڵیۆزخانەی ئیراك لەسویسرا بەدەرکردنیداین.**

**-ئەمانویست چارلی چاپلن ببینین.**

**-رادیۆیەکی کوردی.**

لەدرێژەی چاوپێکەوتنەکەیا لەگەڵ رۆژنامەی تایم، کامیل ژیر ئاماژەی بەوەدا کە باڵیۆزخانەی ئیراك لەسویسرا بەدەرکردنیدان. جگەلەوەش لەم ئەڵقەیەدا کۆمەڵێ یادەوەری پێکەنین ئامێزو سەرنجڕاکێشی گێڕاوەتەوە کەهەموی پێکەوە ئەتوانرێ ئاستی رەوشی ئەوسەردەمەی کوردی دانیشتوی ئەوروپای تیاببینرێ.

لەم ئەڵقەیەی یادەوەرییەکانیا باسی لەمانەوەی لەسویسراو دواتر دەرکردنیان لەوێ بەفشاری هکومەتی ئیراکیو کۆمەڵێ سەرگوزشتەی خۆی بۆکردوین.

*شارەزاییت لەبەڕێوەبردنی کاروباری رادیۆدا هەبو؟

-دوکتۆر کامەران بەدرخانو جەمال نەبەز، ساڵی **1962** پێکهاتبون لەسەر ئەوەی من بچم بۆ فەڕەنسا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو رادیۆ کوردییەی چاوەڕوانئەکرا لەپاریس دابمەزرێ.

من هەنێ شارەزاییم هەبو لەکارەکانی ئیزگەی رادیۆدا بەهۆی ئەوەوە لەرادیۆی کوردیی بەغا بەرنامەیەکم هەبو (لەهەر تەلەی دەنگێ) پێشتریش لەقۆناغی خوێننی ناوەندیا چالاکیی هونەریم هەبو لەبواری شانۆدا وەك ئەکتەرێکو وەك نوسەرێکی شانۆنامەو وەك دەرهێنەرێکیش، ساڵێکیش لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغا بەشی نواندنو دەرهێنان خوێنبوم. یەکێکیشبوم لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵی ئاوازی کوردی لەگەڵ شەماڵ سائیبو ئەهمەد دەنگ گەورەو تایەر تۆفیق.

*کامیان تۆیانهەڵبژارد بۆئەوکارە؟

-جەمال نەبەز، ئەو پێش من بەشەش مانگ گەیشتبوە جنێڤ، بەو شەش مانگە فێری فەرەنسیەکە بوبو، ئەوەش بۆمن کارئاسانییەکبو کاتێ گەیشتمە سویسرا. ئەوەبو وەك وتم لەئەستەموڵ دو هەفتە دواکەوتم، نازانم ئەو برادەرانەی ئەستەموڵ چییانکرد؟ بەڵام ئەوەی ئەمبیستەوە، هەستی نەتەوایەتی لەباکور لەپەرەسەنناىو، دوای ساڵانێ پەکەکەش دروستبو. ئەمیش وەك جارانی پارتی، مارکسێتیو نەتەوایەتیی تێکەڵ بەیەککرد! کەئەوە خاڵی لاوازی پەکەکەبو، راستە پەکەکە زۆر پەرەی سەنو بەهێزبو، بەڵام لەگەڵ ئەو شکستییەدا کەبەسەریهات بەهۆی گرتنی ئۆجەلانەوە، پەکەکە لەخەباتی سەرتاسەرییەوە بۆهەمو کوردستانو بۆسەربەخۆیی، بایدایەوە بۆخەباتی ناوچەییو ملدان بۆپێکەوەژیان لەگەڵ تورکا! بەوە پەکەکە متمانەی نەتەوەی کوردو متمانەی دۆستەکانی کوردیشی لەدەسدا.

*بێینەوە سەر رادیۆکە، چیبەسەرهات؟

-بەڵێ، ئەو دواکەوتنەم لەئەستەمولۆ سەفەرەکەشم بەشەمەنەفەربو لەبەغاوە، ئەوەش ماوەیەك دوایخستم. کاتێ گەیشتمە جنێڤ، دوکتۆر کامەران چوبو بۆئەمریکا بەنیازی ئەوەی داخوازییەکانی شۆڕشی ئەیلول بخاتە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوە

یەکگرتوەکان، دو مانگی پێچو، منیش ئەو ماوەیە هەر لەجنێڤ مامەوە، سەفارەتی ئێراکیش هەواڵی ئەو رادیۆیەی زانیبو، هکومەتی فەرەنسەی لێپەشیمان کردبوەوە. هەر لەماوەی ئەو دواکەوتنەشا، زەمالەیەکی خوێنن لەزانکۆی سۆربۆن کەخێزانەکەی دوکتۆر کامەران بۆمنی وەرگرتبو، برادەرێکی کوردی رەواندزی بەخێزانەکەی دوکتۆر کامەرانی وتبو گوایە من فەرەنسی نازانمو پەشیمانبومەتەوە لەچونم بۆفەرەنسا، زەمالەکەی منی بۆخۆی پچڕیبو!، ئیتر من لەکوردەکەی هەردو جەژنەبوم، نەرادیۆکەو نەزەمالەکە.

*ئەی چیتکرد؟

-ناچار لەجنێڤ مامەوە بەنیازی خوێنن لەسەر گیرفانی خۆم، لەکۆلیجی ئابوری وەرگیرامو دەستمکرد بەهەوڵدان بۆفێربونی فەڕەنسی، لەهەمان کاتا، لەگەڵ برام نەبەزا دەستمانکرد بەچالاکیەکی زۆر لەدژی رژێمی ئێراکو بڵاوکردنەوەی دەنگوباسەکانی شۆڕشی ئەیلول. ئێمە دەنگوباسەکانی شۆڕشمان بەوردیو بەدرێژی پێئەگەیشت. ئەویش بەهۆی ئەوەوەبو کەدکتۆر کامەران جۆرە مەرەکەبێکی دابوینێ لەشوشەی ئاوی دڵۆپێنراو(مقطر)دا بو. ناردبومانەوە بۆرێکخستنی کاژیك لەبەغا بۆهاوبیرمان. (م.س) کەدوایی بوبەئەندازیارو بەڕێوەبەری گشتیی کارگەیەکو ئێستا بەهۆی ئەوەوە کەڤاچەکانی لەکارکەوتون، لەماڵەوە دانیشتوە. ئەو مەرەکەبە لەڕەنگی ئاوبو، لەسەر کاغەزەکە دەرنەئەکەوت. هەمو هەفتەیەك نامەیەکمان لەو هاوبیرەمانەوە بەپۆستەدا بۆئەهات کەبریتیبو لەچەن وشەیەك وەك هەواڵپرسین، ئیتر ئەویتری بەو مەرەکەبە پڕئەکردەوە بەدەنگوباسەکانی شۆڕش. ئێمەش جۆرە مەرەکەبێکیترمان لەلابو ئەماندا لەکاغەزەکەو هەمو نوسینە نهێنییەکانی دەرئەخست. بەوجۆرە هەمو هەفتەیە دەنگوباسەکانی شۆڕشمان پێئەگەیشتو بڵاوئەکردەوە.

*چۆنو بۆکوێ ئەو دەنگوباسانەتان بڵاوئەکردەوە؟

-یەکەمجار، ئەو دەنگوباسانەمان لەنامەکەوە ئەگواستەوە بۆسەر کاغەزیترو ڕێکمانئەخستن. وێنەیەکیمان ئەنارد بۆدوکتۆر بەدرخانو وێنەیەکیش بۆئیسمەت شەریف وانلی کەئەوسا لەشاری لۆزان ئەژیا. هەنێ لەکوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش کەلەجنێڤ ئەژیان وەك هەبیبوڵای ڕەشیدیو فوئادی ئاسەفمان لێئاگادارئەکرد. دوای ئەوە ئەکرانە فەڕەنسیو بڵاوئەکرانەوە.

*ئەمە تاکەی درێژەی کێشا؟

-تا دەریانکردین لەسویسرا.

*بۆ دەریانکردن؟

- ئەمەیان مەسەلەیەکی خۆشە، لەسویسرا یاسایەك هەبو، هەر بێگانەیەك پارەی پێنەمایە. پۆلیس ئەچو یەك سەلامی سەربازیانەی بۆئەکردو پێیئەوت: ئەی گەورە، تۆ لەبەرئەوەی پارەت پێنەماوە، کام سنور هەلئەبژێری بۆئەوەی لەوێوە ئاودیوتبکەین؟

ئێمە لەنێوخۆمانا جارجار باسی ئەم یاسایەمان ئەکردو تێر پێئەکەنینو ئەمانوت: دەرکردنەکە بەهەرجا، ئەو سەلامە سەربازیو پێبەئەرزدانە بۆ؟!

بەوجۆرە ئەمانگوزەران، تا من لەپشویەکا سەردانێکی نەمسام کرد. لەوێ لەڤیەنا ڕەشید ئارفو دوکتۆر وریا ڕەواندزیو دوڕیە مهەمەد ئەلی ئەونیو سەرداری ڕەمزی فەتاهو ئومەر دزەییم بینیی.

لەگەڵ ئەم دوانەی دواییا، کۆڕو دانیشتنەکانمان خۆشبو، لەبەرئەوە گەشتەکەم پازدە ڕۆژی خایان. کەگەڕامەوە بۆ جنێڤ، نەبەز پیاما هەڵشاخاو وتی ئەمە تۆ لەکوێی؟ وتم بۆ واتوڕەی؟ وتی پۆلیس هات سەلامەکەی بۆکردم!! وتم بۆ؟ خۆ ئێمە پارەمان پێماوە. (ئەوسا لەکەسوکارەوە پارەمان بۆئەهات) وتی لەبەر ئەوەنیە، نازانم هاتن وتیان ئەی گەورە: لەبەر ئەوەی سویسرا وڵاتێکی بچوکە، جێگەی ئێوەی تیانابێتەوە، کام سنور هەڵئەبژێرن تا خۆتو برادەرەکەتی لێوە ئاودیو بکەین!؟

لەگەڵ ئەو هەواڵە ناخۆشەدا، دامە پڕمەی پێکەنین. وتم بۆچی جێگەی ئێمەی تیانابێتەوە. خۆ نەئاوساوین؟ وتی کاتی پێکەنین نیە، ئەبێ مشوری خۆمان بخۆینو بڕۆین. وتی زۆرم هەوڵداوە، بێسوودەو ئەبێ بڕۆین، تەنیا بەوە رازیبون کەچاوەڕوانی هاتنەوەی تۆ بکەمو خۆشمان بڕۆین نەك ئەوان بەپۆلیس دەرمانکەن. ئیتر ناچار رومانکردە نەمسا.

*بەر لەوەی بڕۆین بۆپرسیار لەبارەی نەمساوە، ئاخۆ هەنێ یادەوەریتان هەیە لەسویسرا!؟

-بەڵێ، وەك وتم نەبەز بەرلەمن گەیشتبوە جنێڤ، لەناو ماڵێکا ژورێکی بەکرێگرتبو، ماڵی مادام برۆنزینۆ. ئەم ئافرەتە مێردو کوڕێکو کچێکی هەبو، مێردەکەی لەشارێکیتر کاریئەکرد. کوڕەکەی کەناوی کارلۆ بو، لەسەر ماتۆڕ پەڕیبو، لەخەستەخانە کەوتبو بۆنەشتەرگەری. لەبەر ئەوە مادام پێویستی بەپارەبو، بۆیە ئەو ژورەی دابو بەکرێ. کەمنیش گەیشتم، ژورێکی بەمنیشدا، بەڵام ئەو ژنە لەوە ئەچو زۆرمان لێبترسێ. شەوان دەرگای ژورەکەی خۆی دائەخستو هەنێ شتیشی ئەدایەپاڵ!. تومەز کوڕەکەی لەخەستەخانە پێیوتبو: بۆژورتداوە بەکورد؟! ئەوانە میللەتێکی پیاوخۆرن! تۆبیگوزەرێنە لەگەڵیانا، کەمن لەخەستەخانە دەرچوم ئەزانم چۆن دەریانئەکەم! ئێمە بەمەمان نەزانیبو.




بەبۆنەی دەرچونیەوە لەخەستەخانە، چوینە لایو هەنێ گوڵیشمان پێشکەشکرد، دیمان لەگەڵمانا گرژبو!. تەختەیەکی شەترەنج دانرابو. من شەترەنجم باشئەزانی. وتم بایارییەك بکەین. وتی ئەوە یاریی تۆنیە، ئەوە یاریی ئەقڵە!! قسەکەم لاگرانبو. وتم باشە بائەقڵی خۆمان تاقیبکەینەوە. وتی بۆچی تۆ یارییوا ئەزانی؟ یارییەکمان کرد زو لێمبردەوە.

**یاریی دوەمو سێهەمیش بەوجۆرە. ئەو زۆری لێنەئەزانی. دوای چەنرۆژێ وتی من زۆری نازانم، بابچین بۆگازینۆی شەترەنجزانەکان. ئەگەر لەوێ یارییەکت بردەوە، ئەوا من رام ئەگۆڕێو دەئوەتێکیشت بۆئەکەم. لەوێش بردمەوەو دەئوەتەکەی بۆکردمو تێکەڵاویمان زیاتربو. ئەو تەمەنی پازدە ساڵێکبو، رۆشنبیرییەکی ئەوتۆی نەبو، ئێمە لەمریشکەرەشە بوبوینەوە.**

**ئنجا جارجار دوکتۆر کامەرانو ئیسمەت شەریفو رەشیدیش ئەهاتن بۆلامان، کارلۆ بۆی رونبوەوە ئێمە پیاوخۆرنین، بەڵکو لەزۆر خەڵکی ئەوێ رۆشنبیرترین. ئیتر رۆژێ خۆی هات دانیپیانا کەهەڵەبوەو داوای لێبوردنیکرد. وتمان چیبوە؟ وتی من کتێبێکم لەسەر کورد خوێندبوەوە کەگوایە میللەتێکی کێویو پیاوکوژن (کتێبەکەی کارل مای)[1]، کەچی ئێستا بۆمدەرکەوت ئێوە لەئێمەش تێگەیشتوترن. ئنجا ئەوەشی کەوایکردبو مادام برونزینۆ زۆر لێمان بترسێ، نەبەز لەگران پاساژ (گەورەترین سوپەر مارکێتی جنێڤ) کێردێکی گەورەی پڕلەنەخشونیگاری کڕیبو، لەژورەکەی خۆی هەڵیواسیبو. مادام برونزینۆ، بەوە ئەوەنەیتر ترسابو!.**

**ئیتر ئەو خێزانە ئێمەیان زۆرخۆشویست. ئەوەنەش باسی بەشیر موشیرمان کردبو، مادام برونزینۆ رەسمێکی بەشیری لەژورەکەی خۆی هەڵواسیو ئەیوت شو بەبەشیر موشیر ئەکەم.**

---

**[1]-سەبارەت کارڵ مای، بەڕێز بەکر شوانی لەفەیسبوک ئەڵێ:**
**لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢دا لە ئەڵمانیا بە چەندین چالاکی یادی ١٠٠ ساڵەی مردنی نووسەری ناوداری ئەڵمان کارل مای کرایەوە. زیاد لە ١٠٠ ساڵە مای بە شێوازی نووسین و بە ڕۆمانە پڕ لە سەرچڵی و بەسەرهاتەکانی، کاریگەری بەسەر دڵ و دەروون و هزری دەیان ملیۆن خوێنەری ئەڵمانی و جیهانییەوە هەیە و ئەو هێشتا لە کتێب و فیلم و مۆزەخانە و فیستیڤاڵەکاندا زیندووە و دەژی. تیشکی یادکردنەوەی مای لە دەروازەیەکی فراوانەوە کوردیش دەگرێتەوە، چونکە نووسەربە ڕۆمانی "بە کوردستانی کێویدا" ماوەی سەدەیەکی ڕەبەقە ناوی کوردستان لە هزری خوێنەرانی ئەڵمان و جیهاندا بەرجەستە دەکات.**
**"بەکوردستانیکێویدا" یەکێکەلەڕۆمانەهەرەسەرنجڕاکێشەکانی کارلمایو لێوانلێوەلەشەڕوسەرچڵیووەفاداریوناپاکی. ئەم ڕۆمانە یەکەمجارساڵی١٨٩٢چاپوبڵاوکراوەتەوە. نووسەرلەژیانیداکوردستانینەبینیوە، بەڵام ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانی "بە کوردستانی کێویدا" زۆر نزیکن لە ڕاستییە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئاینی و ئابوورییەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانەوە. دەرهێنەری نەمسایی فرانز جۆزێف گۆتلیب (١٩٣٠-٢٠٠٦) ساڵی ١٩٦٥ "بە کوردستانی کێویدا"ی بەهەمان ناوەوە بۆ سینەما دەرهێنا و ئەو فیلمە ناوبەناو لە تەلەڤزیۆنەکانی ئەڵمانیا و وڵاتانی تری ئەورووپا و ئەمریکا پێشان دەدرێت.**

ئێمەش بەپەلە ئەم هەواڵەمان بۆبەشیر نارد. کەگەڕامەوە بۆبەغا، بەشیر زوزو هەواڵی مادام برونزینۆی لێئەپرسیم!

لەهەمان کاتا، ئەوەنەی باسی نەتەوەی کوردو زوڵمی داگیرکەرانو شۆڕشی ئەیلولمان بۆئەو خێزانەکردبو، کارلۆ لەگەڵ برادەرێکی خۆیا کەناوی تۆنی بو، بڕیاریاندا بچن بۆکوردستانو ببن بەپێشمەرگە. یەکەم بۆ ئەوەی بەرگری لەکوردبکەن. دوەم ئەیانوت ئێمە لێرە لەم ژیانەی خۆمان بێزارین، هەزئەکەین بچینە شاخو وەك فلیمی چەتەکان بجەنگین!.. بەڵام روانیمان ئەوانە هێشتا منداڵنو کەڵکی ئەوەیان پێوەنیە.

*یادەوەری تریشت هەیە لەوێ؟

-یادەوەریی دوەم، لەگەڵ رەشیدیدایە، ئەم برادەرە ناوی هەبیبوڵا رەشیدییە. خەڵکی شاری سنەیە، ئەو پێش ئێمە بە دە ساڵێ لەجنێڤ ئەژیا. باوکی ناردبوی بخوێنێ. بەڵام یەك کۆرسی نەبڕیبو! چونکە وەك خۆی ئەیوت کچان لێیناگەڕێن. راستیشیئەکرد، کوڕێکی قۆزو زۆریش قۆشمەبو. پروتستانتەکان کەلەجنێڤا کەمینەیەکنو هەمیشە لەگەڵ کاسۆلیکا ناکۆکن، رەشیدی لایئەوان وتبوی من پرۆتستانتی سنەم! ئەوانیش شوقەیەکی پڕلەکەلوپەلیان دابویە. شەوی سەری ساڵی 1963/1962 لەگەڵ پروتستانتەکانی ناو باڵەخانەکەیان تێکئەچێ لەسەرئەوەی ئەوشەوە تابەرەبەیان ئەوان هەر زەمی کاسولیکەکانئەکەن. ئەمیش بەسەرخۆشی لێیانرائەپەڕێو ئەلێ فەرقی پرۆتستانتو کاسۆلیکو موسلمان چیە!؟ لەوەش خۆی ئاشکرائەکا کەئەم موسڵمانە!

ئەوانیش هەرئەوشەوە دەریئەکەن. ئیسمەت شەریف لەپۆڵۆنیا زەمالەیکی خوێننی بۆبەدەستخست. ئەورۆژەی بەڕێمانکرد، زیاتر لەپەنجا کچی سویسری هاتبونە وێزگەی شەمەندەفەرو بەگریانەوە بەڕێیانکرد. لەراستیشا ئافرەتانێکی زۆری جنیف دۆستیبون! کەشەمەنەفەرەکە هۆڕنی بزواننی لێدا، رەشیدی دابەزیو وتی نارۆم! چۆن ئەم هەمو کچانە بەجێبیلم!! بەزۆر پالمانپیوەناو خستمانەوە ناو

شەمەنەفەرەکە! کەچی دو هەفتەی نەخایان، بەفرۆکە گەڕایەوە. وتی لایبە، کەی ئەوە ولأتە. وتمان ئەی پارەی فرۆکەکەت لەکوێبو؟ وتی کڵاوم نایە بان سەریان. پێموتن من پەیامنێری رۆژنامەی لۆمۆندم. ئەگەر بەفرۆکە نەمنێرنەوە، خراپتان لەسەر ئەنوسم. رەشیدی زوزو لەوجۆرە کڵاوانەی ئەدرو. جارێك خۆی پیشاندابو کەنوێنەری بارزانییە، جارجار تەلەفۆنی بۆئەو کافەیە ئەکرد کەلێیدائەنیشت، پێیئەوتن ئەوە بارزانی لەفرۆکەخانەی جنێڤ لایداوەو داوای رەشیدی ئەکا. دوای ماوەیەك ئەچو بۆگازینۆکە. ئەوانیش بەپەلە هەواڵەکەیان پێئەگەیان. ئنجا لای ئێمە ئەیوت ئەوە کڵاوم نایە بان سەریان!

ئەو رۆژەی بڕیاربو من بگەمە ئیزگەی شەمەنەفەری جنێڤ، نەبەزو رەشیدیو چەن کەسێکیتر چاوەڕوانیان کردبوم. بەڵام من **24** کاژێرێ دواکەوتم ، لیکدانەوەی رەشیدی ئەوەبو، لەئیتاڵیا گوێنییەکەیان لێڕفاندوم، منیش رامکردوە بەشوێنیاو شەمەنەفەرکە بەجێیهێشتوم! تومەز خۆی کەهاتبو بۆسویسرا، لەجیاتی جانتا،گوێنیی پێبوە!

*ئەی یادەوەریی سێهەم؟

-ئەمەیان یادەوەرینیە، بەڵکو خەفەتێکە. ئێمە سەرباری خەفەتی دەرکردنەکەمان لەسویسرا، زۆر نیگەرانبوین بەوەی کەنەمانتوانی چارلی چاپلن ببینین. چاپلن لەگوندێکی جنێڤ ئەژیا. بڕیارماندا رۆژێ سەردانێکی بکەین بۆئەوەی مەسەلەی کوردی تێبگەیەنینو داوای لێبکەین هەڵبداتێ لەسەر کورد. بەڵام ئەو دەرکردنە بوارینەداین.

*ئێستا ئەکرێ هۆی دەرکردنەکەمان پێبڵێی؟

-ئەی بۆنا.. بێجگە لەمنو نەبەز، کەسیتری باشور لەسویسرا نەبو، بۆیە سەفارەتی ئێراکی لەسویسرا ئەو چالاکیانەی بەهی ئێمە ئەزانیو گوشاری خستبوە سەر هکومەتی سویسرا کەدەرمانکەن. ئەگینا پەیوەندیی دبلۆماسی ئەبڕن.

***وتتان 24 کاژێر دواکەوتن، بۆچی؟**

**-لەئەستەمول کەسواری شەمەنەفەربوم، لەگەڵ گروپێکی بەریتانی، بوم بەبرادەر، رێگاکە دو شەوو دو رۆژیخایان، پێشئەوەی بگەینە لۆزان، ئەوان وتیان ئەمشەو لەلۆزان لائەدەین، چونکە نامانەوێ بەم هیلاکیو ژاکاویە بچینە جنێڤ. تۆش وابکە، چونکە خەڵکی سویسرا زۆر گوێ بەرێکوپێکیئەدەن. با لەرێوە سەرنجێکی خراپ وەرنەگرن بەرامبەرت. ئەمشەو لەلۆزان ئەچینە وتێلو خۆمان ئەشۆینو جل لەئوتو ئەدەین. سبەینێ بەنیو کاژیر ئەگەینە جنێڤ. وتم ئاخر من لەگەڵ لۆزان نەیارم. باسی پەیمانی لۆزانم بۆکردن. وتیان هەقتە، بەڵام ئەوە رێ لەوەناگرێ ئەمشەو بچینە وتێلێ.**

**رۆژی دوایی گەیشتمە جنێڤو ناونیشانی نەبەزم پێبو. هۆی دواکەوتنم بۆباسکرد، ئەویش تەلەفۆنی بۆرەشیدیکردو پێیوت ئەوە قسەکەی تۆدەرچو، ئێستا گەیشت، لەئیتاڵیا گوێنییەکەیان لێرفانوە، رەشیدی هاتو کردمان بەپێکەنین. لەقسەخۆشەکانی رەشیدی: ئەیوت من فرەقەشەنگم وەلێ سەرم دارزیاگە (واتا سەری روتاوەتەوە) لەجیاتی ئەوەی بلێ گوێبگرە، ئەیوت گوێچکەبدە؛ ژمارەی (21)ی زۆر لاپەسنبو؛ ببوایە بەبرادەری هەر کچێ، ئەیوت تەمەنی (21) ساڵە. لەجنێڤ ئەوەنە ناوبانگی هەبو، بەختیار ئەوەبو ببوایە بەدەزگیرانی رەشیدی: کەچی رەشیدی تەنیا بریجد باردۆی لەدڵەوە خۆشئەویست. هەمو شوقەکەی بەوێنەکانی ئەو رازانبوەوە. بریجد باردۆ رێی کەوتە جنێڤ بۆئەوەی لەگوێ دەریاچەکەی جنێڤ فلیمێ دەرکا. خەڵکی جنێڤ باسی رەشیدیان بۆکردبو. ئەویش ناردبوی بەشوێنیاو نیوکاژێر پێکەوە قسەیانکردبو. ئەم هەواڵە لەجنێڤا دەنگی دایەوە. بەداخەوە ئێستا سۆراخی رەشیدی نازانم. با ئەوەش بڵێم ئێستا بیرمکەوتەوە: بە نەبەزی ئەوت ئەشێ ئەم جەماڵە پیاو ئەمریکابێ. ئەموت بۆ؟ ئەیوت چونکە ئینگلیزییە فرە قەشەنگ ئەزانێ!**

## رۆژانێ لەشام و وەرگرتنم لەکۆلێجی یاسا

### رۆژنامەی (تایم) ژمارە 31 ی رۆژی 2002/10/18

-وانەی زمانی کوردیم بەباڵیۆزی یۆگۆسلاڤیا لەبەغا ئەوتەوە.

لەم ئەڵقەیەدا باسی چونی بۆسوریاو گەڕانەوەی بۆبەغا ئەکا.

*دوای دەرکردنتان لەسویسرا، بۆچی نەمساتان هەڵبژارد؟

-وەك پێشتر وتم، بەهۆی ئەو سەردانەمەوە بۆڤیەنا، هەنێ شارەزاییم پەیاکردبو لەبارەی نەمساوە. لەگەڵ نەبەزا بڕیارماندا لەڤیەنا نیشتەجێببینو بخوێنین. بەڵام ئەو کاتەی گەیشتینە ڤیەنا، روانیمان وەرزی خوێننو وەرگرتن لەزانکۆکان تێپەڕیکردوە. ئەبوایە شەش مانگێك چاوەڕوانمان کردایە. ئەوەش بۆئێمە نەئەگونجا. روانیشم نەبەز نەمسای لاخۆشنەبو. ئەو پێشنیاری ئەڵمانیایکرد. من تورکیا، لەئەنجاما هەروامانکرد، ئەو رویکردە شاری میونیخ لەئەڵمانیا. منیش بۆئەستەموڵ. بەوجۆرە لەیەك جیابوینەوە، لەئەستەموڵیش پێیانراگەیانم کەکات درەنگەو ئەبێ چاوەڕوانی ساڵی تازەی خوێنن بکەم. هەر لەوێ بیستم کەتەنیا لەدیمەشق ئەشێ وەرگیرێم بۆخوێنن. ئیتر لەئەستەموڵیش نەمامەوەو خێرا خۆم گەیانە شام. کات ئەوەنەی نەمابو بۆبەهار، کەچومە زانکۆی دیمەشق لەوێش وەرنەگیرامو وتیان ساڵ زۆردرەنگە. ئیتر بەنائومێدی ویستم رو بکەمە یانەی زانکۆ بۆئەوەی نانێ بخۆمو بیرێ بکەمەوە. لەگەنجێکم پرسی یانەکەتان لەکوێدایە، لەوەڵاما وتی: لەوەئەچێ تۆئیراکیبی؟ وتم بەڵێ، وتی خەڵکی کام شار، وتم سلێمانی، هەرکەواموت باوەشی پیاکردمو ماچیکردم، روانیم هەردوچاوی پڕبو لەفرمێسك، لەگەڵماهات بۆیانەکەو پێکەوە دانیشتین. هەواڵی کچێکی خەڵکی سلێمانیی لێپرسیم کەئەوکاتە لەزانکۆی بەغا ئەیخوێن! وتم بەڵێ ئەیناسم. کوڕەکە کەناوی (سمیر) بو، لەخۆشیا شاگەشکەبو، وتی تۆ میوانی منی. خێرا چو خواردنی بۆهێنام، وتی: من لەم زانکۆیەدا دەستم زۆرئەڕوا. هەرچی پێویستییەکتبو بەمن بڵێ. کەبۆم باسکرد ئەوە یەکەم رۆژمەو وەریش نەگیراوم، وتی: کام کۆلیجت ئەوێ، وتم: یاسا، وتی ئەوە

لەسەر من. ئەو شتانەی پێویستبون، لێی وەرگرتمو دوای کاژێرێك گەڕایەوە وەرەقەی قبوڵەکەی دایەدەستم.

*ئەوە کێبو؟

-منیش ئەو رۆژە هەر ئەم پرسیارەم لەخۆمئەکرد، ئەمە کێیە؟ بەقسەکردنیا سوریبو، لەوەشنەئەچو لەکوردەکانی ئەوێبێ، داوام لیکرد خۆیم پێبناسێنێ. هەرئەوەنەی پێوتم کە ناوی (سمیر)ەو وتی لەهەلێکیترا زیاتر خۆمت پێئەناسێنم، هیوام وایە زوزو یەکتربببینین!

چوومە کۆلیجی یاسا، چەن لاوێ بەکوردی قسەیانئەکرد، خۆم پێناسانو روانیم ئەوان ناوی منیان بیستبو لەڕێگەی هۆنراوەکانمو نوسینەکانمەوە لەگۆڤاری هیوادا، ئەوان هەمویان خەڵکی ناوچەی هەولێربونو لەئاغاکانی دزەیی بون، ناویان: (هاجی، موهسن، کاکە، خدر) بو. لەگەڕەکی (ئەبورمانە) خانویەکیانگرتبو، من لەئوتێلبوم، بەڵام گەلێ شەو لەخانوەکەی ئەوانا کۆڕمان گەرمبو، هەواڵی سەمیرم لێپرسین، وتیان نایناسین.

*بەو درەنگکاتە هیچ سوودێکت لەوساڵەی خوێنن وەرگرت؟

-دەستوری ئەو کۆلیجی یاسایە وەك لای خۆماننەبو، ئەو پۆلەی من زیاتر لەهەزار خوێندکاری تیابو، وانەکانمان لەهۆڵێکی زۆر گەورەدا ئەخوێن. مامۆستا لەسەر شانۆیەکەوە بەمیکرۆفۆن وانەکەی خۆی ئەوتەوە، ساڵی یەك ئیمتیهان هەبو وەك بەکەلۆری. هەمو وانەو سەرچاوەکانی ئەو ساڵەم پەیاکردو خۆم بۆتاقیکردنەوە ئامادەکرد. بەڵام بەر لەتاقیکردنەوەکە، لەبەغا بڕیارێ دەرچو هەمو خوێندکارانی ئێراکی لەوڵاتە ئەرەبیەکان، ئەتوانن خۆیان بگوێزنەوە بۆزانکۆی بەغا. بەپەلە منو برادەرە دزەییەکانم خۆمان گواستەوە بۆکۆلیجی ماف (حقوق)ی بەغاو لەوێ تاقیکراینەوەو بەپلەی (جید) دەرچوم بۆپۆلی دوەم.

*هیچ یادەوەرییەکی سیاسیتان هەیە لەشام؟

-من وەك وتم، ماوەی مانەوەم ئەو ساڵە لەشام زۆرنەبو، بەڵام لەگەڵ ئەو ماوە کورتەشا، توانیم دۆستایەتی لەگەڵ ژمارەیەك لەخوێندکارە کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان کەلەدیمەشق ئەیانخوێن پەیابکەم. بۆئاهەنگی نەورۆزی ئەو ساڵە، بەنهێنی نزیکەی پەنجا خوێندکارێ چوینە ماڵێکو لەوێ دوای گوێگرتن لەهەنێ وتارو هۆنراوە لەبارەی نەورۆزەوە، بڵاوەمانلێکرد.

*ئەی دوایی، ئەو سەمیرە ئاشکرا نەبو کێیە؟

-بەڵێ، لەگەڵ سەمیرا زوزو یەکترمان ئەدی، بۆیباسکردم کەئەو ئەرەبەو خەڵکی سوریایەو ماوەیەك لەزانکۆی بەغا خوێندکاربوە، بەڵام لەبەر هۆی سیاسی دەریانکردوەو ناردویانەتەوە بۆسوریا، ئەوەشی بۆباسکردم کەئەو ئاشقی ئەو کچەبوە کەیەکەم رۆژ هەواڵی ئەوی لێپرسیم!! دیاربو شەیداییەکەی بۆئەو کچە، لەناخی دەرونیەوەبو، هەموجارێ کەناوی ئەهێنا، هەناسەیەکی ساردیشی بۆهەڵئەکێشا. لەڕاستیشا ئەو کچە لەشاجوانەکانی زانکۆی بەغابو، رێکەوتیش وایکرد دوایی شوبکا بەئەرەبێکی خەڵکی بەغا! ئەوەش لایئەو ئاساییبو، خۆی دورەگبو، باوکی کوردو دایکی موسلاوی. سەمیر هەر ئەوەنەی لەمن ئەویست، نامەیەکی بگەیەنمە دەستی ئەو کچە. نامەکەیم لە سلیمانی بەپۆستەدا بۆنارد.

گەڕانەوەم بۆبەغا

*چۆن وێرات بێیتەوە بەغا لەکاتێکا بەدەسیسەی سەفارەتی ئێراکی لەسویسرا دەرکرای !!

-ئەو کاتە، دەزگا مخابەراتییەکانی رژێم، ئەوەنە هۆشیارو زانیار نەبون، گەلێ شتی وایان بەسەرا تێئەپەڕی. جگەلەوە، دەرکردنەکەی ئێمە تەنیا لەسەر بنچینەی گومانبو. هیچ بەڵگەیەکی نوسراومان لەسەرنەبو. ئنجا لەو تەمەنی لاوییەشدا، گەلێ موجازەفەی لەوە ترسناکترم ئەنجامئەدا بێئەوەی پەرێزێ بۆسەلامەتیی خۆم بکەم.

*وەکو چی؟

-وەكو زۆرشت، لەوانە :

ا- دامەزرێنەرو ئەندامی سەركردایەتی كاژیكبوم، لێپرسراوی بەغاشبوم، كە گەیشتمەوە بەغا، ئیتر من نامە نهێنییەكانم بۆنەبەز ئەنارد.

ب- هەنێ ئامێری چاپخانەیكی بچوكم بۆكاژیك كڕیو لەو ژورەدا كەگرتبوم بۆخۆم لەماڵێكا لەناوچەی هەیدەرخانە، ماوەی دو مانگێك دامنا. خاوەن ماڵەكەش خێزانێكی كەربەلایی بونو بەوەیان ئەزانی! تا هاوبیران فایەق ئارفو مەهمودی هاجیو ئەنوەری كەریمە فەنی، رۆژێ بەجێبێكی لاندرۆڤەرەوە لەسلێمانیەوە هاتن بۆئامێرەكان. هەر لەبەردەرگای ماڵەكەدا پارچەكانی چاپخانەكەمان لەجێبەكەدا قایمكرد، هەنێ پارچەیمان بەست بەژێر جێبەكەوە. ئەوانیش مەردانەو بێترس گەیانیانەوە سلێمانی.

ج- ساڵی 1960 كە دیوانی هەڵبەستەكانم بەناوی (كوردایەتی بیروباوەڕمانە، ئامانجی نزیكو دورمانە)م چاپكرد. بەرگی ئەو دیوانەم بەئالاَی چوار رەنگی كوردستان رازانەوە. دیوانەكەم لەچاپخانەی (النجاح)چاپكرد. لەڕێی كارمەندانی چاپخانەكەوە هەواڵی ئەو بەرگە گەیشتبوە میری. بەرلەبلاَوكردنەوەی دیوانەكە، ئەزیز خانەقا كەئەوسا لێپرسراوی چاودێریی چاپەمەنیی كوردیبو لەوەزارەتی ئیرشاد، بەهەڵەداوان منی لەدوكانەكەی بەشیر موشیر دۆزییەوەو وتی ئەوە چیتكردوە؟ تۆ ماڵی منیش وێرانئەكەی! ئیتر كەزانیم كارەكەی من بۆئەویش مەترسییەك دروستئەكا، چومە چاپخانەو بەرگەكەم گۆڕی، بەلاَم رۆژی ئالاَكەم هێشتەوە. لەوكاتەشەوە، هەمو چاپكراوەكانم بەوێنەی (رۆژ) رازاوەتەوە وەك هێمایەك بۆرۆژی سەر ئالاَی كوردستانو وەك نیشانەیەكیش بۆپیرۆزیی رۆژ لەئاییینە دێرینەكانی نەتەوەی كوردو وەك سمبولێك بۆگەشبینی.

بەو جۆرە لەبەغا گوزەرانم تا كۆلێجی یاسام ساڵی 1966 تەواوكرد.

*جگە لەخوێندن، خەریكی چیتربون لەبەغا؟

-گەلێ ئیشیتر، ساڵەکانی 1957 و 1958 سەرپەرشتیی گۆڤاری هیوام ئەکرد لەگەڵ کەریم زانستیو مهەمەد نوری ئارفو هافز قازیو ماوەیەکی کەمیش نەسرین فەخری. لەرادیۆی کوردی بەغا بەرنامەیەکی وێژەییم هەبو، دوای ئەوە لەکۆمپانیای مەوادی بینائی دامەزرام وەك فەرمانبەرێ. ساڵێ لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغا خوێندم. بەدەم ئەو کارانەو خوێننی کۆلێجیشەوە هەشت کۆرس زمانی ئنگلیزیم لەپەیمانگەی ئەمریکی لەبەغا خوێن. یەك کۆرس زمانی ئەڵمانی لەپەیمانگەی گۆتە لەبەغا، ئنجا من لەو کاتانەدا کەبەوهەمو کارانەوە خەریکو ماندوبوم. رەشید ئارف کەبەڕێوەبەری کۆمپانیاکەمانبو، وتی بەڵێنمداوە بەباڵیۆزی یوگوسلاڤی لەبەغا کەتۆ دەرسی کوردیی پێبلێی! وتم کارم زۆرە ناتوانم. وتی بچۆ لەگەڵ خۆی قسەبکە، تازە من بەڵێنمداوەتێ. کەچوم، بۆم رۆشنکردەوە من لەهەشتی بەیانیەوە تا درەنگکاتی شەو، بەکارو خوێننو خوێندنەوەوە خەریکم. میستەر نیاز وتی من سورم لەسەر فێربونی زمانی کوردی، رەشید ئارفیش ئەوەنە پەسن (مدح)ی تۆی بۆکردوم، بەرۆکت بەرنادەم. وتم ئەی کات؟ وتی: شەشی بەیانیان!! ناچار داخوازییەکەیم جێبەجێکرد، ئەویش مانگی 30 دیناری پێئەبەخشیم کەئەو کاتە کەمنەبو. ئابەوجۆرە ئەوهەمو کارانەم ئەنجامئەدا سەرباری کارەکانی کاژیك.

**<u>سەبارەت پاسۆك</u>**

## رۆژنامەی (تایم) ژمارە 32 رۆژی 3/11/ 2002

-هەرکات پارتیو یەکێتی لەیەکنزیکئەبنەوە، پارتییە بچوکەکان پشتگوێئەخەن، کەلەیەکیش دورئەکەونەوە ، گرنگیان پێئەدەن.

*لەم ئەڵقەیەشا کامیل ژیر درێژە بەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیئەدا، باس لەکێشەکانی بەردەم پاسۆکو پاشان یەکگرتن ئەکا.

-دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، بیستمان ئەم بەڕێزانە (مولازم شوان، مولازم مەنسور، مولازم مهەمەد شەوقی، جەلالی هاجی هسەین، مژدە تایەر، شیخ هسەین مهەمەد ئەزیز، شیرزاد فاتیهو ئومەر شەمەیی) لە 1976/9/11ا پاسۆکیان دامەزران. هەرزو ژمارەیەك گەنجی نەتەوەییان لێکۆبوەوە وەك: پشکۆ، شەماڵ، هەڵۆ، هادی، کەمال، غاندیو زۆریتر.

*بەپرسی ئێوە؟

-نەخێر. بەلام زۆری نەبرد، کەوتنە نامەناردنو پەیوەنی بەئێمەوە کەهاوکاریان بکەین. ئەوکاتە منو فایەق ئارف گەڕابوینەوە سلێمانی، ئەهمەد هەردی هەر لەنەغەدە مایەوە. دکتۆر جەمال نەبەز لەئەڵمانیا هەنێ هاوکارییکردن. هەردی هاوکاری راستەوخۆیکردنو ماوەیەکیش وەك سکرتێری پاسۆك سەیر ئەکرا، بەڵام زۆری نەبرد، لەگەڵیان نەگونجاو وازی لێهانین. دوجار نامەیان بۆمن نوسی کەهاوکارییان بکەم، هەردو نامەکە بەهۆی مەلا شوانەوە گەیشتە دەستم. منیش ئامادەیی خۆمم پیشاندا کەهاوکاریان بکەم، بەڵام زۆر بەنهێنی، چونکە من لەوکاتانەدا بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای زیوتی نەباتی بوم لەسلێمانی. ماوەیەکیش بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەفریقیو دوای ئەو ماوەیەك بەڕێوەبەری کۆمپانیای مەوادی ئینشائی لەسلێمانی تاساڵی 1982 کەخۆم خانەنشینکردو بومە پارێزەر. دوایی دێمەسەر ئەوەی کەچۆن هێڵی لار خرایە ناو پاسۆکو بەگورگانخواردو درا.

*ئەو فەرمانبەرانەی دوای هەرەسی شۆڕش گەڕانەوە، زۆربەیان گواسرانەوە بۆخواروی ئیراك. چۆن لەسلێمانی مایتەوەو بویشیتە بەڕێوەبەری ئەوکۆمپانیانە؟

-من بەر لەوەی پەیوەنیی بەشۆڕشەوە بکەم لەمانگی نیسانی1974دا، خۆم هەر بەڕێوەبەری زیوتی نەباتیبوم لەسلێمانی. ئەوکاتە هاتەم ئەبدولرەشید کەزاوای ئەهمەد هەسەن بەکربو، بەڕێوەبەری گشتی زیوتی نەباتیبو لەبەغا. هاتەم هاوکاری کۆلیجی هقوقمبو، برادەرایەتیشمان خۆشبو. 1966 لەبەغا پێکەوە هقوقمان تەواوکرد. هەر ئەویش کردمی بەبەڕێوەبەری زیوتی نەباتی لەسلێمانی ساڵی 1971.

ئیتر ساڵی 1974 کەبڕیارمدا پەیوەنی بەشۆڕشی ئەیلولەوەبکەم، هاتم هەرچی مەوادی زیوت هەبو فرۆشتم. سەرجەمی پارەکەی دوارۆژی فرۆشتن گەیشتە (130) سەدوسی هەزار دینار، ئەو کاتە ئەو پارەیە یەجگار زۆربو، خەڵکی واهەبو لەفەرمانبەران، هەزار دینار لەقاسەی دائیرەکەیا هەبو، ئەیخستە گیرفانیو ئەوسا ئەچوە ناو شۆڕش!

بەڵام من ئەو سەدوسی هەزارەم برد بۆبانك. ئەوسا هاجی ئەکرەمو دلاوەر مەجید، ئەمین سنوقی بانکبون، زۆر سەریانسوڕما لەو هەمو پارەیە لەورۆژەدا. ئنجا نامەیەکم بۆهاتەم نوسیی لەگەڵ قەسیمەی پارەکەدا بەپۆستەدا ناردم بۆ هاتەم. لەنامەکەدا نوسیم: (من ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەیی پاڵی پێوەنام کەبچمە ناو شۆڕشی میللەتەکەمەوە. ئەرکی ئەخلاقیو برادەرایەتیش وای لێکردم کەخیانەت لەوەزیفەکەم نەکەم، بۆیە وا هەمو مەوادەکانی شەریکەم فرۆشتو پارەکەم بۆخستنە بانکەوە). هاتەم نامەکەی بردبو بۆخەزوری ئەهمەد هەسەن بەکرو پێیوتبو من فەرمانبەری وا پاکم هەیە. ئیتر دوای گەڕانەوەم هاتەم هاتە سلێمانیو سەردانی کردمو وتی تۆ لەجێگەی خۆت ئەمێنیتەوەو نایەڵم نەقڵت بکەن بۆجنوب. هەرواشبو، ماوەیەك نەقڵکرام بۆشەریکەی ئەفریقی لەسلێمانی. دوایی گەڕامەوە بۆزیوت، ئنجا زیوتو مەوادی غیزائی لەیەکدراو من گوێزرامەوە بۆمەوادی ئینشائی لەسلێمانی. دوایئەوانە لە1982دا خۆم خانەنشینکردو بوم بەپارێزەر.

لەو ماوانەدا بەردەوام مەلا شوان لەهاتوچۆدابو، چاپکراوەکانی پاسۆکی بۆئەهێنامو منیش راسپاردەکانی خۆمم ئەنارد بۆسەرکردایەتی پاسۆك لەگەڵ هەنێ نوسینما. شەهید یوسفە لچە لەمەوادی ئینشائی پاسەوانبو، زوزو داوای مۆڵەتیئەکرد. ئەمزانی ئەچێ بۆسەرکردایەتی پاسۆك، رۆژێ پێموت بۆئەوێ ئەچی؟. یوسف زۆر ترسا. وتم مەترسە منیش هەوم. ئیتر یوسفیش هەمو جارێ نوسینەکانی پاسۆکی بۆئەهێنام. فریای ژنبرام ئەندامێکی چالاکی پاسۆکبو لەناو شاری سلێمانی. لەگەڵ ئەویشا لەیەك ئاشکرابوین. جارێك کتێبێکی ئەرەبی بۆهێنام لای ئەوانەوە کەبۆیان

وەرگێڕم بۆكوردی. كتێبەكە ناوی (الاسس)بو لەنوسینی دكتۆر ئیسەمت سەیفولدەولە، دوای وەرگێڕانی بۆمناردنەوە. دوای تێكدانی گوندەكانو ئەنفالیش، بە هاوبیر هەمە سالّح هۆشمەنا ئەو هۆنراوەیەم بۆناردن كەلەسەر گوندەكانو ئەنفال وتبوم، ئەمە هەندێكێتی:

ئەو گوندانە مەڕوخێنن

ئەو گوندانە مەسوتێنن

بەبێ ورە، لەدوكەڵی ئەوگوندانە زیرەمەكەن

لەبەربورە، تۆپی دەستی نامەردانە ئاگرمەدەن

ئەگەر سزای ئەوگوندانە سوتاندنە، چونكە گوندی جۆرە خەڵكێكی نەبەردن

كوڕەكوڕەی ئەو گوندانە، وان لەچیا، ئەڵێن ئێوە ئەگەر ئازان، ئەگەر مەردن

وەرن ئێمە جەنگاوەرین، دروستكەری ئەو گوندانەین، وەرن وەرن

ئێمەین گیانو چاوو دەستی ئەوگوندانە، یەخەی ئێمەی لەسەربگرن

وەرن لەمەیدانی جەنگدا دەرئەكەوێ كێ سوارەیە، كێ پیادەیە.

كێ لەسەر مافی نەتەوەی، لەگەڵ ئێوەی ترسنۆكا، یەك بەدەیە

ئەگەر كیشەی ناڕەواتان، دەسەویەخە، لەمەیدانو كۆڕی جەنگدا

لەگەڵ ئەو خاوەن گوندانە، یا لەتاوان دەستهەلگرتن، ئەنجامنەدەن

ئەوا لەجێی ئەوگوندانە، ئەومەردانە، كەدەستێكیان پیاداهێنان

لەكەللەی سەری پەڕیوتان، گوندی جوانو رازاوەتر دروستئەكەن.

ئێمە ئاوەها لەو رۆژە ترسناكانەدا، بەنهێنی، چالاكیی سیاسیمان هەبو. ئەوەشم ئەزانی ئەگەر كەشفببم لای رژێم، سزاكەم كوشتنم ئەبێ. پێشبینیەكانی ئەم هۆنراوەیەشم، هاتنەدی، ئەوەبو لەراپەڕینا كەللەی سەریان پەڕێنراو گوندەكانیش

تازەکرانەوە. ساڵی 1991ش دوای راپەڕین، لەسلێمانی مەکتەب سیاسییەك بۆپاسۆك لەپێنج کەس پێکهێنرا کەمن یەکێکیانبوم.. لەهەمو شارو شارۆچکەکانا لەسلێمانیەوە تادهۆك بارەگامان کردەوە. هەمو بارەگاکان پڕچەکو پڕپێشمەرگەبون، ئەو کاتە ئێمە 3٪ی داهاتی گومرگمان بەرئەکەوت. بەو رێژە کەمە ئیدارەمان ئەکردو پاشەکەوتیشمان هەبو، بەڵام لەچاو پارتیو یەکێتیا جەماوەرێکی ئەوتۆمانئەبو. بۆیە بۆهەڵبژاردنەکەی 1992 لەگەڵ حسکا لیستەیەکی هاوبەشمان پێکهێنا، کەچی تەنیا (2.572٪) دەنگمان هێنا.!

*واتا نەبونە خاوەنی هیچ کورسیەك لەپەرلەمانا؟

-ئەگەر مەرجەرێژەی 7٪ نەبوایە، دو تا سێ کورسیمان ئەبو لەپەرلەمان، شیوئیش دو نوێنەر. ئیسلامی چوار، گەل یەك تا دو کورسیی ئەبو.

*ئەو رێژەی 7٪ بۆ؟

-ئەوە پیلانێکبو دژی پارتە بچوکەکان، بەڵام دوایی ئەنجامەکەی بەسەر پارتیو یەکێتی خۆیانا شکایەوە.

*چۆن؟

-ئەگەر ئەو رێژەیە نەبوایە، کێشەی پەنجابەپەنجا دروستنەئەبو، ئاشکراشە کەیەکێك لەهۆکانی شەڕی ناوخۆ، کێشەی پەنجابەپەنجابو، نۆ تا دە نوێنەری ئەو هیزبە پچوکانە لەپەرلەمانابونایە، کێشی هێزەکان ئەگۆڕرا. بەتاقیکردنەوەش دەرکەوتوە کەهەرکات پارتیو یەکێتی لەیەك نزیکئەبنەوە، پارتییە بچوکەکان پشتگوێئەخەن، کەلەیەکیش دورئەکەونەوە، گرنگیان پێئەدەن. ئەوەش دیاردەیەکی راستنیە، راست ئەوەیە هەمیشە یەك هەڵوێستی نەگۆڕیان هەبێ بەرامبەریان.

*بەڵگەتان؟

-دوای هەڵبژاردنو رێکەوتنی یەکێتیو پارتی لەسەر پەنجابەپەنجا، داهاتی گومرگیان لەپارتییەکانیتر بڕی. کە تێکچون، لەجاران زیاتر لایان لێکردنەوە. ئەو

بڕینی پارەی گومرگە لەپاسۆك، كاریگەرێتییەكی خراپی كردە سەرمان. چونكە پاسۆك جگە لەو پارەی گومرگە، هیچ داهاتێكیتری نەبو بەپێچەوانەی هەنێ لایەنیترەوە!! جگەلەوە، دیاردەی هەڵگێڕانەوەی هەنێ لەكادرە سەربازییەكانمان بەخۆیانو چەكو ئوتومبیلەوە دەسیپێكرد. ئێمەش مەسرەفمان قورسی بەستبو. ناچار كەوتینە بیركردنەوە بۆچارەسەری ئەو تەنگژەیە. پێشنیاری من ئەوەبو كەلەو بارودۆخەدا تەنیا خەباتی سیاسی بكەین. وتم ئەو بڕە پارەیەی ماومانە لەگەڵ پارەی ئەو ئوتومبیلو چەكانەی هەمانە، ئەگەر پێویستیكرد بیانفرۆشین، ئەوا چەن ساڵێ پاسۆكی پێئەژی. چونكە لەلایەك مەسرەفی ئەو ئوتومبیلو بنكە سەربازیانەمان لەسەر نامێنێ، لەلایەكی تریشەوە دیاردەی ئەو ئوتومبیلو چەك رفاندنەش نامێنێ. دەستیشمان رەهاترئەبێ بۆخەباتی بیرمەندیانە، بەتایبەتی ئێمە خۆمان هەر پارتییەكی نەتەوەیی باوەڕدار (عقائدی) بوین، بەڵام بەداخەوە ئەم پێشنیارە پەسەننەكرا .

*لەلایەن كێوە؟

-لەلایەن سەربازكارەكانمانەوە. ئنجا ئەو گوشارە خرایە سەر پارتییە بچوكەكانیتریش وەك هسكو گەل. ئەوەش بوە هۆیئەوەی بیرۆكەی یەكگرتنی ئەو سێ پارتییە بێتەئاراوە وەك هێزی سێهەم بەتایبەتی دوای دەنگنەهێنانیان لەهەڵبژاردنا.

*ئایا ئەو دەنگە كەمانەی ئێوەو لەهەمان كاتا ئەو دەنگە زۆرەی یەكێتیو پارتی، نیشانەی ئەوەنەبو كە جەماوەر رەفزی ئێوەی كردوەو ئەوانی ویستوە؟

-تارادەیەك ئەشێ وابوبێ، بەڵام ئەوە هەمو نهێنیی مەسەلەكەنیە، راستیەكەی ئەو سێ پارتیە بەو رادەیە بێ جەماوەرنەبون، پاسۆك ناوبانگێكی باشی هەبو. ئەوجەماوەرەش كەلەدەوری پاسۆكبو، زۆر لەودەنگانە زیاتربون. بەڵام بەربەرەكانی نێوان پارتیو یەكێتی بەڕادەیەك لەناو جەماوەرا رەنگیدابوەوە كە تێكڕای خەڵكەكەشی كردبو بەدوكەرتەوە، بەجەماوەری پارتییە بچوكەكانیشەوە. هەنێ

لەخەڵکەکە وایلێهاتبو دەنگی بۆئەملائەدا بۆئەوەی ئەولا سەرنەکەوێ. یا دەنگی بۆئەولائەدا بۆئەوەی ئەملا سەرنەکەوێ. دوای هەڵبژاردن من لەهەنێ لەئەندامەکانی پاسۆکو حسکم پرسی بۆدەنگتان بۆپارتی یا بۆیەکێتیداوە؟ کەئەچومە بنجوبناوانی وەڵامە سەیرەکە، بۆم دەرئەکەوت هۆ، هەرئەوەبو کەباسمکرد، واتا لەجیاتی دەنگدان بەلیستەکەی خۆمان، دەنگیان بەلایەك دژی لاکەیتردابو!. ئنجا دیاردەی تەزویرو چەندجار دەنگدان بەهۆی سڕینەوەی مەرەکەبە بێکەڵکەکەوە، ئەوەش تاڕادەیەك هاوکیشەکەی گۆڕی. با پاڵەپەستۆکەشمان بیرنەچێ. من نەك هەر خۆمو خێزانو کەسوکارم، بەڵکو ژمارەیەك لەپاڵێوراوەکانیتری لیستەکەی ئێمە، ئەوانیش خۆیانو خێزانو کەسوکاریان نەیانتوانی بگەنە سنوقەکانو دەنگبدەن، چونکە دەوری سنوقەکانیان وەها تەنیبو کەبواریاننەئەدا ئیمە دەسمان بگاتە سنوقەکان. من کە ئەم قسانە ئەکەم. مەبەستم لەوەنیە کەبڵێم ئەگەر ئەو کۆسپو دیاردانە نەبونایە، ئێمەش ئەوەنەی یەکێتیو پارتی دەنگمان ئەهێنا. مەبەستم ئەوەیە کە بەوڕادەیە دەنگمان کەمنەئەبو.

ڕاستییەکەی ئەوهۆکارە سەرەکیانەی بەئەنجامنەگەیشتنی کاژیك، هەرهەمان هۆکاربون بۆبەئەنجامنەگەیشتنی پاسۆکیش. ئەویش ئەوەیە کەبیروباوەڕی نەتەوایەتی هێشتا لەناو کوردا نەخەملیوە. ئەگینا ئەو هۆکارو رەخنانەی لەکاژیك ئەگیران وەك ئاشکرا نەبونی سەرکردەکانی، یانەوێران بۆچونەناو کاژیك، یاپڕوپاگەندەی کانی ماسی، یاکاریگەرێتی شۆڕشی ئەیلول.. هتد، ئەوانە بەرەنگاری پاسۆك نەبونەوە، کەچی هەروەك پێویست خەڵکی لەدەوری کۆنەبونەوە، چونکە بیروباوەڕەکە هێشتا بەتەواوی نەخەملیبو.

*ئەی دوایی. پاسۆك چی بەسەرهات؟

-وەك وتم، پاسۆکو هسك زۆر لەیەکنزیکبوونەوە، بۆهەڵبژاردن لیستی هاوبەشیان هەبو، لیستی شین. دوای هەڵبژاردن، پارتی گەل بەسەرۆکایەتی سامی

ئەبدولرهمان، ئەوانیش هاتنە پاڵمانو بەهەرسێلا، هیزبی یەکگرتن پێکهات. هیزبی یەکگرتنیش هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە، خۆرەی مردنی خۆی پێبو!

*خۆرەی مردنی خۆی!!

-بەڵێ، بابزانین چۆن؟

یەکەم، یەکێتیی بیر، لەناو سەرکردەکانی سێ پارتییەکەدا نەبو.

دوەم: مەسەلەی سەرۆکایەتی (زەعامەت) کەگورزی زەبروەشێنەو زەبروەشێنبوە لەنەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوی سیاسیمان، لەهیزبی یەکگرتنیشا کاری خراپی خۆیکرد. بەتایبەتی لەنێوان سەرۆکایەتی گەلو هسکا. هەر دوای کۆنگرەی یەکگرتن رۆژانی 20ـ1992/8/27 ژمارەیەك لەوانەی دەنگیان کەمهێنا بۆسەرکردایەتی، وازیان لەهیزبە تازەکە (یەکگرتن) هێنا. ئەوانیش هەڵبژێردرابون، بەڵام لەچاو هەندێکیترا، دەنگەکانیان کەمبو، بۆیە خۆیان تۆران!

*وەکو کێ؟

-وەکو رەسوڵ مامەند، شێخ مهەمەدی شاکەلی، شیروان شیروەندی کەدوایی تێکەڵ بەیەکێتی نیشتمانی کوردستانبونو هەریەکەشی ژمارەیەك لەکادرانو جەماوەری هسکیان بەدواوەبو.

جێی خۆیەتی هەر لەمبارەیەوە نمونەیەکیتر بێنمەوە: لەکۆنگرەی یازدەی پارتیا، دوای ئەوەی پارتیو یەکگرتن بونبەیەك، لەکاتی خۆپاڵاوتن بۆسەرکردایەتی پارتی یەکگرتو، یەکێك لەسەرکردەکانی هسکو یەکێك لەسەرکردەکانی گەل، لێیانبو بەهەرا لەسەر ئەوەی ناوی کامیان لەسەر تەختەی رەش لەپێش ناوی کامیانەوە بنوسرێ!! هەردوای کۆنگرەی یەکگرتن، دکتۆر مەهمود ئوسمانیش وازیهێنا.

سێیەم: جگەلەوەی سەرچاوەی گومرگ لەهەرسێ هیزبەکە بڕرابو، هسکو گەلیش بەگیرفانی بەتاڵەوە هاتنە ناو هیزبی یەکگرتنەوە. لەسەر ئەمە مشتومڕمان زۆربو. پاسۆك کەرێژەی گومرگی لەگەلو هسك زۆرکەمتربو، پاشەکەوتێکی باشی

هەبو، کەچی ئەوان وتیان خاوەنی یەك فلسنین! لەوەڵامی ئەو قسەیەدا، من داوام لێکردن کەتۆماری هساباتیان بێننو بەهساباتی هەرسێ پارتییەکەدا بچینەوە. کەچی گاڵتەیان بەقسەکەم هاتو وتیان تۆماری چی؟ ئەوە لەکاتێکا هساباتی پاسۆك هەموی بەپێی تۆمارو وەسڵو واژۆبو تا رادەی فلس. ئیتر گەلو هسك چاویان بڕیە ئەو بڕە پارەیەی ئێمە مابومان، ئێمەش بڕیارماندا یەك فلسیان نەدەینێ.

*ئەی دوایی چیتان لەو پارانە کرد؟

-ئێمە وەك وتم هساباتمان زۆر رێکوپێکبو، لەدوای راپەڕینەوە کە هاوبیرمان مولازم کەریمو مولازم شوانو ئەوانیتر لەشاخ هاتنەوە. ئەو پارانەی مابویان لەگەڵخۆیان هێنایانەوە. دەستورێکی هساباتمان رێکخست. ماوەیەك هاوبیر ئومێد ئەباس، ماوەیەك هاوبیر سمکۆ-مامۆستا فەرهاد بونە سنوق ئەمینی (خەزنەدار). دوای ئەوان مامۆستا هادی بوبەخەزنەدار. ئیتر پارەکانو هەنێ چەکو تەقەمەنی هەر لای مامۆستا هادی مانەوە تا دوای یەکگرتنیش لەگەڵ پارتیا. ئەویش هەمو ئەوانەی لەماڵەکەی خۆیا کە بەرامبەر لقی چواری پارتی لەسلێمانیبو، قایمکرد. دوای یەکگرتنیش لەگەڵ پارتی، مامۆستا هادی بو بەئەندامی لقی چواری پارتی، بەڵام لەکاتی شەڕی ناوخۆی مایسی **1994**دا، یەکێتی دای بەسەر ماڵەکەی مامۆستا هادیاو هەمو پارەکانو چەکەکانیانبرد. جگە لەوپارانە، پاسۆك نیوەی دەواجنێکو چاپخانەیەکەیشی لەسلێمانی کڕیبو. من ئاگاداری دەواجنەکە نەبوم، بەڵام چاپخانەکە بەمن سپێردراو لەلای دادنوسی سلێمانی بەناوی منەوە تۆمارکرا. من لەکاری چاپخانەدا شارەزاییم زۆربو، چاپخانەکەم هەستانەوە، هەر بەوردە دەستکەوتی چاپخانەکە، هەمو ناتەواوییەکانیم تەواوکرد. وردە وردە یارمەتی ماڵە شەهیدەکانیشمان لێئەدا. ئێمە ئەو پارەو شتانەمان لای خۆمان هێشتەوە، وتمان بابزانین ئەو یەکگرتنانە بەچی ئەگا؟ بەڵام بەداخەوە دوای شەڕی ناوخۆ، ئەوانە، بەپارەکانو بەچاپخانەکەشەوە، هەمویان دەستیان بەسەراگیرا. بەڵام من چاپخانەکەم بەپێی لیستەو بەئیمزا دا بەمامۆستا ئەهمەد(د.ئەهمەد) لەیەکێتی نیشتمانی.

ئەوانیش چاپخانەکەیان گواستەوە بۆگەڕەکی بەرانان لەسلێمانیو ناویاننا (چاپخانەی کۆڕەو). شایانی وتنە من زۆر هاوارمکرد کەئەوە هی پارتینیە. بەڵام کەس نەیبیست. هاوبیر سەلام ئەبدول کەژمێریاری چاپخانەکەبو، گرتیان. ئیتر لەوکاتەدا هەر ئەوەنەم پێکرا تکای بەردانی سەلامیان لێبکەم. ئەوانیش بەریاندا. ئەشێ لێرەدا ئەوەش بڵێم کەپێش گرتنی چاپخانەکە. واتا لەسەرەتای **1994**ەوە هەمو شت بەرەو گرانیەکی خێراو زۆر ئەڕۆیشت، من لەگیرفانی خۆم بایی (**120**) سەدوبیست هەزار دینار کاغەزو کارتۆنم بۆچاپخانەکە کڕی، بەنیازیشبوم پەرتوکەکانی خۆشمی پێ چاپبکەم، وتم دوایی ئەوپارەیە یا لەپاسۆکی وەرئەگرمەوە یا وردەوردە لەدەسکەوتی چاپخانەکە لەسەلام عەبدولی وەرئەگرمەوە، بەڵام فریا نەکەوتم لەهیچیانی وەرگرمەوەو ئەو پارەیەی منیشی تیاچو. من کۆڵمنەدا، چەندجار هەوڵی وەرگرتنەوەی چاپخانەکەمدا. نامەم بۆهەنێ لێپرسراوانی یەکێتی نوسی، لەوانە نەوشیروان کە وتی بچۆ شکاتیان لێبکە!. منیش بەهۆی دادنوسی سلێمانیەوە ئینزارێکم بۆ مامۆستا ئەهمەدو بۆ لێپرسراوی بەشی دارایی یەکێتی نوسی، بەڵام وەك هیچ وەڵامێکیان نەدامەوە، هەڕەشەی لەناوبردنیان بۆناردم !هەڕەشەکەیان بەپارێزەر نەوزاد شەرئیا بۆناردم. ئەویش گەیانبوی بەپارێزەرو هاوڕێم ئوسمان قادر کە ئەویش شپرزانە پێی گەیاندم!!.[1] بەوجۆرە کۆتایی بەپاسۆك هات. ئیتر ئەوەبو هیزبی یەکگرتنیش لەگەڵ پاتی، یەکیانگرتو کۆنگرەی **11**ی پارتی بەسترا. منیش لەگەڵ پارێزەران شیروان هەیدەریو کاکەڕەش نەقشبەندیو نەجمەدین یوسفی، کراینە لیژنەی لێپێچینەوە لەو شکاتانەی لەکۆنگرەدا دژی هەنێ لێپرسراوان بەرزکرایەوە. دوای تەواوکردنی ئەو کارە، ئیتر نە من لەپارتیم پرسیەوە نە پارتیش لەمنی پرسیەوە تا دوای **31**ی ئاب کە لقی چوار هاتەوە سلێمانیو بروسك شاوەیس، کەخزمو برادەریشمە، هاتەماڵمانو داوای گەڕانەوەی لێکردم. منیش دو مەرجم دانا:

---

[1]– جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆقسەیەکی هاوبیر نوری کەریم بکەم کەلە پەرتوکی سەرنجێك لەکاژیك ل**127**ئەڵێ: ئاگرین پێشتر چەن گفتو بەڵێنێکی بۆخۆی، کەریم، شوان، مژدە وەرگرتبو، هەربەوەش رازییکردبون بچنە ناو پارتییەوە، ئەگەرنا مولازم کەریم نەدەچوە ژێر ئەو بارە!! واتا پێشەکیو ژێربەژێر سەواو مامەڵە بەپاسۆکەوە کراوە!.

ناوی هەفتا نوسەری هەژارو بێداهاتم دانێ کەئەبێ مانگانەیان بۆببڕنەوە (لەو کاتەدا هەنێ نوسەر کتێبەکانی خۆیان ئەفرۆشت بۆبژێویی ژیانیان) ئەو ناوانەم لە هاوبیر فوئاد سەراج وەرگرت. بەنوسین داواشم لێکردن کەسەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەلقی چوار بکەنەوەو من لەو سەنتەرەدا کاربکەم (مەبەستیشم لەوە بەپلەی یەکەم: بلاوکردنەوەی بیری کاژیکبو) بەڵام فریای وەڵام نەکەوتن، پارتی سلیمانی بەجیهیشت. بروسکیش نامەکەی منی لەچاوی مێزەکەیا بەجێهێشتو کەوتە دەس یەکێتی! لەبۆنەیکا حاکم قادر وتی تۆ نامەیەیەکی لەوجۆرەت نوسیوەو نامەکەت لەلای منە!!

دوای ئەوە خۆم گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کەمن لەدەرەوەی هیزبایەتی ئەتوانم زیاتر خزمەت بەنەتەوەکەم بکەمو هیزبایەتیش بۆنەتەوەکەمان دیاردەیەکی خراپە!

<u>**دیسان بەشیر موشیر**</u>

رۆژنامەی (تایم) ژمارە **33** رۆژی **19/11/ 2002**

*پرسیارەکان زۆرن، لەوانە: بۆچی کورد تائێستا قەوارەیەکی سیاسی




پارکی بەشیر موشیر لە سلێمانی

سەربەخۆی نەبوە؟ چی بکرێ بۆئەو مەبەستە بەڕای ئێوە؟ هەڵسەنگاندنی ئەو هەوڵانەی پێشتر دراون بۆ ئەو مەبەستە؟ ئایا سەربەخۆیی کوردستان کاریکردەیە؟ راتان بەرامبەر بەفیدراڵی؟ گەلێ پرسیاری تریش. بەلاّم با جارێ هەڵوێستەیەك لەسەر مرۆڤێ بکەین کەزۆرکات ناوەکەیو قسەکانیو بیرۆکەکانی لەسەر زمانی گەلێ لەسیاسەتکارانی کوردە، لەوانە: مام جەلال، د. کەمال فوئاد، د. جەمال نەبەز، د. ئیززەدین مستەفا رەسوڵ، د. ئیهسان فوئادو زۆر کەسیترو هەنێ گۆڤارو رۆژنامەش. بەتایبەتی گۆڤاری سیخورمە. لەلای ئێوەش بەهەمانشێوە. بەتایبەتی لەم دیمانەیەدا چەنجار ناوەکەی دوبارەبووەوە. ئەگرێ ئێستا تیشکێکی زیاتر بخەنە سەر ئەم کەسێتیە؟ واتا بەشیر موشیر؟



یادی بەشیر موشیر لە سلێمانی

بەڵێ..(بەدرێژی وەڵامی ئەم پرسیارەمدایەوە). بەڵام لەبەرئەوەی لەفەیسبوکو هەنێ سەرچاوەیترا، دورودرێژ لەسەر ئەم کەسێتییەم نوسیوە، بەتایبەبەتی کتێبی ئەلەکترۆنی (فەلسەفەی بەشیری)و کتێبی ئەلەکترۆنی (داستانی بەشیر موشیر)و پەرتوکی (گەورەپیاو)و (هەنێ دیمانەی میدیایی)و بۆئەوەی نەبێتە دوبارەکردنەوە، نوسینی ئەم وەڵامەم لێرەدا بەپەپێویست نەزانی. هەنێ لەو نوسینانە لەسایتی کۆنگرەو سایتی ئەمڕۆو چەن سایتێکیترا پارێزراون. لەسلێمانیش، بەڕێوڕەسمێکی شیاوو بەهاوکاریی هێرۆخانو شارەوانیو ئەنستتیوتی نارین، باخچەیەکمان کرد بەناویەوە.

## بڕێ لەژیانی وێژەییم

## لەگەڵ رۆژنامەی (تایم)دا ژمارە 34 رۆژی 2002/12/4

لەدرێژەی چاوپێکەوتنەکەیا لەگەڵ (تایم) لەم ژمارەیەدا کامیل ژیر زیاتر باسی هۆنراوەو ژیانی ئەدەبی خۆی ئەگێڕێتەوە.

*با لایەك لەوێژەو هەڵبەستیش بکەینەوە، یەکەمجار بەکام هەستیارەوە سەرسامبوی؟

-کوێرانە بەهیچ هۆنیارێکەوە سەرسام نەبوم، زیاتر، هۆنراوەیەك یا چەن هۆنراوەیەکی هۆنیارێ، کاریانتێکردوم. لەهۆنیارانی کۆن، ژمارەیەك لەهۆنراوەکانی نالیو مەولەویو کوردیو مەهویو شێخ رەزاو ئەهمەد موختار، کاریان تێکردوم.

*خزمایەتیو ئاوەڵێتیت لەگەڵ هۆنیارانا؟

-شێخ سەلام خاڵی باوکمە. ا. ب. هەوری ماممە، من وەك مناڵێکو ئەوان خاڵو مام، پەیوەندیم لەگەڵیانا پەیوەندیی خاڵو خوارزاییو مامو برازاییبوە. ژمارەیەکیش لەهۆنراوەکانیان کاریان تێکردوم، هەردوکیشیان وەك دو مرۆڤو دو هۆنیاری نەتەوەیی، کاریگەریێتیان زۆر بوە بەسەرمەوە لەفێربونی سەرەتاکانی وانەی کوردایەتیا، بەتایبەتی لەنێوان قسەو راو بۆچوونەکانیانەوە لەدانیشتنە خێزانییەکانمانا.

*ئەی هۆنیارانیتر؟

-هەنێ لە هۆنراوەکانی پیرەمێردو زیوەرو فایەق بێکەسو رەمزی مەلا مارف کاریان تیکردوم. بەڵام بەهۆی جیاوازیی تەمەنەوە، ئاوەڵێتیم لەگەڵیانا نەبوە.

*ئەی گۆران؟

-گۆران یەکەم هۆنیارێکی گەورەبو کە ئاوەڵێتیم لەگەڵیا پەیا کرد، ئەویش بەهۆی رۆژنامەی ژینەوە کە ئەوسا، لەپەنجاکانا سەرپەرشتی ژینی ئەکرد، من ئەوکاتە تازە واملێهاتبو کەهۆنراوەکانم دەرخەم. رۆژێ چوم بۆبارەگای ژینو هۆنراوەویەك بەناوی (هەژار لەجەژنا)م دایە دەستی، چاوێکی پیاخشانو وتی دانیشە. هەستمکرد هۆنراوەکەی بەدڵە. رێزی لێگرتمو هانیدام بەردەوامبم، کە ژینی ئەو هەفتەیە دەرچو، هۆنراوەکەمی تیابلاوکردەوە. ئەوە هانیدام کە دوای ئەوە، هۆنراوەیترو چیرۆکو نووسین بەرم بۆژینو ئەویش هەموی بلاوئەکردەوە. بەوجۆرە برادەرایەتیمان پەیاکرد گەرچی جیاوازیی تەمەنیشیان هەبو، بەرلەوەش، من ژمارەیەك لەهۆنراوەکانی گۆران کاریان تێکردبومو لەبەرمبون، بەتایبەتی سرودە نەتەوەییەکانیو ئەو هۆنراوانەی بۆ وێنا (وەسف)ی سروشتو ئافرەت وتبونی.

*ئەی هۆنراوەکانیتری؟

-نەخێر، بەڕای من گۆران بەهۆنراوە سیاسیەکانی، ئاستی هۆنیارێتی خۆی کەمکردەوە، ئەمە لەسەرڕۆیشتنێکی زیاتری ئەوێ کەرەنگە لێرەدا ئەو ماوەیەمان نەبێ.

هەردی دوەم هۆنیاری گەورەبو کەلەنزیکەوە ناسیمو بوینە برادەرو هاوبیر. بەرلەناسینی، زۆربەی هۆنراوەکانی کاریان تێکردبومو لەبەرمبون. ئنجا بەهۆی ئەوەوە کە سالانی 1957 و 1958 بومە سەرپەرشتیاری گۆڤاری هیوا لەبەغا، ئاوەڵێتیم لەگەڵ زۆربەی نووسەرانو هۆنیارانی ئەو سەردەمەدا پەیاکرد، لەوانە: سوجادی،جەمیل رۆژبەیانی، هەژاری موکریانی، شاکیر فەتاح، دیلان، کامەران، فەرەیدون ئەلی ئەمین کە بۆچلەی هەر یەکیکیان هۆنراوەیەکم بۆوتون، دوکانەکەی بەشیر موشیریش کردمی بەبرادەرو هاوبیری جەمال نەبەزو گەلێ نوسەرو هۆنیاریتر.

*بیری نەتەوایەتی، لەکەیەکەوەو تا چ ڕادەیەك لەهۆنراوەکانتدا رەنگی داوەتەوە؟

-لەڕۆژانێکەوە کەهێشتا لەسەر میلاکی هیزبی شیوئی بوم! بۆ نمونە: لەهۆنراوەی (بەهاری کوردستان)ا سالی 1957 وتومە:

تاکو ئەوساکە کوردستان

بۆ خۆمانبێو هەر بۆخۆمان

هەروەها لەهۆنراوەی (بۆجوانێکی دیل)ا

سالی 1957 بانگەشەی راپەڕینو شۆڕشمکردوە.

بۆ ئازادبونو مافی کوردستان:

چارنیەو ئەبێ رەوان، پڕبەدەم

بەنەڕەی پڵنگ شارو دێ پڕکەم

بۆراپەڕینێ، هەوڵێ، کۆششێ

لەخەوهەڵسانێ، دەنگێ، شۆڕشێ

بۆئازادبونو مافی کوردستان

زۆردار، دەرەبەگ لەگۆڕو چاڵنان

سەرجەمی ئەم دو هۆنراوەیە، لە دیوانی نازەنینا ساڵی **1957** چاپو بڵاوکراونەتەوە، هەروەها لەگۆڤاری هیواشا لەو ساڵەدا. ساڵی **1958** پێش چواردەی تەموز وتومە:

من کەدیم لەرەی شەپۆلی شنەی

ئاڵای کوردستان

تێکەڵاوئەبێ لەگەڵ جریوەی

ئەستێرەی بەیان

ئەو کاتە هیواو ئامانجی دورم

هەردو پێکەوە

ئەبن بەپرشنگ، گوڵاڵەی سورم ئەگەشێتەوە

ئنجا دیوانی (کوردایەتی) کەساڵی **1960** چاپکرا، هۆنراوەکانی لەنێوان **1958-1960**دا وتراون، ئەوە بانگی ئاشکرای بیرێکی نەتەوەیی نوێبو لەکوردستانا، بەڵکو سەرەتای درکاننی بیروباوەڕەکانی کاژیکبو بەبێ ناوهێنانی.

*ئەی دواى دیوانی کوردایەتی؟

-دوای دیوانی کوردایەتی، چەنساڵێ چالاکیی وێژەییم کزبو، ئەویش بەهۆی ئیشوکاری زۆرو خوێننو زیاتر بەهۆی ئەوەوەبو کەسەرقاڵی کاری کاژیکبوم. ئەوە هەر وایە. گەلێجار سیاسەتو پارتایەتی، هۆنیارانی لەوێژە دورخستۆتەوە، لەگەڵ

**ئەوەشا کارەساتەکانی ئەنفالو کیمیاباران، جارێکیتر هانیاندام بۆهۆنراوەی سیاسیو نەتەوەیی، بێئەوەی سڵ لەکاردانەوەی رژێمی بەغا بکەمەوە. وەکو ئەو هۆنراوەیەی لەسەر روخاننی گوندەکانو ئەنفال، پێشتر بۆمخوێننەوە. جگەلەوە، بەبۆنەی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەشەوە هۆنراوەی (بزێوی)م وتو هەر ساڵی 1988 ناردم بۆرۆژنامەی هاوکاری لەبەغا، بەڵام بڵاویان نەکردەوە. هۆنراوەکە ئەگەرچی بەرەمزەوەبو، بەڵام دیاربو کەبۆئەو بۆنەیە وتبوم، بۆیە بڵاویان نەکردەوە.**

***بەشێك لەو هۆنراوییە؟**

**-درێژەی هۆنراوەکە لەلاپەڕە 177ـ180ی دیوانی هەڵبەستەکانما کەلەسوید ساڵی 1993 چاپکراوە، بڵاوکراوەتەوە، ئەمە نمونەیەکێتی:**

**لەپڕ هەورەبروسکە**

**کەوتە گرمەو تروسکە**

**کارژۆلەکەو ئەفراسیاو**

**تێڕائەمان ناوبەناو**

**ئەم گرمەو ئەم بارانە**

**کەی وەکو هی جارانە!؟**

**شتی زلزل ئەبارێ**

**بە لێشاو دێتەخوارێ**

**بۆنێکی وەکو لیمۆ**

**باشە بۆنی وەها بۆ!؟**

***جگە لەو دو هۆنراوەیە، چیترتان وتوە؟**

-زۆریتر، با جارێ ئەمەتان بۆباسبکەم کەبیرەوەرییەکی لەگەڵدایە: ساڵی 1986 یەکێتی نوسەرانی کورد میهرەجانێکی بۆهەڵبەست سازدا بەناوی سێهەم میهرەجانی هەڵبەستی کوردییەوە. میهرەجانەکە رۆژی 1986/9/10 لەهۆڵی میدیا لەهەولیر دەستیپێکرد، لێپرسراوانی ئەو رۆژەی رژێم لەهەولێر بەئەمین عامەکانو ژمارەیەك جاشو موستەشارەوە ئامادەبون. هۆنراوەکەی من بەناوی (گورگانە شەوێ)وەبو، هەموی تانەلێدانبو لەوانە کەجاشێتیو سیخوڕیو نۆکەرێتی ئەکەنو خزمەتی بێگانە ئەکەن. هۆنراوەکە زۆرە، لەلاپەڕە (244ـ250)ی دیوانی هەڵبەستەکانما کە لەسوید چاپکراوە، بڵاوکراوەتەوە، ئەمە هەنێ کۆپلەیە لەو هۆنراوەیە:

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ

گورگە بۆرەکە لەتۆ دورکەوێ

بچێتە ماڵی کەری گوێدرێژ

دێزی گێژوویژ

بلێ لەپایچی تۆ وا ئەزەڕی

خۆ نەبوی بەسەگ بەمانگ بوەڕی

تۆ دیارە شینی مەرگی خۆت ئەکەی

بۆ ئەوەی زیان لەخێوت بدەی

کەری کەللە بۆش

گەلۆری بێهۆش

ئێستا بۆپەندی رۆژو زەمانە

ئەتکەمە شێوی شەوی گورگانە

بگرە شەپازلەی ئامۆژگاریی من
ئیتر وازبێنە لەپاسی دوژمن!

گورگانەشەوێ، گورگانەشەوێ
گورگە بۆرەکە لەتۆ دورکەوێ
دەردو بەڵای تۆ لەوانەکەوێ
نازانن ژیان ئەوە ناهێنێ
مرۆڤ بایەخی خۆی بدۆڕێنێ
ئەوانە رسواو سووکو ناپیاوان
شێر بەگوێ بگرن، هەر گێلەپیاون
کەسێ گێلنەبێ ئەبێ بزانێ
لەوەزیاترە بۆکورسیو نانێ
ببێ بەپواز، بەدێز، بەسیخوڕ
یا تەنیا بژی بۆ ورگێکیپڕ
گێلەپیاوەکان
بێگانەی دژی باوە کوشتەتان
نابێ بەپەنا، بەجێگەباوەڕ
چاوتان نابینا، هەردو گوێتان کەڕ

مناڵەکانتان پاکوخاوێنن

مەیانژاکێنن

سبەی کەچونە قوتابخانەوە

منالآنیتر ئەیانناسنەوە

پەنجەی گومانیان بۆدرێژئەکەن

لەگۆڕەپانا کەناریان ئەخەن

ئەڵێن ئەوانیش نەبا وەك ئێوە

لەپێشبرکێدا بچەمێنەوە

دوای تەواوبونی میهرەجانەکە، فەرمانی گرتنی منو لەتیف قەرەداخیو هەمەومین پێنجوێنی دەرچو. ئەوکاتە دوکتۆر نافع ئاکرەیی سەرۆکی نوسەرانی کوردبو، کەوتە هەوڵدانێکی زۆرو فەرمانی گرتنەکەمانی هەڵوەشانەوە.

راستە ئەوانەی لەشاخ شۆڕشیان ئەنجامئەدا، گیانفیدابون، بەلآم ئەوانەی لەشارەکانا خەباتی ژێرزەومێنیو کاری روبەڕوبونەوەیان ئەنجامئەدا، لەوان گیانفیداتربون. ئێمەومانان چارەنوسی دەیان کەسی وەك شاکیر فەتاهو دڵشاد مەریوانیمان بەچاوی خۆمان ئەدی، لەگەڵ ئەوەشا، بەنوسینو هەڵبەستو هەڵوێستەکانمان درێغیمان نەئەکرد، ئەوە جگە لەخەباتی ژێرزەمینیمان هەریەکەو بۆهیزبەکەی خۆی، من هەروەك هەنێ نمونەیتر، ئاماژە بۆژمارەیەك بەرهەمی وێژەییترم ئەکەم کەهەریەکێکیان بایی ئەوەنەبو کەلەسەریان بگیرێمو بکوژرێم. بەتایبەتی ئەوانەی لەرۆژە ترسناکەکانی سالآنی 1983 تا 1990 بلآومکردونەتەوە، لەوانە هۆنراوەکانی:

1- بۆ جوانێکی هەنگاری ـ ل76 دیوانی جوانی، چاپی 1983.

2- بۆ کچێکی مهابادی ـ گۆڤاری نوسەری کورد، ژمارە 3 ساڵی 1985.

3- ئۆپەرێتی نازە ـ گۆڤاری. نوسەری کورد، ژمارە 5 ساڵی 1986.

4-بۆ خاوەن شەهید ـ لەکۆرێکی وێژەییا ساڵی 1987 لەدهۆك خوێنمەوە.

5- پۆلێك فریشتە ئەکوژرێ ـ رۆژنامەی ئێراك 1987/2/26.

6-رازی باخەوان ـ گۆڤاری. کاروان ـ ژمارە 68 ساڵی 1988.

7- باوەڕو بەرگە ـ گۆڤاری. بەیان، ژمارە 132 ساڵی 1987.

8- هەنێ راستی ـ پاشکۆی ئێراك ـ ژمارە 55 رۆژی 1988/10/5.

9- لەبیرەوەرییەکانی ساڵانی دێرین ـ گۆڤاری بەیان ژمارە 152 ساڵی 1989.

10- من خاوەنی پۆلێ یارم ـ رۆژی 1986/3/21 لەکۆڕێکی وێژەییا بەسەرپەرشتی دلشاد مەریوانی لەهۆڵی جەماوەری سلێمانی خوێنمەوەو لە ل259ی دیوانی هەڵبەستەکانما بڵاوکراوەتەوە..

11- پەردەیەك لەچیرۆکی دڵدارێکی کۆن بۆچلەی شاکیر فەتاهم وتوە ـ رۆژنامەی هاوکاری ژمارە 1062 رۆژی 1989/3/27.

12- بۆچلەی ماتەمی دیلان ـ لەچلەی دیلانا ساڵی 1990 خوێنمەوە.

*هەنێ نمونە لەو هۆنراوانە؟.

-خۆی لەراستیا، ئەو هۆنراوانە هەرکامێکیان بگری، ئەبینی سەرجەمی هۆنراوەکە، یەکەیەکی نەپچڕاوە لەیەك. واتا بەخوێنننەوەی هەمو هۆنراوەکە ئەنجامو مەبەست بەدیئەکرێ. من بۆیە ئاماژەم بۆسەرچاوەکانکرد، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێ مەبەستیبێ، بگەڕێتەوە بۆئەو سەرچاوانە، لەگەڵئەوەشا. فەرمون ئەمە هەنێ نمونە:

لەهۆنراوەی بۆکچێکی مهابادی.:

بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: من باوەڕم، من پیرۆزم.

**من پەیکەری کوردایەتیم، چرۆی داستانی نەورۆزم.**

**بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: من ئەوینم بۆکوڕی کورد.**

**بۆ پێشمەرگە هاوبیرەکەم، لاوی ئازای بەدەستو برد**

**بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: من وەك جوانم نیازیشم پاك**

**سەرچاوەی بیرو فەلسەفەم خۆماڵییەو کردەوەم چاك**

**بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: هەرچەن لەسەر روی ئەم ئەرزە**

**لەسەر خاکێك ئەژیم، پێ شێل، بێ دروشمەو بەبێ مەرزە**

**بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: لەوەش زیاتر خۆشم دیلم**

**بەڵام شادم چونکە بەهەست کچە کوردی وریاو ژیرم**

**بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: کەمن هەستم هەبێو نەمرێ**

**رۆژێئەبێ داری ئێمەش بەری رەنجو گەنجی بگرێ**

**بەم گوارە شۆڕەوە ئەی جوان، ئەی کچە کورد، ئەی .شۆخو شەنگ**

**بەقوربانی بەری پێتبێ هەزار سەری بۆشو دەبەنگ.**

**بڕوانە لەو رۆژە ترسناکانەی بەئسا وتومە(بۆ پێشمەرگە هاوبیرکەم)و لە گۆڤاری نوسەری کورد ژمارە 3 ساڵی 1985 بلاومکردۆتەوە.**

**لەهۆنراوەی (بیرەوەرییەکانی ساڵانی دێرین)ا وتومە:**

**لەبیرمدێ بۆئیمزایەك بۆ (پاکانە) گەلێگەلێ سزادرام**

**لەوەڵاما، نەکو سزا، خنکاندنیش چاتربو لام**

**تێکۆشەرێ نینۆکی ریشەکێشکرا**

**پشکۆی ئاگر بەهەردو دەستیدانرا**

**نەوتی ئاخ، نەڕاچەنی، نەدانەوی، نەناوی وت**

نە جێگەیدا بەدەستەوە
لەئاستی ئەو بەرگەیەدا، دیلەوانان ئەلەرزینو
پەنجەی خۆیان ئەگەستەوە
بارەگای دژ، بەهەڕەشە، بەترسانن، بەسامانو پایەو پیلان
تەقەلایدا کاربکاتە هەستی پاکی هەژارێکی بێدەرەتان
هەر بۆئەوەی جاربەجارێ
بەنهێنی لەکەنارێ
هەواڵێکی ئەو مەردمە بەسەرپێوە بەرێ بۆیان
ئەو هەژارە جەوامێرە، توفیکردە پایەو سامان
وتی مردن بەخاوێنی بۆنەتەوە لەبرسانا
نەکو ژیان بەناپاکی بۆسامان یا لەترسانا
وێنە زۆرە، وێنە دیارە
مشتێ نمونەی خەروارە

ئێستاکە ـ ئێی

ئێستاکە .. هێی

کەر لەکوێیەو کونە لەکوێ

لای کەسانی ئەڵقەلەگوێ

لەلای ئەوەی، یا لەترسا، یا بێشەرم

لەپێناوی پایەو سامانی ناپاکی

ئەکەوێتە پێشی دوژمن، بۆتێکدانی

لانەی خۆیو باپیرانو لانەی کاکی

تۆ ئەزانی باپیرانی جەوامێرو قارەمانت

لەمەیدانی نەتەوەدا، چ مەردێ بون؟

تۆ ئەزانی دراوی ئەم سەرزەمینە، پلەو پایە

نابن بەپارسەنگی تۆزێ لەئابڕوچون!؟

ئەمانە نمونەی هۆنراوەکانی بەر گڕەی ئاگری ساڵانی پێش راپەڕینن کەبەناوی ئاشکرای خۆمەوە لەبۆنەکانو گۆڤارو رۆژنامەکانا بڵاومئەکردنەوە، نەك هی ژێر سێبەری ئەمرۆی ناوچەی ئازادی رزگارکراوو شەقامی پان!

*بێجگە لەبواری سیاسی، لەبواریترا هیچ بیرەوەرییەکتان هەیە لەنێوان هۆنراوەکانتەوە؟

-ساڵی **1974** دوای پەیوەنیکردنم بەشۆڕشی ئەیلولەوە، وەك دادوەرێکو پشکنەرێکی دادوەری، لەبابەکرئاواوە هاتم بۆ ناوچەی سلێمانی بۆپشکنینی دادگاکانی شۆڕش لەناوچەی بیارەو شارباژێڕو سەرگەڵو، لەگەڕانەوەدا کەگەیشتینە شاری مهاباد، لەشەقامێکا لاوێکی مێردمناڵ بەرەو رومان هاتو وتی جەنابتی ئاغای کامیل ژیر؟ وتم بەڵێ، وتی بابم دەفەرموێ ئەمشەو لای میوانبن. وتم بابت کێیە؟ وتی مهەمەدی ماملێ. وتم بەسەرچاو، زۆرم پێخۆشە، ئەو شەوە تا بەرەبەیان من بەهۆنراوەو ئەو بەگۆرانی.

*ئەو لاوە چۆن تۆی ناسی؟

-ئەوە لای منیش سەرەتا پرسیارێکبو، دوایی دەرکەوت برادەرێکم (ئەبدولوهاب تاڵەبانی) کە لەپاسەکەی نێوان سنەو سابلاخدابوین، پێیوتبو کە من لەمهابادم، ئەویش کوڕەکەی راسپاردبو شەقامەکان بگەڕێو لەسەر وێنا(وەسف)ی ئەو بمدۆزێتەوە. ئیتر ئەو شەوە تا بەرەبەیان، من بە هۆنراوەو ئەو بەگۆرانی، بردمانەسەر.

دوای چەن مانگێ، رۆژێ لەگەڵ مامۆستایان ئەهمەد هەردیو مستەفا ساڵح کەریمو فوئاد هەمە خورشید، لەنەغەدەوە سەردانێکی مهابادمانکرد، بۆدیدەنی

سەرێکی ماڵی ماملێشماندا، کوڕەکەی وتی بابم لەزەماوەنەو بەزۆر بردینی بۆزەماوەنەکە، بەڕاستی زەماوەنێکی ژن گواستنەوەی قەشەنگبو، لەچەنلاوە جوانەکانی مهاباد کۆڕی رەشبەڵەکیان گەرمبو، بەڵام جگە لەمامڵێ، کێ ئێمەی ئەناسی؟! بەتایبەتی ئافرەتێکی زۆرجوان سەرنجی راکێشام، کەچی ئەو هەر ئاوڕیشی لێنەدامەوە، منیش وتم:

دڵشکاوم ئەمڕۆ جوانێ وەك پێمبڵێ بەهارت چو

تەلی هەستی ئاڵۆزانم، هەناسەم سوار، گەروم پڕبو

رومتێکردو رویلێنەنام، تێگەیشتم کەئەهریمەن

دەرگای بەختم لێدائەخا، سەرئەکەوێ پلەی تەمەن

ئەی یادگار، کوا رۆژانی بەختەوەریم؟ من لاوێبوم

بەنیگایە، رومبنایە لەڤینۆسێ، ئەکەوتەدوم!

هۆنراوەکە درێژەی هەیە، لەدیوانی کوردایەتیو جوانییا بڵاوکراوەتەوە.

رۆژنامەی (تایم) ژمارە **35** رۆژی **12/19/ 2002**

-ساڵانی زو کۆبونەوە لەتاریکیا ئەکراو چراکان تا دوای کۆبونەوە ئەکوژێنرانەوە

-کورد ئێستاش تاکوتەرایەك نەبێ، کچ بەئەرەب نادەن، ئیتر ئەم هەمو شێخە چۆن پەیابو!؟ لەکوردستانا شیخ نیە.

لەم بەشەی بەسەرهاتەکانی ژیانیا، کامیل ژیر باسی باووباپیرانی خۆیئەکاو هەروەها ئەو ماوەیەش ئەگێڕێتەوە کەتێایا بەزۆر لەبەسرە سەربازی پێکراوە، ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە، ژیر لەبواری نمایشکردنیشا رۆڵی خۆی بینیوەو ئەسپی خۆی تاوداوە.


*تایم: ئێوە هیچ باسێکی بنەماڵەکەتان نەکرد؟

-باوکم، شێخ نیزامەدین، ئەگەرچی هەمو ژیانی لەشاری سلێمانی بەکاسبیەوە بەسەربرد، بەڵام خوێنەوارێکی باشبو، بڕوانامەی شەشی سەرەتایی زەمانی ئوسمانیی هەبو، ئەوەنە خوێنەواری بۆئەو سەردەمە زۆربو، ماوەیەکیش فەقێیەتی کردبو. خەتی زۆر خۆشبو، ئەو ئەگەرچی دوکانداربو، بابەتی ئەتاریی ئەفرۆشت، بەڵام سکاڵا (عریضە)شی بۆخەڵکی ئەنوسیو کومپیالەی بۆپڕئەکردنەوە، باپیرم، شێخ جەلال، موفتیی شارباژێربوە، کوڕی شێخ تەهای شێخ سەلامی قازیی شارباژێربو، باپیرانم، بەوەزیفە لەشارباژێربون، بەڵام خۆیان خەڵکی چنارەی لای دەربەندیخانبون. ئارامگای باپیرە گەورەم کەئەویش ناوی شێخ نیزامیبوە، لەو گوندی چنارەیەیە، خەڵك ئێستاش زیارەتی ئەکەن. دایکیشم لەشێخەکانی قەرەداخە.

*کەواتە ئێوە شێخی تەواون؟

-من نازانم مەبەستت لەشێخی تەواو چیە؟ شێخی تەواو ئەگەر ئەوەبێ بە رەگەز بچێتەوە سەر ئەرەبو پەیامبەری ئیسلام لەڕێگەی هەسەنو هسەینی ئەلیی







وێنە: بنەماڵە. باوکو دایکو خوشکو براو ژیرو هاوژینو منالەکانیان

ـایکیان کچی

مهەمەدبوە، بڕواناکەم شێخ لەکوردستانا هەبێ، جونکە ئەو

دوانە بەگەنجی لەناوچەی کوفە کوژرانو فریای ئەوەنەکەوتن بێنە کوردستانو ژنی کورد بهێنن. لەهیچ سەرچاوەیەکیشا نەهاتوە ژنی کوردیان هێنابێ.. کورد ئێستاش تاکوتەرایەك نەبێ، کچ بەئەرەب نادەن، ئیتر ئەم هەمو شێخە چۆن پەیابون!؟ راستییەکەی، ئەو سەردەمانەی شێخێتی زۆر لەبرەوابو، گەلێ کەس لەناو کوردا خۆیان کردوە بەشێخ، ئەویش یا لەرێگەی بەرماڵەوە، یا کابرایەك پشتوێنێکی سەوزی بەستوەو رویکردۆتە گوندێکی دور. خەڵکە ساویلکەکەش کەبەو پشتوێنە سەوزەوە دیویانە، زۆر رێزیان لێگرتوەو دەستیان ماچکردوەو تەکێ، یا مزگەوتیان بۆدروستکردوەو خێری دنیایان بەسەرا رشتوەو کچیان داوەتێو کردویانە بەشێخی گوندەکەی خۆیان. لەسەردەمی کاك ئەهمەدی شیخا لیژنەیك دروستکراوە، شەجەرەی شێخێتیان داوە بەوانەی مەبەستیانبوە بەبێ بەڵگەی باوەرپێکراو! ئاخر ئێستاش لەم سەردەمی شارستانیەدا کەسێك نازانێ پشتی دەیەمی ناوی چیبوە؟ ئیتر چۆن زانیوێتی بە **28** پشت یا زیاتر ئەچێتەوە سەر فاتمەی زەهرا!؟ خۆشئەوەیە شێخێتی تەنیا لەناو کوردا هەیە! لەناو فارسو تورکا شێخنیە. لەناو ئەرەبیشا تەنیا بەسەرەك هۆز، یا بەپیاوی پیر ئەوترێ شێخ! لەناو کوردیشا باوەڕوایە کەشێخی تەواوو شێخی بەرماڵیش هەیە! دیاردەیەکی نامۆیتری شێخێتی لەناو کوردا ئەوەیە: شێخێتی تەنیا لەباوکەوە ئەچێ بۆکوڕ، واتا لەدایکەوە ناچێ بۆکوڕ! با ئەو دایکە کچە شێخیشبێ، کەچی شەجەرەکان کەئەگاتە سەر هەسەنو هسەین، دەستورەکە ئەگۆڕرێو لە دایکیانەوە ئەچنەوە سەر پەیامبەرو ئەبنە شیخ!

لە کوردستانا، مەلاو شیخ، دو دیاردەی دروستکراوو داهێنراون لەلایەن ئەرەبەوە بۆبەئەرەبکردنی کورد. بەدرێژایی مێژوی ئیسلام، مەلا، ئەدەبیاتی ئەرەبیی بڵاوکردۆتەوە، ناوی منالانی کوردی بەئەرەبی ناوناوە، خەڵکی فێری ئەرەبیکردوە، مێشکی خەلکی لەهەستی نەتەوەیی شتۆتەوە بەجۆرێ خەلکیان والێکردوە بیر لەم دنیاو سەربەخۆیی نیشتمانەکەی خۆیان نەکەنەوەو هەر بۆئەو دنیا بژین. شیخیش پیرۆزمەنییەکی پێدراوە گوایە نەوەی پەیامبەری ئیسلامە، واتا بەرەگەز ئەرەبە! ئەوانە وایانکرد کەبونەئەرەب ئاساییبێ نەك هەر لەلایەن خەلکە سادەکەوە، بەلکو

لەلایەن زۆرێك زاناو بیرمەندو نوسەرو هۆنیاری کوردیشەوە!. بەو هۆیەشەوە کە ئاینی ئیسلام بوە سیستمی فەرمانرەوایی، دەسەلاتی دەولەتی ئەرەبی پەرەیسەنو سنوری جوگرافیاکەی تێپەریکرد بۆنیشتمانی چەندین نەتەوەیتر بەکوردستانیشەوەو ژمارەی ئەرەب سەدان ملیۆنی تێپەرانوەو... هتد. ئەوە بەگشتی. بەتایبەتیش، ئەبێ ئەو راستییە بلێین کەشیخو مەلاش مرۆڤن. مرۆڤیش هەمیشە سۆزو خۆشەوسیتیی بۆنەتەوەو نیشتمانی خۆی هەیە، هەمو ئەو مەلاو شیخانەی هوشیارییەکی نەتەوەییان هەبوەو لەراستیی مەسەلەکە گەیشتون، خزمەتی نەتەوەکەی خۆیان، نەتەوەی کوردیان کردوە، وەك: شیخ سەئیدی پیران، شیخ ئوبیدولای نەهری، شیخ مەهمودی هەفید، قازی مهەمەد، مەلا مستەفای بەرزان، شیخ مەئشوق، شیخ ئیزەدینی هسەینی، ئەلادین سوجادی، مەلا جەمیلی رۆژبەیانیو زۆریتر. بەلکو هەنیکیان رابەرایەتیو سەرکردایەتیی شۆرشەکانی کوردیشیانکردوەو سەریان لەپێناوی کوردا داناوە. ئەوەش نیشانەی نەمریی نەتەوایەتییەو هیچ پەیوەنیەکە بەئیسلامبونەکەیانەوەنیە.

*بنەماڵەی ئێوە لەکام جۆری شێخن؟

-نازانم. ئەوەنە ئەزانم، لەباوکەوە ئێمەو بنەماڵەی (مەولەوی) ئەچینەوە سەر (پیر خدری شاهۆ) کەخەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانبوە، ئەوانەش کەپێشگری (پیر) کەوتۆتە پێش ناوەکانیان، لەپیرەکانی زەردەشتبون وەك پیرمەسور، پیری شەوکێڵ، پیری قەرەجێوارو هتد

<u>سەرەتای خوێندن</u>

-لەهوجرەوە دەستمپێکرد، پێش تەمەنی شەش ساڵیم، ماوەیەك لەهوجرەکەی مەلا نەجمەدین لەبەرخانەقای سلیمانی خوێنم، دوای ئەوە، ماوەیەکیتر لەهوجرەکەی مەلا بەکر لەگومرگە سوتاو. سەرەتای مناڵیشم بە شاگردیبو، شاگرد خەیات. باوکم، ئەگەرچی خۆی خوێنەوارێکی باشیشبو، بەڵام وای بەباش ئەزانی، شەش کوڕەکەی، نیوەیان پیشەگەری بکەنو نیوەشیان خوێنن. من بەر یەکەمیان

کەوتم. خۆم ئارەزوم لەخوێننبو، بەڵام دەسەڵاتمنەبو، تارۆژێك نانەوایەکی دراوسێی وەستاکەم، دەروێش ئارفی خەیات، خەریکی گواستنەوەبو. وەستا ئارف غیرەت گرتیو فەرمانی بەشاگردەکانیدا کە یارمەتیی نانەواکە بدەین. کەسیش نەیئەتوانی قسەی وەستا بشکێنێ، چونکە باوکی شاگرد بەوەستاکەی ئەوت: گۆشتەکەی بۆتۆو ئێسقانەکەی بۆمن. یەکێك لەو شتانەی من گواستمەوە، لولە دوکەڵکێشێکی رەشبو، نیوەڕۆ کەچومەوە ماڵێ، دایکم وتی ئەوە بۆسەرتاپات رەشبوە؟ بۆمگێڕایەوە. ئەویش سوێنی خوارد کە ئیتر نابێ ئەو شاگردییە بکەم. باوکیشمی رازیکرد. منیش لەخوام ئەویست، چونکە گەڕامەوە بۆخوێنن.

بەو جۆرە، چەن ساڵێ لەچونە قوتابخانە دواکەوتم لەچاو هاوتەمەنەکانی خۆما. کەچومە قوتابخانە، سەرەتا لەپۆلی دو دایاننام، مودیری خالیدیە مستەفا فەنی، ناسراو بەمستەفا گاڕوت، وتی پۆلی سێ، بەڵام یونسە فەنی وتی با پۆلی دوبێ، بۆئەوەی بناغەکەی بەهێزبێ. ئەو ساڵە یەکەمبوم، لەپۆلی سێشدا ئەبوایە من یەکەمبومایە، بەڵام نەجاتو نازەنینی کچی مستەفا فەنیان کرد بەیەکەم لەبەر ئەوەی ئەو ساڵە باوکیان کۆچی دوایی کردبو، ویستیان بەوە دڵخۆشییان بدەنەوە.!

ئەوە زۆر نیگەرانی کردم، بریارمدا ئیتر لەو قوتابخانەیە نەخوێنم، باوکیشم هانیدام کەئیتر لەو قوتابخانەیە نەخوێنمو بچمە قوتابخانەی زانستیی شەو. بەڕۆژیش بومەوە بەشاگردی وەستا مەهمودی هەمە بانەیی خەیات لەو شەقامەی ئێستا پێی ئەڵێن مەولەوی. ئیتر لەوساڵەوە من هەمو خوێننم هەر بەئێوارانبوە تاتەواوکردنی کۆلێجیش. خەیاتییەکەشم گۆڕی بەشاگرد پێڵاودرو. ماوەیەك لای ئەبدوڵڵا زوهدی. ماوەیەکیش لای مەجید سوڵتان. دواتر برای گەورەم، شێخ کەریم دوکانی پێڵاودروێتی داناو بوم بەشاگردی ئەو تا ساڵی **1954** کە گیرامو ناردیانم بۆشوئەیبە.

***بۆچی گیرایت؟**

-ئەوە یەکەمجار نەبو بگیرێم، پێش ئەوە هەر موزاهەرەیەك بکرایە، من ئەگیرام لەسەری، چونکە وەك پێشتر وتم، ئەندامێکی بزێوو چالاکی هیزبی شیوئیبوم، ئەندامی یەکێتی قوتابیانو نیقابەی کرێکارانی سەر بەهیزبی شیوئیشبوم. بەهۆی ئەو گرتنانەشەوە ماوەیك لەخوێندن پچڕام.

*کێ رێکخەرەکەتبو لەهیزبی شیوئیا؟

-یەکەمجار برایمی مەلا ئەبدوڵا، ناسراو بەبلەجۆرج. دوای ئەو، وەستا ئارفی خەیات. ماوەیەکی کورتیش، وەستا ئەولی بەنا. جارجارێکیش ئوسمان ناوێك کەماوەیەك مەسئولی سلێمانییبو، کۆبونەوەی پێئەکردین. ئەوکۆبونەوانە، تەنیا بۆکادرە پێشکەوتوەکانبو، هەرجارەی لەماڵێکا. ئەویش بەمەرجێ، ئەبوایە چرای ماڵەکە بکوژایەتەوە، ئنجا ئەو بەتاریکی ئەهات، دوای ئەوەی قسەکانی تەواوئەکرد، ئەڕۆیشت، ئەوسا چرامان دائەگیرسانەوە.

## لەگەڵ شانۆ

ئێمە قوتابیانی ناوەندیی ئێواران، هەمو ساڵێ شانۆگەرییەکمان ئەکردو قازانجەکەیمان ئەدا بەکرێی ئەو قوتابیانەی ئێواران کەنەیانئەتوانی ئەو کرێیە بدەن. کرێکە ساڵی دە دیناربو، ساڵی **1956** دەستمانکرد بەپراوەی شانۆگەریی ئوتێلۆ (عطیل). پراوەکە نزیکەی سێ مانگی خایان. ئەنوەر تۆفی دەرهێنەرەکەیبو، نوری وەشتی دەوری ئوتێلۆی بینی، منیش دەوری (یاجۆ) کە ئەمیش وەك دەوری (ئوتێلۆ) دەورێکی سەرەکییبو، ئەوسا، شانۆگەری، هەمیشە یەکەم رۆژ بۆئەشرافبو. کەچی من دەمەو ئێوارەی رۆژی پێش ئەو ڕۆژە، دایان بەسەر ماڵماناو ژمارەیەك کتێبی قەدەغەکراویان گرتو خۆمیان راپێچی گرتوخانەکرد. من خەمی شانۆگەرییەکەمبو، ئەنوەر تۆفیش سەری دنیای لێهاتبوەوە یەك، بەڵام تەها خەلیل، مەردانە، کێشەکەی چارەسەرکردبو، ئەو دەورێکی کومبارسی هەبو، تومەز بەدەم پراوەوە، هەمو دەورەکەی منی لەبەرکردبو، یەکسەر دەورەکەی منی بەسەرکەوتویی بینیبو، لەوەوە تەها بەئەکتەرێکی سەرکەوتو ناوی دەرکرد. هەر لەو سەردەمەدا، وا

باوبو لەگەڵ هەر شانۆگەرییەکی گەورەدا، شانۆگەرییەکی بچووکی قۆشمەش ئەکرا. من بۆئەو مەبەستە، شانۆنامەی (ئافرەتو نوشتە)م نوسیبو. ئەویش پێشکەش کرابو، هەر ئەو ساڵە چاپیشم کرد، مامۆستا هەمە کەریم هەورامیش لەکتێبەکەیا (درامای کوردی) ئەڵێ ئەوە یەکەم شانۆنامەی کوردیی کۆمێدی چاپکراوە. لەچالاکییەکیتری شانۆگەرییا، شانۆنامەی کۆمێدیی (ئەلە ورگەی نەخۆش)م رێکخستو خۆم دەوری ئەلە ورگەم بینی.

. ساڵی 1993 شانۆنامەی (گەورەپیاو)م نوسیوەو لەسوید چاپکراوە.

*ئەو گرتنەت چەنی خایان؟

-سێ مانگ، درام بەدادگای کەتن (جنح)و ئیفراجبوم، بەڵام کتێبەکانیان نەدامەوەو دەستیان بەسەراگیرا. ئنجا بەهۆی ئەو گرتنانەوە، نەك هەر ژمارەیەك کتێبم لەدەستچو، بەڵکو خۆشەویستێکیشم لەکیسچو ! *چۆن!

-بەر لەگرتنم بۆ شوئەیبە، لەگەڵ کچێکا کە من ناومنابو نازەنین، سەرەتای دڵدارییەکمان دەسپێکردبو، ماڵەکەیان نزیك دوکانی کاکمبو، لەخێزانێکی هەژاربو، جوانو وریابو، دڵداریی ئەوکاتەش، بەزۆری بریتیبو لەوەی لەدورەوە سەیری یەکمان



وێنە: دیمەنێکی شانۆگەریی ئافرەتو نوشتە

ئەکردو جارجارێکیش زەردەخەنەیەك، دوجار فرسەتی هێنا کەمن بەتەنیا لەسەر

دوكانی كاكمبوم، هاتو هەنێ قسەمانكرد. ئەوەبو من گیرامو هەوت مانگو بیست رۆژ لەشوئەیبە مامەوە. كە گەڕامەوە سلێمانی، رۆژێ هەر لەسەر دوكانی كاكم بەتەنیابوم، ژنێ بەئەباو پەچەوە هاتو زەرفێكی دایە دەستم كەوێنەیەكی خۆیو هەنێ شیرینیو شوشەیەك ئەترو دەسەسرێكی جوانی تێابو، كە پەچەكەی لابردو روی نازەنینم دییەوە، شاگەشكەبوم، بەڵام كاتێ دەستی چەپی دەرخست، ئەڵقەیەكم لەپەنجەیا بینی، نەك هەر هاتمەوە سەر سفر! بەڵكو خورپەیەكی نیمچە كوشندە لێیدام! ئەویش گریاو وتی چیبكەم، تۆ دیارنەمایتو بەزۆریش دایانم بەكەسێك بەهیچ جۆرێ ناچێتە دڵمەوە.!

*دوای ئەوە؟

-دوای ئەوە، وەك پێشتر بۆمگێڕانەوە، ساڵی **1957** نەفی كرام بۆئەبوغرێب، لەبەغا یەكەم دیوانی هەڵبەستەكانم چاپكردو ناومنا: نازەنین.!

## رۆژنامەی (تایم) ژمارە 36 كانونی دوەمی 2003

**<u>لایەنی شاراوەی ژیانی سیاسی</u>**

لەم ئەڵقەیەدا هەنێ لایەنی شاراوەی ژیانی سیاسی خۆی ئەگێڕێتەوە

*زۆرمان مانوكردی. ئەشێ پێویستمان بە وچانێك هەبێ. لەم وچانەدا من هیچ پرسیارێك ناكەم. ئەگەر بكرێ، بەدەم خواردنەوەی قاوەیەكەوە، هەنێ سەرگروشتەی خۆشی ناو دەفتەری بیرەوەریەكانت بخەینە سەرلاپەڕەیەكی تایم؟

- ئەمە گوایە وچانە!؟

* ئەشێ وچانی رۆژنامەنوسو نوسەر، هەروابێ!!

-باوابێ. فەرمو ئەمە ژمارەیەك لەو سەرگروشتانە:

**1- ئێستا لەم کاتەدا، نایەتەبیرم کەپیرەمێردی نەمر، لەچ ساڵێکەوە دەستیکرد بەبوژاندنەوەی نەورۆز. بەڵام لەبیرمە ئەو دوساڵەی لەهوجرە ئەمخوێن، 1939 و1940، مەلای هوجرەکان لەمانگی نەورۆزا ، نەورۆزنامەیان ئەنوسییەوە بۆقوتابیەکانیان. دەستورەکەش وابو، هەر قوتابیەك قاپێکی فەخفوری ئەبرد بۆمەلا. ماڵی واش هەبو هەنێ دیارییان لەو قاپەدا ئەنارد بۆمەلای هوجرەی مناڵەکەیان. مەلاش بەقەڵەمو ئوچو مەرەکەب، نەورۆزنامەیەکی لەسەر قاپەکە ئەنوسیەوەو بەمناڵەکەدا ئەیناردەوە بۆماڵەکە، ئیتر ئەو قاپە بۆماوەیەك هەڵئەگیرا بۆموبارەکی. یا بەئاوێك ئەشۆراو ئاوەکە بۆهەنێ مەبەستی پیرۆز بەکارئەهێنرا. ئیتر ئەوەبو پیرەمێرد دەستیکرد بەبوژاننەوەی نەورۆز بەجۆرێکیتر. هەمو ساڵێ لەگردی مامەیارە لەسلێمانی، سەیرانێکی گەورەی سازئەکرد بۆخەڵکی شار، یاپراخی بۆئەکردن، ئەبو بەشاییو هەڵپەڕکێ. دوای ئەمانە ئەهاتە سەر مەبەستە سەرەکییەکەی کە هوشیارکردنەوەی نەتەوەییبو. ئەویش بەبەستنی کۆڕی وتارو هەڵبەست خوێننەوە.**

**یەکێك لەو کۆڕانە، ئەو کۆڕەبو کە فایەق بێکەس هۆنراوەی (بیست و حەوت ساڵە)کەی تیاخوێنەوە لەکارێزی وەستا شەریف بەبۆنەی نەورۆزەوە. بیرمە، ئەو ساڵانە زۆر ئارەزوی سەیرکردن و بیستنی ئەو کۆڕانەم ئەکرد. ئەو ساڵە چادرێ هەڵدرابو، لەبەردەم چادرەکەدا ژمارەیەك کورسی لەشێوەی نیوە ئەڵقەیەکا دانرابو. ئەدمۆنز لەسەر کورسییەك لەناوەڕاستی کورسییەکانیترا دانیشتبو، جگە لەدانیشتوانی سەر کورسییەکان کەلەبیست، سی کورسییەك تێپەڕی نەئەکرد، خەڵکەکانیتر هەمو بەپێوەبون بەدەورو لەبەردەم کورسییەکانا. من کەوتمە پشت کورسییەکەی ئەدمۆنزەوە. ئاوڕێکی لێدامەوەو بەکوردی لێی پرسیم: کوڕی کێی؟ وتم فلان. وتی: نایناسم. وتم: برازای ا . ب. هەوریم، وتی: بەڵێ ئەیناسم. لەو کاتەدا بێکەس هەڵبەستەکەی خوێنەوەو دەستوپەنجەی (وەك هەڕەشە) رائەوەشان. لەبیرمە جۆرە پشێویو غەڵبەغەڵبێك کەوتە ناو ئامادەبوانەوە. من هەڵبەستەکەو دیمەنەکەی بێکەسم ئەوەنە پێخۆشبو، هەر لەوێدا هەنێك لەهەڵبەستەکەم هاتەبەر.**

بەوجۆرە جەژنەکانی نەورۆز درێژەی کێشا تا هیزبایەتی تێکەڵ بەو ئاهەنگانەی نەورۆزبو. یەکێ لەهیزبەکان کەوتە تاوانبارکردنی پیرەمێرد بەوەی (جاسوسی ئینگلیزە!!) میریش ئاهەنگەکانی نەورۆزی قەدەغەکرد. پیرەمێرد بەوە زۆر نیگەرانبو. داماوە هەرئەوەی بۆمابووەوە ئەیوت: " هیزبی هیزباب، ئاگرینەورۆزیشیان لێکردین بەسیاسەت."!

2-پێشتر باسی ئەوەمکرد کەسەردەمێك دەمەقالێی پارتیو شیوئی لەسەرئەوەبو کە ئایا کورد نەتەوە (امە)یە یا  نیە، رۆژێ لەنزیك سەرقەبرانی سلێمانی، ئەهمەدی ئەولێ، ناسراو بەئەهە قاژو، لەکاتێکا کەبەداسێك گیای بۆئەسپەکەی ئەڕنی، گوێی لەو مشتومڕەبو لەنێوان دو کەسا، ئەویش ئەچێ داسەکەی لەملی کابرای شیوئی گیرئەکاو ئەڵێ: ئێستا قسە بکە، کورد ئوممەیە یا ئوممەنیە!؟ کابرای داماو لەتاو گیانی خۆی ئەڵێ: بەقەبری باوکم ئەوەتی کورد هەیە، هەر ئوممەبوە!

3- هەر لەو بارەیەوە، هەڤاڵێکی پارتی، بەڕێکخەرەکەی ئەڵێ: کاکە ئێمەش هەر بەگەزی مارکسیەکان جاوی ئەم کیشەیە ئەپێوین! من بەم گەزە دەرەقەتی ئەوان نایەم. فەرمو ئەوە ستالین کۆمەڵێ مەرجی داناوە بۆنەتەوەبون، یەکێکیان ئەوەیە کەئەبێ نەتەوە ئابورییەکی هاوبەشی هەبێ. دەی نەتەوەی کورد کوا ئابوریی هاوبەشی هەیە؟ ڕێکخەرەکەش، کەسێکی قۆشمەئەبێ (جەمال ئاغا) ئەڵێ ئەمجارە بچۆ بڵێ: من بەڵگەی زانستیم هەیە، ئەمەش بەڵگەکەیە:

یمامه فی اعلی الشجره

آمنه فی عشها مستتره

واتا: کۆترێك لەسەر درەختەکە

دڵنیاو پارێزراوە لەهێلانەکەیا

هەڤاڵەکە، ئەرەبی نازانێ، ئەچێو بەتوڕەییەوە ئەگەڕێتەوە بۆلای ڕێکخەرەکەیو ئەڵێ: تۆ بەمن ڕائەبوێری!؟ من چوم ئەوەموت، ئەوانیش تێر پێکەنین، ئنجا مانای ئەو قسانەیان پێوتم !

**4**- لەپەنجاکانا کەئێمەومانان تازە دەممان لەوێژەوە ئەدا، ئەسران ئەچوینە تەکێ، کە باخی فەرەجیشی پێئەوترا، نزیك گردی سەیوان لەسلێمانی. بەدەم پاقلەو چاخواردنەوە، دەستمانئەکرد بەباسی وێژەییو شەڕەهەڵبەست. گەلێجار لەدەوری ئەورەهمانی خامەش کۆئەبوینەوەو گوێمان لەقسە خۆشەکانی ئەگرت. من پێموایە ئەگەر بمانەوێ چالاکییەکی وەك ئەوەی (مربد)ی ئێراك ئەنجام بدەین، ئەوا ئەو جێگەیەی باخی تەکێ گونجاوە بۆئەو مەبەستە (ئیستە کراوە بەقوتابخانە) لێرەدا، لای من سەرگروشتەکە ئەوەیە: کەهۆنراوەیەکی تازەی خۆمم بۆئەخوێننەوە، ئەیانوت: خراپنیە! بەڵام ئەگەر بموتایە ئەمە هەڵبەستێکی تازەی گۆرانە، یا هی هەردییە، ئەیانوت: بەڕاستی جوانە!

**5**- هەر لەپەنجاکانا، لەسلێمانی، ماوەیەك شیوئیو پارتی، کاری سیاسی هاوبەشیان ئەنجامئەدا وەك بەرەیەك. ڕۆژێ لەماڵی نەژادی ئەهمەدی ئەزیز ئاغا لەگەڕەکی سابونکەران، کۆبونەوەیەکی بەرەییمان ئەنجامدا. من نوێنەری کرێکاران، نەژاد نوێنەری گەنجان، هیلمی ئەلی شەریف نوێنەری پارتی، وەستا ئەول نوێنەری شیوئی. ماڵی نەژاد، مۆبێلەیان هەبو، ئەوسا کەم ماڵ مۆبێلەی هەبو، وەستا ئەول لەسەر مۆبێلەکان دانەنیشت. چوار مشقی لەسەر زەوییەکە دانیشت. وتمان فەرمو لەوێ دانیشە. وتی: نا، من نەفسیەتی پیتی بۆرجوام نیە، لەسەر مۆبێلە دانانیشم!

**6**-دیارە ئەم سەرگروشتانەی ئێستا ئەیانگێڕمەوە، زیاتر بۆخۆشیو پێکەنینن. هەر لەپەنجاکانا، کە من زوزو ئەگیرام لەدوای هەمو خۆپیشاندانێ. جارێك لەگرتوخانەی سلێمانی کە لەپشت سەرای سلێمانیەوەبو. ژمارەیە گێراوی سیاسی بوین، بۆ ژەمی نیوەڕوانو ئێواران، لەکەسوکارەوە خواردنی باشمان بۆئەهات. بەڵام ژەمی بەیانیانمان، هەنێجار نیسکێنەکەی گرتوخانەکەبو، ئەو خواردنانەی ڕۆژی

پێشو بۆمانئەهات، هەنێکی ئەمایەوە بۆ ژەمی بەیانیانی رۆژی دوەم. برادەرێکمان (ف.ك) ئەو بەیانیانەی بیزانیایە هەر نیسکێنەیە، زو لەخەو هەڵئەساو خواردنەکانی رۆژی پێشوی سفرئەکرد! کەئەکەوتینە سەرزەنشتکردنی، ئەیوت: من هەزم لەنیسکێنەنیە، ئەگەر لەبرسانا بمرم نایخۆم! بەیانییەك خواردنەکانی رۆژی پێشوم لێشاردەوە. کەنیسکێنەکە هات، تویژاڵێکی تەنك ئاوی سەروپێی رۆژی پێشوم بۆکرد بەسەر قاپێ نیسکێنەداو وتم براینە ئەم سەروپێیە بۆکاك (ف). ئەویش هەموی هەڵقوڕان. کردمان بەپێکەنینو خۆمان سەروپێکەمان خواردو ئەو نیسکێنە! ئیتر دزەخواردنی بەیانیانمان لێقەدەغەکرد!

7-ساڵی 1954 کەگیراینو ناردیانین بۆشوئەیبە، سەرباری ئەوەی ئێمە قوتابی بوینو نەئەبو سەربازیمان پێبکرێ، ئەشیانداین بەدادگای سەربازی بەتۆمەتی ئەوەی دواکەوتو (متخلف)ین! دادگای سەربازیش لەشاری دیوانیەبو. هەر جارەی دەدوازدەیەکمان ئەکراینە فارگۆنی سەربازیی شەمەنەفەری نێوان بەسرەو دیوانیەوەو لەگەڵ پاسەوانا بەڕێئەکراین. ئێمەش ئەوەمان بەهەلئەزانی بۆئەوەی ئەو سەربازە ئاساییانەیتر کەلەفارگۆنەکەدا ئەبون، رۆشنبیر بکەینو بیانخەینە سەر بیری سیاسی دژی رژێم. گروپەکەی ئێمەش هەروایکرد تا باس هاتە سەر بەراوردکردنی یەکێتی سۆڤێتو ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بێئەوەی هیچمان ئەو دو وڵاتەمان دیبێ، هەرچی زیادەپیاهەڵدان هەیە بەسەر یەکێتی سۆڤێتو تانەوتەشەر هەیە لەئەمریکا، هەنێجار ئەوان بەسەرسامیەوە سەیری یەکیان ئەکرد وەك ئەوەی باوەڕبکەنو نەکەن. بەوجۆرەو بەدەم ئەو قسانەوە، شەمەنەفەر رێگەی بڕی تاگەیشتینە کەناری شاری دیوانیە. شەمەنەفەرەکە دای بەلای خانویەکی دووقاتا. خالید سەئید وتی: یەکێتی سۆڤێت ئەوەنە مەزنە، فڕۆکەی هەیە ئەتوانێ لەپەنجەرەی ئەو خانوەوە خۆی بکا بەژوراو چەن دەورەیەك بەناو ژورەکەدا بکاو لەپەنجەرەکەی ئەودیوەوە دەرچێ!! سەربازەکان وتیان کەواتە ئێوە ئەمە چەن سەئاتە بەئێمە رائەبوێرن! هەستانو دورکەوتنەوەلێمان.

**8- هەر لەشوئەیبە رئیس عرفا بدع هزع (پیاوێکی بێئەقڵبو) ڕۆژێ ریزیکردینو کەوتە قسەکردن، وتی هەرچیموت ئێوە پێ بدەن بەزەویداو بلێن نعم سیدی، هەرچی ئەوت جوڵەمان بۆنەئەکرد، چەنجار دوبارەیکردەوەو ئیمەش هەر بەقسەماننەکرد، دواجار تورەبو وتی قابل ئانی گەواد؟ هەمو پیمانا بەزەویداو وتمان نعم سیدی، وتی: عافیە هیچی ارید.**

**9- لەسلێمانی، هاوڕێ (غ) کە پلەیەکی باڵای هەبو لەهیزبی شیوئیا، لەپەنجاکانا بەنهێنی نێردرابو بۆیەکێتی سۆڤیەت، بیست ڕۆژێکی لێبوبو، کەگەڕایەوە، کەوتە کۆڕبەستنی نهێنی لەماڵانا. هەر جارەی پڕ بەژورێك خەڵکی بۆکۆئەکرایەوە. ئەویش دەستیئەکرد بەگێڕانەوەی گەشتەکەی خۆی. قسەکانی وائەکرد، ئەتوت لەبەهەشت گەڕاوەتەوە. هەنێجار قسەکانی لەقسەکانی ناو شەمەنەفەرەکەی ئێمەئەچو! سەیرئەوەبو، بەجۆرێ وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی ئەدایەوە وەك دە ساڵ زیاتر لەیەکێتی سۆڤێت ژیابێو شارەزای هەمو رەوشو قوژبنو یاساو ژیانی ئەوخەڵکەی ئەوێبێ. قسەکانی، لەقسەی ئەو وشکە موسوڵمانانە ئەچو کەهەمو وەڵامێ لەبارەی ئەو دنیاوە ئەدەنەوە وەك لەویوە گەرابنەوە! کەچی دوای چواردەی تەمموز، هەنێ بانگهێشتکران بۆیەکێتی سۆڤێت، لەوانە دوکتۆر ئەبدولرەزاق مهێدین، کە گەڕایەوە، لەڕۆژنامەی (الحریە)ی بەغادا وتارێکی بەناونیشانی: ئەو نەتەوەیەی لەیەك ژورا ئەخواو ئەنوێو خۆیئەشوا! (الامە التی تاکل وتنام وتستحم فی غرفە واحدە.!!**

## **<u>گیرانم لەبەغا</u>**

**ئنجا قسە قسەئەهێنێ، من لەسەرەتای شەستەکانا، لەگەڵ ئەو دوکتۆر ئەبدولرەزاقە بوم بەبرادەر، ئەویش بەهۆی مەسئود مهەمەدەوە کەهەردوکمان لەبەغا فەمرانبەربوین لەکۆمپانیای مەوادی بینائی، دوکتۆر، مامۆستای زانکۆبو، ماوەیەکیش بوبەسەرۆکی کۆڕی زانیاری (المجمع العلمی) لەبەغا. ساڵی 1963 هەرچی بکەوتایەتە بەر شاڵاوی بەئس، ئەگەر نەکوژرایە، بەهیلاك ئەبرا! بەیانیەك**

زو پێش دەوام، رەفئەت ئەهمەد کەئەویش لەکۆمپانیاکەی ئێمە فەرمانبەرێکبو، پیشتر لەسەردەمی پاشایەتیا بەڕێوەبەری ئەمنی بەغداد جدیدەبو، دیم لەسەر رێگای من وەستابو، وتی کامیل من وایبۆئەچم ئەمڕۆ دێن ئەتگرن!.. وتم چۆن ئەزانی؟ وتی دوێنێ هەواڵی تۆیان لەمن پرسی، پرسیارەکانیان هیئەوەبو بتگرن. منیش بەپەلە خۆمکرد بەناو کۆمپانیاکەداو داوای مۆڵەتی هەفتەیەکم نووسیو لەسەر مێزی سکرتێر دامناو چومە دەرەوە. کە گەیشتمە سەر شەقامەکە، هێزێکی چەکدار دای بەسەر کۆمپانیادا. منیان نەناسی. سواری تەکسیەك بومو ئەو رۆژە خۆمم شاردەوە. رۆژی دوایی بەهۆی هەنێ برادەرمەوە، کەوتمە سۆراخی روداوەکە، وتیان بەڵێ ئەوانە بۆگرتنی تۆ هاتبون، بەڵام سکرتێر پێی وتبون ئەوەتا لەڕۆژێك لەوەوپێشەوە داوای مۆڵەتی کردوە.

دوای دو رۆژ، دوکتۆر ئەبدولرەزاقم بیرکەوتەوە، رۆژی سێهەم، بەیانیەکەی پێش دەوام چوم بۆماڵیانو بۆم گێڕایەوە. ئەویش وتی من رەشید ئەناسم، جارێ دانیشە بادەوام دەسپێبکا، مەبەستی رەشید موسڵیهبو، هاکمی ئەسکەری، کە قسەی لەگەڵکرد، لەوەڵاما وتبوی ئێستا هیچ لەبارەی کێشەکەی ئەوەوە نازانم، بینێرە بۆلام. دوکتۆر گفتی ئەوەی لیوەرگرت کەئەگەر نەشتوانێ رزگارمکا، نەمگرێ، کەچوم هەنێ خەڵکی سلێمانی لەوێبون. یەکێکیان خزمی خۆمبو (ئافتاو خانی میرزا غەفور) وتی: تۆش ئەتەوێ بچی بۆسلێمانی؟ تومەزلەو رۆژانەدا هەرچی بچوایە بۆکوردستان، ئەبوایە رەزامەندییەکی لەدائیرەی هاکمی ئەسکەرییەوە وەرگرتایە !

کەچومە ژورەوە بۆلای هاکمی ئەسکەریو باسی کیشەکەی خۆمم بۆکرد، ناردی ئەفسەرێ هاتو وتی بزانە ئەگەر فەرمانی گرتنی لای ئێمەوە دەرچوە، فایلەکەیم بۆ بێنە، زۆری پێنەچو، فایلەکەی هێنا، هاکم بەدەم خوێندنەوەیەوە سەری رائەوەشان! ئنجا وتی: ئەو رۆژەی لەموئەسکەر رەشید هەوڵی ئینقلابێك درابو، تۆ لەناو کۆمپانیاکەی خۆتانا هاوارتکردوە: وا بەعس روخا!! جگەلەوە کەمەلا مستەفای بارزانی گەڕاوەتەوە، تۆ قەمەرەیەکت بەدیاری بۆبردوە! کە ئەوەیوت، خۆم بۆنەگیراو

دامه پڕمەی پێکەنین!، وتم: من فەرمانبەرێکی بچوکم، باوەڕبکە ئەگەر بمبوایە، پاسکیلێکم بۆخۆم ئەکڕی بۆئەوەی هاتوچۆی کۆمپانیای پێبکەمو لەچاوەڕوانکردنی پاس رزگارمبێ. ئنجا وتم: تکایە پرسیارێکت لیئەکەم؟ وتی: گول. واتا بلێ، وتم ئەوەی ئەو راپۆرتەی لەسەر من نووسیوە، هادی ئەزاوی نیە؟ وتی: شمدريك!؟ واتا چوزانیت!؟ وتم من جگەلەوەی لەکۆمپانیاکەمانا بەڕێوەبەری ئیدارەو زاتیەم، سەرۆکی لیژنەی موشتەریاتیشم. ئەم هادی عەزاوییە کە لێپرسراوی حەرەس قەومیەکانی کۆمپانیایە، دەمێکە هەوڵئەدات بۆئەوەی ئەو ببێ بەسەرۆکی لیژنەی کڕین. وتی: خاطر يبوگ، واتا بۆ ئەوەی بدزێ، وتم: باوەڕبکە من چەنجار داوام لەمودیری مفەوەز کردوە کەئەو ئیشەم لەکۆڵبکاتەوە، بەڵام ئەو (کە لەو کاتەدا رەشید ئارفبو) رازی نابێو ئەڵێ من باوەڕم بەتۆیە، چونکە دز نیت. (ئوتومبیلەکەش لەڕاستیا رەشید ئارف کڕیبوی بۆ بارزانی).

دیاربو، رەشید موسڵح، باوەڕی بەقسەکانم هێنا، تۆزێکیش لەبەرخۆیەوە وردە جوێنی بەبەئسداو وتی ئاوا ئەیانەوێ ملی خەڵك بشکێنن! وتی: بچۆرەوە سەر ئیشەکەی خۆت، بعد ماكو گواد يلزمك! واتا ئیتر گەوادێك نیە بتگرێ.
وەرەقەیەکیشی بۆنوسیم کەئامادەبومو بەردراوم. کەچی دوای نزیکەی مانگێك گیرامو بردیانم بۆئەمنی عامە. شەوێکی تیابوم، گیراوەکانیتر، هەمو کەلەپاچە کرابون ئەوەنەیان ئەشکەنجەدابون. بۆڕۆژی دوایی کەبانگیان کردم، گیراوەکان وتیان سەعاتەکەت لای ئێمە بەجێبێڵە با لەکاتی ئەشکەنجەدانا نەشکێ.!

دەستیانکرد بەلێکۆڵینەوە لەگەڵما. وتیان ئەزانین تۆ بەفەرمانی حاکمی عەسکەری بەردراوی. بەڵام پێمانبڵێ ئەو رۆژەی هاتین بۆگرتنت، تۆ چۆن زانیبوت، وا داوای مۆڵەتت کردبو. وتم من نەمزانیبو، رۆژێ پێشتر داوای مۆڵەتمکردبو بۆئەوەی خۆم ئامادەکەم بۆئیمتیحانێکی کولیە (ئەو کاتە لە کۆلیجی ماف، ئێواران ئەمخوێن) چیرۆکەکەی هادی عەزاویشم بۆگێڕانەوە. ئەوانیش بەریاندام.

## **پەیوەندیکردنم بەشۆڕشی ئەیلولەوە**

ساڵی**1974** لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕی ئیراکو کوردا، کەوتمە خۆئامادەکردن بۆپەیوەندیکردن بەشۆڕشەوە.

ئەو رۆژەی بەرەو شاخ بەڕێکەوتم بۆناو شۆڕش **1974/4/11**، لەچاخانەکەی ئەزمڕ دوکتۆر کەمال مەزهەرم بینی، پێکەوە بەڕێکەوتین.من لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای رۆنی روەکبوم لەسلێمانی، لەماوەتو قەڵادزێو سەنگەسەر، وەکیلمان هەبو، لەو سێ شارۆچکەیە، بێ خانەخۆێ نەبوین، لەماوەت ئەزیز مهێدین، لەقەڵادزێ هاجی بابەکرو لەسەنگەسەر هاجی کاکەڕەش، زۆر خزمەتیان کردین. بۆڕێگە، کەرێکو یەسترێکمان بەکرێگرت. دوکتۆر کەمال وتی من ناوێرم سواری یەستربم، بەڵام لەڕێگە هەمو جارێ دوبارەی ئەکردەوە ئەیوت: خواپێداو بەسواری یەسترەوەیەو منیش کەرسوار! ئەمە لەوەئەچێ تۆ سواری مارسیدسو من سواری مۆسکۆفیچبم !!

کاروانچییەکە تا چۆمانی گەیاندین. لەوێ ئەو بەرەوڕوی ئەمانەتی رۆشنبیریو من بەرەو روی ئەمانەتی دادو ئەوقاف کراینەوە. سەیدا ساڵح یوسفی زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێکردم چونکە پێشتر بەهۆی گۆڤاری هیواوە یەکترمان ئەناسی.

لەو ماوەیەدا کە من کەوتمە ئەمانەتی دادو ئەوقافو کرام بەدادوەرو پشکنەری داد، جارجار ئەشبومە دادوەر لە دادگای سەربازی. زوزوش ئەچوم بۆپشکنینی دادگاکانی شۆڕش لەناوچەکانی سلێمانیو هەولێرو بادینان، گەلێ سەرگروشتەی خۆشم لاکۆبوەوە، لەوانە:

-لەچونێکما بۆپشکنینی دادگاکانی ناوچەی ئاکرێ، لەسەری هەسەن بەگ دو فرۆکەی سیخۆیمان لێپەیابو. منو ئوسمان ئیبراهیمی یاوەرم خۆمان هەڵدایە جۆگەیەکەوە. فرۆکەکان چەنجارێ دەزرێژیان لێکردین، بەڵام جۆگەکە پاراستنی. ئوسمان ویستی بەکلاشینکۆفەکەی تەقەیان لێبکا، نەم هێشتو پێموت: فرۆکە بەکلاشینکۆف ناخرێتە خوارێ. ئەگەر تەقەشیان لێبکەین جێگەکەمان ئاشکرائەبێ.

-بابەکراوا جێگەی کارو نوستنی ئێمەبو.چەن خانویەکی قوڕو هەوزو کانییەکو هەندێ درەختی لێبو. ئێواران ئێمەو دادوەرانی پیاچونەوەو ژمارەیەك میوان لەگوێ کانییەکە کۆئەبوینەوەو بەباسی یاساییو وێژەیی ئەمانگوزەران. شەوێك لەدرەنگ کاتێکا لەدەنگە دەنگی دادوەرەکانی دادگای پیاچونەوە(تەمیز) خەبەرمانبوەوە کەخۆیان ئەهاویشتە کونەتەیارەکانەوەو ئەیانوت هات! دوایی دەرکەوت یەکێکیان بەدەم خەوەوە، وڕێنەی کردوەو وتویێتی: هات هات !واتا فڕۆکە هات!.

-لەشەوێکی بەهارا، بایز ئاغای ئەندامی دادگای پیاچونەوە هاواری مەغدیدی ئەکرد، هاوار هاوارەکەی لەوەئەچو شتێکی لێقەومابێ. هەمو بەهەڵەداوان، لەگەڵ مەغدیدا، خۆمان گەیانە ژورەکەی بایز ئاغا. مەغدید وتی فەرمو قوربان. بایز ئاغا وتی: ئابزانە هەورە یا سایەقەیە!

-لەچونێکما بۆپشکنینی دادگاکانی ناوچەی سلێمانی، دوای گەڕانەوەم لەدادگای سەرگەڵو، سەرێکی ماڵی شێخ بورهانی ئاوەڵزاوامدا لە ئەهمەد ئاوا. دوای تاریکبون، گوێمان لە دەنگەدەنگی دو ژنو دو منداڵبو لەدورەوە، وتم ئەو دەنگانە نامۆنین. کەنزیکبونەوە، روانیمان چیاو چرای منداڵمو دایکیانو خەسومبون. رێکەوتێکی چاوەڕواننەکراوو خۆشبو! تومەز رژێمی بەغا بەپێی نەخشەیەك، خێزانی بەشداربوانی شۆڕشی ئەترسانو پاڵیان پێوەئەنان بۆ ناو شۆڕش بۆئەوەی ببن بەبار بەسەر شۆڕشەوە. هەر واشبو! ئەوە یەکێکبو لەهۆکاری ئاشبەتاڵ.

-ئێمەو ماڵی ئەهمەد هەردی، لەشاری شنۆ خانویەکمان پێکەوە بەکرێگرت، خۆمان لەمدیوبوینو خێزان لەوێو جارجار سەرمان ئەدان. روانیمان خێزان زۆر بێزارن لەدەس جۆرە کرمێکی ورد لەژورەکانا کەژیانی پێتاڵکردبون!.. بڕیارماندا بگوێزینەوە. من وتم بابچین بۆشاری نەغەدە. وتیان بیستومانە لەوێ بەهیچ جۆرێ خانو دەسناکەوێ چونکە بنەماڵەی بارزانی هەمو رژاونەتە ئەوێ.. وتم من سەرێك ئەدەم بەشکم دەستمکەوێ. کەچوم، زۆرگەڕام هیچم دەسنەکەوت. وتیان بچۆ بۆلای هاجی سەید مستەفا، ئەو ملکی زۆرە. چومە سەردوکانەکەیو داوای خانوم لێکردو

باسی خانوەکەی شنۆم بۆکرد. ئەویش دەستیکرد بەگریان! تائەبو گریانەکەی زیاترئەبو، من لەدڵی خۆما ئەموت: ئەوە بۆئاوارەییو دەربەدەریی کورد ئەگری! هەرچۆنێبو، تۆزێ هاتەوە سەرخۆیو لەچاوی مێزەکەیا هەنێ کلیلی دامێو وتی فەرمو ئەوە خانو. وتم کرێکەی چەنە؟ جارێکیتر دایەوە پڕمەی گریانو وتی: کرێ بەکەیفی خۆتە کاکە سەید. زۆر سوپاسمکردو دیسان لەدڵی خۆما وتم: میللەتێ ئەوەنە هەستو هۆشیاریی نەتەوەیی هەبێ، چۆن سەرناکەوێو رزگاری نابێ. ئەو هەڵوێستەی هاجی ئەوەندەیتر دڵی بەشۆڕشەکەمان پێخۆشکردم. لەکاتی رۆیشتنما، جارێکیتر هاجی دەستیکردەوە بەگریان. منیش کەوتمە دڵخۆشیدانەوەیو پێموت: هاجی گوێیمەدەرێ، خۆ رێگەی خەبات بەگوڵو رێهانە نەچێنراوە، ئەوی بیەوێ میللەتەکەی رزگارکا، ئەبێ تاڵیو سوێریش بچێژێ. تکات لێئەکەم ئیتر مەگری. وتی چۆن نەگریم!؟ دنیا وایلێبێ سەیدێکی وەك جەنابت، ئەولادی پێغەمبەر، رۆهم بەقوربانیبێ، ئاوا دابمێنێ بۆخانویەك! ئاخر چۆن نەگریم!!؟

وتم هەو! من بۆچی وێڵو ئەو بۆچی ئەگری!؟ دواییش بۆمدەرکەوت ئەو بۆیە پێیئەوتم سەید، چونکە من پشتوێنێکی زەیتونیم لەسەر رانکوچۆغەکەم بەستبو!.

**<u>چالاکیی یاسایی</u>**

ئەڵقەیەکیتر لەزنجیرەی بیروەرییەکانم:

رۆژنامەی رێزداری (تایم)، بۆ ئەڵقەیەکیکە لەزنجیرەی بیرەوەرییەکانم، ژمارەیەك پرسیاریتری ئاڕاستەکردم. لەوەئەچو گۆڕانێ لەستافی رۆژنامەکەدا کرابێ، زۆرینەبرد رۆژنامەکەش لەکاروەستا. لەبەرئەوە ئەو ئەڵقەیە بڵاونەکرایەوە، منیش ناوەڕۆکی ئەو ئەڵقەیەم دەسنەکەوتەوە تا وەکخۆی لێرەدا بڵاویبکەمەوە .برسیارەکەی لەبارەی رۆڵی منبو لەبواری یاسادا ؟ وا لێرەدا وەڵامێ ئەدەمەوە :

-ساڵی **1970** تا **1974** سەرۆکایەتی کۆمەڵەی یاساناسانم کرد لەسلێمانی، ئەو کۆمەڵەیە، ئەگەرچی ناوەنەکەی لەبەغابو، بەڵام ئێمە لەسلێمانی، دوای رێکەوتننامەی ئازار، دروستمانکرد، ناوەندیش دانییپیانایین، وەك دێتەوە یادم، دەستەی

دامەزرێنەر بریتیبو لەمنو مەهمود بابان، ئەکرەم ئیزەت نەجیب، فوئاد تۆفیق، کەمال رەشید، فەوزیە فەقێ رەشید، گەلاوێژ سەعید، گەلاوێژ رەشید، مهەمەد نوری فەتاح، ئازاد تاڵەبانیو نوری نانەکەلی.. لەگەڵ داوای لێبوردن لەو بەڕێزانەی لەیادم نەماون.. ئامانجی سەرەکیمان، جگەلە بەرگری لەمافی یاساناسان، بڵاوکردنەوەی هوشیاریی یاساییبو لەکوردستانا. بۆئەومەبەستە، زنجیرەیەك دیمانەی تەلەفزیۆنیمان لەتەلەفزیۆنی کەرکوکەوە ئەنجامدا. مامۆستا سەئید زەنگەنە هاندەرو یارمەتیدەرمانبو. بەو زنجیرە دیمانەیە رۆشنبیرییەکی یاسایی باشمان بڵاوکردەوە. هیچ پاداشتێکی مادیمان وەرنەئەگرت. بەپوڵی خۆمان لەسلێمانییەوە ئەچوینە کەرکوکو ئەگەڕاینەوە. دوای بەرپابونەوەی شەڕی نێوان کوردو رژێم ساڵی **1974**، ئێمەی دامەزرێنەران وازمان هێناو کۆمەڵەکەش کەوتە دەس ژمارەیەك یاساناسی سەر بەرژێم.

-لەرۆژنامەی (الاتحاد)ی یەکێتیا، بەئەرەبی ژمارەیەك وتارم نوسی بەم ناونیشانانە: **1**- النظام القانونی والجهاز القضائی فی کوردستان **2**-الدستور **3**- لغه المحاکم فی کوردستان کەتارۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە **1999/7/9** زمانی دادگاکانی کوردستان هەر ئەرەبیبو!! دوای ئەوەو لەگەڵ هەوڵی ژمارەیەك دادوەرو هەنێ لەکارمەندانی پۆلیس لەبنکەکانیانا، کوردیمان کردە زمانی دادگاو دادبینیو لێکۆڵینەوە، هەر بۆئەومەبەستە، لەگۆڤاری (ناوخۆ)شدا وتارێکم نووسی. **4**- قانون ایجار العقار **5**- قانون الاحوال الشخصیە **6**- قانون المرافعات **7**- قانون التنفیذ، کەلەهەمو ئەو وتارانەدا داوای گۆڕانکاریم کردوە بەجۆرێ لەگەڵ بارودۆخی کوردستانا بگونجێ.

-هەر بۆئەومەبەستەش، بەشداریم لەو دەستە یاساییانەداکرد کەیاسای بەکرێدانی خانوبەرەو یاسای باجەکانو یاسای باری کەسێتیمان تیاگۆڕی، لەدەستەیەکیکەشا، گەڵاڵەی یاسای رۆژنامەنوسیمان لەکوردستان دارشت. هەر سەبارەت یاسا وتاریتریشم بڵاوکردۆتەوە. لەوانە، لەوەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەی

رایه الحریەی ژمارە 66 رۆژی 2004/8/16 بەناونیشانی ارى قانون اداره الدوله مجرد خدعه للشعب الكوردى لانه لامعنى للفدراليه من غير مجلس الاقاليم. لەگەڵ دیمانەکاندا، لەم پەرتوکە، بڵاویئەکەمەوە.



وینە: دانیشتوان لەراستەوە: دادوەر ئاسۆ سەردار رەشید، دادوەر ئەبدولکەریم حەیدەر، رۆژنامەوان فەرید ئەسەسەرد، پارێزەر کامیل ژیر، سیاسەتکار ئەبدول باسد. ریزی دواوە: رۆژنامەنوس مستەفا ساڵح کەریم، پارێزەر ئەبدول هادی مەهدی، پارێزەر ئەبدولواحد عەلاف ، خوێندکاری دوکتۆرا سامان فەوزی،

## سەبارەت کاژیک

### پرسیارەکانی رۆژنامەی تایم

**رۆژنامەی (تایم) ژمارە 37 رۆژی 2003/1/18**

**-هەرچی رێکەوتننامەو بەڵێن بۆمافی کورد لەژێر سایەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانا بکرێ، تەنیا مەرەکەبی سەرکاغەزەو هیچیتر ئەگەر پیلانێکیشنەبێ بۆ زیاتر کۆیلەکردنی کورد.**

**-لەدرێژەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیا لەم ئەڵقەیەدا کامیل ژیر بەدورودرێژی باسی چوارچێوەی بیری نەتەوەیی کاژیک ئەکا.**



کامیل ژیر



ئەحمەد هەردی



جەمال نەبەز



ئەبدوڵا جەوهەر



ئیحسان فوئاد



فەرەیدون ئەلی ئەمین



فایەق ئارف

**وینە: دامەزرێنەرانی کاژیک**

*ئێوە هەمیشە وەك (قوتابخانەیەكی بیری نەتەوەیی) ناوی كاژێك ئەبەن، هۆو بنچینەی ئەو قوتابخانەیە چیبو؟

-هۆو بنچینەی ئەو قوتابخانەیە، مەترسی توانەوەی نەتەوەی كوردبو لەناو ئەو نەتەوانەی كوردستانیان دابەشو داگیركردوە. لەناوەڕاستی چلەكانی چەرخی بیستەمەوە، بیرۆكەیەكی تازەی پڕلەمەترسی، كەوتە ناو دنیای بیرو سیاسەتی كوردییەوە. ئەویش بیرۆكەی پێكەوە ژیانبو لەگەڵ داگیركەرانا! ئەم بیرۆكەیە، لەسەرهەڵدانی لقێكی پارتی كۆمۆنیستی ئیراك لەكوردستان (1944) بەناوی یەكێتی تێكۆشینو هیزبی رزگاری كوردستان (1945)و پارتی دیموكراتی كورد كەدوایی بوبەكوردستان (1946) ، هاتە ئاراوە. بەپێی ئەم بیرۆكەیە، ستراتیجی كورد، لەسەربەخۆییەوە گۆڕا بۆئۆتۆنۆمی، ئۆتۆنۆمیش بۆهەر پارچەیەكی كوردستان، واتا رازیبون بەداگیركردنو بەدابەشكردنی كوردستان.

*ئەوە لەئەنجامی چیەوەبو؟

-ئەشێ كۆمەڵێ ئەنجام لەیەكیاندابێو بوبنە هەوێنی دروستبونی ئەو بیرۆكەو ستراتیج گۆڕینە، لەوانە:

1-پەیدابونی جۆرێ لەنائومێدی بۆسەربەخۆیی كوردستان لەناو دڵو دەرونی سیاسەتكارانی كوردا لەئەنجامی سەرنەكەوتنی شۆڕشەكانی كورد بەگشتیو شۆڕشەكانی شێخ مەهمود بەتایبەتی .

2-سەرهەڵدانی بیرۆكەی نێونەتەوەیی (اممی) ماركسیانە لەجیهانا بەگشتیو لەیەكێتی سۆڤیەت بەتایبەتی كەئەم بیرۆكەیە هاندەرێكی كاریگەربو بۆپێكەوەژیانی میللەتان لەناو یەكدەوڵەتا، بگرە بۆبەزاننی سنور لەهەمو جیهانا لەپێناوی بەرژەوەنی چینی كرێكارانا بەپێی دروشمی (ئەی كرێكارانی جیهان یەكگرن). هەر لەچوارچێوەی ئەم بەرئەنجامەدا، هاتنە ئارای كۆماری كوردستان لەمهاباد بەپشتگیری یەكێتی سۆڤیەت، گوڕوتینێكی زیاتریدا بەبیرۆكەی ماركسیو

پێکەوەژیان. بەتایبەتی زوربەی سەرکردایەتییەکانی ئەوهیزبە کوردییانەی ئەو ڕۆژگارە، بەبیرۆکەی مارکسێتی موتوربەکرابون.!

3-ئەم ستراتیج گۆڕینەو بیرۆکەی پێکەوەژیانە، لەبەرژەوەندی رۆژئاوا بەگشتیو بەریتانیا بەتایبەتیبو کەئەوان بۆبەرژەوەنی تایبەتی خۆیان، باشوری کوردستانیان بەزۆر لکان بەئیراکی ئەرەبیەوە بۆئەوەی لەو ئیراکە نوێیە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەو فرەئاینی دروستبکەن تاخەڵکەکانی ناو ئەو دەوڵەتە لەبەر دوبەرەکیو ناکۆکیی نێوان خۆیان، نەپەرژێنە سەر لێدانی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا بەپێی سیاسەتی کوتیکەو کۆتیکە (فرق تسد)، لەهەمانکاتا، ئینگلیز ویستی ئەرەبی ئیراك بکا بەپاسەوان بەسەر چاڵەنەوتەکانی کوردستانەوە.

4-بیرۆکەی پێکەوەژیان، لەبەرژەوەنیی نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستانیشبو کەهەریەکەو پارچەیەکی پڕلەخێروبێری کوردستانیان کەوتبوە ژێرچنگ.

ئاوا بەو جۆرە، کۆمەڵێ ئەنجام لەیەکیانداو بونە هەوێنی دروستبونی بیرۆکەی پێکەوەژیانو دەسبەرداربون لەبیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان.

<u>سەرهەڵدانی بیری کاژیك</u>

*هیچ لەبارودۆخی کوردستان گۆڕابو، تا قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کاژیکی بۆبێتەئاراوە؟

-بەڵێ، زۆر شت، لەوانە:

1-بەکردەوە دەرکەوت کەدروشمی پێکەوەژیان، بۆکورد، لەماڵوێرانی بەولاوە هیچیتری لێسەوز نابێ، ئاشکرابو هەرچی رێکەوتننامەو بەڵێنو پەیمانو یاسایەك بۆمافی کورد لەژێر سایەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانا بکرێ، دەرزیی سڕکەرو بێهۆشداڕوە بۆزیاتر.کۆیلەکردنمان.

ئێمە ئەیزانین، کە کاتیخۆی باشوری کوردستان بەکۆمەڵێ مەرجەوە خرایە سەر ئیراکی ئەرەبی وەك: (ئەبێ کورد خودموختارییەکی هەبێو داهاتی چاڵەنەوتەکانی کەرکوکیش بۆکوردستان خەرجکرێ). دوای سەرنخون (انقلاب)ی چواردەی تەموزیش، لەدەستوری کاتیا نوسرا: (ئەرەبو کورد هاوبەشن لەنیشتمانی ئیراکا). بەڵام ئەوانە هیچیان لێسەوزنەبو.

2-دوای سەرنخونەکەی چواردەی تەمموز، ئیتر ئەو پەرۆشیەی رۆژئاواو ئینگلیز بۆیەکێتی خاکی ئیراك نەما. نەك هەر پەرۆشی نەما، بەڵکو لەوەوە کەبەچەکو فڕۆکەکانی ئینگلیز، شۆڕشەکانی شێخ مەهمودو بەرزان سەرکوتئەکران، کەوتنە هاندانی کورد بۆشەڕ دژی ئیراك.

3-تاقیکردنەوەکەی کۆماری کوردستان لەمهاباد کەئەویش تەنیا ئۆتۆنۆمییەکبو، کرایە قوربانی بەڵێنی چاڵە نەوتێك بۆسۆڤیەت، ئەگەرچی ئەو چاڵە نەوتەشی دەستنەکەوتو ئێران دەستی سۆڤێتی بڕی!

4-هەر دوای چواردەی تەموز، هەل بۆژمارەیەك لەرۆشنبیرانی کوردو رۆشنبیرانی ئیراك رەخسا کە سەردانی یەکێتی سۆڤیەت بکەن، لەئەنجاما ئەوانە بۆیان دەرکەوت کەپێکەوەژیانی گەلانی سۆڤیەت، لەزۆرەملێو هوکمی ئاگروئاسنو کەڵەگایەتیو کولونیالستیی کۆمۆنیستیو روسی بەولاوە، چیترنیە.

5-دیسان دوای چواردەی تەموز، شەپۆلی رەگەزپەرستانی ئەرەب لەئیراکا، بەجۆرێ تەوژمی ئەدا، کەمەترسی بەزۆر توانەوەی کوردی لێئەکرا. ئەوەش وەك لەوتارەکانی رۆژنامەی (السەورە)ی بەغاو پرۆگرامی هیزبی بەئسا بەدیارئەکەوت.

6- لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانیشا، کەئەوکاتە تاکە هیزبێکی کوردستانیبو لەباشورا، مەترسی لەناوچونی ئەو نیمچە ئاڕاستە نەتەوەییانەیەش کەتیاهەبو، پەیدابو، بەتایبەتی دوای ئەوەی ژمارەیەك کۆمۆنیست خۆیان کوتایە ناو سەرکردایەتی پارتییەوەو دەستیانکرد بەهەوڵدان بۆنەهێشتنی رێکخراوە

کوردستانییەکانی وەك لاوان و قوتابیان بەتێکەڵکردنیان لەگەڵ ڕێکخراوە ئیراکیەکانا!

٧-لەسەردەمی پاشایەتیدا دەنگۆیەك هەبو گوایە بە روخانی ئەو رژێمە، کورد بەمافە نەتەوەییەکانی خۆی ئەگا، کەچی ئەو خەونە نەهاتەدی.

هەموئەوانە، بونە هاندەرو پاڵپێوەنەر بۆئەوەی کاژیك، وەك قوتابخانەیەکی بیری نەتەوەییو وەك ڕێکخستنێکیش بۆبەرجەستەکردنی ئەو بیرە بێتەئاراوە.

*ئاخۆ لەماوەی ئەم چەن ساڵەدا، مەبەستم لەدروستبونی قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کاژیکەوە، راستیی هیچکام لەبیرۆکەکانی ئەو قوتابخانەیە لەمەیدانی کاردا، دەرکەوتنێکو هاتنەدییەکی بوبێ؟

-بێگومان..بیرۆکەکانی ئەو قوتابخانەیە کە لەپەرتوکی کاژیکنامەداو لەتێکڕای ئەدەبیاتەکانیدا پەنجەیان بۆ راکێشراوە، راستیی هەموی دەرکەوت. لەبارەی بەڵێنو پەیمانو ڕێککەوتننامەکانەوە: کوا ئەنجامی ئەو مەرجانەی باشوری کوردستانیان پێخرایە سەر ئێراك؟ چی لەدەستورەکەی قاسم سەوزبو کەگوایە ئەرەبو کورد شەریکن لەئیراکا؟ ئایا ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازاری **1970**، ئەوە ئۆتۆنۆمیبو؟ یا پیلانبو بۆکوشتنی بارزانیو شۆڕشی ئەیلول؟ ئایا ئەنجامی پێکەوەژیانی کوردو نەتەوە سەردەستەکانیتر، قەدەغەکردنی زمانی کوردیو کوشتنی بەکۆمەڵو ئەنفالو کیمیابارانو کوردتواننەوە نەبوە؟

لەبارەی بەستنەوەی مەسەلەی کورد بەمەسەلەی نیشتمانی نەتەوە سەردەستەکانی کوردەوە، لەو ماوەیەدا، چەندین رژێمی ئەو نەتەوە سەردەستانە گۆڕانو هەر رژێمەش بەشێوازێکی خۆی مەسەلەی نیشتمانی نەتەوەکەی خۆی چارەسەرکرد بێئەوەی هیچ کامیان مەسەلەی کورد چارەسەر بکەن.

لەبارەی تاوانی پارچەپارچەکردنی کوردستانەوە، لەو ماوەیەدا، ئیمپریالیزم لەئیراکو سوریاو ئێرانو ئەوبەشەی کوردستان کەئەکەوێتە یەکێتی سۆڤێتی جارانەوە، نەما، ئەی بۆچی کوردستان هەر بەپارچەپارچەکراوی ماوەتەوە؟

لەبارەی دیدی کاژیك بۆئیمپریالیزمی کۆمۆنیستی.. هەڵوەشاننەوەی یەکێتی سۆڤێت ئەوەی سەلمان کەئەوانیش هەرجۆرێکبون لەئیمپریالیزم.

لەبارەی ئەو سەرنجەی کاژیکەوە کەداگیرکەرانی کوردستان هەمو بەیەکچاو سەیری چینەکانو تاکەکانی نەتەوەی کوردئەکەن.. هەمومان، لەو ماوەیەدا بەچاوی خۆمان بینیمان چۆن چەکی ژاراوی ئەکرێ بەسەر هەمو کوردێکاو چۆن کورد کۆمەڵکوژ ئەکرێ بێ گوێدانە تەڕو وشك.

لەبارەی نەمرێتیی نەتەوایەتییەوەو بۆئەوەش کەنەتەوایەتی قۆناغێنیە لەمێژوا، دیسان هەڵوەشانەوەی سۆڤێت، بەڵگەی زیندون بۆراستیی ئەو بۆچونەی کاژیك، چونکە بەپێی بۆچونی مارکسێتی، ئەبوایە لەقۆناغی سوسیالیستیا، هەستو دەماری نەتەوایەتی تەواو سڕبوایە. کەچی بەزۆری هەر ئەو هەستو دەمارەبو کەیەکێتی سۆڤێتی هەڵوەشانەوە، بۆوەڵامی ئەوانەش کەئەڵێن سەردەمی نەتەوایەتی بەسەرچوەو بۆئەو قسەیەشیان بازاڕی ئەوروپی هاوبەشو پارەی (یۆرۆ)و جیهانگیری (عولمە) بەبەڵگە ئەهێننەوە.. ئەڵێین: کام لەو دەوڵەتانەی ئەوروپا وازیان لەزمانو کەلتورو بستێ خاکو سەروەریو ئاسایشی نەتەوەیی خۆیانهێناوە؟ بەپێچەوانەوە، یەکگرتنی ئەو وڵاتانەی ئەوروپا لەو بازاڕە هاوبەشەو لەیۆرۆدا، ئەوە گوڕوتەوژمێکی تازەکارانەی نەتەوایەتی ئەو وڵاتانەیە بۆخۆڕاگرتن لەبەردەم مەترسیی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکادا بۆسەریان.

لەبارەی دروشمی (دیموکراتی بۆئەوان و ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵی بۆ ئێمە)ەوە. یا بەدەربڕینێکیتری ئەو پارتیانە کەئەڵێن دیموکراتی لەو وڵاتانەدا چارەسەری کێشەی کورد ئەکا کەهاوبیرانی کاژیك باوەڕیان بەو دروشمو قسانە نەبوە.. ئەڵێین: ئەوە هەرگیز وانیە، بەبەڵگەی ئەوەی لەسەردەمی پاشایەتی لەئیراکا جۆرێك دیموکراتیو

هوكمی یاسا هەبوە. لەتوركیاشا، بۆنەتەوەی تورك خۆی، دیموكراتی هەیە، كەچی كێشەی كورد، نە لێرەو نە لەوێ چارەسەرنەكراوە. لەئیراكی پاشەڕۆژیشا كەئەگەر دیموكراتییەكانی وەك ئۆپۆزسیۆنی ئیراكی، فەرمانڕەوایەتی بگرنەدەس، نەك هەر كێشەی كورد چارەسەرنابێ، بەڵكو فیدراڵیی راستینەش دەستەبەر نابێ. ئەوەش لەئێستاوە دیارە، بابزانین چۆن؟

لە 14/ بۆ 2002/12/17 لەلەندەن كۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی ئیراكی بەسترا. ئەم كۆنگرەیە ئەگەرچی بەشی زۆری لەسەر شانی لایەنە كوردییەكانبو، ئەگەرچی تاڕادەیەك لەسەر پارەو خەرجی كوردبو، ئەگەرچی دوابڕیاریش ئەوەبو كە لیژنەی بەدواداچونو هەماهەنگی، پێگەی خۆی لەكوردستانا جێگیربكا كەدورنیە لەو پێناوەدا باشوری كوردستان بەر مەترسیو زیانێكی گەورە بكەوێ، هەروەها ئەگەرچی جگە لەلایەنە كوردییەكان، زۆربەی ئەوانیتر هیچكامیان لەدوكانی بەكرو دو قاڵب سابون زیاترنینو دیسان لەگەڵ ئەوەدا كە كوردستان دە ساڵ زیاترە وەك سەربەخۆو ئازادە.. لەگەڵ هەمو ئەوانەشا، وەك پێویست دانیان بەقەوارەیەكی فیدرالی راستینەدا نەنا بۆباشوری كوردستان. بەڵگەش بۆئەم قسەیەمان: لیوا روكن هەسەن نەقیب وتی: (مەسەلەی فیدراڵی جارێ وازلێبێنن بۆرەئی گشت گەلی ئیراك)! ئەهمەد چەلەبیش وتی: (دارِشتنی كۆتایی بۆچوارچێوەی سیستمی فیدراڵیو سنوری ناوچەكانو درێژەی ئەوانیترو دەسەڵاتە جیاوازەكان، ئەوانە، دوایی گەلی ئیراك بڕیاری لەسەرئەدا ئەو كاتەی بڕیارلەسەر دەستوری هەمیشەیی ئەدا كەهەمو رۆڵەكانی گەلی ئیراك دەنگی لەسەر ئەدەن). پێشتریش ئەوە بڕیاردرابو كەدەستوری هەمیشەیی دوای دو ساڵ دەنگی لەسەر ئەدرێ. بەرامبەر بەم قسانەش، هەمو ئامادەبوان بەلایەنە كوردییەكانیشەوە بێدەنگبون. ئەو بێدەنگیەش رەزامەنیی ئەگەیان! ئا بەوجۆرە، ئەو ئۆپۆزسیۆنە زۆر دیموكراتیخوازانە، لەئێستاوە لەو فیدراڵیەش دەرچون. چونكە ئاشكرایە دواخستنی دەنگدان لەسەر فیدراڵی، ئەوە مرداركردنەوەی ئەو فیدراڵیەیە. بڕیاردانی فیدراڵیش ئەگەر بخرێتە دەس هەمو رۆڵەكانی ئیراك، ئەوا بێگومان

دەنگنەدان ئەبێ بۆ فیدراڵی. گریمان دەنگدانیشبێ بۆی، ئەوا ئەو فیدراڵیە، لەهوکمە زاتیەکەی بەئس چاکتر نابێ[1].

ساڵی 1959 هیزبی شیوئی دەستی خستە ناو سەرکردایەتی پارتی، کۆمەڵێ کادری پێشکەوتوی شیوئی وەکو هەمید ئوسمان، خەسرەو تۆفیق، ساڵح هەیدەری، هەمزە ئەبدوڵا کەخۆی لەسەرەتاوە کابرایەکی بەبیر مارکسیبو، چونە ناو لیژنەی ناوەندی پارتی. هەروەها د.موراردێ هەبو کەکوردێکی سۆڤیەتبو، لەوێوە ناردیانو کەوتە ناو مەکتەبی سیاسی پارتییەوەو بوبەئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، ئەو مارکسیەکی تەواوبو، ئەوانە خەریکبون پارتی بەتەواوی لەو تۆزە نەتەوایەتیەش بشۆنەوە. ویستیان رێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستانو قوتابیانی کوردستان کەرێکخراوی لاوانو قوتابیانی پارتیبون، هەڵوەشێننەوە، هەرلەوساڵی1959 یەدا، رۆژنامەی (السەورە)ی ئیراك کە هی یونس تائیبو، لەو کاتەدا کۆمەڵێ وتاری نوسی، هەموی بۆنی توانەنەوەی کوردی لێئەهات. ئەوانە وەکو رێبازێکی قەومی کەوتنە دژایەتی کردنی کورد. بەکردەیی دەرکەوت رێبازە قەومییە ئەرەبییەکە دژی کوردە، هەروەها رێبازە چەپەکەش کە هیزبی شیوئییە هەر دژی کوردە. پارتیش کاردانەوەیەکی جەسورانەو یەکلاکەرەوانەینەبو! بەڵکو ئەمیش هەر وەك هیزبە کۆمۆنستەکان بەشانوباڵی یەکێتیی سۆفیەتیا هەڵئەدا! ئا لەوێدا، سەرەتای ساڵی 1959 من بیرم لەپێویستیی دامەزراننی رێکخستنێکی نەتەوەیی کردەوە بۆبەرەنگاربونەوەی ئەو رەوشە تاڵە. سەرەتا ئەو بیرۆکەیەم بۆجەمال نەبەز لەدوکانەکەی بەشیر موشیر درکان. ئەو لەمن بەتەمەنتربو. مامۆستای دواناوەندیبو، من ئەوکاتە لەقۆناغی خوێندنی دواناوەندیبوم. ئەمویست بەئەزمونی دەرەکی ئەوقۆناغە ببڕم، ئەویش لەوانەی بیرکاریا یارمەتییئەدام.

---

[1]–ئێستەش 2017 هەمان تاسو گەرماو، گشتپرسییەکەی 2017/9/25یان کردە بیانو بۆئەوەی هەرێمی کوردستان بکەنەوە بەهوکمە زاتییەکەی سەردەمی سەدام!.

نەبەز سەرەتا ئامادە نەبو، دودڵبو، من زۆری لەگەڵ دوام، کۆڵمنەدا. دوایی بیرۆکەکەی پەسنکرد، وتی: بەڵام چیبکەینو چۆن دەستپێبکەین. وتم: بڕینی هەزار میل بەهەنگاوێ دەستپێئەکا. ئەو وتی: کۆمەڵێ کەس لەسلێمانیش هەن، ، من ناتوانم ئێستا بچمەوە سلیمانی لەبەر دەوامی مامۆستایەتیم تا پشوی هاوین، پێکهاتین لەسەرئەوەی من بڕۆمەوە بۆ سلێمانیو پەیوەندی بەو کەسانەوە بکەمو قسەیان لەگەڵبکەم.

من هاتمەوە سلێمانیو ناوەکانیشم پێبو، لەوانە: ئەهمەد هەردی، ئەبدوڵڵا جەوهەر، ئیهسان فوئاد، فایەق ئارف، فەرەیدون ئەلی ئەمین. پەیوەندیم پێیانەوەکردو بیرۆکەکەم لەگەڵیان باسکرد. دوای هەوڵو وتووێژێکی زۆر، ئەوانیش باوڕیان بەبیرۆکەکە هێنا، وتیان کۆمەڵێ خەڵکیتریش هەنو ناوەکانیان پێدام، بەڵام من لام پەسننەبون، چونکە ئەوانە رەفتاری ناپەسنم لێدیبون، تیایاناهەبو بۆنمونە، کتێبێکی دەرئەکرد، وێنەیەکی مەلیکی ئەخستە لاپەڕەی یەکەمی. وتم: کەسێ کوردێکی چاکبێ، بۆئەوەبشێ ببێتە سەرکردایەتیی ریکخستنیکی نەتەوەیی، نابێ رابوردویەکی وای هەبێ ، یاخود هەڵوێستێکی هەبوبێ ببێتە مایەی ئەوەی خەڵك رەخنەیلێبگرێ.

لەگەڵ ئەو پێنج کەسە دەستمکرد بەگفتوگۆو کۆبونەوە، یەکەم کۆبونەوەمان لەماڵی هەردیبو. ئەوانیش بیرۆکەکەیان پەسندکردو پێکهاتین لەسەر ئەوەی رێکخستنێکی نەتەوەیی دابمەزرێنین. لەدوا کۆبونەوەمانا رێکەوتی **1959/4/14** هەر لەماڵی هەردی لەسلێمانی، بڕیاری دامەزراننی رێکخستنێکی نەتەوەییماندا.

بۆ ناو؟ کۆمەڵێ ناومان پێشنیار کرد، لەوانە: (هیزبی نەتەوەیی کورد، هیزبی رزگاری، هیزبی سەربەخۆیی، بەڵام هیچ ناوێکمان هەڵنەبژارد، چونکە ئەبوایە کۆبونەوەی فراوانتر بکەین، ئیتر من گەڕامەوە بۆبەغاو ئەو ئەنجامانەم بۆ نەبەز باسکرد.

دواتر لەپشوی هاوینا پێکەوە گەڕاینەوە بۆسلێمانیو کەوتینە بەستنی کۆبونەوەی فراوانتر کە (7) کەس بوین، لەوکۆبونەوانەدا کۆمەڵێ شتمان دیاریکرد.

بەڕاستی ئەو پشوی هاوینی ساڵی 1959یە ماوەیەکی زۆر دەوڵەمەنو بەپیتبو بۆکارەکەمان، چونکە یەکەم: ناوی ریکخستنەکەماننا (کاژیك) کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی کورد، لەسەر پێشنیاری من ئەو ناوە پەسنکرا. دواتر نامیلکەی (کاژیك نامە) مان نوسی. کاژیکنامە فەلسەفەو بەیانو بانگی یەکەمی ریکخستنەکەمانبو، کاژیکنامە زۆر بەنرخو بەهایە. پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆشمان نوسی. شێوەی رێکخستنمان دانا، دواتر هەنێ لیژنەمان دروستکرد. لقی سلێمانیمان دامەزران. هەروەها لقی کۆیەمان دامەزرانو دلاوەری کوڕی کاکە زیاد بوبەبەرپرسیاریو منیش گەڕامەوە بۆبەغاو بوم بەلێپرسراوی لقی بەغا، لەئەنجامی کارو خەباتمانا بەماوەیەکی کەم، گەشەمانکردو پەلمانهاویشت بۆ زۆر شوێن، تاوایلێهات، لەدوای سالانیك برادەرێکمان ناسی بەناوی (جەواد مەلا) لەرۆژئاوای کوردستان کەئێستا دکتۆرای هەیەو لەلەندەن نیشتەجێیە، بیرۆکەکەمان زیاتر بۆباسکرد، باوەڕی هێناو بەشدارمانبو و لە رۆژئاوا لقی کاژیکی دامەزران.



وێنە: د. جەواد مەلا

ئاڕاستەی ئێمە ئاڕاستەیەكی نەتەوەییبو، بۆ هەر چوار پارچەكەبو، ئێستاش باوەڕمان وایە كەخەباتی كوردایەتی ئەبێ ڕێكخستنێكی نەتەوەیی هەبێ بۆسەرتاسەری كوردستان، نەك بەپچڕپچڕی لەو سنورە دەستكردانەی دوژمنان دروستیان كردوە. پەكەكەش لەسەرەتاوە هەر ئەو ڕەوتەی ئێمەی هەبو، بەڵام لەو دواییەدا خۆی دۆڕاند، ئەویش هاتەوە سەر خەباتی ناوچەییو وازی لەبیرۆكەی سەربەخۆیی هێنا!

*ئایا ئێوە بەئاشكرا كارتانئەكرد؟

-ئێمە زۆر بەنهێنی كارمانئەكرد، چونكە چارماننەبو، یەكێك لەهۆكانی كە (كاژیك) زۆر پێشنەكەوت، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو نهێنیی كاركردنەمان، خەڵك نەیئەزانی ئێمە كێینو چیمان ئەوێو بەرنامەو ستراتیجمان چییە.

*بۆچی ئێوە بەنهێنی كارتان ئەكرد؟

-زۆر دژایەتی ئەكراین، پارتیو شیوئی زیاتر لەهكومەتی ئەوسا دژمانبون، زۆریان بەربەرەكانی ئەكردین، شیوئی دژی بیروباوەڕەكەی ئێمەبو، ئێمەش لەدو ڕووەوە دژی شیوئی بوین، بیرۆكەی ماركسیزم لەگەڵ نەتەوایەتیا ناگونجێ، نەتەوایەتی لەخەباتی چینایەتیا سڕئەبێ، بۆیە ئێمە دژیانبوین، هەڵسوكەوتی شیوئیەكانیش زۆر خراپبو بەرامبەرمان.

لەلایەكیتر، پارتی، مردنی خۆی لەگەشەكردنی ئێمەدا ئەبینی، وایئەزانی ئەگەر ئێمە گەشەمان كردباو خەڵكە نەتەوەییەكە دوی ئێمە كەوتبا، ئەوا پارتی هیچی بەدەستەوە نەئەما. بۆیە ئەویش زۆر بەتوندی بەربەرەكانیو دژایەتی ئەكردین. بەڵام ئێمە وەك ئەركێكی نەتەوەیی سەرشانمان، بەردەوامبوین لەبەشداریی شۆڕشی ئەیلول.

ئەم هۆکارانە هەموی وایانکرد، ئێمە زۆربەنهێنی کاربکەین، جگەلەوەی کەهکومەتی ئەوسا لەسەر داواکردنی هوکمێکی زاتی ئەیانگرتیو ئازاریان ئەدایو ئەیانکوشتی، ئەی ئەوەی داوای رزگاربونی هەمو پارچەکانی کوردستانبکا!؟

*ئایا ئێوە چالاکیتان لەپارچەکانیتری کوردستانئەکرد؟ بۆ نمونە لەکوردستانی ئێران؟

-نەگەیشتینە ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەهمەد تۆفیق بوینە هاوڕا. برادەرێکیش لەتورکیاوە هات (قەیا)ی ناوبو، ماوەیەك لەگەڵمانابو، هات لەبەغا پەیوەندیی پێوەکردینو بیرۆکەکەی لێوەرگرتینو ئەو ماوەیەی لەلامانبو، بەبیروباوەڕەکەمان گۆشمانکرد، بەڵام پاشان شوێنبزربو، دواتر بیستمان کەئەو قەیایە لەلایەن هکومەتی تورکیاوە نێردراوە، گوایە موخابەراتی تورکیبوە، ناشزانین ئەو قسەیە تاچەن راستبو. ئەوکابرایە ئیتر نەهاتەوە بەلامانا. لەرۆژئاوی کوردستانیش بناغەیەکمان دانا کە.

*کاژیك چی بەسەرهات؟

-کاژیك، ئەگەرچی لەسەرەتای دروستبونیا ژمارەیەکی باش رۆشنبیرو خەڵکیتری لێکۆبوەوە. بەڵام ئەو ژمارەیەو هۆیتریش، سەرکەوتنی بۆدەستەبەرنەکرد، هەرچەنە بەتێکەڵبونی پارتی گەلی کوردو کاژیك ساڵی **1964** ژمارەکە زیادیکرد، بەڵام هەنێ هۆکاریتر ، گورزی کوشندەی لەکاژیکدا.

*بۆ کاژیك سەرەتا زۆر پەرەی نەسەن؟

-هۆی ئەوەی کاژیك سەرەتا زۆر پەرەینەسەن، ئەگەڕێتەوە بۆئەم خاڵانە:

**1**-ئەو کاتەی کاژیك دامەزرا ساڵی **1959**و ئێستاش زەمینەی سەوزبونو گەشەکردنی ریکخراویکی نەتەوەیی باوەڕدار بەزانست، وەك کاژیك، لەناوکوردا دروستنەبوە، بزوتنەوە سیاسیە گشتیەکان. لەناو ئێمەدا لەخولگەی موسوڵمانێتیو مارکسێتیو سۆزی کوردایەتیو بۆرە دیموکراسییەکا ئەسوڕێنەوە. ئەمانە هەر یەکەو پێشینەیەکی دێرینی هەیە. بەتایبەتی موسوڵمانێتیو مارکسێتیەکە کەهەردوکیان

دووبیرۆکەی نێونەتەوەیی (اممی)ن هەریەکەو رەگێکی قوڵی بەناو بیری ژمارەیەکی زۆر لەمرۆڤی کوردا داچانوە. دیموکراسیش تەنیا وەك دەنگی دەهۆڵێکی دور بەخۆشی بەرگوێی خەڵکی کوردستان کەوتوە. لەنزیکەوە کورد پێیئاشنانەبوە. چونکە کورد خۆی ژێردەستەبوەو بواری نەدراوە دیموکراسی پیادەکا. سەردەستەکانیشی فرپیان بەسەر دیموکراسیو مافی مرۆڤو هوکمی یاساوە نەبوە، نەلەگەڵ ئێمەداو نەلەناوخۆشیانا. لەبەرئەوە پیادەکردنی دیموکراسی لەپرێکاو بێئەوەی کەشێکی گونجاوی بۆئامادەکەی، ئەنجامدارنابێ، بۆیە من بەبۆرە دیموکراسی ناومبرد. بیری نەتەوەییش بەدەردێکی خراپتر لەدیموکراسی چوە لەناو کوردا، روە گەشەکەی نەتەوایەتیش، دور لەشۆڤێنیو فاشێتی، نەبینراوە. لەروی هزریشەوە، لەرابوردودا، بیریارمان نەبوە بۆی وەك ئەوەی بیریارەکانی ئەڵمان، نەتەوەی ئەڵمانیایان پێگۆشکرد بەرلەوەی بیرۆکەی نەتەوایەتی بخەنە قاڵبی رێکخستنی پارتیانەوە. یا وەك جولەکە کەئاینەکەیان خستە خزمەتی نەتەوایەتییەکەیانەوە. یا وەك ئەرەب کەئیسلامەتی گەورەترین خزمەتیکردن. شیئەیەتیش، فارسی راگرت. خەلافەت، گەشەی بەتورکدا.

کورد تەنیا لەروی سۆزەوە کوردایەتییکردوە. واتا بێ پێشینەیەکی بیریاریی، یائاینی، وەك ئەو نەتەوانەیتر. لەبەرئەوە خەڵکی بەبیرۆکەکانی کاژیك نامۆبون.

2-کاژیك خۆیشی خۆی کردبوە ریکخستنیکی هەڵبژاردە (نخبوی) کە بونەئەندام لەکاژیکا بۆهەموکەس نەبو، ئەبوایە ئەندامێکی کاژیك هەمو مەرجەکانی جوامێریو خاوێنی تیابوایە کە ئەوجۆرە کەسە نمونەییانە کەمن. ئەوەش ناچاریبو!.

3-ئەوساو ئێستاش هەموکەس ناوێرێ لەریکخستنیکی وەك کاژیکا کاربکا کەسەربەخۆییو یەکخستنەوەی پارچەکانی کوردستان لەئامانجەکانیبێ. خەڵکی لەسەر داواکردنی مافێکی وەك رۆشنبیری ئەکوژران! ئەی ئەوەی بۆسەربەخۆیی کاریکردبێ!؟

4-ساڵی 1964رۆژی 9/11 کارەساتێکی دڵتەزێن لەسلێمانی رویدا کە بەکارەساتی کانی ماسی ناوئەبرێ. کانی ماسی گوندێکە ئەکەوێتە دامێنی خواروی سلێمانیەوە، ئەوساڵە شۆڕشی ئەیلول، بەهۆی ئەوەوە لە وتووێژابو لەگەڵ رژێمی بەغا، ئەو گوندە لەلایەن پارتییەوە کرابوە بنکەیەکی سەربازیی شۆڕشو لێپرسینەوەی تیائەکرا لەخەڵکی، هەرلەو رۆژگارەدا، رۆژێ ژمارەیە شیوئی لەناو شاری سلێمانیا بەناڕەوا کوژران. لەبارەی ئەو روداوە دڵتەزێنەوە، من لەلاپەڕە هەشتی ژمارە 1991ی رۆژی 1999/11/3ی رۆژنامەی کوردستانی نوێیا، ئەوەم رون کردۆتەوە کەکاژێك بەهیچ جۆرێ دەستی لەو کارەساتەو لەروداوەکانی کانی ماسیا نەبوە، مهەمەدی ئەزیزیش کەئەندامێکی سەرکردایەتی کاژیکبو بۆماوەیەك، لەژمارە 3ی ساڵی 1999ی گۆڤاری باسکارا کەلەلەندەن دەرئەچو، بەدرێژی ئەو روداوەی رونکردۆتەوەو ئەستۆپاکیی کاژیکی پیشانداوە تیایا. بەڵام ئەم رونکردنەوانە لەدرەنگ کاتێکابون. سەردەمی کارەساتەکە، بەپڕوپاگەندەی نەیاران، هەوڵدرا بخرێتە ئەستۆی کاژێك. ئەوەش بوە هۆی ئەوەی خەڵکی باری سەرنجێکی خراپ بەرامبەر کاژێك وەرگرێ.

5-هەر نەیارانی کاژێك، ناوی گەلێ کەسی وەك دەربەگو کۆنەپەرستو پاشەڵپیسو گومانلێکراوو پیاوی بێگانەیان ئەخستە پاڵ سەرکردایەتی کاژێك. سەرکردایەتیە راستیەکەی کاژیکیش، لەبەر تەوژمی زۆری نەیارانی کاژێك، نەئەکرا ناوی خۆیان ئاشکرابکەن. لەلایەکیتریشەوە ئەو سەرکردایەتیە تاسەر لەپاڵ یەکا نەمانەوە. ئیهسان فوئاد بۆ گوزەراننی دوکتۆرا چو بۆیەکێتی سۆڤیەتو پێشیراگەیانین کەئیتر ناتوانێ وەك ئەندامێکی سەرکردایەتیی بمێنێتەوە. جەمال نەبەزیش هەر بۆخوێننی دوکتۆرا رویکردە ئەوروپا. ئەبدوڵا جەوهەرو فەرەیدون ئەلی ئەمین هەریەکەو لەناوەختێکا وازیانهێنا. شێخ مهەمەد هەرسینو مهەمەدی ئەزیز کەچونە پاڵ بارزانی، کاژیکیان بیرچوەوە. بەوجۆرە سەرکردایەتیەکە مایەوە هەردیو ئارفو ژیر، منیش لەبەغابوم، ئیتر کارەکە بەتەنیا بەو دوانە نەئەچوبەڕێوە، پلەی ئەبدولکەریم ئارف بەرزکرایەوە بۆسەرکردایەتی، بەڵام کەلێنەکان بەویش

پڕنەئەکرانەوە. دوای لابردنی شێرکۆ بێکەس لەسەرۆکایەتیی لقی سلێمانی کاژیک لەسەر تەمەڵیو گەندەڵی، ئەبدوڵا ئاگرین کرا بەبەرپرسی لقی سلێمانی. ئەم ئەگەرچی بەڕوکەش وائەبینرا کەسێکی بەتوانایە بۆئەوجێگەیە، بەڵام لەبواری کارکردنا وادەرنەچو، بەڵکوهۆکارێکبو بۆکەرتوپەرتکردنی کاژیک! کە دوایی ئەم خاڵە درێژەیئەبێ.

6-لەڕوی دارایشەوە، کاژیک زۆرنەدارابو، جگە لەئابونەی ئەندامەکانی، هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نەبو.

7-دوای بەرپابونی شۆڕشی ئەیلول، برەوی کاژیک وەك پێش شۆڕشەکە نەما، ئەو ترسەش رەوییەوە کەپارتی بەئاراستەی کۆمۆنستیا ببرێ، بەتایبەتی سەرکردایەتی پارتی لەچەپەکان پاکرابونەوە. کەسێتی سەرۆك بارزانیش شاکۆڵەکەیەکبو بۆراگرتنی پارتی. خەڵکیش بەچاوی خۆیان ئەیاندی کەبارزانیو پارتی، شۆڕشی چەکدارانە ئەکەن بۆمافی کورد. ئیتر وتەی نەزەریی کاژیک نەئەچوە بیری خەڵکیەوە، کاژیک خۆیشی زیاتر کوردایەتی لامەبەستبو وەك لەپارتایەتی. بۆیە کاژیك هەمو تواناکانی خۆی تێکەڵ بەشۆڕشەکەکرد. ئەو تێکەڵبونە درێژەی کێشا تا پایزی 1974 کەکۆنفرانسی کاژیك لەشاری نەغەدە بەستراو بڕیاری هەڵپساردنی برێك لەجالاکیەکانی کاژیکی تیادرا. ئەویش لەبەرئەوەبو هەمو تواناکان تەرخانبن بۆسەرکەوتنی شۆڕشەکە. کاژیك لەنیهادی پاکی خۆیەوە ئەوبریارەیدا، کەچی، بەپێی هەواڵێ کە د.کەما خۆشناو کاتی خۆی بلاویکردەوە، پارتی بەتەمابوە 80کەسێ لەئەندامانو لایەنگرانی کاژیك بکوژێ، بەڵام ئاشبەتاڵی 1975 بوبەهۆی سەرنەگرتنی ئەم پیلانە!. ئەم قسەیەش لەگەڵ قسەیەکی شێخ مەهمەدی هەرسین یەکئەگرێتەوە کە وتوێتی: ئێمە بوینە هۆی پاراستنی برادەرانی کاژیك، ئەگەر نا، یەکێکیان نەئەمان[1].

[1]- د.هسێن مەهمەد ئەزیزیش جەخت لەسەر ئەمە ئەکاتەوە. بڕوانە: ((ل41و 58پێشخانو پاشخانی کاژیك- د.جەمال نەبەز- چاپی 2015. بڕوانە د. هسێن- گەلاَ وەریوەکانی درەختی تەمەنم- بەرگی دوەم چاپی 2018.

**8- كاژيك گرنگيى زۆرى بەكوردايەتيئەدا نەك بەهيزبايەتى**

**9-چەن كەسێكى ناپاكو هێڵى لارى پارتيو يەكێتش، گورزى كوشندەيان لەكاژيكدا كە دوايى بەدرێژى لەم روەوە ئەدوێم.**

**ئەمانە بەكورتى هۆى گەشەنەكردنى كاژيكبون وەك رێكخستن. هۆكاريتريش هەيە.. لەجێى خۆيدا باسيئەكەم. تەنيا ئێستا ئەوەنە ئەڵێم كە كاژيك ئەگەرچى وەك رێكخستن سەركەوتنى بەدەسنەهێنابێ، وەك (بير) سەركەوتنى بەدەسهێنا. دوايى لێدوانى فراوانترمانئەبێ... پرسيارەكانى تايم تەوابو.**

<u>**پرسيارەكانى د.دلێر**</u>

**ئيوارەى 2015/1/29 بەريزان د.دلير شاوەيسو د.هسەين مهەمەد ئەزيز، سەردانيانكردم. دواى لەدەرگادانى هەنێ باسو خواس، د.دلێر ئەم پرسيارانەيكرد :**

**-كاژيك چۆن پێناسە ئەكەن؟**

**+ئەو قوتابخانە هزرييەى سەرچاوەى وزەيە بۆسەربەخۆيى كوردستانو ئازاديى نەتەوەى كورد.**

**-چۆن دامەزرا؟**

**+راى ژمارەيەك رۆشنبيرى كورد يەكيانگرتو كاژيكى لێوەبەرهات.**

**-بۆ؟**

**+بۆ بەرەنگاربونەوى ئەو مەترسييانەى هەڕەشەيان لەبونى نەتەوەى كورد ئەكرد لەلايەن شۆڤێنيزمى ئەرەبو چەپى كوردەوە.**

**-لەكوێ دامەزرا؟**

+لەسلێمانی.

-کێ دایمەزران؟

+سەرەتا لەبەغا من بیرۆکەکەم خستە بەردەم جەمال نەبەز، ئەویش هاوڕابو. هەنگاوی دوەم پەیوەندیمکرد بە ئەهمەد هەردی، فایەق ئارف، فەرەیدون ئەلی ئەمین، ئەبدوڵا جەوهەر، ئیهسان فوئاد لەسلێمانی، هەمویان هاوڕاو ئامادەبون. هەریەکێکیش لەو بەڕێزانە، پێشتر پێشخانێکی هزریی نەتەوەییانهەبو. دوای چەندین کۆبونەوە، دامەزراننی کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورد-کاژێك 1959/4/14 بوبەبڕیار .

-پارتی گەلی کورد چۆن پێناسە ئەکەن؟

+برالەی کاژێکبو لەسەر ئاستێکی میللی.

-چۆن دامەزراو کەیو لەکوێ؟

+ساڵی 1960 هاوبیرانی کاژێك دو نامیلکەیان خستە بازاڕەوە: 1-کوردایەتی بیروباوەڕمانە، ئامانجی نزیکو دورمانە 2- کوردایەتی فەلسەفەو باوەڕو بیرە، نەشتەرە کولەکەی هەمەی مەلا کەرم لەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتیا. ئەم دو نامیلکەیە، شۆڕشێکی هزرییان بەرپاکردو پاڵیان بەمهەمەد هەرسینو مهەمەد ئەزیزەوەنا پارتێکی نەتەوەیی لەسلێمانی بەوناوەوەو بەوباوەڕەوە دامەزرێنن. شیاوی وتنە، ئەوان نەیانئەزانی کاژێك هەیە. کاژێکیش ئاگای لەوانیەبو.

-چۆن ئەو دو رێکخستنە یەکیانگرت؟

+کە لەیەك ئاشکرابون، لەسەرداوای پارتی گەل یەکیانگرت هەر بەناوی کاژێکەوە.

-تا چەن کاژێك سەرکەوتوبو لەجێبەجێکردنی بەرنامەکەیا؟

+لەروی ڕێکخستنەوە، کاژیك وەك پێویست سەرکەوتونەبو. هۆکار بۆئەوە زۆرە، لە وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەی تایمو هەڵۆ بەرزنجەییا، بەدرێژی لەوبارەیەوە دواوم. بەڵام لەروی هزرییەوە سەرکەوتوبو، بەجۆرێ سەرەتاو بنەماکانی کاژیك لەبەرنامەی چەندین ڕێکخراویتری کوردیو پێنوسی سەدان نوسەرو بیرمەندی کوردیا ڕەنگیداوەتەوەو تابێ زیاتر گەشەئەکا.

-بۆ کاژیك لەسێبەری پارتیا مایەوە ؟

+کاژیك هەرگیز لەسێبەری پارتیانەبوە. بەلای کاژیکەوە پارتیو بارزانیو شۆڕشی ئەیلول سێ شتی جیاوازبون. ئەو شۆڕشە هی میللەتبو، کاژیك بەئەرکی سەرشانی خۆیزانی بەشداریی تیابکا بەجۆرێ کەهێزی خەبات بەئامر هێزو جێگرەکەیو پێشمەرگەکانیەوە، زوربەیان کاژیکبون. کەپارتیش دوکەرتبو، کاژیك، مەلایی لەجەلالی لاباشتربو، بۆیە پشتگیریی بارزانییکردو دو ئەندامی سەرکردایەتی خۆی خستە پالی. بەڵام پارتی، ئەوساو ئێستەش، چاوی بەکاژیکو هاوبیرانی کاژیك هەڵنەهاتوەو نایەت، وەك لاوازبونی خۆی لەگەشەکردنی کاژیکا ببینێ کەئەمە بۆچونێکی هەڵەیە .

-ئەو توندوتیژیانەی ساڵی 1964 لەکانی ماسی ئەخرێتە پاڵ کاژیك، ئێوە چیئەڵێن؟

+کاژیك لێی بێبەرییە. تائێستا لەچەندین بۆنەو نووسینا بەدرێژی لەوراستییە دواوین. بروانە گۆڤاری باسکارو پەرتوکی (کوردایەتی بیرو بزاڤە )و وەڵامی پرسیارەکانی هەڵۆ بەرزنجەییو دیمانە تەلەڤیزیۆنییەکانمانو ...هتد

-هەڵوەشانەوەی کاژیك پێویستییەکی مێژوییبو؟ چۆن؟

+کاژیك تا ئێستاش هەڵنەوەشاوەتەوە، بەڵکو ساڵی 1974 لەپێناوی سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلولا، هەنێ لەچالاکیەکانی خۆی هەڵپسارد. بەداخەوە ئەوەبو نسکۆی شۆڕشی بەسەراهات. کە ساڵی1976 پاسۆك دامەزرا، کاژیك بواری

خستە بەردەم پاسۆك، بەلایەوە راستنەبو دو رێكخراوی نەتەوەیی هاوشێوەو هاوئامانج لەیەك كاتو ناوچەدا تەنگ بەیەكدی هەڵچنن. بۆیە خۆی بەهەڵپسێردراوی هێشتەوەو هانی هاوبیرەكانیدا بچنە پاڵ پاسۆك. هەردو ئەو بریارەش (هەڵپساردنەكەو چونە پاڵ پاسۆك) لەو روانینەوەبو كەكاژیك كوردایەتیی ئەكرد نەك هیزبایەتی! بەڵگەش بۆئەوە زۆرە. بۆنمونە: هەر لەسەرەتاوە كاژیك ناوی خۆی نەنا هیزب. بەڵكو (كۆمەڵە)ی كردە یەكەم وشەی ناوەكەی. ئێستاش ئێمە هەر لەو باوەڕەداین كەهیزبهیزبێنە لەپێش قۆناغی رزگاریا زیان بەنەتەوەكەمان ئەگەیەنێ.

-ئایا پاسۆك هەر كاژیكبو؟

+نەخێر، دو رێكخراوی جیاوازبون، تەنیا لەروی هزرەوە، هاوشێوەی یەكدیبون .

-ئەی هەڵوەشاندنەوەی پاسۆك؟

+پێویستنەبو. تا رادەیەك لەلایەن پارتیو یەكێتییەوە، ناراستەوخۆ، ناچاركرا. هەلپەرستیی هەندێكیش لەولاوە بوەستێ! بەكولەمەرگیش بمایەتەوە باشتربو.

-چۆن خەباتی كاژیكو دواتریش پاسۆك هەڵئەسەنگێنی؟

+پیرۆزو پڕسودبو.

-لەكۆتاییا ئەتانەوێ بڵێن چی؟

+نەفرەت لەهیزبایەتی لەقۆناغی خەباتی رزگاریی نەتەوەكەمانا. ئێستا هیزبایەتیی كوردی، لە دائشی ئەرەبی مەترسیدارترە بۆنەتەوەكەمان. بەهیوای یەكخستنی خەباتی رزگاریخوازانەمان لەكۆنگرەیەكی نەتەوەییا كەرابەرایەتیی سەرتاسەری كوردستانبكا ، یا هەڵكەوتنی سەركردەیەكی نەتەوەییو نیشتمانی كەتۆوی هیزبایەتی لەو قۆناغەدا نەهێڵێو سەربەخۆیی كوردستانو ئازادیی كورد دەستەبەركا. مێژوش پڕە لەونمونەیە. **2015/1/29**

لەم رۆژانەشدا کەناوی کاژیك، بەگەرمییەکی زیاترەوە کەوتۆتەوە سەر زارانو نامیلکەو کتێبو وتاری لەبارەوە ئەنوسرێو هەڤپەیڤینی بۆسازئەکرێو نامەی ماستەرو دوکتۆرای لەسەرئەنوسرێ، جێیخۆیەتی هەنێ تیشك بخەمە سەر بنەما سەرەکییەکانی ئەو بیروباوەڕو رێکخستنە، بەمەبەستی پڕزانیاریکردنی نەوەی نوێ سەبارەت کاژیك.

لەفەیسبوك، لەژێرناوی کورتە وەڵام 16و 17و18دا لەشوباتی 2017دا هەنێ زانیاریم لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە. لەبەشی دوەمی یادەکانما، هەمو کورتە وەڵامەکان بڵاوئەکەمەوە. لێرەدا برێ زانیارییتر ئەخەمە سەر ئەو 3 کورتە وەڵامە:.

لەتاریکستانی 1959دا، کاتێ شۆڤێنێتی ئەرەبیو رەگەزپەرستیی تورکیو فارسیو تەوژمی کۆمۆنستیو ئیسلامی، شاڵاوی زیاتریان ئەهێنا بۆتوانەوەی نەتەوەی کورد، کاژیك (کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتیی کورد) وەك ئەستێرەیەکی گەش 4/14 لەئاسۆی کوردستان هەڵهاتو روناکییەکی پڕهیوای بەخشی بەکاروانی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردو وزەی زیاتری کردەوە بەدەمارەکانی هیوای ئازادیو یەکسانیی کوردو سەربەخۆیی کوردستاناو دروشمی (کوردستان بۆکورد- یەکسانی بۆ گەل)ی وەك تەورێك سرەوانە داری گەندەڵی پێکەوە ژیانی داگیرکەرو داگیرکراو. جا گەرچی هەنێ گرفت بونە هۆیئەوەی ئەو ئەستێرەیە وەك رێکخستن بەری جریوەی بگیرێ ، بەڵام وەك لایەنە هزرییەکەی، بەردەوام لەگەشە سەندندایە بەجۆرێ کەبەشێکی زۆر لەوانەی دژی ئەوەستانەوە، ئێستە هەمان بیروباوەڕ پەیڕەوئەکەن وەك لەنوسینو کرداریانا دەرئەکەوێ، سەرەڕای زۆرێ لەنەوەکانی نوێ کەبونەتە خاوەنی هەمان دیدوبۆچون .

فەلسەفەو ستراتیجی کاژێك، لەنامیلکەی کاژێکنامەو بەرنامەو پەخشەکانیا پیشاندراون. تایبەتمەندییەکانیشی، جیاکەرەوەبون لەڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەوساو ئێستەی کوردستان وەك لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەرئەکەون.

## تایبەتمەندییەکانی کاژێك

1-کاژێك ڕێکخستنێکو بیرۆکەو فەلسەفەیکبو بۆهەمو نەتەوەی کورد لەسەرتاسەری کوردستانا، واتا سنوری چالاکییەکانی، کوردستانی گەورەبو، نەك تەنیا پارچەیەك یا هەرێمێ وەك ئەو ڕێکخراوانەیتر (جگە لەپاسۆك و کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانو هەنێ ڕێکخراویتر کەدرێژەپێدەری هەمان باوەڕی کاژێکبون). ئەوەش بەپێی بەرنامەکەی کەئەڵێ: (مەیدانی کارگوزاریی کاژێك هەمو کوردستانە، بەڵام لەسەرەتاوە بەشێکی کوردستان ئەکا بەبنکەی ئیشکردنو لەوێوە پەلئەهاوێ بەهەمو کوردستانا). ناوی خۆیشینا کۆمەڵە نەك هیزب. هیزب بۆ نەتەوەیەکی وکو کورد، خراپە. خراپترین جۆری هیزبیش هیزبی ستالینییە کەئەوساو ئێستاش هەمو هیزبەکانی کوردستان ستالینین. کورد پێویستیی بەیەکێتیو یەکدەنگی هەیە، هیزبایەتی دوبەرەکیی لێئەکەوێتەوە کەئەوەش دەردی کوشندەی کوردە. جاران فرە میرنشینیو ئێستە فرە هیزبی، کوردی کەرتوپەرتکردوە .

2-مەسەلەی (برایەتی) بەلای کاژێکەوە ئەوەبو کە برایەتی پەیوەنییەکی نەژادیی نێوان کوردو کوردە، پەیونیی نێوان نەتەوەی کوردو نەتەوەیەکیتر، ئەشێ پەیوەنییەکی دۆستانەبێ. ئەمەش بەپێچەوانەی دیدی هیزبە کوردییەکانەوە کەهەمیشەو لەبەربورە باڵورەی برایەتی کوردو ئەرەبو کوردو هەرچی دژەکورد هەیە لێئەدەنو جەنگی کوردو کورد ئەکەن!

3-کاژێك مەسەلەی کوردی لەسەرتاسەری کوردستاناو لەهەر پارچەیەکیا بەیەك مەسەلە ئەزانی کەئەویش سەربەخۆییە، بەپێچەوانەی هیزبەکانەوە، بەتایبەتی هیزبەکانی ئەو سەردەمە، کەمەسەلەی کوردیان لەهەر پارچەیەکی کوردستانا، بەمەسەلەی نیشتمانیی ئەو دەوڵەتە ئەزانی کەئەو پارچەیەی کوردستانی

داگیرکردوە! بۆ نمونە، مەسەلەی کورد لەئیراکا هەرگیز وەك مەسەلەی ئەرەب بەگشتیو مەسەلەی ئەرەبی شیئەو ئەرەبی سونە نیە. هەروەها مەسەلەی کورد لەئێرانا، وەك مەسەلەی ئازەریو بلوشو ئەرەبو فارس نیە. بەوجۆرە لەتورکیاو سوریاو سۆڤێتی جارانیشا.

4-کاژیك تاوانی پارچەپارچەکردنو داگیرکردنی کوردستانی ئەخستە ئەستۆی ئیمپریالیزمو دەوڵەتە هەرێمییەکانی دەوری کوردستانو گەلەکانیشیان. کەچی هیزبەکان، ئەم تاوانەیان ئەخستە تەنیا ئەستۆی ئیمپریالیزم، یا تەنیا دەسەڵاتی داگیرکەران بێ گەلەکانیان

5-ئیمپریالیزم بەلای کاژیکەوە، تەنیا ئیمپریالیزمی رۆژئاوا نەبو. ئیمپریالیزمی رۆژهەڵاتیشبو کەخۆی لەئیمپریالیزمی کۆمۆنیستیا ئەنوان، لەوەش زیاتر، کاژیك ئەو دەوڵەتانەشی بەداگیرکەرو کۆلۆنیالیست ئەزانی کەکوردستانیان داگیرکردوە. کەچی بەلای پارتییە کوردستانییەکانو پارتییە مارکسیەکانەوە لەکوردستانا، ئیمپریالیزم تەنیا ئیمپریالیزمی رۆژئاوابو!

لەم بارانەوە، کاژیکنامە، جەخت لەسەر ئەو لایەنانە ئەکاتەوەو ئەڵێ: (کاژیك داگیرکەرانی کوردستان بەیەك چاو تەماشا ئەکاو کوردستان تەنیا بەموڵکی کورد ئەزانێو ئەبێ کورد هەر خۆی فەرمانڕەوابێ لەکوردستانا. لەبەرئەوە بڕوای بەو برایەتییە درۆزنەیە نییە کەلەرێگەیەوە سەروەتو سامانی کوردستان بەتاڵان ئەبرێو لەکەمترین مافی مرۆڤانە بێبەش ئەکرێ. لەبەرئەوە فەرمانڕەوایەتی هەمو ناکوردێك بەسەر کوردستانا بەکارێکی ناڕەوا ئەزانێ.

6-کاژیك وەك رێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیی کوردی، خۆی بەنوێنەری سەرجەم نەتەوەی کورد ئەزانی، نەك نوێنەری تەنیا چینێك یا توێژێکی کۆمەڵی کوردەواری، بەپێچەوانەی پارتییە مارکسیەکانەوە کە خەباتیان خەباتی چینایەتییەو بۆئەو مەبەستەش، هەمیشە گڕی ئاگری شەڕی چینایەتیان خۆشئەکرد. لەم خاڵەشەوە هەنێ ئەنجام ئەکەوێتەوە:

**ا- بەرژەوەنیی هەمو تاكو كۆمەڵانی كورد لەسەربەخۆیی كوردستانایە بەرلەوەی لەخەباتی چینایەتیابێ.**

**ب- هیچ چینێكی كۆمەڵ مافی ئەوەینیە خۆی بكاتە پێشڕەوو سەركردەی چینەكانیتر.**

**ج- كێشەی نێوان چینەكان بەشەڕی چینایەتی چارەسەرناكرێ، بەڵكو بەنەهێشتن یا كەمكردنەوەی جیاوازیی چینایەتی چارەسەرئەكرێ**

**د- داگیركەرانی كوردستان، رژێمی فەرمانڕەوایەتیان هەرچیبێ، هەمیشە بەیەك چاو سەیری چینەكانو تاكەكانی نەتەوەی كورد ئەكەن.**

**7-مەسەلەی ئازادیی نەتەوەی كوردو سەربەخۆیی كوردستان، مەسەلەیەك نیە سازشی لەسەر بكرێ بەهیچ بیانویەكەوە، تەنانەت بەبیانوی دیموكراتیو رای زۆربەشەوە. بۆنمونە: ئەگەر زۆربەی نەتەوەی كورد لەگشتپرسییەكا لەجیاتی ئەوەی دەنگبدا بۆسەربەخۆیی كوردستان، دەنگبدا بۆچونەپاڵ هەر دەوڵەتێكیتر، ئەوا ئەو دەنگدانە ناڕەوایەو كاژیك دژی ئەوەستێتەوە. ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو پارتیانەوە كەمافی چارەنوسی كورد بەڕای زۆربەوە، یا بەڕای پەرلەمانێكەوە، یا بەڕای خۆیانەوە گرێئەدەن. یا ئەوانەی مافی چارەنوسی كورد لەناو چوارچێوەی هەركام لەدەوڵەتە داگیركەرەكانی كوردستانا ئەهێڵنەوە،رایەكی زۆربەی لەو جۆرە، بێگومان رایەكی نائازاد، یا رایەكی چەواشەكراوو ناهوشیارەو نەخۆشەو هیچ بینایەكی لەسەرناكرێ.**

**8-بەلای كاژیكەوە بەپێچەوانەی پارتییە ماركسیەكانو كۆمۆنیستەكانەوە، نەتەوایەتی (بەكوردایەتیشەوە) نەدەسكردی چینی بورژوای هیچ نەتەوەیەكەو نەقۆناغێكیشە لەمێژوا. بەڵكو هەستێكی سروشتی مرۆڤە لەرۆژی پەیابونی هەر نەتەوەیەكەوە، تا مرۆڤیش بمێنێ ئەو هەستە هەر ئەمێنێ ئەگەرچی نەتەوایەتی وەك هەر دیاردەیەكیتر گەشە (تەتەور) ئەكاتو تەنیا لەیەك قاڵبا نامێنێتەوە.**

9-بەلای کاژیکەوە، بەپێچەوانەی رای مارکسیەکانەوە، مەرجنیە بەرژەوەنیی ئابوریی چینی کرێکار لەهەمو جیهانا وەکیەکبێ، بەڵکو گەلێ جار بەرژەوەنیی ئابوریی چینی کرێکار لەوڵاتێکا لەگەڵ بەرژەوەنیی ئابوری چینی سەرمایەداری هەمان وڵات وەکیەکەو دژی بەرژەوەنیی ئابوری چینی کرێکاری وڵاتێکیترە. بۆنمونە: بەڵگەنەویستە کەبەرژەوەنیی چینی سەرمایەدارو چینی کرێکاری وڵاتە داگیرکەرەکان لەوەدایە کەخوێنی وڵاتە داگیرکراوەکان بمژن، بەخوێنی هەمو چینەکان بەچینی سەرمایەدارو چینی کرێکاریشەوە.

10-هاوبیرانی کاژیك، هەرگیز باوەڕیان بەو دروشمەی ئەو پارتیانە نیە، کەئەڵێن: (دیموکراتی بۆ ئیراك یا بۆ وڵاتە داگیرکەرەکانیتری کوردستانو خۆسەری یا ئۆتۆنۆمی، یا فیدراڵی بۆ کوردستان). بەلگە بۆئەم راستییە: نەدیموکراتییەکەی قاسم نەدیموکراتییەکەی تورکیا کێشەی کوردیان چارەسەرنەکرد.

11-بەلای هاوبیرانی کاژیکەوە، پشت بەستن بەهەرکام لەداگیرکەرانی کوردستان، لەماڵوێرانی کورد زیاتر، هیچیتری لێدەسگیرنابێ. ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو پارتییانەی ئەم دەوڵەتو ئەو دەوڵەتی داگیرکەرانی کوردستان بەدۆست ئەزانانو پشتیان پێئەبەستن!

12-کاژیك هەمو بنەما باوەڕییەکانی لەهەڵکەوتەو ناخی کوردستانەوە هەڵهێنجاوە، کوردایەتییەکەی نە نازێتیی ئەلمان نە ئوروبەی ئەرەبە. هیچ پەیوەنییەکی بەناسیۆنالیزمی رۆژئاواییەوەنیەو هەڵەیە بەکوردایەتی بوترێ ناسیۆنالیزم.

13-کاژیك باوەڕی بەئاشتیی نێوان کوردو داگیرکەرانی نییە. ئەبێ کورد هەمیشە لەشەڕابێ لەگەڵ داگیرکەرانی هەتا سەربەخۆیی. شەڕیش دو جۆرە: گەرمو سارد. ئەگەر شەڕی گەرمی بۆنەکرا، ئەبی بەردەوام لەشەڕی ساردابێ.

14-کاژیك، بەپێچەوانەی پارتییە کوردییەکانەوە، باوەڕی بەپیشەسازییکردنی کوردستاننیە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانیا، چونکە ئەوە ئەبێتە هۆی بەئەرەبو تورکو فارسکردنو تاڵانکردنی سامانی کوردستان.

15-کاژیك چارەسەری کێشەی زەویی لەوەدا ئەبینی کە ئەبێ زەوی بدرێ بەوەی ئەیکێڵێ، واتا بەجوتیار . لەمەوە دژی سیستمی دەرەبەگایەتییە.

16-بەلای کاژیکەوە بیروباوەڕ بەبیروباوەڕ وەڵامئەدرێتەوە، لەمەوە دژی تیرۆرە.

17-ئاینو سیاسەت دو شتی جیاوازن، لەمەوە باوەڕی بە دنیایی(عەلمانیەت)ە.

18-دەسکەوتە کاتییەکانی وەك ئۆتۆنۆمیو فیدراڵی، ئەبێ هەنگاوێکبن بەرەو سەربەخۆیی.

19-ئازادیو یەکسانیو مافی مرۆڤ تەواوکەری یەکدین، بەئازادیو یەکسانیو مافی هەردو رەگەزی نێرو مێوە. نەبونی هەرکامیان نەبونی ئەوانیتریشە.

20-کاژیك لەبەرنامەیابو کۆمەڵگەی شێوێنراوی کوردی بگێرێتەوە بۆکۆمەڵگەیەکی رێکوپێك.

دروشمی (کوردستان بۆکورد- یەکسانی بۆ گەل) کەدروشمی بنەڕەتی کاژیکە، هەمو ئەو خاڵانەی تیا کۆئەبێتەوە.

## پوختەی فەلسەفەی کاژیك لە کاژیکنامەدا

### 1- کاژیکو بزوتنەوەی کوردایەتی

بەپێی بیروباوەڕی ئێمە، بزوتنەوەی کوردایەتی، لەو رۆژەوە دەستپێئەکا کە نەتەوەی کورد خۆی لەم جیهانەدا بەکورد ناسیوە. چونکە، وەك وتمان، ژیان سەراپا

جەنگی مانو نەمانە، لەبەرئەوە پێمانوایە ئەوەتەی کورد هەیە بزوتنەوەی کوردایەتیش هەرهەبوە لە پێناوی مانەوەو ژیاندا. دیسان لەبەرئەوەی ئەم بزوتنەوەیە بۆ مانو ژیانە، کەواتە هەتا کورد بمێنێ، کوردایەتیش هەرئەمێنێ. جا ئەگەرچی کوردایەتی لە دەوری کۆندا بەم شێوەیەی ئێستا بەرۆەوە نەبوە، بەلاّم تاکوتەراو کەمکەمو پچرپچرو لەگەلێ بەرگو چەشنی جۆرجۆردا هەبوە. وێنەش بۆئەمە لە مێژوی نەتەوەکەماندا زۆرە، وەك ئەو هۆنەرانەی کە لە دەوری خامۆشی نەتەوەییدا، بانگیانداوە بەگوێی نوستواندا، بەتایبەتی ئەلی ترمۆکی کە لەسەدەی ٤ی هیجریدا ژیاوەو ئەهمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٦و هاجی قادری کۆیی ١٨١٥ - ١٨٩٢[1].
هەروەها ئاینی کۆنی یەزیدیەکان کە ئاینێکە لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی دامەزراوە، بەلّگەی بەهێزن بۆئەمە. دیسانەوە بەربەرەکانیی کورد بەرامبەر داگیرکەرەکانی کوردستان لە دەوری کۆنداو گۆرانیهەلّدان بەو پالّەوانەندا کە کوردیان پاراستوە لە هێرشی بێگانە، وەك رۆستەمی زالّو کاوەی ئاسنگەر[2].

کەواتە ئێمە لەگەلّ ئەو مارکسیانەدا یەکناگرینەوە کە ئەلّێن "بزوتنەوەی کوردایەتی شتێکی تازە کورەو کاتیەو کوردایەتیش ئێزگەیەکە بۆگەیشتنە جیهانی ئادەمزادێتی، کە ئەمان مەبەستیان لەم جیهانە "جیهانی نانەتەوەیی شیوئیانە"یە. چونکە بەلای ئێمەوە، ئادەمزادێتی، پلەیەکی تایبەتینیە لەسەرو هەمو پلەکانیتری پەیژەی گۆرانی کۆمەلّگاوە بێ، بەلّکو تەنیا هەستێکی بەرزەو لە هەمو پلەیەکدا چنگ ئەکەوێ. بزوتنەوەی کوردایەتی بەلای ئێمەوە دەستکردی هیچ جۆرە چینو دەستەیەکی خەلّکی یا هیچ پلەیەکی مێژویی تایبەتینیە، ئەگەرچی هەندێ جاریش

---

[2]– جوانترین نمونە بۆ ئەمە شائیری بەناوبانگی کورد "بابەراخی هەمزانی"یە کە بە هۆنراوە جوانەکانی، کوردەکانی چیای داسەنی هانداوە، پشتگیری شۆرشگێری کورد "جەئفەر کوری میر هەسەن" بکەن دژی خەلیفەی ئەباسیو خۆشی لە سوپای میری کوردا دژی هێرشی خەلیفە (معتصم بالله) بۆتە سەربازتا لە مانگی شەوالی ٢٦٦ی هیجریدا شەهید کراوە. ئەم کارەساتە لە هەزار سالّ زیاترە.

چینێکی تایبەتی بۆخۆی دایدۆشیبێ (ئیستیغلالی کردبێ) وەك هەمو شتێکیتر کە دادۆشراوەو دائەدۆشرێت. کوردایەتی بزوتنەوەیەکی خۆڕسکی (طبیعي) زینوی هەمیشەییە، لەرۆژگاری دروستبونی نەتەوەی کوردەوە ئەمیش پەیدابوەو سەریهەڵداوە، ئەگەرچی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردو گۆڕانی چەشنیی رژێمی کۆمەلایەتی، کارئەکاتە سەر ئەم بزوتنەوەیەو پەرەی پێئەسێنێو سنورەکەی فراوانتر ئەکاو هێزو گوڕەکەی زیاتر ئەکاو وردەوردە پێشی ئەخاو ئەیخاتە قالبی سنورێکی زانستی ئاشکراوە کە بیردۆزەو بیروورای لەسەر دابنرێو لە ئەنجامدا هەنگاوی بەهێزتری پێدابگیرێ بەرەو ئامانج. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم بزوتنەوەیە هەر لەسەرەتای پەیدابونی کوردەوە دەستی پێنەکردوە، وەك چۆن مارکسیەکان ئەڵێن خەباتی چینایەتی هەر لە سەرەتای پەیدابونی ئادەمیزادەوە لە هەمو پلەیەکی گۆڕانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەربوە (بێجگە لە پلەی کۆمۆنیزمی سەرەتایی). بەلام ئەوەندە هەیە هەتا رۆژانی کارل مارکس ئەم خەباتە نەخراوەتە قالبێکی تیۆری(نظری)یەوە. ئێمەش بە پێچەوانەی ئەوانەوە ئەڵێین بزوتنەوەی نەتەوەیی کە هەوێنی هەمو جۆرە راپەڕینو هەڵسوکەوتێکە لە ژیانی ئادەمیزادا، هەر لەسەرەتای پەیدابونی ئادەمیزادەوە هەبوە، ئەگەرچی هەتا ئەم دواییەش نەخرابێتە قالبێکی زانستیو رێکخراوەییەوە، یا بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئادەمیزاد، چەمکەکان (پرینسپڵ- مەفاهیم)ەکانی نەختێك گۆڕابێو فراوانتربوبێ.

## 2- کاژیكو جێ چۆڵیی بیروباوەر

وتمان بزوتنەوەی کوردایەتی بزوتنەوەیەکی یەکجار کۆنەو لەگەڵ هاتنو بونی کوردا دروستبوە. ئەی کە بزوتنەوەیەکی وا کۆنەو ئێستاش هەر زرپوزیندوە، ئیتر بۆچی نەیتوانیوە لەم ماوە دورودرێژەدا بگاتە ئامانجو نەتەوەی کورد بخاتە شوێنی خۆی لەسەر شانۆی ژیان؟.

بێگومان هیچ بزوتنەوەیەك لەم جیهانەدا بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ناڕوا هەتا بیروباوەڕێکی رەسەن پاڵی پێوەنەنێو نەیخاتە رێ. چونکە هەمو

بزوتنەوەیەکی راستینە، لە بیروباوەڕێکەوە پەیدا ئەبێ. دە بەلای ئێمەوە هەمو بیروباوەڕێکی تازە، یان لە یەکێکی بلیمەتەوە، یان لە چەند کەسێکی لێوەشاوەی ژیرەوە سەر هەڵ ئەداو بناغەی بۆهەڵ ئەبەسترێو کە بارو دۆخ (ظروف)ی باش هەڵکەوت،ئەو بیروباوەڕە لە دڵی چەند کەسێکی کارزانی بەکردەوەدا ئەچەسپیو گینگڵ ئەخواو وردەوردە ئەبێتە بزوتنەوەو لەگەڵ تێپەڕبونی کاتدا، هەوڵئەدا بچێتە قاڵبی دامودەزگایەکی رێکخراوی سنور بۆدانراوەوە. هەر بیروباوەڕێکیش بەرێکوپێکی خۆی کوتایە ناو مەیدانەوە، کارئەکاتە سەر کۆمەڵگای خەڵکیو نەفسیەتو هەستو هۆشیان ئەبزوێنێ، وەك چۆن لە هەمان کاتدا باری سەرنجی خەڵکەکەو هەستی دەرونیان کار ئەکەنە سەر بیروباوەڕەکەو ئەیانەوێ بیبزوێنن. ئالێرەدا دو هێزی پێچەوانەی یەك دروست ئەبن، یەکێکیان هێزی بیروباوەڕەکەی کە ئەیەوێ کاربکاتە سەر دەوروپشتی خۆیو هەر بزوتنەوەیەکی کەش کە هەبێ لەگەڵ لێشاوی خۆیدا بیانبا بەرێوە. هێزەکەی تریش سەرجەمی ئەو بیروباوەڕو بزوتنەوانەیە کە لە ناو خەڵکەکەدا باونو ئەیانەوێ بیروباوەڕەکە لەراستەرێی خۆی لابدەنو هەریەکە هەوڵ ئەدا بەرەو ئامانجی تایبەتی خۆی بەرێ. ئەمجا ئەگەر هاتو بیروباوەڕەکە بیروباوەڕێکی نارەسەنبو، ئەوا ئەو بزوتنەوانەی هەن لەگەڵ خۆیاندا راپێچی ئەکەنو لەتوپەتی ئەکەنو ناوی لە ناواندا ناهێڵن. مەبەستیشمان لە بیروباوەڕی رەسەن، ئەو بیروباوەڕەیە کە لە زادەی بیرو ئەزمونی مێژوییو بەسەرهاتی نەتەوەیەکەوە هەڵقوڵابێو لە دەرەوە نەخواسترابێ. کەواتە بۆ ئەوەی بزوتنەوەیەك رێی لێ هەڵەنەبێو لە تەنگانەدا تەمی نەڕەوێتوەو لە ئەنجامدا بگاتە ئامانج، پێویستە بەرلەهەمو شتێك ،لەسەر بنچینەی بیروباوەڕێکی رەسەنی رێکخراو دامەزرابێ.

بزوتنەوەی کوردایەتیش وەك هەمو بزوتنەوەیەکی زیندویتر، پێویستی بە بەردەوامیو کێشو خۆڕاگرتنێکی زۆر هەیە لە ناوجەرگەی ئەو تەوژمانەدا کە ئەیانەوێ راپێچی بکەن، یان لە ناوی بەرن. لەبەر ئەوە ئەم بزوتنەوەیە بەرلە هەمو شتێك، پێویستە پاڵبدا بەبیروباوەڕێکی رەسەنی واوە کە لە ناوجەرگەو ناخی

دەرونی کوردەواریەوە هەڵقوڵابێو نەخشەیەکی سنور ئاشکرای بۆکێشرابێ. چونکە ئەوی راستیبێ بزوتنەوەی کوردایەتی هەر ئامانجی ئەوە نیە قەوارەیەکی سیاسیی دان پێدانراو دابمەزرێنێ، بەڵکو ئەیەوێ راپەڕینێکی وا بەرپابکا کە هەمو لایەکی ژیانی ئەو نەتەوەیە بگرێتەوەو کورد بخاتە شوێنی خۆی لەسەر شانۆی جیهانو پەیامە مێژوییەکەی کە پاشماوەو درێژەی پەیامی زەردەشتیە بگەیەنێ بەمرۆڤایەتی، ئەمەش بەرلەهەمو شتێك پێویستی بەشۆڕشێکی هزرییە. ئەمجا لەبەئەوەی ماوەیەکی زۆرە، بگرە لەو دەمەوە کە بیری زەردەشتی لە قاڵبی دروستی خۆی دەرچوە، کورد قوتابخانەیەکی هزریو فەلسەفیی کوردانەی وای نەبوە کە خۆراکی نەتەوەیی بکا بەدەم خەڵکەوە، ئا لەبەرئەوە، جێ چۆڵیەکی بیرباوەڕانە (فراغ عقائدی) لە ژیانی کوردایەتیماندا دروستبوە. دیسان لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆریشە کوردستان لەتلەتبوە، بگرە لەودەمەوە کە دەوڵەتی ماد روخاوە، کورد لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی تردا ئەژی، دیارە بیروباوەڕی بێگانە خۆی کوتاوەتە ئەم جێ چۆڵیەوەو بەشێوەیەکی ناپەسەند پڕیکردوەتەوە. کوردیش لەبەر بونی ئەو جێچۆڵیە، بە پەرۆشەوە باوەشی بۆئەو بیرباوەڕە بێگانانە کردوەتەوەو قۆزتونیەتەوە، چونکە سروشت هەمیشە دژی جێ چۆڵیە. هەمو جێیەکی چۆڵ ئەبێ پڕ ببێتەوە زو یا درەنگ سا یا بە کەرەسەی چاك یا خراپ.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کورد لەکاتێکدا باوەشی بۆئەو بیروباوەڕە بێگانانە کردوەتەوە، پێی وابوە لە رێی وەرگرتنی ئەوانەوە رزگاری ئەبێ. لەبەرئەوە، لە پێشەوە زۆر بە توندیو شێرگیرانە گرتونی، تا بە تاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتوە کە هیچیان کەڵکیان نەبوە. چونکە هیچیان پڕبەپێستی ژیانی نەتەوەییمان نەبونوگونجاونەبون لەگەڵ ئەو پەیامە مێژوییەدا کە کورد پێی سپێردراوە.

لەو بیروباوەڕانە کە کورد بە پەرۆشەوە باوەشی بۆکردونەتەوەو لێیان نائومێد بوە، بیروباوەڕی خەلافتبازیو ئوسمانلی، رژیمی دیموکراتی ئینگلیزو شیوئێتیو... هتد ئەمجا لەبەرئەوەی ئەو بیروباوەڕانە ناخۆییو ناڕەسەنبون،، دیارە ئەو

بزوتنەوانەی کە لەو بیروباوەڕانەوە هەڵقوڵیون، هەر ناخۆییو ناڕەسەنبون. بۆیە هەتا سەر بەرگەیان نەگرتوەو هیچ پێشکەوتنێکیان لە ژیانی نەتەوەکەماندا وەدەست نەهێناوە.

## 3- کوردو بیروباوەڕی بێگانە لەباری سەرنجی کاژیکەوە

ئەم جێ چۆڵیەی بیروباوەڕ کە هەر لەکۆنەوە لە ژیانی کوردەواریدا هەیەو تا ئێستە بە بیروباوەڕی بێگانان پڕبوەتوە، گەلێك کاری کردوەتە سەر دەرونی نەتەوەی کورد، بە تایبەتی سەر رەوشتو خوی،بەجۆرێ وای شپرزە کردوە کە باوەڕی بە خۆی نەمێنێو لە هەمو کردارێکدا هەر چاوەڕوانو پاشڕەوو کلکی بێگانە بێو لە هەمو هەڵسوکەوتێکدا بە شانازیەوە لاسایی بێگانان بکاتەوەو بە هیچ جۆرێك توانستی پێشڕەوی‌و شتداهێنانی تێدا نەمێنێ. بێجگە لەوەش، ئەم جێچۆڵیە کارێکی وایکردوە کە کورد تەرازویەکی خۆماڵیی نەبێ بۆکێشانی کارەساتەکانی رۆژانەو روداوەکانی جیهانو هەر لەسەر بنچینەی هەواو هەوەسو کەفوکوڵی دەرون، فەرمان بەسەر هەمو روداوێکدا بداو لە هەمان کاتدا زۆر خۆشبڕواو ساویلکەشبێ. سەرەڕای ئەوەش، چونکە بیرەباوەڕێکی رێکوپێکخراوی وای نیە شتی پێ لەبەردەزێڕ ( محەك) بدا، بێگومان هیچ پەندێکیش لە ئەزمونەکان وەرناگرێو یەك لە دوای یەك شتی تاقیکراوە تاقی ئەکاتەوەو لەهەمو دەمێکدا وەك مەلە نەزانێکی نوقومبو، دەست بۆچڵەپوشێکیش ئەبا!. بۆ نمونە، ئەو بێگانەیەی دوێنێ دەستی بڕیوەو یاریی بەچارەنوسی کردوە، ئەمڕۆ وا هاتوەتەوە مەیدانو بەڵێنی درۆی پێ ئەداتەوە، کەچی وا خەریکە پێی هەڵ ئەخڵەتێتەوە. هەوەها ئەو شیوئیەی دوێنێ جنێوی ئەدا بە کوردو کوردستان، ئەمڕۆ فەرمانی لەسەرەوە بۆ دەرچوە کە جلکی کوردی لەبەربکاو باسی کوردایەتیبکا، کەچی ئەمیش ئەڵێ: ئۆخەی دەنگ مەکە، ئەوا شیوئیەکانیش باشبون!. یا جاری وا هەیە ئەڵێ: شیوئیەکانی ئێراك شیوئیی تەواونین. لە کاتێکدا ئەگەر بیروباوەڕێکی نەتەوەیی رێکوپێکخراوی هەبوایەو هەمو شتێکی هەر بەوە بپێوایە، ئەیزانی شیوئی هەر شیوئیەو لە هەمو شوێنو کاتێکدا هەر یەکەو تەنیا

ئەوەیە جاروبار بە پێی سودو بەرژەوەندیی خۆیان تاکتیکیان ئەگۆڕێ. هەروەها هەندێك لەو زۆرداره خوێنمژانەی کە لەسەر هسابی چەوساندنەوەی هەژاران‌و لێقەوماوانی کورد بونە ملیۆنێرو خاوەنی کۆشك‌و تەلارو زەوی‌وزار، لە کاتێکدا کە بەرژەوەندیان پاش ١٤ی تەموز بە دەستی شیوئیەکان کەوتە خەتەرەوە، دەستیان کرد بە "کورد کوردێنە". کەچی زۆر کوردی ساویلکەی لە گوێی گادا نوستوی عاتیفی، باوەڕیان پێکردبون. لە کاتێکدا ئەگەر بیروباوڕێکی رێکخراو هەبوایەو شتی پێ بپێورایە، ئەیانزانی کە کوردایەتی مانای دەست هەڵگرتنە لە بەرژەوەندیی خۆیی، نەك چەوساندنەوەی خەڵکی‌و خوێنمژینیان. ئەو کاتە باوەڕیان بە مانەش نەئەکرد. هەروەها زۆرجاربوە دەوڵەتە ئیستیئماریە گەورەکان‌و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە مەرامی کاری خۆیان، ناوبەناوێك ناوێکی کوردیان بردوەو ئەیبەن، کەچی ئەوەتا ئەبینین زۆر کەس لە خۆشیاندا هەڵ ئەپەڕن. لە کاتێکدا ئەگەر بیرباوەڕێکی رێکخراو هەبوایەو شتی پێ بپێورایە، ئەزانرا کە گورگ‌و مەڕ هەرگیز نابنە دۆست‌و براو کەسیش بە خۆڕایی بە ئێمە ناڵێ سڵاو. ئەمجا تاقیکردنەوەی زۆرو بۆنەهاتنی زۆریش، وای لەکورد کردوە کە بەجارێك باوەڕی بەخۆی نەمێنی‌و وا بزانێ نەتەوەیەکە خوا دروستی کردوە بۆ خزمەتکاری‌و لەمەوە هەزارەها قسەی پڕوپوچ‌و بێ مانا داهێنراوە وەك "کورد کورتە"و "کورد هەرگیز نابێ بە هیچ"و ...هتد.

جێ پێی کاری بیروباوەڕی بێگانە بۆسەر هەست‌و هۆشی کورد، بە ئەندازەیەك قوڵە، هەرچی شانازیەکانی رابوردوی خۆی هەیە، بە هی بێگانەی ئەزانێ‌و بێزیان لێ ئەکاتەوە. تەنانەت ئەو پەیکەرو ئابیدانەی کە لە هەمو میراتێکی کۆنماندا تەنیا ئەوەمان بەسەر چیاو کێوە سەرکەشەکانی کوردستانەوە بۆماوەتەوە، ئەم لە باتی پاراستن‌و پەند لێ وەرگرتنیان، ئەیەوێ هەر بەجارێ لەناویانبەرێ. بەڵام لەبەرئەوەی دەست نایانگاتێ لەتوپەتیان کا، لە دورەوە بە گولـلە سەروگوێلاکیان ئەشکێنێ‌و ئەگەر پێتوت:ئەوە بۆچی وائەکەیت؟، ئەڵێ: "جا قەی چێکا بیم وەسیاقەت خۆ گاور کردە!". ئافەرین، دەستکردی باوباپیری خۆی بە هی بێگانەو

**گاورکرد ئەزانێ‌و باوباپیریشی بە کافر. ناهەقی نیە، چونکە دەردەدارەو بنچینەی ڕاستی دەردەکەش ئەوەیە بیرباوەڕێکی شۆڕشگێڕی کوردانەی نیە کە ببێتە چرا بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی ژیانی‌و محەکی تاقیکردەنەوەی زێڕو زەرد بۆی. ئا لێرەدا ئەبێ بزانین ئەم بیروباوەڕانە کە بە درێژایی چەند چەرخێکی دورودرێژ کاریان کردوەتە سەر نەفسیەت‌و هەست‌و هۆشی کورد، دیارە هەروا بە ئاسانی لاناچن. بەڵکو پێویستە بیروباوەڕی کاژیکی ماوەیەکی چاکی بەدەستەوە بێ، هەتا بتوانێ خۆی جێگیر بکا لە هەمو گۆشەیەکی ژیانی نەتەوەکەمانداو هەمو بیروباوەڕێکی بێگانە شاربەدەربکا[1].**

## 4- کاژیك‌و دادی کۆمەڵایەتی

**دوەمین دروشمی کاژیك "یەکسانی بۆ گەل"ە. ئێمە بیروباوەڕمان لە بنچینەدا لەسەر بەردی پتەوو بەهێزی "دادی کۆمەڵایەتی" دامەزراوە. کە واش ئەڵێین لەبەر ئەوە نایلێین دەستی کەسی پێ ببڕین یا هیچ کەسێکی ساویلکەی دڵسۆزی پێ هەڵخەڵەتێنین وەك شیوئیە کان. نەخێر، هەرگیز ئێمە ئەوە نین لافی شتێك لێبدەین کە لێوەی دوربین. دیسان ئەوەش ئێمە نین کە لە ترسی شیوئیەکان بلێین "سۆسیالیستین". نەء. ئێمە هیچ دەمێك شتێك نالێین کە باوەڕمان پێی نەبێ‌و بەڕاستی نەزانین. با خەڵکیش لێمان زیز بێ‌و نەیەتە ریزەکانمانەوە. یان بکەوێتە**

[1]- لێرەدا ئەم پرسیارە: خۆ بیروباوەڕی کاژیک نزیکەی 70 ساڵە لەئارادایە، ئەی بۆچی ئامانجەکانی نەپێکاوە!؟ لەوەڵامدا: چونکە کاژیک، بەربەرەکانییەکی زۆر سەخت ئەکراو بواریشی بۆنەڕەخسا بەئاشکرا کاربکاو بیروباوەڕەکانی بەڕەهایی بگەیەنێتە جەماوەری کورد، ئەوەی کرا، تەنیا گۆڕانکارییەکی زۆر کەمبو لەهزری هەندێ کەسی کەمدا. بۆنمونە: ئەم کاژیکنامەیە، هەزاران کەس بەئاواتەوەبون بیبینن، بەڵام نەئەگەیشتە دەستیان، لەبەرئەوەی سەرەتا بەدەسخەت چەن ژمارەیەکی لەبەرئەنوسرایەوەو لەناو ژمارەیەکی کەم لەهاوبیرانیشدا بڵاوئەکرایەوە. هۆی ئەوەش ئەوەبو کاژیک خۆی دەزگایەکی چاپەمەنیی نەبو، هیچ چاپخانەیەکیش زاتی ئەوەی نەئەکرد چاپیبکا. زیادەڕۆیینیە ئەگەر بڵێم زوربەی هاوبیرانی کاژیک، خۆیشیان، ئەمە یەکەمجارە ئەم کاژیکنامەیە ئەبینن!. چاپی یەکەم بە تایپ بو بەیەک دانە، ئەوانیتری بەدەسخەت!. چاپی دوەمو سێیەمیش لەئەڵمانیا کراو نەگەیشتنە کوردستان. هەمو چالاکییە هزری‌و کردەییەکانیتریشی، هەر بەوجۆرەبو.سەبارەت ئەو کۆسپانەیتر کە هاتنە رێگەی کاژیک، لەپەرتوکی یادەکانمدا بەدرێژی دواوم. بەهیوام بەچاپ بگەیەنرێ– کامیل ژیر.

لێخوێندنو بەربەرەکانیمان. ئێمە لە هیچ کاتێکدا راگرتنی دڵی خەڵکی ناگەیەنینە رادەی ئەوەی مویەك لە گیانی ئایدۆلۆجیمان لار بکاتەوە. ئێمە کە ئەڵێین باوەڕمان بە سۆسیالیزمێکی کوردانە هەیە، تەنیا لەبەر ئەوە ئەیلێین کە باوەڕمان پێیەتیو پێمان وایە کۆمەڵگای کورد تاکە یەکە کۆمەڵگایە هەمو گیروگرفتەکانی لە بنچینەدا بچنەوە سەریەك بنەڕەت. لەبەرئەوە ناتوانین باس لە رزگاریی سیاسی کورد بکەین تا باس لە رزگارییئابوریو خوێندەواریو کۆمەڵایەتیشی نەکەین.

ئەمجا بۆ ئەوەی هەمو کوردێك بتوانێ چی لەباردایە بیخاتە بەردەستی نەتەوەکەیو لەرێگەی ئەوەوە خزمەتی ئادەمیزادیش بکا، پێویستە هیچ جۆرە تەگەرەیەکی وای نەهێنرێتە رێ کە ببێتە هۆی وەستاندنی تەوژمی داهێنانی بەکەڵك. کەواتە ئەبێ هەمو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگایە لە بەکارهێنانی خێروبێری ئەم وڵاتەدا بەشداربێ، بۆئەوەی بتوانێ هێزە شاراوەکانی خۆی بخاتە کاروبەپێی توانستی خۆی لەم رێگەیەوە گەورەترین بەش خزمەتو بەروبوم پێشکەش بە نەتەوەکەی بکا. ئەمەش بەوە ئەبێ کە رێی خەڵك دادۆشینو چەوساندنەوەی چینایەتیو روتاندنەوەی رەنجکێش بە هیچ جۆرێ نەهێڵرێو رێی هەمو ئیشکەرێك بدرێ کە بەری رەنجی خۆی بۆ خۆی بەرێ، بێ ئەوەی کەس لێی زەوت بکا، تا گیانی هەوڵو تێکۆشانو خۆڕەتاندنو خۆماندوکردنی تێدا نەمرێو هۆی ئەم خۆڕەتاندنو خۆماندوکردنەش ببەسترێ بەهەستی نەتەوەییەوەو بەجۆرێکی وا پەروەردە بکرێ کە گیانی خۆپەرستیو خۆویستی تێدا کەم بکرێتەوەو بخرێتە سەر رێی فیداکارێتیو دەست لە بەرژەوەندیی خۆ هەڵگرتن لە پێناوی بەرژەوەندیی بیروباوەڕی نەتەوەکەیدا.

بەڵام دیسانەوە نابێ لەمە وا تێبگەین کە ئەمانەوێ سۆسیالیزمی شیوئیانە بهێنینو بەسەر کۆمەڵگای کوردا بیسەپێنین. یان رژێمێکی سۆسیالیستانەیتر لە بێگانەیەکیترەوە وەرگرینو کوتومت بیسەپێنین! یا وەك هەندێك کۆمەڵێتر بچین لاسایی هەندێك رژێمی بێگانە بکەینەوە. نەخێر ئەم سۆسیالیزمەی ئێمە باسی

ئەکەین بەتەواوی پڕبەپێستی نەتەوەکەمانە. چونکە لەناو جەرگەی ویستەمەنیو هەڵکەوتی نەتەوەکەمانو وڵاتەکەمانەوە وەرمانگرتوە. بۆیە بە خۆمانی وا رەوا ئەبینین کە ناوی بنێین "سۆسیالیزمی کاژیکانە".

راستیەکەی ئێمە سۆسیالیزم بە ئامانج نازانین وەك مارکسیەکان! تا لە پێناوی پێگەیشتنیدا هەمو پیرۆزمەنیەکانی نەتەوەکەمان بخەینە ژێر پێو وابزانین بزوتنەوەی نەتەوەیی هۆیەکە بۆگەیشتنە ئەو ئامانجە. سۆسیالیزم بەلای ئێمەوە هۆیەکە بۆئەوەی هەمو ئەندامێکی کۆمەڵگای کورد بتوانێ بەهەمو هێزێکی خۆیەوە زیاترینو پوختترین بەرهەم پێشکەش بەنەتەوەکەی بکاو لەو رێگەیەوە کورد بکاتە هاوبەشی لە پێشخستنی شارستانێتیو کولتوری جیهاندا. ئەگینا هەمو رژێمێك کە لە دەرەوە هێنرابێو هەندێ کەس بیانەوێ بە زۆری زۆردارەکی بیسەپێنن بەسەر نەتەوەکەماندا، ئێمە زۆر بە توندی بەرەنگاری ئەوەستینو ئەوانەی پروپاگەندەی بۆ ئەکەن بە نۆکەرو بێگانە پەرستیان ئەدەینە قەڵەم. بەڵام ئەمە مانای وانیە کە ئێمە هیچ کەڵکێك لە زادەی بیری بێگانە وەرناگرینو هەرچیەك بێگانە بێو رومان تێبکا، شاربەدەری ئەکەین. نەخێر، ئەوەی لە بێگانەوە بۆمانبێو نەبێتە هۆی شێواندنی بنچینەی بیروباوەڕی نەتەوەییمان وەك بیردۆزی بیرکاریو کیمیاو پیشەسازیو داهێنراوەکانی پزیشکی، ئێمە وەریان ئەگرین. لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە نەتەوەی بلیمەتی کورد، ئەگەر رێگەی بیروباوەڕی کاژیکانەی گرت، ئەوەندەی لەباردا هەیە کە بتوانێ شتی تازە دابهێنێو لە داهێناندا پێشڕەوبێو ئەگەر شتێکیشی لە خەڵکەوە وەرگرت گیانێکی کوردانەی بکا بەبەردا. لەبەرئەوە هیچ پێویستی بەوە نیە هەر دەست لە خەڵکی پانکاتەوە. کەواتە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا سۆسیالیزمێکی تایبەتیەو هەر بۆخۆمانو هی وەك خۆمان دەست ئەدا، بۆیە پێی ئەڵێین "سۆسیالیزمی کوردی".

هەرچەندە لێرەدا ناتوانین بە دورودرێژی لەم سۆسیالیزمە کوردیە بدوێین، بەڵام ناچارین هەرئەبێ هەندێك هێڵی درشتی بخەینە رو، وەك: "دابەشکردنی

زەوی‌وزار بەسەر جوتیاراندا بەپێی دەسەڵاتیان لەبەرهەمهێناندا‌و لە ریشەوە هەڵکەندنی رژێمی دەرەبەگێتی. سنوردانان بۆ هەمو ملکیەتێکی تایبەتی لەسەر بنچینەی ئەوەی کە مولکیەتێکی تایبەتی (نقدی‌و عینی) نابێ بگاتە ئەندازەی (ئیستغلال). هەروەها خۆماڵیکردن (تأمیم)ی کارگەو پڕۆژە گەورەکان‌و پشتگیریکردنی پڕۆژە تاکی(فەردی)یە بچوکەکان کە نابنە هۆی ئیستغلال‌و نەهێشتنی هەمو جۆرە قۆرخکردن (احتکار)و وەبەرهێنان (استثمار)ێکی چینایەتی. گشتیکردنی هۆی بەرهەم هێنان بۆهەمو کەسێك کە بتوانێ بۆسودی گشتی‌و خۆی بەکاری بهێنێ‌و ماوەدان بە دروستبونی سەندیکای پیشەیی لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی. جگە لەوەش، خۆماڵیکردنی پیشەی پزیشکی‌و کردنی خوێندنی سەرەتایی بە خوێندنێکی زۆرەملێ‌و خۆڕایی‌و دانانی لایەنی هەرەکەم بۆ ژیان بە ئامادەکردنی نان‌و جلوبەرگ‌و داڵدە بۆهەمو ئەندامێکی کۆمەڵگاو مسۆگەرکردنەی یارمەتی‌و دەستگیرۆ کردنی خەڵکی لە کاتی پیربون‌و نەخۆشیدا. هەروەها پەروەردەکردنی هەمو توانایەکی تاکیی بەکەڵك‌و دانی مافی کاردکردن بە هەمو کەسێك‌و بایەخدان بە ئارەزوو توانست‌و لێهاتنی هەمو ئیشکەرێك‌و کردنی نەریتی سوپایی بە نەریتێکی زۆرەملی‌و هاوبەشکردنی ئافرەت لە بەڕێوەبردنی کاروباری ژیاندا.

## 5- پێویستیی بونی کاژێك

وەك لەمەوپێش وتمان ئەو هیزبانەی کە تا ئێستا لە کوردستاندا دروستبون، هیچیان لەسەر بناغەی بیرباوەڕێکی نەتەوەیی رەسەنی رێکخراو دانەمەزراون. بۆیە هیچ کامێکیان نەیانتوانیوە شۆڕشێکی هزری بەرپابکەن‌و لە ئەنجامدا بگەنە ئامانج. چونکە هەمویان هەر لەسەر بنچینەی سۆزو دەستکەوتی تایبەتی چەند کەسێك فەرمانیان داوە بەسەر کارەسات‌و کاروباری رۆژگاردا. هەر لەبەرئەمەشە کە زۆریان تەمەن کورت‌و هەر لەیەکەم جەزرەبەدا چونەتە ریزی نەبوان. خۆ ئەوانەی ماویشن

تەنیا یەك دو پایەی قرچۆكیان پێوە ماوەو هاكا كەوتن[1].

دە هەرلەبەرئەم هۆیەشە كە هەمو بزوتنەوەو شۆڕشێك كە ئەو هێزبانە بەرپایان كردوە، سەریان نەگرتوە. چونكە ئەو بزوتنەوانە هەمو لەسەر بنچینەی سۆزێكی وەختی بون، نەك بیروباوەڕ. لەبەرئەوە، كە سەرۆكەكانی كوژراون یا رەهەندەكراون، بزوتنەوەكە ئەو خۆراكە گیانیەی لێ براوە كە بزوتنەوەیەكی رەسەن هەمیشە دەستی ئەكەوێو لەسەرچاوەی بیروباوەڕەكەیەوە ئەیمژێ. لەبەرئەوە پەكی كەوتوەو بەجارێك كوژاوەتەوە. هەندێك هێزبیتر بونو هەن بیروباوەڕو فەلسەفەكەیان خۆیی نەبوەوەو نیە. بەڵكو لە بێگانەوە وەریانگرتوە. لەبەرئەوە، زۆرجار كە سەری لوتیان بەر بەردی هەڵكەوت(واقیع)ی نەتەوەیی كەوتوە، ناچاربون رێبازی خۆیان بگۆڕنو بكەونە راڕاییو هەندێك دروشم بە كوتوپڕی هەڵگرنو واز لە هەندێكی تریش بهێننو هەندێ جاریش ناچاربن دەستكاری پرۆگرام بكەن. لەبەرئەوە خەڵكی باوەڕی پێیان نەماوەو لەمەشەوە یەكێتیی بیریان لێكهەڵوەشاوەو لە ئەنجامدا بە جارێ لێكرەویونەتەوەو بونەتە وانەی رۆژگار. یا ماون، بەڵام بون بە پەنگ. كەواتە ئەو جێ چۆڵیە بیروباوەڕانەیەی كە لە ژیانی كوردەواریدا هەر لە كۆنەوە بوە، ئێستاش هەرهەیەو ماوەو دەمی داپچڕیوە بۆقۆزتنەوەی هەمو بیروباوەڕێكیتر كە پڕی بكاتەوە. بە تایبەتی لەم رۆژانی دواییەدا كە لە ئەنجامی تاقیكردنەوەیەكی زۆر سەختەوە خەڵكی كوردستان بۆیاندەركەوت كە بیروباوەڕی شیوئێتیش وەك بیروباوەڕە بێگانەكانیتر، هیچ دادێكی كورد نادات. لەبەرئەوە وا خەریكن لێی پاشگەزئەبنەوەو ئەگەڕێن بە دوای بیروباوەڕێكیتردا كە ئەگەر بێتو ئەمجارەش هەر هی بێگانە بێ، دیارە چارەنوسی ئەویش لە جارەنوسی خەلافەتبازی

---

[1]- ئەم پێشبینییە، لەماوەی 60 ساڵی رابوردودا، لەباشوری كوردستاندا، هاتەدی. هیزبی شیوئی، ئێوەخۆش، مەگەر شوێنەوارێكی كەمی نەبێ. پارتی، بو بەچەن كەرتێكەوە. هەركەرتەو چەن كەرتێكی لێكەوتەوە. ئێستا هیزبایەتی بۆتە هەمامۆكێی منداڵان كە هەر ماوەیەكو هیزبێكی تازە وەك قارچك هەڵئەتۆقێ! ئەوەشی نوزەیەكی لەبەردا هێشتونەتەوە، تەنیا كاری مافیاییە بۆگیرفان. هەمویان دورن لە بیروباوەڕێكی نەتەوەیی ئەوتۆ كە چاوەڕوانیی رزگاركردنی كوردیان لێبكرێ- كامیل ژیر.

ئوسمانلیو دیموکراتێتی ئینگلیزیو شیوئێتی نانەتەوەیی باشتر نابێ.

لەبەر ئەم هۆیانە، دامەزراندنی دامودەزگایەکی باوەڕدار(عقائدی) بەهێز کە بیروباوەڕەکەی لە ناوجەرگەی بەرژەوەندیو هەلّکەوتیکوردەوە هەڵهێنجابێو لە جەوهەرو قاڵبدا هەر کوردانە بێ، شتێکی زۆر پێویستە بۆئەوەی شۆڕشێکی فیکری وا بەرپا بکا کە بە جارێ میلەتی کورد راچڵەکێنێو هۆشیاری بکاتەوەو ئەو چڵكو پیسیەی دەوری کانگای بلیمەتیی کوردی گرتوە، رای ماڵێ تا بە پاكو خاوێنیو باری راستەقینەی خۆی لە شوێنی خۆیدا دابنێ. واتا لە ریزەکانی پێشەوەی کاروانی ئادەمیزادا بۆئەوەی ئەو دەورە مێژوییەی پێی سپێردراوە بیگەیەنێتە ئەنجام.

## 6- کاژێكو دەوڵەت

دەوڵەت بەلای ئێمەوە دەزگایەکە بۆ پەروەردەکردنی نەتەوەکەمان لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی کاژیکیو گەیاندنی پەیامە مێژوییەکەمان بە جیهان.
لەبەرئەوە، دەوڵەت بە کوتەکی دەستی هیچ چینێك نازانین. چونکە بیروباوەڕەکەمان بە تەنیا بیروباوەڕی هیچ چینێك نیە. هەمو کەسێك کە لەم بۆتەیەدا بتوێتەوە، ئەتوانێ بێتە (کاژیك)ەوە. کەواتە دەوڵەتی ئێمە دەوڵەتێکی کاژیکیە، واتا باوەڕدار (عقائدی)یە. لەبەرئەوە، ئێمە دڵ بەهیچ جۆرە دەوڵەتێکیتری هەڕەمەیی، یا شیوئی، یا دەستکردی بێگانە خۆشناکەین.

## 7- پوختەی بیروباوەڕی کاژیك

یەکالاکردنەوەو خستنە بەرچاوی بیروباوەڕی کاژیکی لەهەمولایەکەوە، پێویستی بەگەلێ کتێبو نامیلکەو وتارهەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەرخستنی هەندێك لەبنەماسەرەکیەکانی کاژیك لێرەدا شتێکی زۆر پێویستە:

1) کاژیك باوەڕی بەوەیە کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی بلیمەتو رابوردورۆشنو دامەزرێنەری کولتورو شارستانێتی بەناوبانگبوە. هەروەها لە مەیدانی

سروشتی بەرزی وەك مەردایەتیو ئازایەتیو وەفاداریو خۆنەویستیدا، بێ هاوتا بوە. ئەم نەتەوەیە هەرلە کۆنەوە پەیامێکی مێژویی هەبوە کە بیگەیەنێتە جیهان. هەڵگری ئەم پەیامە یەزدانیە لە دەورانی کۆندا، پێشڕەوی مەزن "زەردەشت" بوە. بەڵام هەندێ کارەساتی تایبەتی بەرگێکی بێگانەی کردوە بەبەر ئەو پەیامەداو لەهەمان کاتدا کانگای بلیمەتی ئەم نەتەوەیەی شاردۆتەوە. لەبەرئەوە پێویستی بە راچڵەکینو خۆشەکاندنێك هەیە تا ئەو بەرگە پیسە لەبەرخۆی داکەنێو بچێتە شوێنی خۆی لە ریزەکانی پێشەوەی کاروانیگەلانداو پاشماوەی ئەو پەیامە نەمرە لە شێوەیەکی مۆدێرندا بە نەوەی مرۆڤ بگەیەنێ.

**2**) کورد لەبەرئەوەی دەمێکە بیروباوەڕێکی نەتەوەیی خۆی نیە، جێگەیەکی چۆڵ کەوتوەتە ژیانی کوردەوارییەوەو هەتا ئێستە ئەو جێ چۆڵیە بە چەند بیروباوەڕێکی بێگانە پڕبوەتەوە. بەڵام ئەو بیروباوەڕانە چونکە خۆیی نەبون، کوردیان نەگەیاندوەتە ئامانج. لەبەرئەوە پێویستە لە رێگەی بیروباوەڕێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕەوە، ئەو بۆشاییە بیروباوەڕانەیە پڕبکرێتەوەو ئەو شۆڕشە فیکرییە بەرپا بکرێ. هەر بیروباوەڕێکیش خۆیی نەبێ، کاژیك بەربەرەکانیی ئەکات.

**3**) کاژیك پێیوایە دەردەکانی کورد هەمو ئەچنەوە سەر یەك بنچینەو ئەبێ لە بنەڕەتەوە تیماربکرێن. لەبەرئەوە بڕوای تەنیا بەو چارەسەرکردنەیە کە ئەگاتەوە سەر رەگورِیشە. کەواتە بڕوای بە هیچ چارەسەرێکی وەختیو روکەش نیە. هەر لەبەرئەوەیە بڕوای تەنیا بە بەکارهێنانی هێزەو بە هیچ جۆرێك بە کرداری رواڵەتانەو کەموکورتو نیوەناچڵی وەك نوێنەر هەڵبژاردن بۆپەرلەمانی بێگانانو نوسینی پڕۆتستۆنامەو ئیمزاکۆکردنەوەو متامنەکردن بە "سەربەستی دیموکراسیانە" نیە. چونکە پێی وایە هەمو مافێك کە بە زۆر زەوت کرابێ هەر بە زۆر ئەسێنرێتەوە.

**4**) کاژیك داگیرکەرانی کوردستان هەمو، بەیەك چاو تەماشا ئەکاو کوردستان تەنیا بە موڵکی کورد ئەزانێو ئەبێ کورد هەر خۆی فەرمانڕەوا بێ لە کوردستاندا. لەبەرئەوە بڕوای بەو برایەتیە درۆزنەیە نیە کە لە رێگەیەوە سەروەتو سامانی بە

تالآن ئەبرێو له كەمترین مافی مرۆڤانه بێ بەش ئەكرێ. لەبەرئەوه فەرمانڕەوایی هەمو ناكوردێك بەسەر كوردستاندا بە كارێكی ناڕەوا ئەزانێ.

**5)** كورد خۆی خۆی رزگار ئەكا له رێی بیروباوەڕی پاكی كوردایەتییەوه. لەبەرئەوه كاژێك هەر پشت بە كورد ئەبەستێو بڕوا بە هیچ بێگانەیەك ناكاو هەر كەسێ بلێ "بیگانه كورد رزگار ئەكا" یان به ساویلكه یان به دوژمنی دائەنێ. چونكه ئاشكرایه كه بێگانەیەك دەوڵەت بۆ كورد دروست بكا له هیچه زۆر به ئاسانی لێشی ئەسێنێتەوه.

**6)** كاژێك رێزی هەمو نەتەوەیەك ئەگرێ بەو مەرجەی مرخیان خۆشنەكەنلەسامانی كوردستان. هەروەها به تەماشنیه كه ئەو كەمه نەتەوانه بتوێنێتەوه كه له كوردستاندان بەو مەرجەی ناپاكی لەگەڵ كوردو بیروباوەڕی كاژێكدا نەكەن.

**7)** كاژێك هیزبی چینێكی تایبەتی نیەو بڕوای به ئیمتیازاتی چینایەتیو بنەماڵەیی نیەو تەنیا بڕوای به جیاوازی مێشكو لەش هەیه. لەبەرئەوه، بەربەرەكانێی هەمو جۆره (استغلالو احتكار)ێك ئەكا، واتا له باری سەرنجی ئابوریەوه، هیزبێكی سۆسیالیستانەیەو باوەڕی تەواوی به دادی كۆمەڵایەتی هەیه.

**8)** كاژێك زۆر به توندی ئەوەستێ بەرامبەر بەستنەوەی ئابوریی كوردستان به ئابوریی وڵاته داگیركەرەكانەوەو هیچ جۆره پێشكەوتنێكی ئابوریانەی ناوێ كه له سەر سودیگیرفانو بنكەی بێگانانبێ له كوردستاندا.

**9)** دەوڵەت بەلای كاژێكەوه دامودەزگایەكه بۆپێگەیاندنی نەتەوەكەمان لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی كاژێكانەو گەیاندنی پەیامه مێژوییەكەمان به هاونەژادانو تەواوی جیهان. كاژێك دان به هیچ چەشنه دەوڵەتێكی تردا نانێ.

**زانیاریی زیاتر لەسەر کاژیك**

**1-کۆمەڵەیەکبو لەسەر بناغەیەکی هزریو فەلسەفیی پتەو دامەزرابو، دوای ساڵانێکیش، لەگەڵ پارتی گەلی کورد یەکیگرتو زنجیرەی ڕێکخستنەکانیان بەیەکدی موتوربەکران. بەو یەکگرتنەش، کاژیك لەڕوی چەندێتییەوە پەرەیسەند، بەڵام لەڕوی چونیەتییەوە دایە دواوە! ئەوەش بەهۆی روداوی بەدناوی کانی ماسییەوە!. ئەو روداوە، گەرچی کردەوەیەکی شێتانەو تاکڕەوانەبوەو بەباوەڕی من دەستی هیچ هیزبو ڕێکخراوێکی سیاسیی لەدواوەنەبوە، بەڵام لەسەر کاژیك زۆرکەوت، چونکە هەر لەوساڵی یەکگرتنەدا 1964 ئەو روداوە رویدا. هەنێ لەئەنجامدەرانی روداوەکەش، پێشتر پەیوەندیی دو جەمسەریان بەپارتی دیموکراتو بەپارتی گەلیشەوە هەبوە.**

**2-ئێستە، دوای تێپەڕبونی زیاتر لەنیو چەرخ بەسەر ئەو یەکگرتنەدا، تازەبەتازە ئەبدولا ئاگرین شەڕە زرتانێیەکی گوماناویی بۆئەو یەکگرتنە دروستئەکا بێئەوەی شەڕێکی لەوجۆرە لەنێوانیانا پێشتر بونی هەبوبێ!! لەکاتێکا ئێستە، وەك ڕێکخستن، هیچیان لەچالاکیا نینو زوربەی ئەندامەکانیشیان لەژیانا نەماون!. بۆیە بەپێویستی ئەزانین ئەو شەڕە خەیالییە کەئەبدوڵا ئاگرین لەپەرتوکێکا بەناوی (مێژووی شکۆداری کاژیك) 2015 بەرپایکردوە، بەتاڵکەینەوە، بەپیشاندانی راستییەکان:**

**دروشمی (کوردستان بۆکورد-یەکسانی بۆ گەل) لەسەر دەسنوسەکانی کاژیکنامەو لەسەر نامیلکەی بەتایپ چاپکراوی کاژیکنامە لە 1961دا چەسپێنراوە. ئەوە تاپۆی ئەودروشمەیە. ئیتر چۆن بەوتەیەکی بێبنەماو بێبەڵگەی ئەبدوڵا ئاگرین، ئەو دروشمە ئەکرێ بەهی ئەو پارتی گەلەی1963، یا 1962، یا 1961 دامەزراوە بە 3 قسەی دژیەکی ئەبدولا خۆی کەهەرجارەی بەرواریێك فرێئەدا لەو پەرتوکەیدا!!**

**سەرکردایەتی کاژیك، هیچکات خۆی لەبەرپرسیارێتی نەبوردوەو هەمیشە سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵبوە. لەهیچ رۆژێکا، سەرۆك یاسکرتێر یاکەسی یەکەمی نەبوە. ئەوەش نهێنیی مانەوەیانبوە بەگونجاویو بەیەکدەنگی. بائاگرینو کەسیتریش**

**ئێستە شوێن زرەخەیاڵ نەکەونو خۆیان بەو پۆستانەوە هەڵنەکێشن کەبەخەویش نەیاندیون.**

**تاوانی وێرانکردنو لەبەریەکهەڵوەشاننەوەی رێکخستنەکانی کاژیك، ناچێتە ئەستۆی ئەو سێوچوار پەڕە کاغەزە شڕەی لە 21و 25 /1975/1دا بەداڕشتنێکی لاوازو نەخوێندەوارانە، لەلایەن (دو کەسی لاوەکییەوە، شێرکۆی هەاژارو ئازاد مستەفا ، بڵاوکراوەتەوە کەهیچ پلەو پایەیەکی بەرزیان لەرێکخستنەکانی کاژیکا نەبوە)و هەر دوای ئەوبەروارەش، هەریەکەیان بەلایەکا بڵاوەیکردوە. راستییەکەی، چەن ساڵێ پێش ئەو دو پەڕەکاغەزەو پێش کۆنفرانسی نەغەدەش، هەریەك لەهیزبەکانی ناوکوردستان، هەریەکەو بەجۆرێ، راستەوخۆ یالەڕێگەی هێڵی لاری خۆیانەوە، دژایەتیی کاژیکیانکردوە، یا هەوڵی کودەتایانداوە بەسەر سەرکردایەتیی کاژیکا، یا ریزەکانی رێکخستنی کاژیکیان شێواندوە بۆئەوەی کاژیك وێرانکەن، وەك لەم دیاردانەدا دەرئەکەوێ:**

**1-نامیلکەکەی هەمەی مەلاکەریم بەناونیشانی: (کوردایەتییەکەی کامیل ژیر لەژێر نەشتەری یەکالاکردنەوەدا1960) بەفەرمانی هیزبی شیوئیی ئیراکی، کەئەو دیوانی کوردایەتییە هیچ هێرشێکی بۆسەر هیزبی شیوئی تیانەبوە، تەنها رەنگدانەوەی بیروباوەڕێکی نەتەوەییبو.**

**2-گرتنی شێرکۆ بێکەسو لێدانو سوکایەتیپێکردنی لەبەکرەجۆ لەلایەن جەلالییەکانەوە کاتێ شێرکۆ بەرپرسی لقی سلێمانی کاژیکبو.**

**3-بەیانە پڕلەهێرشەکەی لقی چواری پارتی بەبەرواری 1964/9/25دژی کاژیك[1].**

---

[1]- **بڕوانە ل133 کاژیك پێشخانو پاشخان- د.جەمال نەبەز.**

**4**-هەوڵی سەپاننی تاوانی کوشتنی شیوئییەکان بەسەر کاژیکا بەناڕەوا ساڵی **1964** لەلایەن پارتیو شیوئییەوە.

**5**-هەڵوەشاننەوەی لیژنەی ناوچەی هەڵبژێردراوی پارتی لەسلێمانی ساڵی **1970**کە هاوبیرانی کاژیك، زۆرینەی دەنگیان هێنابو.

**6**-هیرشی چەکدارانەی جەلالییەکان بۆسەر پاسۆك لەشاخ رۆژی **1981/6/24** کە هەردو هاوبیر فارسو بێستونی تیا شەهیدکرا.

**7**-پیلانی کوشتنی **80** کاژیك لەلایەن پاراستنی پارتییەوە ساڵی**1975/1974**.

**8**-دو بڵاوکراوەکەی **21** و **1975/1//25** بەپشتگیریی قیادە مەرکەزیی هیزبی شیوئی ئیراکی کە چاپو رۆنیۆکەشی بۆکردونو بۆشیانبڵاوکردۆنەتەوە بەسەر خەڵکا! لەکاتێکا خۆیان چاپو رۆنیۆیان هەبوە![1]

**9**-پیلانو هەوڵی دەسبەسەراگرتن بەسەر سەرکردایەتیی کاژیکا لەلایەن دو (هێڵی لار)ی دو هیزبی کوردییەوە (پارتیو یەکێتی) هەر یەك بەجۆرێ، کە لەئەنجاما ئەو دو هێڵە لارە بەریەککەوتونو شۆرتێك لەنێوانیانا دروستبوەو دوایی کاسەکە بەسەر هەردو لایانا شکاوەتەوەو ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیانەوە بەجۆرێ کەهەوڵی ناوزڕاننو کوشتنی یەکدییانداوە. ئەو شەڕە هێڵی لارەش بۆتە هۆی تێکچونی شیرازەی ریزەکانی کاژیکو پچڕانی پەیوەنی لەگەڵ زوربەی ئەندامانا کەئەمەش وایکردوە ئەو ئەندامانەی کاژیك هەر یەکەو رێیەکیتر بگرێتەبەر، یا ساردبێتەوەو دانیشێ!. بەرپرسی لقی سلێمانیش (ئاگرین) هەمو ئەوانەی لەسەرکردایەتی کاژیك شاردۆتەوە!. سەرکردایەتییەکەش لەوکاتەدا، مابونەوە ژمارەیەکی کەمو بەناو شۆڕشی ئەیلولا بڵاوبوبونەوە دورلەیەکو بێئاگا لەو ئاژاوانە، تا لە سەرەتای پایزی **1974**دا کۆنفرانسی نەغەدە، لەپێناوی سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلولا، بریاری هەڵپساردنی هەنێ لەچالاکییەکانی کاژیکیداوە. دوای هەموئەوانە، ئەو سێوچوار پەڕە کاغەزەی

---

[1]- بڕوانە ل**182**-پەرتوکی گەڵاوەریوەکانی درەختی تەمەنم، چاپی**2018**

ناویاننا بەیانی 20و1975/1/25بڵاوکرایەوەو خۆشیان بڵاوەیانلێکردو هەرەسی شۆڕشی ئەیلولیشی بەسەراهات!.

شیاوی وتنە ئەو سێوچوار پەڕە کاغەزە، پێش ئەو دو بەرواره، لەلایەن 6 کەسەوە دانیشتنو ئامادەکاریی بۆکراوەو سپێردراوە بەشێرکۆی هەژار. بەڵام 4 لەو 6 کەسە (ئەهمەد سەلام، فەرهاد ئەبدولقادر، ئوسمان رەشیدو شێرزاد فاتیح) کە نوسینەکەیان بەوجۆرە گوماناوییە بینیوە، یەکسەر کشاونەتەوە، بەتایبەتی کەناوی هەنێ لەئەندامانی سەرکردایەتی کاژیکیان تیابردبو کە ئەوەش وەك ئەخبارییەیەکبو بۆئەوەی داگیرکەرانی کوردستان، ئەو سەرکردانەی کاژیك لەناوبەرن! دوایئەوە، شێرکۆو ئازادیش، هەریەك بەلایەکا بڵاوەیان لێکردوەو بیروباوەڕی کاژیکیش هەمیشە لەگەشەسەندنایە.

**<u>فاروقیش خۆی تێهەڵئەقورتێنێ</u>**

من لەکاتی نوسینی ئەم یادەوەریانەمابوم، فاروقی مەلا مستەفا، بیرەوەرییەکانی خۆی لەشوباتی 2017دا لەپەرتوکێکا بڵاوکردەوە کە:

لەلاپەڕە 123دا تاوانی کوشتنی ئوسمان سەیوانیو ئەوڕەهمانی ساڵهی خلە ئەخاتە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان!. هەر لەو لاپەڕەیەدا ئەڵێ ژمارەیەکی دیاری سەرکردەکانی کاژیك، کۆنە شیوعیبونو ئەوانەبون کەیا ئیعترافیان کردبو یاپاکانەیان بڵاوکردبوەو بەرەڵاکرابون!

لەوەڵاما ئەڵێم: لەناو دامەزرێنەرانی کاژیکدا تەنیا ژیرو هەردی پێشتر سەر بەحیزبی شیوعیبوین، هیچمان نە ئیعترافمان کردبو نە پاکانە. هەردی هەر زو وازی لەو هیزبەهێنا. منیش، لەسەردمی پاشایەتیدا هەر بەڕێگەی زیندانو نەفیکردنەوەبوم، لە1952وەوە چەندین جار زیندانی کراومو لەخوێندن پچڕاوم. لەگەڵ 39 قوتابیترا ساڵی1955/1954 نەفیکرام بۆ شوئەیبە، جارێکیش ئەمن

داوایلێکردم: یا واز لەوهیزبەبێنم یا پاکانەبکەم، لەبەرئەوەی هیچیانم نەکرد، سەرەتای ساڵی1957 نەفیانکردم بۆ ئەبوغرێبو تا کودەتاکەی قاسم لەوێ وەك دەسبەسەرو نەفیکراوێك مامەوە. ئنجا ئەم فاروقە پرۆلیتەرە تێکۆشەرە لەپێناوی دراوا، ئەگەر راستئەکا، با بەبەڵگەوە پێمان بڵێ کێوکێ لە سەرکردەکانی کاژیك ئیعتیرافیان کردوەو لەسەرکێ ئیعترافیانکردوە؟ یا کەیو لە چ رۆژنامەیەکا پاکانەیان بڵاوکردۆتەوە؟ سەیرە!! وەرە هەمەوەن نەگبەتیتبێو فاروقی مەلا تاقیبکەرتبێ!!

لەلاپەڕە 124دا فاروق ئەپرسێ: ئەی بۆچی کاژیك بەیاننامەیەکیان دەرنەکرد تاوانی کانی ماسی رسوابکەن؟

لەوەڵاما ئەڵێم: ئەم خەڕەکە زۆرجار لێئەدرێتەوە! سەرکردایەتی کاژیك گەلێ جار بەدەمی وتویانە: کەئێمە نەبوبین بۆچی شانی خۆمان ئارداوی بکەین!؟ خۆ ئەوەش ئاشکرایە کە لەبواری سیاسیا گەلێجار تاوانکار بەبەیانێك ویستویێتی تاوانەکە لەخۆی دورخاتەوە! یاوەك پەندێ ئەڵێ (ئەیکوژێو لەدوای تەرمەکەشیەوە ئەڕوا!).کەواتە بەدەرنەکردنی بەیانێکی لەوجۆرە، ئەو تاوانەی بە روداوی کانی ماسی ناوئەبرێ، ناچێتە ئەستۆی کاژیکەوە. جێی خۆیەتی لێرەدا بپرسین بۆچی فاروق بۆروداوی کانی ماسی دێتە دەنگ، بەڵام بۆروداوەکەی قڕناقاو پشتئاشان بێدەنگە کە 650شیوئیی تیاکوژرا!؟ هەروەها بۆتیرۆرکردنی دەیان کەسی وەك ئەبدولی سوران، نوری هەمە ئەلی، سدیقە فەنی، شەفیق ئاغا، ئەزیز خۆشناو، شێخ هەرسین، سەردەشت ئوسمان، ستار شەریف، سۆرانی مامە هەمە، تۆفیقی نوری بەگ، کاوە گەرمیانیو زۆریتر، دەمی خۆی داخستوە لەو بیرەوەریانەیدا!؟ ئەمە بانێك نیەو چەن هەوا!؟

دوایئەوە ئەڵێ: کاژیك هیچ رۆڵێکی ئیجابییان لەمێژوی بزوتنەوەی گەلی کوردا نەبوە!

بۆ وەڵامی ئەم قسەیە، کە بۆئەو نەهاتوە رۆڵی کاژیك یا هەر بزوتنەوەیەکیتری کوردی بنرخێنێ، ئەڵێم: کاژیك فەلسەفەو بیروباوەڕێکی تازەی

له ئاسۆی کوردایەتیا هێنایە ئاراوە کە تائێستا لەگەشەکردنێکی بەردەوامدایە. وەك سەربازێکی نادیاریش بەشداریی شۆڕشی ئەیلولی کرد. هیزی خەباتی ئەبرد بەرێوە. بەردەوام لاوانی بەبیری کوردایەتیو گیانی شۆڕشگێڕی پەروەردە ئەکردو ئەیناردن بۆناو هێزەکانی شۆڕش. دەیان شەهیدی بەخشی. زوربەی سەرکردەو کادرە پێشکەوتوەکانی کاژیك لەناو شۆڕشی ئەیلولا هەڵئەسوڕان. ئێستەش کاریگەریی کاژیك، بەپلەی یەکەم، چراوگی خواستی سەربەخۆیی کوردستانە. بۆ ئایندەش بەردی بناغەی ئازادی و یەکسانیی کوردە.

فاروق لەلاپەڕە **305**دا لایەنگیریی خۆی پیشان ئەدا بۆبەیانەکەی شێرکۆی هەژار کەناوی هەندێ لەسەرکردەکانی کاژیکی تیابوەو بە خائن ناویبردون!.

لەسەر ئەو بەیانە پڕوپوچە، کە فاروق لایبوە بە(ئایەتی پیرۆز!)و چاپو بڵاویکردوتەوە، هاوبیرانی کاژیك قسەی خۆیان کردوەو بایەخی پوشێکیان نە بۆ ئەو بەیانەو نە بۆ نوسەرەکەی، دانەناوە. من لێرەدا ئەڵێم: کەواتە فاروقیش شەریکبوە لەوەدا کە لەرێی ئەوبەیانەوە ناوی سەرکردەکانی کاژیك خراوەتە بەر چاوی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانو هەندێ لەهیزبەکانی ناوخۆش بۆئەوەی ئەو سەرکردانە لەناوبەرن! کە دیارە ئەوەش سیخوڕێتییە. ئنجا پشتگیریشی لەوەداکردوە کە وشەی خیانەت دراوەتە پاڵ ئەو سەرکردانە! ئەرێ خیانەت لەچی!؟ تۆ بڵێی ئەوانیش بەعس ناردبێتنیە ناو شۆڕشی ئەیلول بۆکۆکردنەوەی زانیاریو کاریترو دواییش پڕدۆلارکردنیانو ناردنیان بۆ گەشتی ئەوروپا وەك پاداشت!؟ ئاشکراشە هیچکامیش لەسەرکردەکانی کاژیك، نەبون بەخاوەنی کۆمپانیای مزگەری بۆسپیکردنەوەی پارەی نەوتی رەشی دزراوی کوردستان بۆ گەورەدزەکانی هەرێمو..تاد ئەمەیە کە ئەوترێ ئەگەر شەرمت نەکرد، چی ئەڵێی بیڵێ!.

## <u>هەولی کودەتا بەسەر سەرکردایەتیی کاژیکا</u>

ئەگەرێمەوە سەر هەوڵی پیلانی کودەتا بەسەر سەرکردایەتیی کاژیکا کە لەهەنێ بواریتریشا دەرئەکەوێ. لەوانە:

دو پەرتوکی ئەبدوڵا ئاگرین (لاپەڕەیەکی گەش لەمێژووی کاژیك چاپی 2013و مێژووی شکۆداری کاژیك چاپی 2015 ) کەتیایانا هاتوە گوایە کۆنگرەی خەیالیی ساڵی 1972 لەماڵەکەی ژیرداو دامەزراننی سەرکردایەتییەکی تازە بۆکاژیك بەقسەیەکی کامیل ژیر!؟ کەلەڕاستیا ئەو قسانە وەك چیرۆکی (بونە خەلیفە بەخەیاڵ) وایە! یاوەك بزڕکاننی نەخۆشێکی دەرونییە بەپۆستی سەرکردایەتییەوە! کە من چەنجار بەبەڵگەی سەلمێنەرەوە سەلمانومە: کۆنگرەی وا؟ بونی نەبوە! ئامادەم بەڵگەی زیاتریش پیشانبدەم. بەڵگەنەویستە کە ئەو کۆنگرەیە بونی نەبوبێ، هەمو ئەو بریارە خەیاڵیانەش کەبەناوی ئەو کۆنگرە خەیاڵییەوە ریزکراون لەو پەرتوکانەدا، هەرخەیاڵنو منیش توشی (دا ئو النسیان) نەبوم وەك ئاگرین ئەم بوختانە ئەکا!.

ئاگرین لەئیمەیلێکا بەبەرواری12/نۆڤەمبەر 2013 بۆیناردوم، ئاماژە بۆبەیانەکەی شێرکۆی هەژار ئەکاو ئەڵێ: ((ئەو جموجۆڵو چالاکییەی لەلایەن چەن گەنجێکی خوێنگەرمەوە بەناوی هاوبیریو کاژیکییەوە سەرکردایەتیی کاژیکیان پێدروستکرد چاوەڕوانکراوبو چونکە بیرۆکەو مەبەستو ئامانجی ئەو جموجۆڵەو چالاکییە، بیروڕاو بۆچونو پێشنیاری خودی خۆمبو بۆیەکەمجار بەرلەساڵی 1972 لای کاك شێرکۆی هەژار درکانمو تاووتوێمانکرد (ئەو) زۆر بەحەماسەتو شەوقو تینێکی ئاگراوییەوە پشتگیریی سەرجەم راوبۆچونەکانی کردمو لەو روەوە هەردوکمان جوڵەیەکی بزێوانەشمان بۆکرد!!! ئاکام وەك خۆمان ئەمانویست کورتی هێنا)).

ئەبدوڵا ئەمەی لەلاپەڕە69ی نامیلکەی یەکەمیشیا دوبارەکردۆتەوە. واتا ئەبدوڵا، بەدانپیانانی خۆی، یەکەم کەسێبوە لەناو کاژیك لەلای خۆیەوە هەوڵی کودەتاو کەرتکردنیداوە! شیرکۆی هەژارو ئازاد مستەفاو برادەرەکانیشیان لایخۆیانەوە هەمان هەوڵیانداوە، هەریەکەو بۆمەبەستێ، تا ئەو دو هەوڵە، وەك دو هێڵی سالیبو

موجەب، بەریەك كەوتونو شۆرتەكە دروستبوەو ئنجا بەربونەتە یەكدی لەناو خۆیانا.

ئاگرین لە دو پەرتوكەكەیدا ئەڵێ گوایە (بەقسەیەكی كامیل ژیر، مەكتەبی سیاسیی پاسۆك دامەزراوە!). راستە من ماوەیەك ئەندامی ئەو مەكتەب سیاسییەبوم، بەڵام لەڕاستیا من روم لێنرا بۆبەشداری لەومەكتەبەداو تەنیا وەك یارمەتییەكیش بۆپاسۆك، ئەو ئەندام مەكتەب سیاسییەم قبوڵكرد، چونكە دوای راپەڕین، كەپاسۆك گەڕایەوە بۆشار، نە مەكتەب سیاسیی هەبو، نە پێنوسێكی بەبڕشتیشی لەگەڵبو، بۆیە هاوكاریانم بەئەركێكی نەتەوەیی زانی لەو رۆژەداو ئەركی راگەیاننم گرتەدەس. زۆریشینەبرد، لەو مەكتەب سیاسییە كشامەوەو بەشداریی كۆنگرەكەی 1991/9/11ی پاسۆكیشم نەكرد. دواییش لەسەر داواو تكای مولازم كەریم، كە هاتەماڵمان، بەشداریی كۆنگرەی یەكگرتنمكرد. جائەگەر لەپرۆفایلی خۆما نوسیبێتم ماوەیەك لەمەكتەب سیاسیی پاسۆكابوم، درۆمنەكردوەو خۆشم پێوە هەڵنەكێشاوە!. ئەگەر ئەوە بەلای منەوە گرنگبوایە، وازملێنەئەهێناو لەئەنجامیشا ئەگەر پۆستێكی گەورەم پێنەدرایە، هیچنەبێ بەپلەی وەزیر خانەنشین ئەكرام وەك زۆرێك لەوانەی نە جێپەنجەیەكیان لەڕاژەی نەتەوەكەمانا دیارە، نە لەشارا رۆژێ زیندانیكراون، نە خەباتێكی ژێرزەمینیان هەبوە، نە لەشاخا گوللەیەكیان تەقانوە، كەچی بەپلەی وەزیرو گزیر خانەنشینكراون!. ئاخر كەسێ وەزیرنەبوبێ، چۆنو بە چ یاسایەك ئەبێ بەپلەی وەزیر خانەنشینكرێ!؟ تەنانەت وەزیرو پەرلەمانتاریش كەپۆستەكەیان تەواوئەبێ، ئەبێ بگەڕێنەوە سەر كارەكانی پێشویان تا ساڵانی خزمەت تەواوئەكەن بۆخانەنشینی. ئەوە یاسایە نەك قسەی من..

هەر بۆزانیاری، من بە سیفەتی ئەندام مەكتەبی سیاسیی پێشوی پاسۆك، نوسراوێكم بۆ بەڕێز ئاواتی شێخ جەناب نوسی بۆئەوەی موچەی خانەنشینی بۆ پێشمەرگە دێرینەكانی پاسۆك ببڕنەوە، ئەویش، بەسوپاسەوە، ئەو كارەی ئەنجامدا. ئنجا كاك ئاوات بە حاجی عەباسی سەرتاشی وتبو بۆچی بۆخۆی داوای هیچی

نەكردوە؟ وتم ئەگەر داوام بكردايە ئەوا بەپلەی وەزیر! وەك مەكتەب سیاسییەكانیتر خانەنشین ئەكرام، بەلاّم من ئەوە بەڕاستنازانمو ئەوە قبولّناكەم. سوپاسیش بۆكاك ئاوات.

من بۆ بەڕێوەبردنی رادیۆیەكی كوردی لەپاریس، سالّی **1962** لەلایەن كامەران بەدرخانو جەمال نەبەزەوە بانگكرام، نەك بۆ بژێویی خۆمو نەفەقەی خوێنن! وەك لەو دو پەرتوكەی ئاگرینا نوسراوە! منو نەبەزیش ئەو سەفەرەمان پێكەوەنەكردوە. كەرادیۆكەش سەرینەگرتو منو هاوبیر نەبەز لەسویسرە دەركراین بەپیلانی بالّیۆزی ئیراك! ئەو رویكردە ئەلّمانیاو منیش رومكردە كۆلێجی ماف لەشامو دوایی گەڕامەوە ولاّت .

دوای **1970/3/11** هەلّبژاردنێ لەسلێمانی بۆلیژنەی ناوچەی پارتی كرا، نەك بۆكۆنگرەی پارتی وەك ئاگرین ئەلّێ! ئەوەبو لەسەر داوای شوكری هەدیسی بەئسیو پارێزگاری سلێمانی، لقی چوار ئەو لیژنە هەلّبژێردراوەی هەلّوەشانەوە، چونكە هەمویان كاژیكبون. دوایی چەن كەسێكیتریان بەبێ هەلّبژاردن دانا بۆلیژنەی ناوچە. بەسەرۆكایەتی قادر جەباریش لیژنەیەكیان پێكهێنا بۆلێكۆلّینەوە لەوەی چۆن ئەو كاژیكانە هەلّبژێردران بۆناوچەی پارتی!؟ جەباریش بۆیدەركەوت: لەو سەرودەمەدا، بەزۆری، هەر كاژیكەكانی ناوشارو پێشمەرگەكانی هێزی خەبات لەنگەرێكی پارتیانگرتبو لەناوچەی سلێمانیا. ئەگینا پارتی لەسلێمانی كەسانێكی ئەوتۆی پێوەنەمابو لەوكاتەدا. ئەوەبو رۆژی یازدەی ئازاری **1970**ش، لەبێكەسییانو لەسەر داوای شێخ مهەمەدی هەرسین، هاوبیر تۆفیقی نوری بەگ بەناوی لقی چواری پارتییەوە بەیانەكەی لەبەردەركی سەرای سلێمانیا خوێنەوە!

چونی هەنێ هاوبیر بۆناو پارتیو رێكخراوەكانی، بەمەبەستی چەواشەكردنی رژێمو بلاّوكردنەوەی بیری كاژیكبوە، نەك وەك هێلّی لار! وەك ئاگرین ئەلّێ!. ئەوەش تەكتیكێكبو بەڕێنمایی سەركردایەتی. جگەلەوە، سەدان هاوبیری كاژیك بەشداریی شۆڕشی ئەیلولیانكرد وەك سەربازی نادیارو وەك ئەركێكی نەتەوەییو

دەیانیان شەهیدبون کەلەلیستی ناوەکانی کاژیکا، هەرلەم یادنامەیدا ئاماژەیان بۆئەکەین. ئاگرین لەخۆیەوە ئەڕوانێتە خەڵکیتر بۆمەسەلەی هێڵی لار !.

لەو شەڕە زرتانێیەداو لەو دو پەرتوکە بێئاستەدا، جگە لەو خەیاڵانەی بەپیشاندانی راستییەکان، کورتە وەڵامێکماندانەوە، زۆر ناڕاستیتر لەو دو پەرتوکەدا هەن کەدوایی ئاماژەیان بۆئەکەم، هەروەها دێمە سەر هۆی نوسینی ئەو دو پەرتوکە بەو شپرزەیەتییە!. لێرەدا تەنها وەڵامێکم بۆ شێرکۆی هەژار کە لە وتەیەکیا ئاماژەی بۆپەیوەنیی منو تەها جەزراویکردوە! ئەڵێم: قسەیەکی سەیرە! من ساڵی **1970** لەگەڵ شەفیق ئاغا بەشەڕهاتم، ئەویش لەوکاتەدا نوێنەری شۆڕشو بەڕێوەبەری گشتیی کارگەی جگەرەی سلێمانییبو کەمن بەڕێوەبەری ئیدارەو زاتییەی ئەوکارگەیەبوم، لەئەنجامی ئەوشەڕەدا لێینوسیمو بەواژوی تەها جەزراوی وەزیری پیشەسازی، نەقڵی کارگەی چیمەنتۆی بادوش کرام لەموسڵ، خۆش پەیوەنی!. شەڕەکەشمان لەسەرئەوەبو من ناوی دو دزم دایە لەکارمەندەکانی کارگەو وتم بیانناسە تۆ نوێنەری شۆڕشی، کەچی دوای دو رۆژ ئەو دوانە خێسەیان لێئەکردم!

روانین بۆزانای گەورەی کورد د.جەمال نەبەز، رۆژێ وەك هاودامەزرێنەری کاژیکو هانابردن بۆیو ناردنی نوێنەر بۆگرتنی داوێنیو رۆژێ لاریبون لەوەی هاودامەزرێنەربوەو هانای بۆنەبراوەو داوێنی نەگیراوە لەلایەن ئاگرینەوە!، لەگەمەی منالانئەچێ! چونکە ئەو(نەبەز) تا دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولیش، لەسەر چالاکیی کاژیکیانەی بەردەوامبوەو تائێستاش لەسەر چالاکیی زانستیانەو مێژوییانەو زمانەوانیانەو کوردایەتیانەی بەردەوامەو پێنوسێکی کەموێنەو بەبڕشتە لەوبوارانەدا. چونەدەرەوەشی بۆخوێنننبوە. چاکیشیکردوە کە نەهاتۆتەوە بۆشاخ. ئەو سامانە هزرییە بێشومارەی لەدەرەوە بەخشیوێتی  بەنەتەوەکەی بەپارەی رەنجی شانی خۆی، لەشاخ ئەبوایە هەر شەقی لەبەرد هەڵدایە. ئنجا گەر بەراوردێبکەین لەنێوان نەبەزو هەزاران لەوکوردانەی لەتاراوگە ئەژینو سودێکیان بۆنەتەوەکەیان نەبوە، بەڵکو تیایانا هەیە بەردەوام پارەی کێشاوەتەوە لە هکومەتی هەرێم، ئەبینین

جیاوازییەکی زۆرهەیە لەنێوانیانا، کەچی ئاگرین پەلاماری نەبەزئەداو لەئاستی ئەوانیترا بێدەنگە!. ئەمانە کورتە وەڵامبون بۆهەنێ **لەدرۆو** چەواشەکارییەکانی دو پەرتوکی ئەبدوڵا ئاگرین کەدوایی زیاتریان لەسەرئەدوێم.

من لەگەڵ ئەوەنیم، هیچ نوسەرێ، تانەو تەشەرو سوکایەتیو ئەوجۆرە قسانە تێکەڵ نوسینەکانیبکا. دەستەواژەکانی: (ترِمبرِم، فیرِنەگولە، خۆڵەمێش، دۆم) لەبەرزیی نوسینی زانستی کەمئەکاتەوە. لەلایەکیتریشەوە، زاراوەکانی (سەرلێشێواو، هیچی نەکردو، بێوەفا، خڵەفاوە، تێکچوە، عەقڵی لەسەردا نەماوە، بەزیوە، رایکردوە) لەتۆڵەی ئەو دەستەواژانەدا، باویان نەماوە. کەی ئێستە سەردەمی ئەوە ماوە لەپاداشتی بەردێکا بەرقێ بهاوێژرێ!؟ با رەخنەی زانستیانەو بابەتیانە پەیرِەوکەین. ئەو شەرِە زرتانێیەی ئێستا ئاگرین بەهاوبیرانی کاژیکی ئەفرۆشێ، ئەگەر هاندەرێکی نیەو تەنیا لەبەرئەوەیە هاوبیران هەر ناوی کاژیك ئەبەنو ناوی پارتی گەلی کوردو رێکخراوەکانی نابەن؟ ئاشکرایە کە: دو، یازیاتر، رێکخراو یەکیانگرت، ئیتر هەر ئەوناوە ئەبرێ کەلەسەری پێکدێن. بۆنمونە: هیزبی یەکگرتن چوە پاڵ پارتی، بەڵام هەر ناوی پارتی ئەبرێ. یەکێتی لەچەن گروپو هیزب پێکهاتوە، بەڵام هەرناوی یەکێتی ئەبرێ. کەواتە ئەوشەرِە، بێ مەڵامەتنیە! ئەی بۆچی یەخەی پارتی دیموکراتی کوردستان ناگیرێ لەسەرئەوەی ناوی هیزبی یەکگرتن یا پاسۆك نابرێ!؟ ئێمە کەناوی هەوت هاوبیرەکەی یەکەممان بردبێ، مەبەستمان دەستەی دامەزرێنەری کاژیکبوە نەك سەرکردایەتی. لەجێگەیترا، وەك پێویست، ناوی هەمو هاوبیرانمان بردوەو مافی کەسمان نەخواردوە وەك ئاگرین ئەڵێ گوایە مافی هەرسینو ئەزیزمان خواردوە!. نازانین ئایا ئەبدوڵا ئەوەندە دڵسۆزی هەرسینە! کێ هەرسینی شەهیدکرد!؟ ئایا ئێستا ئەو لەژێر باڵی کێو چ لایەنێکدایە!؟ دڵسۆزی بۆ هەرسین، بەکردارئەبێ نەك بەقسەی زل!.

لەپەرتوکی مێژوی شکۆداری کاژیك ل**279**ئەڵێ: هیچ زانیاری و نهێنیەکم بە شێرکۆی هەژار نەداوە. کەچی لەلاپەرِە**103**ی پەرتوکەکەیتریدا ئەڵێ **74/1/17**

کۆمەڵێ سرپاتم لادرکانو چەن ئەمانەتێکی رێکخستنم دابویە!. هەر لەوپەرتوکەیدا چەنجار ئاماژە بۆهەندێ جوڵەی خۆیو شێرکۆی هەژار ئەکا بەمەبەستی کودەتا بەسەر سەرکردایەتیی کاژیکدا! هەر لەلاپەڕە 103دا دانبەودا ئەنێ کەخەتای هاتنە پێشەوەی شێرکۆی هەژار بۆخۆی ئەگێرێتەوە چونکە خۆی هێناویەتە ناوەوەو گرنگیی پێداوە. لەل70شدا زیاتر جەختئەکاتەوە لەسەر کودەتا بەسەر سەرکردایەتیی کاژیکدا!. دور لەڕاستی ئەڵێ کەسی یەکەمی سەرکردایەتیو سکرتێری کاژیکبوم! (ل516و517)! کەی وایە!؟. لە(ل556)دا جەخت لەم قسەیەی ئەکاتەوە. هەروەها لە(ل368)دا ئەڵێ (لەنێوان 1969/12/8 تا 3/6/ 1975وەك کەسی یەکەمی کاژیکو بەرپرسی هەرەباڵا رۆڵی خۆم بینیوە) کەئەوانە راستنین، راستییەکەی لەو ماوەیەدا هەمو شتێکی نادروستی وێرانکەری خۆیو شێرکۆی هەژارو ئوسمان رەشیدو مهەمەد مستەفای لەسەرکردایەتی شاردۆتەوە (بەشێخ مهەمەدو خاڵە حەمەشەوە) چونکە خۆی بەکەسی یەکەم زانیوەو هیچ هسابێکی بۆ سەرکردایەتیو ئەندامانی لق نەکردوە! سەرکردایەتیش خۆی لەبەرپرسیارێتی نەبوردوە وەك ئەو ئەڵێ ل(368). بەڵکو ئەو هەمیشە بەمنو بەسەرکردایەتیی وا ڕاگەیاندوە کە هەموشت بەرێکوپێکیو سەرکەوتویی لەلایەن ئەوو لقەوە بەرێئەکرێو لەڕوی رێکخستنەوە کاژیك لەپەرەسەندندایە! کەچی لەپوکانەوەدابو!. .ئێستەش زۆر دڵی بەوە خۆشە کە وتویانە ئەبدوڵا ئیمپراتۆری کاژیکبوە(ل369)و خۆی بەوەوە هەڵئەکێشێ کەئەو کاژیکی گەیاندۆتە دوامەنزڵ!! بەڵام ناڵێ دوامەنزڵەکە چیبوە؟ راستییەکەی ئەو دوامەنزڵە، لەبەریەکهەڵوەشانەوەی رێکخستنەکانی کاژیکبوە بەهۆی جوڵەکانیەوەو بەهۆی ئەوەی هەمو ئاژاوەگێڕییەکانی لەسەرکردایەتی شاردۆتەوەو بەهۆی ئەوەی لقو هەمو رێکخستنەکانی کاژیکی پشتگوێ خستوە کەئەمەیان کۆمەڵێك گومانی بەدواوەوەیە! ئەشیەوێ پوکانەوەی رێکستنەکانی کاژیك لەخۆی داماڵێو بیخاتە ئەستۆی شێرکۆی هەژارو ئازاد مستەفا! (ل300) لەکاتێکدا ئەو دوانە هیچ پلەیەکی بەرزیان لەڕێکخستنەکانی کاژیکدا نەبوەو تەنیا لەگەڵ چوار کەسیتردا دو پەڕە کاغەزیان لە 21و25ی 1/ 1975دا دژی کاژیك نوسیوەو نەك هەر کەسیان

شوێننەکەوتوە، بەڵکو خۆشیان دوای ئەو دو نوسراوە، ناکۆکییان کەوتۆتە بەین و بڵاوەیان لێکردوەو نسکۆی شۆڕشی ئەیلولیشی بەسەردا هاتوەو برۆ بەخێرهاتی!.

وەك لەتێکڕای ئەو دو پەرتوکەیدا دەرئەکەوێ، کێشەی شێرکۆی هەژارو ئازاد مستەفا بەزۆری لەگەڵ ئەبدوڵا ئاگریندابوە، ئازاد وتویێتی (کاژیك هەر ئاگرینبو ل352) خۆشی دان بەم راستییەدائەنێو لە (ل321)دا ئەڵێ (موستەهدەفی یەکەم منبومو بەفیعلی هەوڵی تیرۆری منیاندا) ئازاد مستەفا خۆیشی وتویێتی (شێرکۆ نەبێ هیچمان پیاوی ئەو کارەنەبوینو هەندێکمان هەر بەکەڵکی هیچ نەئەهاتین ل(323) لەڕاستیدا شێرکۆش لەوان هیچتربوە چونکە نەخۆشەو گرێی دەرونیی باوکی هەیە!. تەنانەت ئەوانە ناوی ئەندامانی سەرکردایەتیشیان بەباشی نەزانیوە، بەهەڵە وایانزانیوە ئاگرین لەسەرکردایەتیدایەو هەمو شتێکە!. ئەو قسەیەشیان کە ئاگرین ناوی کاژیکەکانی داوە بەپاراستن (ل244) لەگەڵ ئەم خاڵانەدا یەکئەگرێتەوە:

ا- قسەیەکی د.کەمال خۆشناو کە وتویێتی پاراستن ویستویێتی هەشتا کاژیك بکوژێ بەڵام ئاشبەتاڵ ئەو بوارەینەداوە.

ب-جوڵەکانی ئاگرین بۆ کودەتا بەسەر سەرکردایەتیی کاژیکدا.

پ- ئاوکردنەژێر شیرکۆی بێکەسو شادبون بەجێگەکەیو پشتگوێخستنی لقو رێکخستنەکانی کاژیك.

ت-دوای یەکگرتن، بەتوانایەکی کەمەوە خستیانە سەرکردایەتیی پارتییەوە. بەڵگە بۆ کەمتواناییەکەی ئەوەیە تائێستا نازانێ بەکوردییەکی رەوان بنوسێ! وەك لەم چەن دێڕەی نوسینێکیدا، هاوبیر سەروەر ئاماژەی بۆئەکا:

<u>"ئەو جووڵەو چالاکییەی لەلایەن چەند گەنجێکی خوێنگەرم بەناوی هاوبیری و کاژیکیەوە، سەرکردایەتی نوێی کاژیکیان پێ دروستکردن، چاوەڕوانەکراوبوو!! چونکە بیرۆکەو مەبەست و ئامانجی ئەو جموجوڵ و چالاکییە بیروڕاو بۆچوون و پێشنیازی خودی خۆمبووم بۆیەکەمجار بەر لەساڵی 1972 لای کاك شێرکۆی هەژار</u>

درکانم و تاوتوێمانکرد، ئەو، زۆر بەحەماسەت و شەوق و تینێکی ئاگراوییەوە پشتگیری سەرجەم راوبۆچوونەکانی کردم و لەو رووەوە هەردوکمان جوولەیەکی بزێوانەشمان بۆکرد!!!ئاکام وەك خۆمان ئەمانویست کورتی هێنا). سەرنجبدەن پێنج هەڵەی زمانەوانیی دوکتۆر! لە شەش دێڕدا!". درێژەی ئەو نوسینەی هاوبیر سەروەر، لەوتارێکیدایە بەناونیشانی (جگە لەپەرتووکە رەشەکەی، عەبدوڵا ئاگرین، فیداکارییەکانی یەپەکە بەرامبەر داعش، بەپیلانگێڕیی دوژمنانە ناوئەبا!!) کە لەسایتیماڵمۆ کورد، رۆژی **2014/8/13** بڵاوکراوەتەوە. دەقی ئەو وتارەی هاوبیر سەروەر لەجێگەیەکیتری ئەم پەرتوکەدا بڵاوئەکەینەوە.

ج-ئەم هەمو شەڕەی بەکاژیکی ئەفرۆشێ لەو دو پەرتوکەیدا، لەوەئەچێ بۆئەوەبێ جارێکیتر بیرۆکەکانی کاژیك نەچنەوە قاڵبی رێکخستنێکیترەوە. بەتایبەتی لەکاتێکدا کە هاوبیران جموجۆڵێکیان هەیە بۆخۆڕێکخستنەوە کە ئەگەر ئەوە سەربگرێ، ریسەکەی ئاگرین ئەبێتەوە بەخوری!.

ئەو دو پەرتوکە شپرزانەیەی ئاگرین بۆ؟

لێرەدا پرسیارێك خۆی ئەسەپێنێ، لەماوەی **38**ساڵی رابوردودا **1975ـ2013** ئاگرین نە دەنگێکی لێوەهاتوەو نە نوکە قەڵەمێکی خستۆتە سەر کاغەز سەبارەت کاژیك، واتا تەواو ساردبۆتەوە. ئەی بۆچی لەپڕ ئاگریگرتەوەو کەوتە دیمانەی تەلەفیزیۆنیو **795**لاپەڕەی پڕ لەناڕاستیی رەشکردەوە لەو دو پەرتوکەیدا لەسەر کاژیك!؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە:

لەساڵی **2004**ەوە، جموجولێکی هاوبیران بەچەن هەنگاوێ سەریهەڵدا:

هەنگاوی یەکەم، ساڵی **2004** بەدامەزراندنی کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان دەستیپێکرد، بەتایبەتی خۆپیشاندانە **30**هەزارکەسییەکەی رۆژی **2004/2/14** بۆسەربەخۆیی کوردستان، لە بەردەرکی سەرای سلێمانییەوە تا بارەگای نوێنەرایەتی

ولآتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لە بینای خانەی مامۆستایان نزیك چوار رێیانەكەی سەرچنار.

<u>هەنگاوی دوەم</u>: نامەیەكمان ئاڕاستەی هاوبیرانكرد وەك پرۆژەیەك بۆ بەرەو سەربەخۆیی بەمجۆرە:

ئاشكرایە كە ئەمرۆش هەر وەك رابوردو ، چارەنوسی نەتەوەی كوردمان ، نادیارە . هیچكام لەپارتییە كوردییەكانی هەرچوار پارچەی كوردستان ، لەئاستی دیاریكردنو بەدەسخستنی چارەنوسیك نین كە سەربەخویی كوردستان دەستەبەركات . هەندیك لەوانە ، جگەلەوەی چەندین جار هەلی سەربەخوییان لەدەسداوە ، هەمیشەش لەپیشبركیدان بۆ زیاتر لكاندنەوەی كوردستان بە پایتەختەكانی داگیركەرانەوە ، سەرباری گەندەلییەكانیان . ئەوەش لەخۆڕا نەهاتوە




**وینە: خۆپێشانی کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان لەسلێمانی. 2004**





وینە: خۆپێشانی کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان لەسلێمانی. **2004**

ئەوانە بە پێی بەرنامەکانیانو بەکردەوەش، لە باشترین ئەگەردا، ستراتیجیان لە نیمچە دەسەلاتیکی ناوچەیی لەچوارچێوەی دەسەلاتی داگیرکەراندا تیناپەڕێ.

لەبەرامبەر ئەوانەدا جەماوەریکی زور، خوازیاری سەربەخویین، بەلام بەپەرشوبلاویو بێ رێکخستنیك. ریکخراوە سەربەخوییخوازەکانی وەك کاژیك و پاسوکیش لە رابوردودا ، روژگاریان لەبارنەبو بۆئەوەی ئەو جەماوەرە وەکو پێویست لێیان کۆببنەوە ، سەرباری لەبارنەبونی هەل بۆ ئەو ئامانجە لەو رۆژگارەدا .

ئیستا پرسیارەکان ئەمانەن:

1- ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتوە دەزگایەکی نەتەوەیی ناپارتی (غیر حیزبی) بە بەرنامەیەکی نوێو رەوتیکی نوێوە ، ئەو جەماوەرە سەربەخوییخوازە کۆکاتەوەو هەلی ئیستای لەبار بۆ سەربەخویی بقۆزیتەوە ؟

2- ئاخۆ بەبێ بونی دەزگایەکی لەوجورە، ئەو جەماوەرە، یا چەند وردە ریکخراویکی نەتەوەیی ، تەنیا بە گلەییو بۆڵەو بیزاریدەربڕین ، یا بەرەشکردنەوەی هوکارەکانی راگەیاندن ، یا بەئاموژگاریکردنی بێهودەی ئەو پارتیانە ، هیچیان پێئەکرێو گوێیانلێئەگیرێ ؟

3- ئایا ئەوە رەوایە دەرگای ماڵی کورد بۆ هەمو بیروکەیەکی نامۆ والآبێو لەبیری کوردایەتی داخراوبێ کە ئەشێ ئیمە خوشمان بەشێکی کەمتەرخەمبین لەوبارەیەوە؟

4- ئایا ئەوانەی لە کۆبوونەوەیەکی ناو ژوریك یا لە چایخانەیەکدا ! بەبێ یەکیتییەکی بیر، لە دە پازدە کەسەوە بونە هیزبێکی گەورە ، لەئێمە زاناترو کاراترو لێهاتوترو رەواتربون ؟

5- ئاخۆ خەباتی کورد بەنایەکگرتویی، واتا هی هەرپارچەیەکی کوردستان بەجیا، هیچی لێسەوزئەبێ بۆ سەربەخویی ؟

6- ئەگەر وەلامەکانمان لەیەکەوە نزیك یا هاوتەریببون، ئایا بەریزتان بەئەرکی سەرشانتانی نازانن بەشداری لە دروستکردنی دەزگایەکی نەتەوەیی بۆسەرتاسەری کوردستان بکەن ؟

7- راتان چیە لە ئیستاوە خۆمان سازدەین بۆبەستنی کونفرانسیك لە نزیکترین داهاتودا، تا بەهەمومان پێکەوە بەردی بناغەی ئەو دەزگایە دانێینو بەرنامەو نەخشەکانی بۆداڕێژینو میکانیزمی کارکردنی بۆریکخەینو ستراتیجی کورد دیاریکەینو ئەو بارەی خەلکیتر نایخاتە سەرشانی، ئیمە بیخەینە ئەستۆی خۆمان.

8- ئایا پێتانباشە(بەهۆی بارودۆخەکەوە) کۆنفرانسەکە بە دو دانیشتنبێ ، یەکەم : لەدەرەوەی ولاتو تایبەتبێ بۆهابیرانی تاراوگە. دوەم : لە کوردستانبێ بۆهاوبیرانی ناوخۆو نوێنەرانی دانیشتنی یەکەم؟

9- ئیستا وەك سەرەتایەك پیشنیارەکانتان چیە بۆ جۆری ئەو دەزگایەو شێوازی کارکردنو بەریوەبردنی دور لەشێوازی پارتایەتیی بەسودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای تازەی وەك فەیسبوکو ماڵپەڕێکو گۆڤارێکی ئەلەکترۆنیو ئەگەر توانرا سەتەلایتیکی نەتەوەییش بۆ زەمینەسازیی پرۆژەکە؟ واتا بەدەر لەپەنابردن بۆ شێوازە کلاسیکییەکانی وەك کردنەوەی بارەگا یا هەڵگرتنی چەك یا داواکردنی مۆڵەت یا دەسپانکردنەوە بۆ پارەی پاشکۆیەتیو ...هتد.

بۆزانیاریتان ئەم بیروکەیە هی ژمارەیەك لە هاوبیرانی کوردایەتییە کە دۆستو خۆشەویستی ئێوەنو جێدەستیان لە خەباتی کوردایەتیدا دیارەو خاوەنی ئەزمونو رابوردویەکی خاوێنو خەرمانیك لە بەرهەمە هزرییەکانن لەو بوارەدا. هەروەها ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوەنیە لەسەر داروپەردوی ئەو رێکخراوە کوردییە نەتەوەییانە دروستبکرێت کە ئیستا هەن. ئامانجەکە یەکخستنی خەباتە بەتاکەکەس یا بە بەستنی رایەلێك کە هەمومان بەیەکەوە گرێبدات. واتا هەر کۆڕوکۆمەڵێك ئازادە سەربەخۆیی خۆی بپارێ، یا هەمویان یەکگرن.

10- پیشنیاری هیچ خاڵێکیترتان هەیە بیخەنە سەر ئەو خالانەی سەرەوە ؟

**<u>سەرنجەکان:</u>**

**أ- بۆ بەریزتان هەیە ئەم راسپاردانە بلاوبکەنەوە  بەسەر هەمو ئەو کەسانەدا کە بەشایستەی ئەزانن بۆ بەشداری لەم پرۆژە نەتەوەییە پیرۆزەدا.**

**ب-  بیرۆکەکە بۆ سەرتاسەری کوردستانە.**

**2010/10/27**

**<u>هەنگاوی سێیەم</u>: لەشاری کۆڵنی ئەڵمانیا، هاوبیرانی کاژیك، د.جەمال نەبەزو د.جەواد مەلاو ئەندازیار بروسکە ئیبراهیمو پارێزەر کامیل ژیر، یەکتریانبینیوەو ئامادەی سمینارەکەی 2011/8/13 شبون لەو شارە.**





**<u>هەنگاوی چوارەم</u>: لەپارکی ئازادیی سلێمانی3/9/ 2011 گردبونەوەیەکی هاوبیران کرا.**

**.دەنگۆی ئەو جموجوڵانە بڵاوبوەوە. هەندێ لایەنی سیاسی، ترسی ئەوەیانبو کاژیك یا پاسۆك رێکخرێنەوە. ئەو ترسەش بێ هۆ نەبو، لە ئەنجامێکی وادا، زەرەرمەندی گەورە، پارتیو بەپلەی دوەم یەکێتی و بەپلەی سێیەمیش ئاگرین ئەبو.**

**چونکە بەوە، لەلایەن جەماوەرەوە ئەو کارتی کوردایەتییەی ئەو دو هیزبە**



**دیمەنێك لەگردبونەوەکەی پارکی ئازادی**

**خۆیانی پێوەبائەدەن، لێیان ئەسەنرایەوە، بەتایبەتی دوای 27 ساڵ فەرمانڕەوایەتییان کە لێوانلێوە بەگەندەڵی.**

**سەبارەت ئەو گردبونەوەیە، من لای خۆمەوە ئەم راگەیاندنەم بڵاوکردەوە:**

**"بەشداریی گردبونەوەکەی 2011/9/3بۆسەربەخۆیی کوردستان**

**ئە رکیکی نیشتمانیو نەتەوەییە.**

چەند دەیەیەکە ژمارەیەك لە پارتییە سیاسیە کوردیەکانی هەمو پارچەکانی کوردستان ، بەمەبەست یا بەبی مەبەست ، لەخۆیانەوە یا بەپیلانی نەیارانی کورد، دەسبەرداری خەبات بۆسەربەخۆیی کوردستانبونو خۆیان گرێداوە بە بەرژەوەندییەکانو چارەنوسی نەتەوەو دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوەو چەندین هەلی سەر بەخۆیی کوردستانیان لەدەستداوە. جارجاریکیش کە شەرمنانەو بەزارەکی ئاماژەیەك بۆ مافی چارەی خۆنوسین ئەکەن، وەك دەستیان بۆ دەمی مارێك بردبیت ، خێرا کشاونەتە دواوەو بەکردەوە چونەتەوە خزمەتی یەکپارچەیی ئەو دەولەتانەو دەستیانکردوە بە بروبیانوهینانەوەی وەك گوایە ئەوە حیکمەتەو واقیعبینانەیەو...هتد ئەورەفتارانەشیان ، لەئاستی ناوخۆییدا بونەتە هۆی گەوجاندنو ترساندنو بێباوەریی خەلکیی بەسەربەخۆییو خۆبە کەمزانینو هەست بەناتەواویکردنو ملدانیان بۆپاشکۆیەتیو بگرە بۆخۆفرۆشتن بەو داگیرکەرانە !! لەئاستی دەرەکیو نیودەولەتیشدا ئەو چەمکە هەلەیەیان بەخشیوە کە کورد خۆی سەربەخۆیی ناویت.

ئیستا، دوای نەمانی متمانە بەو پارتیانە، جەماوەریکی زۆری کورد لەرۆشنبیرانو گەنجانی کورد، لە چەندین گروپو کۆمەلەو ریکخراوو کەمپینداو بەتاکەکەسیش، بەرەو سەربەخۆیی کوردستان هەنگاوئەنینو گومانی خەونی شاعیران ئەرەویننەوەو ئەوەی ئەو پارتیانە نایکەن، ئەمان شانی ئەدەنەبەرو هەر لایەنەو بەشیوازی خۆی گوزارە لەو ئامانجە ئەکا کە نمونەیەکیان ئەو گردبونەوەیەی رۆژی 2011/9/3 یە، بۆیە بەشداربون لەو گردبونەوەیە، ئەرکیکی نەتەوەییو نیشتمانیەو ئیستاش هەلیکی نوێ لەبارە بۆ ئەو ئامانجە."

دیارە کاراکردنەوەی کاژیك یا پاسۆك لەبەرژەوەندیی ئاگرینیش نەبو چونکە ریسەکەی ئەبوەوە بەخوری. ئەوەبو بەدیمانەیەکی تەلەفیزیۆنیNRT ئیوارەی 2013/3/16 دەستیپێکرد، ئنجا پەرتوکی (لاپەڕەیەکی گەش لە مێژووی کاژیك-

2013)ی خستە بازاڕەوەو دوایئەویش پەرتوکی (مێژوی شکۆداری کاژیك- 2015) کەپڕن لەچەواشەکاری.

ئێمە هەر بەردەوامبوین، وەك درێژە پێدانێ بەو هەولاّنە، سالّی 2013ش، هاوبیران لەکوردستان بەچڕی یەکدییان ئەدیو ئامادەکارییان ئەکرد بۆبەستنی کۆنفرانسێك کەئەوەبو ڕۆژی 2013/10/25 لەگوندی سیتەك ئەو کۆنفرانسە بەئامادەبونی نوێنەری هاوبیرانی دهۆکو هەولێرو کەرکوکو سنەو سلێمانیو خانەقینو تاراوگە، بریاری کاراکردنەوەی چالاکییەکانی هاوبیرانماندا لەکۆمەڵەیەکداو رۆژی 2013/11/21کارەکەمان بەڕاگەیاندنێ ئاشکراکرد بەناوی هاوبیرانی کوردایەتییەوە. بریاری دامەزراندنی ماڵپەڕێکیشدرا بەناوی ماڵپەڕی هاوبیرانی کوردایەتییەوە کە هەتا ئێستا بەرنامەکانی پەخش ئەکا.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی دوای تێپەڕبونی 38ساڵ بەسەر هەڵپساردنی کاژیکو دوای تێپەڕبونی 20ساڵ بەسەر لەچاڵنانی پاسۆکداو دوای ئەو هەولاّنەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد بەمەبەستی کۆکردنەوەی هاوبیران، ئاگرین پەنا بۆ ئەو دیمانەو پەرتوکانە ئەبا!؟ پێموایە وەلاّمی ئەو پرسیارە ئاشکرایە. ئەو کە کاژیکی بەو مەرەیە برد، ئەو کە پاسۆکی کرد بەناو پارتیدا، چالاککردنەوەی کاژیك یا پاسۆك، یا هەر رێکخراوێکی نەتەوەیی، لەبەرژەوەندیی ئەو نابێ.

<u>ئەو پەرتوکو بابەتانەی سەبارەت کاژیك نوسراون</u>

-کاژیکنامە- فەلسەفەی کاژیك لەچەن دێڕێکدا- سەرکردایەتی کاژیك 1961/1960

-حقیقەتی کاژیك، بە ئەرەبی.

-ئەدەبیاتی کاژیك- هاوڕێ باخەوان/ 2003

-کاژیك- هەڵۆ بەرزنجەیی و کامیل ژیر/ 2013

-لاپەڕەیەکی گەش لەمێژووی کاژیك- د.عەبدوڵا ئاگرین/ 2013

-کاژیك پێشخانو پاشخانەکانی- د. جەمال نەبەز/ 2015

-سەرنجێك لە کاژیك – نوری کەریم/ 2015

-مێژووی شکۆداری کاژیك- د.عەبدوڵا ئاگرین/ 2015

-لەکاژیکەوە بۆپاسۆك- کاوە ئەمین/2017

-گەڵا وەریوەکانی درەختی تەمەنم- د.حوسێن موحەممەد عەزیز/ 2018

-دو چاوپێکەوتن، سالار یاسین، هەڵۆ بەرزنجەیی، لەگەڵ کوردۆ ئەلی

-نوسینەکانی ئازاد مستەفا سەبارەت کاژیك-هەندێك بیرەوەری رۆژانی کاژیك

-وتارێکی هاوبیر سەروەر

-ماستەرنامەو دوکتۆرانامەکانی چەند خوێنکارێك

-کاژیکنامە بەئەرەبی

-دیمانەو سمینارەکانی هاوبیران

-وتارەکانی هاوبیران

-هەندێ لە راگەیاندنەکانی هاوبیرانی کوردایەتی

سەبارەت هەندێ لەو پەرتوکانە، لێدوانمان ئەبێ. بەمجۆرە:

## 1-کاژیکنامە

**102 لاپەڕە، چاپی چوارەم/2018 بەچاپی ئەلەکترۆنی.**

بانگی یەکەمی کاژیکە. ئەکرێو جێی خۆیەتی، وەك پەرتوکێکی پیرۆز بۆ نەتەوەی کورد، ئەژمارکرێ. زانستیانە مێژوی کورد لەدیدی نەتەوەییەوە بۆیەکەمجار شیئەکاتەوە لەم بوارانەدا: کورد پێش ئیسلام، کورد دوای ئیسلام، سەردەمی ئوسمانیو سەفەوی، کورد پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، سەرەتای بزوتنەوەی کوردایەتی، شیوئێتی لەکوردستانا، پارتی دیموکراتی کوردستان، زانیاری لەبارەی: شیوئێتیو نانەتەوەییو مارکسێتیو کاروکرداری شیوئییەکان، فەلسەفەو بیروباوەڕی کاژیك، پێویستیی بونی کاژیك، کاژیکو دەوڵەتو...تاد.

کاژیکنامە، چاپی یەکەمی بەتایپ لەکوردستان. چاپی دوەم بەکۆمپیوتەر لەهەندەران، چاپی سێیەم بەئەرەبی لەهەندەران، چاپی چوارەم: چاپی ئەلەکترۆنییە/٢٠١٨ چاپی پێنجەم: چاپی ئەلەکترۆنییە/٢٠١٩.

## 2-پەرتووکی لاپەڕەیەکی گەش لەمێژووی کاژیك- د. ئەبدوڵا ئاگرین 159 لاپەڕە ـ 2013

نامەوێو ناهێنێ روماڵی هەموی بکەم. تەنیا لەو خاڵانە ئەدوێم کەپەیوەندیان بەمنەوە هەیە.

چەنجارێ ئەوەی دوبارەکردۆتەوە، گوایە رۆژی 1972/5/25 یەکەم کۆنگرەی کاژیك لەماڵی کامیل ژیر لەسلێمانی لەلایەن 7 کەسەوە بەستراوەو ئەو 7 کەسە بەقسەیەکی کامیل ژیر کراونەتە سەرکردایەتیی نوێی کاژیك کەیەکێکیان ئاگرین بوە! هەر لەو رۆژەشدا بریاری ئەوەدراوە کامیل ژیر بچێ بۆ ئەڵمانیا بۆئەوەی ئەو شتە زیادانەی خراونەتە سەر چاپی 1968ی کاژیکنامە، لاببرێن.

ئەوانە هەموی دورن لەڕاستییەوە، بەم بەڵگانە:

1-ئەو دانیشتنە کەئەو ناوی کۆنگرەی لێناوە، هەرنەکراوەو بونی نەبوە. کۆنگرەش بە 7کەس نابەسترێ، بەڵکو ئەبێ بەلایەنی کەمەوە 51٪ی ئەندامان بەشداربن کەژمارەیان لەو رۆژانەدا زیاتر لە500 هاوبیربوە. ناوەکانیان هەر لەم پەرتوکەدا بڵاوئەکەینەوە.

2- بەقسەیەکی من سەرکردایەتییەك ناگۆڕرێ.

3-من ساڵی 1970 بۆئەو مەبەستە چوم بۆ ئەلمانیا، ئەویش بەبریاری سەرکردایەتی کاژیك، نەك بەبریاری ئەو کۆبونەوە خەیاڵییەی ئەو.

4-من لەدوای 1970وە تا 1982 سەفەری ئەڵمانیام نەکردوە.

5-لەلایەکیتر نوسیویەتی ئامادەبوانی ئەو کۆنگرەیە محمەد، حسین، جوتیار،هوشیارو سەرداربون کە ئەکەنە 5کەس. پێشتر ئەڵێ 7کەس!.

**6-پێشتر وتوێتی هەر لەو ساڵی 1972ەدا ، لەگەڵ شێرکۆی هەژار جوڵەیەکیانکردوە!.**

**7-ئیترلەدوای ئەو کۆنگرە خەیاڵییەوە، هیچ ئاماژەیەك نابینین بۆکۆبونەوەیەکیتری ئەو سەرکردایەتییە خەیاڵییەی ئەو! یا چییان بەسەهات!؟**

**لەلاپەڕە 118و119دا ئەڵێ کۆنفرانسی نەغەدە لەمانگی 2ی 1975 لەسەر پێشنیاری ئەو و بەئامادەبونی ئەو بەسراوە! کەلەڕاستیدا ئەو کۆنفراسە لەسەرەتای پایزی/1974دابو، ئەویشی تیانەبو. هەر خۆیشی لەلاپەڕە121دا ئەڵێ هاوبیرێکی بەشداربو لەکۆنفرانسەکەدا لێیپرسیم بۆچی بۆکۆنفرانسەکەی نەغەدە نەهاتی؟ دیارە کەئەو بەشدارنەبوبێ، هەمو ئەو قسانەش کە لەپەرتوکەکەیدا، سەبارەت ئەو کۆنفرانسە، ئەڵێ وتومن، راستنین. ئیتر بەوجۆرە پەتی بۆخەیاڵ لەلاپەڕەکانی 50،51،52،53، 67،70،71 بەرەڵاکردوە کەهیچی راستنیە. برای زاناو خۆشەویستمان هاوبیر نەبەز، وەڵامی هەندێ لەناڕاستییەکانی داوەتەوە. لە پەرتوکی کاژیك پێشخان و پاشخانەکانیدا .**

## 3-وتارێکی هاوبیر سەروەر سەبارەت نوسینێکو پەرتوکەکەی ئاگرین:

**جگە لە پەرتووکە کەی، عەبدوڵا ئاگرین، فیداکارییەکانی یەپەکە بەرامبەر داعش، بە پیلانگێڕیی دوژمنانە ناوئەبا!!**

**هاوبیرسەروەر**

**"سەرەتا وشەیەك لەبارەی پەرتووکەکەیەوەو دواتر وتارەکەی سەبارەت یەپەکە:**

**بالەوەبگەڕێین ئەوپەرتووکە بە چ ئاستێکی نزم و نەخوێندەوارانە نوسراوە کە لەوەئەچێ کۆلکە خوێندەوارێك نووسیبێتی لە حوجرەیەکدا کوێرەخەتێکی پەیداکردبێت، نەك خاوەن دوکتۆرایەك !! ئنجا بە سەرنجدانێکی سەرپێی لەو پەرتووکە (لاپەڕەیەکی گەش لە مێژووی کاژیك)نووسینی د. عەبدوڵا ئاگرین- چاپی 2013 ئەوراستییە دەرئەکەوێ ، نووسەر بەو پەرتووکەی کە بریتییە لە**

**خۆبەخاوەنکردنی کاژیك( دوور لەراستییەوە)و لەلایەك پیاهەڵدان و لەلایەك سووکایەتیپێکردن بەکاژیك و دواجار رووپامالّی بۆ بنەماڵەی بارزانی ، ئەیەوێ باری کەوتووی خۆی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەستێنێتەوە!**

**ساڵی 1993کە پاسۆك و سۆشیالست و گەل کران بەناو پارتیدا، فرِکان فرِکانی ئەوە دەستیپێکرد کە کێ ئازایەو جێپێی خۆی لەناو سەرکردایەتیی پارتیدا بکاتەوە. ئاشکرایشە کە بوونە ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو پارتە، پێشەکی لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە برِیاری لەسەر ئەدرێ، ئەوسا هەڵبژاردنێکی رووکەشی بۆئەکرێ. نووسەری ئەم پەرتووکە، ئەوکاتەو بۆ ئەو مەبەستە، وا خۆیبردە پێشەوەو خۆی پیشاندا کە کەسی یەکەمی پاسۆکەو ئەو ئەندازیاری ئەو یەکگرتنەیە ! تا جێگەی خۆی لەناو سەرکردایەتیی پارتیدا کردەوە! هەرچەندە کاتێ پارتی تێیگەیشت ، لە سەرکردایەتی دووریخستەوە! ئێستاش ئەمجارە لە رێی ئەم پەرتووکەو دیمانە تەلەفیزیۆنییەکەی ئێن ئارتییەوە، ئەیەوێ خۆی واپیشانبدات کە کەسی یەکەمی کاژیکیشبوەو ئەو کاژیکی کردوە بەقوربانی سەرۆك بارزانی، سابەشکم جارێکیتر بە سەرکردایەتیی پارتی شادبێتەوە! ئەوەتا لەبەرگی پشتەوەی پەرتووکەکەیدا ئەڵێ:<u>(بەشبەحاڵی خۆم شانازی بەوەوە ئەکەم من لەساڵی 1969وە تا 1974بەرپرسی ئەو تەنزیمەبووم)</u> کە وانیەو ئەمە چەندین جار لەناوەرۆکی پەرتووکەکدا دووپاتئەکاتەوە . هەروەها دەڵێ:<u>(هەموو توانای تەنزیممان خستە ژێر سەرکردایەتیی شەخسی بارزانی مستەفاوە)</u> ئەمەش چەندجارێك لەناو پەرتووکەکەدا ئەڵێتەوەو لەچەند جێگەیەکی ناو پەرتووکەکەشدا ئەوە دووبارە ئەکاتەوە کە ئەو ئەندام سەرکردایەتیی کاژیکبوە، کە ئەمانە هیچیان راستنین . ئەو، بۆ ماوەیەك، تەنیا بەرپرسی لقی سلێمانی کاژیك بوەو کاژیکیش نەخراوەتە ژێر دەسەڵاتی بارزانی و ئەویش هەرگیز ئەندامی سەرکردایەتیی کاژیك نەبوە. بوونەکەشی بە لێپرسراوی لقی سلێمانیی کاژیك، لە ئەنجامی ئەوەوەبوە: ئاویکردۆتە ژێر شێرکۆ بێکەسەوە کە پێش ئەو بەرپرسی لق بوەو بەجێگەکەی شادبوە . لەماوەی ئەو**

بەرپرسیارێتییەیشیدا، وەك من بیزانم، گەلێ كاری گێرەشێوێنیو هەوڵی دوبەرەكیو ئاژاوەی لەناو ریزەكانی رێكخستندا داوە كە بەكورتی ئاماژەیەكیان بۆئەكەین :

١-ساڵی 1973ئاگرین خۆیگەیاندۆتە ئەڵمانیاو كۆمەڵێ درۆی لای مامۆستا جەمال نەبەز هەڵرشتوە سەبارەت سەركردایەتی كاژیك .

2-خۆی لەلاپەرە69 ی پەرتووكەكەیدا دان بەوەدائەنێ كە لەگەڵ شێركۆی هەژاردا هەوڵی دووبەرەكیو پیلانگێرانی لەدژی سەركردایەتی و لەناو كاژیكدا داوە بەرامبەر كاژیك. ئەمەش دەقی نووسینەكەی خۆیەتی بە كوردییە پرهەڵەكەی خۆی: (ئەو جووڵەو چالاكییەی لەلایەن چەند گەنجێكی خوێنگەرم بەناوی هاوبیری و كاژیكیەوە، سەركردایەتی نوێی كاژیكیان پێ دروستكردن، چاوەروانەكراوبوو!! چونكە بیرۆكەو مەبەست و ئامانجی ئەو جموجوڵ و چالاكییە بیروراو بۆچوون و پێشنیازی خودی خۆمبووم بۆیەكەمجار بەر لەساڵی 1972 لای كاك شێركۆی هەژار دركانم و تاوتوێمانكرد، ئەو، زۆر بەحەماسەت و شەوق و تینێكی ئاگراوییەوە پشتگیری سەرجەم راو بۆچوونەكانی كردم و لەو رووەوە هەردوكمان جووڵەیەكی بزێوانەشمان بۆكرد!!! ئاكام وەك خۆمان ئەمانویست كورتی هێنا ) سەرنجبدەن پێنج هەڵەی زمانەوانیی دوكتۆر! لە چوار دێردا!

3-بەبێ ئەوەی دەسەڵاتێكی لەوجۆرەی هەبێ و بەبێ هۆیەكی گونجاوو بەبێ ئاگاداریی سەركردایەتی، ئەمری .... بۆكادیرێكی دڵسۆزی كاژیك، مامۆستا عوسمان رەشید دەركردوە! لەكاردانەوەی ئەمەشداو تێكرا كردەوەكانی عەبدوڵادا، شێركۆی هەژارو عوسمان رەشیدو ئازاد مستەفاو فەرەیدون عەبدولقادرو شێرزاد فاتیح و ئەحمەد سەلام كەوتنە دژایەتیی سەركردایەتیی كاژیك، چونكە وایانزانیبوو ئەو ئەمرە لەسەركردایەتیی كاژیكەوەبوەو واشتێگەیشتبوون عەبدوڵاش لە سەركردایەتیدایە! ئەوەبوو بەبەرواری 1975/1/25بەیانێكیان لەدژی سەركردایەتیی كاژیك دەركرد، هەرچەندە ئەو بەیانە بایەخێكی نەبوو و نەك هەر كەسیان شوێننەكەوت، بەڵكو هەر زوو، خۆیان لێی كشانەوەوەو بڵاوەیان لێكرد.

**4- ئێستەش دوای پەنجا ساڵ، لەدەرگای هەڵگیرسان شەڕی نێوان کاژیکو پارتەکەی شێخ محەمەدی هەرسین (پارتی گەل ) ئەدات! وەك لە ناوەڕۆکی ئەو پەرتووکەیدا دەرئەکەوێ! کای کۆنی پڕ لەدرۆی پەنجا ساڵ لەمەوپێش، چی ئەگەیەنێ!؟**

**بۆسەلماندنی ئاستی نزمی نووسینی ئەو پەرتووکە، ئاماژەیەك بۆ هەندێ دژیەکی (تناقض) ئەکەین کەنابێ مامۆستاو دوکتۆرو پرۆفیسۆرێکی زانکۆ تێیکەوێ: لەلاپەڕە9دا دەڵێ (ئەمە بەو واتایەی لە 1959/4/14 تاکو 1975 دەستەی دامەزرێنەری کاژیك : ئەحمەد هەردی، کامیل ژیر، فائق عارف و جەمال نەبەزبوە. ئەمە بێ ئەوەی وەك ماف و هەق دوای یەکگرتنەکەی ساڵی 1964 هەردوو سەرکردە محەمەد عزیزو محەمەد هەرسین ناویان بهێنرێن). هەر پێش ئەم قسانەی ئەڵێ (1961عەبدوڵا جەوهەرو ئیحسان فوئاد پاشەکشەیان لەکاژیك کردو 1971 فەرەیدون عەلی ئەمین وازی لەکاژیك هێنا) ئیتر چۆن دەستەی دامەزرێنەر هەر ئەو چوارکەسەی یەکەمبوە لەو ماوەیەدا؟ جگەلەوە، جیاوازی لەنێوان دەستەی دامەزرێنەرو دەستەی سەرکردایەتیدا ناکا، بۆیە گلەیی لەوە دەکا کە ناوی عەزیزو هەرسین ناهێنرێ! ئەمەش یا نەزانینە یا چەواشەکردنە یا گێرەشێوێنی، ئەگینا ناوی ئەو دوو بەڕێزەو ناوی عەبدولکەریم عارفیش هەمووکاتێك لەگەڵ دەستەی سەرکردایەتیدا هێنراوە، هەرچەندە ، بەپێی زانیارییەکانی من وەك خوێندکارێکی زانکۆ کە تێزی دوکتۆراکەم لە بەریتانیا لەسەر کاژیکە، ئەو دوو بەڕێزە، ئەو چوونەی چوون بۆلای بارزانی، ئیتر نەهاتنەوە بەلای کاژیکدا، رێك وەك ئەو کابرایەی ناردیان بۆ خوازبێنیی کچێك ، وتی زۆر ماندووبووم تا بۆخۆمم جێبەجێکرد !!**

**دژیەکییەکیتر: لەلاپەڕە 7 دا وەك سووکایەتییەك بە کاژیك و گرنگیدانێك بە پارتی گەل،ئەڵێ: لە 1959/4/14 تا 1964 و یەکبوونی لەگەڵ پارتی گەلی کورد ، رێکخستنەکانی کاژیك نەئەگەیشتە پەنجەکانی دەست و تەنیا بریتیبوون لەئەحمەد**

هەردی، کامیل ژیر، جەمال نەبەز، فەرەیدوون عەلی ئەمین، شێرکۆ بێکەس، محەمەد مەجید، لەتیف عەلی ، حەمە عەلی فەرەج و فایەق عارف . کەچی لەلاپەڕە 139 دا ئەو قسانەی خۆی بیرئەچێتەوەو لیستی هەندێك هاوبیرانی لقی سلێمانی کاژیکی نووسیوە لەگەڵ بەرواری هاتنە ریزیان بۆ ناو کاژیك بەمجۆرە:

عبدوڵا– 1960 ،فتاح– 1962،جلال قادر– 1962 سەعید گەوهەر– 1961،عزەت 1962 ناوی هاوبیران عەبدوڵاجەوهەرو ئیحسان فوئادیشی نەهێناوە بۆئەوەی ژمارەکە لەپەنجەکانی دەست تێپەڕنەکات!! ئنجا لەراستیشدا زوربەی ئەندامە رۆشنبیرەکان باوەڕیان بە ئەدەبیاتەکانی کاژیك هێنابوو نەك بە پارتی گەل کە هیچ فەلسەفەیەك و بیردۆزەیەکی نووسراوی نەبوو، لەگەڵ رێزدا بۆ دڵسۆزی و خەباتیان.

هەروەك دژیەکییەکیتر لەوپەرتووکەدا، هەندێجار کاژیك زۆر گەورەو بەرز ئەکاتەوە ، هەندێ جاریکەش ئەوەندەبچووك و نزمی ئەکاتەوە کە کاژیك تەنیا لە خودی خۆیدا دەبینێ !! ئەمەش سووکایەتییە بەکاژیك!

ئەوەتا لە لاپەڕە 100 دا بە راناوی(من) ئەدوێو ئەڵێ:(من 1969 تا 1974 بەرپرسی ئەو تەنزیمەبووم، نەمهێشتوە رایەڵ و جومگەکانی رێکخستن، شل و خاوبێت و ئەو دیسپلینە پتەوە وایکرد : هاوبیران لە هەڕەشەی نەیاران بپارێزرێتو نەهێڵدرێت ، خوێن لەلووتی کەسێك بێ) ئەی ئەو هەموو شەڕو ئاژاوەیەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد چیبوو!؟ ئەوەبوو دیسپلینی پتەو!؟ ئەی نەك خوێن لەلووتی هاوبیر عیزەت رەشیدو هاوبیر حەمە ساڵح هیتلەر هات، بەڵکو گوللەبارانیش نەکران !؟

لەشتە سەیرەکانی ئەم پەرتووکە، لەلاپەڕە 9 دائەڵێ(ئەم نووسینە ویستی تاکەکەسی و حەزی خۆدەرخستنو پۆزلێدان هاندەری نییە) لەلاپەڕە 10 دا دەڵێ (نیاز لەم نووسینە :خۆبادان نییەو موزایەدەش بەسەر هاوبیران ناکەم و سواڵی ناوبانگیش رەتئەکەمەوەو شەڕیش لەسەر وەرگرتنی میراتی مادی و مەعنەوی کاژیك ناکەم) لەلاپەڕە 15 دا دەڵێ( بەهیچ جۆرێ بەمەبەستی مزایەدەکردن نییە

بەسەر هاوبیرە کانمداو شەڕی وەرگرتنی میراتی کاژیکیش نییە) کە ئەم دووبارەو سێبارەکردنەوەیەی ئەو قسانە، بەڵگەی کێشمەکێشی نێوان نەست(لا شعور) و هەست (شعور)ی خۆیەتی و نەستی پێیئەڵێ تۆ مەبەستت ئەوانەیەو بەهەستیش بەرگری لەخۆی ئەکات!! ئەگینا کێ بەرۆکی گرتبوو بۆ ئەو تۆمەتانە تا بەوجۆرە بەرگری و پاکانە لەخۆی بکات؟ هەروەها وەك نەستی پێی راگەیاندبێ: وەڵامی ئەو پەرتووکەو ئەو ناراستیانە ئەدرێیتەوە ، هەستی هانیداوە دەستبکات بە بەخشینەوەی بەرتیلی قسە بەسەر ژمارەیەك لەو کەسانەی ناویهێناون و پێشگری ( دڵسۆزو پاك و براو بلیمەت و موقەدەس و چی و جێ ) ئەخاتە پاڵیان سا بەشکم بەوە رووگیرببن و وەڵامی نەدەنەوە!

لەلاپەڕەکانی 23 ، 71، 72 ، 73 ، 74 ، 75 ، 76 ، 77 ، 78 ، 98 دا، واتا دە جار! باسلەکۆنگرەیەکی خەیاڵی ئەکات کە گوایە لە 1972/5/25دا لەلایەن 7 کەسەوە لە ماڵی کامیل ژیر بەستراوەو لە ئەنجامدا ئەو 7 کەسە کراونەتە سەرکردایەتیی کاژیك کە یەککیان عەبدوڵابوەو هەر لەو کۆنگرەیەدا بریاردراوە کامیل ژیر بنێردرێ بۆ ئەڵمانیا بۆئەوەی ئەو بڕگە زیادانەی خراونەتە سەر کاژیکنامەی چاپی ئەڵمانیا ، لاببرێن !

ئەو هەموو پێداگرتنو دووبارەکردنەوەیەی لەسەر ئەوکۆنگرەو بریارە، تەنیامەبەستی لەوەیە بیسەپێنێ کەئەو ئەندامی سەرکردایەتیی کاژیك بوە! ئەوەش بۆ ئەوەیە خۆبەخاوەندبوونەکەی بۆ کاژیك زیاتر بسەپێنێ کە لەراستیدا نە ئەو کۆنگرەیە بەستراوە، نە ئەو بریارەی تێدادراوە، نەئەو کراوەتە ئەندامی سەرکردایەتی . لەمبارەیەوە مامۆستا کامیل ژیر، بەبەڵگەی سەلمێنەرەوە، لە پەرتووکی (کامیل ژیر لە وەڵامی 62 پرسیاری هەڵۆ بەرزنجیدا – وەڵامی ژمارە 60) دەڵێ:

لەراستیدا ئەوانە هیچیان نەبوەو راستنین بەم بەڵگانە :

**1- ئەودانیشتنە کە ئەو ناوی کۆنگرەی لێناوە، نە لە لەماڵی ئێمەو نە لە هیچ شوێنێك نەکراوە. کۆنگرەش بە 7 کەس نابەسترێ. هەمو کەس ئەوە نەزانێ من وەك یاساناسێك ئەوە ئەزانم کە ئەبێ بەلایەنی کەمەوە 51٪ ی ئەندامان خۆیان یا نوێنەریان لە کۆنگرەدا ئامادەبن . لە لاپەڕە78دا خۆی ئەڵێ(<u>ئێمە رێکخستنی بەهێزو فراوانمان هەبوو!!)</u> پێشتریش ئێمە ئاماژەمان بۆ ناوی بەشێك لە هاوبیرانمانکرد لە وەڵامی پرسیاری 6 دا کە ژمارەیان زیاتر لە 500 کەسبوو، ئیتر چۆن کۆنگرە بە 7 کەس ئەبەسترێ!؟**

**2- بە قسەیەکی من، سەرکردایەتییەك ناگۆڕدرێ.**

**3- من ساڵی 1970 بەبڕیاری سەرکردایەتی کاژیك چوم بۆئەڵمانیا بۆلابردنی زیادەکانی چاپی 1968ی کاژیکنامە (نەك بەبڕیاری ئەوسەرکردایەتییە خەیاڵییەی کاك ئەبدوڵا) . بۆدڵنیابون، گەڕامەوە بۆسەیری ئەو پەساپۆرتەی پێی رۆیشتم کە بەم جۆرەیە :**

**ژمارەی پەساپۆرتەکەم ب/ 034668 بەبەرواری 1970/9/16**

**رۆژی دەرچوونم لەفڕۆکەخانەی بەغداد بۆبەرلین 1970/9/25**

**رۆژی گەڕانەوەم لەبەرلینەوە بۆبەغداد 1970/10/9**

**4- لەئەنجامی ئەو چونەی مندا ، ساڵی 1971 لقی ئەوروپای کاژیك ، کاژیکنامەیان بە ئەرەبی چاپکرد بەبێ زیادەکان، واتا زیادەکان لابران. ئەوەتا کاك عەبدوڵا خۆیشی لە لاپەڕە39ی نامیلکەکەیدا وێنەی بەرگی ئەو چاپی ئەرەبییەی بڵاوکردۆتەوە کە نوسراوە 2583 ك 1971م و لەو چاپەدا زیادەکان لابراون، ئیتر چۆن لە 1972دا یەکێك ئەنێردرێ بۆ لابردنی ئەو زیادانە!؟**

**5- من لەدوای 1970 وەتا 1982 سەفەری دەرەوەی وڵاتم نەکردوە.**

**6- لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا 2013/12/1 د.جەمال نەبەز جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو سەفەرەی من 1970 بوە نەك 1972.**

**دیارە کە ئەو کۆنگرەیە نەبەسترابێ، هەمو ئەو قسەو بریارە وەهمیانەش کەگوایە لەو کۆنگرە وەهمیەدا دراونو نامیلکەکەی پێپڕکردۆتەوە، راست نین (ما یبنی علی الباطل فهو باطل ایضا). دەسخەتەکەی لاپەڕە 75 ،76 ، 77ی نامیلکەکەش کە گوایە ئەوە وەقایعی ئەو کۆنگرەیەیە، بە بەڵگە ناژمێردرێ چونکە بە خەتی خۆیەتی. لەگەڵ ئەم سەرنجانەدا : ا- مەرەکەبی ئەو دەسخەتە، تازەیە! ب- ئەگەر ئەوە وەقایعی ئەو کۆنگرەیەیە، چ پێویست ئەکا لەسەرەوە بنووسرێ (دەسخەتی عەبدوڵا ئاگرین) !؟ کە ئەوەش بە هەمان قەڵەمو مەرەکەب نوسراوە!! ت- هەروەها چ پێویست ئەکا لە کۆتاییدا بنووسێ(تەنانەت ئەو شەوە سەعات 10 بوومەلەرزەبو و کاتی هاتنەدەرەوەمان نەبوو) ئەمەش بە هەمان قەڵەمو مەرەکەب نووسراوە! کە دیارە دەستەواژەی (تەنانەت ئەو شەوە) قسەی ئێستایە نەك ئەوسا. ئەگەر قسەی ئەوسا بوایە، ئەنوسرا( تەنانەت ئەمشەو) ج- نووسیوێتی (ئەم هاوبیرانە ئامادەبوون: محمد، حسین، جوتیار، هوشیار، سەردار) کە ئەکەنە پێنج کەس، کەچی پێشتر ئەڵێ کۆنگرەکە حەوت کەسبوو!! خۆ ناشکرێ بڵێ ئەوە دەسخەتی ئێستامەو مەبەستم ئەوسایە !! چونکە ئەو بە خەتی سور لەژێرەوە ناوی دیکۆمێنت (دۆکۆمێنت)ی لێناوەو لەسەرەتاشدا ئەڵێ ئەمرۆ رێکەوتی 972/5/25 ئنجا ئەگەر ئەوە نووسینی ئێستەیبوایە، چ پێویستی ئەکرد بە دەسخەتبوایە!**

**خاڵێکیتر: لەلاپەڕە118و 119دائەڵێ( کاك کامیلم بینی، عەرزیمکرد بادانیشتنێك یاکۆبوونەوەیەك بکەین ...لەسەرپێشنیاری من بریاردرا.. کۆنفرانسێك.. ببەستین. ئەو کۆنفرانسە لە مانگی دووی 1975لە ماڵی کاك هەردی لە نەغەدە سازکرا)**

**راستییەکەی ئەوکۆنفرانسە لەسەرەتای پایزی 1974دابو. ئەویشی تیانەبو . هاوبیران فەرهاد ئەبدول هەمیدو نوری کەریمو محەمەد مەجید ئەسلانیش ئەڵێن ئەوی تیانەبو. خۆیشی لەلاپەڕە121ی نامیلکەکەیدا ئەڵێ(هاوبیرێکی بەشداربوو لە کۆنفرانسەکەدا لێیپرسیم ئەرێ کاك عەبدوڵا تۆ بۆچی بۆ کۆنفرانسەکەی نەغەدە**

نەهاتی و ئامادە نەبوویت ؟) دیارە هەمو ئەو قسانەش لەنامیلکەکەیدا کە گوایە لەو کۆنفرانسەدا کردونی ، بونیان نیەو راستنین. . لە چەند جێگەیەکیتری نامیلکەکەیدا پەتی بۆ خەیاڵ بەرەڵا کردوەو ناراستەوخۆ منی کردوە بەشایەتو گوایە ئەو وتوێتی با حەرەکەیەك بکەین یا فلان شت بکەینو منیش هەر وتومە باشە! وەك لە لاپەڕەکانی 50،51،52،53،67،67،70،71 بە کەیفی خۆی وشەی ریزکردوە! کە هەمو ئەوانە دورن لەراستییەوە[1].

نامیلکەکە، ناڕاستیو هەڵەیتری زۆری تێدایە، باسیانناکەم. هەرکەس ئازادە چۆن بیرەوەریی خۆی ئەنوسێتەوەو چۆن خۆی بەرز یانزم ئەکاتەوە، بەمەرجێ راستی و مێژو نەشێوێنێ.

جگە لەتوڕەهاتەکانی ئەونامیلکەیە، بەینێکە ئەم قەڵەمە لاوازە خۆیکردۆتە وتارنوسی سیاسیی ئەوەڵبابو هەر رۆژەی لەرۆژنامەیەکدا بابەتێك ئەنوسێ کە بەشی زۆریان بەڕوکەش پیاهەڵدانە بەبارزانیداو لەناوەرۆکدا بۆئەوەیە باری کەوتوی لەناو پارتیدا هەستێنێتەوەو بگاتەوە بەسەرکردایەتیی پارتی! جا چونکە مەبەستەکەی ناڕەوایە، هەرجارەی بەجۆرێك ئەکەوێتە هەڵەیەکەوەو زیان بەپارتیو بەبارزانیو بەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردایەتیش ئەگەیەنێ! بۆنمونە، لەم رۆژە دژوارو ترسناکەی کوردا کە پێویستیمان بە پشتگیریو هاوکاریی هەمو لایەنێکە بۆ لێدانی داعش، لەژمارە ٤٦١٧ ی رۆژی٢٠١٤/٨/٧ ی رۆژنامەی خەباتدا لاپەڕە ٧ ئەڵێ: (دەستتێوەردانی گرووپی سیاسیو چەکداری کوردی دەرەوەی باشووری کوردستان- یەپەکە- بەناوی هاوکاری پێشمەرگە نەك تەنیا گرفت بۆباشوور دروست ئەکەن، بەڵکو لەخانەی ئەو پیلانانەدا جێی خۆی ئەکاتەوە کەدوژمنان بەرانبەرمان ئەیکەن، بۆیە هیواداریین بەزوویی روو لەدەڤەرەکەی خۆیان بکەنەوەو وازمان لێ بهێنن، بارزانی بۆ خۆی پەیامی نەتەوەیی بە مەنزڵی سەربەخۆیی دەگەیەنێت) وابزانم ئەمانە پێویست بە شیکردنەوە ناکا!! یەپەکەو پەیدەو پەکەکە، بێن سنگ بەگولەوە

---

[1] - بڕوانە پەرتوکی: کامیل ژیر لە وەڵامی 62 پرسیاری هەڵۆ بەرزنجیدا کە لە سایتی کۆنگرەو سایتی ئەمرۆدا بڵاوکراوەتەوە.

بنێن بۆ بەرگری لە باشوور، بەوجۆرە ئەو فیداکاریانە بە پیلانی دوژمنان ناوببا!! سەیرە!! ئنجا ئەو، بە چ هەقێك بەو فیداكارانە ئەڵێ: بڕۆن وازمازن لێبهێنن!؟ کەسێکیش نەزانێ ئەڵێ ئاخۆ ئەم دوکتۆرە لە چ بابەتێکی فەلسەفی یا سیاسیدا دوکتۆرای هێنابێ!؟ بۆ زانیاری: لە چیرۆکی کوردیدایە! ئەو چیرۆکەی کە تائێستا، بە واتا هونەریو زانستییەکەی، بونی نیە.

لەدوا وتەمدا، منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی کاك کەمال موختارو دەڵێم: تازیندوەکان مابن ئێوە ناتوانن بەئارەزووی خۆتان مێژوو بنووسنەوە ، هەروەها هاوڕام لەگەڵ کاك کامیل ژیرو دەڵێم : کاژیك ئەو قوتابخانەیەیە کە سەرچاوەی وزەیە بۆ ڕەوڕەوەی دەوڵەتی کوردی."

---

--- ئەم نوسینەی هاوبیر سەروەر، لەسایتی ماڵمۆ کورد وەرگیراوە**13/8/2014**

## 4-پەرتوکی کاژیك پێشخانو پاشخانەکانی- د.جەمال نەبەز 215 لاپەڕە - 2013

سەبارەت دامەزراندنی کاژیك، هاوبیر نەبەز لەلاپەڕە دودا ئەڵێ: لەدوکانەکەی بەشیر موشیر، کامیل ژیرم ناسی. ماوەیەك پێش ئەو ناسینە، سەر بەپارتی کۆمۆنستی ئیراکبو. لەو ڕێیەشدا توشی چەرمەسەریو لەقوتابخانە دەرکردنو زیندان بوبو، گەنجێکی هەڵبەستوان، قسەخۆشو گاڵتەبێژبو. بۆمدەرکەوت لەکۆمۆنستی نائومێدبو.

پەیوەندیم لەگەڵ ژیر بەهێزبو، بەتایبەتی وانەی ماتماتیکم پێدەوت بۆتاقیکردنەوەی دەرەکیی ئامادەیی کە ئەنجام سەرکەوتوبو.

بیروبۆچونمان لەگەلێ ڕوەوە وەکیەکی لێهات. وتی زۆر پێویستە ئەم بیرورایانە بچنە قاڵبی ڕێکخراوێکەوە. ئەز ئارەزوی دامەزراندنی ڕێکخراوی رامیاریم نەبو. وتم دەبێ جارێ خەریکی ڕۆشنکاریبین. بەتایبەتی ئەوسەردەمە ڕێبازی کۆمۆنستی

ڕێینەدەدا هیچ بیرۆکەیەکیدی، روناکی ببینێ. ئەو دەیوت ئەو ڕێکخراوە دەتوانێ باشتر ئەو ڕۆڵە بگێڕێ بۆرۆشنکاری. وتم جارێ زوە ، زەویەکە شۆرەیە. ئەشمەوێ بچم بۆدەرەوەی وڵات بۆ خوێندن. وتی راستە زەوییەکە شۆرەیە بەڵام شوێنی واشی هەیە بەکاری تۆوچاندنبێ. زۆر بەجۆشو بەپەلەبو بۆدامەزراندنی ڕێکخراوێ، چونکە دەیدی کۆمۆنستەکان گۆڕەپانەکەیان داگیرکردوەو پارتیش هەر زوڕنا بۆسۆڤێت لێدەداو کۆمەڵگەی کوردی بەرەو سەقەتترئەبرێ. چاری ئەمەشی بەدامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دەهاتە بەرچاو.

وتم لەسلێمانیش هەردیو ئەبدوڵا جەوهەرو فەرەیدون ئەلی ئەمینو فایەق ئارفو ئیهسان فوئاد هەن، بزانە بیروڕای ئەوان چۆنە؟ کەگەڕایەوە وتی رازیبونو لەکۆبونەوەیەکدا **1959/4/14** بریاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی درا. پاشان بەئامادەبونی منیش (نەبەز) لەکۆبونەوەیەکدا بریاردرا ئەو رۆژە بکرێ بەرۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە، (کوردستان بۆکورد، یەکسانی بۆگەل)یشمان کردە دروشم بۆی.

ئەمە پوختەو کورتکراوەی پێنج لاپەڕەی یەکەمی پەرتوکەکەی هاوبیر نەبەزبو. دوایئەوە ئەڵێ بەهاوکاریی هەمومان کاژیکنامەمان ئامادەکردو لەگەڵ خۆم **19**ی گوڵانی **1962** هێنام بۆ ژنێڤ.

لەپەرتوکەکەیدا بەدرێژی باسی ئامادەکردنی کاژیکنامەو سەرەتای شۆڕشی ئەیلول ئەکا. هەروەها باسی ئەم ریکخراوانەش وەك پاشخانی کاژیك ئەکا :

*یەکێتی نەتەوەیی خوێنکارانی کورد لەئەوروپا- نۆکسە **1965/3/21**- **1977/9/3**.

*یەکێتیی نەتەوەیی خوێنکارانی کورد لەسوریاو لبنان **1972**- **1973**.

*پارتی سۆسیالستی کورد، پاسۆك **1976/9/11**- **1992**.

*ڕێکخراوی خوێنکارانی سۆسیالستی کورد لەئەوروپا-سۆکسە**11 /9/1980**- **2005/4/22**.

*کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان **1985**-تائێستاش بەردەوامە.

**لە ل29دا ئەڵێ: هاوبیر ئەهمەد نەقیب کە لەکوردستان 1965 گەڕایەوە، بڵاڤۆکێکی کاژیکی لەگەل خۆی هێنایەوە کە 1965/2/12 بەئەرەبی دەرکرابو. باسی وەستاندنی چالاکیی کاژیکی تیابو.**

**منیش،کامیل، لەوەڵامدا ئەڵێم: ئەشێ ئەو بڵاڤۆکە، دروستکراوی نەیارانی کاژیکبوبێ. چالاکیمان بەردەوامبو، کە پارتیش دوکەرتبو، ئێمە لەبڵاوکراوەکانمانا لایەنی مەلاییمانگرد. بەتایبەتی لەگۆڤاری چرای کوردستانو گۆڤاری نەوەی کوردا تاساڵی 1967یش کەدواژمارەیان دەرچو.**

**لە ل106ی ئەو پەرتوکەدا نوسراوە: نەقیب نامەی چوارەمی کاژیکی بۆبارزانی 1965/2/21 لەگەڵ خۆی هێنا، واتا 10 رۆژ دوای ئەو بڵاڤۆکە ئەرەبیە. ئیتر چۆن کاژیك چالاکیی خۆی وەستانوە!؟ ئنجا بۆ بەئەرەبی!؟ ئەمە جێگەی پرسیارە!.**

***لە ل39دا ئەڵێ جواد مەلا لە 1970دا کامیل ژیری لەبەرلین دی. کەچووەوە سوریا، کۆمەڵەی خوێنکارانی نەتەوەیی کوردی لەسوریاو لبنان دامەزرانو کاتنامەیەکی بەنێوی هیشیاری بەکوردیو ئەرەبی دەرکردو لکێکی کاژیکی دامەزران. هەروەها جەواد مەلا وتوێتی کە 1972 چومە سلێمانی، وامئەزانی هەمو سلێمان کاژیکە.***

**ئەمانەش بەڵگەیەکیترن کە چالاکیمان نەوەستانوە وەك لەو بڵاڤۆکە ئەرەبییەدا نوسراوە!.**

**هاوبیر نەبەز، لەگەلێ جێگەی پەرتوکەکەیدا، ئاگرین بەدرۆئەخاتەوە. بۆنمونە، ئاماژە بۆقسەیەکی ئاگرین ئەکا کە وتوێتی دوای جیابونەوەی جەوهەرو چونی ئیهسان بۆخوێندن، کاروباری رێکخراوەیی کاژیك کەوتە دەس ئەو ل86، سەیرە! ئەو دو بەرپێزە، سالی 61و 62 پەیوەندییان نەما بەکاژیکەوە. لەوکاتەدا ئاگرین ناوی کاژیکی هەر نەبیستبو. پارتی گەل 64 تێکەڵ بەکاژیکبو! ئەبدوڵا 69 بوبە بەرپرسی لقی سلێمانی. ئیتر چۆن کاروباری رێکخراوەیی کاژیك کەوتۆتە دەس ئەو!؟.**

لەهەمان لاپەڕەدا نەبەزیش کەوتۆتە هەڵەوەو ئەڵێ لەپاش 1965/1964ەوە کاژێك لەکوردستان هیچ جۆرە چالاکییەکی نەبوە. ئەم قسەیە لەلایەن خەڵکیتریشەوە زۆر دوبارە ئەکرێتەوە! نازانم ئەوانەی وائەڵێن، مەبەستیان لەچالاکی چیە!؟ هەمومان ئەیزانین کاژێك لەژێر گوشارو ئیرهابێکی زۆری شیوئیو پارتیو جەلالیو مخابەراتی ئیراکیو ئێرانیشدابوە. ئەوهەمو گوشارو مەترسیەش ناچاریکردوە کە هەمیشە بانگ لەکولەکەدا بداو خۆی دەرنەخا، بەڵکو زۆرکات خۆی لەناو ریزەکانی پارتیو رێکخراوە دیموکراتییەکانیو هێزەکانی پێشمەرگەدا حەشارداوە. کۆمەڵەیەکیشنەبوە باوەڕی بەخۆپیشاندانو سنگدەرپەڕاندنبێ. خاوەنی رادیۆو تی ڤی و رۆژنامەی ئاشکراشنەبوە. لەبەرئەوانە کاژێك زۆر بەنهێنی کاریکردوەو نەیویستوە چالاکییەکانی بەرەهایی دەرخا. کاژێك لەرۆژی دروسبونیەوە هەرخەرێکی خۆدروسکردنو خۆڕێکخستنبوە بەنهێنی. بەزۆری، دەستی لەسەرئەوە داگرتوە کە بیروباوەڕەکەی بخەملێنێ. چالاکیشی هەبوە. بۆنمونە،

لەڕوی رێکخستنەوە:

- توانیوێتی زیاتر لە500 هاوبیر لەخۆی کۆکاتەوەو پەروەردەیانبکا بەبیروباوەڕەکەی.

- هەمیشە لاوانی ناردۆتە ناو هێزەکانی پێشمەرگەوە. کاژێکو پاسۆك هەڵگیرسێنەری شۆڕش نەبون، بەڵام کە بەرپابو، بەهی خۆیانیان زانیون. تەنانەت سەرکردەکانیشیان بەشداری شۆڕشیانکردوە بەبێ منەت بەسەر شۆڕشا.

- بۆ لاوانو قوتابیان، رێکخراوی نەتەوەیی دامەزرانوە.

لەڕوی چالاکیی هزرییەوە:

لەپێش هیزبەکانەوەبوە، بڕوانە بەرهەمەکانی:

**<u>بەرهەمە هزرییەکانی کاژێك:</u>**

1-کاژێکنامە: فەلسەفەی کاژێك لەیەکەم راگەیاندنیدا

2-الکاژێکنامە: ترجمە کاژێکنامە الی العربیە

3-بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی کاژیك

4-کوردایەتی بیروباوەڕمانە  ئامانجی نزیکو دورمانە، دیوانی هۆنراوەکانی ژیر بەپێشەکیەکی نەبەزەوە، کە یەکەم تەقینەوەی بیروباوەڕەکانی کاژیکبو.

5-کوردایەتی بزوتنەوەو برواو رژێمە- نەشتەرە کولەکەی هەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتیدا- ناميلکە، کە رەنگدانەوەی بیروباوەڕەکانی کاژیکە .

6-چۆن هاوبیرێك بۆکاژیك وەدەست ئەهێنیت: ناميلکە .

7-بانگی کاژیك: رۆژنامەی ناوخۆیی.

8-راگەیەندراوەکان.

9-نەوەی کورد: گۆڤاری یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد.

10-چرای کوردستان: گۆڤاری یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورد .

11-کۆڕو دیمانەو وتارو سیمینارەکانی هاوبیرانی کاژیك.

12-ناميلکەی حقیقەتی کاژیك.

13-بەرپەرچدانەوەیەك بۆهیزبی بەئس.


14-بەرهەمە هزرییەکانو دیمانەو سمینارەکانو بیرەوەرییەکانی د.جەمال نەبەز.

15-بەرهەمە هزرییەکانو دیمانەو سمینارەکانو بیرەوەرییەکانی کامیل ژیر.

16-ئەو نامانەی کاژیك ئاڕاستەی سەرکردایەتیی شۆڕشیکردوە.

17-ئەو نامانەی کامیل ژیر ئاڕاستەی سەرۆکی هەرێمی کردوە.

18-هیشیاری: گۆڤاری یەکێتیی نەتەوەیی بۆخوێندکارانی کورد، لەرۆژئاوای کوردستان




کەواتە کاژیك بەدەستی سپییەوە دانەنیشتوە. بێ چالاکینەبوە. کام لەهیزبە کوردستانییەکان، لەوانە زیاتریانکردوە!؟ ئەوەی گورزی کوشندەی لەکاژیکداوە، هێڵە لارەکانبوە بۆناو ریزەکانی. جوڵەکانی ئاگرینو شێرکۆ-ئازادبوە. ئەم سیانە خۆشیان نەیانشاردۆتەوە کە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابون کودەتا بەسەر سەرکردایەتی کاژیکدا بکەن. وەك سەرکردایەتی کاژیك، سایکس-بیکۆبوبێ! یا خەزێنە دۆلارەکانی وڵاتانی کەنداویان لەژێردەستابوبێ!. سەرکردایەتیی کاژیك، بەنانو جلوبەرگی خۆیەوە، ئەو تەلارە هزرییەی هەستانو گیانی خۆیان خستە مەترسییەوە!. تۆ سەیری ئەو نەهامەتییە! لەکاتێکا سوپاو فرۆکەکانی بەغا کوردستانیان بۆردومانئەکرد، پاراستن نەخشەی کوشتنی 80 ئەندامی کاژیکی ئەکێشا! ل87 لەپەرتوکەکەی نەبەز.

هاوبیر نەبەز لەپەرتوکەکەیدا (کاژیك پێشخانو پاشخانەکانی) بەدرێژی ئاماژەی بۆ ناڕاستییەکانی ئاگرین کردوە لەناو پەرتوکەکەیدا (لاپەڕەیەکی گەش لەمێژووی کاژیك- 159لاپەڕە) تەنانەت ژمارەیەك لەوانەی هەر بەقسەی ئاگرین خۆی

بەدرۆخستۆتەوە! کەچی لەجیاتی ئەوەی دان بەهەڵەی خۆیدابنێو داوای لێبوردنبکا، چوە چەردەیە ناڕاستی زیاتری هەڵڕشتوە لەپەرتوکێکیتریا بەناوی (مێژووی شکۆداری کاژیك- ئەمجارە بە 636 لاپەڕە!)و دەرگای دادگاشی لەنەبەزگرتوە!!.

## 5-پەرتوکی مێژووی شکۆداری کاژیك — د.عەبدوڵا ئاگرین

ئەمەیان هەر بەجارێ وێرانە. زوربەی خەیاڵەکانی پەرتوکی یەکەمی تیا دوبارەکردۆتەوە.. بۆنمونە:

ل21ئەڵی پارتی گەلی کورد 1962/7/2 دامەزراوە. کەچی لەل173 ئەلێ لە 1961/11/15 دامەزراوە!! لەلاپەرە 31ی پەرتوکەکەی پێشویدا ئەڵی 1963 هەرسین پێیوتوە ئەبێ هیزبێ دروستکەین سەرپەرشتی ئەو رێکخراوانە بکا.

ل31ئەڵێ (کوردستان بۆکورد یەکسانی بۆگەل) دروشمی پارتی گەلی کوردبو!. ئەمە راستنیە! ئەم دروشمە لەسەر بەرگی یەکەمی چاپی یەکەمی کاژیکنامە نوسراوە کە هاوبیر جەمال نەبەز بەتایپەکەی خۆی ساڵی 1961 چاپیکردوەو لەگەڵ خۆیدا بردویێتی بۆدەرەوە. لەلاپەڕە 5ی پەرتوکی کاژیك، پێشخان و پاشخانەکانیدا ئەڵێ: دو دروشمیش هەڵبژێردران بۆکاژیك: کوردستان بۆکورد- یەکسانی بۆگەل..

ل38سوکایەتی بەکاژیك ئەکاو ئەڵی بەر لەیەکگرتنی لەگەڵ پارتی گەلی کورد، ئەندامانی کاژیك تەنیا 8کەسبون. لە ل39 ئەندامانی پارتی گەلی بە 75ناو پیشانداوە. دوایئەوەی من ناوەکانم بە زیاتر لە 500هاوبیر، کاژیکو گەل، بڵاوکردەوە، ئەویش لە لاپەڕەکانی 363 تا 367 ناوەکانی بە 241 هاوبیر خەملان!. لە ل163ئەڵێ سەرکردایەتیی شەرعیو نوێی کاژیك لە 1972/5/25 تا 1975/3/6 نۆ کەسبون! ئەوەی بیرچۆتەوە کە لەپەرتوکەکەی یەکەمیدا، جارێ ئەڵێ 5کەس، جارێکیتر ئەڵێ 7کەس. ئەمجارە هەرسینو محمد عەزیزیشی زیادکردوە! بەمەرجێ ئەو دو هاوبیرە تەنیا 3مانگ لەساڵی 1964دا لەناو کاژیکدابون، ئیتر ئەو چونەی چون بۆ پاڵ بارزای، نەگەڕانەوەو نەمانبینینەوە. ئنجا ئەم سەرکردایەتییە وەهمیە نوێیەش کە ئاگرین دەیانجار ئاماژەی بۆئەکاو خۆی

پێوە بائەدا، بەدرێژایی ساڵانی 72 تا 75 نەئەبو کۆبونەوەیەك بکەن، بەیانێ، راگەیاندنێ دەرکەن!؟

ئەو چوزانێ کاژیك 8کەسبو!؟ ئەو بەقسەی خۆی لەلاپەڕە 108دا، رۆژی1969/12/8 کراوە بە بەرپرسی لقی سلێمای کاژیك. گریمان واشبێو 8کەسبوبن، ئێ خۆ هەمو رێکخستنێ لە یەك کەسەوە دەسپێئەکاو دوایی پەرەئەسێنێ. هەوڵی دامەزراندنی کاژیك سەرەتا تەنیا من بوم، دوەم نەبەز، سێیەم هەردیو جەوهەرو فەرەیدونو ئیهسانو فایەق. ئەوەبو وردەوردە ژمارەکە گەیشتە زیاتر لە500هاوبیر جگە لەهێڵەکانی ناوهێزەکانی پێشمەرگە. بەڵام دوایی، ئاگرین پەرشوبلاویکردنەوە وەك بەدرێژی لەوبارەیەوە دواوم.

ل187ئەڵێ ئەو هاوبیرانەی شێرکۆو هاوڕێکانی ویستییان تیرۆریانبکەن: هەردیو عزیزو ئاگرینو فوئاد سەراجو کەمال موختاربون، شوکر بۆخوا کامیلو فایەقی تیانەبو. کەچی لە ل286دا ئەڵێ ویستویانە د.کەمال فوئاد، کامیل، هەردی، فایەق لەناوبەرن!. ئەمەیە ئەڵێن پەتی درۆ کورتە.

لەوەئەچێ تاقمەکەی شێرکۆ-ئازد، زیاتر، لەئاگرین پڕبوبن. وایانزانیوە ئەو هەموشتێبوە! تەنانەت ناوی سەرکردایەتییان نەزانیوەو نەیانناسیون. لە ل352دا ئاگرین بەزمان ئازاد مستەفاوە ئەڵێ: کاژیك هەر تەنیا کەسێکبو، ئاگرین هەر خۆیبو.

جگەلەوانە، هەرکەسێ خەیاڵەکانی ئاگرینی نەسەلمانبێ، پێیوتون توشی دائولنسیانبون!

ل368و369: زۆر دڵی بەوە خۆشە کە ئازاد مستەفا لە لاپەڕە 24ی هێندێك بیرەوەری رۆژانی کاژیکدا، خەباتی کاژیکی بەئیمپراتۆریەتەکەی ئاگرین پێناسکردوە. ئنجا ئەڵێ: ئەوە شانازییە بۆمن، توانیومە ئەو ئیمپراتۆریەتە بپارێزم، کە لەراستیدا پەرشوبلاویکردەوە..

چەندین لاپەڕەی ئەو پەرتوکەی بەخەتی خۆی رەشکردۆتەوەو ناویناون دیکۆمێنت. هیچی راستنیە. شیاوی وتنە ئاگرین بەهیچ جۆرێ باس لەوە ناکا کە پاراستن ویستویێتی 80 هاوبیری کاژیك تیرۆرکا!!.

ل357 ئەڵێ تا هەنوکە، پاراستننەبوم! چۆن!؟ ئەی پەیوەندیت بەپارێزەر مەلاکەمالی پاراستنەوە چیبو؟. ئنجا بۆچی ئێستا ئەم پاکانەیە ئەکەی!؟ پاراستن دەزگایەکی هەوالگریی کوردییە. نەنگی نیە هەرکەس تیاهەڵسوڕێ. نەنگی ئەوەیە لەجیاتی پاراستنی نەتەوەکەت، ملی هاوڕێو هاوبیرەکانتی تیابشکێنێ وەك کردەوەکانی خاڵە حاجی بەرپرسی پاراستن بەپێی پەرتوکی گەڵاوەریوەکانی درەختی تەمەنم.

## 6-پەرتوکی گەڵا وەریوەکانی درەختی تەمەنم – د.هسێن مهەمەد ئەزیز

لەکاتی نوسینەوەی ئەم یادەوەرییانەدابوم، د.هسێن مهەمەد ئەزیز، بەشێ لەیادو بیرەوەرییەکانی خۆی پێشکەشکردم لەپەرتوکی گەڵاوەریوەکانی درەختی تەمەنم 1971ـ1981 بەرگی دوەم چاپی 2018 لە388لاپەڕەدا، بەسوپاسەوە، سودی زۆرم لێوەرگرت لەبارەی وردەکارییەکانی نێوان ئەو دە ساڵە، بەتایبەتی ئەو خۆی واپیشانئەدا کە لەو ماوەیەدا وەك داینەمۆی جموجوڵەکەی تاقمی شێرکۆ هەژارو ئازاد مستەفابوەو هەردوکیانو کەسانیتریشی لەو بوارەدا باش ناسیوە.

<u>سەبارەت شێرکۆی هەژار</u> ئەلێ: پیاوێکی زۆر توڕەو کەلەڕەقبو، قسەی وەرنەئەگرت، رەنگوڕوی دیکتاتۆری پێوەدیاربو، زۆر وشکبو، روی نێو کۆمەڵی نەبو، لەگەڵ کەسدا هەڵینەئەکرد، کترییە ئاوی گەرمو بوکسی ئاسنو چەقۆی ئامادەکردبو بۆئەوەی بەکاریانبێنێ بەرامبەر هاوبیر فوئاد هەمەومین سەراج چونکە هەندێ رەخنەیگرتبو! کەئەو کارە لەڕەفتارو کردەوەی دیکتاتۆرو فاشستە دڕندەکان دەچێ- لاپەڕە 182و183. سەیرئەوەبو وەك شێخێکی ئاینی دەسبڕ وای لەئەو هاوبیرانەکردبو دەروێشئاسا هەمویان هەر گوێبنو زمانیان لەدەمدانەبێ ل-201.

شیرکۆ پێیوتم ئەگەر رۆژێ لەڕۆژان دەسمانبو هەمو کاژێکە کۆنەکان هەڵئەواسین ل-205و206. نوسەری ئەو پەرتوکە ئەپرسێ نازانم ئازاد بەچیی ئەم پیاوە نەخۆشەوە سەرسامبوا؟ ل-216. هەڵبەتە ئەو جۆرە مرۆڤە دەرون نەخۆشانە زۆر دڵڕەشو داخلەدڵنو بوختان بۆخەڵکدەکەنو دەیانەوێ تۆڵەی تێکشکانو دڵپیسیی خۆیان لەکەسانی نیشتمانپەروەر بکەنەوە. ل-225.شێرکۆ دوای چوار ساڵ لەهۆلەندە گەڕایەوە، نەك هەر هیچ نەگۆڕابو و یەك هەنگاو پێشنەکەوتبو، بەڵکو ئەوەی دەشیزانی بیریچوبوەوە ل-298. نازانم ئازاد چ دڵێکی بەو پیاوە تەڵەکەبازە خۆشبو ل-304. بەشێوەیە شێرکۆ دەسی ئەو سێ ئەفسەرە لاوەی بڕی، لەجێوڕێی خۆیان هەڵیکەندن، خۆشی بۆباوەشی پڕلەنازو خۆشیی ئەوروپا گەڕایەوە، بۆ هەتایە بڕواو متمانەی هاوبیرو دۆستەکانی لەدەسدا ل-308. شێرکۆ وتی من وازدێنم چونکە ناتوانم لێرە بمێنمەوەو بژیم. ئنجا جەلالی حاجی حسەین وتی ئێمە پارەمان بۆقەرزکردی، بلیتی فرۆکەمان بۆکڕیتو هێنامانیتەوە بۆکوردستان، لەسلێمانی کۆمەڵێ هاوبیرت بینیو بەڵێنی کارکردنت دانێ، ئێستە بۆ بەخۆڕایی بەجێماندێڵی!؟ جەلال پەلاماریداو پێیوت هەر ئێستە سەرەوخوار لەو ئاودەسخانەیەدا هەڵتدەواسم. ئێمەش دەسی جەلالمانگرتو بەزۆر لەبندەستی دەرمان هێناو وتمان هەستە بڕۆدەرەوە بۆکوێدەچی بچۆ ل-307.

ئنجا جگە لەو گاڵتەجاڕییەی ئەو فسفسپاڵەوانەی فاروقی مەلا مستەفا، ئەم شێرکۆیە، ئەوەی بەباوکی خۆیکردوە لە دو نامیلکەدا، بەکەسنەکراوە. ئاخر کورد وتوێتی هین بەخاڵی خۆی فێرە! ئەم بەباوکی خۆشی فێربو!!

<u>سەبارەت ئەبدوڵا ئاگرین</u>. د.هسێن لەزمان ئوسمان رەشیدەوە ئەڵێ: ئەبدوڵا ئاگرینو ئەوانیتریش پیاوی پاراستنن، بۆیە کەس لەگوڵ کاڵتریان پێناڵێ ل-68. ئنجا دوکتۆر خۆی ئەڵێ: ئاگرین لەبەرەکەیدیکەبو، مامۆستای پەیمانگەی کادیرانی پارتیشبو، دەنگۆی ئەوەش هەبو کەهەر لەکۆنەوە پاراستنبوە ل-191پاشان گوتم ئێوە هەمو رەخنەو باری سەرنجەکانتان لەسەرعەبدوڵا ئاگرینبو، تەنیا ئەوتان

بەپیاوی پاراستنو ناپاك تاوانبار دەکرد، گەروایە ناوی ئەندامەکانی دیکەی سەرکردایەتی کۆنی کاژیکتان بۆهێناوە؟! ل-200. شێرکۆو عوسمان دەیانگوت گەر عەبدولا ئاگرین هەر لەسەرەتاوە پیاوی پاراستن نەبوبێ، چۆن دەزگەی پاراستن متمانە بەئەندامێکی سەرکردایەتیی کاژیك دەکا ل-203. ئوسمان ساڵی 1972 لەبەردەرکی سەرای سلێمانی پەلاماری عەبدولا ئاگرینیدا. جارێکی دیکەش ساڵی 1974 لەتەوێڵە پەلاماری داوە. لەپێنجوینیش جارێکی دیکە ویستبویان پەلاماری بدەنو لێیبدەن بەڵام فەتاح ئاغا پارستبوی ل-205. لەکۆتایی ساڵی 1973وە تا 1979/10 هیچ جۆرە پەیوەندییەکم لەگەڵ ئاگرین نەمابو.. زۆرم پێناخۆشبو لەگەڵ ئاگرین دانیشم، چونکە تائەو کاتە هەمو تاوانەکانم بەهی ئەو دەزانی ل-318- د.هسێن، گەلا وەریوەکان.

<u>سەبارەت سەرکردەکانی کاژیك</u> ، تاقمەکەی شێرکۆو ئازاد، بەنوسەری پەرتوکی (گەلاوەریوەکانی درەختی تەمەنم)یشەوە، لەلاپەڕەکانی 27، 84، 85، 133، 135، 200، 319 و 344دا سەرکردەکانی کاژیکیان بەترسنۆکو ناپاك ناوبردوە.

ئەو تۆمەتانە، گەرچی بایەخێکیان نیەو دورن لەڕاستییەوە، بەڵام هەندێ کورتە وەڵام هەڵئەگرن:

1-نازانم پێوانەی ترسنۆکیو ئازایەتی چیە؟ ئێوە کەتۆمەتی ترسنۆکی ئەدەنە پاڵ هاوبیر نەبەز لەبەرئەوەی وڵاتی بەجێهێشتوە! خۆشتان لەگەرمەی شۆڕشدا رۆژی 1981/7/13 وڵاتتان بەجێهێشتوەو پشتتانکردۆتە هاوبیرەکانتانو چەند ساڵێ دوای راپەڕین گەڕاونەتەوە کاتێ شەقامەکانی کوردستان پانو ئارامبوە!. خۆئەگەر ئەشڵێی تۆش بۆخوێندن کوردستانت بەجێهێستوە، ئەی بۆچی دوای تەواوکردنی دوکتۆراکەت لەسۆڤێت نەگەڕایتەوە بۆکوردستانو روتکردە سۆشیالەکەی سوید!؟ بەڵام هاوبیر نەبەز لەهەندەرانیش پشکۆیەکی ئاگربوەو بەردەوامبوە لەسەر چالاکیی کاژیکیو کوردایەتیو رۆشنبیری، بەڕەنجی شانی خۆی ئەژیو تا ئێستا یەك پولی سواڵی سۆشیالی لەهیچ وڵاتێ وەرنەگرتوە. ئێمەش لەکوردستان لەژێر ئیرهابی

دەسەڵاتە درِندەکانی ئیراکدابوینو خەباتی ژێر زەمینیمانئەکردو ملمان لەچەقۆ ئەسو، هەمو چرکەیەك ئەگەری گرتنو کوشتنمان هەبو! کەئەوە ئەوپەڕی بوێریبو. کەچی تاقمەکەی شێرکۆ، لەو بنی دنیایەشدا نەیانوێراوە ببزوێن! سەرکردەکانی کاژیکو ئەندامەکانیشی، ئەگەر زۆر ئازاو بوێر نەبوبن، ئەو رێکخراوە ترسناکەیان دانەئەمەزران کە ئامانجەکەی جیاکردنەوەی باشوری کوردستانە لەئیراکو یەکخستنەوەی پارچەکانی کوردستان. ئەو سەرکردانە هەمویان رۆشنبیری باڵابونو شارەزای یاسابونو ئەیانزانی کە بەپێی یاسای سزادانی ئیراکی، سزاکەیان لەسێدارەدانە گەر هیچپیشیاننەکردبێ هەرتەنیا لەبەر ئەوەی کاژیکبون! ئەوەبو دو هاوبیری کاژیك، رەوانشادان هەمە سالح هیتلەرو ئیزەت رەشید لەسێدارە دران لەبەرئەوەی تەنیا ئازایانە وتبویان بەڵێ کاژیکین، ئەگینا هیچ تاوانیکیان نەکردبو. بەرلەکاژیکو پاسۆکو دوای ئەوانیش، هیچ هیزبێکی کوردی، بەڕاشکاوی ئامانجێکی لەوجۆرەیان دەرنەبڕیوە. تەنانەت یەکێتیی نیشتمانیش تەنیا ئاماژەیەکی شەرمنانەی بۆمافی چارەی خۆنوسین کردوە، ئەو مافەش مەرجنیە هەر سەربەخۆییبێ، ئەشێ پێکەوەژیانیشبێ لەگەڵ ئیراکدا. پەکەکەش هەر زو لەسەربەخۆیی پاشگەزبوەوە. تاقمە ئازاکەی شێرکۆو ئازادیش، لە سێوچوار پەڕە شرەکەیانا بەبەرواری ٢٠و١٩٧٥/١/٢٥، سەربەخۆییەکەی کاژیکیان گۆڕیوە بەئۆتۆنۆمی!. ئاخر کێ ترسنۆکە!؟

2-کشانەوەی سێ هاوبیرەکەی سەرکردایەتیی کاژیك، ئیهسان فوئاد، ئەبدوڵا جەوهەرو فەرەیدون ئەلی ئەمین، لەترسا نەبوە وەك ئێوە ئەڵێن. هەرسێکیان تا مردنیش هەر نەتەوەییبونو هەڵگری هەمان بیروباوەڕی کاژیکبون. هاوبیر ئیهسان بەزەمالەی هکومەت چو بۆ خوێندنی دوکتۆرا. رەزامەندیی سەرکردایەتیی کاژیکی وەرگرت ئەوسا رۆی. هاوبیر جەوهەر نەخۆشیو لاوازیو پیری وزەی کاری سیاسیی لێبڕی. هاوبیر فەرەیدون، گەرچی بەردەوامبو لەڕیزەکانی شۆڕشا، بەڵام پاراستن هەمیشە بەدویەوەبو و هەوڵی کوشتنی ئەدا! نەك هەر خۆی، پاراستن شاڵاوی بۆبرادەرەکانیشی ئەبرد. دادوەر کەمال مستەفا قادر، کە هێشتا لەژیاندایە (کاتی ئەم نوسینە)، بۆیگێڕامەوە کە کاتێ لەگەڵ فەرەیدون لەشاخبون، پاراستن هەڕەشەی

لێکردوە کەنابێ لەگەڵ فەرەیدون قسەبکا!. ئابەوجۆرە، پاراستن، هاوبیر فەرەیدونی توشی نەخۆشیی دەرونیو جەستەیی کردوەو توانای کاری سیاسیی لێبرپیوە! بەڵکو هەر سیاسەتی لەبەرچاو کەوت. کاتێکیش لەداخا ویستی بچی لەبەغا نیشتەجێبێ، بەپرسو رەزامەندیی ئێمە رۆی. ئەنجامیش بەدەم خەمو خەفەتەوە بەگەنجی سەرینایەوە!

3-ئنجا کورد بدوێنە شەرعی خۆیئەکا، ئەو تاقمەی شێرکۆو ئازاد، چەنجارێکو لەچەن کاتی جیاوازا، هانایانبردوە بۆ نەبەزو هەردیو فەرەیدون کە بچنە سەرکردایەتیی تاقمەکەیانەوە. ئیتر ترسنۆکو خائینیچی!؟ یا ئەشێ بڵێین: کەواتە ئەو تاقمە پەنایان بۆ خائینو ترسنۆکبردوە کە ببن بەسەرکردەیان! جا ئەگەر وابێ، ئەبێ ئەو تاقمە خۆیان بایی چەنبوبن!؟. پرسیارێکیتر ئەوەیە، پەنابردن بۆ سەرکردەکانی کاژیك کە ببن بەسەرکردەیان، چ واتایەك ئەبەخشێ!؟ ئایا ئەوە بەدرۆخستنەوەی تۆمەتەکانیان نیە!؟

لێرەدا، سەبارەت نەترسی و ترسنۆکی، داوا لەخوێنەرەوەی بەرێز ئەکەم چاوێك بەو بابەتانەدا بخشێننەوە کە لەژێر سەرناوی بەگژاچونەوەی رژێمەکانی بەغادا پیشانمداون لەم پەرتوکەدا.

4-ئەو بەڵگەنامەیەی لەلاپەرە 372ی پەرتوکی گەڵاوەریوەکاندا پیشاندراوە گوایە بۆکوشتنی کەمال جەمال موختارە، نەهی سەرکردایەتیو نەهی لیژنەی پەیوەندیی کاژیکە. لیژنەی پەیوەندیی کاژیك خاوەنی هیچ بریارێك نەبو. ئەو لیژنەیە، لە دو کەس پێکهاتبو، ئەندامێکی سەرکردایەتی + بەرپرسی لق، ئەرکەکەی: ئەڵقەیەکی بەیەکگەیاندنی سەرکردایەتیو لقبو. ئەندامەکەی سەرکردایەتی، سەرەتا فەرەیدون ئەلی ئەمینبو، دوای ئەو ئەبدولکەریم ئارفبو. هەردوکیان لەگوڵ پاکترو ناسکتربونو هی ئەوەنەبون فەرمانی کوشتن دەرکەن. سەرکردایەتیش بەهیچجۆرێ باوەرِی بەکوشتننەبو. لەو بەروارەشدا 1973/8/3 ئەبدوڵا ئاگرین بەرپرسی لقی سلێمانیو ئەندامی لیژنەی پەیوەندیبو! بائێستا پێمانبڵێ ئەو نامەیە بۆکوشتنی

هاوبیر کەمال جەمال موختار، کێ نوسیویێتی!؟ لەسەرچی ئوسمان رەشید چەنجارێ لەسەر شەقامی گشتی پەلاماریداوە!؟ بەراوردێکی دەسخەتی ئەو نامەیەو دەسخەتەکانی ئاگرین بکەن لە دو پەرتوکەکەیدا!. نە لیژنەی پەیوەندی مۆری هەبوە نە سەرکردایەتی کاژیك. ئەو هەمو مۆرە چیە ئاگرین پەرتوکەکانی پێڕازاندۆتەوە!؟

5-ئەو تاقمەی ئازاد-شێرکۆ، سەرکردایەتیو کادرەکانی کاژیکیان بەپیاوی پاراستن تۆمەتبار ئەکرد، کەچی هەر خۆشیان ئەڵێن پاراستن لەساڵی 1974دا ویستویێتی 77کەسیان لێبکوژێ! بەڵام رێککەوتنەکەی جەزائیری بەسەراهات ل-209و210 لەپەرتوکەکەی د.هسێن.

6-ئەو تاقمە، بە چوار کەسو لەتێکەوە، لەیەکەم رۆژیانەوە، لەنێو خۆشیانا دژ بەیەکو ناکۆکبون، بێ ئاگاشبون لەوەی ژمارەی هاوبیرانی کاژیك چەندەو کێن. تەنانەت ناوی ئەندامانی سەرکردایەتیشیان نەزانیوەو لەنزیکەوە نەیانناسیون، بەهەڵەش لەئاگرین گەیشتون کە بەئەندامی سەرکردایەتییانزانیوە، راستییەکەی ئاگرین هەرگیز ئەندامی سەرکردایەتی نەبوە. ناوی هەمو هاوبیرانی کاژیکیشی نەزانیوە. لەشوێنی دیکەی ئەم پەرتوکەدا، قسەیترمان لەسەر ئاگرین هەیە.لێرەدا هەر ئەوەنە ئەڵێم: ئاگرین هەمو شەڕو ناکۆکییەکانی نێوان خۆیو تاقمەکەی شێرکۆو ئازادی لەسەرکردایەتیی کاژیکو *لە ئەندامەکانیتری* لقی سلێمانی شاردۆتەوە.

ئەو پەرتوکەی د.هسێنیش، لەناڕاستی بەدەرنیە:

1)ئەو نامە سێ خاڵییەی لەلاپەڕە 64دا ئاماژەی بۆئەکا، نامەی سەرکردایەتیی نیە. سەرکردایەتی فەرمانی کوشتنی بۆکەس دەرنەکردوە. هیچ نامەیەکی ئەویش بەسەرکردایەتی نەگەیشتوە. ئێستە بۆیهەیە یەخەی ئەو کەسە بگرێ کەئەو نامەیەی داوەتێ. وەك سەرنجێکیش ئەو نامەیەو نامە 6 خاڵییەکەیتریش بۆکوشتنی کەمال موختار لاپەڕە 372 ، هەردوکیان بەرواری 1973/8/3یان لەسەرە! کە ئەمە جێگەی پرسیارە!.

2)لەلاپەڕە 201دا ئەڵێ نوری هەمە ئەلی وازی لەکاژێك هێنا.. ڕاستنیە. ئەو هاوبیرە یەکێکبو لەبەشدارانی کۆنفرانسەکەی نەغەدە لەپایزی 1974دا. تارۆژی شەهیدبونیشی هەرکاژێکبو. چەن ڕۆژێ پێش شەهیدبونی، لە بەردەرکی سەرای سلێمانی بینیم، وتی خەریکی خۆکۆکردنەوەم بۆئەوەی بچمەوە شاخ، هەست ئەکەم نەوە لوتە ئەیەوێ بمکوژێ!!.

3)لە 13دێڕی یەکەمی لاپەڕە 204دا کەوتۆتە کۆمەڵێ هەڵەشەوپەڵەشەوە کەئەمە ڕاستییەکانیانە:

(کۆنفرانسەکەی کاژێك لەسەرەتای پایزی 1974دابو نەك 1975/2/2. لەشاری نەغەدەبو نەك لە مهاباد. سەرکردایەتی کاژێك هیچ بایەخێکی بە ئەو دو بڵاوکراوەی تاقمەکەی شێرکۆو ئازاد نەداو وەڵامیشی نەدانەوە، چونکە زۆر بێ ئاستو نەخوێنەوارانەبونو لەکاتی دەرکردنی ئەو دو بڵاوکراوەیەشدا- 1/21 و 1975/1/25 کاژێك چالاکییەکانی خۆی لە سەرەتای پایزی1974ەوە هەڵپساردبو، بەتایبەتی ڕاگەیاندن، لەپێناوی سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلولدا. لەبەرئەوە کەس دەسەڵاتی وەڵامدانەوەی ئەو دو بڵاوکراوەیەی نەبو لەو کاتەدا، چونکە بڕیارەکەی کۆنفرانسی نەغەدە ڕێگربو لە وەڵامێکی لەوجۆرە. ئنجا کاك د.هسێن تۆ ئەو قسانەت لە 2018دا نوسیوە، پێش ئەم بەروارەش هەر خۆت لەلاپەڕە 209دا وتوتە پاراستن ویستوێتی 77یان لێبکوژێ، ئیتر چۆن ئەڵێی کاژێك ویستوێتی وەك کۆمەڵێ مەڕ شوێن پاراستن بکەوێ!؟. ئاخر کورد ئەڵێ: قسە بیکێشە، بیبێژە، بیوێژە.

4)لەلاپەڕە 209دا ئەڵێی ئێمە هەر زو لەڕێی نەبیل نوری مەتییەوە ئاگاداری بڕیاری گرتنی ئەو 77کەسەبوین! جا کەئاگاداربون، بۆچی ئەو 77 کەسەتان ئاگادارنەکرد!؟

5)لەلاپەڕە 218دا ئەڵێی عومەری سەید عەلی هەواڵی بڵاڤۆکەکەی پرسیو وتی ئەوە تەنیا چاکسازییە یا دوبەرەکییە؟ منیش گوتم کاژێك خۆی نیە تا دوبەرەکیی تێبکەوێ... سەیرە! کە نەبێ یا نەبوبێ، تۆ بۆچی نیوەی پەرتوکە 388

لاپەڕەییەکەت لەسەر کاژێك رەشکردۆتەوە!؟ سەرنجێکی ئەو هەمو نوسراوانە بدە لەسەر کاژێك نوسراون- کە لەم پەرتوکەدا ئاماژەیان بۆکراوە. تۆبڵێی ئەوانیش لەسەر (نەبو)یان نوسیبێ!؟

6)لەلاپەڕە64دا ئەڵێی کاژێك هەلێکی زێڕینی مێژویی بۆهەڵکەوتبو، سەرکردایەتییەکەی لەباریبرد.. ئەشڵێی نامەم بۆسەرکردایەتی دەنوسیو بێوەڵامبون!

لەوەڵامدا ئەڵێم: ئەو سەرکردایەتییە، دامەزرێنەری کاژێکیشبون نەك هەرسەرکردایەتی. ئنجا ئایا بەهیچ پێوانەیەك رێیتێئەچێ ئەو سەرکردایەتییە، جگەرگۆشەی خۆی لەباربەرێ!؟ کەس هەیە تەلارێك دروستکاو دواییش بیرِوخێنێ!؟ رۆژگار دەریخست ئەوەی کاژێکی لەباربرد، هێڵێکی لاری پارتیو هێڵێکی لاری یەکێتیبو. ئەو دوهێڵە، وەك دو هێڵی ساردو گەرمی کارەبا، بەریەك کەوتبونو شۆرتیانکردبو و ئەنجام ریزەکانی کاژێکیان پەرشوبلاوکردبوەوە! ئەوەش ئامانجی ئەو دو هیزبەو ئێرانبوە. لەبارەی نامەکانی تۆشەوە، من ئێستا بەدڵنیاییەوە پێتئەڵێم هیچ نامەیەکی تۆ بەسەرکردایەتی نەگەیشتوە. جگە لەتۆ، لەزۆر کەسیتریشم بیستوە کەنامەیان بۆسەرکردایەتی نوسیوەو وەڵامیان نەبوە. کەواتە نەگەیاندنی ئەو نامانە بەسەرکردایەتی، ئەوەش ناپاکییەکیترە!. گۆڕ وایە ئەو خاوەن نامانە ئێستاش یەخەی ئەو ناپاکانەی لەسەربگرن.

7)لەلاپەڕە338دا بەزمان فەرەیدون ئەلی ئەمینەوە ئەڵێی: هەر زو جەمال نەبەزو عەبدوڵا جەوهەرو ئەحمەد هەردی لەنێو خۆیانا تێکچون.. کە ئەمە بەهیچ جۆرێ راستنییەو لەقسەی فەرەیدونیش ناچێ.. ئەگەر وابوایە، ئەبو من ئاگاداربم. جەمال نەبەزو فایەق ئارفییش هێشتا لەژیاندانو ئەوانیش ئەو بوختانە رەتئەکەنەوە.

8-د.هسەین لەسەر ئازاد مستەفاشی نوسیوە. لەجێگەیەکیتری ئەم پەرتوکەدا، قسەمان لەسەری ئەبێ.

## 7-پەرتوکی سەرنجێك لەكاژیك-نوری كەریم

لەسایتی كۆنگرەی نیشتمانییەوە، ئەو پەرتوكەمان خوێندەوە.

ئەو پەرتوكە، بەدواداچونێكە لەسەر پەرتوكەكەی د.جەمال نەبەز(پێشخانو پاشخانی كاژیك)و سەرنجی خۆی بەرامبەری پیشانداوەو هەندێ مەڵۆشی خستۆتە سەر خەرمانی ئەو پەرتوكەو دەوڵەمەندتریكردوە. هەڵبەت هەركەس ئازادە لەدەربرِینی راو باری سەرنجی خۆی. منیش وەك ئەركێكی مێژویی بەپێویستی ئەزانم وردەهەڵەیەكی ئەو سەرنجانەی هاوبیر نوری كەریم راستبكەمەوە. لەوانە:

ل23-دانانی سیمبولی دو پیتی لاتینی (kk)بەرامبەر بەیەك، ئەگێرِێتەوە بۆ قۆناغی 1964-1965راستییەكەی هەر لەسەرەتای دامەزراندنی كاژیكەوە، ئەو سیمبولەمان دانا. واتا سادەكەی لەیەكەم پیتو دوا پیتی كاژیكەوە هاتوە. واتا مەجازییەكەشی ئاماژەیە بۆپێویستیی یەكێتیو یەكرِیزیو نهێنیپۆشی كاژیك.

ل28-وتەكانی ئەم لاپەرِەیە، وتەی ئەمرِۆی بەرسێبەرە.

راستە عەیار24 گونجاو نەبو، بەڵام نهێنییەتەكەی كاژیك ناچاریبو. هاوبیرانی كاژیكیش لەچینی ناوەندو خوار ناوەندبون نەك ئۆرۆستۆكرات. هۆی پوكانەوەكەش هێڵە لارەكانی دو هیزبە كوردییەكەو ئێرانبو نەك نهێنێتییەكەی كاژیك. من لەم پەرتوكی بیرەوەریانەمدا بەدرێژی لەو روانەوە دواوم. هەروەها سەبارەت كشانەوەی 3ئەندامەكەی دەستەی دامەزرێنەریش قسەی راستمكردوە. سەبارەت پێویستیی نهێنگیری، ئەڵێم: لەكوردستانێكی سەربەخۆو ئازادا نەبێ، هەڵەیە هیزبی كوردی نیشتمانی، بە هەمو جۆرەكانیەوە، هەمو دەستەكانی بخاتە رو.

ل54-لەم پەرتوكەی خۆمدا بەرِونیو راشكاوانە باسی ئەو هۆكاری پەیوەندییەم كردوە كە میر بەدرخان دابوی پێمان. بەڵام دەركردنی منو نەبەز لەسویسرا بەفیتی باڵیۆزی ئیراك، بوە هۆی پچرِانمان لە میر. نەبەز رویكردە ئەڵمانیاو منیش

رومکردە شام بۆخوێندن، دواییش بەغدا. ئیتر ئەو هۆکارەش (مەرەکەبەکە) تەواوبو و نەماو دەسمان بە میردا نەئەگەیشت هیترمان بۆبنێرێ.

ل**60**-ئەوەی سەبارەت کۆنفرانسەکەی نەغەدە نوسیوتە، ئەوە بابەتی کۆنگرەیەکە نەك کۆنفرانسێك. زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو کۆنفرانسەوە، لەم پەرتوکەدا نوسراوە. پرسەی کاژیکیش نەبو، نیمچە هەڵپساردنێکی کاتیبو، بەڵام نسکۆی شۆڕشو دواییش دامەزراندنی پاسۆك، بونە هۆی کارانەکردنەوەی کاژیك وەك بەدرێژی لەو ڕوەوە دواوم لەم پەرتوکەدا.

ل**80**و**81**باسی بلاڤۆکە شرەکەی شێرکۆی هەژار ئەکاو ئەڵێ دانەیەکم لەفاروقی مەلا مستەفای سەر بەقیادە مەرکزیی شیوعی، دانەیەك لەجەمالی ئومەر مڵۆزمی سەر بەپارتی، دانەیەکیش لە(ش.ح.م)ی سەر بەپاراستن وەرگرت کەدواتر دەرکەوت سەر بەرژێمی بەغداشە!. ئەشبوایە ناوی ئەو (ش.م.ح)یەی ئاشکراکردایە.

ئا بەمانەدا بزانن چەن لایەن هێلی لاریان هاویشتۆتە ناو کاژیکو هەوڵی روخانیانداوە! چۆنیش شیوئیو پارتیو پاراستنو ئیراکیش، ئەو بڵاڤۆکە هیچوپوچەیان کردۆتە شاییلۆغان!.

ل**127**-سەبارەت چونی پاسۆك بۆناو پارتی ئەڵێ: ئاگرین پێشتر چەن گفتو بەڵێنێکی بۆخۆی، کریم، شوان، مژدە وەرگرتبو. هەربەوەش رازییکردن بچنە ناو پارتییەوە، ئەگەرنا مولازم کەریم نەدەچوە ژێر ئەوبارە!!.

کەواتە کڕینو فرۆشتنی ژێربەژێر بەپاسۆکەوە کراوە!!. دەڵاڵەکەش ئاشکرایە.

ل**159**-و چەن لاپەڕەیەکی دوای ئەویش..

زۆر خۆی بەوەوە ماندوکردوە، بەبەڵگەوە، کە روداوی کانی ماسی **1964/9/10** دەستی کاژیکی تیانەبوە!. ئەو، گەرچی لەدڵسۆزییەوەبو، ئەو ماندوبونەی نەئەویست، بنەمایەکی یاسایی ئەڵێ: بەڵگە لەسەر لاریبون نایەت (لاترد البینه علی النفی)، (البینة علی من ادعی، والیمین علی من انکر) کاژیك لەزمان سەرکردەکانیەوە

چەنجار وتوێتی ئێمەنەبوین، ئەوەندە بەسە. ئەوی ئەڵێ دەستی کاژیکی تیابوە، با ئەو قسەکەی خۆی بسەلمێنێ. ئەمڕۆ زیاتر لە 50 ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەو روداوەدا بێئەوەی کەسێ یا لایەنێ یا دادگایەك، تەنانەت هیزبی شیوئیش، سەلماندبێتی کە دەستی کاژیکی تیابوبێ. ئیتر نە پاکانەی ئەوێو نە بەیاندەرکردنو نە لەسەررۆیشتن، لەگەڵ رێزمدا بۆکاکە نوری کەریم کە هاوبیرێکی ئازیزمانەو هەمو پەرتوکەکەی لەهزرێکی پاکەوەیە.

ل178- کاکە نوری باس لەکۆبونەوەکەی نەغەدە ئەکا بە هەندێ هەڵەوە.

بۆراستکردنەوەی ئەو هەڵانە ئەڵێم: ئەو کۆبونەوەیە سەرەتای پایزی 1974بو نەك کۆتایی پایزی 1975. ئەبدوڵا ئاگرینیشی تیانەبو. ناشزانم ئەو کۆبونەوەیە بۆچی ناوی کۆنفرانسی لێنراوە، رەنگە لەوەوەبێ کەلەچەن شوێنێکی دورەوە ژمارەیەك هاوبیری بۆهاتبێ کە یەکێکیان ئەوبو. چاکتر وایە ناوی بنێین کۆبونەوەیەکی فراوان، چونکە نە کۆبونەوەی سەرکردایەتییبو بەتەنیا، نە کۆنفراسیشبو بەواتا فراوانەکەی. لێرەدا گرنگ ناوەرۆکەکەیە نەك ناوەکە. ناوەرۆکی ئەوکۆبونەوە فراوانە، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو رۆژەی شۆڕشی ئەیلولبو کەگەیشتبوە قۆناغێکی هەستیارو مەترسیدار! واپێوستیئەکرد هەمو بەرژەوەندییەکی هیزبایەتی بخرێتەلاوە لەپێناوی سەکەوتنی شۆڕشدا. ئیتر ئێمەی کاژیك هەروابوین، هەمیشە بەرژەوەندیی کوردمان خستبوە پێش بەرژەوەندیی کاژیکەوە. لەوەش پەشیمان نین. ئەو کۆبونەوە فراوانە تەنیا یەك بریاری تیادرا کە بریتیبو لەهەڵپساردنی زوربەی چالاکییەکانی کاژیك بۆماوەیەکی کاتی هەتا ئەنجامی شۆڕشەکە. دوای نسکۆی شۆڕشیش، دروستبونی پاسۆك بوە هۆی کارانەکردنەوەی کاژیك، چونکە بارودۆخی ئەو رۆژگارەمان نەئەگونجا لەگەل هەبونی دو رێکخراوی نەتەوەیی کوردی بۆیەك ئامانج. لەئەنجامدا تواناکانی خۆمان وردەوردە تەرخانکرد بۆ پاسۆك، بەلام ئەویش بەگورگانخواردو درا وەك بەدرێژی لەم پەرتوکەدا باسم لێوەکردوە.

## 8-دو چاوپێکەوتن لەگەڵ کوردۆ ئەلی

**رۆژی ٢٠١٩/٣/٢٤ لەسایتی کوردستانی نوێدا، بەشی سێیەمی چاوپێکەوتنێکم بەرچاوکەوت کە بیست ساڵێ لەوەوبەر هاوبیر هەڵۆ بەرزنجەیی لەگەڵ رەوانشاد دوکتۆر کوردۆ ئەلی ئەنجامی دابو. سایتەکە وەك هەنگی لەدارا دۆزیبێتەوە، چەن هەفتەیەك لەسەریەك، وەك خەرەك، هەر چەندین بارەیئەکردەوە! جا لەبەرئەوەی دو بەشەکەیتریم نەدیبو، داوام لەبەڕێز هاوبیر هەڵۆ کرد هەمو چاوپێکەوتنەکەم بەئیمێڵێ بۆبنێرێ، ئەویش، بەسوپاسەوە، هەموی بۆناردم. دوای خوێندنەوەی، روانیم چاوپێکەوتنەکە لەدەرگای گەڵێ بابەتیداوە کە وەڵامەکانی دوکتۆر کوردۆ گەلێ لایەنی راستیی پێکاوە بێجگە لەو قسانەی لەبارەی کاژیکەوە کردویێتی. بۆیە بەپێویستم زانی لەم پەرتوکەدا راستییەکان لەو روەوە پیشانبدەم.**

**چاوپێکەوتنەکە لەژێر سەردێڕی** (بیرو بزوتنەوەیەك بەچوار بەیانو سێ نامیلکەو دو دروشمی زەقی کۆپیکراو، ناگاتە قۆناغی کەماڵو ناتوانێ لافوگەزافی قەبەو لەسەنگی خۆی قورستر لێبدا) **دوای خوێندنەوەی، روانیم وەڵامەکان هەر دوبارەو وەك ئەو وەڵامانەن کە دوکتۆر کوردۆ لەچاوپێکەوتنێکی تریدا، بیست ساڵێ لەمەوبەر!، وەڵامی پرسیارگەلێکی سالار یاسین ناوێکی داوەتەوەو لەهەمان رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوەو منیش کاتی خۆی لەهەمان رۆژنامەدا وەڵامم داوەتەوە. بۆیە، دوای وەڵامێکی کورتی ئەم چاوپێکەوتنەی، راستەوخۆ ئەچمە سەر ئەو بیروڕایانەی پێشتریو وەڵامەکانی من.**

**لەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ بەڕێز هەڵۆ بەرزنجەییدا، کە بەکاژیك ئەڵێ** (بەچوار بەیانو سێ نامیلکەو دو دروشم، ناگاتە قۆناغی کەماڵو هتد) **بێئەوەی پێمانبڵێ ئەی بەچی ئەگاتە قۆناغی کەماڵ؟**

ئەم قسانەی کوردۆ هی کاتێکە کە ساڵانێکی زۆر تێپەڕیوە بەسەر ئاشنابونی ئەو بەکاژیکو ڕێکخراوی سۆکسەو بەتەمەنیش قۆناغی هەرزەییو لاوێتیی تێپەڕاندوەو بەخوێندەواریش بۆتە خاوەن بڕوانامەی دوکتۆراو خاوەن بڕێك بەرهەمی هزریی چاپکراوی خۆی! واتا ئەبوایە لەجیاتی ڕەخنەی روخێنەرو توانجگرتنو شێواندنی راستییەکان، ئەو ببوایە بە ڕێپیشاندەرو ئەگەر کاژیك مەلۆتکەیەکی نەخۆشبوایە، ئەو دەستی بدایەتە باڵیو چارەسەری دەردەکانی بکردایەو بیخستایەتە قۆناغی کەماڵەوە، نەك ئەو مەلۆتکەیەی بەناڕەوا بدایەتە بەر لیسی کوێرانە! بێئەوەی پرۆژەیەکی نوێی پێشنیارکردایە بۆ ئەو قۆناغی کەماڵەی کە هەر بەقسەی روت ئاماژەی بۆکردوە!.

وەك پێشتر وتم، ئەم چاوپێکەوتنەیو چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ سالار یاسین، هەمان ناوەرۆکو هەمان چەمکی یەکدین، بۆیە دێمە سەر ئەو وەڵامانەی پێشترم لەژێر سەردێڕی:

وەڵامێکی دۆستانە بۆ بەڕێز دوکتۆر کوردۆ عەلی:

کاژیك وەك ڕێکخراوێك لەپێناوی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتیی کورداو بەدروشمی کوردستان بۆکورد، یەکسانی بۆگەلو سەربەخۆیی کوردستانو فەلسەفەیەکی نوێی کوردایەتییەوە، لەدایکبو و شۆڕشێکی بیرمەندییانەی بەرپاکرد.

ئێستا کاژیك، وەك ڕێکخراوێکی سیاسی لەکاردا نەماوە، بەڵام وەك بیرێکی نەتەوەیی ڕەسەنی کوردی، ماوە. لەڕوی پێکهاتەشەوە، کاتیخۆی، لەڕۆڵە هەرە پاکو بەڕەوشتو نیشتمانپەروەرەکانی کورد پێکهاتبو.

لەدو ژمارەی 1971 و 1972 تشرینی دوەمی ١٩٩٩ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا، بەڕێز سالار یاسین، گفتوگۆیەکی لەگەڵ بەڕێز دکتۆر کوردۆ ئەلیدا ئەنجامدابو، لەژێر ناونیشانی: (کۆچی پێچەوانەی عەقڵی کوردی بۆ ناوەوە).

گفتوگۆکە، جگە لەو کۆچی پێچەوانەیە، گەلێ بابەتیتری گرتۆتەخۆ کە هەندێکیان جێگەی بایەخنو هەندێکیشیان جێگەی گلەیی.

وەلآمەکانی دکتۆر لەبارەی گەڕانەوەی خاوەن بڕوانامەکان لەدەرەوە بۆ ناوەوەی کوردستانو لەبارەی زمانو وەرگێڕانو یەکگرتنی زمانی کوردیو سەرەنجەکانی دەربارەی کارڵ مارکسو بەرهەمی هەندێك رۆژهەلآتناسو کارل پۆپەر، بایەخێکی تایبەتیان هەیە، بەلآم ئەوانەی لەبارەی کاژیکو هەندێ شتیش لەبارەی دکتۆر جەمال نەبەزەوە وتونی، جێگەی وتوێژو گلەیین، بابزانین چۆن؟

دکتۆر کوردۆ ئەڵێ: (پەشیمانم لەوەی کە ئەو فەترەیەی لەکاژیکدا کارم کرد عەقڵم ئەوەندە تەسکبو هەستم بەو کەموکوڕییانە نەدەکرد)، لەجێگەیەکیتری گفتوگۆکەدا ئەڵێ: (کارل پۆپەر لەعەقڵەوە کۆمۆنیستبو، بۆیە لەعەقڵیشەوە لێی دورکەوتەوە، بەلآم من لەعەتفو سۆز بومە کۆمۆنیست.. بەلآم کە فامم کردەوە بۆم دەرکەوت ئەو رێبازە لەخزمەت مەسەلەی میللەتەکەمدا نییە، بۆیە بومە دژی ئەو بیرە)

بەرامبەر بەم دوجار هەڵخەڵەتانەی دکتۆر، ئەشێ پەنا بەرینە بەر ئەو پەندە کوردییەی ئەڵێ: ئەگەر جارێك هەڵخەڵەتام خوا بەرامبەرەکەم بگرێ، ئەگەر بو بەدوجار، خوا خۆم بگرێ. ئنجا ئەگەر پاساوی دکتۆر بۆ بونە کۆمۆنیستیەکەی ئەوەبێ کە ئەوسا منداڵبوە، ئەی خۆ بەگەورەیی بو بەکاژیکو پاسۆکو کاری تیا ئەکردن! کە تا ساڵی 1987 واتا هەتا تەمەنی 37 ساڵەی لەکاژیکو پاسۆکدا بردە سەر!.

دکتۆر کوردو لەوەلآمی ئەوانەدا کە پێیانوتوە ئەبوایە ئەو یەکێك بوایە لەوانەی بیری کاژیکیان رزگاربکردایە، ئەڵێ: (بیرێك کە خۆی لەخۆیدا نەبێ چۆن رزگار دەکرێ؟) منیش بەدکتۆری بەتەمەن کامڵو رۆشنبیرو نووسەرو لەئەوروپادا ژیاو ئەڵێم: ئەگەر کاژیك بیرێك نەبو، ئەو شوێن چی کەوتبو!؟ ئەی بۆ هەر خۆی وشەی (هاوبیر) بۆ برادەرەکانی کاژیکی بەکاردێنێ؟ ئەی بۆ ئەڵێ:

(كاژيك بەدواى من نەگەڕا، من خۆم بەفترى كاژيك بوم، كاژيك بەماناى ئەوەى كوردم خۆشبوێ).

ئەم قسەيەى چۆن لەگەڵ ئەو قسەيەيدا ئەگونجێ كە ئەڵێ: (كاتێك كە عەقڵم كرايەوەو چاوم كرايەوە لەتەمەنى سيوحەوت ساڵىدا ـ نوسەر ـ تێگەيشتم فريودراوم)؟.

ئێستا كاژيك وەك ڕێكخراوێكى سياسى لەكاردا نەماوە، بەڵام وەك بيرێكى نەتەوەيى ڕەسەنى كوردى ئێستاش ماوەو دوايى دێمە سەر شيكردنەوەى ئەم قسەيەم، هۆى نەمانى كاژيك وەك ڕێكخراوێكى سياسى، ئەوەنەبو كە كاژيك مەلۆتكەيەكبو بەمردويى لەدايكبو وەك دكتۆر ئەڵێ.. دوايى گەڕانەوەم ئەبێ بۆ ئەو لەمپەرانەى هاتنە ڕێگەى گەشەنەكردنى ڕێكخراوى كاژيكو بونە هۆى وەستانى.

دكتۆر ئەڵێ: (كاژيك لەسلێمانى تێنەپەڕيوە تەنانەت لەگەڕەكێكى سلێمانى تێنەپەڕيوە) من بەپرسيارێكى زيندو بەرپەرچى ئەم قسەيەى دكتۆر كوردۆ ئەدەمەوەو ئەڵێم ئەگەر وايە، ئەى فەرهاد عەبدوقادرى كەركوكيو دلاوەرى كاكە زيادى كۆييو شێركۆ هەژارى موكريانيو جەواد مەلاى ڕۆژئاوى كوردستان چيبون؟ ئايا ئەوانيش هەر خەڵكى سلێمانيبون؟ كە هەريەكەيان لەناوچەى خۆياندا ژمارەيەك لايەنگرى كاژيكيان بەدەوردابو، ئنجا ئەى دكتۆر تۆ خۆت يەكێك نەبوى لەئەندامانى لقى ئەوروپاى كاژيك؟

دكتۆر ئەڵێ: (من شەرمم پێيە لەو حزبە ئيشم كردبێ)، منيش داوا لەدكتۆر ئەكەم هۆى ئەو شەرمەمان بۆ ڕۆشن بكاتەوە.

ڕاستييەكەى مرۆڤ كاتێك شەرمى پێدێ لەحزبێكدا ئيشى كردبێ، كە ئەو حزبە بێگانە پەرستييەكى كردبێ، يا بەدڕەوشتييەكى تێدابوبێ، يا گەندەڵى، يا ناپاكى.

جا دكتۆرى بەڕێز تۆ كە (خۆت بەفترى كاژيك بويت)و بەمەزەندەى خۆت نزيكەى بيست ساڵێك لەكاژيكدا كارتكردوە، هيچ شتێكى لەو جۆرەت هەست پێكردوە تا شەرمت پێبێ؟

ڕاستييەكەى لەڕوى پێكهاتەوە، كاژيك لەهەرە ڕۆڵە پاكو بەڕەوشتو نيشتمانپەروەرەكانى كورد پێكهاتبو، ئەوەش لەدامەزرێنەرەكانيەوە دەرئەكەوێ كە بريتيبون لەئەحمەد هەردى، جەمال نەبەز، عەبدوڵلآجەوهەر، فەرەيدون عەلى ئەمين، ئيحسان فوئاد، فايەق عارفو كاميل ژير. كە لە **1959/4/14**دا پێكهاتن لەسەر دامەزراندنى ئەو ڕێكخراوە سياسييە بەناوى كۆمەڵەى ئازادىو ژيانەوەو يەكێتى كورد ـ كاژيكەوە. هەتا ئێستاش من دەست ئەكەم بەچاوى هەر كەسێكدا بڵێ

بەری چاوی ئەو دامەزرێنەرو سەرکردانەی کاژیك کلی پێوەیە، بەدوای ئەوانیشدا هەمو ئەندامانی لقو ناوچەکانو کادیرەکانو ئەندانی کاژیك هەر بەوجۆرە. (لە هەلێکدا ناوی هەمویان بلآوئەکەمەوە) بۆ ئەوەی بەبەڵگەی زیندو قسەکەم بسەلمێنم .نەك وەك دکتۆر لەبەربورە. (ناوەکان لەم پەرتوکەدا بلاّوکراونەتەوە).

لەڕوی تیوریشەوە، کاژیك بۆ یەکەمجار کوردایەتی لەسۆزەوە گواستەوە بۆ باوەڕو فەلسەفە، وەك لەنوسینەکانییەوە دەرئەکەوێ، ئێستاش بەباوەڕی من، ئەگەر خەڵکانێك هەبن نوسینەکانی ئەو کەسانەو ئەوانەی پێشوی دکتۆر کوردۆشیان لەلا پەسەندبێ، ئەوە لەبەر ئەوەیە ئەو نوسینانە لەو بیرو فەلسەفەیەوە .سەرچاوەیانگرتوە

ئێستا کاژیك وەك ڕێکخراو نەماوە تا بڵێین من بەم قسانەم پڕوپاگەندەی بۆئەکەم، من ئەم قسانەم وەك راستییەکی مێژویی ئەڵێم کە وردە وردە خاڵ ئەخەمە سەر پیتەکانو جارێ لێرەدا هەر ئەوەندە ئەڵێم: ئەوە هیچ جوامێرییەك .نییە مرۆڤ بەرد بخاتە سەرچاوەیەکەوە کە ئاوی لێخواردبێتەوە!

کوردۆ زۆر ساکارانە ئەڵێ: (حزبێك، ڕێکخراوێك، گروپێك لەهەمو ژیانی خۆیدا کۆنفرانسێك کۆنگرەیەك نەگرێ، چۆن بەحزب ناوی دەبەی). راستە گرتنی کۆنگرەو کۆنفرانس کارێکی باشە بۆ حزبێك، بەڵآم بەنەگرتنیان ئەو حزبە لەحزبایەتی ناکەوێ، زۆر حزب بووەو هەیە کە کۆنگرەو کۆنفرانسیان نەگرتوە، یا دوای بیست سی ساڵ گرتویانە، ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بەبارودۆخەوە هەیە، کاژیك هەلی گرتنی کۆنگرەیەکی بۆ نەڕەخساوە لەبەر ئەوەی زۆر بەنهێنی کاری ئەکرد، زۆربەی ئەندامەکانی لەناو حزبەکانی تردا کاریان ئەکردو تەنیا پەیوەندیی تاکەکەسی( فەردی)یان هەبو بەکاژیکەوە، بەتایبەتی لەناو پارتیداو بەزۆری لەناو هێزی خەباتدا کە بەئامر هێز فەتاح ئاغاو جێگرەکەی نوری حەمە عەلیو زۆربەی زۆری پێشمەرگەکانی ئەو هێزەوە کاژیك بونو نەئەکرا لەکۆنگرەیەکدا خۆیان ئاشکرا بکەن، دو ئەندامی سەرکردایەتیش شێخ محەمەدی هەرسینو محەمەدی عەزیز لەبارەگای بەرزانیدا کاریان ئەکرد، ئەم دو هاوبیرە دوایی بون بەئەندامی سەرکردایەتی کاژیك لەئەنجامی یەکگرتنی کاژیکو پارتی گەلی کوردەوە. هەر لەئەندامانی سەرکردایەتی: ئەحمەد هەردیو فەرەیدون عەلی ئەمینو فایق عارفو کامیل ژیر تێکەڵ بەشۆڕشی ئەیلولبون، جەمال نەبەزیش لەساڵی **1961**ەوە چوە ئەوروپا. جگە لەوانە، کاژیك زۆر بەتوندی بەربەرەکانی ئەکرا، نەك هەر لەلایەن رژێمەوە، بەڵکو لەلایەن هەردو حزبی شیوعیو پارتیشەوە، دوایی لەلایەن جەلالییەکانیشەوە. لەبەرئەوە کاژیك نەك

هەر دەرفەتی بەستنی کۆنگرەی نەبو، بەڵکو سیاسەتی بانگدان لەکولەکەیدا پەیڕەو ئەکرد. ئیتر کۆنگرەیچی!؟

من تێناگەم دکتۆر کوردۆ بەڕاستێتی کە ئەڵێ (لە هەمو ژیانی سیاسی کاژیکدا چوار پێنج بەیاننامەی دەرکردوە کە هیچ ئەهمیەتێکی نییە). ڕاستییەکەی کاژیك لەڕوی تیۆرییەوە دەوڵەمەندترین ڕێکخراوی کوردیبوە لەسەردەمی خۆیدا، کاژیك جگە لەپەرتوکی کاژیکنامەو پەیڕەوو پرۆگرامو گۆڤاری چرای کوردستانو گۆڤاری نەوەی کوردو بانگی کاژیکو حەقیقەتی کاژیکو دەیان نامیلکەیتر، ژمارەیەکی زۆریش بەیاننامەی دەرکردوە، چەند جاریش نامەی ئاڕاستەی بارزانی کردوەو لەو نامانەدا باری سەرنجی خۆی بەرامبەر شۆڕشی ئەیلولو پەیوەندیی شۆڕش لەگەڵ ئێرانو دانوستانەکانی شۆڕش لەگەڵ بەغدادی پیشانداوە، پەرتوکی (کوردایەتی بزوتنەوەو بڕواو رژێمە ـ نەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتیدا) هی سەرکردایەتی کاژیکە، سەرەتا جەمال نەبەز دایڕشتوەو دوایی سەرکردایەتی پیاچۆتەوەو لێی زیادو کەم کردوەو بڕیاری لەسەرداوەو پاشان بەکامیل ژێر سپێردراوە سەرلەنوێ بینوسێتەوەو بەچاپی بگەیەنێ، ئەمیش بەشێوازی خۆی وەك ئەدەبێکی گاڵتەئامێزانە (سخریە) دایڕشتۆتەوەو لەریقابەی بەغداد کە ئەوسا بەڕێز عەزیز خانەقا لێپرساوی بەشی کوردیبو تیایدا، رەزامەندیی بۆ وەرگرتوە بەناوی ئاشکرای خۆیەوە لەریقابەو بەناوی زەردەشتەوە لەسەر کتێبەکەو 3 هەزار دانەی لێچاپکراوە کە لەماوەی دو مانگێکدا هەموی فرۆشراو دوایی خەڵکی کەوتنە لەبەرنوسینەوەی، جگە لەوە بەشێك لەهەڵبەستەکانی کامیل ژیر لەگەڵ پێشەکییەکی نەبەزدا کە هەموی رەنگدانەوەی بیروباوەڕی کاژیکبو بەناوی (کوردایەتی ـ کوردایەتی بیروباوەڕمانە، ئامانجی نزیکو دورمانە) بە 3 هەزار دانە چاپکراو دوایی کتێبخانەی سەیدیان لەسنە (5)جار چاپیکردەوە. (هاوبیر فوئاد سەراجیش دو جار چاپیکردۆتەوە) ئێستا هەمو بەرهەمە بیرمەندییەکانی کاژیك لەلای بەڕێز دکتۆر جەمال نەبەز پارێزراونو دکتۆر کوردۆ ئەلیش هەموی دیونو زۆریشیان لەمەکتەبەی شوقەکەی دکتۆر کوردۆدا لەڤیەنا هەن، من بەچاوی خۆم ساڵی 1982 ژمارەیکی زۆر لەنوسراوەکانی کاژیکو پاسۆکم لەشوقەکەی دکتۆر کوردۆ عەلی لەڤیەننا دی کە بەمیوانی دو شەو لەو شوقەیەدا لای ئەو مامەوەو ماڵی ئاوابێ ئەرکی خانەخوێیەتی کوردانەی بەجێهێناو سوپاسی ئەکەم.

کوردۆ ئەڵێ: (کۆمەڵێك شاعیرو نوسەر بەخەیاڵێکی رومانسیانەوە شتێکیان دروستکردوە کە روشیان نەهات بینێژن) جارێ هیچ خەوشێك لەوەدا نییە کە کۆمەڵێك شاعیرو نووسەر حزبێك دروستبکەن، بەڵکو ئەنجامدانی کارێکی سیاسیو ئایدیۆلۆجیی لەو جۆرە، هەر لەکەسانی بیرمەندی وەك نووسەرو شاعیر بوەشێتەوە باشترە وەك لەژمارەیەك

نەخوێندەوارو ئەشایەر. من لەو باوەڕەدام ئەگەر چەند سەرەك هۆزێك دەستێکیان هەبوایە لەدروستکردنی کاژێکدا، ئێستا دکتۆر کوردۆ رەخنەی ئەوەی لێئەگرتین کە کۆمەڵێك دەرەبەگو کۆنەپەرست کاژێکیان بەخەیاڵێکی دەرەبەگانە دروستکردوە! دوای ئەوە کاژێك تا ئێستاش نەمردوە تا لەڕومان هاتبێ یا نەهاتبێ بینێژین، کاژێك بەبڕیاری کۆنفرانسێك لەشاری نەغەدە لەپایزی ساڵی **1974**دا چالاکییەکانی خۆی لەناو کوردستاندا راگرتو وەك رێکخستنێك هەڵپەسێردراو تا ئێستاش هەروایە، ئەوەش بەهۆی ئەوەوەبو کە لەو ساڵەدا زۆربەی حزبە کوردیەکان، بەوانەشەوە کە ئەوسا بەناوی لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەدو مام جەلالەوە ناو ئەبران، چونە ژێر باڵی شۆرشی ئەیلولەوەو هەمومان هەوڵی سەرخستنی ئەو شۆڕشەمان ئەدا، جگە لەوەش کاژێك هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە، کوردایەتی زیاتر لەلا مەبەستبوە وەك لەحزبایەتی، ئنجا دەستدانە کارێکی وەك دروستکردنی حزبێك کە بۆ رزگاریو سەربەخۆییو یەکگرتنەوەی کوردستان خەبات بکات، ئەوە خەیاڵێکی رۆمانسیانەیە یا کارێکی ترسناکی جوامێرانەیە؟.. تا ئێستاش کەس بەمارکسییەکانی نەوتوە رۆمانسی کە بۆیەکگرتنی هەمو کرێکارانی جیهانو هەمو حکومەتو میللەتانی دنیا هەوڵئەدەن، کەسیش بەعەرەبە نەتەوەییەکانی نەوتوە رۆمانسی کە بۆ یەکگرتنەوەی (**22**) پارچەی عەرەبنشینان هەوڵئەدەن.

پێشتریش کەس بەجولەکەی نەوتوە رۆمانسی کە بەهەمو کونجێکی دنیادا بلآوکرابونەوەو بۆدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی جولەکە هەوڵیانئەدا.

هەردو لایەنی گفتوگۆکە، سالارو کوردۆ، لەسەر ئەوە پێکهاتبون کە (بونی کاژێك رێگەی ئەوەی بەستەوە کە بیرێکی نەتەوەیی راستەقینە بێتە کایەوە). هەویری ئەم قسەیە حەوت بەرمیل ئاو ئەکێشێت:

١-کاژێك دەستی کەسی نەگرتبو کە حزبێکی تری نەتەوەیی دروست بکەن. کاژێك نەدەوڵەتبو، نە دەزگایەکی پۆلیسی هەبو کە رێگە لەخەڵکی بگرێ بۆ دروستکردنی هەر جۆرە حزبێك یا بۆ دارشتنی هەر جۆرە بیرێك.

ئەوەتا ئێوە خۆتان ئەڵێن: (کاژێك بەردەوام لەپەراوێزدا ژیاوەو هیچ کاریگەریو قورساییەکی نەبوە.. هیچی پێنەکرا، هیچیان نەکردوە) پێشتریش دکتۆر کوردۆ وتی (کاژێك لەگەڕەکێکی سلێمانی تێنەپەڕیوە)، ئیتر بەرامبەر بەو هەمو هیچو تەنیا گەڕەکە، بۆ ئەبێ ئەو کوردستانە گەورەیە دەستەوستان دانیشتبنو بیرێکی نەتەوەیی راستەقینەیان نەهێنابێتە کایەوە؟ کەواتە ئەم دو برادەرە خۆیان وەڵآمی خۆیان ئەدەنەوەو ئەنجامی قسەکانیان ئەوە ئەگەیەنێ کە کاژێك شت بوەو قورسایی خۆی هەبوە لەسەر جەماوەرو لەسەر دەوروبەرو لەسەر سیاسەت.

٢-دوای کۆنفرانسەکەی نەغەدە، هەر لەساڵی 1974دا، ژمارەیەك نەفەری پەڕاگەندە، بەیاننامەیەکیان بەهاوکاریو یارمەتی قیادەی مەرکەزیی حزبی شیوعی دەرکرد، تیایدا بەخەیاڵی خۆیان قیادەی کاژیکیان دەرکردو خۆیان ناونا سەرکردایەتی تازەی کاژیك! ئەوانیش هەر لەم جۆرە قسانەی ئەو دوبرادەرەیان ئەوتەوە، کەچی زۆری نەخایان وەك بڵقی سەر ئاو هەر لەخۆیانەوە نە ناویان ماو نە ناوەرۆك!.

٣-دوای ئەوان پاسۆك دروستبو، پاسۆك نە لەپەراوێزدابو، نە لەکولەکەشدا بانگی ئەدا، بەڵکو دەستیدایە چەکو چوە شاخیش. کەچی لەساڵی 1975ەوە تا راپەڕینی 1991یش هەر بریتیبون لەکۆمەڵی مەنجەڵە یاپراخەکەو کەسێکی ئەوتۆیان لێکۆنەبوەوە. دوای راپەڕینیشو، لەجادەی تەختیشدا، جەماوەرەکە هەر روی نەکردە ئەوان بێئەوەی خەوشێکیان هەبێ، تەنانەت لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیشدا ساڵی ١٩٩٢، بەپاسۆکو بەسۆشیالیستیش تەنیا 2.572٪ دەنگیان هێنا!.

٤-بەرمیلی چوارەمی ئاوی هەویرەکەی ئەم دوبرادەرە، بەڕاشکاوی ئەوە ئەگەیەنێ کە ئێستاش هیچکام لەو هزبانەی لەکوردستاندا هەن (هەڵگری بیرێکی نەتەوەیی راستەقینە نین، بیرێکی رێکوپێکو خەملیوی شیاوو گونجاو)، ئەوەش قسەیەکی راستەو منیش لەگەڵ ئەواندام.

٥-ئەی کەواتە ئێستا بۆچی حزبێکی (هەڵگری بیرێکی نەتەوەیی راستەقینەی رێکوپێکو خەملیوی شیاوو گونجاو) دروست نابێ؟ خۆ ئێستا نەکاژیك هەیەو نەپاسۆك کە ببنە داهۆڵو رێگە لەبیرێکی لەوجۆرە بگرن؟

٦-خوالێخۆشبو دکتۆر کامیل بەسیر، هەمو جارێ ئەیوت (کاژیك چاکترین حزبو بیروباوەڕە، بەڵام میللەتی کورد هینی ئەو بارە نییە).

٧-ئێستا لەم خاڵی هەوتەمەوە، نۆرە ئەدەم بەخۆم، رایەك دەربڕم لەبارەی هۆکانی سەرنەکەوتنی کاژیکو پاسۆکەوە:

أ- هۆی یەکەم کە هۆی سەرکییە: کاژیك، لەڕوی رێکخستنەوە، پێش رۆژگاری ئەوسای کورد کەوت، لەرۆژێکدا لەدایکبو کە بیروباوەڕی چەپی نانەتەوەیی بەسەر مێشکی مرۆڤی کوردا زۆر زاڵبو، ئەو بیروباوەڕە هەر هی هزبی شیوئی نەبو، بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراقو ئەوەی ئێرانو کوردەکانی باکورو رۆژئاواو زۆربەی رۆشنبیرە بێلایەنەکانیش پێشبڕکێیان لەگەڵ هیزبی شیوئیی ئێراقو ئێرانو سوریاو تورکیادا ئەکرد لەسەر مارکسێتی.

زۆربەی خەڵکە ناسیاسییەکەش وەك وشکە موسوڵمانێك بیریان ئەکردەوە، بێگومان ڕێکخستنێکی نوێی وەك کاژیك بەبیروباوەڕێکی نوێی نەتەوەییانەی دژ بەمارکسێتی، بیروباوەڕێکی دنیایی، ئەوەندەی پێویست خەڵکی شوێن ناکەوێ، ئەوسا ئەبوایەو ئێستاش بۆسەرکەوتنی ڕێکخستنێکی نەتەوەیی وەك کاژیك یا وەك ئەو دو برادەرە ئەڵێن (بیرێکی نەتەوەیی راستەقینەی ڕێکوپێکو خەملێوی شیاوو گونجاو) پێویستە پێش ئەوەی ئەو بیروباوەڕە بچێتە قاڵبی ڕێکخستنێکی هزبیەوە، مێشکی ئەو خەڵکە بشۆردرێتەوە لەخڵتەو خەوشی نانەتەوەییانەو لەجێی ئەو خڵتەو خەوشە، خۆراکی بیروباوەڕی نەتەوەییان بدرێتێ، ئەوەش بەچالاکیەکی ڕۆشنبیرانەی ئاشکرای بەرفراوان دێتە ئەنجام، نەك بەرێکخستنێکی هیزبیانەی نهێنی فرە دوژمندار کە ناچاربێ بانگ لەکولەکەی تەڕدا بدا. هەر کات ڕۆشنبیرە نەتەوەییەکانی کورد توانیان ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن، ئەوسا ڕێکخستنێکی هیزبی نەتەوەییانە، سەرکەوتوئەبێ. ئەوەش کاری نەکردە نیەو پاشەڕۆژ هەر بۆکوردایەتییە.

ب- هۆی دوەم: سەرەتای دروستبوونی کاژیك، لە **1959/4/14** ەوە تا **1961/9/11** ژمارەیکی باش لەکاژیك کۆبونەوە.

بەڵام لەگەڵ بەرپابونی شۆڕشی ئەیلولدا، ئەوە تاڕادەیەکی زۆر وەستا، چونکە کاتێ خەڵکەکە بینی ئەوا پارتی بەگوللە شەڕ بۆکورد ئەکا، ئیتر ئایدیۆلۆژیای کاژیك ئەو کاریگەرێتییەی نەماو هەرچی دڵی بۆکورد لێیئەدا، چوە پاڵ پارتیو شۆڕشەکە، بەتایبەتی کەسێتی بارزانی ئەوەندە بەهێزبو کە سەرکردایەتی هەر هیزبێکی بکردایە، خەڵکی رویان لەو هیزبە ئەکرد. ئەوە سەرباری ئەوەی ئەو کاتە بارزانی تازە لەسۆڤێتی قیبلەی مارکسییەکان گەڕابووەوە.

ج- هۆی سێیەم: ئەوەبو، کاژیك زیاتر کوردایەتی ئەکرد وەك لەحزبایەتی، لەبەرئەوە هەمو تواناکانی خۆی خستەپاڵ شۆڕشی ئەیلول کە بمانویستایەو نەمانویستایە ئەوە بەسود بۆپارتیو بەزیان بۆکاژیك ئەشکایەوە، بەڵام دەربەستی ئەوە نەبوینو ئاواتمان سەرکەوتنی شۆڕشەکەبو.

د- هۆی چوارەم: مەسەلەی کانی ماسیبو کە ناڕەوا لەو سەردەمەدا بەسەر کاژیکدا شکایەوە، کە لەڕاستیدا کاژیك بەهیچ جۆرێ دەستی لەخراپەکارییەکانی کانی ماسیو کوشتنی شیوئیەکاندا نەبو، ڕاستی مەسەلەکەش بەم جۆرە بو:

لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە، لاوێك لەسلێمانی بەناوی ئوسەی ئامەوە، ناوبانگی دەرکرد بەئازایەتی، ئەم لاوە چەند سیخوڕێکی ڕژێمی بەغدای کوشتوە، خۆی ئەندامی پارتیبو، لەهەمان کاتدا ئەندامی لاوانی نەتەوەیی سەر بەکاژیکیشبو، لەناو

**خەڵکدا نەتەوەییانە ئەدوا. زیاتر لەسەر کاژیك ماڵبو، رۆژێك لەگەڵ یەکێك لەبرادەرە چەکدارەکانی خۆیدا شەڕێکی ئەبێو ئەیکوژێو دوایی بۆداپۆشینی ئەو تاوانەی، ئەیکا بەدیئایە کە شیوئیەکان کوشتویانە.**

**ئنجا خۆیو برادەرەکانیتری ئەچن لەناو بازاڕدا چەند شیوئییەکی بێئاگاو بێتاوان ئەکوژن، گوایە ئەوە لەتۆڵەی برادەرەکەی ئوسماندایە، بێگومان تاوانەکە زۆر چەپەڵبوەو پارتی بۆئەوەی لەخۆی دورخاتەوە، ئەیخاتە پاڵ کاژیك، شیوئیەکانیش ئەوەیان بەهەلزانی بۆسوککردنی کاژیکو ئەوانیش تاوانەکەیان خستە پاڵ کاژیك، ئوسەی ئامەش چونکە زیاتر بەکاژیك ناسرابو، رەمەکی خەڵکەکەش باوەڕیانکرد. هاوبیرانی کاژیکیش لە سلێمانی بەیانێکیان دەرنەکرد کە تاوانەکە لەخۆیان دورخەنەوە. من ئەو کاتە لەبەغداد لەکۆلیجی ماف ئەمخوێندو فەرمانبەریش بوم لەبەغداد، دوای چەند مانگێك سەری سلێمانیم دایەوە، تا ئەو کاتەش ئەو راستیانە بەتەواوی رون نەبوبوەوە بۆ سەرکردایەتی کاژیکو بەتەواوی نەیانئەزانی راستیو مەبەستی ئەو تاوانە چیبوە، دوایی ساغکرایەوە، کاتێ کە وەخت تێپەڕیکردبو بۆدەرکردنی بەیانێکی لەوجۆرە بەڕای هەندێك لەهاوبیران، بەڵام هەر ئەبوایە لە دوای تاوانەکە کاژیك لەبەیانێکدا ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەو تاوانە دەربڕیایە.**

**منیش بەبێ هیچ پرسیارو وەڵامێك، ئەمزانی ئەوە کاری کاژیك نەبوە، چونکە هەمو کاژیك لەو کاتەدا خاوەنی دەمانچەیەك نەبو، خاوەنی سەد دینار نەبو، ئنجا ئەگەر کاژیك تواناشی هەبوایەو بشیویستایە دەستێك لەدوژمنەکانی بوەشێنێت، نەئەچو ئەو خەڵکە بێدەسەڵاتە بێتاوانانە بکوژێ، بەڵکو کێشەی خۆی لەگەڵ سەرکردەکانیاندا یەکالآ ئەکردەوە، کە لەڕاستیدا ئەو کاتە، جگە لەجیاوازیی بیروباوەڕ، هیچ کێشەیەکیتر لەئارادا نەبو، هیچ دەسدرێژییەکیش نەکرابوە سەر کاژیك کە شایانی تۆڵەیەکی لەو جۆرەبێ، بەڵام خەڵکی ئەم راستیانەیان نەئەزانیو ئەو کارەساتە ناوبانگێکی خراپی بۆکاژیك بەجێهێشتو بوە لەمپەرێك لەڕێگەی گەشەکردنیدا.**

**ە- جگە لەوانە، ژمارەیەکیش لەهاوبیرانی خۆمان، کەموکورتیو تەمەڵیو ناوابەستەییی هەبوە، کە ئەوانە لەهەمو هیزبێکی تریشدا هەیە. ئەوانە بەکورتی هۆی سەرنەکەوتنەکەی کاژیکبون.** (سەرنج: جگە لەو خاڵانە، لەکونجێکیتری ئەم پەرتوکەدا، هەندێ هۆکاری تریشم پیشانداوە سەبارەت سەرنەکەوتنی کاژیکو پاسۆکیش، بەتایبەتی دەوری هێڵی لار لەناو ئەو دو ڕێکخراوەدا).

**لەبارەی وازهێنانی دکتۆر کوردۆوە لەکاژیکو سۆکسەو پاسۆك، ئەوەبو بینیمان هەرچی خراپە بەکاژیکو پاسۆکی وت، کەچی دوایی ئەڵێ: (بە جەمال نەبەزم وت**

لەداخی تۆ واز ئەهێنم)، کەواتە مەسەلەکە بو بەمەسەلەیەکی کەسینە، نەك مەسەلەیەکی مەبدەئی.

کوردۆ لەمەش زیاتر خۆی ئاشکرا ئەکاتو ئەڵێ: (پێموت ئەگەر تۆ نەبایە من وازمنەدەهێنا) باشە ئەم قسەیە چۆن ئەگونجێ لەگەڵ ئەو قسانەی تریدا، بەتایبەتی ئەوەی ئەڵێ (من شەرمم پێیە لەو حزبە ئیشم کردبێ)، ئنجا جەمال نەبەزێك کە هەمو ژیانی خۆی تەرخان کردبێ بۆ کوردایەتیو دەریایەکبێ لەزانستو خاوەنی زیاتر لەشەست بەرهەمی چاپکراوو زیاتر لە (30) بەرهەمی چاپنەکراوی ئاست بەرزو کەم وێنەبێ لەبوارەکانی کوردایەتیو سیاسەتو مێژوو زمانو وێژەو زانستو فەرهەنگدا بێئەوەی داوای پاداشتێکی لەهیچ کەسو لایەنێك کردبێ.. چۆن ئەبێ رۆشنبیرێکی وەك کوردۆ لەداخی ئەو واز لەرێکخستنێکو بیروباوەڕێك بێنێ؟ کە ئەو وازهێنانەش لەو کاتەدابوە کە دوکتۆر نەبەز داوەتی بەیانیی بۆ دوکتۆر کوردۆ کردوە لەبەرلین!!.

من ناڵێم دکتۆر نەبەز هیچ کەموکوڕییەکی نییە، هیچ مرۆڤێ لەم دنیایەدا نیە بێ کەموکوڕی، گریمان لەهەندێ دیدو بۆچوندا نەیپێکابێ، یا (38) ساڵی غەریبیو تەنیایی، تۆزێك دڵی ناسك کردبێ، ئەوانە چین لەچاو کارە مەزنەکانی ئەو بەڕێزەدا؟

بێینەوە سەر کاژێك کە دکتۆر کوردۆ ئەڵێ: (دەوری چی بوە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردی؟)، منیش لەسەرەتای ئەم نوسینەمدا وتم: ئێستاش بیرۆکەی کاژێك ماوە، برادەر سالار یاسینیش ئەڵێ: (کاژێك هیچ کاریگەریو قورساییەکی نەبوە)

ئێمە تۆزی لەمەوبەر ئەو لەمپەرانەمان پیشاندا کە لەرێگەی پێشکەوتنی کاژیکدابون، ئەوانە سەرباری نزمیی هوشیاریی نەتەوەیی لەناو کوردا، لەگەڵ ئەوەشدا کاژێك لەدو روەوە، کەم تا زۆر دەوری هەبوە لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردو کاریگەریو قورسایشی هەبوە لەم بوارانەدا:

یەکەم/ پەردەهەڵماڵین لەروی بیروباوەری نانەتەوەییانەی وەك مارکسێتی، ئەوەش لەرێگەی ئەدەبیاتەکانی کاژیکو نوسینەکانی نەبەزو هەردیو جەوهەرو فەرەیدونو ژیرەوە.

دوەم/ پەردەهەڵماڵین لەروی شۆڤێنێتی فارسیو ئەرەبیو تورکیەوە بەهەمان رێگە.

سێهەم/ گەشەدان بەبیروباوەری نەتەوەیی کوردیو گواستنەوەی کوردایەتی لەسۆزەوە بۆ باوەڕ بەهەمان رێگە. من خۆم لەچەندین ئەندامانی پارتیو یەکێتیو رۆشنبیریتریش ئەبیستمو ئەڵێن ئەوەی جاران ئێوەی کاژێك ئەتانوتو ئێمە

بەتاوانمان ئەزانی، ئێستا ئێمەش ئەوانە ئەڵێینەوەو ئەشینوسین. کاژێك یەکەم کۆمەڵو کەسانێکبون کە سەلماندیان کوردایەتی قۆناغ نیە، بەڵکو راستیەکی مێژویی هەمیشەییە. کاژێك توانی بیرۆکەی برایەتیی داگیرکەرو داگیرکراو رەتکاتەوەو ئەوە بسەلمێنێ کە ئۆتۆنۆمی چارەسەری کێشەی کورد ناکاتو سەربەخۆیی کوردستان وەك ستراتیجێك رابگەیەنێ.

بەر لەکاژێك بۆشاییەکی فکری لەکوردستاندا هەبو، ئەو بۆشاییە هەمیشە بەبیروباوەری نامۆی وەك تورکچێتیو بەناوی ئیسلامەوە ئەرەبچێتیو لەو دواییەشدا مارکسێتی  پرئەکرایەوە، بەلآم بەپەیدابوونی کاژێك، بیروباوەری رەسەنی کوردایەتی دروستبو، هەر بەهۆی کاریگەرێتی کاژێکەوە، پارتی وازی لەبنەمای (سود لەمارکسێتی لینینی وەرئەگرین) هێنا، یەکێتیش خەریکە وردە وردە لەمارکسێتی دورئەکەوێتەوە.

کاژێك لەئاستی ئەوروپادا خاوەنی رێکخراوێکی وەك سوکسەبو کە ئەوسا گەورەترین رێکخراوێکی سیاسیی کوردانی خوێندکاری ئەوروپابو.

کاژێك بۆ یەکەمجار مەسەلەیەکی گرنگی وروژان، ئەویش مەسەلەی ئابوریی کوردستانبو لەژێر فەرمانرەوایەتیی داگیرکەراندا کە پێی وابو سامانی کوردستان لەژێر فەرمانرەوایەتیی ئەو داگیرکەرانەدا هەر بەشێوەی خام بمێنێتەوە چاکترە نەك ئەوان بیخەنە کارو خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەنو بیکەن بە بۆمباو بیشیکێشنەوە بەسەر کوردا. لەبەرئەوە هانی پرۆژە ئابورییەکانی داگیرکەرانی نەئەدا لەکوردستاندا. کاژێك بۆ یەکەمجار مێژوی کوردی باسخوازیانەو شۆرشگێرانەو زانستیانە لێکداوەتەوەو هۆی سەرنەکەوتنی بزوتنەوەکانی پێشوی کوردی شیکردۆتەوە لەکاژێکنامەو نوسینەکانیتریدا.

کاژێك بۆ یەکەمجار لەناو کوردا بیرۆکەی نێونەتەوەیی (أممی) رەتکردۆتەوە، ئەو بیرۆکەیەی سەرجەمی نەتەوەکان ئەکاتە یەکەیەك بۆ خاڵی دەسپێکردنو دەرپەرینی خۆی، بێگوێدانە بارودۆخو جیاوازیی چەندێتیو چۆنێتی هەر نەتەوەیەك.

هەر لەم گۆشە نیگایەشەوە، کاژێك خاڵی دەسپێکدرنو دەرپەرین لەچینێکی تایبەتی کۆمەڵەوە رەتئەکاتەوەو هەمو نەتەوەی مەبەستەو هەوڵیش ئەدات بۆکەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی. بەدو دروشمی نوێشەوە هاتەپێشەوە،

دروشمی کوردستان بۆ کورد، یەکسانی بۆ گەل. بەپێی دروشمی یەکەم، ژێر دەستەیەتی رەتئەکاتەوەو باوەری بەچارەسەری نیوەناچڵ نییە بۆ کێشەی کورد،

مەگەر بەشێوەیەکی کاتی، ئەویش بەمەرجێ هەنگاوێ لەسەربەخۆییەوە نزیکمان بخاتەوە.

یەکسانییەکیش کە لاسایی کردنەوەی هیچ کام لەسۆشیالیستەکانی ولآتانیتر نییە، بەڵکو یەکسانییەکی گونجاوە بۆکوردستان.

هەر لەبواری کاریگەرێتی کاژیك بۆ سەر لایەنەکانیترو گۆرینی باری سەرنجیان بەرامبەر دیاردە بیرمەندیو لۆجیکیو کۆمەلآیەتییەکان. لەوەلآمی ئەو دو برادەرەدا، ئەم نمونەیە باس ئەکەین:

مارکسییەکان بەگشتی لەو باوەرەدابون کە بەرژەوەندیی ئابوریی چینی کرێکار هەرگیز لەگەڵ بەرژەوەندیی چینی سەرمایەدار رێکناکەوێ، هەروەها بەرژەوەندیی ئابوری چینی کرێکار لەهەمو جیهاندا هەریەك بەرژەوەندییە.

بەلآم کاژیك پێیوابو بەرژەوەندیی ئابوریی چینی کرێکار لەولآتێکدا، گەلێجار لەگەڵ بەرژەوەندیی ئابوریی چینی سەرمایەداری ئەو ولآتە رێکدەکەوێ دژی بەرژەوەندیی ئابوری چینی کرێکاری ولآتێکیدی. ئنجا بیست ساڵ دوای ئەوە، کۆمەڵەی رەنجدەران کە کۆمەڵەیەکی مارکسی کوردیبو، دانی بەوەدا نا کە بەرژەوەندیی ئابوریو سیاسیو کولتوریی چینی کرێکاری کوردستان بەهیچ جۆرێ لەگەڵ بەرژەوەندیی ئابورییو سیاسیو کولتوریی چینی ولآتانی عێراقو تورکیاو سوریاو ئێران، واتە چینی کرێکاری ئەو ولآتانە یەك نینو زۆر ناکۆکن، چینی کرێکاری کورد لەلایەن چینی کرێکاری ئەرەبو تورکو فارسەوە ئەچەوسێنرێتەوەو تەنگ بەژیانی هەڵئەچنێ. هەروەها ئەم کۆمەڵە مارکسییە لینینییە دوای بیست ساڵ وەك کاژیك دان بەوەدا ئەنێن کە ئەو ولآتانەی کوردستانیان بەشکردوە، داگیرکەرو کۆلۆنیالیستنو کرێکارەکانیشیان بەبیری شۆڤێنیانەو داگیرکەرانەو رەگەزپەرستانەو خۆبەزلگرانەوە پەروەردە ئەکرێن دژی کرێکاری کورد.

جگە لەوە، هەموان ئەزانن کە لەدروستبونی هیزبی رزگاری کوردەوە (1945-1946) لەباشور خواستی سەربەخۆیی کوردستان بەلاوەنراو دروشمی ئۆتۆنۆمی سەریهەڵداو بوە جێگری سەربەخۆیی لەکوردستاندا. لەرۆژهەلآتی کوردستانیش، هیزبی دیموکراتی کوردستان لەتشرینی دووەمی 1945 ەوە لەرۆژهەڵاتی کوردستانەوە، پارتی دیموکراتی کوردیش لە 1946/8/16ەوە لەباشور ئۆتۆنۆمیان کردە ستراتیجی خۆیان، ئەوەش جێگەی رەزامەندیی هیزبی شیوئی ئێراقیو کۆلۆنیالیستەکانی جیهانبو. هەروەها ئەم دروشمە لەبەرژەوەندیی داگیرکەرانی کوردستانیش بو، لەچاو سەربەخۆیدا. دوای هەڵگێرانەوەکەی قاسم لە 14 تەموزی

1958دا، خواستی سەربەخۆییو باسکردنی، بەیەکێك لەناپاکیی نیشتمانی ئەژمێردرا، نەك هەر لەلایەن داگیرکەرانو کۆمۆنستانەوە، بەڵکو لەلایەن هیزبو ڕێکخراوە سیاسیە کوردەکانیشەوە.

بەجۆرێ وایلێهات ژمارەیەك کۆمۆنیست کەوتنە ناو سەرکردایەتی پارتییەوەو ویستیان ڕێکخراوی لاوانی کوردستان لەناو ڕێکخراوی گەنجانی ئێراقی سەر بەکۆمۆنیستەکاندا بتوێننەوە. ئەو کۆمۆنیستانە دەستیانگرت بەسەر ڕۆژنامەی خەباتی پارتیداو چاویان بریبوە ئەوەی پارتی بکەنە فۆتۆکۆپیی هیزبی شیوئی. کار گەیشتە ئەوەی گاڵتە بەهەمو کەلەپورور سەروەرییەکانی کورد بکرێ، بە مئاریفی کوردستانیان ئەوت معاریفی قلیاسان، لەوەڵامی ڕۆژباشدا، تاکە کلآش ئەوترا. ماڵی ژمارەیەك لەوانەی دەسبەرداری کوردایەتی نەبون، نیشانەکرا بۆئەوەی ئەوانیش وەك ئەوانەی کەرکوك ڕاکێشرێن (سحل) کرێن.

ئا لەو بارودۆخەدا، کاژیك وەك ڕێکخراوێ لەپێناوی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورداو بەدروشمی سەربەخۆیی کوردستانو فەلسەفەیەکی نوێی کوردایەتیەوە لەدایکبو و شۆرشێکی بیرمەندیانەی لەرێگەی نوسینەکانییەوە وەك ڕێکخراوێکو لەرێگەی پێنوسی ژمارەیەك لەدامەزرێنەرەکانیەوە بەشێوەی هۆنراوەو پەخشان بەرپاکرد.

ئنجا ئەگەر کاژیك وەك ڕێکخستنێك، سەرکەوتو نەبووبێو دوای 16 ساڵ ڕاگیرابێ، ئەمرۆ، واتا دوای تێپەربونی چل ساڵ وەك بیرێکی نەتەوەیی ڕەسەنی کوردی، لەبەردەوامبوندایەو پاشەرۆژیش لەکوردستاندا بۆ بیروباوەری کوردایەتییە. بەتاقیکردنەوەی ئەم چل ساڵەش دەرکەوتوە بزافو بیروباوەری کوردایەتی، ڕۆژلەدوایرۆژ لەبرەوێکی زیاتردایە، ئەوەش خواستو مەبەستی هاوبیرانی کاژیکەو جێگەی شانازییانە بێئەوەی ئەو هاوبیرانە چاویان لەپارتایەتیو پاداشتی مادییەوەبێ. ڕۆژانی خەباتی کاژیکانەشیان، وەك ڕێکخستنێ، بەرۆژانی جەوامێری ئەزانن، نەك بەشەرمو پەشیمانی، کاروانی بیروباوەرەکەش بەردەوامە، کاژیك واتا: ئازادیو ژیانەوەو یەکێتیی کورد. ئیتر ئەوە چ پێویست بە (براءە) ئەکا لەکوردستانێکی ئازادا وەك ئەوەی کوردۆ!؟

پاشخانێ بۆئەم بابەتە

**شیاوی وتنە، دوکتۆر کوردۆ هەتا پێش چونی ئازاد مستەفا بۆئەوروپا، هیچ هەڵوێستێکی نەرێنیی بەرامبەر کاژیکو سۆکسەو جەمال نەبەز نەبو. لەمبارەیەوە دوکتۆر نەبەز لە پەرتوکی کاژیك پێشخانو پاشخانەکانیدا چاپی ٢٠١٥ لاپەڕەکانی ٧٠تا٨٣ قفڵی نهێنیی ئەو وەرچەرخانە کتوپڕەی کوردۆی کردۆتەوە بەمجۆرە:**

**١-پارتیو یەکێتی پەیوەندییانکردوە بە حەمەی مستەفاوەو داوایان لێکردوە سۆکسە نابێ بمێنێ بەرامبەر بەهەندێ گفتو بەڵێن. ئەویش کە کۆنە جەلالیبو، هەمو جۆرێ هەوڵی ئەدا من لەسۆکسە دورخاتەوە تاکو دڵی ئەوان رازیکا.**

**٢-بەهۆی هەندێ کردەوەی کوردۆوە، وەك ئەوەی گۆڤاری خوێندکاری کوردی ماوەیەکی درێژ وەستاندبو، گومانم پەیداکرد لێی.**

**٣-حەمەی مستەفا فەرمانی دابو بەکوردۆ کە دەبێ ئەحمەد نەقیب لەسۆکسە دەرکرێ چونکە ئێران! رازینیە بەوە.**

**٤- پارتییەکان لەتاران پەساپۆرتی ئێرانیو ڤیزەی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتو سویدیان بۆحەمەی مستەفا وەرگرتبو.**

**٥-حەمەی مستەفا کە هاتە بەرلین، لەلای من بەمجۆرە پەسنی خۆیدا: (ئەو وەك لنین وایە، ئەگەر لەگەڵ پێنج کەسبێ، جارێ لەگەڵ سیانیان ئەبێ دژ بەدوانیان، تا ئەو دوانە لائەچن، ئەوجا لەگەڵ دوانیان ئەبێ دژ بەیکێکیان. کە ئەو یەکەش لاچو ئەمێنێتەوە خۆیو دوانیان، ئەوجا لەگەڵ یەکێکیان ئەبێ دژ بەیەکەکەیتر، کەئەو یەکەیدی نەماو هەر یەکێك ما، ئەوجا بەئاسانی ئەویش لەناوئەبا).**

وتم ئەگەر ئەمە کارو کردەوەتبێ، ئەوە گوناهبارییەکی گەورەیە. وتی تۆ بەبراگەورەی خۆم ئەزانم هەرچییەك بڵێی پێم لەسەر سەرم. ئەوجا گوتم ئەو قسەیەش لەستالین ئەگێڕنەوە نەك لەلنین.

٦-هەر بۆسبەینێ، مهەمەد مستەفا(ئازاد) بلاڤۆکێکی بەناوی کۆنفرانسی سۆکسەوە دەرکرد، تێیدا نوسیبوی کە سۆکسە ئەبێ پشتگیریی بەرەی سۆسیالیزمبکا.. هەروەها نوسیبوی لەپێناوی رێکەوتندا لەگەڵ بەرەی هیزبەکانیدیکەی کوردستان، ئەبێ سۆکسە ئامادەی خۆهەڵوەشانەوەی هەبێو پێویستە بەهەمو جۆرێ جەمال نەبەز لە پاسۆکو سۆکسە دوربخرێتەوە.. هەمەی مستەفا لەتەموزی ١٩٨٦دا بەنێوی کۆنگرەی پێنجەمی سۆکسەوە بلاڤۆکێکی نێوخۆیی بلاوکردەوە کە تێیدا: کۆنگرە بریاریدا کە جەمال نەبەزو ئەوانەی خۆیان پیاهەڵواسیوە، بەهیچجۆرێ لەگەڵ رێکخراوماندا ناگونجێن، بۆیە پەڕکردنیان بوە پێویستییەکی مەوزوئی. سۆکسە بەرپرسیارنیە لەهیچ یەکێ لەو نوسینانەی جەمال نەبەز.

بەوجۆرە سۆکسە کە خاوەنی ٦٠٠ئەندامبو و گەورەترین رێکخراوی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردبو لەئەوروپا، رۆژلەدوایرۆژ لاوازکرا تا لە ٢٠٠٥/٤/٢٢دا هەڵوەشێنرا چونکە هیچ بنکەیەکی جەماوەریی نەمابو.

9- پەرتوکی لەکاژیکەوە بۆپاسۆک- کاوە ئەمین/2017- 243 لاپەڕە

**وتوویێژێکە لەشێوەی پرسیارو وەڵام لەنێوان کاوە ئەمینو کامیل ژیرا**

**وتوویێژەکە سەبارەت رەشنوسی پەرتوکێکبو کەبەرێز کاوە ئەمین سەرەتاکەی دامەزراندبو. منیش هەم وەك پێشەکیەکو هەم وەك وەڵامی کۆمەڵێ پرسیار، بەمجۆرەی خوارەوە، ئەم بابەتەم نوسی.**

دوایی پەرتوکەکە لەژێر ناوی (لەکاژیکەوە بۆ پاسۆك) چاپکرا بەجۆرێ کەزۆر فراوانتربو لەو رەشنوسەی من دیبوم. دوای نوسینەکەی من، وتوویژی لەگەڵ زۆر کەسیتردا کردوە کە من ئەوانەم نەدیبو.

هەرچۆنێبێ، نوسینەکەی من بەمجۆرەبو:

**پێشەکی**

ئەم بەرهەمە لەڕوی مێژوییو هزریو سیاسیو رێکخراوەییەوە، بایەخێکی زۆری هەیە.

وەك مێژو، ئەمانگێڕێتەوە بۆرۆژانی کۆتایی پەنجاکان تا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمی رابوردو کە لەباشوری کوردستاندا بیرۆکەیەکی نوێ هاتە ئاراوەو بەکردەوە لەلایەن دو رێکخراوی سیاسیی : کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتیی کوررد (کاژیك) و پارتی سۆشیالستی کورد (پاسۆك)ەوە پیادەکراو دوای ئەوانیش لە بەرنامەی چەندین رێکخراوی سیاسییتری وەك کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانو یەندك و پسك و هەندێکیترو لەهزرو پێنوسەکانی سەدان رۆشنبیرو نوسەریدیکەوە رەنگیدایەوەو تائێستەش درێژەیان هەیە.

لەروی هزرەوە، وەڵامەکانی ناو ئەم پەرتوکە، ئەوەمان پیشان ئەدەن کە کاژیکو رەوتە هاوبیرو هاوشێوەکانی کاژیك، بۆ یەکەمجار، وەك قوتابخانەیەکی بیری کوردایەتیی نوێ، بە کۆمەڵێ بیردۆزەو فەلسەفەی نوێوە، هەمو ئەو چەمکو باوەڕە چەوتو هەڵانەیان رەتکردەوە کەوەك مۆتەکە باڵیان بەسەر بیری تاکو کۆمەڵانی نەتەوەی کوردا کێشابو، سەرباری پیشاندانی چەمکو باوەڕە راستو کردەییەکانی گونجاو لەگەڵ هەڵکەوتەی نەتەوەی کوردا.

بە سەرجدانێك لە پیتەکانی (ك،ا،ژ،ی،ك) ئەوەمان بۆدەرئەکەوێ کە ئەم رێکخراوە، وەك (کۆمەڵە)یەك پێناسەی خۆیکردوە نەك پارت یا هیزب. دیارە دامەزرێنەرەکانی هەر لەسەرەتاوە، ئەوەیان رەچاوکردوە کە نەتەوەیەکی دیلو

بەشبەشکراوی وەك کورد، پێویستیی بە خۆکۆکردنەوە هەیە لەدەوری کۆمەڵەیەك، نەك دابەشکردنی ئەو نەتەوەیە بەسەر چەند هیزبێکدا، کە بەوە ئەوەندەیتر تالأوی بەشبەشکردن ئەچێژێ! دوایئەوە، لەنێوان نووسینەکانیانەوە ئەوەیان پیشانداوە کە ئەگەر ناچاری هەر بەرۆکی کۆمەلأنی کوردی گرت، ئەوا با هیزبەکانیان لەشێوازی هیزبی ستالینی نەبن . ئەوەبو لەروی کردەییەوە، کاژیکو پاسۆکیش، بە سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ ئەبران بەڕێوە نەك لەلایەن سەرۆك یا سکرتێرێکی گشتییەوە کە گەلێجار بونەتە دیکتاتۆر یا هوکمی بنەماڵەیەتییان لێکەوتۆتوە یا کەرتبون!

(ئازادی)ش کە دوەم وشەی ناوەکەیە، ئەو خواستەیە کە مرۆڤایەتی هەمیشە لەهەوڵداندابوە بۆبەدەستخستنی.

هەرچی وشەی (ژیانەوە)یە، ئەوە ئەگەیەنێ کە نەتەوەی کورد، لەئەنجامی دیلکردنی هەزاران ساڵەیدا، تاسێنراوەو پێویستیی بە ژیاندنەوە هەیە. ئەو تاساندنە، گەلێجار هۆشو هوشیاریی شێواندوە بەجۆرێ توشی گەلێ گرێی دەرونیو خۆبەکەمزانیو هەست بەناتەواویو خۆشباوەڕی کردوە بەڕادەیەك کە زۆرجار راستوچەپی خۆی باشنابینێو بریاری هەڵەو دژ بەخۆێشی ئەدا! هەرئەوەش وایکردوە کە بەئاسانی هەڵئەخەڵەتێنرێو لەدانوستاندا لەگەڵ نەیارەکانی، هەمیشە دۆڕاوبوە! بۆیە کاژیك چەمکی ژیاندنەوەی کردە سێیەم وشەی ناوەکەی تاوەك ئەرکێکی نەتەوەیی خۆی، گرنگیی پێبدات.

هەمووشمان ئەزانین کە (یەکێتی) چەند گرنگە بۆنەتەوەیەکی وەك (کورد) بۆیە کاژیك ئەو وشانەی لەیەکداو کردییە ناوی خۆی. بەوجۆرە لەپیتی یەکەمی ئەو وشانەش (کاژیك) بو بەکورتکراوەی ئەو ناوە . ئێستە، سەبارەت چەمکی (یەکێتی) پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ ئەو یەکێتییە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی نەتەوەی کوردا چۆن دروستئەبێ؟ ئایا تەنیا بەئامۆژگاریو قسەی نەستەقو نزاو پاڕانەوەو وتارو هۆنراوەو بەستنی کۆنگرەو..هتد، یەکێتی دەستەبەرئەبێ؟! بەتایبەتی ئێستا جیاوازیی

بیروباوەڕەکانو بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، تائەبێ زیاتر ئەبنە رێگر لەبەردەم یەکێتیی نەتەوەییدا، سەرباری دەستێوەردانی دەرەکی!.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، بەباوەڕی من، یەکێتیی نەتەوەیی لەم بارودۆخەی کوردا، زیاتر لەرێگەی هێزەوە دەستەبەر ئەکرێ. هێزێك کە بەدەستێکی ئاسنین لەهەمو ئەو کەسو لایەنانەبدا کەئەبنە رێگر لەبەردەم یەکێتیی نەتەوەییدا. هەڵبەت لەم پێشەکییە کورتەدا، ئەو بوارەماننییە کە ئەو لایەنە گرنگە بەدرێژی شیبکەینەوە. بەهیوای دەرفەتێکیتر.

<u>سەبارەت بە سیاسەت</u>، بڕێك لە وەڵامەکانی ناو ئەم پەرتوکە، ئاماژە بۆئەوە ئەکەن کە هزرو سیاسەت دو شتی جیاوازن. هزرێك ئەگەر بۆکۆکردنەوەی خەڵکبێ لەدەوری خۆی، بەبێ ئاوێتەکردنی بە سیاسەت، نابێتە بەرنامەی کاری ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر هەرچیچەندێ ئەو هزرە نموونەییو بێ هاوتابێ. سیاسەتیش بەبێ پێچوپەناو تاکتیکو هەڵبەزودابەز، ئەنجامدارنابێ، کەئەوانە کاری بیرمەندەکان نین، مەگەر هەردو بەهرەی بیرمەندیو سیاسی لە کەسێکا کۆبوبێتەوە کەئەوەش دەگمەنە.

<u>لەبارەی رێکخراوەوە</u>، دیسان هەندێ لەوەڵامەکانی ناو ئەم پەرتوکە، ئەوە ئەگەیەنن کە رێکخراوەی سیاسی، زیاتر پێویستیی بە کادری رێکخراوەیی هەیە نەك بە بیرمەندو خاوەن بیردۆزەی نەزەریو پێنوسی بەبڕشتو هۆنیاری گەورەو چیرۆکنوسی نایابو رۆماننوسی باڵا!. لەمبارەیەوە، ڤلادیمێر لنین ئەڵێ: سەد ئەکادیمیی بواری ئابوری، ئەوەندەی دەڵاڵێکی ناوبازاڕ نازانن!

گرنگییەکیتری ئەم کارەی رۆژنامەنوسی زیرەك، کاك کاوە ئەمین، لەم بەرهەمەدا، لەوەدایە کە وتوویژەکانی لەگەڵ تەنیا یەك کەسدانیە، یا لەگەڵ تەنیا سەرکردەکانی ئەو رێکخراوە نەتەوەییانەدا نیە، بەڵکو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پلە بەرزو پلەکانی خواروی ئەو رێکخراوانەشدایە، چونکە ئەشێ پلەبەرزێك هەڵەکانی خۆی نەبینێ، بەڵام ئەو هەڵانە لای پلەکانی خوارو، شاردراوە نابن.

لەم پێشەکییەداو لە گەلێ بواریتردا، کەزیاتر پێ لەسەر (کاژیك) دائەگرم، هۆکەی ئەوەیە: من کاژیك وەك ڕێکخراوی (دایك) ئەبینم بۆ هەموو ئەو ڕێکخراوە کوردییە نەتەوەییانەیتری لەسەرەوە ئاماژەم بۆناوەکانیان کرد. واتا مەبەستم هەموویانە.

لەنێوانی تێکڕا پرسیارو وەڵامەکانی ناو ئەم پەرتوکەدا، ئەبینین هەندێ بابەت، دەستیان زۆر لەسەر داگیراوە. لەوانە:

1ـ کەموکورتیی سەرکردایەتییەکان کەتێکڕا وەڵامەکان ئاماژەیان بۆکردوە وەك هۆیەك بۆگەشەنەکردنی جەماوەریانەی کاژیکو پاسۆك. منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو وەڵامانەدا. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەو کەموکورتیانە لەڕوی کەمتەرخەمی یا ترسەوەبوە وەك هەندێ لە ئاماژەکان بۆیئەچن؟ نەخێر. لەرۆژگارە ترسناکەکانی سەردەمی کاژیکو پاسۆکا، نەك هەر سەرکردایەتی، بەڵکو ئەندامێتیو لایەنگرییەکیش بۆئەو دو ڕێکخراوە سەربەخۆییخوازە، ئەوپەڕی ئازایەتیبوە. هۆکارەکە ئەوەبوە لەناو ئەو سەرکردایەتییانەدا کادری کارگێڕی(ئیداری) نەبوە. کادری کارگێڕیش بە دو ڕێگە دەستەبەر ئەبێ، یا بە خوێندن وەك زانستێك، یابە بەهرەو زگماکی، نەك بە بیردۆزەی بیرمەندان یا بەپێنوسی بەبڕشت!

2- لە پرسیارو وەڵامەکاندا، درێژەیەکی زۆر دراوە بە بەیانە بێسەروپێکەی شێرکۆی هەژارو هاوڕێکانی، گوایە بەو بەیانە سەرکردایەتیی کاژیك گۆڕراوە! لەکاتێکا لای کەس شاردراوەنیە کەگۆڕینی سەرکردایەتییەکی لەوجۆرە، تەنیا لەدەسەڵاتی کۆنگرەدایە نەك بەنوسینی بەیانێکی لەوجۆرە لە چاخانەیەکدا یا لەهەر شوێنێك!. ئەشێ ئاماژەیەك بۆئەوەش بکەین کە دو پەڕە کاغەزە شڕو ئاستنزمەکەی شێرکۆی هەژار، دوای سڕکردنی هەندێ چالاکیی کاژیك دەرکراوە بەپێی بریاری کۆنفرانسی نەغەدە لەپایزی 1974دا.

3-سەبارەت بەوەی نەئەبو پاسۆك بەشداریی شەڕی ناوخۆ بکا، بەڵکو ئەبوایە ناوبژیکەربوایە، وەك لەپرسیارو وەڵامەکاندا زۆری لەسەر وتراوە .. بەکورتی ئەڵێم

پاسۆك شەڕی پێفرۆشراو ئەویش تەنیا بەرگری لەخۆیکرد. پاسۆکیشو چەندین لایەنو لیژنەو کەس، هەوڵی ناوبژیییاندا بەبێ ئەنجام، چونکە ئەو شەڕە ناوخۆییانە دەستی بەغاو تارانو ئەنکەرەیان لەپشتەوەبوەو بۆرازیکردنی ئەوانبوە!

4_وەڵامەکان، تێکڕا بابەتیانەو راستگۆیانەن. لەوردە هەڵەو مکیاجکردنیش بەدەرنین! لەوانە: شێرکۆ بێکەس ئەڵێ (پارتی گەلی کورد لەناوەاستی پەنجاکاندا دامەزراو جەمال نەبەزیشی تێدابو) راستییەکەی ئەو پارتە لە 1963دا دامەزراوە وەك ئەبدوڵا ئاگرین لەلاپەڕە 93ی پەرتوکی (لەکاژیکەوە بۆپاسۆك) ئەڵێو جەمال نەبەزیشی تێا نەبوە. لەبارەی هۆی دورکەوتنەوەی خۆی لەکاژیك، وایپیشانئەدا کە گوایە لەبەرئەوەبوە ئەندامێکی سەرکردایەتی کاژیك پێیوتوە بۆچی هۆنراوەت بۆگیڤارا وتوە؟ راستییەکەی هۆی ئەو وازهێنانەی ئەوەبو کەلەبەرپرسێتیی لقی سلێمانیی کاژیك لابراو عەبدوڵا ئاگرین خرایە جێگەکەی.

هەندێ لەوەڵامەکانیتر، بەبێ مەبەستو لەروی نەشارەزاییەوە، هەڵەی زەقیان تێایە، پێویست ناکا لەسەریان بدوێین چونکە خوێنەرەوەی بەڕێز بەئاسانی هەستیان پێئەکا.

جارێکیتر دەسخۆشی لە کاکە کاوە ئەمین ئەکەم بۆئەم کارە رۆژنامەوانیە نەتەوەییە پڕسودەی کە بەڕاستی وەجاخی پێشمەرگەی قارەمانو شەهید رەوانشاد حەمە ئەمین گوڵچین سەر لق لەهێزی خەباتی رونکردەوە.

کامیل ژیر

ئامادەکاری ئەو پەرتوکە، ئەم وتووێژەشی لەگەڵ مندا ئەنجامدا:

کاوە ئەمین: بیرۆکەی دروستبونی کاژیك چۆن سەریهەڵدا؟

کامیل ژیر: بیرۆکەی دروستبونی کاژیك لە ئەنجامی شکستهێنانی بیرۆکەی پێکەوەژیانەوە سەریهەڵدا. لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابردودا، بیرۆکەیەکی نوێ سەریهەڵدا ئەویش بیرۆکەی پێکەوە ژیانبو لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستانا، بەئومێدی

ئەوەی کورد ئۆتۆنۆمییەکی دەسکەوێو لەگەڵ داگیرکەرەکاندا پێکەوە بژی، بەڵام بیرۆکەیەکی سەرکەوتو نەبو. بۆ نمونە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئێراکەوە، کورد، یا بڵێین ویلایەتی موسڵ، بەومەرجە خرایە سەر ئێراك کە ئەبێ کورد ئۆتۆنۆمییەکی هەبێ. بەڵام لەژێر دەستەڵاتی ئەرەبیدا ئەو خەونە نەهاتەدیو هیچ شتێك بەکورد رەوا نەبینرا، شۆڕشەکانی شێخ مەهمودو شۆڕشەکانی بارزانو بەردەرکی سەرا، هەمویان بە ئاگرو ئاسن وەڵامدرانەوە. هیزبە کوردییەکانی سەر پانتایی کوردستان ئەیانوت ئەم دەوڵەتە دەستکردی ئیمپریالیزمەو ئیمپریالیزمی لەپشتە، ئەگەر بێو هکومەتێکی نیشتیمانی لەبەغا بێتەسەرکار، ئەوا کورد بەمافەکانی خۆی ئەگا. بەڵام هکومەتی قاسممان بینی لە ١٤ گەلاوێژی ١٩٥٨دا، ئەو هکومەتە نیشتیمانییەی ئەوان باسیان ئەکرد، هاتە سەر هوکوم، لە دەستورەکەیدا نوسرا کوردو ئەرەب لەم نیشتیمانەدا شەریکن، بەڵام زۆری نەخایان، ئەوقسانە تەنیا وەکو مەرەکبی سەرکاغەز مانەوە. نەك هەر ئەوە، ئەو هکومەتە نیشتیمانیە کەوتە دژایەتی گەلی کوردو مافەکانی، ئەوەبو لەئەنجاما شۆرشی ئەیلول بەرپابو و گەلێ نەهامەتی بەسەر کوردا هات.

هەمو ئەم بیرۆکانە لەلایەن کاژیکەوە رەتکرانەوە، بیرۆکەی پێکەوەژیان، بۆیە کاژیك وەکو ڕێکخراوێکی نەتەوەیی چارەنوسی کوردی تەنیا لەسەربەخۆیی کوردا بینییەوە، هیچ چارەسەرێ، جگە لەسەربەخۆیی کوردستان، چارەسەرێکی هەمیشەیی نابێ. هەمو چارەسەرێیەکی دیکە، ئەبنە هەلو ئەدرێنە دوژمن تا لەفرسەتێکی دیکەدا لەکورد بداتەوە.

پرسیار: بەڵام مامۆستا، بیرۆکەی دروستبونی کاژیك چۆن دروستبو؟

ك: هەروەك وتم، بیرۆکەکە لە ئەنجامی هەڵوێستی خراپی داگیرکەرانی کوردستانەوە سەریهەڵدا. سەرباری ئەوە لە ساڵی ١٩٥٨ و ١٩٥٩دا ئاراستەی کۆمۆنیستی لەکوردستانا بەجۆرێ تەشەنەی کرد، باڵی کێشا بەسەر بیرو هەستی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی کوردستانا، هەروەها هیزبی شیوئی وەکو هیزب تەشەنەی کرد.

بەپلانێ هیزبی شیوئی کۆمەڵێ لەکادرە پێشکەوتوەکانی خۆی خزانە ناو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، وەکو هەمید ئوسمان، ساڵح هەیدەری، خەسرەو تۆفیقو چەن کەسێکیدیکە. ئەوانە سەرەتا ویستیان ڕێکخراوەکانی لاوانو ئافرەتانو قوتابیانی دیموکراتی کوردستانو ئەوانیدیکە کە هەبون هەڵوەشێننەوەو تێکەڵ بە ڕێکخستنە ئێراکیەکانی بکەن. بەلاکەی دیکەدا، شۆڤێنیەتی ئەرەبی دەستیان بە هەڕەشەکردن بۆتوانەوەی کورد کرد. ڕۆژنامەی ئەلسەورە کە خاوەنەکەی یونس تائیی بو و لەبەغا دەرئەچو، بەئاشکرا جاڕی توانەوەی کوردی ئەدا. ڕۆژێکیان لە بەغا لە دوکانی بەشیر موشیربوم، لەگەڵ برای هاوبیرم جەمال نەبەز دانیشتبوین، پێموت ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کوردیش لەبەرانبەر ئەم واقیئە تاڵەدا کە روبەڕوی بۆتەوە، ڕێکخراوێکی نەتەوەیی سەربەخۆی هەبێ. بۆ ئێمە دەسپێنەکەینو ڕێکخستنێکی نەتەوەیی دانەمەزرێنین؟. برای خۆشەویستم نەبەز، سەرەتا دودڵبو، دوای وتووێژێکی زۆر، بیرۆکەکەی پەسنکردو پێیوتم لە سلێمانیش خەڵکانێك هەن بەمجۆرە بیرئەکەنەوە. یەکیەك پەیوەندیم بەو کەسانەشەوە کرد، ئەوانیش رەزامەنی خۆیان پیشانداو لە **1959/4/14**دا کۆبونەوەیەکمانکردو بریاری ڕێکخراوێکی نەتەوەییماندا. دواییش جارێکیدیکە لەگەڵ کاك جەمال گەڕاینەوە بۆسلێمانیوچەندین کۆبونەوەیترمانکرد.

پرسیار: یەکەمین کۆبونەوەتان لەکوێو لەماڵی کێ ئەنجامدا؟

ك: لە سلێمانی لەماڵی هەردی، ئەوکاتە لەگەڵ ماڵی خەزوریا، شێخ کەریمی خەیات، بەیەکەوە بون کە ئەکەوێتە کۆتایی شەقامی سابونکەران لەگەرەکی گۆیژە.

پرسیار: کێ بیرۆکەی نوسینەوەی کاژیکنامەی دارِشت، ئایا لە لایەن یەك کەسەوە نوسراوە یان بەیەکەوە نوسیوتانە؟

ك: دەستەی دامەزرێنەری کاژیك لەهەوت کەس پێکهات:جەمال نەبەز، ئەهمەد هەردی، ئەبدوڵا جەوهەر، فەریدون ئەلی ئەمین، ئیهسان فوئاد، فایەق ئارفو کامیل ژیر. ئێمە دامەزرێنەری کاژیك بوین. چەندین کۆبونەوەمانکردو شەومان خستە سەر

رۆژ، بەردەوام لەو کۆبونەوانەدا هێڵە گشتییەکانی کاژیکمان دەستنیشان ئەکرد، دروشمەکانی، بنەماکانی، جیاوازی کاژیك لەگەڵ هیزبەکانی دیکەدا. پاشان پوختەی هەمو ئەو کۆبونەوانەمان سپاردە هاوبیرمان نەبەز بۆئەوەی بیخاتە قاڵبی نووسینێك یان کتێبێکەوە بەناوی (کاژیکنامە)وە. دوای ئەوەی کە کارەکەی تەواو کرد، جارێکی دیکە پێیدا چوینەوەو هەندێك شتمان لێ زیادو کەم کردو دواجار ئەو بە تایپرایتەر چاپیکرد.

پرسیار: بەڵام باسی ئەوە ئەکرێ کە رەشنوسێکی مامۆستا هەردی کراوەتە بنەمای نوسینی کاژیکنامە؟

ك: نەخێر شتی وا نەبوە. هیچ لایەك رەشنوسی لانەبوە. هەمومان بەشداربوین لە گەڵاڵەکردنی بیرۆکەکانماندا، واتا کارێکی بەکۆمەڵبو. دیارە پشکی هەمومان وەکیەك نەبوە، هەردی لەبواری مێژوییو نەبەز لەبواری سۆشیالستیەکەیدا باڵادەسبون. نوسینی پێشەکیەکەیشیمان سپارد بەجەوهەر. بەگشتیش هەمو لەسەرئەوە کۆکبوین کە بیرو رێبازمان نەتەوەییانەبێ.

پرسیار: باسی دو کاژیکنامە ئەکرێ، ئەوە تا چەن راستە؟

ك: راستنیە، تەنیا یەك کاژیکنامە هەیە. کاژیکنامە هەر ئەوەیە کە یەکەمجار بەکوردی نوسراوەو تایپکراوە. ئەو قسەیە لەئەنجامی ئەوەوە ئەکرێ کە لەساڵی ١٩٦٨دا، لقی ئەوروپای کاژیك هەندێ دەسکاریی ئەو کاژیکنامەیەیان کردوەو هەندێ شتیان لێزیادکردوە، وەك باسی ئارياييو زەردەشتی. کاتێ سەرکردایەتی کاژیك بەوەی زانی، پێمان کارێکی دروستنەبو، بۆیە بڕیارماندا ئەو شتانەی لێلابرێ. بریارماندا، کەسێك بۆئەو مەبەستە بنێرینە ئەروپا. ئەوەبو منیان راسپارد بچم بۆئەڵمانیا تا لەگەڵ هاوبیر نەبەزو لقی ئەوروپا قسەبکەم. ساڵی **1970** سەردانم کردنو راسپاردەکانی سەرکردایەتیم پێوتن، ئەوانیش پەسندیانکردو لەچاپێکی تازەدا کەبەزمانی ئەرەبی بڵاوکرایەوە ، ئەوشتانە لابران، بۆیە کاژیکنامە هەر یەك کاژیکنامەیە.

پرسیار: کەواتە کاژیکنامە سەرەتا بە کوردی نوسراوەو پاشان کراوە بەئەرەبی؟

ك: بەڵێ.

پرسیار: بۆچی کاژیکنامە لەچوارچێوەی بازنەیەکدا قەتیسمایەوەو نەتانتوانی کارێك بکەن کەخەڵکانێکی زۆر پێی ئاشنابن؟:

ك: ئەوە قسەیەکی راستە. راستییەکەی چەند هۆکارێك هەبون کە ئەبێ ئاماژەیان بۆبکەم. کاژیك دەزگایەکی چاپکردنی نەبو، ئێمە کاژیکنامەمان بەدەست ئەنوسیەوە، یا بەتایپێك. نوسینەوەی کتێبێکی قەبارە ۱۲۰ تا ۱۵۰ لاپەڕە بەوجۆرە کارێکی ئاسان نیە، هاوبیرانو کادیرانمان توانیان تەنیا بەدەسخەت هەر یەکەو نوسخەیەك بۆخۆی بنوسێتەوە، توانای داراییشمان کەمبو و کەس بۆی چاپ نەئەکردین، ئەوکاتە کتێب لەژێر چاودێریی میریدابو، ئەبو مۆڵەتی چاپی بۆوەربگیرێ، کاژیکنامەیش لەوکاتەدا وەکو شتێکی مەترسیدار تەماشائەکرا. کاژیکنامە لەژێر ئیرهابی دەوڵەتو تەنانەت هیزبە کوردییەکانیشدا بو، بەهەرکەسێك بگیرایە، بەپێی یاسای سزادانی ئێراکی سزاکەی لە سێدارەدانبو، چونکە وا لێکئەدرایەوە، ئەو کۆمەڵەیە هەوڵی جیاکردنەوەی پارچەیەك لە ئێراکئەدەن.

پرسیار: بۆچی پارتە کوردییەکان دژایەتی کاژیکیان ئەکرد؟

ك: دژایەتیەکە دو جۆربو، لەلایەك هیزبی شیوئی، چونکە ئێمە راستەوخۆ دژی بیروباوەری کۆمۆنیستیبوین، پێمانوابو کە ئەو بیروباوەڕە خزمەت بە کورد ناکا، بۆیە ئاساییبو ئەوانیش دژایەتی ئێمە بکەن. هەرچی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانبو، خەڵکانێکی تێابو کە ئاراستەیەکی کۆمۆنیستیو پەروەردەیەکی مارکسیانەیان هەبو، پێیانوابو هەبونی ئێمەو بەهێزبونی کاژیك، ئەبێتە هۆی لاوازبونی ئەوان. بەلایەکی دیکەیشا، داوودەزگاکانی دەوڵەتیش دژایەتیان ئەکردین.

**پرسیار: ئەوترێ، کاژیك جگە لە کاژیکنامە هیچ بڵاوکراوەیەکی دیکەیان نەبوە، ئەمە تاچەند راستە؟**

**ك: راستنیە. بەپێچەوانەوە ئێمە لەوسەردەمەدا، بەرهەمە هزریەکانمان لەهی زۆربەی پارتە سیاسییەکان زیاتربو، لەدامێنی ئەم وەڵامانەدا ئاماژەیەك بۆ هەندێکیان ئەکەین.**

**پرسیار: لە نامیلکەی "چۆن هاوبیرێ بۆکاژیك دروست دەکەیت" دەبینرێت کە زۆر زحمەت بوە خەڵك ببێتە ئەندامی کاژیك، وەك ئەڵێن دەبو قیری ڕەش سپیی ببوایە، چۆن ئەکرێ ڕێکخراوێك بانگەشەی رزگاری نەتەوەیی بکاو بڕوای بە ئەندامانی نەتەوەکەی نەبێ ببێتە ئەندامی؟**

**ك: ئەو قسەیەی تۆ زۆر راستە، ئەتوانم بڵێم یەکێك لە هەڵەکانی کاژیك کە ئەبێ ئێمە دانی پێا بنێین، خەڵکانی بە مەرج وەرئەگرتو ئەبو ئەو کەسە عیارە بیستوچوار بوایەو ئەمەش لەناو خەڵکا کەمە. ئەوە هەڵەیەکبو، وەکو هیزبەکانی دیکەمان نەکرد خەڵکی زۆر بکەینە ئەندامی خۆمان، نەئەبو ئەو هەمو مەرجەمان دابنایە بۆ ئەندامێتی لە کاژیکا، ئەوە هۆکارێکبو بۆ ئەوەی کاژیك نەتوانێ بەخێرایی پەرەبسێنێ.**

**پرسیار: هۆکارە دەرەکیەکانو هۆکارە ناوخۆییەکانی ناو ڕێکخراوەکەتان کە ڕێگربون لە گەشەکردنی کاژیکا؟**

**ك: هۆکارەکان زۆرن. یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکان ئەوەبو، کاژیك پێش ڕۆژگارەکەی خۆی کەوت، کاژیك لەسەردەمێکا لە دایکبو کە زەمینە لەبارنەبو بۆڕێکخراوێکی نەتەوەیی وەکو کاژیك کە خەڵك بتوانێ وەریبگرێ. ئەوکاتە زۆربەی خەڵك ئاڵودەی بیروباوەڕی مارکسێتی بون، بەشێکیش ئاڵودەی بیروباوەری ئاینیی بون، بۆیە هەلومەرجەکە بۆ دروستبونو گەشەسەندنی کاژیك لەبارنەبو. ئەوکاتە هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو کوردا زۆرکەمبو، ئەو هوشیاریەش خۆی مەرجێکە بۆ دروستبونی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی وەکو کاژیك. ئەو دو فکرەیە (هەم دینییەکەو**

**هەمیش کۆمۆنیستی) بە بیروباوەڕی نەتەوەیی نامۆبونو ڕێگربون لەبەردەم پەرەسەندنی کاژیکا.**

**کێشەیەکیدیکەمان بۆدروستبو کە پێیان ئەوت روداوی کانی ماسی، روداوێکی دڵتەزێنو ناخۆشبو، چەند ئەندامێکی هیزبی شیوئی بەناهەق کوژرانو ئەو روداوەیان دایە پاڵ کاژیك، ئەوە لە کاتێکابو کە کاژیك خاوەنی دەمانچەیەکیش نەبو، خاوەن پارەنەبو. پاشان کاژیك ئەگەر بیویستایە شیوئی بکوژێ نەئەچو چەن کەسێکی هەژارو داماو بکوژێ، بەڵکو ئەچولەگەڵ سەرکردایەتییەکەیان بەشەڕئەهات. کاژیك بەهیج شێوەیەك ئاگای لەو روداوە نەبو، باوەڕیشی بەتیرۆرنەبو، بەلای کاژیکەوە بیر بە بیر پەرچئەدرێتەوە، بەڵام بەناڕەوا ئەو کارەساتەیبەسەرا سەپێنرا. دیارە چاکوابو کاژیك دەمودەست بەیاننامەیەکی دەربکردایەو خۆی لێ بێبەری بکردایە. هەرچەنە ئەوەش زۆر پێویستنیە، گەلێجار دیومانە تاوانکار پێش بێ تاوان، بەیانی لەوجۆرە دەرئەکا. جگەلەوە رای سەرکردایەتی وابو کەئەوان ئەو تاوانەیان نەکردبێ بۆچی شانی خۆیان ئارداویبکەن!؟.**

**هۆکارێکیدیکە کە وایکرد کاژیك تەشەنە نەکات، هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولبو، کاتێ شۆڕش لە ساڵی ١٩٦١ دەستیپێکرد، خەڵکەکە هەمو رویان لەشۆڕشکرد، ئەوەیش بە قازانجی سەرۆك بارزانیو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان شکایەوە. خەڵکەکە ئەیانوت ئەوەتا پێشمەرگە بە شەڕ ئەیەوێ مافی کورد بسێنێ، بۆیە گوێیان بۆقسەی ناو کتێبو تیۆری رانەئەگرت. هەرچەنە ئێمە وەکو کاژیك دەسێکی باشمان هەبو لە بەهێزکردنی ئەو شۆڕشەدا، بەتایبەتی لەڕێگای هێزی خەباتەوە، کە هاوبیرمان فەتاح ئاغاو کادرەکانی دیکە ئەو هێزەیان بەڕێوە ئەبرد، بەراشکاوانە ئەتوانم بڵێم لە سەدا نەوەدی ئەندامانو پیشمەرگەو کادرەکانی هێزی خەبات بیروباوەڕی کاژیکیان هەبو. بەڵام بەناوی پێشمەرگەی شۆرشەوە ئەجەنگان وەکو سەربازێکی نادیار، بۆیە هەموی بۆپارتیو سەرکردایەتییەکەیئەژمارکرا!.**

پرسیار: مامۆستا روداوێکی مێژویی هەیە، کە چەند کەسێك چونەتە لای بارزانیو شکاتیان لەکاژێك کردوەو گوتویانە خەڵکانێك پەیدابون باسی دەوڵەتی کوردی دەکەن، سەرۆك بارزانی پێی گوتون، ناوی منیش بخەنە پاڵ ئەوان .

ك: بەڵی ئەوە راستە. جگە لەوە بەچەن شێویەك بەشداریی شۆڕشمان کرد، دو کەسی سەرکردایەتی کاژیکمان نارده لای بارزانی، ئەو دو کەسەش شێخ مهمەدی هەرسینو هەمەی ئەزیز بون، ئەوان لە پێشا هیزبێکیان هەبو، پارتی گەل، تێکەڵ بە کاژیکبون. ئەوان بەراشکاوی بەسەرۆك بارزانیان وتبو کە لەلایەن کاژیکەوە نێردراوین. سەرۆك بارزانی بەسنگێکی فراوانو بەخۆشهاڵییەوە قبوڵی کردبون. ئەمە نهێنییەکبو لەنێوان کاژیکو بارزانی خۆیا. سەرکردایەتی پارتیو مەکتەب سیاسییەکەیان ئەوەیان بەلاوە نامۆبو، وایانزانیبو کە بارزانی ئاگای لەوەنیە ئەوانە کاژیکن! بۆیە وەفدێك ئەچێ بۆلای بارزانی داوای لێ ئەکەن کە ئەوانە دورخاتەوە لەخۆی، چونکە ئەوانە خەتەرن، ئەوانە کاژیکن. بارزانیش پێیان ئەڵێ، کاژیك چیەو ئەوانە کێن؟ ئەلێن فلانو فلان. بارزانی ئەڵێ، ئەو کەسانە داوای چی دەکەن؟ ئەڵێن شۆڤێنینو سەربەخۆیی کوردستانیان ئەوێ! داوای هەرچوارپارچەی کوردستان ئەکەن. مەلا مستەفا قەڵەمەکەی دەردێنێو ئەڵی: ناوی منیش بخەنە پاڵ ئەو دە دوانزە کەسەو منیش کاژیکم. مەگەر من بۆچی خەبات ئەکەم، ئەی من شۆڕش بۆئەوە ناکەم کورد بەئامامانجی خۆی بگا؟ ئەی شۆرش بۆئەوە ناکەم کورد بەسەربەخۆیی بگات، ئێوە ئەڵێن چی؟ ئەوانیش پاشەوپاش گەڕابونەوە. ئەوە بو هەتا کۆتایی شۆڕشی ئەیلول ئەو دو ئەندامەمان لەلای بارزانی مانەوەو ژمارەیەکی زۆر ئەندامیشمان چونە ناو شۆرشەوە.

پرسیار: مامۆستا تۆ بۆخۆت باسی ئەوەتکرد کە دژایەتی کۆمۆنیستەکانتان ئەکرد، بەڵام رەخنەی ئەوەشتان لێ ئەگیرێ کە ئێوە دژی ئیسلام بون، ئێوە دژایەتی دو تەیارتان کردوە کە لە کوردستاندا لایەنگرێکی زۆریان هەبو؟

ك: ئێمە دژی ئاینی ئیسلام نین وەکو ئاین، ئێمە ڕەوتێکی ئیلمانین، پێمانوایە ئیسلام پێویستی بەپارتی سیاسی نییە، ئێمە دژیان نەبوین وەکو ئاین، دژیانبوین وەکو بەسیاسیکردنی ئاین.

پرسیار: وەکو خۆشت ئاگاداریت لە ساڵی ١٩٧٤دا، گروپێکی هەشت کەسی بەیاننامەیەکیان لەدژی سەرکردایەتی کاژیك دەرکردو ڕەخنەی توندیان لێگرتن، ئێوە هەڵوێستان چیبو؟

ك: پێشتر چەنجار وەڵامی ئەو پرسیارەمداوەتەوە. سێ لاپەڕە ڕەشکراوەتەوە لەئاستێکی نزمدا، سالێ ١٩٧٤ نەبو ١٩٧٥ بو، ئەوکاتە برێك لەچالاکییەکانی  کاژیکمان هەڵپساردبو. لەساڵی ١٩٧٤دا، شەڕی نێوان ئێراکو سەرکردایەتی کورد، لەوپەڕی توندیدابو، لە کۆنفرانسێکدا لەنەغەدە بڕیارماندا برێ لەچالاکییەکانی کاژیك بوەستێنین، بۆ؟ بۆئەوەی سەرکردایەتی شۆرش دڵنیابکەینەوە کە هیچ کۆسپێك نەخرێتە بەردەم شۆرشو هەمومان بەیەکڕیزی خەباتبکەین بۆسەرکەوتنی ئەو شۆرشە. نەك تەنیا ئێمە، تەنانەت جەلالییەکانیش ئەوکاتە، هەمو هاتنەوە ژێر باڵی بارزانی، بۆیە کاتێ ئێمە چالاکییەکانی خۆمان ڕاگرتبێ، کەس مافی ئەوەی نەبوە بەناوی کاژیکەوە بەیاننامە دەربکا، یا ڕەدیان بداتەوە. بەلایەکی دیکەدا ئەونوسینە هەتا بڵێی کرچو کاڵو بێ مستەوابو، ئەگەر تۆ بێی بیخوێنیتەوە، بۆت دەرئەکەوێ دەستێکی زۆر نەزان، دەستێکی زۆر نامۆ بەکاژیك نوسیویەتی. دوای ئەوەی، وەکو تاك، هەڵمانسەنگان، بۆمان دەرکەوت بەهاندانی قیادەمەرکەزی هیزبی شیوئی نوسراوە، لەونوسراوەدا خۆیان دانیان بەوەدا ناوە کە ئەیانەوێ لەو قیادەیە نزیکببنەوە، تەنانەت لە چاپخانەی قیادەی مەرکەزی هیزبی شیوئی راکێشرابو، شتی وای تیانوسراوە بەڵگەی ئەوەیە نامۆبون بەکاژیك، ناوی چەند کەسێکیان هێناوە کە گوایە سەرکردایەتی کاژیکن، لەوانە دوکتۆر ع. ت یان ع. ڕ، ئێمە لەسەرکرایەتی کاژیکا ، هیچکات لەو ناوانەمان نەبوە، سەرکردایەتی کاژیك، سەرەتا بریتیبون لەو هەوت ناوەی بۆم باسکردی. دواییش هەرسینو ئەزیزو ئەبدولکەریم ئارف چونە

سەرکردایەتییەوە. ئنجا ئەو نەزانانە هەرخۆیان وەکو بڵقی سەرئاویان لێهاتو کەس نەیزانی چیان لێهات! ئیدی چ پێویست ئەکا ئێمە خۆمانیان پێوە خەریك بکەین. بەڵام ئەکرێت وەکو مەسەلەیەکی مێژویی راستییەکان رونکەینەوە بۆجەماوەر.

پرسیار: هەڵویستی ئێوە لەسەر بەیاننامەی ١١ ئازار چیبو؟

ك: هەمو دەسکەوتێ بۆنەتەوەکەمان بە سنگێکی فراوانەوە تەماشا ئەکەینو پێشوازی لێئەکەین. بێگومان بەیاننامەی ١١ ئازار یەکێکبو لەو دەسکەوتانە. ئەو بەیاننامەیە بەڵگەیەکی مێژوییو دەسکەوتێکی باشبو بۆ کورد لەو رۆژەدا. پێش دەرچونی ئەو بەیانە، دروشمی شۆرش، کوردستان یا نەمانبو، واتائامانج هەر سەربەخۆیی کوردستانبو، بۆیە ئەو بەیاننامەیەمان بەشتێکی گرنگ ئەزانی. ئێمە پێمان وایە، هەچ دەستکەوتێ ئۆتۆنۆمی یا فیدرالی، ئەبێ ئاراستەکرێ بەرەو سەربەخۆیی. بۆیە رامان بەرامبەر بەیانی ١١ ئازار ئەرێنییبو..

پرسیار: ئەو تایبەتمەندیانە چیبون کە کاژیکیان لە رێکخراوەکانی دیکە جیائەکردەوە؟

ك: تایبەتمەندییەکانی کاژیك، هەر لەم پەرتوکەو لەگۆشەی (سەبارەت کاژیك)دابە **20**خاڵنوسراوە-

پرسیار: ئەتوانین بڵێین کاژیك رێکخراوێکی نوخبەیی بوە بە کۆمەڵێك هۆکار نەیتوانیوە بچێتە ناو جەماوەرەوە؟

ك: بەڵێ، ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆئەوە کردوە. ئەوەیش هەڵەیەکبوە، ئەگەر جارێکی دیکە کاژیك بێتەوە مەیدان وەك رێکخراوێ، ئەوا بێگومان ئەو هەڵەیە راست ئەکاتەوە، چونکە میللەت هەموی نوخبەنیە، هەموی هەڵبژاردەنیە، تۆ ئەگەر بە نمونە سەیر بکەی لەپۆلێکی قوتابخانەیەکا تەنیا یەك دو کەس یەکەمو دوەم ئەبن، ئەوانیتر دابەش ئەبن بەسەر باشو زۆرباشو کەمباش، میللەتیش بەوجۆرەیە،

هیوادارین لەداهاتودا کاژیك یا هەر بزافێکی نەتەوەیی، ئەو هەڵەیە دوبارە نەکەنەوە.

پرسیار: کەی کاژیك بەیەکجاری کارەکانی خۆی وەستاند، ئایا بەیاننامەیەك هەیە کە ئەوە پشتڕاست بکاتەوە یان هەریەکە چوەوە ماڵی خۆیو بێدەنگی لێکرا؟

ك: لەراستیدا بە پێی کۆنفرانسیك کە لە پایزی ساڵی ١٩٧٤ دا بەستمان، بەبڕیاری ئەو کۆنفرانسە بەشێك لە چالاکییەکانی کاژیکمان راگرت، کاژیکمان هەڵنەوەشاندۆتەوە، کاژیك تا ئەم چرکەساتەش رەوایەتیی ماوە، لەسەر ئەوەماوە کە کۆنفرانسێکی بۆبگیرێو جارێکیدیکە دەستبکاتەوە بەکارەکانی خۆی.

## هەندێ پرسیار دەربارەی پاسۆك

پرسیار: ئایا پاسۆك لەسەر میراسی کاژیك دروستبو؟

ك: دەکرێ لە دو روەوە تەماشای پاسۆك بکەین. لەروی بیروباوەڕو بنەما گشتییەکانیەوە، لەسەر توراسی کاژیك دامەزراوە. پاسۆك لەسەر بنچینەی ڕێکخراوەیی کاژیك دانەمەزرا، کۆمەڵێك گەنج بون هاتنە پێشەوەو بەخواستی خۆیان پاسۆکیان دروستکرد.

پرسیار: تۆ بۆخۆت ئەندامی پاسۆك بویت؟

ك: من لەدوای دروستکردنی پاسۆکو دوای هەڵپەساردنی چالاکییەکانی کاژیك، پەیوەندییەکی نهێنیم لەگەڵ پاسۆکدا هەبو، من لەناو شار بوم، تەتەر هەبو لە نێوانماندا، بیروڕای خۆمم پێئەگەیاننو نوسینی خۆمم بۆئەناردن، ئەوە درێژەی کێشا تا دوای راپەڕین، ئەوەبو هیزبەکان گەڕانەوە، ئێمەیش بۆیەکەمینجار لە سلێمانی مەکتەبی سیاسی پاسۆکمان دامەزران، من یەکێکبوم لە ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی پاسۆك، ئەندامەکانی بریتیبون لە مولازم کەریم، مولازم شوان،

**مژده تاهیر، عەبدوڵا ئاگرینو کامیل ژیر. پاشان سەرکردایەتی پاسۆکمان دروستکردو بەو شێوەیە کارەکانی پاسۆکمان رایی ئەکرد، تا ئەو کاتەی بەبڕیارێکی کۆنگرە تێکەڵ بە پارتی دیموکراتی کوردستانبو.**

**پرسیار: هۆکاری هەڵوەشانەوەی پاسۆك دەگەرێتەوە بۆ چی؟**

**ك: پێش ئەوەی پاسۆك بچێتە ناو پارتییەوە، گوشارێکی زۆری خرایەسەر لە لایەن هەردو هیزبی باڵادەستەوە. گوشارێکی ئابوری کە هەمو سەرچاوە داراییەکانیان لە پاسۆك بڕی، پاسۆك سەدی چواری داهاتی گومرگی هەبو، لێیان بڕی، لە لایەکیدیکەوە، بەتایبەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەچونە بنکلێشەی ئەندامەکانمانەوەو هەڵیانئەگێرانەوە، هەر رۆژەی بارەگایەکیان داگیرئەکردین، گوشارە ئابوریەکە وایکرد کە نەتوانین بژێوی پێشمەرگەو بارەگاکانمان دابینبکەین، بۆیە بڕیارماندا هەتا کارەکە خراپتر نەبوە، بچینە ناو لایەنێکەوە، لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی دورودرێژەوە، لەگەڵ سۆشیالستو پارتی گەل، پارتی دیموکراتی کوردستانمان هەڵبژارد، ئەوەش بەو ئامانجەی کە بتوانین لە ناو پارتیدا درێژە بە بیروباوەرەکەی خۆمان بدەینو گەشەی پێبدەین.**

**پرسیار: ئایا توانیتان لە ناو پارتیدا بیروباوەرەکەی خۆتان پەرە پێبدەن؟**

**ك: ئەوە یەکێکبو لە ئامانجەکانی ئێمە، بەڵام نەمانتوانیو سەرکەتونەبوین. هۆکارەکان زۆرن، ناکرێت لە ئێستادا باسیان لێوە بکەم.**

**پرسیار: ئەکرێ بپرسین کاژیکو پاسۆك لەدوای خۆیان چییان بەجێهێشتوە کە ئێستایش پێی بناسرێنەوەو کورد شانازی پێوە بکا؟**

**ك: کاژیکو پاسۆك کەلەپورێکی زۆری فکریان لەدوای خۆیان بەجێهێشتوە، ئەتوانم بلێم هەتا ئەم کاتەش هیچکام لە کادرو سەرکردەکانی کاژیکو پاسۆك خیانەتیان لە گەلەکەیان نەکردوە، یەك کەسیان نەبوە فایلێکی لێدەرکەوتبێ کە سەر بەرژێمی بەئس بوبێ، یا داوێنپیسییەك، یا گەندەڵییەك، دزییەکیان لێ دەرکەوتبێ،**

**مەگەر بەدەگمەن. ئەمە وەکو لایەنی ئەخلاقییەکەی، کە وایکردوە خەڵك بەچاوێکی رێزەوە سەیریان بکەن. لەلایەنی فکریشەوە، بیروباوەڕي کاژیکو پاسۆك خزمەتی بەکێشەی رەوای نەتەوەکەمان کردوە، بەشێوەیەك کە کورد دەتوانێ لە رِێگای ئەو بیروباوەڕەوە بگا بە دوا ئامانجی خۆی. نوسەری بەتوانا هاورِێ باخەوان ئەڵێ: کاژیك ئەو رِێکخراوەیە کە زۆرمانی بەبیری نەتەوەیی گۆشکردوەو کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد داناوە، هەربۆیە پێویستمان بەوەیە کە باشتر کاژیك بناسین، کێ ئەڵێ ئێمە ئەمرِۆ لە هەمو ئانو ساتێکیدیکە پێویتسمان بەکاژیك نییە؟" ئەمە بەڵگەیەکە کە کاژیك لەدوای خۆی زۆرشتی بەجێهێشتوە کە نەتەوەکەمان پێویستی پێیەتی.**

**پرسیار: دوا وتەی بەرِیزتان؟**

**ك: پوختەی قسەکانی ئێمە ئەوەیە کە باوەڕکردن بەداگیرکەرانی کوردستان هەڵەیەکی گەورەیە. نابێ نیمچە مافێ دەستو پێی کورد ببەستێتەوە، نابێ کورد بەوە خۆی هەڵبخەڵەتێنێ. ئەوەی من ئەمەوێ بیڵێم، ئەبێ هەمومان بەرژەوەندیی کوردمان لەبەرچاوبێ، برِوامان بەوە هەبێ کە کورد بەدەستی خۆی، بەبێ ئەوەی برِوا بەداگیرکەرو دوژمنانی بکا، ئەتوانێ سەرکەوتن بەدەسبێنێ.**

**10**-نوسینو کردەوەکانی ئازاد مستەفا دژ بەکاژیک

**وەك پێشەکییەکی کورت، ئەشێ سەرەتا بزانین ئازاد کورِی مستەفایە کە ساڵی 1946وەك پۆلیسێکی غەیرە نیزامی لەسلێمانییەوە ناردیان بۆبەشداری لەکوژاندنەوەی شۆڕشی بارزانداو ساڵی 1948هەر لەبارزان ئەو کورِەیانبو و ناویاننا مهەمەد، کەگەورەبو نازناوی ئازادی بۆخۆی داناو ساڵی 1966تا 1970چوە ریزەکانی جەلالییەوە. دوای ئەوە بو بەلایەنگرێکی کاژیکو بو بەدۆستی شێرکۆی کورِی هەژار موکریانی کە ئەمیش هەر کۆنە جەلالییەکبو لەهەمان ئەو ساڵانی جاشێتییەداو پەیوەندییەکی لاوەکیشی بەکاژیکەوە هەبو. نۆبەرەی کاریشیان**

**هەوڵدانبو بۆ کودەتایەك بەسەر سەرکردایەتی کاژیکدا بێئەوەی ئەو سەرکردایەتییە ناپاکییەکی نیشتمانی یا گەندەڵی یا جاشێتی یا هیچ خەوشێکی بەدواوەبوبێ!.**

**دوای ئەوەی لەهەوڵی ئەو کودەتایەدا سەرکەوتو نەبون، ئازاد کەوتە نوسین دژی سەرکردایەتیی کاژیك بەجۆرێ لەنوسینەکانیا، بەتایبەتی نوسینێکی دەسخەتی خۆی بە 14لاپەڕەی خورشیدی ، هەرچی نەشێ بەکاژیکی کردوە کە ئەکرێ لێرەدا، بۆ مێژو، بەکورتیشبێ، وەڵامی هەندێکیان بدرێنەوە:**

**لەو نوسینەیدا ئەڵێ (کاژیك لەپردی قلیاسان بەولاوە نەڕۆیشتوە، تا کۆتاییساڵی 1973 لە 30کەس تێپەڕی نەکردوە، نیوەیشی سەقەتو سقوتو بێ عەمەل).**

**کەچی کاژیك، لەگەڵ ئەو هەمو کۆسپەی لەڕێیدابو، لەشارەکانی کەرکوکو کۆیەو بەغداو رۆژئاوای کوردستانو ئەوروپاشدا، بنکەو ئەندامانی لەچالاکیدابون. سەبارەت ژمارەش، هەر لەم پەرتوکەدا ناوی زیاتر لە 500هاوبیری کاژیکم نوسیوە جگە لەدو ئەوەندەش کە ناوەکانیان بیر نەماون یا بەناو هێزەکان شۆڕشی ئەیلولدا بڵاوبوبونەوە. هیچیشیان سەقەتو سقوتو بێ عەمەل نەبون. بەڵکو چەندین دوکتۆراو پزیشکو ئەندازیارو مامۆستاو پارێزەرو بیرمەندیان لێهەڵکەوت سەرباری ژمارەیەکی زۆر شەهید لەپێناوی بیری نەتەوەییاندا کە لەم پەرتوکەدا ناوەکانیان نوسراوە.**

**ئەڵێ: (کاژیك هەرگیز هیزب نەبوە، هەر بەمردویی لەدایکبوەو لە11ئەیلولی 1975دا ناشتمان!).**

**راستە کاژیك هیزب نەبوە، بەڵکو کۆمەڵەیەکبوە وەك لەناوەکەیدا دەرئەکەوێ (کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورد) ئەوەشی لەتەواوی هۆشمەندییەوەبوە چونکە کاژیك هەر لەسەرتای کارییەوە زانیوێتی، هیزبایەتی لەکوردستاندا، گەندەڵیو دوبەرەکیو باڵباڵێنو شەڕی ناوخۆو جاشێتیو نۆکەرایەتی بۆبێگانەی لێئەکەوێتەوە وەك میرنشینییە کوردییەکانو وەك هەمو هیزبە کوردییەکان. بەڵام کاژیك بەدرێژایی تەمەنی، ئەنجامێکی لەو جۆرانەی لێنەکەوتۆتەوە. جگە لەوە، کاژیك تا ئێستاش وەك بیروباوەڕ هەر ماوەو لەگەشەسەندندایە، هەرچەندە لەپایزیی 1974دا هەندێ لەچالاکییەکانی خۆی، وەك رێکخستن، هەڵپسارد لەپێناوی یەکڕیزیو**

سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلودا کە لەو کاتەدا بەقۆناغێکی هەستیارو ترسناکدا تێپەڕی ئەکرد. ئەوەش یەکێکە لەسەروەرییەکانی کاژیك کە لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەدا ئەو بریارەیداوە.

ئەڵێ: (ئەگەر ئەم کاژیکە بەڵایە نەبوایە، ئەو فەراغی بیری نەتەوایەتییەی هەبوو بەوجۆرە سەقەتییە پڕنەکرایەتەوە، زۆر ئیمکانبو هیزبێکی نەتەوەیی مەعقول پەیدابێتو زۆر شت لەچارەنوسی کورد بگۆڕایە).

ئەم قسانەی دژو پێچەوانی قسەکانی پێشویەتی کە ئەڵێ کاژیك لەپردی قلیاسان بەولاوە نەڕۆیشتوەو ژمارەشیان لە **30**کەس تێنەپەڕیوەو کاژیك بەمردویی لەدایکبوە!. ئەی کەوایە کاژیك چۆن بەمردویی توانیوێتی فەراغی بیری نەتەوەیی پڕکاتەوە!؟ ئاخر مردویەك چۆن رێگرئەبێ لەپەیدابونی هیزبێکی نەتەوەییتر!؟ بۆچی ئەم کوردستانە بەرینە بریتیبوە لەتەنیا شاری سلێمانیو ئەویش تا پردی قلیاسان!؟ ئەی لەبەشەکانیتری کوردستان بۆچی ئەو هیزبە نەتەوەییە مەعقولە پەیدانەبو!؟

دوای ئەوانە، زوربەی لاپەڕەکانیتری ئەو دەسنوسەی، دژ بە د.جەمال نەبەز پڕئەکاتەوە. پێشتریش لەنوسینەکانیتریدا درێغی نەکردوە لەسوکایەتیکردن بە سەرکردەکانیتری کاژیك، کەچی هەرخۆی چەن جارێ هانای بردوە بۆ نەبەزو هەردیو فەرەیدون ئەلی ئەمین (سیان لەسەرکردەو دامەزرێنەرانی کاژیك) کە بێن رابەرایەتیی ئەو پاسۆکە بکەن کە ئەو خۆی بەخاوەنی ئەزانی، دور لەڕاستی. تەنانەت هانای بۆ ئەبدوڵا ئاگرینیش بردوە بۆ هەمان مەبەست!

هەر لەو نوسینەیدا گاڵتەو لاقرتیو سوکایەتییەکی زۆر بەسەرکردایەتی کاژیك ئەکا کە لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان ئەکەین:

ئەڵێ: (کە بۆیەکەمین جار حقیقە کاژیکم بەچاپکراوی دیتو لەبەرگەکەی نوسرابو طبع علی مطابع کاژیك فی اوروبا، لەخۆمەوە ئەوەم چوە مێشکەوە کەدەبێ نیوەی عەردی بەرلینی خۆرئاوا، لەمسەرەوە بۆئەوسەری، دالانی پانو بەرینبێو دەیان مەکینەی چاپ شەوو رۆژ چرکەچرك لەکاردابێو دوڕی بیری

نەتەوایەتی بقڵیشێنن.. تەسەوری ئەوەم دەکرد دەیان مارکس ریشیان بەسەر ئەو کتێبە زلزلانەدا بەرداوەتەوەو وکو جامی جەم هەمودنیایان لەبەرچاوە).

ئا بەوجۆرە گاڵتە بەکاژیك ئەکا، لەکاتێکدا نامیلکەی حقیقە کاژیك، وەڵامێکی بوێرانەو مەردانەبوە بۆهیزبی بەئس کە سوکایەتیی بەکاژیك کردوە.

ئەڵێ: (هەوڵێکی زۆرماندا کە گیان بەبەر ئەو لاشە تۆپیوەی کاژیك بکەینەوە). .

هەمو هەوڵەکەشیان ئەوەبوە کە خۆیو پێنج کەسیتر ویستویانە کودەتا بەسەر سەر کردایەتیی کاژیکدا بکەن.. ئەشڵێ: (ئەو شەش کەسە، پێنجیان جەلالیبون). .
نەخشەکەشیان بۆ ئەو کودەتایە: کوشتنی سەرکردەکانی کاژیکبوە! بەڵام هەر زو چوار لەو شەش کەسە (ئەهمەد سەلام، فەرهاد ئەبدولقادر، ئوسمان رەشیدو شێرزاد فاتیح) کشاونەتەوەو تەنیا خۆیو شێرکۆی هەژار ماونەتەوەو دوایی بەیارمەتیو هاندانی هیزبی شیوئی- قیادە مەرکزی، دو بەیانە بەدناوەکەی 20و1975/1/25 نوسیوەتەوەو ئەو هیزبە بۆیانی چاپو بڵاوکردۆتەوە. ئەوە لەکاتێکدا کاژیك بەبریاری کۆنفرانسی نەغەدە، خۆی چالاکییەکانی خۆی هەلپساردوە پێش چوار مانگ لەبەرواری ئەو دو بەیانە.

هەر خۆیشی لەدوا لاپەڕەی ئەو نوسینەیدا ئەڵێ: (مایەوەو نەمایەوە کاك شێرکۆو من، کە بەڕاستی منیش ئەوە نەبومو زۆر سادەو ساویلکەبوم لەسیاسەتداو لەرۆژی تەنگانەشدا هیمەتی پێویستم پیشان نەدا.. تەنیا کاك شێرکۆبو کە هەمو شتێ بو، بەڕاستیش شتبو، داخو سەد حەیف ئەگەر پیاوی خۆی لەدەوربوایەو رێی نەکەوتایەتە ئەو گەندە پیاوانەی (وەکو ئێمە!) زۆرزۆری پێبو.. لەگەڵ هەمو ئەمانەشداو تەنیا هەر ئەوەندەش کرابێ کە ئەو اسطورە سەخیفەی سەرابی کاژیکمان شکاندبێ شتێکی تا بڵێی گەورە کراوە).

وەك وەڵامێ، سەرنجی ئەو ٦ خاڵە بدەن کە لەم پەرتوکەدا لەژێر ناوی (پاشخانێ بۆ ئەم بابەتە) بڵاومانکردۆتەوە.

جگە لەوانە، کاتێ ئازاد خۆی کوتاوەتە ناو پاسۆکەوە، لەوێش هەر کاری دوبەرەکی نانەوەو تەرەکردنی دامەزرێنەرانو سەرکردەکانی پاسۆکبوە وەك لەپەرتوکی گەڵاوەریوەکانی درەختی تەمەنم-د.هسێن مهەمەد ئەزیزو پەرتوکی

کاژیك-پێشخانو پاشخانەکانی د.جەمال نەبەز دەرئەکەوێ کە پێشتر ئاماژەمان بۆکردون لەم پەرتوکەدا. لەڕاستیشدا ئەو، نە سکرتێری پاسۆکبوە نە شەهید، وەك ئەو هاوبیرانەی لەئاڵمانیاو هۆڵەندە نیشتەجێنو بەوجۆرە ناوی ئەبەن، ئەویش لەڕوی دڵپاکیو سۆزو دوریان لەکوردستانەوەو کەمشارەزاییان سەبارەت پاسۆك لەکوردستان. راستییەکەی پاسۆك هیچ کۆنگرەیەك یا کۆنفرانسێکی نەبەستوە کە ئازاد یا کەسێکیتری تیا هەڵبژیردرابێ بەسکرتێر. ئازادیش (خوا لێیخۆشبێ) بەنەخۆشیی شێرپەنجە کۆچیدواییکردوە وەك ملیۆنان نەخۆشیتر بێئەوەی بەشەهید ناوببرێن پلەو پایەی دەوڵەتیو هیزبییان هەرچیبوبێ. مەبەستم ئەوەیە: با لەبایەخی شەهیدی سەنگەرو شەهیدی زیندانو شەهیدی تیرۆر کەمنەکەینەوە. با ئەوەندە زیندو کوژی مردو پەرست نەبین!.

من ئەم ئازاد مستەفایەم نەدیوە، تەنیا لەڕێگەی هەندێ لەنوسینەکانیەوەو هەندێ سەرچاوەیترەوە، برێ زانیاریم لەبارەیەوە دەسکەوتوە. لەوانە پەرتوکی گەڵاوەریوەکانی درەختی تەمەنم- د.هسەین مهەمەد ئەزیز کە ساڵانێ کاری پاسۆکی لەگەڵاکردوەو بەمجۆرە پێناسەی ئەکا:

لەنوێژی بەکۆمەڵی هەینیدا ئەبینرا، پتر لەگەڵ هەندێ برادەری مارکسی دادەنیشت، لەگەڵ جەلالییەکاندا کاریدەکردو کادرێکی پێشکەوتویانبو لاپەڕە- **132**. هەندێجار ورەبەرزو گورجوگۆڵ، هەندێجار بێ ورەو بێ تواناو سستوسۆڵبو ل-**183**. مەزنی عوسمان فایەق ئازادی بەکۆنە جەلالی دائەنا ل-**194**. ئازاد وتی من وازم لەهەمو شتێ هێناوە، روم لەخواکردوە چیدیکە کاری رامیاریی ناکەم ل-**198**. ئەم رێکخراوەم پێبەرێوەناچێو وازدێنم ل-**253**. بیرم لەئەو کردەوەو هەڵسوکەوتەی ئازاد کردەوەو لەدڵی خۆمدا دەمگوت گەر پاسۆك ئەوەبێو کوردایەتیش وابێ ئەوا نەفرەتیانلێبێ ل-**258**. ئازاد گوتی من وازدێنمو چیدیکە کارناکەم. گوتم بۆ؟ گوتی باوکم سوێندی خواردوە گەر کاری پارتایەتی بکەم، دایکم دەردەکاو لێیجیادەبێتەوە ل-**264**. ئازاد وتی منو فەرهادو شێرزادو مەنسورو جەلالو عیرفان ئەندامی

سەرکردایەتی دەبین، کەس رەخنەی هەیە؟ کەئەو هەڵوێستە ناشیرینەی نواند یەکسەر وەك سەدام حسێن هاتە پێشچاوم ل-265. ئازاد هەرگیز چاکنابێ، کەس لەگەڵی هەڵناکاو ناتوانێ لەدەس دوڕوییو کەڵەگایی خۆی رزگارکا. سور دەمزانی تاسەر کەسیان لەگەڵ ئازاد هەڵناکەن. حەزمدەکرد ئەو هاوبیرانە خۆیان لەڕاستی تێبگەنو بریاربدەن کەچەن دەرونێکی نەخۆشی وێرانی هەیەو هەر تاوەناتاوێ هەرایەك دروست دەکاو بەیەکێکەوە دەیگرێ. سوریش دەمزانی هەمو هێزی پاسۆك کۆببنەوە، کەئەوکاتە لە 20 کەس تێپەڕینەئەکرد، جوجکە قازێکیان پێ سەرنابڕرێ ل-268. سەرم لەگرتوخانەدا، فەرهاد گوتی: هەرچییەکت وت راستدەرچو، بەسنەبو من لەگەڵ ئازادبوم، ئەگینا زۆر کەسی توشئەکرد! ل-282. پاشان چومە لای ئازاد، گوتی گەر ئێوە بەناوی پاسۆکەوە کاربکەن، لەسەداسەد ئێمە لێرە هەڵدەواسن ل-283. ئازاد وەك دەروێشێ وابو کەلەسەر دەسی شێخ شێرکۆدا تۆبەیکردبێو وەك شێخێکی گەورەی رێبازی قادری لێی دەڕوانی ل-311. پارچە کاغەزێکی بۆ مەنسور نارد تەنیا یەك دێڕبو (<u>تۆز لەئاو هەڵناسێ، مەردایەتی لەدەس نامەرد نایە، منیش ئەمرۆ ئەو نامەردەم</u>).

ئەوانە قسەی د.هسەین بون. من تەنیا لێدوانێکم لەسەرئەوە هەیە کەئەڵێ: ئازاد وەك دەروێشی شێرکۆبوە!. من، گەرچی ئەو ئازادەم نەبینیوە، واینابینم، بەڵکو وایبۆئەچم کە شێرکۆ بوکەڵەیەکبوە بەدەس ئازادەوە، چۆنی ویستبێ هەڵیسوڕانوە! سەرەتا ئەوی کردۆتە سیمبولی جوڵانەوەکەی بۆئەوەی هەر پەرچەکردارێ یا شکستێ روبدا، ئەو بەرکەوێ. ئەگەرهیچیش رونەدا، ئەوا بەپاڵێ شێرکۆی نەخۆشو نەخوێندەوارو هیچلەبارانەبو تورڕەدا وەك شانۆگەرییەکەی سەدام و بەکر!.

د.جەمال نەبەزیش لەپەرتوکی (کاژیك، پێشخانو پاشخانەکانی) دا، لەلاپەڕە70دا ئەڵێ: ساڵی 1985 نزیکەی 600 کەس ئەندامو لایەنگری سۆکسەبونو دۆستەکانی لەنێو کوردو ئەوروپاییەکاندا هەتا دەهات زۆرتر دەبون. ئەمە ترسولەرزێکی زۆری خستە دڵی مەلاکانی ئێرانو سەرکردەکانی پارتیو یەکێتی. دوایی زانیم  پەیوەندییان

کردوە بە حەمەی مستەفاوەو داوایان لێکردبو کە سۆکسە نابێ بمێنێ بەرامبەر هەندێ گفتو بەلێن. . ئەویش کەکۆنە *جەلالیبو هەولی دەدا من لەسۆکسە دورخاتەوە تاکو دلی ئەو لایەنانە رازیکا*. پێشتریش هەولی لەناوبردنی هاوبیر جەواد مەلایداوە -ل71. ئەشلێ: کاروباری پاسۆك کەوتەدەس هەمەی ستەفا، فەرمانی دابو بەکوردۆ کەدەبێ ئەحمەد نەقیب لەسۆکسە دەرکرێ چونکە ئێران! رازینییە- ل73.

گەلێ زانیارییتریشی لەسەر نوسیوە لەلاپەڕەکانی 74تا81 کە بونەتە هۆی هەلوەشانەوەی سۆکسە.

لەڕاستیدا من وەك وتم ئەم ئازادەم نە دیوەو نە ناسیوە، بەلام:

ئەم قسانەو قسەکانی د. هسێن ئەوە ئەگەیەنن کە ئەو کارەی بە ئازاد سپێردراوە، هەر هەلوەشاندنەوەبوە. وەك هەولەکانی بۆهەلوەشاندنەوەی کاژیکو سۆکسە، تەنانەت پاسۆکیش بەبەلگەی ئەوەی دواجار، پێش نەخۆشکەوتنەکەی، پاسۆك مایەوە تەنیا خۆی لە بارەگاکەی پاسۆك!. جگە لەوە، هەر خۆیشی لەلای د.نەبەز وتوێتی:

(ئەو وەك لنین وایە، ئەگەر لەگەل پێنج کەسبێ، جارێ لەگەل سیانیان ئەبێ دژ بەدوانیان، تا ئەو دوانە لائەچن، ئەوجا لەگەل دوانیان ئەبێ دژ بەیکێکیان. کە ئەو یەکەش لاچو ئەمێنێتەوە خۆیو دوانیان، ئەوجا لەگەل یەکێکیان ئەبێ دژ بەیەکەکەیتر، کەئەو یەکەیدی نەماو هەر یەکێك ما، ئەوجا بەئاسانی ئەویش لەناوئەبا). بروانە ل 76 لەپەرتوکی کاژیك پێشخانو پاشخانەکانی.

ئەگێڕنەوە دەوری هێلێکی لاری ئەمریکا لە یەکێتیی سۆڤێت، کەسەرۆکی ئەنجومەنی راژەبوە لە مۆسکۆ، ئەوەبوە کە کەسی شیاو دامەزرێنێ بۆ جێگەی نەشیاو، هەروەها کەسی نەشیاو بۆ جێگەی شیاو!!.

**ئەمەش وێنەی هەندێ رستە لەو دەسخەتە 14لاپەڕەیەی ئازاد مستەفا بەخەتی خۆی:**

بەدبەختەی دیکەی لام بوون ئەلقیی کەمەوە. کە بۆ یەکەمین جاریش (حقیقە کازیک)م بە
چاپ کراوی دیت و لە بەرگەکەی نوسرابوو (طبع على مطابع کازیك في اوروبا)، لە خۆمەوە
ئەوەم چوو بۆ مێشکەوە کە دەبێت ئەوەی بێ عەرەبی بەرلینی خۆرئاوا، لەوسەرەوە بۆ
ئەوسەری دالانی بیان و بەری بێ و دەیان ئەکیسەی چاپ نەبوو و ڕۆژ جۆرک چوڵ لە
کاردابێ و دوری بیری ئەتەوایەتی بفلیشێنن.... لەو کتێبۆلکە بەدالە شوێنێکی دادەڵێ،
طبعاً دەقەکەیم لە یادنیە، بەڵام ماناکەی وایە گوایە!- کازیك حزبێکە کە سانێکی
بیسیوو و شارەزا و دەستا لە زانست و هونەری سیاسەت دا ڕاپەڕایەتی دەکات و
شی کردنەوە و لێکۆڵینەوەی زانستانەی هەموو ڕوداوەکان دەکەن و لێکی دەدەنەوە....
هەر ئەواو تصوری ئەوەم دەکرد کە لە بینایەکی گەورەدا، بالدار لێی بێزێتە بێتەوە باڵی
دەشکێنێ، لەو دیوو دەرگای ئاسایەوە دەیان (مارکس)- مارکس چەردی نەبێت!!-
دانیشتوون و پێشیان بەسەر ئەو کتێبە زلانەدا بەرداوەتەوە و دەکو (چای چەم)
هەموو دنیایان لە بەرچاوە!..

---


عەزەززم] ) حامل الاختامی شۆڕشی بوون{ کە چی تووەی کازیك لە پەردەی تلیاسانی
بەرداوە ئەڕۆیشتوە و بە هەرچی هەیبوە و نەیبوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ دا لە ٣٠
کەس (نیو لیشی سەقەت و سقوت و بێ عەمەل!) تێ پەڕی نەدەکرد...

---


بوون - نێزیکەی ٨٠٪ی - کۆنە چەلالی بوون. ئەو شەشی (بەناو) کادیرەی ئەو ڕۆژە
ئەسەلەکەیان گرتە دەست (پێنج)یان چەلالی بوون - شەشەمیان زۆر ئاشکرا کردنیم بەڵام
زۆر پێ دەچێ ئەویش چەلالی بوو بێت-، ئەوەی پێشی زەوترا قواعدو ئەوڕێکی پێرە
بوو دیسانەوە لەو ٣٠ کەسە [ پێم وایە کە ئەوڵیش بوو لە ٣٠، بەڵام بادای دانێین]، هەروا
(٢٥) کەسێکیان کۆنە چەلالی بوون.

---

بە ڕاستی دەشێت ئەو ڕاستی یەی دیکەش، هەر بۆ مێژوو، تۆمار بکەم، ئەگەر مامۆستاو
ڕابەرو برای گەورەم کاک (شێرکۆی هەژاری موکریانی) نەبوایە، ئەو ئەفسانە پوچەی
پشکاندایە و ئیمەی لە ئەوقی دڵییەتی ڕزگار نکردایە، لەوانە بوو تا ئێستەش ئەو لاکە
تۆپیوە هەر لەسەر کۆلە سنگی بیری ئەتەوایەتی کوردی بوایە و ئەو دروو شا خدارو
داتاشینانەی (د. ئەبوز)، بەناوی ناهەق، بە شێکیان بوونایەتە گەنجینەی مێژووی
کو لە دروی وەکو ئەوانە.



من لە بەرئەوەی ناکە خۆم سەرەف و دەوربنکی (متواضع)م هەبووە لە وگۆڕانەی لە کۆتایی
١٩٧٢ و سەرەتای ١٩٧٤ دا لە (کاژیکی) دا کردمان، کە پێشەکی دان بەوەدا دەنێم
کە هەموو ئەوانەی بەو کارە هەستاین (جگە و جگە لە کاک شێرکۆ) پیاوی ئەو کارە و کاری
ئەو بارە نەبووین! ، ئەگەر کاک (شێرکۆ) نەبوایە ئەو گۆڕانە کە دەبوو و ئەو شتی دوای لیستی
لێ شێلی دەبووە . بەڕاست هیچ عەیب نیە بە کەسێ کارێکی پێ نەکرێ و لە توانای ئەو



[ ...ی شەتی ، یا چەون مانگ کار یێکەوە کردنی بەردەوام ] لێمان تەرە بوو ... مایەوە و
ئەمایەوە کاک شێرکۆ و من، کە بەڕاستی منیش ئەوە نەبووم و زۆر سادە و ساویلکە بووم
لە سیاسەت دا و لە بڕێک نەنگانەش دا هیمەتی پۆلیسەکانم پێشان نەدا، بام لە هەموانیش
زیاتر سوور بووبێتم لەسەر بەردەوامیی و ڕێک کردن تا (آخر الشوط) ... تەنیا و تەنیا
کاکە شێرکۆ بوو کە هەموو شتێ بوو ، و بەڕاستیش شت بوو ، داخ و سەد حەیف
ئەگەر پیاوی خۆی لە دەور بوایە و پێی نەکەوتایەتە ئەو گەندە پیاوانەی (وەکو منە!) زۆر و زۆرتر
پێ بوو ...
ئەگەر هەموو ئەمانەش دا و تەنیا هەر ئەوەندەش کرابێ کە ئەو واسعوری سەجیفەی (سەرانی)
«کاژیکی»، بان شکاندنی شتێکی تایبەتی گەورە کراوە، جگە لەوەی داستانی ئەو ...ی ساڵەی

**کورتە وەڵامێك بۆ ئەو ٦ نمونەیە، گەرچی پێشتر بەدرێژی وەڵام دراونەتەوە:**

**١-ئەوە کام هیزب، نیوەی بن ئەرزی شارێك، دەزگای چاپەمەنیی هەیە!؟**

**٢-پێشتر بەبەڵگەوە وتومانە کاژیك پەلی هاویشتوە بەکەرکوکو کۆیەو بەغداو رۆژئاوای کوردستانو ئەوروپاشدا.**

**٣-ئەوە لەزاری خۆیەوە بەڵگەیە کە گێرەشێوێنەکان جەلالیبون.**

**٤-کاژیك لاکی تۆپیو نەبوە، ئێستەش، وەك باوەڕ، ئەستێرەیەکی گەشە لەئاسمانی کوردستانا.**

٥-نه ئازادو نه شێركۆ، هیچ گۆڕانێكیان لەكاژیكدا نەكردوە. كاژیك خۆی بڕێك لەچالاكییەكانی خۆی هەڵپساردوە لەپێناوی سەركەوتنی شۆڕشی ئەیلولدا. راستە ئەوان كەری ئەو بارەنەبون.

٦-ئستورەی كاژیك بەكەسی سادەو ساویلكەو گەندەپیاو ناشكێنرێ.

<u>**ناوی هاوبیرانی كاژیك**</u>

بارودۆخی كاژیك، وەهای ئەخواست كە كۆمەڵەیەكی نهێنیبێ. وەنەبێ هەركاژیك وابوبێ. لەمێژودا گەلێ رێخراوی نهێنی ئەبینرێ  وەك ولایەتی فەقێ، ماسۆنی، زایۆنیو زۆریتر. ئەوە كەی كێشەی ئەوانەیە ئێستە لەسای سێبەردا خەنجەر لە كا ئەدەن؟

ئەمەش ناوی هاوبیرانە، بەپێی ریزبەندی ئەلفوبێ كە بەهۆی لێكپچڕانی زنجیرەی رێكخستنەكانەوە لەئەنجامی شەڕی نێوان ئاگرینو شێركۆی هەژارو ئازاد مستەفاوە، واتا دو هێڵە لارەكەی پارتیو یەكێتی، پەرشو بڵاوبونەتەوە بەناو پاسۆكو پارتیو یەكێتیو هەندێ رێكخراویترا، هەروەها پێشتر بەناو هێزەكانی خەباتو زمناكۆو ئەزمڕو رزگاریو قەرەداخا، یا بێلایەن دانیشتون. ئەو نهێنێیەتەش وایكردبو كە دو برا بەیەك نەزانن. تەنانەت بەرپرسی لقیش هەمو ژمارەو ناوەكانی هاوبیرانی لانەبوە.

ناوەكان: ئازاد ئەنوەر، ئازاد قەرەداخی، ئازاد كاك مستەفا، ئاراس وەلی، ئەبو بەكر مەلا مەجید، ئەحمەد ئاغا- كەركوكی، ئەحمەد ئەمین ئەفەندی، ئەحمەد خولەسنەیی، ئەحمەد دوزی—كەركوكی، ئەحمەد شەریف، ئەحمەد كریم، ئەحمەدنەقیب، ئەحمەدسالْح، ئەحمەد سەلام كەركوكی،  ئەحمەد مامۆستا سەید ئەحمەد، ئەحمەد شەمەیی، ئەحمەد عەبدوڵا، ئەحمەد قادر، ئەحمەد بەنا،  ئەحمەد

محەمەد، ئەحمەد مەحمود، ئەحمەد مەلا قادر، ئەحمەد هەردی، ئەرسەلان ئەحمەد، ئەسعەد خالید، ئەکرەم عارف قەرەچەتانی، ئەنوەر برزو، ئەنوەر عارف قەرەچەتانی، ئەنوەر عەلی نەجار، ئەنوەر مەجید سوڵتان-ئەفسەر-شەهید، ئەنوەری حەمەی قەپانچی، ئومێد جەلال، ئومێد کاکە رەش، ئومێد عەباس، ئیبراهیم رەسوڵ، ئیحسان سدیق-شەهید، ئیحسان عەبدولکەریم فوئاد-د.ئیحسان، ئیسماعیل حەمەسور، ئیسماعیل کەریم رەش، ئیسماعیل گوڵبار، ئیسماعیل محەمەد، بابا تایەر شێخ غەریب، باڤە شێرکۆ-لە رۆژئاوای کوردستان، بایزی شێخ محەمەدی بەنا، بەختیار ئەحمەد قازی، بەختیار حامید ئەسعەد، بەختیار، بەختیار بابان، حەمە ئەسعەد، بەختیار عەبدوڵا، بەختیار مەجید خان- شەهید، بەختیار وەلی، بەرزان محەمەد سابیر، بەرهەم ئەحمەد، بەکری حاجی مەلا خالید، بەکر حاجی ئەحمەد، بەکری خانم، بەکر قادر حەلاو، بەکر محەمەد کەریم، بەکر محەمەد مەولود، بەکری مەلا قادر، بەکری مەلا مەجی، بەهمەن زاگرۆز، برایمی حاجی کەریم، برایمی حەمە عەلی، برایم حەمە عەلی ریشە، بروسکە ئیبراهیم، بەرزان عەزیز، بێستون محەمەد ئەمین، بەهمەن عوسمان، پەیوەند-شەهید، پشکۆی ئەحمەد ئاغا-کەرکوکی، پشکۆ ئەمین، پیرۆزخان-حاجی پیرۆز، تالیب تایەر-کەرکوکی، تالیب محەمەد بەشیر، تایەر حەمەئەمین ماوەتی، تایەر شێخ عیزەت، تایەر قادر چاو رەش تایەر محەمەد موراد، تایەر مەولود، تەها حەمە سەعید، تەها محەمەد ساڵح عەزیز، تۆفیق نوری بەگ-شەهید، جەزا-مامۆستا جەزا، جەزای عەلی کاتب-شەهید، جەزا حەمە ئابلاخی، جەزا رەشید ئەحمەد شانە، جەلال بەردەزەردی، جەلال بێتەل برای جەمال شاربازێڕی، جەلال حاجی حسەین-شەهید، جەلالی حاجی دەروێش، جەلال سەعد رەشید، جەلال عەلی شاپور، جەلال عەلی، جەلال دەروێش قادر، جەلال محەمەد قەپانچی، جەمالی خولە سنەیی، جەمال سابیر ئەحمەد، جەمال نوری، جەمال عوسمان دایی، جەمالی سەید عەلی، جەمال عەلی، جەمال عەلی قادر، جەمال غەفور رەش، جەمال قادر، جەمالی حەلاو-شەهید، جەمالی سەراج، جەمال سەعید، جەمال سەعید غەفور،

جەمال سابیر ئەحمەد، جەمال شارباژێری، جەمال عەزیز- خزمی هەردی، جەمال عەلی قادر، جەمال مەحمود عیراقی، جەمال کونجرینی، جەمال مستەفا، جەمال تۆفیق-د.نەبەز، جەمال نوری، جەمال وەستا محەمەد-شەهید، جەمیل مەحمود عێراقی، جەمیل مەردۆخی، چالاك حسامەدین، جەواد مەلا- د.جەواد-ڕۆژئاوای کوردستان، جیهانگیر محەمەد ئەمین، حامیدی حاجی غالی، حسێن ئەحمەد- حسێن فارس، حسێن فەتحولاّ، حسێن محەمەد عەزیز-د.حسێن، حەکیم کاکە وەیس، حەمە چوار کلاّوەیی، حەمە ڕەشید حەموش، حەمە ڕەشید هەرەس، حەمە ڕەوف حسەین، حەمە سدیق ناشاد، حەمە سەعید جاف، حەمە سەعید حاجی کەریم، حەمە عەلی محەمەد موراد - کەمئەندام، ، حەمە عەلی فەرەج، حەمە غەریب ئەندازیار، حەمە غەریب کاکە ڕەش، حەمە قادر- بەرزی ئەندازیار، حەمەی حاجی مەحمود، حەمە یادگار، حەمەی ئامە قولە، حەمەی شێخ عەزیز، حەمەی غەفور شەریف، خورشید حەسەن-کەرکوکی، خولە خرە-شەهید، خەسرەو محەمەد سەعید جاف- ئەندازیار، دارا حەسەن یارە، دارا سدیق، دارا سەعید، دارا عەبدولقادر، دارا محەمەد ئەمین، دلاوەر کاکە زیاد کۆیی، دلّشاد مەریوانی-شەهید، دلّشاد سدیق، دلێر ڕەشید یارە، دلێر ڕەشید مەلا عەلی، رزگار ڕەشید، رزگار وەلی، روشدی خدر- کەرکوکی، ڕەحیم حاجی مەحمود- شەهید، ڕەحیم غەفور، ڕەفیق نوری بەگ، ڕەوف بالاّبەرز، ڕەوف شێخ غەریب، زاهیر حەمە کۆیی- شەهید، زاهیر عەلی، زەینەب خان، ساجیدە خان بادینانی، سالّح فەرەج، سالح سیك-شەهید، سالە پیر، سالح قادر حەلاو- شەهید، سامی محەمەد ئەمین، سدیق تۆفیق، سدیق محەمەد فەتاح، سدیق مەلا سەعید، سدیقی پینەدرو- کەرکوکی، سلێمانی حەمەجان، سمایلی چایچی بەرخانەقایی، سمایلی حەمە سور، سەباحی غالب، سەروەت حاجی عیزەت، سەروەت محەمەد- د.کوردۆ عەلی، سەروەر محەمەد، سەید گولّ، سەید عەلی سەیدسەعید، سەعید عەبدولا پێنجوینی، سەعید گەوهەر-شەهید، سەلاح سەلام-کەرکوکی، سەلاح محەمەد ئەمین، سەلاح محەمەد عزیز، سیروان جەمال ،سواراغا، سۆران عوسمان، سیروان سەعید مەلا عەباس،

سیروان عوسمان، شەریف مەحمود، شەریف مەولود-شەهید، شەماڵ عەزیز عەبدولرەحمان- جوانەمەرگ، شەوکەتی حاجی موشیر- شەهید، شەوکەتی شامحەمەد، شەهید بێستون- لەقەیوان، شەهید بێستون- لەمامەخەلان، شەهید فارس- لەمامە خەلان، شێخ ئەحمەد شێخ کەریم، شێخ ساحیب، شێخ محەمەد حاجی ئەحمەد، شێرزاد فاتیح- کەرکوکی، شێرکۆ بێکەس، شێرکۆی شێخ عەلی- شەهید، شێرکۆ هەژار، عارف ئەحمەد-سور، عارف قەرەچەتانی، عەبدوڵا ئاگرین- د.عەبدوڵا، عەبدولا بەکر ئەمین، عەبدوڵا ئەحمەد، عەبدوڵا بەکر ئەمین، عەبدوڵا ئەحمەد کۆرناڵ، عەبدوڵا جەوهەر، عەبدوڵا قەرە تۆغانی، عەبدوڵا مەجید بەگ، عەبدولا لالە، عەبدوڵا مەحمود، عەبدول سەعید، عەبدوڵا سەردار، عەبدوڵا سەن، عەبدولکەریم عارف- پارێزەر، عەبدولواحید حەمە بۆر، عەبەی فارس، عەتا سوڵتان، عەتا محەمەد موراد- پارێزەر، عەدنانی حاجی پیرۆز، عەریف کەمال- کەرکوکی، عەزیز ئەتروشی، عەزیز ئەحمەد عەبدوڵا، عەزیز ئەحمەد فەتحولا، عەزیز حاجی کەریم، عەزیز رەزا، عەزیز شەفیق-ئەفسەر، عەزیز عەبدولرەحمان، عەزیز فەتحوڵا، عەزیز قادر هەتیو، عەزیز میرزا کەریم، عەزیم هاواری، عەلی ئەسعەد مەحوی، عەلی بەگی جاف، عەلی تۆفیق- د.سەربەست، عەلی تۆفیق مالیە، عەلی تۆفیق سروچك، عەلی جەلال تۆفیق، عەلی حەمە سالح، عەلی حەمە لاو، عەلی حەموش، عەلی رەشید، عەلی سور، عەلی سەردار مەلا، عەلی سەید سەعید، عەلی عەبدولا خوێ، عەلی فەرەج قەرەتۆغانی-شەهید، عەلی فەیزوڵا، عەلی عیسامەدین، عەلی مەجید کەریم، عەلی محەمەد نوری، عەلی ماردین، عەلی مامە، عەلی محەمەد ئەحمەد، عەلی محەمەد نوری، عەلی مەشخەڵ-شەهید، عەلی مەنیج، عەلی یاسین، عوسمان ئامە- شەهید، عوسمان ئەحمەد- شەهید، عوسمان محەمەد ، عوسمان حاجی سالْح خەفاف، عوسمان حاجی عەبدوڵا ئابلاخی، عوسمان رەشید، عوسمان حاجی ئەحمەد، عوسمان حەمە سالح عەزیز، عوسمان حەمە عەزیز، عوسمان دەروێش قادر قەلادزەیی، عوسمان سەعید، عوسمان سەرقەبرانی، عوسمان عەبدولا

ئەندازیار، عوسمان عەلی، عوسمان فەرەج دارۆغا، عوسمانی مەلا قادر، عوسمان شێخ محەمەد بەنا، عوسمان محەمەد ساڵح، عومەر ئاغا، عومەر ئیسماعیل، عومەر حاجی قادر، عومەر حاجی عەبدولا، عومەری بەقاڵ، عومەری حەلاو- شەهید، عومەری حەمە، عومەر رەشید قەرەتۆغانی، عومەر حەمە سالح، عومەر سابیر ئەحمەد، عومەری ساڵح مەنسور- شەهید، عومەر شەمەیی، عومەر عەبدوڵا-مولازم، عومەر عەزیز مەحوی، عومەر عیزەت، عومەر فەرەج دارۆغایی، عومەر کەریم، عومەر محمەد، عومەر محەمەد فەرەج، عومەر مینە، عیزەت رەشید- شەهید، عیزەت مەلا رەحیم، غاندی ئەنوەر تۆڤی، غەریب پیرە، غەریبی فیتەر، غەفور ئەمین، غەفور ژاژڵەیی- شەهید، فاتح شێخ حەیدەر سازانی- شەهید، فاروق فەقێ رەشید، فازیل محەمەد ئەمین سەراج، فازیل محەمەد تۆفیق، فازیل مەلا تۆفیق نەقشبەندی، فایەق براخاس، فایەق عارف، فایەق گوڵپی- د.فایەق، فایەق هاواری، فەتاح عەبدولرەزاق، فەتاح فەرەج دارۆغایی، فەتاح محەمەد ئەمین ئاغا- شەهید، فەتاح نوری بەگ، فەتاحە سور، فەرەج ساڵح، فەرەج رەحیم رەمەزان، فەرهاد سدیق- سمکۆ، فەرەیدون ئەحمەد، فەرەیدون فەقێ رەشید قەشان، فەرەیدون رەوف عارف، فەرەیدون عەبدولا، فەرەیدون مەجید، فوئاد سدیق، فوئاد عەبدوڵا، فوئاد محەمەد ئەمین سەراج، فەرهاد ئەحمەد- د.فەرهاد، فەرهاد خەفاف- شەهید، فەرهاد عەبدولحەمید، فەرهاد عەبدولقادر- کەرکوکی، فەرەیدون ئەحمەد، فەرەیدون رەئوف، فەرەیدون عوسمان- کەرکوکی، فەرەیدون عەبدولقادر- کەرکوکی، فەرەیدون عەبدولحەمید، فەرەیدون عەلی ئەمین، فەرەیدون فەقێ رەشید، فەرەیدون مەجید، فەرەیدون محەمەد، قادر حاجی حەسەن، قادر حاجی عەلی، قادر شێخ محەمەد، قادر رەشید محەمەد، قادر عومەر- وەستا قادر، قادر غریب، قادر مستەفا، قوربانی مام رەش- شەهید، کاك عومەر-مامی شەهید فەتاح، کامیل ژیر، کامیل شەفیق، کامیل محەمەد ئەمین سەراج، کاوس عەزیز فەرەج، کەریم دان زێڕ، کەریم سەلام- مولازم- شەهید، کەریم شێخ حەسەن، کەریم عوسمان ئەندازیار، کەریم عومەر، کەریم مەجید

ئەسلان، کەریم مەحمودی خەیات، کەریم ڕۆژ، کەریم محەمەد، کەریمی وەستا حەسەنی چەخماخچی، کەریمی وەستا عومەر، کۆفان- شەهید، کەمال ئەحمەد، کەمال ئەحمەد حەسەن، کەمال ئەحمەد محەمەد، کەمال ئەحمەد مەحمود، کەمال فەتاح، کەمال محەمەد قەپانچی، کەمال تایەر رەشید، کەمال شێخ مەجید، کەمال جەمال موختار، کەمال تایەر رەشید، کەمالعوسمان دایی، کەمال عەبدوڵا محێدین، کەمال دۆڵپەمو، کەمال عەلی- د.کەمال، کەمال عەلی نانەوا، کەمال محەمەد عارف، کەمال مەلا عەلی خوێ، کەمال مەعروف، کەمال عارف، کەمال فەتاح، کەمال هاواری، گورونی سابیرە سووری قەساب، گەردون عومەر، لەتیف حامید- کەرکوکی، لەتیف عەلی- جوانەمەرگ، لەتیف قەرەداخی- ب.هەندرین، لەتیف مەولود، لۆفری نابۆ، مامۆستا ئەحمەد زاوای ئازاد مستەفا، مامۆستا سدیق، ماهیر محەمەد ئەمین، محەمەد ئەمین گوڵچین-شەهید، محەمەد ئەحمەد، محەمەد جەزا ،محەمەد جەلال تۆفی، محەمەدی حاجی ئەحمەد- مولازم- شەهید، محەمەدی ئەحمەدی، محەمەدحاجی شێخ ئەحمەد، محەمەد حاجی مەرۆیی- مولازم- شەهید، محەمەدی حاجی مەحمود، محەمەد حەسەن، محەمەد دەروێش نادر-شەهید، محەمەدی دارتاش- حەمەسور، محەمەد زێڕینگەر، محەمەد ساڵح- هۆشمەند، محەمەد ساڵح فەرەج هیتلەر- شەهید، محەمەد شەوقی- مولازم- شەهید، محەمەد رەشید حەسەن، محەمەد شیرین، محەمەد عومەر، محەمەد عەبدولفەتاح، محەمەد عەبدولا، محەمەد عەبدولا حەسەن، محەمەد عەزیز- خاڵە حەمە، محەمەد غەفور، محەمەد کاك عومەر، محەمەد کەریم- هێمن، محەمەد فەرەج دارۆغایی، محەمەد قادر بەرزی- ئەندازیار، محەمەد مستەفا- ئازاد، محەمەد فەتحوڵا، محەمەد محێدین، محەمەد مەجید ئەسلان، محەمەد مەلا عومەر، محەمەد مەولود، محەمەدی وەستا مەجیدی دەلاك، محەمەد هادی ئەحمەد قادر- مامۆستا هادی، محەمەد هەرسین- شەهید، مژدە تاهیر- ئەندازیار، مستەفا بابە گەورە، مستەفا سلێمان- ئەندازیار، مستەفا مینە، مەحمود حاجی، مەحمود خەرامان، مەحمود شێخ محەمەد، مەلا محەمەدی خەیاڵ، مەزن عوسمان فایەق، مەنسور شێخ کەریم حەفید، مەهدی وەستای کاشی،

مەهدی مەلا عەلی، مولازم سەروەت، ناسر شێخ کەریم حەفید، نامیق برا خاس، نزار ئەمین، نوری حەمە عەلی- شەهید، نوری حەمە عەلی شنرویّ، نوری شەریف- شەهید- کەرکوکی ،نوری شێخ ئیسماعیل، نوری عەبدولا، نوری قادر، نوری کەریم، نوری نامیق، نەبەز عەزیز، نەجمەدین حەسەن، نەسرەدین ئەحمەد، نەورۆز مەلا عەلی، نەوزاد سابیر قەرەداخی، نەبیل نوری مەتی، نیهاد مەحمود- ئامۆزای فەرەیدون عەلی ئەمین، وریا ئەحمەد قازی، وریا براخاس، وەستا سالحی بەنا، هادی- مامۆستا هادی، هادی ئیمام، هادی ئەحمەد قادر، نوری حەلاو – شەهید، هیوا موختار، هیوا مستەفا، هیوا نیزامەدین- ئەندازیار، یوسف پەری- قەشە پەری، یوسف مارف زەند، یوسف سەعید ،یوسف ناسرۆ = **505**هاوبیر.

ئەوانە، بێجگە لەپێشمەرگەکانی ناو هێزەکانی شۆڕشی ئەیلول کەکلیلەی ناوەکانیان لایخۆیانبو و مەزەنە ئەکرێن بەسەدان پێشمەرگەی گۆشکراو بەبیروباوەڕی کاژیك. لەئاستی دەرەوەی وڵاتیش، کاژیك خاوەنی رێکخراوی نۆکسەبو (یەکیتیی نەتەوەیی خویندکارانی کورد لەئەوروپا **1965/3/21**تا **1977/9/3** کەدوایی بوبەسۆکسە (رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالستی کورد لەئەوروپا،**1980/9/11** تا **2005/4/22**) بەردەوامبو و نزیکەی **600** ئەندامو لایەنگری هەبو. لەرۆژئاوای کوردستانیش لە **1972/3/21**دا یەکێتیی نەتەوەیی خوێنکارانی کورد لەسوریا لەلایەن هاوبیر د.جەواد مەلاوە دامەزرا. ئەگەر هەموی لەیەکدەین، لە هەزار هاوبیر تێپەڕئەکەن.

جگە لەو بەرێزانە، کەسانێکی پایەبەرز هەبون کەئەندام نەبون، بەڵام هەواداری کاژیکبون، لەوانە: بەشیر موشیر – کەسایەتی کۆمەڵایەتی، جەمال رەشید – د. جەمال – مێژونوس، جەمال نیزامەدین – ئەندازیار، جەمیل رۆژبەیانی – مێژونوسو نوسەر – شەهید، حەسەن شێخ حەمە مارف – نوسەر، عەلی تۆفیق – د. عەلی- مامۆستای کیمیا، عەلی سام ئاغا – کەسایەتیی کۆمەڵایەتی، فازیل نیزامەدین – فەرهەنگسازو نوسەر، قادر نوری بەگ – چاودێری سیاسی،

کوردستان موکریانی – د. کوردستان، گیو موکریانی – فەرهەنگساز و نوسەر، محەمەد گوڵانی – شێخ محەمەد-خاوەن کتێبخانە، محەمەد نوری عارف – د. محەمەد-مامۆستای زانکۆ.

بەداوای لێبوردنەوە لەوانەی ناوەکانیان بیرچون یا ئێستە ناوەکانیان نازانرێ، بەتایبەت پێشمەرگەی هێزەکانی شۆڕش. ئەو ژمارانەش بۆ ئەو رۆژگارە ترسناکانە کەم نەبون. ئەوانەی ناوی خۆیان یا کەسیان یا برادەریان نەهێنراوە، یا بەهەڵە نوسراوە، سوپاسیانئەکەین ئاگادارمانبکەن تالەهەلێکیترا ئاماژەیان بۆبکەین. وەك سەرنجێکیش: مەبەستمان لەناوهێنانی هەمو ئەو بەڕێزانە:

یەکەم: وەڵامێکە بۆئەوانەی ئەڵێن ژمارەیان لەپەنجەکانی دەست تێنەپەڕیوە.

دوەم: ناوهێنانیان، سەروەرییەکە بۆخۆیانو نەوەکانیان کەلەو رۆژە ترسناکانەدا گیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە لەپێناوی خەباتی سەربەخۆییخوازانەدا بۆنەتەوەکەیان.

سێیەم: ئەوەش شانازییەکیترە کەتائێستا، ئەو بەڕێزانە، هێچ پەڵەیەکی وەك ناپاکی، جاشێتیو فایلی بەئسیاننیە.

چوارەم: ئەو ژمارەیە لەو رۆژگارە سەختەدا، ژمارەیەکی کەمنەبو. ئەگەرهێڵە لارەکان نەبونایە، ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانی کاژیکی ئەکرد.

لەڕاستیشدا، کاژیك قوتابخانەیەکی بیری کوردایەتیبو زیاتر لەوەی رێکخستنێکبێ، ئەو بیری کوردایەتییەش بەشێوازی کاژیك، رۆژلەدوایرۆژ لەپەرەسەندنایە لەهزری نەوە دواینەوەکانمان بەهەر ناوێکەوەبێ. بەڵگەش بۆئەم راستییە ئەوەیە ئێستا پرسی سەربەخۆییو بیرۆکەکانی کاژیك لە نوسینەکانی هەندێ نوسەرانو لەهزری زوربەی ئەندامانی نەتەوەکەماندایە وەك لە گشتپرسییەکەی **2017/9/25** دا رێژەی **93%** دەنگی بۆسەربەخۆییدا کەپێشتر

ئەوی ناوی سەربەخۆیی ببردایە، شیوئیو پارتیو یەکێتی بە کۆنەپەرستو نۆکەری ئیستیعماریان ئەزانی!.

سەبارەت بەڵگەنامەکانی کاژیکیش، وەك پێزانینو نرخاننێ، ئەڵێین: بەشی زۆری لای هاوبیرحەمە عەلی فەرەج پارێزراوبوە، بەگۆڤارەکانی لاوانو قوتابیانی نەتەوەییشەوە. پێش کۆچیدواییەکەی، رەوانی شادبێ، من هەنێکیانم لێوەرگرتو دوای کۆپیکردنیان، بەسوپاسەوە بۆم گەڕانەوە. دوای ئەو کۆچی دواییەش، د.عەبدولا ئاگرین هەمو ئەو بەڵگەنامانەی لەخێزانەکەی حەمە عەلی فەرەج وەرگرتوەو خۆیشی هەنێ نامەی هاوبیرانو بەڵگەنامەی لابوە، یا لەم دواییانەدا ژمارەیەك مۆری دروستکردوە بۆرەواندنەوەی گومان لەناڕاستیی نوسینەکانی. کاژیکنامەو هەنێ بەڵگەنامەش لای هاوبیر فوئاد سەراج پارێزراوبوە. لەهەندەرانیش، بەشێکی زۆر لای هاوبیر نەبەزو بڕێکیش لای هاوڕێ باخەوان پارێزراون. سەرەڕای ئەوەی چەن خوێنکارێکی ماستەرو دوکتۆراش، زۆرێ لەو بەڵگەنامانەیان کۆکردۆتەوە بۆنامەکانیان لەسەر کاژیکو پاسۆك.

## بەرئەنجام

سەبارەت ئەو دژایەتیو ناپاکییانەی بەرامبەر کاژیك کراون، لەلاپەڕەکانی پێشودا، بەپەرێزەوە ئاماژەمان بۆهەندێکیانکرد. بۆیە ئەڵێم بەپەرێزەرە، چونکە بۆهەمویان بەڵگەی تەواوم لانیە. لێرەدا تۆپەکە هەڵئەدەم بۆخوێنەرەوەی بەڕێز تا راستییەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا هەڵهێنجیو خۆی بریاردەربێ بۆسەرچاوەو مەبەست لەو دیاردانە:

١-نامیلکەکەی هەمەی مەلا کەریم (کوردایەتی کامیل ژیر لەژێر نەشتەری یەکالاکردنەوەدا) بەهاندانی هیزبی شیوئی.

٢-هەوڵدانی شیوئیو پارتی بۆئەوەی تاوانەکەی روداوی کانی ماسی بخەنە ئەستۆی کاژیك.

٣-گرتنی شێرکۆ بێکەس (یەکەم بەرپرسی لقی سلێمانی کاژیك) و ئەشکەنجەدانی لەبەکرەجۆ.

٤-هەوڵی تیرۆرکردنی هەندێ لەسەرکردەو کادیرانی کاژیك لەلایەن شێرکۆی هەژارو چەند هاوڕێیەکییەوە.

٥-دو بەیانەکەی ٢٠و٢٥/ ١/١٩٧٥ ی هەمەی مستەفاو شێرکۆی هەژارو چاپکردنو بڵاوکردنەوەی لەلایەن قیادە مەرکەزیی هیزبی شیوئییەوەو گۆڕینی ستراتیجی کاژیك لەسەربەخۆییەوە بۆ ئۆتۆنۆمی لەو دو بەیاندا!.

٦-نوسینەکانی هەمەی مستەفا دژی سەرکردایەتیی کاژیك لەلایەکو لەلایەکیترەوە بۆئیستیفزازو دورخستنەوەی ئەندامانی سەرکردایەتیی پاسۆك، بەتایبەتی ئەفسەرەکانو جەلالی هاجی هسەین بەجۆرێ کە تەنیا خۆی وەك سەرکردایەتی پاسۆك مایەوە!. واتا سەرکردایەتیی پاسۆك مایەوە یەك کەس پێش راپەڕین! ئەو یەك کەسەش خۆیبو لەکوردستان! لەئەڵمانیاش هەشت نۆ هاوبیر کە بێئاگابون لەکردەوەکانیو لەناخی دەرونی. ئەو هاوبیرانە ئێستەش هەر پەسنی ئەکەن. ئەوەش مافێکی خۆیانەو رێزمان هەیە بۆیان.

٧-ناردنی هەمەی مستەفا بۆدەرەوەی وڵاتو مەسرەفی گرانبەهای چارەکردنی بەپارەی کێ!؟

٨-پێدانی موچەی خانەنشینی بەپلەی وەزیر بۆخێزانی هەمەی مستەفا!

٩-هەڵوەشانەوەی رێکخراوی سۆکسە لەدەرەوەی وڵات بەراسپاردەی هکومەتی ئێرانو پارتیو یەکێتی!

١٠-دانانی ئاگرین بەئەندامی سەرکردایەتی پارتی!!

**١١-دو پەرتوكە پڕ لەهەڵەو شپرزانەكەی ئاگرین دوای جموجوڵەكانی هاوبیران بۆخۆڕێكخستنەوە. بەمەرجێ لەماوەی ١٩٧٥ تا ٢٠١٣ یەك وشەی سەبارەت كاژیك نەنوسیوە**

**١٢-هەوڵی تیرۆركردنی ٨٠ ئەندامی كاژیك لەلایەن دەزگاكەی خاڵە هاجیی بەرپرسی پاراستنی ئەوسای پارتییەوە.**

**١٣-پشتگیرییەكەی فاروقی مەلا مستەفا بۆجوڵانەوەكەی شێركۆی هەژارو ئازاد مستەفاو چاپكردنو بڵاوكردنەوەی دو بەیانە هیچوپوچەكەیان!!**

**١٤-دو چاوپێكەوتن لەگەڵ كوردۆ ئەلیو بڵاوكردنەوەی لەكوردستانی نوێدا!.**

**پێشتر بەدرێژی لەو خاڵانە دواوم. مەبەستەكەم لێرەدا ئەوەیە، كاسەی هەركام لەو خاڵانە بێ ژێركاسە نییە!. باخوێنەرەوەی بەڕێز خوێندنەوەی خۆی ئەنجامبدا سەبارەت هەركام لەو خاڵانەو پەی بەژێركاسەكانیان بەرێ !؟. با لەوەزیاتر زیندو كوژی مردو پەرست نەبین. ئەمە مێژوەو ئەبێ راستگۆبین.**

## هاوبیرانی كاژیكو پاسۆک درێژه بەچالاكییەكانیان ئەدەن

**هاوبیرانی كاژیكوپاسۆك ئێستا بەجۆرێكیدی درێژە بەچالاكیو بیروباوەڕەكانیان ئەدەن بەناوی هاوبیرانی كوردایەتییەوە، ئەویش بەپێی كۆنفرانسی سیتەك كە لەگۆشەیەكی ئەم پەرتوكەدا بەدرێژی لەبارەیەوە ئەدوێین.**

**ئێستە لەماڵپەڕی هاوبیرانی كوردایەتییەوە، پێنوسی بیرمەندەكانیان ئەدرەوشێتەوە. بۆهەر بۆنەیەكیش راگەیاندنیان هەیە.**

## هەنێ بیرەوەرییتر

لەپەرتوکی: (کوردایەتی بیرو بزافە) چاپی **2006**هەنێ بیرەوەرییترم بڵاوکردۆتەوە. لیرەدا تەنیا ئاماژەیەکی کورتیان بۆئەکم:

**1**-لەنێوان بارزانیو کاژیکا ل**77**: کاژیك بەبایەخەوە روانیویەتە بارزانی مستەفا وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی کوردو بەنوسین لە **1964/5/13**ا بیرخەرەوەیەکی پێشکەشکردوەو ئاگاداریکردوە کەئێران جێگەی باوەڕنیەو لەگەڵ هاتنەسەرکاری هکومەتێکی سەر بەرۆژئاوادا دەس بۆ ئەو هکومەتە درێژئەکا بۆلێدانمان. ئەوەبو پێشبینییەکەمان لە **1975/3/6**ا هاتەدی. جگەلەوە کاژیك لەدو بەیاندا بەبەرواری **1970/6/25**و **1970/9/11** لەبارەی رێکەوتننامەی یازدەی ئازارەوە، رای خۆی پیشانداوە. درێژەی ئەو دو بەیانە لەلاپەڕەکانی **23**تا**40**ی نامیلکەی (حقیقە کاژیك)دا بڵاوکراوەتەوە. کاژیك هەمیشە جیاوازیی لەنێوان بارزانیو پارتیا ئەکردو بەدو بوەی جیاوازی ئەزانین.

**2**-لەلاپەڕە **105**ی پەرتوکی (کوردایەتی بیرو بزاڤە)دا، رای خۆم بەرامبەر کاژیکو ناکۆکیی نێوان د.جەمال نەبەزو د.کوردۆ ئەلی پیشانداوە. نەمئەویست لەم پەرتوکەدا دوبارەی بکەمەوە، بەڵام لەم رۆژاندا، سایتی کوردستانی نوێ گۆمەکەی شڵەڤاندەوە بەدیمانەیەکی کۆنی پێش ٢٠ ساڵی نێوان هاوبیر هەڵۆ بەرزنجەییو کوردۆ ئەلی کە وەڵامەکانی لەچەواشەکاری بەدەرنیە، بۆیە ناچاربوم لەم پەرتوکەدا پەنجەرەیەکیش بۆئەو بابەتە بکەمەوەو بیکەم بەخاڵێکیتر سەبارەت کاژیك.

**3**-لاپەڕە **115** وەڵامێك سەبارەت کاژیك، بۆرۆژنامەی هاوبیر.

**4**-پەیمانی سیڤەر **1920/8/10** کەبەندەکانی **62،63،64** تایبەتبو بەسەربەخۆیی کوردستان. ئەتاتورك ساڵی **1923** بەپەیمانی لۆزان هەڵیوەشانەوە بەرامبەر ئەوەی دەسبەرداری ولایەتی موسڵبێ بۆئیراك. لە راستیشدا ئەو پەیمانی

سیڤەرە تەنیا بۆ ترساننی تورکبو کەئەگەر رازی نەبێ بەوەی ولایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئیراك، ئەوا بەپێی پەیمانی سیڤەر، تورکیا هەمو باکوری کوردستان لەدەسئەدا! واتا ئەو پەیمانی سیڤەرە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزبوە، مەبەستەکە چاوبڕینە نەوتی کەرکوکبو.

5-بەڵێنە درۆکانی ئنگلیز سەبارەت ئۆتۆنۆمییەك بەکورد.

6-پەیمانی30/یۆنیۆ/ 1930 نێوان بەریتانیاو ئیراك بۆ ماوەی 25 ساڵ کە بەهۆیەوە بەریتانیا دەستیگرت بەسەر هەمو خێروبێرێکی ئیراکو باشوری کوردستانیشا بەسامانی نەوتیشەوە.

7-هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ ئیراك کە 1930 نیازبو لەسلێمانیشدا بکرێ.

8-رازینەبونی کورد بەوەی ئەرەب حوکمیبکا.

هەمو ئەو پێشینانە بەجۆرێ پەزمەندەیانبەستبو و پەنگی خواردبوەوە کە ئەبوایە لەسلێمانیی مەڵبەندی کوردایەتیدا تەقینەوەیەك لەشێوەی راپەڕینێکی جەماوەریدا روبدا.

## راپەڕینی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠

من ئەگەرچی چوار ساڵ دوای ئەو راپەڕینە لەدایکبوم، بەڵام باسوخواسی ئەو راپەڕینە لەناو ماڵی ئێمەدا ئەوەندە چەنبارە ئەبوەوە کە راپەڕینەکە وەك شریتێکی سینەمایی لەبیرمدا بەجۆرێ چەسپیبو کە وەك خۆم لەناو ئەو راپەڕینەدا بوبم وابو. هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ بەشداربونی مامم (ا.ب.هەوری) لەڕاپەڕینەکەداو دیارنەمانی دوای کوشتارەکە کە لەماڵی ئێمەدا والێکدرابوەوە ئەویش کوژراوە! جا بۆدۆزینەوەی تەرمەکەی، باوکم و دایکم تائێوارەی ئەو رۆژە ئەگەڕێن بەشوێنیا، تەنانەت ئەچن بۆ خەستەخانە سەیری برینداراەکان ئەکەنو پەڕۆی سەر مردوەکان هەڵئەدەنەوەو بەقورگی پڕ لەگریانەوە، بەنائومێدێ، ئەگەڕێنەوە بۆماڵ!. بەڵام خۆشبەختانە کاژێرێ دوای رۆژئاوابون مامم ئەگەڕێتەوە بۆماڵو بۆیان ئەگێڕێتەوە

كە لەكاتی كوشتارەكەو بڵاوبونەوەی خەڵكەكە، ئەو خۆیئەكا بەناو پۆستەخانەكەی بەردەركی سەراداو دوایی ئەچێتە ماڵی دۆستێكی لەونزیكانەو ماڵەكەش ئەیپارێزنو نایەڵن بڕوا تا دوای تاریكبون.

بەو هۆیەوە كە باوكم، برا گەورەی حەوت برایتریبوەو شێخ سەلامی هۆنیارو سیاسەتكارو بەشداربوی شۆڕشەكانی شێخ مەحمودیش، خاڵی بوە، ماڵی ئێمە وەك ناوەندێكی رۆشنبیریبوە. تاچەندینساڵیش دوای ئەو راپەڕینە، لەهەر لایەكەوە میوانمان بهاتایە، چیرۆكی راپەڕینەكە ئەبوە جێگە پرسیارو وەڵام، بەتایبەتی كەمامم بەچاوی خۆی دیبوی چۆن ئاپۆڕەی خەڵكەكە گوللەباران كراوەو چۆن ژمارەیەك لەڕاپەڕیوەكان بەخەنجەرو دارو تێڵاوە هێرشیان كردۆتە سەر سەربازەكان، بەتایبەتی عەولە سیسەی قارەمان، كە دوای بریندابونی، هەڵئەسێتەوەو هەڵئەكوتێتە سەر مەترەلۆز تەقێنەكەو ئەیداتە بەر خەنجەرو هەردوكیان گیان لەدەسئەدەن. ئەمە روداوێكی شێرانەو دەگمەنە كەعەولە سیسی كرد بەقارەمانی راپەڕینەكە.

ئەو راپەڕینە، وەك وتمان، روداوێكی كتوپڕنەبو. هەمو ئەو پێشینانەی ئاماژەمان بۆكرد، پاڵنەربون بۆئەو راپەڕینە كە بەشەڕی بەردەركی سەراش ناوئەبرێ. پێشەكیش لەلایەن كۆمەڵەی لاوانەوەو لەلایەن ژمارەیەك رۆشنبیرانەوە، زەمینەسازیی بۆڕاپەڕینەكەكرابو بەمەبەستی پیشاندانی رای گشتیی كە بەحوكمی ئەرەب رازینابن. تەنانەت یەكێ لەدروشمی راپەڕیوەكان كەخەڵكەكە ئەیانوتەوە، ئەوەبو: (ئێمە كوردین كوردمان ئەوێ، ئەرەب هینەو نامانەوێ). ئەمە مێژوەو ئەبێ بیڵێین.

ئەو راپەڕینە، ئەگەچی لەهەمو چینەكانی ئەوسای شاری سلێمانی پێكهاتبو، بەڵام زوربەی بەشداربوان لە كاسبكارانو پێشەسازانو هەژاران پێكهاتبو بەبەڵگەی ناوو پیشەی شەهیدەكان وەك: عەزەی پینەچی، عەلیی سویجگەر فرۆش، عەزیزی كورتاندرو، چەن كاسبكارێكی وەك حەمە چاوشین، حەمەی خولە، عەلە گون سوتاو،

ئەحە رەش، حەمەی قاراغا، عەولە سیسیش چایچیبو و زۆری کۆبونەوەکانی کۆمەڵەی لاوان لەچاخانەکەی ئەوا ئەکرا.

من وەك پێشتر وتم، ئەو راپەڕینە لەبیرما چەسپیوەو تائێستاش وێنەکەی لەبەرچاومەو بۆتە هەوێنی هۆنراوەی عەولە سیسەی قارەمان. گۆرانیش هۆنراوەی شەهیدی هەیە بۆ ئەو راپەڕینەو هەڵۆ بەگ ناوێکی کردۆتە قارەمانی ئەو راپەڕینە!. رەوانشاد لەتیف قەرەداخی (ب. هەندرین) بەراوردێکی جوانو بابەتیانەی لەنێوان ئەو دو هۆنراوەیەدا کردوە بەوردیو لەسەر راپەڕینەکەی نوسیوە. بەپێویستی ئەزانم ئەو نوسینەی ب.هەندرێن لەم پەرتوکەدا بڵاوبکرێتەوە.

لەکۆتاییدا دەسخۆشی لەئەنجامدەرانی ئەم بۆنەیە ئەکەم، بەتایبەتی کاك تۆفیق و پەیکەرسازەکەی رەوانشاد عەولە سیسەی قارەمان. ئەوە ئاواتێکی منە کەساڵی 1958 پێشبینیم کردوەو ئێستە دێتە دی وەك لەکۆتایی هۆنراوەکەمدا وتومە: (پەیکەرێکیش جوانتر لەگوڵ ، ئەکەین بۆیادی کاك عەول، لەژێریا بەخامەی زێڕین ، ئەنوسین وێنەی نەبەزین).

هەر لەو پەرتوکەدا لاپەڕە 122 گفتوگۆیەك لەگەڵ مامۆستا ئەتا قەرەداغی، شیاوی پیاچونەوەیە وەك بابەتێکی وێژەییو مێژوییو سیاسیو هەنێ لەقۆناغەکانی ژیانو بیرەوەرییەکانم. لەم پەرتوکەدا هەوڵئەدەین جێگەیەك بۆ ئەو گفتوگۆیە بکەینەوە.

لەلاپەڕە 172دا (خۆپیشاندان لەگۆشەیەکی بیرەوەریدا) هەر بەشێکە لەیادەکانم.

لاپەرە179( الخبز لیس من عمل القصاب) کە وەڵامێکە بۆ د.کمال مەزهەر، ئەمیش برِێ لەیادەوەرییەکانمی تیایە.

## مافی مرۆڤی کورد لەبیرەوەرییەکانما

هەروەها بەشێ لەیادەکانمو تێڕوانینێ لەسەر کێشەی کورد لەگۆڤاری پەیامی مرۆڤایەتی ژمارە 8 ساڵی 1999 بڵاوکرایەوە، ئەمە بەشێکێتی:

لەیادمە ئەیانوت وا شەڕ ئێمەشی گرتەوە! کات ساڵی 1939بو شەڕی دوەمی جیهانی بەرپابو، ئەوکاتە چوار ساڵو نۆ مانگێك بەسەر تەمەنی منا تێپەڕبوبو کەئەیکردە 1934/12/20. گوێی مناڵیم بەدەنگوباسی ئەوشەڕە ئاشنابو، کەشەش ساڵێکی خایانو گەورەترین کارەساتێکە لەمێژوی مرۆڤایەتیا.

لەبیرمە خەڵکی لەچایخانەکانا گوێیان لەرادیۆ ئەگرت بۆهەواڵەکانی شەڕ، نرخی شتومەك بەدرێژایی ئەو شەش ساڵە لەبەرزبونەوەدابو.

بەرلەوجەنگیدوەمە، وەك باوکم بۆی ئەگێڕامەوە، ماڵی باپیرم لەسیتەك شێخ جەلال کەموفتیی شاربازێربو، لە بیستەکانا بەربۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیز کەوتبو، دوای ئەوەش سەدان جاریتر ئەو فڕۆکانە بۆردومانی سلێمانیو دەوروبەرەکەیان کردوە بەمەبەستی کوژانەوەی شۆڕشەکانی شێخ مەهمودی نەمر. تا ئەمڕۆش تەمەندرێژەکانی ئەم ناوچەیە، مەرگەساتەکانی ئەوبۆردومانانەیان لەیادە کەچۆن تەڕو وشکی مرۆڤی کورد پێکەوە تیا ئەسوتێنراو تیا ئەکوژرا. سەرچاوەو بەڵگەنامەکانی ئینگلیز خۆیشی باس لەپێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی کورد ئەکەن لەوسەردەمەدا (بۆ دەوری فرۆکەکانی ئنگلیز- بروانە وەلامەکانی تایم لەم پەرتوکەدا)

کەواتە ئەو رۆژەی ساڵی 1939 کەمن بینیم فڕۆکەیەك هاتە ئاسمانی سلێمانیەوەو لەهەنێ نوسینیترما ئاماژەم بۆکردوە، خەڵکەکە ناهەقیانەبو بەوجۆرە شپرزەبون، منیش مەبەستم لەگەڕانەوە بۆشۆڕشەکانی شێخ مەهمودو دەوری فڕۆکەکانی ئینگلیز لەلەناوبردنی ئەوشۆڕشەدا، هەنێ وانەو پەندە. بەرلەم نوسینەشم لەلێکۆڵینەوەیەکا بەناونیشانی (هکومەتەکەی شێخ مەهمود

بۆسەرنەکەوت؟) کەلەیادی هەفتاساڵەی دامەزراننی ئەو هکومەتەدا (3 تا 1992/11/10) لەهۆڵی رۆشنبیریی جەماوەر لەسلێمانی پێشکەشمکرد، بەدرێژی لەو بارەیەوە دوامو ئەشێ ئێستاش هەنێ وانەو پەند لەبەسەرهاتەکانی رابوردومانەوە وەربگرین وەك:

1-تا کورد نەبێتە خاوەنی چەکی بەرگری تەواوی خۆی، یا پاڵپشتێکی نێودەوڵەتی وەك ئێستای ناوچەی دژەفرینی باشور، نابێ جارێکیتر سەرانی کورد، خەڵکی شارەکانی کوردستان بخەنە ژێرمەترسیی بۆمبابارانەوە، بەڵکو چاکتروایە تەنیا پەنا بۆشەڕی پارتیزانی ببرێ کەئەتوانرێ بەژمارەیەك جەنگاوەری کەم، زیانی گەورە لەدوژمن بدرێ. شەڕی پارتیزانیش بەبێ دەسوەشانن لەناو پایتەختو شارەکانی دوژمن، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ.

2-گرانترین زەبرێك کەلەشۆڕشەکانی شێخ مەهمودکەوت، بەهۆی فڕۆکەکانی ئینگلیزەوەبو، هکومەتەکەی شێخ مەهمودو شۆڕشەکانی بەهێزی ئەوسای دەسەڵاتدارانی ئەرەب لەناونەئەبران، ئێستاش هەروایە، هیچکام لەداگیرکەرانی کوردستان، بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی پێلەناونابرێ ئەگەر زلهێزەکانی دنیا پاڵپشتیان نەکەن، لەم دیدوبۆچونەوە، پێویستە کوردیش هەمیشە لەهەوڵدانابێ بۆزامنکردنی دۆستایەتی لەگەڵئەو زلهێزانەو دابینکردنی پاڵپشتیان بۆکورد. چیتر لەوەزیاتر بەبیرکردنەوەی چەپەکان هەڵسوکەوت نەکاو دنیای هێزو دەسەڵات نەکاتە دوژمنی خۆی.

3-ئینگلیز هەرلەسەرەتاوە، لەورۆژەوە کەویلایەتی موسڵ لەدەوڵەتی ئوسمانی دابڕاو پێشئەوەش، نەیویستوە کورد ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەوبوارانەش کەدای بەشێخ مەهمود بۆدروستکردنی هکومەتەکەی، یابۆمامەڵەکردن لەگەڵ شێخ مەهمودا، ئەوانە تەنیا کارتی گوشاربون بۆسەر ئەرەبی ئیراك کەملیان پێکەچکا بۆخواستەکانی خۆی، ئەگەرچی نەشیئەویست کورد بێبەشبێ لەمافێکی وەك ئۆتۆنۆمی.

4-ئینگلیز لەپێش دروستکردنی دەوڵەتی ئیراکەوە، چاوی لەنەوتەکەی کوردستانەوەبوە. مەبەستیشی لەدروستکردنی دەوڵەتی ئیراك بەم شێوەیەی ئێستا لەئیراکی کۆنو باشوری کوردستان، ئەوەبوە کەئەرەبی ئیراك بکاتە پاسەوان بەسەر نەوتی کوردستانەوە، .هەروەها بەدەوری ئەونەوتەدا کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەییو فرەئاینی هەبێ بۆئەوەی ئەوانە بەکێشەو ئاژاوەو دوبەرەکی خۆیانەوە، نەیانپەرژێتە سەر ئەو، لەڕاستیا بەریتانیا بەرلەکورد، دەستی فەڕەنسای هاوپەیمانی خۆیشی بڕی بەپێی رێککەوتننامەیەك لەمانگی 12ی ساڵی 1918 کەبەپێی ئەو رێککەوتنە فەرەنسا ولایەتی موسڵی بەجێهێشت بۆبەریتانیا، جا بەریتانیاش کەدەستی فەڕەنسای هاوپەیمانی پێشوی خۆیو کوردی تازە ئاشنای بڕیو شۆڕشو هکومەتەکەی شێخ مەهمودی هەڵوەشانەوە، ئەوە لەئەنجامی ئەوەوەنەبوە کە ئینگلیز لەوکاتەدا دوژمنی فەڕەنسەو کوردو شێخ مەهمودبوە، هەروەها کە ویلایەتی موسڵی خستە سەر ئیراکی ئەرەبی، ئەوەش لەبەرخاتری چاوی رەشی ئەرەبنەبوە، بەڵکو ئەوانە هەموی بۆسودو بەرژەوەنی خۆیبوە.

بەڵێ بەرژەوەنی، جا با لێرەدا وشەی بەرژەوەنیمان لەبیرنەچێ، لەڕاستیا دنیای سیاسەت بریتیە لەبەرژەوەنی، بەرژەوەنی پێوەری کردەوەو بڕیارەکانە لەجیهانی سیاسەتا. هەرلایەنێکی سیاسی هەوڵئەدا زیاترین بەرژەوەنی بۆخۆی دابینکا، لەبواری پەیوەنیی نێودەوڵەتیشا، هەردەوڵەتەو هەوڵئەدا زیاترین بەرژەوەنیی بۆخۆی راکێشێ ئەوەنەی لەتوانایابێ. کاتێکیش کارەکە ئەگاتە سنوری کۆتاییتوانا، ئەوسا بەرژەوەنیی هاوبەش دروستئەبێ.

جێیخۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆئەوەبکەین کەبەدەستخستنی بەرژەوەنیی گشتی، واتا بەرژەوەنیی نەتەوەیی، وابەستەیە بەهوشیاریی نەتەوەییەوە. کاتێ هوشیاریی نەتەوەیی ئەگاتە ئاستێکی بەرز، بەرژەوەنیی نەتەوەیی ئەوەنەی بەرزیی ئەو ئاستە، زیاتر بەدەستئەکەوێ، ئەگەر رێگری لاوەکی نەبێ.

بنچینەی هوشیاریی نەتەوەییش، هەستی نەتەوەییە. هەستی نەتەوەیی وەکو هەستەکانی بینینو بیستنو بۆنکردنو بەرکەوتنو تامکردن، لەناخی هەمو مرۆڤو نەتەوەیەکا هەیە، کاتێ ئەو هەستە بەهۆی پیادەکردنو پەروەردەکردنەوە پەرەئەسێنێ، ئەگۆڕێ بەهوشیاریی نەتەوەیی، بەداخەوە کورد وەك تاکو وەك کۆمەڵیش هوشیاریی نەتەوەییەکەی لەئاستێکی نزمایە، چونکە بواری بۆنەڕەخساوە پیادەی بکا (مومارەسەی بکات) یا پەروەردەیکا.

نزمیی هوشیاریی نەتەوەیی کورد، دیاردەیەکی بەڵگەنەویستە. بەبەراوردکردنێکی لەگەڵ نەتەوەکانی وەك ئەڵمانو جولەکەو ئەرەب کەئەوانیش وەك کورد بەشبەشکراوبون، ئەو راستیە دەرئەکەوێ.

نەتەوەی ئەڵمان، لەگەڵ ئەوەدا کەنیشتمانەکەی کرابو بەچەن پارچەیەکەوەو دو جەنگی جیهانیی گەورەشی دۆڕان، توانی ئەوپارچانە یەکخاتەوەو جارێکیتر قەوارەی نەتەوەیی خۆی دروستکاتەوەو شانازییە نەتەوەییەکانو ئابوریەکەش بژێنێتەوە.

هەروەها جولەکەش.. بەڵام چونکە ئەرەب هوشیارییەکەی لەوان کەمترە، تا ئێستاش نیشتمانەکەی بیستودو پارچەیە گەرچی بیستودو هکومەتیان هەیە. ئەو هکومەتۆکەیەی لەباشوری کوردستانا رەخسا، ئەویش دوای **1994** کرا بەدو بەشەوە بەهۆیئەوەی دو پارتە دەسەڵاتدارەکە بەربونە گیانی یەکتریو ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی لەشەڕەکانی نێوان ئەو دو پارتەدا بەکوشت دراون، لەژمارەی ئەو پێشمەرگانە زیاترە کەلەشەڕەکانی دژ بەرژێمی بەغا شەهیدبون!.. دابەزینی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی ئەم دو پارتە لەوەدا دەرئەکەوێکەشەڕ لەسەر دەسەڵاتێ ئەکەن هێشتا بەتەواوی بەدەسنەهاتوە. لەوەش شەرمئامێزتر ئەوەیە بەبێ پەردە باس لەدابەشکردنی داهاتەکانی ناوچەکە ئەکەن لەنێوان خۆیانا، لەکاتێکا ئەو داهاتانە نەهی ئەمیانەو نەهی ئەویشیانە هەرچی چەنێ دەنگیان هێنابێ لەهەڵبژاردنا. لەهەمو دنیادا کەهکومەت لەناوچەیەکا دروستبو، هەمو داهاتی ئەوناوچەیە ئەچێتە

گەنجینەی ئەو هکومەتەوەو ئەویش بەپێی یاساو میزانیەو پیاچونەوەو لێپرسینەوە، هەڵسوکەوت بەوداهاتە ئەکا، لەم هەرێمەی ئێمەدا هیچ پارتێك بۆینییە هیچ پارەو شتێك لەموڵکی میللەت بۆخۆی لابدا، ئەگەر لایدا، ئەوا ئەو پارتە هیچ جیاوازییەکینابێ لەگەڵ ئەو فەرمانبەرەدا کە ژێرەدزی (اختلاس) ئەکاو هەردوکیان وەکیەك بەرپرسیارئەبن بەپێی ماددەکانی **315** تا **321** لەیاسای سزادانی ژمارە **111**ی ساڵی **1969**و گۆڕانکارییەکانی.

لەرابوردوشا، نزمیی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی کورد، لەتێکچونی دەوڵەتی مادەوە دەرئەکەوێ کەگەورەترین دەوڵەتی ناوچەکانی دەوروبەری خۆیبو، ئەودەوڵەتە گەورەیە، بەوەروخا کەکابرایەکی فارسی وەك کۆرش هەلێکی بۆ هەڵکەوتو بەژمارەیەك لایەنگری کەمەوە هەلەکەی قۆزتەوەو دەوڵەتی فارسی لەجێی دەوڵەتی کورد دامەزرانو کەوتە قەلاچۆکردنی کوردو ڕاوینان بۆشاخەکان. کەچی کەسانێکی وەك سەلاهەدینی ئەیوبیو کەریمخانی زەندو ئەبو موسلیمو بەکر سدقی نەیانتوانی ئەوهەلە زێڕینانەی دەستیانکەوت بیانقۆزنەوە بۆبەرژەوەندی نەتەوەکەیانو دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئێستا کەسنازانێ نەوەکانی سەلاهەدینو لەشکرە کوردیە زۆرو بەهێزەکەی چییان بەسەرهاتو چۆن توانەوە!؟ کەچی تورك بەخەلافەتو فارس بەشیئەگەرێتی قەوارەی خۆیان پاراست.

ئەگەر هوشیاریی نەتەوەیی کورد لەئاستی پێویستا بوایە، میرنشینە کوردییەکان یەکیانئەگرتو دەوڵەتی ئوسمانی نەیئەتوانی بیانڕوخێنێ، دەوڵەتی ئوسمانی، ئەو دەوڵەتەنەبو کە مهەمەد ئەلی پاشای والی میسر لێیراپەڕیو سەربەخۆیی بۆمیسر دابینکرد؟ ئایا (بەنی بۆیە)ی فارس دەستینەگرت بەسەر دەوڵەتی ئەبباسیاو بەخواستی خۆی نەکەوتە یاریکردن بەئەمیری موئمنین لەساڵی (**945**)ەوە؟ ئایا یۆنانو سربیا ساڵی (**1830**) لەدەوڵەتی ئوسمانی جیانەبونەوە؟ دو مەلای وەك مەلا ئیدریسی بەتلیسیو مەلای خەتێ چیبون ئەو هەمو میرنشینە کوردیانە بەگورگان خواردوبدەن!؟

وەك مێژونوس سدیق دەمەلۆجی لەکتێبەکەیا (اماره بهدینان الکردیه لاپەڕە 49) ئەڵێ: (ئەگەر مهەمەد ئەلی پاشای میسر یەکێتی میرنشینە کوردیەکانی ببینیایە، لاپەڕەیەکیتر لەمێژوا ئەکرایەوە).

لەراستیشا مهەمەد ئەلی پاشا ئەیویست یارمەتی میرنشینەکانی ئەو سەردەمەی کوردبدا بۆجیابونەوە لەدەوڵەتی ئوسمانیو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، چونکە ئەو خۆیشی کوردبو، بەڵام کەئەیبینی ئەومیرنشینانە نەك هەر یەکگرتونین، بەڵکو لەیەکیش ئەدەن، ئیتر وازی لەوکارەهێنا!

بەداخەوە تائێستا کورد کەمتر لەمەسەلەی بەرژەوەنیی نەتەوەیی خۆی گەیشتوە. زیاتر خەریکی پاراستنی بەرژەوەندیی گەلانیتربوە. هەمیشە کوڕی خۆی کردۆتە قوربانی کچی دراوسێکانی، هەر لەبەربورەو بێ دیاریکردنو دابینکردنی مافێ بۆخۆی، خۆی کردۆتە برای هاوپشتی داگیرکەرەکانی، لەوەش خراپتر دڵی دوژمنی دوژمنەکانی لەخۆی ئێشانوەو هیچ پەندێکی لەوە وەرنەگرتوە کەدوژمنی دوژمن دۆستە، یا ئەشێ بکری بەدۆست، بۆنمونە لەسەر تورك دڵی یۆنانمان لەخۆمان ئێشانوە، لەسەر ئەرەب دڵی جولەکەو هەمو دنیای گاورستانمان لەخۆمان رەنجانوە، ئێستاش نەتەوەی کورد باجی سەلاهەدینی ئەیوبی ئەدا! تۆ بزانە ئەم کوردە چ دەهۆڵێکی بۆیەکێتی سۆڤێت کوتا بێئەوەی چڵەپوشێکی لەو یا لەمارکسێتی دەسکەوتبێ، بەڵکو زیانی زۆریشی لێکەوتوە لەوەوە کەلینین پشتی ئەتاتورکیگرت دژی بزوتنەوەی رزگاریی کوردو ستالین کوردەکانی یەکێتی سۆڤێتی پەرشوبڵاوکردەوەو زۆربەیانی توانەوەو کۆماری مەهابادیشی بەگورگانخواردودا!

هەر لەبواری وەرگرتنی پەند لەرابوردومانەوە بۆ ئەوەی فێری بەکارهێنانی تەرازوی قازانجو زەرەربین، پێویستە بەرلەوەی بڕیارێك بدەین یا هەڵوێستێك بنوێنین، ئەبێ بچینە بنجوبناوانی دیاردەکانو کێشەکانەوە.

لەم گۆشە نیگایەوەو وەك تێڕوانینێ لەکێشەی نەتەوەییمان، بابڕوانینە خراپەکارییەکانی ئینگلیز بەرامبەر بەکورد، چ لەوەدا کەولایەتی موسڵ، یاراستتر

بلێین باشوری کوردستانی خستە سەر ئیراك، یا لەتێکدانی هکومەتەکەی شێخ مەهمود، یا لەو هەمو بۆردومانانەی فڕۆکەکانی، ئەبینین هەموی لەپێناوی دابینکردنی بەرژەوەنییەکانی خۆیابوە لەچاڵە نەوتەکانی کەرکوك، کەواتە کێشەی کێشەکانی باشوری کوردستان، چاڵە نەوتەکانی کەرکوکە، لەرابردو و ئێستاشا، بۆیە، دوبارەیئەکەمەوە، ئەبوایە لەجیاتی ئەوەی کورد چ کاتی شێخ مەهمودو چ دوای ئەویش، ئەو هەمو شەڕانەی ناو شاخەکانی کوردستانبکا، قورسایی خەباتەکەی بخستایەتە سەر چاڵە نەوتەکانی کەرکوکو بەردەوام بەهەر شێوەیەك بۆی رێکەوتایە، لەو چاڵە نەوتانەی بدایە، یالەو بۆریانەی بدایە کەئەو نەوتە لەکەرکوکەوە کێش ئەکەن، ئەوسا بێگومان ئینگلیزو هاوپەیمانەکانیشی ئەگەیشتنە ئەو ئەنجامەی بەبێ دابینکردنی مافی کورد، ئەو پاروە چەورەیان بۆقووتناچێ.

دورنییە هەر ئینگلیز خۆیشی ئەم دیدوبۆچونەی هەبوبێ، بەبەڵگەی ئەوەی کاتێ ویلایەتی موسڵی خستە سەر ئیراکی ئەرەبی ساڵی **1925**، کۆمەڵێ مەرجی بۆئیراك دانا کە ئەبێ کورد جۆرە هوکمێکی خۆیی (ئۆتۆنۆمی) هەبێ، ئەومەرجانە لەلایەن کۆمەڵی نەتەوەکان (عصبە الامم) یشەوە دوبارەکرایەوە. هەروەها ئیراك بەپێی هەنێ مەرج لەکۆمەڵی نەتەوەکانا وەرگیرا دوای ئەوەی راسپاردەیی (وصایە)ی لەسەر لابرا، ئەومەرجانەش لەبەیانی دەستوری ئیراکیا کە رۆژی **1932/5/30** دەرچو، ئاشکراکراوەو تا ئێستاش کاریگەرێتی ماوە. ئەو مەرجانە بریتین لەوەی ئەبێ ئیراك مافی کەمینەکان بپارێزێو ملْکی تایبەتیش بپارێزێ بەبیرە نەوتەکانی کەرکوکیشەوە کەملْکی کوردەو پێویستە داهاتەکانی بۆگەلی کورد خەرجکرێ. لەسەر ئیراك. پێویستە ئەوپەڕی گرنگی بەوە بداو پێش هەمو یاسایەکی بخا. ئەگەر ئیراك سەرپێچی لەوانەو لەئەرکەکانی سەرشانیکرد، ئەوا ئەبێ کۆمەڵەی نەتەوەکانو دادگای دادی نێودەوڵەتی، ئەوەی پێویستە بیکا بەپێی هەردو مادەی (**10** و **16**)ی جاڕنامەی ئیراکی **1932/5/30**و هەردو مادەی (**36** و **37**) لەیاسای بنچینەیی دادگای دادی نێودەوڵەتی، ئنجا بەپێی بڕیاری **1946/4/18** کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان بەرپرسیارە لەهەمو ئەرکەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان تا ئێستاش.

هەروەك بەڵگەیەکیتریش، چەرچڵ لەوەڵامی بروسکەیەکی سێر برسی کۆکسا کە باری سەرنجی فەیسەڵی پاشای ئیراکی تیا پیشانئەدا کەگوایە فەیسەڵ مەبەستی لەوەی کوردستان بخرێتە سەر ئیراك، ئەوەیە ژمارەی سوننی زیادبکا لەئەنجومەنی تەئسیسیا کە نیازبو لەوکاتەدا دابمەزرێنرێ، چەرچڵ ئەڵێ: (بروسکەی ژمارە **513** ی رۆژی **9/20**تان بەجێیە بەمەرجێ کورد نەخرێتە ژێر دەستی ئەرەبەوە ئەگەر خۆیان پێیان خۆش نەبێ) ئەو بەڵگەنامانە تا ئێستاش ماون لەئەرشیفی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکاناو ئێستا هەموی لەناو ئەنتەرنێتا پارێزراون.

بەڵام کاتێ بەریتانیاو هاوپەیمانەکانیو ئیراکیش زانیان کورد هیچ مەترسییەکی نییە بۆسەر چاڵە نەوتەکانی کەرکوکو بۆریەکانیو ئەوپەڕی کارێك کەبیکەن، تەقوتوقی ناوشاخەکانە، ئیتر هەمو ئەو مەرجو مافانەی کورد پشتگوێخرا.

ئێستاش واجارێکیتر مێژو خۆی ئەگێڕێتەوە، تورك چاوی بڕیوەتەوە نەوتەکەی کەرکوك بەناوی ئەوەوە کە ویلایەتی موسڵ هیخۆیبوەو ئەبێ بدرێتەوە بەو، ئەمریکا وەك کەڵەگای جهان ئەیەوێ دەسبگرێ بەسەر هەمو نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستا بەوەی کەرکوکیشەوە، ئینگلیز بەشوێن رۆژانی زێڕینی لەدەسچویا وێڵە. فەرەنسا شوێن دەفتەری کۆنی قەرز کەوتوەو ئەشیەوێ بەشێکی ئەویش لەسامانی نەوتی ئەم ناوچەیەدا هەبێ. رژێمی ئیراك بەتەمایە ببێتەوە بەئیراکەکەی جارانو وەك بەرزەکی بانان بۆیدەرچێ. ئەوەی لەم ناوەدا بەدەس بەتاڵی ماوەتەوە هەر کوردە کەتا ئێستا چەنجار هەلی سەربەخۆیی بۆڕەخساوەو لەدەستیئەدا!.

## پەرچدانەوەی وتارێ لەکوردستانی نوێدا

ئەم بابەتەش کە وەڵامدانەوەی منە بۆنوسینێك لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا، ئەشێ هەر لەناو یادەکانما جێیبێتەوە، چونکە جیاوازیی بیرکردنەوەی منو هەنێکەس پێشانئەدا لەم سەردەمی ژیانەی منا. ئەوەش بۆنەوەکانی داهاتو و بۆمێژونوسانیش بایەخی خۆیهەیە.

نەمئەویست وتاری کەسێك بەناوی ئاشکرای خۆیەوە بکەم بەماڵ بەسەر رۆژنامەی بەڕێزی کوردستانی نوێوە، بەڵام ئەم رۆژنامەیە، خۆی وتارەکەی کاك مەحمود شێرزاد: (پارادۆکسی چەکو سیاسەتی رزگاریخوازی نەتەوەیی پەکەکەو دەتەپە)ی کردوە بەماڵ بەسەر خۆیەوە، بەبەڵگەی ئەوەی وتارەکەی لەلاپەرەی وێستگەکانی کوردستانی نوێدا بڵاوکردۆتەوەو لەدامێنی وتارەکەشدا نوسیویەتی: (ژووری توێژینەوە)و نوسەرەکەش سەرپەرشتیاری ئەو بەشەی رۆژنامەکەیەو پێدەچێ هەریەکێکیش لەکارمەندانی رۆژنامەکەبێ، بۆیە بەهەمو پێوانەیەك وتارەکە ماڵە بەسەر رۆژنامەکەوەو دەبێتە باری سەرنجی نەك هەر رۆژنامەکە، بەڵکو باری سەرنجی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش کەخاوەنی ئەو رۆژنامەیەیەو لەلاپەرە 24ی ژمارە 5046 رۆژی 2009/12/13 بڵاوکراوەتەوە، هەرچەنە (ی.ن.ك) بەکردەوە هاورانییە لەگەڵ ئەو وتارەداو دەستبەرداری چەکنییە.

وتارەکە وەك بیەوێ رەوایەتییەك بەبڕیارەکەی دادگای یاسایی تورکیابدا بۆداخستنی DTP هۆکاری داخستنەکە دەگێڕێتەوە بۆئەوەی ژێرخانو ئامانجە سیاسییەکانی ئەم پارتە، دژایەتی لەگەڵ بنەما نەتەوەییو سیاسییەکانی هکومەتی تورکیادا هەیەو خۆیشی بەباڵی سیاسی PKK دەزانێ! دوای ئەوە خەباتی چەکداریی کورد دەداتە بەر تانەوتەشەر لەم رستانەدا:

1-نەتەوە داگیرکراوەکان بەکەڵکوەرگرتن لەمیتۆدی چەکداری، جگەلەوەی دۆخەکە ئاڵۆزتردەکەن، ناتوانن بەدەرئەنجامە بەتایبەت دیموکراتییەکانیان بگەن.

2-خەباتی چەکداری بکوژی سەرەکی مەشروعیەتە.

3-کێشەی کورد لەهیچکام لەپارچەکانی کوردستان بەچەك چارەسەرنەبووەو نابێ.

4-دامەزرانی پەکەکە لەسەر بنەمای ئەقڵیەتی چەکداری هەڵەیەکی گەورەیە.

5-پەکەکە بەتەواوی واز لەخەباتی چەکداری بێنێو بێتەوە ناوشار.

**6-هەموو جەنگێك ئەگەر بەجەنگ وەڵامبدرێتەوە جەنگێکی گەورەتر بەرهەمدێ.**

**ئەم پەندو ئامۆژگارییانە، ئەگەر بۆوڵاتێکی وەك سویسرا بوایە، ئەمانوت رەنگە راستگۆیەتیەکیان تێابێ، بەڵام بۆ هەرکام لەو وڵاتانەی پارچەیەکی کوردستانیان بندەست کردوە، جگەلەگەیاننی زیان، بەمەبەست یا بێ مەبەست، بەدۆزی کورد چیترنین، ئەوانە واتای خۆبەدەستەوەدان ئەگەیەنن، کورد لەهیچ رۆژو بارێکا لەخۆشی چەك پەنای نەبردۆتە بەرچەك، بەڵکو نەتەوە سەردەستەکان ناچاریانکردوە چەکی بەرگری هەڵگرێ لەپێناوی ماف و بونو مانەوەیا، ئەو داگیرکەرانە وەڵامی کەمترین داوای رەوای کوردیان بەکوشندەترین چەك داوەتەوە، هەنێجار بەبێ هیچ داواکارییەکو بەبێ هیچ بەگژاچونێکیش!.**

**میرنشینییە کوردییەکان هەڵیاننەکوتابوە سەر تورکو فارس، پەرزگەکانی زەردەشتیان بەچەکەوە پەلاماری دەوڵەتی ئەمەوییان نەدابو، کۆماری کوردستان لەمەهاباد لەخودموختاری زیاتری بۆخۆی دیارینەکردبو، قازی مهەمەد بەپەیامی ئاشتییەوە چوە دەرباری شا، سەدو هەشتا هەزار خەڵکی گەرمیان لەهەمو جۆرە چەکێك داماڵراوبون، خەڵکی هەڵەبجە ساروخی زەمین- ئاسمانیان دانەبەستبو. ئەوانە هەمویان بە چ چارەنوسێ گەیشتن؟!**

**سەرزەنشتکردنی دەتەپە بەوەی ئامانجە سیاسییەکانی، دژایەتی لەگەڵ بنەما نەتەوەییو سیاسییەکانی هکومەتی تورکیادا هەیە، قسەیەکی سەیروسەمەرەیە! ئەی ئەگەر ئەو ئامانجانە وەك یەکبن، ئیتر بونی دەتەپە یا هەر پارتێکیتر زیادە نابێ؟ یا وەك پارتە کارتۆنییەکانی سەردەمی بەعس نابێ؟ داخستنی دەتەپە لەبەرئەوەنییە کەخۆی بەباڵی سیاسی پەکەکە ئەزانێ کەئەوەش هەر قسەی دەسەڵاتی تورکو بەکرێگیراوەکانیەتی، بەڵکو لەبەرئەوەیە کەدەتەپە جەماوەرێکی کوردی زۆری لێکۆبوەوەو بوبو بەخاوەنی 21 کورسیی پەرلەمانو 98 شارەوانی، هەروەها بۆئەوەیە کەهیچ بەرامبەر (موخاتەب)ێك نەمێنێ تا چەنوچون لەسەر**

(بەناوکرانەوەکانی) دەسەڵاتا بکا، ئەمە یەکەم پارتی کوردیی بێچەکیشنییە کەدەسەڵاتی تورك دایئەخا، پێشتر هەر پارتێکی سەر بەکورد تۆزێ گۆشتی گرتبێ تورکیا دایخستوە.

ئامانجی نەتەوە داگیرکراوەکان، گەیشتن بەدیموکراتینییە وەك لەو نوسینەدا هاتوە، ئامانج رزگارییە، رزگاریش بەسەربەخۆیی دەستەبەرئەبێ، دیموکراتی لەناو نەتەوە سەردەستەکانی کوردستانا، یان هەر بونی نابێ، یا ئەگەر بوونیشی هەبو ئەوا ئەو دیموکراتییە تەنیا بۆخۆیانئەبێ، وەك ئەوەی تورکیا. هیچ هاوکێشەیەك لەنێوان دیموکراتی نەتەوەی سەردەستو رزگاریی نەتەوەی بندەستانییە، گومانلەوەدانییە کەچەمکو قەبارەی دیموکراتی لەتورکیادا زیاترە لەهی ئێرانو ئیراکو سوریا، ئەی بۆچی چەوسانەوەی کورد، تارادەی قەدەغەکردنی زمانەکەشی، لەتورکیادا زیاترە لەو سێ دەوڵەتەیتر؟ خۆئەگەر ئەوە خەتای چەکەکانی پەکەکەبێ، بەپێی چەمکی وتارەکەی کوردستانی نوێ، ئەوا لەبیستەکانەوە تا هەشتاکانی چەرخی بیستەم، نەپەکەکەو نەهیچ پارتێکی چەکداری کوردی نەبو، ئەی بۆچی کەمترین مافی کورد بەدیموکراتییەکەی تورکیا دەستەبەرنەبو؟ ئێستا لەئیراکی لەڕولاوازا جۆرێدیموکراتی هەیە، ئەی بۆچی بەنیوەی باشوری کوردستان دەوترێ ناوچەی ناکۆکیلەسەر؟ تەنانەت بەمادەی **140** رازینابن کەئەو مادەیە قومارە بەو ناوچانەوەو گەلێکی هۆشیار قومار بەنیشتمانی خۆیەوەناکا، مەگەر دەسەڵاتە ئەقڵانیو دیموکراتیخوازەکەی ئێمە!! راستییەکەی ئەو مادەی سەدوچلە یا هەر جێبەجێناکرێ، یا رۆژێ جێبەجێئەکرێ کە لایەنی بەرامبەر لەهەلێکا دو جۆکەر بێنێو بردنەوەی قومارەکە مسۆگەربکا! ئەوسا ئیتر مەگەر هەر بڵێین: بەدەستی خۆمان چیمانکرد بەخۆمان!

خەباتی چەکداری، بکوژی مەشروعیەتنییە، راستە چەك دیاردەیەکی دڕندانەی مرۆڤەو زیانی گەورە ئەبەخشێ بەمرۆڤایەتی، بەڵام ئەوە تەنیا بۆخەباتی چەکدارینییە، کاتێ مافێ زەوتئەکرێ، بەمافە نەتەوەییەکانیشەوەو هەمو رێگەکانی

شارستانی ئەو مافە ناگێڕێتەوە بۆخاوەنەکەی، چەك ئەو ڕەوایەتییە ئەپارێزێو ئەیگێڕێتەوە، بڕیاری دادگاکان بۆنمونە، بەتەنیا ڕەوایەتی دابینناکەن، دوای ئەو بریارانە، هێزی چەکداری پۆلیس ئەو بڕیارانە جێبەجێئەکا، واتا چەك ڕەوایەتی دەپارێزێ، نەتەوە داگیرکراوو مافخوراوەکانیش کەلەهەمو ڕێگە شارستانییەکان نائومێدئەبن، وەك نەتەوەی کورد، ئەوسا تەنیا چەك ئەمێنێتەوە بۆدابینکردنی مافەکانیان، واتا ئەوسا تەنیا خەباتی چەکداری پارێزەری مەشروعیەتئەبێ، ئا لێرەوە ئەو نوسینەی کوردستانی نوێ کەخەباتی چەکداری بەنەتەوە داگیرکراوو ستەملێکراوەکەمان ڕەوانابینێ، ئەبێتە گومڕاکردن!! دیسان هەرلەم گۆشەنیگایەوە دامەزراننی پەکەکە لەسەر بنەمای ئەقڵیەتی چەکداری، پێویستییەکی نەتەوەییو هەنگاوێکی دروستبوە.

کێشەی کورد کە لەهیچ پارچەیەکی کوردستانا بەچەك چارەسەرنەبوە، هۆکەی نارەوایەتی خەباتی چەکداری نەبوە، بەڵکو هۆکەی ئەوەبوە کەچەکی کورد هاوسانو هاوتانەبوە بەرامبەر چەکی داگیرکەرانی کوردستان، هەروەها تێگەیشتنی پێچەوانە (مەفهومی موخالیف)ی ئەو قسەیە ئەوە ناگەیەنێ کەکێشەکانی کورد بەبێ چەك چارەسەرئەبون، ئەی لەو هەمو ساڵانەی خەباتی بێچەکا بۆچی کێشەکانی کورد چارەسەرنەبون؟ ئنجا خەباتی چەکداریی کورد، ئەگەرچی تا ئەمرۆ هەموکێشەکانی چارەسەرنەکردوە، بەڵام کوردی لەتواننەوەو نەهێشتن ڕزگارکردوە، گەلێ سوودیشی گەیانوە، ئەگەر بزوتنەوە چەکدارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبونایە، بەرگو زمانی کوردی لەوانیش قەدەغەئەکرا، شۆرشەکانی شێخ مەهمودو بەرزانو شۆرشی ئەیلولو نوێ نەبونایە، بەیانی یازدەی ئازارو هوکمەزاتیەکەی بەئس (بەهەمو خەوشەکانییەوە)و هەرێمی نەفرینو قەوارەکەی ئێستای هەرێمی کوردستان بەخەویش نەئەبینران، بزوتنەوە چەکدارەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان، گیانی کردەوە بەبەری کوردی باکوراو لەیەکێتی ئەوروپای گەیان کەلەتورکیادا نەتەوەیەکیتریش هەیەو مافی دەخورێ، ئەویش مافی ئەو نەتەوەیەو مافی مرۆڤی کرد بەمەرج بۆوەرگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپاداو دوایی ئوزاڵەکانو

ئەردۆگانەکانی ناچارکرد دان بەبونی کوردابنێن، بەگشتیش ئەگەر بزوتنەوە چەکدارەکانی کورد نەبونایە، ناوی کورد وەك ناوی ئەکەدییەکان مەگەر تەنیا لەلاپەرەکانی مێژوا ببینرایە!

لەراستیا، لەو رۆژەوە مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی کەوتۆتە سەرپێ، هەرچەك ئامرازی هێزو دەسەلاتبوە، چ بەرامبەر گیانداری درندەکان، چ بەرامبەر یەکدیش، کەسیش نازانێ لەهەگبەی ئایندەدا چیئەبێ، ئەمرۆ کەئەمریکا کەڵەگای دنیایە، لەبەرئەوەنییە ئەمریکاییەکان چاویان شینو قژیان زەردە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کاریگەرترین چەکیان هەیە، نەتەوە سەردەستەکانی کورد، بۆیە تائێستا هەر بەسەردەستەیەتی ماونەتەوە، چونکە چەکەکانیان لەهی کورد کاریگەرترە، ئا لەم گۆشەنیگایەوەیە کەنوسەری ئەم وتارە، لەچەندین نوسینو بۆنەدا داوای خۆپڕچەککردنی هکومەتی هەرێمیکردوە لەسوپایەکی یەکگرتوی پڕمەشقا، جێبەجێکردنی ئەم داخوازییە ئەگەر پێشتر لەتوانادا نەبوبێ، ئێستا دوای میزانیەیەکی دە ملیار دۆلاری کهشان لەشانی میزانییەکانی هەرکام لەسوریەو ئەردەنو لوبنان ئەدا، ئەوەی تیائەبێ. جگەلەوە، خەوبینین بەبەڵێنەکانی ئەمریکاوە، یا گۆڕانیهەڵدان بەبالای دیموکراتیو دەستورو هاوپەیمانیو تەوافوقا، نامانپارێزێ لەو گەردەلولەی نازانین لە چ کاتێکا هەڵئەکا!

بەپێی ئەو نوسینەی کوردستانی نوێ (پەکەکە واز لەچەك بێنێو بێتەوە شار) مەبەست لەکام شارە؟ شارەکانی سویدو نەرویج؟ یا شارەکانی تورکیا؟ رەوانتر، بۆ ژێر چەقۆکانی قەساب!

لەراستیا کێشەکانی کورد لەهەمو پارچەکانی کوردستانا، یەك کێشەیە، ئەویش کێشەی رزگاری لەژێردەستیو کۆیلایەتی. ئەرکی هەر لایەنێکی کوردییە هاوکاریو پشتگیریی لایەنە کوردییەکانیتر بکا، بەئاشکرا یا بەنهێنی، نەك سارکردنەوەو سڕکردنیان، یا تەنیا هەڵوێستی سەیرکەر وەرگرن.، ئەفسەری رووسی P.Awandanow لەکتێبی شەرەکانی نێوان تورکیاو ئێرانو روسیا لەسەدەی

نۆزدەیەما ئەڵێ: (لەشەڕی نێوان ئێمەو هەر تیرەیەکی کوردا، تیرەکانیدی تەماشاچیبون! تا نۆرە ئەگەیشتە سەر ئەوانیش، هیچ بیریان لەوە نەئەکردەوە بەهانای هاوڕەگەزکانیانەوە بچن! هەتا هەنێجار لەرقی یەکدی یارمەتی ئێمەشیان ئەدا!). ئێستا دوای دو سەدە، نوسەرەکەی کوردستانی نوێو لایەنەکەی، نەك هەر خۆیان بەدورئەگرن لەبەهاناچوونەوە، بەڵکو رەخنەی ئەوەش لەپارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەگرن کەهاوسۆزە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان! ئەم هاوسۆزییەش بەپارادوکسی چەکو سیاسەت ئەژمارئەکا! لەکاتێکا چەکو سیاسەت تەواوکەری یەکن نەك دژییەك.

ئەو قسەیە چ فەلسەفەیەکی تێایە کەئەڵێ: (هەمو جەنگێك ئەگەر بەجەنگ وەڵامبدرێتەوە جەنگێکی گەورەتر بەرهەمدێنێ)؟ ئاخۆ ئەبێ وەڵامی جەنگ بەچی بدرێتەوە؟! خۆجەنگ شەپازلە ئاڕاستەکراوەکەی روی ئیسانییە کەئەگەر بەر ئەملای کەوت، ئەولاشی بۆئامادەکاو بەوە ئاو بەئاگرا بکرێ، مرۆڤیش وەك شینە شاهۆ نییە بەرامبەر چەکی راوچی ملی خۆی بکا بەژێر باڵیا، راستە ئەمریکاو لایەنەکانیتر تائێستا دەرئە.نجامە نەرێتییەکانی ئەو جەنگانە ئەدرونەوە کەئەنجامیانداوە، بەڵام ئەی ئەگەر وەڵامی جەنگی ئەڵمانیان بەجەنگ نەدایەتەوە، تائێستاش لەژێر پۆستاڵی نازێتیا نەیانئەناڵان؟ ئەگەر جەنگی ئیراکو ئەفغانیان نەکردایە، چەندین یازدەی سێپتەمبەریدی دوبارەنەئەبونەوە؟

ئەو هەمووو بانگەوازەی لەو وتارەی کوردستانی نوێدا هاتوە بۆئەوەی باڵەکانی کورد دەسبەرداری چەك بن، لەپای چیو خزمەتی کێ ئەکا؟!

ئەگەر چەك بەوجۆرە دەوری نەماوە، ئەی هکومەتەکەی بەغا بۆچی لەماوەی پێنج ساڵی رابردوا هەر لەئەمریکا بایی **3.5**ملیار دۆلار چەکی کڕیوە بۆخۆی؟ ئەی بۆهەولێر بایی چەنی کڕیوە؟ سەدام هسێن لەوتاری (خندق واحد ام خندقان)ا ئەڵێ: (ئەبێ کارێکی وابکەین کورد نەلەباری مادیو نەلەباری مەئنەوییو نەلەئێستاو نەلەپاشەرۆژا دەسەڵاتی ئەوەینەبێ لەئیراك جیابێتەوە) واتا رزگاری نەبێو نەبێتە

خاوەنی دەوڵەتی خۆی، ئایا وتارەکەی سەدامو وتارەکەی کوردستانی نوێ یەك ئامانج ناپێکن؟ ئەمەیە ئەو کاریگەرترینو دروستترینو ئەقلانیترین شێوازو کەرەستەی خەباتەی ژوری توێژینەوەی کوردستانی نوێ کەلەکۆتایی وتارەکەدا فێرمان ئەکا؟ ئاخۆ ئەگەر نوسەری ئەو وتارە داوای چەك داماڵین لەئەنکەرەش بکا، وەڵامی ئەنکەرە چی ئەبێ!؟

جگەلەوانە، ئەمشێوازی نوسینە سەیرەی ئەم رۆژانە چییە کەخەریکە ئەبێ بەباو، بەوەی چەندین وشەو زاراوەی بیانی نامۆ تێکەڵ بەنوسینی کوردی ئەکەن وەك: (پارادوکس، دیسکورس، میتۆد) کەلەو وتارەدا بەکارهاتون؟ من ناڵێم زمانی کوردی ئەوەنە دەوڵەمەنە کەپێویستی بە وشەو زاراوەی بیانی نەبێ، بەڵام شتێکە بەکوردی هەبێ، بۆچی پەنا بۆبیانی ببرێو خوێنەرەوەی کوردی پێ وەڕەس بکرێ؟

بەرامبەر بەهەریەك لەو سێ وشەیە، دویا سێ یا چوار وشەی کوردی ئاسانو رەوانمان هەیە وەك:

دیسکورس : **Discourse** وتار، وانە، پەیام.

پارادوکس : **Paradox** نەگونجاو، دژیەك، ناکۆك

میتۆد : **Method** بەرنامە، شێواز، رێگە، رێسا

کە ئەتوانرێ بەپێی جێگەو مەبەست، هەریەکەو لەشوێنێکا بەکاربهێنرێ، نازانم نوسەرانی ئەم شێوازە ئەیانەوێ وا خۆیان پیشانبەن کەلەئینگلیزیا دەستێکی باڵایانهەیە؟ یاهەر بەڕاستی لەکوردیا دەستیان کورتە؟ **2010/1/20**

## بەگژاچونەوەی گەندەڵی

**هەندێ وردە بابەتیش ئەخەمە ناو ئەم پەرتوکەوە کەبەشێکن لە یادەکانم، یەکەم گروپبوین چوینەوە بەگژ گەندەڵیو شەڕی ناوخۆدا.**

## **لیژنەی کۆششی نەتەوەیی**

**لەلاپەڕە 86ی پەرتوکی کوردایەتی بیرو بزاڤا، ڕاگەیاندنێکی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی، وەك بیرەوەرییەکی من، بایەخی مێژویی خۆی هەیەو شیاوی وەبیرخستنەوەیە لێرەدا. گرنگیی ئەم ڕاگەیاندنە لەوەدایە کەئێمە 24 ساڵ لەمەوبەر، بەئەوپەڕی بوێرییەوە، چوینەتەوە بەگژ شەڕی ناوخۆو گەندەڵیدا کەخۆی لەپارتیو یەکێتیدا ئەنوان. لەو ڕاگەیاندنەدا بەجۆرێ پەردەمان لەسەر خراپییەکانی ئەو دو پارتییە هەڵداوەتەوە کە ئێستەش هەمو کەس ناوێرێ بەو جۆرە خاڵبخاتە سەر پیتەکان:**

**ڕۆژێك لەڕۆژەکانی سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی 1995، لەئەنجامی نامەیەکی کراوەی لیژنەکەمان، لیژنەی کۆششی نەتەوەیی، بەبەرواری 1994/12/26 ئاڕاستەی سەرکردایەتی دو لایەنەکەمان کرد، بەتەلەفۆن بانگ کراین بۆ ناو خانوویەك لەسەر شەقامی سالم ـ بەرامبەر مەڵبەندی سلێمانیی یەکێتی، وتیان گوایە کاك نەوشیروان ئەیەوێ قسەتان لەگەڵ بکا، کە چوین ناوبراوی لێینەبو، بەڵکو لەلایەن چەند کەسێکەوە ئابلۆقە دراین، ئنجا کەسێك بەناوی ئەبدولرزاق فەیلییەوە کەوتە گرمەگرمو هەڕەشەو سوکایەتی کردن.**

**سەرەتا رویکردە رەفیق قەزازو پێیوت: تۆ کێیت؟ تۆ ئەوە نیت کەئەمنە سورەکەت دروستکرد؟**

**لەوەڵاما قەزاز وتی: من وەك بەڵێندەرێك ئەو بینایەم دروستکردوە، بەڵام من هەرگیز لەژیانما جاشێتیم نەکردوە!**

**ئنجا رویکردە دوکتۆر نیهاد فازیلو پێیوت: ئەی تۆ کێیت؟ تۆ برای ئەو کەسەنیت کە لەبارەگای تورکمانەکان کار ئەکات؟ ئێوە کەس نازانێ کوردن یا تورکمان! لەوەڵاما دوکتۆر وتی: براکەی من کاسبە، چێشتخانەی ئەو جێگەیەی بەقونتەرات وەرگرتوە، ئێمە کوردین. من چەند سالێ پێشمەرگە بوم، نازانم تۆ ئەو کاتە لەکوێبوی!؟**

دوای ئەوە زۆر بەقینەوە رویکردە من، بێئەوەی هیچ قسەیەك بكات، تەنیا سەرێکی لێ بادامو دەستێکی لێڕاوەشانم!! لێرەدا جەمال شاڵی راپەڕیو نەڕانی بەسەریاو پێیوت: ئەی تۆ کێیت؟ تۆ ئەزانی ئێمە کێین؟ من کاتێ ئەندامی لیژنەی مەرکەزیبوم، تۆ کەس نەیئەزانی کێیتو بۆی هەستا، برادەران هێوریان کردەوە، دوای ئەوە وشیار بابان رویتێکردو وتی: من نازانم ئێوە کێن؟ ئێوە ئەمنن یا پۆلیسن یا چین!؟ لەولاوە جلالی سام ئاغا رویتێکردو وتی ئێمە بۆ لای کاك نەوشیروات هاتوین، بمانزانیایە وا نیە هەر نەئەهاتین، ئنجا لەوەلآمی قسەیەکیدا کە وتی ئێمە دوانتان بەچاکی ئەنرخێنین: کاك جلالو کاك هوشیار، کاك جەلال وتی: من بەرتیلی قسە قبوڵناکەم، ئێمە هەمو یەکین، ئێمە بەسیفەتی میوان هاتوین هەزئەکەم ئەگەر کۆبونەوەی دوەممان هەبێ، بێیت بۆلامان بۆئەوەی فێری ئوسوڵی میوانداریت بکەینو وتی من ئەمە ئەگەیەنم بەکاك نەوشیروان.

گەلێ قسەیتری پێوت، جارێکیتر جەمال شاڵی نەڕانیەوەبەسەریا.رەزاقژورەکەی بەجێهێشت،کەسێکیترهاتو کەوتە هێورکردنەوەمان. دوای نزیکەی دە دەقیقەیەك رەزاق گەڕایەوە، من پێموت: ئێمە نازانین تۆ لەسەرچی ئەمە ئەکەی؟ ئەگەر لەسەر نامەکەمانە، ئێوە رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنتان هەیە، ئەتوانن وەلآممان بدەنەوە، کاك جەلال کەوتەوە سەرزەنشت کردنی. رەزاق هاتە بەردەمیو داوای لێبوردنی لێکردینو سەری دانەوانو وتی ئەمە پشتی من ئەوە (.......)ی ئێوە، بەلآم پۆزشکەی لێ قبوڵ نەکراو بێ خواحافیزی چوینە دەرێ.

ئنجا پیاو قسەیەکی هەقیش بۆئەوان بکا، نامەکەی ئێمە ئەوەنە توندوتیژ بو کە هەر ئەو دولایەنە بون قبوڵیان کرد، ئێمەش تەنیا لەدڵسۆزیمانەوەبو، پێشەکیش چاوەڕوانیهەمو کاردانەوەیەکمان ئەکرد لەدژمان.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

نامەیەکی کراوە لەلیژنەی کۆششی نەتەوەیىیەوە

بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) و جەماوەری گەل

وا جارێکیتر خوێنی کورد بەدەستی کوردکوژە کوردەکان رژێنرایەوە.

رێکەوتنامە ستراتیجیەکانتان کە دواهەمینیان رێکەوتنامەی 1994/11/21 بو و ئەبوایە تا کۆتایی ئەم چەرخە بڕیبکردایە، لەدوای یەك مانگ پێشێلکرا.

ئێستاش ئەشێ بپرسین کێ خەتابارە؟ بەهەمو پێوانەیەك خەتابار ژمارەیەك لەئێوەی سەرکردەکانی ئەو دوهیزبەن کە دەستتان گرتوە بەسەر:

1- بەرهەمی راپەڕینەکەی جەماوەری کوردستانا.

2- پارەی بانقەکانو ئامێرو کەلوپەلو کەرەسەی فەرمانگەکانو گومرکی کوردستاندا.

3-بەسەر ماڵو موڵکی خەڵکیا بەبیانوی ئەوەی سەر بە ئەملا یا ئەولان، یا بەناوی پیتاکەوە.

4- کۆنەجاشو موستەشارو بەعسیوئەمنو موخابەراتەکانی رژێم، لەنێو خۆتانا بەش ئەکەن.

5- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانتان تەزویرکردو رێژەی 7٪ پیلانێکبو دژی هیزبەکانیتر.

6- بازرگانی بەخوێنی شەهیدانەوە ئەکەنو لەدوای راپەڕینەوەپێشبڕکێ ئەکەن لەسەر ئەوەی زیاترین رۆڵەی کورد بکوژن یا بەکوشت بدەن.

7- دیموکراتیەتوئازادیو مافی مرۆڤو حوکمی یاسا پێشێل ئەکەنوهەوڵ ئەدەن لەرێگەی هێزو پیلانو تەزویرو چەواشە کردنو ویژدان کڕینەوە دەست بەسەر دەسەڵاتی هوکمدا بگرن.

8- گوللەتان بە P.K.K و بزوتنەوەی ئیسلامیوهیزبی شیوئیەوە ناو بەربەستێکن لەبەردەم پەرەسەندنی هێزە سیاسیەکانیترداو رێگرێکن لەبەردەم کەسانی شارەزاو بەتوانادا بۆبەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

9- فەرمانگەکانتان کردوە بەتەمەڵخانەی لایەنگرەکانتان بێ رەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتیومیلاکو پێویستی.

10- گوێ لەڕاو تەگبیرو هاناو هاواری کەسانی دڵسۆزی ئەم نەتەوەیە ناگرنو لەبەردەم هێمایەکی بێگانەدا ملکەچو دەستەوستانن.

11- یاری بەبازارو بەدراوو بەدۆلارو بەئابوری وڵآت ئەکەن.

12- ناوچە رزگارنەکراوەکانی کوردستانتان لەیاد کردووە.

13- پەنا ئەبەنە بەر تۆقاندنوکوشتنوگرتنو ئازاردان لەسەر بیروباوەڕ.

14- بونەتە هۆی نائارامیو لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی، ئەوەش وای کردووە خاوەن تواناکان کوردستان بەجێبێڵن.

15- گرنگی بەپرۆژەی ئابوریو گەشەسەندن نادەنو بیر لەگوزەرانی خەڵکیو دادی کۆمەلآیەتیو نەهێشتنی برسێتی هەژارانوفەرمانبەرانو خانەنشینان ناکەنەوە.

16- لەکاتێکا کە نەخۆشخانەکان بێدەرمانن بێ کەرەسەو بێ ئامێرن، بەبێهساب پارەی ئەم میللەتە ئەدەن بەچەکو کوردی پێ ئەکوژن.

ئێوەی سەرکردایەتی ئەو دوهیزبە کە ژمارەیەکتان بەخوێنی ئەم میللەتە بونەتە سەرمایەداری گەورەو پەساپۆرتی هەلآتن لەگیرفانتانایەو خێزانو منداڵتان لەئارامی رابواردنی هەندەرانن.. یا هەر لەسەرەتاوە رێکەوتننامەکانتان بەڕاست نیەو بۆچاوبەستو چاوەڕوانکردنی هەلێکی لەبارترە بۆ شەڕێکیتر، یا بەهۆی لەزمەو خاڵە لاوازەکانتانەوە دەسەلآتتان بەسەر کورد کوژەو هەلپەرست جەردەو ئاودیوکەرو پیاوانی رژێمو پیاوانی بێگانەی ناو هیزبەکانتان نیە، بۆیە بەناوی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانەوە داواتان لێئەکەین کە چیتر یاریی بەچارەنوسی ئەم میللەتە نەکەنو ئەم تاقیکردنەوەیەی باشوری کوردستانیش لەدەست نەدەن.

داواش لەبەڕێزانسەرۆکو سکرتێری گشتی ئەو دوهیزبەو تێکۆشەرانو دڵسۆزانی ناو ریزەکانیان ئەکەین کە لەم قۆناغە ناسکەی کوردستانا بەرژەوەندیی تەسکی هیزبایەتی بەلاوەنێنو کوردایەتی پێش هیزبایەتی بخەنو بەدەستێکی پۆڵایین ریزەکانی هیزبەکانیان لەشەڕخوازو پیاوخراپ پاك بکەنەوەو بۆبنەبڕکردنی شەڕیبراکوژیو چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم ئەم خاڵآنە جێبەجێبکەن:

1-راگرتنو قەدەغەکردنی هەمو شەڕێکی براکوژی.

2- بەشداریکردنی کەسی یەکەمی ئەو دوهیزبە لەدەستەڵآتەکانی هکومەتی هەرێمدا.

3- کۆتایی هێنان بەدیاردەی پەنجا بەپەنجاو سپاردنی کار بەکارامەو داوێن پاك.

4- هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای هەموهیزبەکانو دروستکردنی سوپای کوردستان لەڕێگەی تەجنیدی زۆرەملێوەو سپاردنی چەکی هیزبەکان بەو سوپایە.

5-جێبەجێکردنی یاسای هیزبەکانو یاسای چەك.

6- تەرخانکردنی 90٪ی گومرگوباجو داهاتە گشتی‌یەکانو دەستکەوتەکان بۆحکومەتی هەرێمو 10٪ی بۆهیزبەکان.

7- پێکهێنانی وەزارەتێکی هەمەلایەن لەگەڵحیزبەکانیتری ناو کوردستان.

8- یەکخستنی رێکخراوە جەماوەرییەکانی

خوێندکارانوقوتابیانولاوانوئافرەتانوژنانو..هتد، هەریەکەو لەتەنیا یەك رێکخراودا.

9-سپاردنی هەمو ئیزگەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن بەوەزارەتی رۆشنبیری.

10- ئەنجامدانی ئاماری گشتی پێش هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانو هەڵبژاردنی داهاتوو لەسەر شێوازی دائری بێت نەك رێژەیی.

بەباوەری ئێمە ئەو هەنگاوانە لەمرۆدا چارەسەری کێشەکان ئەکەن. چونکە ئەگەر گومرگ درایە هکومەت ئەوسا شەڕ لەسەر چی ئەکەن؟ ئەگەر میلیشیا نەما ئەوسا بەکێ شەرئەکەن؟ ئەگەر چەك داماڵرا ئەوسا بەچی شەڕئەکەن؟ ئەگەر

هکومەتێکی هەمەلایەنی بەهێز دروستبو ئەوسا هوکمی یاسا ئەچەسپێو رێگە لەیاسا لادەران ئەگیرێ.

جا ئەگەر برادەرانی سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی گوێ بەم چارەسەرییانە نەدەن، ئەوا چوار رێگەیان ئەکەوێتە بەردەم: یا واز بێننو هەلێك بڕەخسێنن بۆدوای خۆیان، یا بەردەوامبن لەسەر شەڕو بەیەکدادان لەشارەکان دورخەنەوە تا لایەکیان لاکەیتر تەواو ئەکا، یا ببن بەیەك لەیەك حیزبدا، یا چاوەڕوانی غەزەبی جەماوەربن بەراپەڕینێکیترو هاتنە سەرجادەو مانگرتن.

هیوادارین نامەکەمان راستیەکانی خستبێتە ڕو، چاوەڕوانی وەڵامین

لەگەڵ رێزمان.

کامیل ژیر، رفیق تۆفیق قزاز، شێخ سالار حفید، خالد محمد خاڵ، جلال سام ئاغا،د. نهاد فازیل، هوشیار بابان، جەمال شاڵی

لیژنەی کۆششی نەتەوەیی – 1994/12/26

ئەم راگەیاندنەمان لەرۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ژمارە **2694** رۆژی **1995/1/22** ل**4**و لەنامیلکەی پەرلەمانی شەهید ل**283ـ285** بلآوکرایەوە، خەڵکیش سەدان وێنەیان لەبەرگرتەوەو لەناوەوەو دەرەوەی وڵات بلآویان کردەوە.

من کەڕەشنوسی ئەم راگەیاندنەم نوسی، گومانیئەوەم هەبو لیژنەکەمان هەمویان پەسنیبکەن. بەڵام لەدانیشتنێکی لیژنەکەمانا لەژوری بازرگانی سلێمانی، بۆمخوێننەوە، هەمویان دەسخۆشییان لێکردمو پەسنیانکرد. پێشموتن دورنیە کاردانەوەی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە تاڕادەی گرتنو کوشتنمان. هەمویان بەیەکدەنگ وتیان: لێیان ناترسینو چیئەکەن بابیکەن.

## سیاسەتی گایانە

**سەبارەت بەگژاچونەوەی گەندەڵی، بۆ پەندوەرگرتن. چونکە زۆرجار لەمێژوی کوردا دوبارە بونەتەوەو ئەبنەوە! زوربەشیان لەکاتی خۆیاندا بڵاومکردونەتەوە. بابەتی یەکەم بە ناونیشانی سیاسەتی گایانەیە:**

ناکۆکیی هیزبە کوردییەکانو پەنابردنیان بۆگورگە داگێرکەرەکانی کوردستان، لەسیاسەتی گایانە بەولاوە چیترنیە!.

ئەشێ ئەمە سەرگورشتەیەکی میللیبێ. هەرچۆنێبێ، نابێ ئیمە وابزانین کەجۆرێ ئاژەل، هەرلەبەرئەوەی ناوی (گا)یە، ئیتر مێشك لەکەللەیا نیەو هیچ لەسیاسەت نازانێ. نەخێر، گاش ئەلفو بێیەکی سیاسەت ئەزانێ، باپێشی بوترێ سیاسەتی گایانە، یابوترێ فەلسەفەی سیاسەتەکەی تەنیا لەئابوریی ورگا چڕبۆتەوە. خۆهەر گا وانیە، مرۆڤگەلێکی زۆریش هەن کەهەمو دیاردەکانو زۆرانبازییەکانی ژیان ئەبەستنەوە بەناکۆکی چینایەتییەوە کەلەئەنجاما فەلسەفەی ئەم جۆرە بیرۆکانەش هەر بەلای ئابوریی ورگا ئەشکێتەوە! ئنجا نابێ واشبزانین گا ئاژەلێکی دەستەپاچەیە. راستە ناتوانێ گوڵەگەنمێك وەبەربێنێ، بەڵام ئەتوانێ گێرەشێوێنی لەبێستانێکدا بکا. یائەگەر بەلەسەببێ، گەلێ زیانی لێبکەوێتەوە. ئەوە سەرباری هاربونەکەی گای ئسپانی!

لەبارەی رەنگەوە، گا چەنجۆرێ رەنگی هەیە: رەش، دێز، بەڵەك، زەرد، سەوز، بەڵام سەوزی قەرسیلی نا. سەوزێکی مەیلەو زەرد کەئەکرێ (بۆز) یشی پێبوترێ. ئەم گا بۆزەش لەپیتاندنی گای دێزو گای زەردەوە پەیا ئەبێ، بۆیە کرۆمۆسۆمی دێزگەرایی زۆرەو ئەمیش وەك کەری دێز تۆپێنی خۆیو مردنی خاوەنەکەی، یاهاورەگەزەکەی خۆی ئەوێ.

لەتەویلەیەکا، گایەکی زەردو گایەکی بۆر، هەنێجار بەئاشتیو هەنێجار بەشەر، لرفیان لەئالیکێکی زۆری ناوتەویلەکەئەدا. بەلام لەبێبەختیاندا، گایەکی رەشیان لێپەیابو کەهەم بەشێلەتەویلەکەی لیداگیرکردن، هەم بو بەهاوبەشی ئالیکەکەیان.

بۆڕەی ئەم گارەشە بەجۆرێبو کەدراوسیکانیشی هەراسانکردبو. خۆیشی ئەوەنە زلەو بەهێزبو کەبە هەردوکیان لەوێزەی نەئەهاتن، تەنانەت گورگیش بەتەنیا پێینەئەوێرا، بۆیە زەردەو بۆزە، بەپێی ریکەوتنامەیەکی ستراتیجی، ناکۆکییەکانیان وەلاوەناو کلکیان لەگەل گورگە بۆرێکا گرێدا. ئیتر وەك ئەوترێ: شیوەنی لایەنێ بۆلایەنێکیتر شایيە، گورگە بۆر لەدرزی ئەو ناکۆکیانەوە هەلی زیرینی بۆخواردنی هەرسێکیان دەسکەوت، بەلام بەپای پیلانو بەسیاسەتێکی گورگانە، نەك گایانە.

گورگە بۆر پێیوتن: ئێوە ئەملاوئەولای ئەو گارەشە چارەگرانە شەرەنگێزەم بۆبگرنو جوڵەی لێببرن، ئەگەر بۆشتانکرا ئابلۆقەی ئابوریی لەسەر دابنێن تاتەواو برسییئەبێ، ئەوسا من لەدواوە ورگی ئەدڕمو ئیتر سەروەریی تەویلەکە ئەگەڕێتەوە بۆئێوە.

هەروایانکردو گارەشیان لەکۆڵبووەوە. بەلام خۆپەرستیو چاوچنۆکی، رێکەوتنامە ستراتیجییەکەیانی هەڵوەشانەوەو سیاسەتی گایانە هەریەکەیانی بەجۆرێکرد بەئەڵقەلەگوێی گورگەبۆر. پلانی دوەمی گورگە بۆریش ئەوبو کەبەهاوکاریی گابۆز، گازەرد لەناوبەرێو سەروەریی تەویلەکە بەتەنیا بۆگابۆز بمێنێتەوە. لەسەر ئەم پلانە، رێکەوتنو گابۆز بەوە دڵی خۆیئەدایەوە کەلەسیاسەتی گایانەدا، هاورەگەزیی هەمیشەییینیە، بەلکو بەرژەوەنیی هەمیشەییهەیە. بەوجۆرە گازەردیش فت. ئیتر کەبۆ جاری سێیەم گورگەبۆر خۆیکردەوە بەتەویلەکەدا، گابۆز قەڵەمی ئەژنۆی شکاو بەبێ هیچ بەرگرییەك ئەمیش بوبەقوربانی سیاسەتی گایانە. **2009/1/19**

## <u>لەسێبەری هیزبەکانا ئاوا هەڵبژاردن ئەکرێ!</u>

نەکامیرەیشاردراوە، نەچیرۆکیکی کۆمیدی، نەنوکتەیەکی ئاساییبو. کەچی تەماشاکەرەکەری تەلەفیزیۆنەکە دایە پرمەی پێکەنین.

- ئەوە بەچی دەخەنیت ؟

+ بە بێژەرەکە.

- لۆ ؟

+ ئەلێ هەردو دەسەلاتدارەکە بەڕێکەوتن {توافق } پێکهاتن کەسەرۆکی یەکێتی نووسەران بۆئەمیانو جێگرەکەی بۆئەویان.

- لەپای چی ؟

+ لەپای ئەوەی پێشتر سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنوسان بۆئەویانو جێگرەکەی بۆئەمیانبوە.

- کودەبیتن ؟ لۆ نوسەرانو رۆژنامەنوسان، رۆبۆت، یارانەمەڕن؟ کو قبوریانکرد؟

+ نابێ رۆبۆتو رانەمەڕبن. خۆ نەکارگەی دەسەڵات دروستیکردون، نەلەچاخەکانی کۆیلایەتیو سەردەمی سولتانەکانا ئەژین.

- ئەدی کو؟ ئەی ئەنجام ؟

+ ئەنجام کەوتنە ناو تەڵەی لیستی داخراوەوە. ئەندامەکانیشیان وەك رۆبۆتەمرۆڤو مەڕەگێژە لەنێوخۆیانا دابەشکردو بڕۆو بەخێرهاتی. **2010/7/20**

## <u>سەرژمێری</u>

**+ئەم گەمەیە نەکردنی باشترە لەکردنی.**

- بۆ؟

چونکە سەرژمیری لەژێر دەسەلاتیکی گەندەلا ئەنجامەکەشی هەر گەندەلئەبێ.

- کام دەسەلات؟

+ هەموو دەسەلاتە گەندەلەکانی ئەمسەر تا ئەوسەری ئیراکە فیدرالییە نافیدرالییە دیموکراتییەنادیموکراتییەکە.

- ئاخر سەرژمیری گیراوەیەکە بۆچاکردنەوەی سەری کەچەڵو گەندەڵ .

بەمەرجێ ئەو سەرە دانەڕزابێو بۆگەنی نەکردبێ.

- بەڵگە ؟

+ فەرمو خۆت بۆنی بنی پییان بکە.

- بنی پێ!؟ ماسی لەسەرەوە بۆگەنئەکا!

+ ئەزانم. تۆ بزانە بۆگەنەکە نەکەیشتۆتە بنی پێشیان ؟

- پففففف. کاسبووم! لەگەلئەوەشارونکردنەوەووەلامێزیاترمئەوێ .

+ زۆرباشە. ئەم سەرژمیرییە ئەگەر بکرێ :

کاتێئەکرێ کەگزییەکانی ئەرەب بەسەر دەسەلاتی نوستوی کوردا تیپەڕێ.یا وەك هاورێ باخەوان لە وتاریکیا ئەلێ - دواخستنی سەرژمیری پیلانە، ئەرەب بەشیوەیەکی سیستماتیك هەولی زورتر بەئەرەبکردنی ناوچە دابراوەکان ئەدا {واتا تائەبن بەزورینە } دەسەلاتی کوردیش هیچ خەمێکی بەم پیلانە نیە - یا ئەشێ کاتێ ئەو سەرژمیرییە بکرێ کەدەسەلاتە شەقو شڕەکەی بەغا ببوژێتەوەو وەك مارەکەی شیخ هومەر لەگەردنمان بئالێو نەك هەر ناوچە دابراوەکان نەداتەوە، بەلکو ئەنفالیکیتریشمان بکا. ئنجا گریمان لەهەندێ لەو ناوچانەدا کوردەکە زورینە دەرچو، ئەوسا، بەر لەراپرسیەکەی مادە کلۆڵەکەی 140 هەلمەتیکی دڕندانەی بەئەرەبکردنیتر دەسپیئەکاتەوە وەك ئەوەی دواى سەرژمیرییەکەی 1957.

ئەم سەرژمیرییە ئەگەر نەکرێ :

جارێ گۆمەکە ناشلەقێ، ئەشێ خواو هیمەتی مشایەخان غیرەت بدەنە بەر دەسەلاتی کوردیو بۆماوەیەك بەسامانە زورە تالانکراوەکانی کوردە رەشوروتەکە ئەمانیش زەویو خانوبەرەکانی ئەرەبە هاوردەکان بکرنەوەو رەوانەی زێدی خۆیانیان بکەنەوەو کوردە ئاوارەکان بخەنەوە لانەی باووباپیریان. یا وەك پشکۆ ئەمین لە وتاریکیا پیشنیار ئەکا : خومان لە هەریمولەوناوچانەشابەسەرپەرشتی UN سەرژمیریی خومان بکەینو دوژمنی ناحەزیش لەداخا با یەخەی خۆی دادڕێ.

- ئەیچۆن رەوایەتی بدەین بەو سەرژمیرییە تا UN و خاوەن بریارە نێودەولەتیەکان بەدەنگمانەوە بێن ؟

+ بەبریاریکی هاوبەشی پەرلەمانی هەلبژێردراوی هەریمو ئەنجومەنی هەلبژێردراوی کەرکوکوشاروچکە کوردییە دابراوەکانیکەو بۆنی خۆشی دەریانەوتەکەی ژێر خاکی کوردستان !

- ئەگەر ئەم خەونانە نەهاتنەدیو کەرکوکیشمان لەدەسچو ؟

+ ئەوسا ئەرکی کوردە بەهەمو تویژو جورو باوەرەکانیەوە نەیەلن روژئاواو مۆژئاوا بەئارامیو بەئاسانی نەوتی کوردیان بوبگاتە دەریای ناوەراست . جابزانە ئەوسا چۆن ملئەدەن بۆداخوازییەکانمان . پروژەیەکی لەوجورەش قوربانییەکی زورکەمتری ئەوێ وەك لەفشەمافیکی وەك ئوتونومی 2010/10/19

<u>**وێنەیەکی گاڵتەجاڕیی ئەم سەردەمە بۆمێژو**</u>

+مژدە مژدە

- بۆ کێ ؟

+ بۆهەمو گەنجێکی گیرفانچۆڵ . بۆهەمو پیرێکی بێداهات . بۆهەمو ژنێکی ماڵ . بۆهەمو کەسێکی بێخانو . بۆهەمو نەخۆشێکی بێدەرامەت . بۆهەمو ئافرەتێکی تەلاقدراو. بۆهەمو نانبڕاوان. بۆدانەمەزراوانی دەرچوی کولێجەکان. بۆهەمو ئەوانەی لەهەندەرانەوە ئاودیوی کوردستان ئەکرێنەوە و...هتد

- لەکوێ ؟

+ لە قەڵەمڕەوی حکومەتی هەریمی سلیمانی .

- تۆ لەسێبەری چ ئەشکەوتێکا نوستوی !؟ ئەوەنەما ، ئێستا هەردو قەڵەمڕەوەکەی سلیمانیو هەولیر یەکیانگرتوتەوەو پێیئەوترێ هکومەتی هەریمی

کوردستان. تۆش مەبەبەوانەی ئەلێن تا ئاسایشو پیشمەرگە یەکنەگرنەوە .. جا ئەو دو دەزگایەچیە لەچاو ئەو هەمو وەزارەتە یەکگرتوانەدا ؟

+ بەو دو دەزگایەش یەکگرتنەوە دروستنابێ .

- ئەی بە چی؟

+ بە یەکگرتنەوەی دراوە هەیاتەکە ..

- ئەمەیان چ قەوانێکە ?

+ تۆ لەگوێی چ گایەکا نوستوی؟ ئەی نازانی تائێستاش **48٪** ی بووجە بۆ قەلەمرەوی سلیمانیو **52٪** بۆقەلەمرەوی هەولیرە؟ ئیتر یەکگرتنەوەیچی !؟

- دەتۆ لەباسەکە لامەدە ، مژدەکەم پێبڵێ ، دڵم شەقیبرد !

+ مژدەکە شازی مژدەیە.گوێبگرە : ئیتر ئێمەش بوین بەهاوتای ولاتە سوشیال دیموکراتەکانو برسیتی نەما . هەمو ئەو تاکو توێژانەی لەسەرەوە ئاماژەم بۆکردن، ئەبنە خاوەنی خانو و کیسەوباخەڵی خۆیان بێئەوەی ئارەق بکەوێتە ناوچاوانیان وەك وڵاتانی ئەسکەندنافیەو ئەوروپاو بەریتانیاو ئەوانیتر گەرچی هایلایڤیشنەبن ، خۆ رادەی کەمی ژیانیان دابینئەبێ .

- بوچی هەر قەلەمرەوی سلیمانی !؟

+ چونکە ئەو تیمەی لەم رۆژانەدا **15** و **2010/11/16** بەشداریی کونگرەی سوشیال ئینتەرناسیونالەکەیان کرد لەپاریس ، نێردەی قەلەمرەوی سلیمانیبونو هەرئەوانیش ئەندامن تیایا .

- پف لەم مژدەئێکسپایەرە ، کاکە ئەوانە دەمێکە ئەندامو جێگرسەرۆکن لەو ریکخراوەدا. تۆ لەژیر چ لێفەیەکا پرخەی خەوتدێ!؟

+ نابێ وابێ، ئەگەر وایە ئەی بۆچی ئەو سیستمی سوشیالستیە پەیڕەوناکەن. کەپەیرەویناکەن، ئەم سۆشیالبۆیەیە بۆلەخۆیانئەدەن!؟

- ئەبێ وابێ . ئەی ئەوەنیە بوەو هەمو ئەو تاکو توێژانەش لەسەهۆلەکە سەماو تەقەی خۆشی ئەکەن؟ ئیتر تکایە تۆ ئەوەنە خەونی شائیرانە مەبینەو گەمەکە مەکە بەڕاست . ئەوەی تۆ لەخۆتەوە جاڕیبۆئەدەیو مژدە مژدەت لێگرتۆتەوە، لەمهاڵ مهاڵترە . ئەوانە بۆچی ئەو **48٪**ەی خۆیان کە بەئارەقی ناوچاوان پەیایئەکەن ، ببەخشنەوە بەسەر ئەو تاکو توێژانەدا؟ خۆ گوێزەبانەنیە . گەنجی گیرفان چۆڵ بۆنایەت ئەویش وەك ئێمە ببێ بەتێکۆشەرو گیرفانی پڕکا؟ پیری بێداهات خانەی بەساڵاچوان ئەیژیێنێ. ژنی ماڵ مێردەکەی بەخێویئەکا ئەگەرچی نانو شەقیشبێ. ئەوی خاوەنی خانونیە بابچێ خانویەك بەکرێ بگرێ. بۆنەخۆشی بێدەرامەت خەستەخانەی میری هەیە. بائافرەت ئالوسالبێو خۆی بەتەلاقدانندا . نانبڕاوەکان نانی کونە ماسیان ئەخواردو پاسی جرتاوایان ئەکرد ، دەبابخۆن دەی. دەرچوی کولیجەکان بابچن کاری ئازادبکەن. ئەوانەی هەندەران چۆن دڵیانهات کوردستانی بەهەشتی زەمین بەجێبهێڵن !!دەبابرۆنبۆدۆزەخ .

**2010/11/20**

## کەرکوك- ئەو تاوانەی لەئەستۆی بەرپرسە کوردەکانیایە.

رۆژانە لەمیدیاکانەوە هەواڵی کردارێکی دژ بەکورد لەکەرکوك ئەخوێنینەوەو ئەبیستین لەبابەتی :

ئەوەنە خێزانی تازەی ئەرەب نیشتەجێکران، ئەوەنە خانویان لەکوردەکان کڕی ، ئەوەنە کوردیان تیرورکرد، ئەوەنە خێزانی کوردیان دەرکرد، لەهەنێ دامودەزگادا رێژەی کارمەندانی ئەرەب دە ئەوەندەی کوردە، بەردەوام بەلێشاو فەرمانبەری تازەی ئەرەب لەبەغاوە وەك دیاری ئەنێردرێن بۆکەرکوك، ئەرەبە هاوردەکان چەکی قەرەبوشیان وەرگرت کەچی هەر نارۆنەوە بۆزێدیخۆیانو..

هەموو ئەو کردارە نارەواو نایاساییانە لەرۆژانێکایە کەپاریزگارو ئەنجومەنی پاریزگاو پولیسو ئاسایشو چیوچی کوردن!! ژمارەیەکی زۆریش پیشمەرگە لەکەرکوك هەبو !! نوجەیفیەکیش لەموسلی شارە دیرینەکەی کوردستان هەرچی خراپە

بەرامبەر بەكوردى موسل ئەيكا بێئەوەى رێز بۆهيچ ياسايەك دابنێ ياگوێبداتە دەستورو تەنانەت بريارەكانى بەغايش!! ئەيكەواتە كارى ئەو هەمو خاوەن دەسەلاتە كوردە لەكەركوك چيە !؟

- چۆنچيە؟ كارى ئەوانە وەرگرتنى پۆستە. ئەوانيش چاو لەنێردەى پارتەكانى هەريم ئەكەن بۆبەغا كەمەستو مەفتونى پۆستن لەپيناوى پۆستا. ئيستا گۆڕانيش توشى ئەو پەتايەبوە !

+ ئەرێ راستە ئەڵێن ئەو سوارچاكانەى كەركوك هەمو روژێ دواى دەوام قەلفڕى بۆئەكەن هەريەكەو بۆلاى خيزانو كوشكەكانيان لەدەرەوەى كەركوك !؟

- درۆيە . تاكوتەرايەكيان ئەميننەوە. ئنجا تۆ بۆسەرت لەوە سورماوە؟ ئەى پۆستچيەكانى موسلو بەغايشمان هەرواناكەن؟ كاكە ئەمرۆ روژى ئەوەيە بلێى ئاگرە سورە لەخۆم بەدورە ! مەرجيشنيە ئەوانە هەميشە هەروا دەستەوستان دانيشن .

+ چۆن ؟

- با سەرە بێتە سەر ئەوانيش.

+ تێناگەم ؟

- ئەگێڕنەوە كاروانچيەك، قولە رەشێكى پاڵەوانى زۆربەهێز ئەكاتە پاسەوانى كاروانەكەى. لەريگا سێ جەردە پەلامارى كاروانەكە ئەدەنو رووتيئەكەنەوە. پالەوانەكەش بێخەم لێيكەوتوەو زرتەى چاويدێ بێئەوەى جوڵەى بۆبكا! ئنجا جەردەكان بۆسوكايەتيكردن بەو پالەوانە، هەمو جلوبەرگەكەى دائەكەننو ئەيدەنە بەر شەق، پالەوانەكە هەر نقەى ليوەنايەت ، دوايى يەكيكيان هەربۆسوكايەتيپێكردن دەئباكەى لێگيرئەكا. لەوێدا پالەوانەكە غيرەتئەيگرێو لێيان رائەپەرێو ملى هەرسێكيان هەڵئەكێشێ.. كاروانچيەكە كرێى پالەوانەكە ئەداو دەريئەكا !
= پاڵەوان: بۆدەرمئەكەى! ئەى كاروانەكەم بۆرزگارنەكردى !؟
= كاروانچى: با، بەڵام من هەموجارێ جەردەى وام لەكوێ بۆرێكئەكەوێ

**کەتەماعبکەنە ئەو هینە رەشەی تۆشو تا لەتۆشی گیرنەکەن نقەتلێوەنەیەتو دەربەستی کاروانەکە نەبی !!؟؟ 2010/12/2**

## پەتای پارتایەتی، شێرپەنجەی کوردە

ئەشێ لەژینگەی رۆژئاوادا، پارتایەتی دیاردەیەکی دروستبێ. لە رۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی ناوەڕاست، بۆتە پەتایەکی مەترسیدار. لەوەش زیاتر: لەناو ئەو نەتەوانەدا کە لەقۆناغی خەباتی رزگاریدان، وەك کورد، پەتاکە بۆیانبۆتە شێرپەنجە.

میرنشینیەکانی جاران و پارتەکانی ئێستای کوردستان، وەکیەك ڤایرۆسی ئەو پەتایەن بۆ جەستەی کورد. هەردو جۆرەکە، لە کەرتوپەرتکردنی نەتەوەی کورداو کلکایەتیان بۆداگیرکەرانی کوردستان و گەندەڵییان، یەکسانن.. یەکەمیان، خۆشبەختانە، ئێوە خۆش. بەڵای ئێستە، دوەمیانە کە بۆئەوەی بژین، هیچ چارێکیانییە ئەبێ لەئاوی لێڵدا مەلەبکەن و گەندەڵبن و ئەو کلکایەتییە بکەن! ئەگینا ناژین!. چۆن؟ :

هەر پارتێك، کە لەئەنجامدا ئەبێتە سپڵێکی لاورگ و تەمەڵخانەیەك، پێویستیی بە بوجەیە،بەلایەنی کەمەوە بۆ بژێویی سەرکردەو کادیرە تێرنەخۆرەکانیان و چەندین خەرجییتر. ئەو بوجەیەش بە رێگەی رەوا پەیداناکرێ. ئالێرەوە گەندەڵییەکە دەسپێئەکا. جگە لەدزی و تالانی، پەنا بۆ لایەنی دەرەکیش ئەبەن، بە زۆری، بۆ داگیرکەرانی کوردستان. ئەوانیش لەرێێ خوادا پولێ بەکەس نادەن. بەوجۆرە کلکایەتییەکەش دروستئەبێ و وردەوردە تۆخئەبێتەوە بۆ ناپاکیی نیشتمانی!. ئیتر حەیاش قەترەیەکە، کە تکا ئەتکێو نە شەرم ئەمێنێ، نە گوێش بە رەخنەو توانجی کەس ئەدەن. بەڵکو دەستی تاوان درێژئەکەن بۆگیانی هەر مەترسیدارێك بێتە رێگەیان. مەترسیدارترینیش، ئەو پارتانە خۆیانن بۆسەر یەکدی، بۆیە بەردەوام لەشەڕدائەبن لەگەڵ یەکتر، شەڕی سارد یا شەڕی گەرم!.

ئابەوجۆرە، لەدوای شەڕی چاڵدێرانەوەو دابەشکردنی کوردستان بەسەر عوسمانی و سەفەویداو دواتر سایکس بیکۆ، داگیرکەرانی کوردستان هەمو

بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی کوردیان، بە میرنشینی و پارتە کوردییەکان خۆیان لەگۆڕناوە. یاهیچنەبێ ئەوەیان مسۆگەرکردوە کە جەماوەری کورد پشتی یەکدینەبن لەبزاڤی سەربەخۆییدا. بەوجۆرە هەمو شۆڕشەکانی کورد شکستیانهێنا، چونکە ناوچەییبون نەك سەرتاسەری، ناوچەکانیتریش یا دژ، یا سەیرکەربون!. لەبەرئەوە، تا فرە پارتی، بەم شێوازەی ئێستای، لەناو کوردا بمێنێ، دەوڵەتی کوردستان دروستنابێو چەندین ئەنفالو هەڵەبجەو شنگاڵیتر لەڕێماندا ئەبێ.

لەگەڵ ئەو دۆخە تاڵەدا،سەری دنیا بەپوش نەگیراوە. دەوڵەتی کوردستان هەر دروستئەبێ کاتێ هوشیاریی نەتەوە ئەگاتە ئاستی پەیبردن بە هەرکام لەم رێگایانە:

1-پارتەکان هۆشیان بەبەردا بێتەوەو دەسبەرداری سیستمەکەیان (پارتایەتی) ببن و لەژیر ئالآی لەشکرێکی سەربازی، یا پێشمەرگەدا، یەکگرن و رابەرایەتی ئەو لەشکرە ببێتە خاوەن بریار. یا لەژێر چەتری کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا بۆ هەمان مەبەست.

2-تێکڕا میللەت، بەجەماوەری پارتەکانیشەوە، رو لەو پارتانە وەرگێڕنو رسواو نابوتیان بکەنو دایانماڵن لەبنکەکانیانو ئەوەی دەستی چەك ئەگرێ بچێتە ژێر ئالآی لەشکرێکی سەربازییەوە: پێشمەرگە، گەریلا، شەڕڤان، یا هەر ناوێك.

3-راپەڕینێکی سەرتاسەری، هەرەس بەو پارتە گەندەڵو نۆکەرانە بێنێو سەرکردایەتییەکی خاوێنو داناو زانای نوێی لێببێتە بەرهەم کە لەئاستی رابەرایەتیی نەتەوەدابێو سەربەخۆیی دەستەبەربکا.

4-ئەگونجێ یەکێك لەو پارتانەی ئێستا کە خاوەن لەشکری گەورەن، هۆشی بەبەردا بێتەوەو تاك لایەنە جاڕی سەربەخۆیی بدا لە هەر بەشێکی کوردستاندا. دواتریش لەو بەشەوە پەلبهاوێ بۆبەشەکانیتر، بەوەش ئەبێتە جێگەی متمانەی میللەتو سەرشۆڕیو پوکانەوە ئەبێتە بەشی پارتە گەندەڵو نۆکەرەکانیدی.

5-ئەشێ لەم سەردەمەدا زلهێزەکانی جیهان بەرژەوەندیی خۆیان لە دەوڵەتێکی کوردیدا ببیننەوە. بۆئەو مەبەستەش ئێستا، دوای سایکس بیکۆ، هەندێ پرۆژەی گۆڕینی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئارادایە کە دەوڵەتی کوردی لە دەریای رەشەوە ئەگەیەنێتە دەریای سپی.. ئەگەر ژیربین ئەتوانین دەورمان هەبێ بۆئەوەی ئەم هەلە، لە خەیاڵەوە بکەینە راستی.

رێگەیتریش هەیە، وەك دەسگرتن بەسەر هەرکام لەپایتەختی داگیکەراندا کەئەمەیان ئەشی لەوانیتر ئاسانترو ئەنجامدارتربێ بەپێی پلانو بەرنامەیەکی نهێنیو زانستیانە کە جارێ لەم کورتە وتارەدا هەر ئەوەندە ئەوترێ. پێشتر لەسمینارێکدا لەکۆڵنساڵی **2011** زیاتر لەمبارەیەوە دواوم.. بەکوردی و بەکورتی: سیستمی پارتایەتی نە بۆئێستای کورد، نە بۆدوای سەربەخۆییش، نەك هەر بێ سودە، بەڵکو شێرپەنجەیەو پێویستە بنەبڕ بکرێ تا ئەگەینە ئاستی رۆژئاوای گێتی. ئەوسا نەوەکانی داهاتومان خۆیان بڕیاری خۆیان ئەدەن. ئێستا ئەرکی سەر شانمانە: نە تێکەڵیانبین، نە لە هەڵبژاردنەکانا دەنگیان بۆ بدەین، تا لەئاستی خۆیان ئەپوکێنەوەو لەشکرێك ئەبێتە رابەری نەتەوەو گسکێ لەوان ئەدا.

## هەڤپەیڤینو دیمانەکانم

هەڤپەیڤینو دیمانەکانیشم بەشێکن لەبیرەوەرییەکانم. ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

## نەتەوایەتی لەسیاسەتەوە بۆ ئەدەب

گفتوگۆیەك لەگەل (کامل ژیر) دا

ئا/ عەتا قەرەاغی

کامیل ژیر:

- هەر هەستیارێك ئەگەر بەهرەمەندبێو هەڵبەستەكانی زادەی بیری خۆیبێ، ئەوە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی ئەبێ.

- پێویستە هەستیار خۆی بدۆزێتەوە لەبوارێكدا كە زیاترین دەسەڵاتی هەبێ تیایدا.

- من وەك هەستیارێكی نەتەوەیی، چارەسەری كێشەكان، لەرزگاریو دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردیی سەربەخۆ بۆ سەرتاسەری كوردستان ئەبینم.

- كوردایەتیو هەمو نەتەوایەتی لەگەڵ، قۆناغێك نیە لەمێژودا، بەڵكو راستییەكی هەمیشە زیندو و هەمیشە ئاوەڵی مرۆڤایەتییە.

- خۆشەویستی گوردستانو كوردایەتی، تەنیا سۆز (عاتیفە)ی روت نیە، بەڵكو بەرەنجامی فەلسەفەی گۆڕانو پێویستیی ژیانی كوردیشە.

- سەرەكیترین هۆ بۆ گەشەنەكردنی ئەو ئاڕاستە نەتەوەییانە، خۆشنەكردنی زەمینەی لەباربو بۆ پارتێكی لەو جۆرە (كاژیك) بەر لەدروستبونی.

- هەستی نەتەوەیی، بەهێزترین كۆڵەكەی راگری بونو مانو ئایندەمانە.

- بەهێزترین بنەمای كلتوری نەتەوەییمان، هەستی هاوبەشمانە بەوەی ئێمە كوردینو نەتەوەیەكی جیاوازین لەنەتەوەكانی تری جیهان.

- ئەم گرنگیدانەی مەحوی بەزمانی كوردی، بەڵكو ئەم شەڕكردنەی مەحوی لەسەر زمانی كوردی، كوردایەتییە.

- رێبازی نەقشبەندی، رێبازێكبو كە ژمارەیەك لەبیریارانی كورد ویستیان وەك هەلێك بیقۆزنەوە بۆ هەمان ئەو مەبەستەی فارسو تورك، بەشیعەیەتیو خەلافەت خۆیان پاراست، بەڵام بەداخەوە هەلێكی درەنگكاتبو.

**- نوسەرێك لەنێوان نوسینەكانیەوە، ئەوە دەركەوێ كە خۆی بەكورد ئەزانێو بۆ خزمەتی لایەنێك لەلایەنەكانی نەتەوەی كورد ئەنوسێت، ئەوە بەهەر زمانێك بنوسێت، هەر ملكی كوردە.**

**- یەشارو لوتفیو بەرەكات مولكی كوردن، چونكە خۆیان بەكورد ئەزانن، ئەو نوسینانەشیان كە تەرخانن بۆ كورد، مولكی كوردن.**

**عەتا قەرەداغی:**

**مامۆستا كامیل ژیریەكێكە لەو قەڵەمە دیارانەی كە ماوەی چل ساڵە لەخزمەتی ئەدەبو كولتوری نەتەوەیی كورددا بەردەوامە، چ وەكو شاعیرێكی نەتەوەیی نەوەی دوای گۆران، چ وەك نوسەرێك لەبواری نوسینی نەتەوەییو گفتوگۆكردنی بیروباوەڕی نەتەوەییدا جێگای دیاری هەیە، بۆ رێزنان لەئەزمونی ئەم نوسەرە بەهەڵوێستو دڵسۆزەی میللەتەكەمان، پێمان خۆشبو ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا سازبكەینو خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری ئایندەش زیاتر بەبۆچونەكانی ئاشنابن.**

*** لەكوێوە دەستتان پێكرد؟ لەشیعرەوە یان لەسیاسەتەوە؟ یا هەردوكیان پێكەوە؟**

**- لەسیاسەتەوە، هێشتا تەمەنم چواردە ساڵبو، واتا ساڵی 1948 بومە لایەنگری حیزبی تحرر (حیزبی شیوعی عێراقی ئەوسا)، ئەم لایەنگیرییەم بەهۆی مامەكانمەوەبو، بەتایبەتی سەی تەها كە ئەوسا وتاربێژی ئەو حیزبەبو، براكانی تریشی، بێجگە لە ا.ب. هەوری، ئەوانیش لەئەندامە چالاكەكانی ئەو حیزبەبون، لایەنگیرییەكەشم زیاتر چاولێكەریبو، واتا بێ ئەوەی شتێكی ئەوتۆ لەبارەی بیروباوەڕی شیوعێتییەوە بزانم.**

**لەبارەی هەڵبەستو نوسینەوە.. یەكەم هەڵبەستم لەرۆژنامەی ژیندا بڵاوكردەوە كە ئەوسا مامۆستا گۆران سەرپەرشتیاریبو. ساڵی 1954 بو، خۆم هەڵبەستەكەم**

بۆبرد، کە خوێندییەوە، زۆر ڕێزی لێگرتمو هانی دام کە بەردەوام بم. دوای ئەو هەڵبەستە، ژمارەیەك چیرۆکو نوسینم هەر لەژیندا بڵاوکردەوە.

* ئێوە نەوەیەکبون لەدوای گۆران.. ئایا چی ئێوە لەنەوەی گۆران جیادەکاتەوە؟ بەڕای جەنابتان کام لەنەوەی دوای گۆران توانیویەتی ببێتە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی؟

- وەك وتم هێشتا گۆران مابو کە من بەوێژە ئاشنابوم، بویشین بەبرادەر، ئەگەرچی ئەو بەتەمەن لەمن زۆر گەورەتربو، لەبەر ئەوە من نەوەی سەردەمێکی گۆرانو نەوەی دوای ئەو سەردەمەش بومو هەم. بۆیە جیاکەرەوەیەکی ئەوتۆ نابینم مەگەر لەڕوی بیروباوەڕی سیاسیمانەوە. کە من لەساڵی (1958)ەوە وازم لەحیزبی شیوعی هێناو ڕێبازی کوردایەتیم گرتە بەر، ئنجا بون بەخاوەنی دەنگی تایبەتی.. ئەوە لەڕوی هەڵبەستەوە بەندە بەهەستیار خۆیەوە، هەر هەستیارێك ئەگەر بەهرەمەندبێو هەڵبەستەکانی زادەی بیری خۆیبن، ئەوە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی ئەبێ. بەڵام ئەگەر هەستیارێك هەر خەریکی چاولێکەریو وەرگرتن بێ لەمولەوەوە، ئەوە نابێتە دەنگی تایبەتی خۆی، مەگەر مۆرکی تایبەتیی خۆیانی لێدەن.

* راتان چیە لەسەر ئەوەی کە هەندێ کەس پێیان وایە لەدوای گۆران دەنگێکی شیعری ئەوتۆ دروست نەبوە کە لەگەڵ ئەودا بەراورد بکرێت؟

- ئەو بەراوردە، هەر خۆی لەخۆیدا هەڵەیە، چونکە وەك وتم هەر هەستیارێ خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیەتی، واتا جیاوازە لەهەستیارێکیتر، تۆ ناتوانی سێوێکو پرتەقاڵێکو هەنارێکو هەرمێیەك بەراورد بکەی لەگەڵ یەکتریاندا، چونکە هەریەکەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو هەریەکەشیان جۆرە کاریگەرێتییەکی لەسەر بخۆرەکەی هەیە. هەستیاریش هەروایە. لەبەر ئەوە گۆران، نە لەگەڵ هەستیارەکانی پێش خۆی، نە ئەوانەی سەردەمی خۆی، نە لەگەڵ هەستیارانی دوای خۆشیدا بەراورد ئەکرێ. ئنجا هەر هەستیارەو جەماوەری تایبەتیی خۆی هەیە وەك چۆن هەر دەنگخۆشو

گۆرانیبێژێك جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەم قسانە هیچیان ئەوە ناگەیەنن کە هەستیاری چاکو چاکترو چاکترین نیە، بەلای منەوە گۆران لەهەستیارە چاکترینەکانە. پێش گۆرانو لەسەردەمی گۆرانیشدا نالیو خانیو مەولەویو مەحویو پیرەمێردو هەردی لەهەستیارە چاکترینەکانن، بەڵام دیسان هەر ناتوانین بەراوردیان بکەین لەگەڵیەکدا. ئنجا ئەمانە بۆچی ئەبێ لەهەستیارە چاکترینەکانبن بەڕای من؟ چونکە بەهرەی هەستیارێتییەکەیان زۆرە، ئاستی رۆشنبیرییان لەزانستی هەڵبەستدا بەرزە، وردبونەوەیان لەهەڵبەستیتر زۆرە، لەوەئەچێ کە بەچاکی بەهەڵبەستەکانیاندا چوبنەوەو پۆشتەو پەرداخیان کردبن ئنجا دەریانخستبن کە ئەوانە مەرجەکانی هەستیاری چاکترینن بەتایبەتی مەرجی یەکەم کە بەهرە زۆرەکەیە، بەڕای من مەرجێکی تریش گرنگە، ئەویش ئەوەیە پێویستە هەستیار خۆی بدۆزێتەوە لەبوارێکدا کە زیاترین دەسەڵاتی هەبێ تیایدا، بۆ نمونە: گۆران تەنیا لەهەڵبەستی وەسفدا لەهەستیارە چاکترینەکانە.

* کامەران گرنگییەکی زۆری پێدرا.. ئایا ئەو گرنگیپێدانە هەوڵی پارتی نەبو بۆ ئەوەی کامەران لەبەرامبەر گۆراندا بەرز بکەنەوە لەکاتێکدا گۆران لەسەر شیوعیەکان حساب دەکرا؟

- دوورنیە، هەمان قسە بەرامبەر گۆرانیش هەروایە، گۆرانیش شیوعیەکان گرنگییەکی زۆریان پێداو هۆکارێکبون بۆ ئەوەی بەزویی بەکوردو بەجیهانیشی بناسێنن، بەڵام گۆران بەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە خۆشی هەستیارێکی بەرزو بەهرەکەشی لەهی کامەران زۆر زیاتربو.

* جەنابت وەکو شاعیرو رۆشنبیرێك کە لەباڵی نەتەوەیی بویت.. ئایا تا چەندێ شیعری کوردی قۆناغەکەی ئێوە دەربڕی ئازارو لەهەمانکاتدا خواستو ویستە نەتەوەییەکانی کورد بوە؟

- من ئێستاش هەر نەتەوەییم، قۆناغەکەشم بەسەرنەچوە، پێنوسەکەشم هەمیشە لەکاردایە لەبواری نەتەوایەتیدا، خاڵێك کە شایەنی رونکردنەوەبێ لەوەڵامی

**پرسیارێکی ئاوادا، ئەوەیە کە هەڵبەستی کوردی، لەبواری نەتەوایەتیدا، دو قۆناغی بەخۆیەوە دیوە، تائێستا، قۆناغی یەکەم قۆناغی پێش قوتابخانەی بیری نەتەوەییە لەکوردستاندا، بەرلەم قوتابخانەیە، کوردایەتی نەخرابوە چوارچێوەیەکی فکریی رێکخراوەوە. سەرەتای ئەم قوتابخانەیە لەدروستبونی کۆمەڵەی ئازادی ژیانەوەو یەکێتی کورد (کاژیك)ەوە دەستپێئەکا، واتا 1959/4/14 بەر لەم قوتابخانەیە، هەستیارانی کورد، وەك سۆزێك کوردایەتیان پیادەئەکرد، واتا نەچوبونە ناو قولایی کێشە نەتەوەییەکەمانەوەو لەڕەگو ریشەوە پیا بچنەوەو لەبیروباوەڕە نامۆکان بەکوردایەتی جیای بکەنەوەوبەوردی بەشوێن رێگە چارەکاندا بگەڕێنو ئامانجە دورەکانی وەك ستراتیجێك دیاری بکەنو خاڵ بخەنە سەر پیتەکانی دۆستو دوژمنو هەوڵێکی بەکۆمەڵ بدەن بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی کوردایەتی، تۆ بڕوانە ئەم هەڵبەستە:**

**هورمزگان رمان ئاتران کژان  ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان**

**زۆرکار ئارەب کردنە خاپوور گنای پاڵەیی هەتا شارەزوور**

**شنو کنیکان وەدیل بشینا  میرد ئازا تلی وەرووی هوینا**

**رەوشت زەردشترە مانوە بێ کەس  بزیکا نەکا هورمز وە هیچ کەس(1)**

**واتا:**

**مزگەوتان رمان، ئاگران کوژان  خۆیان شاردەوە گەورەی گەورەکان**

**زۆرداری عەرەب کردنی خاپور  دێی کرێکاران هەتا شارەزور**

**ژنانو کچان بەدیل ئەگیران  پیاوانی ئازا لەخوێنا ئەتلان**

**رەوشتی زەردەشت مایەوە بێ کەس  یەزدان بەزەیی نەهات بەهیچ کەس**

ئەمە هەڵبەستی هەستیارێکی کوردە، ناوەکەی نازانریٚ*، لەسەر پارچە چەرمێك دۆزراوەتەوە لەیەکێك لەئەشکەوتەکانی جێشانەو هەزارمێردی سلێمانی، هی رۆژانی داگیرکردنی کوردستانە، لەلایەن عەرەبەوە بەناوی فتوحاتی ئیسلامیەوە، ئەبینین هەڵبەستەکە بریتیە لەتەنیا دەربڕینی سۆزێکی روتو هیچیتر بەرامبەر کارەساتێکی زۆر گەورەی پڕ لەزۆرو ستەمی داگیرکردنی نەتەوەو نیشتمانێك لەلایەن نەتەوەیەکی ترەوە. هەڵبەستەکە دەربڕی ئازارەکەی ئەو کارەساتەیە. بەڵام دەربڕی هیچ خواستو ویستێکی نەتەوەیی کورد نەبووە لەو رۆژەدا وەك مەبەستی پرسیارەکەی بەڕێزتان، یان بەدەربڕینێکیتر هەستیارەکە نەیزانیوە چارەسەری ئەو کێشەیە بەچی ئەکریٚ کە لەو رۆژەدا روی کردۆتە نەتەوەکەی.

ئەوە نمونەی هەڵبەستێکی کۆن، با نمونەی هەڵبەستێکی تازەش هەر لەو بوارەدا، هەڵبەستێکی گۆران بیٚ، کە وەك وتمان یەکێکە لەباشترین هەستیارانی کورد، ئەویش هەڵبەستی (شەهید)ە، کە بەبۆنەیەکی وەك بۆنەی ئەو هەڵبەستەی سەرەوە وتراوە کە شەڕی بەردەرکی سەرای شەشی ئەیلولی (**1930**)ە لەسلێمانی کە ئەمیش هەر لەلایەن زۆردارانی عەرەبەوە ئەنجام دراوە بەرامبەر نەتەوەی کوردو کوردستانی داگیرکراومان، ئەبینین ئەم هەڵبەستەش هەر تەنیا وەك سۆزێك دەربڕی ئازارەکەی ئەو کارەساتەیە بێئەوەی خواستو ویستێکی نەتەوەیی پیشان بدات کە چارەسەری تەواوی کێشەی کوردمانی پێبکریٚ:

شەقەی شەستیرو قرچەی دەستڕێژو هەڵمەتی سونگی

بەخوێنی وردی بیٚ تاوان شەپۆلی خستە سەر جادە

نەما جوانیٚ کە سونگی نەیسمیٚ سەد کەرەت سنگی

نەما پێریٚ لەریزی گوللە بووبیٚ قەلبی ئازادە

تەنیا چارەسەرییەك کە گۆران بۆی چووە، سەندنەوەی تۆڵەیەکی ئەو کارەساتەیە:

ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ پێی بڵێ رۆڵە

لەمن فرمێسکی ویست باوکت، لەتۆش داوا ئەکا تۆڵە(2)

کە لەراستیدا چارەسەری ئەو روداوانە تەنیا بەسەندنەوەی تۆڵەیەك ناکرێ، واتا ئەوان چەندیان لێکوشتوین ئێمەش ئەوەنەیان لێبکوژینەوە. بۆیە من لەهەڵبەستێکمدا کە بۆ هەمان بۆنەی شەڕی بەردەرکی سەرا وتومە، بەم جۆرە بۆ چارەسەری کێشەکە چوم:

ئەی شارەکەی عەولە سیسە

بەڵێن بێ ئەو دەستە پیسە

کە هەروا بەدەستی ئانقەست

جۆگەلەی خوێناوی هەڵبەست

ئەبێ ئێمەی دلسۆزی تۆ

ئێمەی کوردی نەوەی ئەمڕۆ

بۆ تۆڵەی خوێنی رژاوات

کوردستانی زەوت کراوت

پشتێنی تۆڵە ببەستین

نەیکەینەوەو رانەوەستین

تا تێکڕا ئەم خاکە پاکە

خاکی ئەم کوردە چالاکە

ئەخەین بەدیار،یەك تەنوپۆ

بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ

واتا من وەك هەستیارێکی نەتەوەیی چارەسەری ئەو جۆرە کێشانە لەرزگاریو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بۆ سەرتاسەری کوردستان ئەبینم.
نمونەی تریش زۆرە، بەڵام وابزانم ئەوە بەسە بۆ وەڵامی پرسیارەکەی بەڕێزتان کە تا چەندێ هەڵبەستی ئێمە دەربڕی ئازارو لەهەمانکاتدا خواستو ویستە نەتەوەییەکانی کوردە. پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێم کە ئەم هەڵبەستەمو تێکڕای دیوانی (کوردایەتی) یەکەم، یەکەم بەرهەمێکی ئەو قوتابخانەی بیری نەتەوەییبو کە من یەکێکم لەدامەزرێنەرانی لەگەڵ هاوبیرەکانی ترمدا: ( د. جەمال نەبەز، ئەحمەد هەردی، عەبدوڵڵا جەوهەر، فەرەیدون عەلی ئەمین، د. احسان فوئاد، فایەق عارف).

* جەنابتان وەکو قەڵەمێکی دیاری مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی دەرکەوتون، کتێبی (کوردایەتیەکەی حەمەی مەلا کەریم) بەشێکی هەوڵو روانینەکانی جەنابتان دەردەخات. ئێستا جارێکی تر چۆن دەڕوانیتە هەمان هەڵوێستی ئەو ئاڕاستەیەی کاکە حەمە بەرامبەر بەمەسەلەی کوردایەتی؟

-کاژیك کاتی خۆی بەکتێبی (کوردایەتی بزوتنەوەو بڕواو رژێمە) وەڵامی ئەو نوسراوەی کاکە حەمەی مەلا کەریمی دایەوەو بەدرێژی ئەوەمان پیشاندا کە ئەو ئاڕاستەیەی ئەو بەرامبەر کوردایەتی ئاڕاستەیەکی هەڵەیە.

ئێستا وا زیاتر لەنیو سەدە بەسەر ئەو کەینوبەینەدا تێپەڕی، حەز ئەکەم ئەمجارەیان روداوەکان خۆیان وەڵامی ئەو ئاڕاستەیەی ئەوو تێکڕای چەپی کوردو جیهان بدەنەوە.

ئێمە پێمانوابو کوردایەتی شتێکی دەسکردی پلەیەکی مێژویی تایبەتی نیە، وەك چەپەکان پێیانوابو، بەڵکو پێمانوابو هەر لەو رۆژەوە کە کورد بوە، کوردایەتیش پەیدا بوەو ئێستاش هەیەو تا جیهانیش جیهان بێ هەر ئەمێنێو هاندەری هەرە بنچینەیی هەمو جۆرە بزوتنەوەو پێشکەوتنێك ئەبێ لەژیانی نەتەوەکەماندا.(**4**) بەهەڵبەستیش وتبوم:

کوردایەتی

نۆتەی سروودی ئەم سازە     هەواو سۆزی ئەم ئاوازە
هەتا بڵێی دڵگیرە، خۆش     دەماری لەش دێنێتە جۆش
ئەڵێ کردەم جێی داخ نیە     کوردایەتیم قۆناغی نیە
ئامانجێکە نەمر، پیرۆزمەشخەڵێکە بۆ گەلو هۆز
فەلسەفەو باوەڕو بیرە     ڕێگەی پیاوی داناو ژیرە(5)

وا دوای نیو سەدە، هەست ئەکەین سۆزو ئاوازی سرودی کوردایەتی خۆشترەو تا ئەبێ دڵگیرتر دێتە گوێ، بەکردەوەش ئەوە دەرکەوتو چەسپا کە کوردایەتیو هەمو نەتەوایەتیشی لەگەڵ، قۆناغێك نیە لەمێژودا، بەڵکو ڕاستییەکی هەمیشە زیندو و هەمیشە ئاوەڵی مرۆڤایەتیە، چاوگێڕانەوەیەك بەمێژودا، ڕاستیی ئەم قسەیەمان بۆ دەرئەخات لەرابردودا کە چۆن بزوێنەری زۆربەی شەڕو کێشمەکێشەکانی مرۆڤ، بزوێنەری نەتەوەیی بوە، لەنیوە سەدەی بیستەمی ڕابردوی نزیکماندا بەڵگەیەکی تەواو سەلمێنەر بەدەستکەوت، ئەویش هەڵوەشاندنەوەی ئەو وڵاتە فرە نەتەوەییانەبو کە ڕژێمە نەتەگەل (الاممیە)ی تێدا فەرمانڕەوابو، وەك یەکێتی سۆڤێتو یوگوسلافیاو چیکوسلوفاکیا، ئەبو، بەپێی بیردۆزەی چەپ، ئەم وڵاتانە کە لەقۆناغی سۆشیالیستیدابون، نەتەوایەتیان بەجێبهێشتایە، چونکە نەتەوایەتی، بەپێی بیردۆزەکەی ئەوان، دیاردەیەکی سەرمایەدارییە، کەچی پاڵپێوەنەری سەرەکی بۆ ڕوخاندنو هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمەکانی ئەم وڵاتانە، پاڵپێوەنەری نەتەوەییانەبو، ئەمڕۆش کە باسی جیهانگیری (عولمە) لەئارادایە، نابینین هیچ کام لەنەتەوەکانی جیهان وازیان لەنەتەوایەتیی خۆیان هێنابێ.

(موشکیلەی چینایەتی لەڕێی بیروباوەڕی نەتەوەییەوە نەبێ چار ناکرێ)ئەمە ڕستەیەکە لەرستەکانی لاپەڕە (41)ی نامیلکەی: (کوردایەتی بزوتنەوەو بڕواو ڕژێمە). ئەوەبو هەر لەرۆژگارەکانی سەدەی بیستەمدا کە ڕژێمی سوشیالیستی کۆمۆنیستانە فەرمانڕەوای ژمارەیەك لەوڵاتەکانی جیهانبو، کێشەی چینایەتی تێدا چارەسەر نەکرا،

لەو وڵاتانەدا، راستە سەرمایەدارەکانی پێش ئەو رژێمانەلەسەرمایەکانیان داماڵران، بەڵام جۆرە سەرمایەدارێکی تر پەیدابو: سەرمایەداری پارتایەتی‌و سەرمایەداری دەوڵەت. چینە هەژارو چەوساوەکانیش هەر بەهەژاریو چەوساوەیەتی مانەوە، ئەوە گەندەڵی رژێمو بەدرەوشتی کارگێڕیش لەولاوە بوەستێ، بەپێچەوانەوە ئەگەر لەوڵاتە سەرمایەدارییەکاندا هەلی رەخساو هەبێ بۆ ئەوەی خەڵکی چابوکو بەتوانا هەڵگرێ، لەو وڵاتە سوشیالستانەدا ئەو هەلەش نەبو، کەچی ئەبینین لەوڵاتانی سۆشیال ـ دیموکراتدا تارادەیەك کێشەی چینایەتیان تێدا چارەسەرکراوە. یا بەواتایەکی تر، بۆشایی نێوان چینەکانیان تێدا کەمکراوەتەوە. سەرمایەدارێتی پارتایەتی‌و هی دەوڵەت، زۆر کەمترە لەوەی لە وڵاتە سۆشیالیستە کۆمۆنیستەکاندا هەبو، بەلای ئێمەشەوە، وەك لەلاپەڕە (**38**)ی دیوانی کوردایەتیەکەمدا وتومە: (خۆشەویستی کوردستانو کوردایەتی، تەنیا عاتیفەی روت نیە، بەڵکو بەرەنجامی فەلسەفەی گۆڕانو پێویستیی ژیانی کوردایەتیشە، کوردستان خۆشەویستی نەتەوەی کوردە، چونکە نیشتمانیەتی‌و سەرچاوەی ژیانیەتی، کوردایەتیش بۆ پاراستنی ئەم نیشتمانەو خۆشگوزەرانی نەتەوەکەیەتی، جا کوردێکی خاوەن بیروباوەڕی کوردایەتی کە ئامادەبێ گیانی خۆی لەم پێناوەدا بەختکات، واتا هۆگری هەمو کونجێکی کوردستانەو دڵسۆزی هەمو ئەندامێکی کوردە. بۆیە لای وایە هەمو کوردێك چونیەك مافی هەیەو نابی کوردێك کوردێکیتر بچەوسێنێتەوە.(**6**)

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە هێشتا لەهیچ وڵاتێکی جیهاندا رژێمێکی نەتەوەییانەی راستەقینەی وەك ئەوەی قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کوردیی خواستیارێتی، نەهاتۆتە ئاراوەو فەرمانڕەوا نەبوە. ئەگەرچی هەندێ رژێم بۆیەی نەتەوایەتیی لەخۆیداوە. ئەو پارتو تاکو کۆمەڵانەی فەرمانڕەوایەتییان گرتۆتە دەستو بەناوی نەتەوایەتیەوە کارئەکەنو کەمینەکانی ژێر دەستیان ئەچەوسێننەوە. یا نەتەوەکانی خۆیان توشی نوشوستی ئەکەن یا سامانی نەتەوەکانیان تالان ئەکەن یا دادی کۆمەڵایەتی بەرپا ناکەن یا رێز لەیاساو مافی

مرۆڤ ناگرن یا هەوڵی ئەوە ئەدەن رەوڕەوەی مێژو و شارستانی بگێڕنەوە بۆ دواوە.. ئەوانە نەتەوەیی نین.

پێشبینیەکی ترمان لەو نامیلکەیەدا: کاریگەرێتی رەخساندنی هەلی چونیەکە لەبەردەم هەمو ئەندامێکی کۆمەڵگەی کوردستانیدا، ئەوەش بەئازادیو بەئابوریی ئازاد ئەبێ، دور لەچەوساندنەوەی چینایەتیو چەوساندنەوەی پارتایەتیو هی حکومەتی، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە کە رۆژ لەدوای رۆژ پەیڕەوکەرانی زیاتر ئەبێو سەرکەوتنی دیارو بەرچاو بەدەست ئەخات. شیکردنەوەو لەسەر رۆیشتنی ئەم دیدوبۆچونە زۆری ئەوێ کە لێرەدا ئەو ماوەیەمان نیەو بۆ هەلێکیتر.

* جەنابتان وەکو سیاسەت لەکاژیکو پاشانیش لەپاسۆکدا شوێنی دیارتان هەبو.. ئایا گەشەنەکردنی ئەو ئاڕاستە نەتەوەییە بۆچی دەگێڕنەوە؟ لەکاتێکدا ئەو پارتانەی کە وەکو ئەو ئاڕاستەیە نەتەوەیی نەبون بەشێوەیەکی بەربلاو لەڕوی چەندایەتییەوە گەشەیان کردوە؟

- دیارە بەڕێزتان ئەزانن کاژیکو پاسۆك، دو رێکخراوی سیاسیبون، وەك دو پارتی، لەسەر بنچینەی بیروئایدیای نەتەوەییانەی کوردی دامەزران. سەرەکیترین هۆ بۆ گەشەنەکردنی ئەو ئاڕاستە نەتەوەییانەیە، خۆشنەکردنی زەمینەی لەبار بو بۆ پارتێکی لەو جۆرە بەر لەدروستبونی.

ئەوەی لەڕوی کردەییەوە پیادەکرابێ، ئەوەیە رێکخراوێکی لەو جۆرە، سیاسی، یا ئاینی، لەپێشدا زەمینە هزرییەکەی بۆ ئامادەکراوە، واتا بیروباوەڕەکە بەخەڵکی ناسراوەو لایەنگرانی بۆ پەیداکراوە، یا بڵێین باوەڕیان پێهێناوە، ئەوسا، رێکخستنی بۆ کراوە لەشێوەی پارتییەکدا، یا لەشێوەی شۆڕشێکدا یا فەرمانڕەوایەتییەکدا، بۆ نمونە: ئاینەکان لەپێشدا بەکتێبە پیرۆزەکانیان وەك ئاوێستا، تەورات، ئنجیل، قورئان بەخەڵکی ئاشنابون. دوای ئەوەی ژمارەیەك لایەنگری گونجاویان لێکۆبونەوە، ئەوسا چونە قاڵبی رێکخستنەوەو دەسەڵاتیان بۆ دروستبو، هەروەها بەر لەپێکهێنانی حیزبە شیوعیەکان، بیریارەکانی وەك مارکسو ئینگلس بیرۆکەکانیان خستە سەر

کاغەزو خەڵکیان پێئاشناکرد، ئەوسا حیزبە شیوعیەکان دروستبون، لەئەڵمانیاش بەر لەرێکخستنێکی نەتەوەییانە، بیریارەکانی وەك فیختەو هیگڵو هیردەرو نوفالیسو مویلەرو تریتشکەو نیتشە، بەنوسینە نەتەوەییانەکانیان زەمینەیان بۆ رێکخستنێکی نەتەوەیی‌و دوایی بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی رەخساند، بەڵێنی بلفۆریش دەیان ساڵ پێش دروستبونی دەوڵەتی ئیسرائیلبو، بەڵام کاژیکو پاسۆك پێش زەمینەخۆشکردنێکی لەو جۆرانە بۆ بیروباوەڕی نەتەوەییانەی کوردی، هاتنە ئاراوە. لەبەر ئەوە وەك پێویست خەڵکیان لێکۆنەبوەوە، کە شۆڕشی چەکدارانەش بەرپابو، بەتایبەتی بەڕابەرایەتی بارزانی، ئیتر نوسراوە هزر مەندییەکانی کاژیکو پاسۆك، لەلایەن جەماوەری گەلەوە، لایان لێنەئەکرایەوە، بیروباوەڕەکەش زۆر ترسناکبو، خەڵکی لەسەر داواکردنی مافێکی وەك رۆشنبیری ئەگیرانو ئەکوژران، جاوەی لەوەی داوای جیابونەوەو سەربەخۆیی‌و یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستانی ئەکرد. لەبەر ئەوە خەڵکی نەیانئەوێرا تێکەڵ بەو دو پارتییە ببن ئەگەرچی باوەڕیان بەبیروباوەڕەکانیشیان ببوایە. گوشاری شیوعی‌و یەکێتیو پارتریشیان لەسەربو، هیچ پاڵپشتێکی دەرەکیو ناوەکیشیان نەبو، جگە لەوانە هەندێ هۆی خۆیی (زاتی)ش هەبو کە لێرەدا ناوتری.

هەموو ئەوانە بونە هۆی گەشەنەکردنی کاژیکو پاسۆك وەك دو رێکخراوی سیاسی. ئەوەبو کاژیك خۆی هەڵپساردو پاسۆکیش تێکەڵ بەهەندێ حیزبیتربو.

بەڵام بیروباوەڕەکەیان هەر ماوەو رۆژ لەدوای رۆژیش لایەنگرانی زیاتر ئەبێو کاژیك یا پاسۆکێکی‌تر دروست ئەبێتەوە ئەگەرچی بەناوێکی تریشەوە بێ.

* ئایا رەگەزەکانی گوتار (خطاب)ی نەتەوەیی کوردی لەکام شاعیرەوە بەئاشکرا دەستپێدەکات؟

-ئەوە زیاتر کاری رەخنەسازانە، من ئەوەندە لەهەڵبەستی هەستیاران نەکۆڵیومەتەوە.

* ئایا دەکرێت ئێمە هەر لەسنوری شیعردا بۆ بنەماکانی نەتەوەییمان بگەڕێین؟ ئایا هەست ناکەیت ئێمە جگە لەشیعر بنەمای بەهێزتری کەلتوریشمان هەیە کە دەشێ بکرێنە سەرچاوەی رابونەوەی نەتەوایەتیمان؟

-بێگومان.. بەهێزترین بنەمای کەلتوری نەتەوەییمان (هەستی هاوبەش) مانە بەوەی ئێمە نەتەوەیکی جیاوازین لەنەتەوەکانی تری جیهان، ئەو هەستە (هەستی نەتەوەیی) بەهێزترین کۆڵەکەی راگری بونو مانو ئایندەمانە. کۆڵەکەی دوەم زمانی کوردیمانە، بۆیە پێویستە گرنگیی زۆر بەو دو کۆڵەکەیە بدرێت، واتا گەشە بەهەستەکە بدرێت بەرەو هوشیاری. کورد هەستی نەتەوەیی بەهێزە. بەڵام هوشیاریی نەتەوەیی لاوازە، کورد ئەزانێ خۆی بپارێزێ، بەڵام نازانێ چۆن پێشکەوتنو سەرکەوتنو گەشەکردن بەدەستبێنێ، هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ نزمیی ئاستی هوشیاریی نەتەوەییمان.

جگە لەهەستو زمانەکە.. نیشتمانەکەمان، قەوارە فەرمانڕەواییەکانی وەك دەوڵەتی مادو میرنشینەکانمان، شۆڕشەکانمان، راپەڕینەکانمان، نەریتەکانمان.. ئەوانە هەموی بنەمای بەهێزی کەلتوری نەتەوەییمانن کە ئەکری بکرێنە سەرچاوەی رابونەوە بۆ ئایندەی شکۆداری نەتەوەکەمان. بێگومان بنەمای تریش هەن بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام ئەوانە سەرکیەکانن لەپاڵ هەڵبەستو چیرۆکو لاوکو داستانو پەندی پێشینانو تێکڕای مێژومان.

* ئێوە پێتانوایە مەحوی شاعیرێکی نەتەوەییە، ئایا دەتوانین لەناو شیعرەکانی مەحوی بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونە بدۆزینەوە؟

- ئەی من تا ئێستا چیم کردوە؟! بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، داواکارم بەڕێزتانو خوێنەرەوەی بەڕێزیش بگەڕێنەوە بۆ وتاری (مەحوی هەستیارێکی نەتەوەیی بوە) لاپەڕە **134** تا **165** لەکتێبی (لەبارەی مەحودی لوتکەوە) چاپی یەکەم **1986** چاپخانەی سۆمەر. هەروەها وتاری (مەحوی لەدیدی نەتەوەییانەوە) لاپەڕە **24** تا **31** لەگۆڤاری ئاینده **18** شوباتی **2001** کە من لەو دو وتارەدا نزیکەی چل لاپەڕەم

لەسەر نەتەوەیی بوونی مەحوی نوسیوە. دیارە لێرەدا مەودای دوبارەکردنەوەی نیە، بەڵام ئەوە ڕێ لەوە ناگرێ لێرەدا شارایەکی تر بخەمە سەر ئەو خەرمانە.

هەر لەم وەڵامانەمدا، تۆزێ لەمەوپێش وتم: (بەهێزترین بنەمای کەلتوری نەتەوەییمان، هەستی هاوبەشمانە بەوەی ئێمە کوردینو نەتەوەیەکی جیاوازین لەنەتەوەکانی تری جیهان)، دیارە مەحوی هەستی بەم ڕاستییە کردوە بۆیە وتویەتی:

بنووسە، پیری دڵم ئەمری کرد، ئیتاعەم کرد

لەئیبتداوە کە بەیتی موناسیبی دیوان

گەدایەکی وەکو (مەحوی) قەلەندەرێکی کورد

میسالی پادشەهی فورسە، ساحیبی دیوان

لەوتارەکەی یەکەمدا (مەحوی هەستیارێکی نەتەوەیی بوە) وتومە مەحوی خۆی بەگەدایەکی نەتەوەکەی زانیوە کە ئەمە یەکێکە لەسیفەتەکانی هەڵگرانی بیروباوەڕی نەتەوەیی، چونکە مرۆڤی نەتەوەیی هەرچەند پایەی بەرزبێ، نابێ لوت بەرزبێ، بەڵکو پێویستە هەمیشە خاکی (متواضع) بێ لەگەڵ ئەندامانی نەتەوەکەی خۆیدا، بۆیە مەحوی لەو هەڵبەستەیدا خۆی وەکو گەدایەکو قەلەندەرێکی کورد پیشانداوە، لەکاتێکدا کە ئەو کەسێتییەکی زۆر ناودارو پایەبەرزو زانا بوە، ئەوە لەکاتێکدا مەحوی خۆی لەپاشایەکی فورس بەکەمتر نەزانیوە، ئەمەش هەر هەستە نەتەوەییەکە ئەگەیەنێ کە مرۆڤی نەتەوەیی نابێ خۆی لەخەڵکی بێگانە بەکەمتر بزانێ ئەگەرچی ئەو بێگانەیە پاشایەکیش بێ، جا ئەوەی لێرەدا ئەمەوێ، زیاد لە وتەکانی ئەو وتارەم بیڵێم لەسەر ئەم هەڵبەستە، هەستە نەتەوەییەکەی مەحوییە بەوەی ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین لەگەڵ فارسدا. وشەی (دیوان)یش ئەشێ مەحوی بەدو واتا بەکاری هێنابێ: بەواتای دیوانی هەڵبەستو بەواتای دیوانی پاشایەتیش کە لەئەنجامدا ئەوە ئەگرێتەوە کوردیش ئەبێ خاوەنی دیوانی پاشایەتیی خۆی بێ.

جگە لەو هەستەو هەر لەم وەڵامانەمدا وتم: کۆڵەکەی دوەم وەك بنەمایەکی بەهێزی کەلتوری نەتەوەییمان، زمانی کوردیمانە، بۆیە پێویستە گرنگی پێبدرێ، دیارە مەحوی هەستی بەم راستیەش کردوە، بۆیە لەجێگەی (همزیەو بوردە)ی عەرەبی، هەڵبەستێکی کوردیی داناوە:

لەهمزیەو بوردەم چونکە کەم دی ئیستفادەی کورد

منیش ئەم کوردییەم دانا لەریزی ئەو قەسیدانە

ئەم کارەی مەحوی جیاوازە لەکاری ئەو هەستیارانەیتر کە تەنیا بەکوردی هەڵبەستیان وتوە، یان وەك د. محەمەد عەزیز ئەڵێ: (بەپێویستی نازانم گەریەکێکی وەك مەحوی کوردایەتی نەکردبێ هەر لەبەر ئەوەی هۆنراوەی بەکوردی داناوە، ئەورۆ دوای پتر لەسەدەیك لەتەمەنی ویژەیی خۆی، بەزۆر بەکوردایەتی بۆی بژمێرێ).

مەحوی زۆربەی هەڵبەستەکانی بەکوردی وتوە، من ئەوانەم بەکوردایەتی بۆ مەحوی ژمێرە نەکردوە، بەڵام ئەمەیانی بەکوردایەتی بۆ دائەنێم، چونکە هەستی کوردایەتییەکەی پاڵی پێوە ناوە کە لەجێگەی ئەو هەڵبەستە عەرەبیە، ئەم هەڵبەستە کوردییە دابنێ، ئنجا پێداگرتنی مەحوی لەسەر زمانی کوردی لەهەندێ هەڵبەستی تریدا، ئەوە سەلماندنی دیدوبۆچوونەکەی ئێمەیە:

بدە ئیزن ئەم قەسیدەی کوردییەش بێتە مەقامی عەرض

ئەگەرچی وەك شوعورم شیعرەکانیشم پەرێشانە

یان کە ئەڵێ:

موکەڕەربوو قەسیدەی بوردە نەشئەی عالەمی پڕکرد

بفەرموو بەم قەسیدەی کوردە نۆبەی نەشئە پێوانە

هەروەها:

کوردی زوبانی ئەسڵمە گەر تەرکی کەم بەکول

بۆ فارسی، بەکوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا

دیسان:

چەند گەوهەرێ لەجوهرە ضەم بەو لەئالییە

نەظمی بکەم بەکوردییەکی صرفی جوملەزان

هەم یادگاری ئەهلی کەماڵو ئەحیبەبێ

هەم رەهنوما بەوانە کەبێ عیلمنو نەزان

بڕوانن چۆن مەحوی ئەم گرنگیدانەی بەزمانی کوردی کردۆتە رێنمایی بۆ ئەوانەی بێ زانستو نەزانن؟

بەڵێ ئەم گرنگیدانەی مەحوی بەزمانی کوردی، بەڵکو ئەم شەڕکردنەی مەحوی لەسەر زمانی کوردی، کوردایەتییە، کام لەهەستیارەکانی تری سەردەمی مەحوی ئەم گۆمی زمانی کوردییەیان وەك مەحوی شڵەقاندوە؟ ئایا دوای مەحوی، بەڵکو لەم سەردەمەی ئێمەشدا، بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، چەندین شەهیدی نەبەخشیوە لەپێناوی ئەوەدا رادیۆیەك، رۆژنامەیەك، وانەی قوتابخانەیەك بەکوردی بێ؟

ئنجا مەهوی کە ئەڵێ

دوری مەبینە تۆ لەکەریمی بەهانە جو

هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشی بەئەبولوەفا

ئەمە، وەك لەوتارەکەی ژمارە (15) ئایندەمدا وتومە: مەهوی گەر پاڵپێوەنەری کوردایەتییەکەی نەبوایەو هەر موسوڵمانێتی بکردایە، ئەیوت (هەرچی ئیسلامە پاکی ببەخشێ) نەك هەرچی کوردە، بێگومان وشەی (هەرچی کوردە) هەمو کوردێك ئەگرێتەوە بەکوردی گاورو کوردی جوولەکەو کوردی ئێزیدو زەردەشتیو کوردی دیندارو بێ دینەوە.

جگە لەوانە، مەهوی کە بەراوردی خۆیو وڵاتی بابان ئەکات، دوای تێکچونی میرنشینی بابان، ئەوە تەواو لەهەستی جۆشخواردو و پیشخواردوی کوردایەتییەکەیەوەیەتی:

لەدەوری دڵمی کە دیی ئەم هەموو غەمو تەعەبە

دەرونی کەیلە لەزوخاوو دەردو تا بەلەبە

وتی: بیێ دڵە! وەك تۆ خەرابو شیفتە حاڵ

بەڵێ هەیە لەمن ئاشفتەتر: وڵاتی بەبە

ئەم هەڵبەستەی مەهوی، چەپی نەگەڕاوەتەوە لەو قسانەی خوالێخۆشبو شاکر فەتاح کە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول کردنیو بونە هۆی شەهیدکردنی، مەحویش دوای هەرەسی میرنشینی بابان ئەم هەڵبەستەی وتوە. ئەوە بۆ ئەو رۆژو بارودۆخە کەم نەبوە.

* ئایا مەسەلەی تەسەوفو پەیوەستبونی مەحوی بەڕێبازی نەقشبەندییەوەو خودی ئەو رێبازەش کە بەجۆرێك نزیکایەتی لەگەڵ رۆحی کوردایەتیدا هەیە.. دەشێ یارمەتی سەلماندنی نەتەوایەتیبونی مەحوی بدات؟

- زۆر وایە، من لەچەند نوسینی پێشتری خۆمدا وتومە: دوای شەپۆلی فتوحاتی عەرەبی ـ ئیسلامی کە کوردو فارسو تورك نەیانتوانی خۆیان لەبەریدا بگرن، فارس شیعەگەرێتی کردە قەڵغانی پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتیی خۆی، تورکیش بەوەی خەلافەتی بردە ئەستەموڵ، نەك لەڕوی نەتەوایەتییەوە هەر بێ زیان بو لەو شەپۆلە، بەڵکو سوودمەندیش بو، بەوەی قەوارەی نەتەوەیی خۆی پێپاراستو گەلێ وڵاتی تریشی کردە ژێردەسەی خۆی، لەو بەینەدا تەنیا کوردەکە بەدەستی بەتاڵ مایەوەو لەڕوی نەتەوەییەوە سەرگەردانبو وەك ئەیزانین، هۆی ئەوەش نەبونی هوشیاریی نەتەوەییبو لەناو کوردا.

ڕێبازی نەقشبەندی، ڕێبازێکبو کە ژمارەیەك لەبیریارانی کورد ویستیان وەك هەلێك بیقۆزنەوە بۆ هەمان ئەو مەبەستەی فارسو تورك. بەڵام بەداخەوە هەلێکی درەنگکاتبو، بێگومان ئەگەر کوردەکە هەموی، یا زۆربەی زۆری بکەوتایەتە سەر ئەو ڕێبازە، ئەوا نەتەوەی کورد ئەبو بەخاوەنی ڕێبازێکی ئاینی تایبەت بەخۆی، ئەوسا بەهۆی ئەو ڕێبازەوەو تێکەڵ بەهەستی کوردایەتییەکەی، ئەبو بەخاوەنی قەوارەی تایبەتیی خۆیو لەژێر دەستەیەتی نەتەوەکانیتر ڕزگاری ئەبو، ئەشی مەحویش وەك بیریارێکی هوشیار، وەك نەتەوەییەکی کورد، هەمان دیدوبۆچونی هەبوبێ، ئێستاش، وەك ئەڵێن: (دنیا ئەوەی ماوێتی، زیاترە لەوەی ڕۆییوە) بیریارانو زانایانی ئاینی کورد کارێکی لەو جۆرە بەئەنجام بگەیەنن، کەڵکێکی زۆری ئەبێ بۆ ئایندەمان.

* ئایا چۆن سەیری پەیوەندی نێوان ئەدەبو سیاسەت دەکەن؟ ئایا سیاسەت لای ئێمەی کورد زۆرجار زیانی لەلایەنی هونەریو داهێنان نەداوە؟ ڕای جەنابتان لەم بارەیەوە؟

- خۆی لەڕاستیدا، پێویستنیە پەیوەندی لەنێوان ئەدەبو سیاسەتدا هەبێ، بەڵام لەناو نەتەوەیەکی وەك کوردا، داگیرکراوو بەشبەشکراوو چنگ لەهەناوو بونی نەتەوەییمان نراو، بمانەوێو نەمانەوێ، ئەدەب تێکەڵ بەسیاسەت ئەبێ، چونکە ئەدەب لەزەمینەیەکی ئازادا گەشە ئەکات، هەر هیچ نەبێ بۆ بەدەستخستنی ئەو ئازادییە، ئەدەب خۆی تێکەڵ بەسیاسەت ئەکات، ئنجا بەڕای من سیاسەت لای ئێمەی کورد زۆرجار سودی بەئەدەب گەیاندوە نەك زیانی لێدابێ، هەروەها سیاسەت سودی بەلایەنی هونەریو داهێنان گەیاندوە.

تۆ سەرنج بدە، ئەگەر بەهۆی سیاسەتەوە نەبوایە کە نیمچە ئازادییەکی دەستەبەر کردوە لەباشوری کوردستاندا، لایەنی هونەریو داهێنان لەم ناوچەیدا وا گەشەی ئەکرد؟ نەتەوەیەك چۆن ئەتوانێ خاوەنی ئەدەبو هونەرو داهێنانی خۆیبێ ئەگەر نەك هەر قەوارەیەك یا نیمچە قەوارەیەکی تایبەتیی خۆی نەبێ، بەڵکو زمانەکەشی لێ قەدەغە بکری؟ لەبەر ئەوە تا نەتەوەی کورد، نەگاتە ئازادیو

سەربەخۆیی تەواو، نەك هەر ئەدەبو هونەرەکەی، بەڵکو وەرزشو خوێندنو سەیرانو خەوو خواردنیشی تێکەڵ بەسیاسەت ئەبێ، یا بەواتایەکیتر، سیاسەت سود بەهەمو ئەو لایەنانە ئەگەیەنێت.

* هەندێ لەنوسەرانی کورد زۆر پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە هەر نوسەرێك بەرەگەز کوردبێ، ئەوە بەهەر زمانێك بنوسێت هەر موڵکی کوردە.. بۆ نمونە یەشار کەمال، عەبدولمەجید لوتفی، سەلیم بەرەکات، بەتورکیو عەرەبی دەنوسن.. ئایا رای جەنابتان چییە لەم بارەیەوە؟ ئایا کوردایەتیبون لەڕێگای زمانو رەفتاری کوردانەوە دەسەلمێنرێت یان تەنیا بەرەگەز؟

- بەلای منەوە، هەستی نەتەوەیی دەوری سەرەکی ئەبینێ بۆ ئەو مەبەستانەی بەڕێزتان ئاماژەتان بۆکرد، نەك رەگەز یا زمان، ئەی من لەوەڵامی پرسیارێکتانا ئەموت: هەستی نەتەوەیی بەهێزترین کۆڵەکەی راگری بونو مانو ئایندەمانە؟ لەبەر ئەوە هاوکێشەکە بەم جۆرەیە:

• نوسەرێك لەنێوان نوسینەکانیەوە، ئەوە دەرکەوێ کە خۆی بەکورد ئەزانێو بۆ خزمەتی لایەنێك لەلایەنەکانی نەتەوەی کورد ئەنوسێت، ئەوە بەهەر زمانێك بنوسێت هەر موڵکی کوردە ئەگەرچی ئەو نوسەرە بەرەگەز کوردیش نەبێ.

راستە زمان کۆڵەکەی دوەمە، بەڵام کۆڵەکەیەکی یاریدەدەرە بۆ گەشەکردنی هەستە نەتەوەییەکە. واتا زمان هۆکارە (الوسیلە) نەك مەبەست (الغایە) مەبەست نەتەوەکە خۆیەتی، من بۆیە ئەڵێم پێویستە گرنگی بەزمان بدرێ، چونکە ئەزانم ئەبێتە هۆی گەشەکردنی هەستەکە، بەڵام ئەگەر کەسێك بەبێ فێربونی زمانی کوردیش ئەو هەستەی هەبێو گەشەی پێبدات، ئەوە خۆیشیو ئەو نوسینانەشی کە تەرخانە بۆ خزمەتی کورد، موڵکی کوردن.

بۆ رونکردنەوەیەکی زیاتر، با هەندێك نمونە لەسەر هەستی نەتەوەییو جیاوازیی رەگەزو جیاوازیی زمان بێنینەوە:

- کەسێك تەنیا باوکی یا دایکی کوردە، بێگومان هەستەکەی خۆی بڕیار ئەدا کە خۆی بەکام لەو دو نەتەوەیە ئەزانێ، نەتەوەی باوکی یا هی دایکی؟.

- من خۆم هەندێ جار لەگەڵ خەڵکی سویسرادا توشی مشتومڕ ئەبوم، ئەوان لەسێ زمانی سەرەکی پێکهاتون: ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتالی، کە هیچیان خۆیان بەنەتەوەی ئەڵمانی یا فەڕەنسی یا ئیتاڵی نەئەزانی، ئەیانوت ئێمە لەنەتەوەی سویسرین.

- ئێستا ئەمەریکاییەکانیش وایانلێهاتوە خۆیان بەنەتەوەی ئەمەریکی ئەزانن ئەگەرچی هەر کۆمەڵەیەکیان لەوڵاتێکی جیاوازەوە هاتونو بەزمانێکی جیاواز ئەدوێن.

- دکتور فوئاد لەوەڵامی سەرۆکی دادگایەکی تورکیدا کە پێی وت تۆ کوردی نازانی، بۆچی بۆ کرود خۆت ئەدەی بەکوشت؟ وتی: راستە من زمانم بەتورکی ئەدوێ، دەستیشم بەتورکی ئەنوسێ، بەڵام دڵم بۆ کورد لێئەدات.

لەبەر ئەوە یەشارو لوتفیو بەرەکات موڵکی کوردن، چونکە خۆیان بەکورد ئەزانن، ئەو نوسینانەشیان کە تەرخانن بۆ کورد موڵکی کوردن، بەڵام ئەگەر نوسینێکیان هەبێ تەرخان نەبێ بۆ خزمەتی کورد، ئەوە موڵکی کورد نیە، نوسینەکانی کەسێکی وەك (ئیسماعیل بێشکچی)ش، ئەگەرچی تەرخانن بۆ تاڕادەی سەربەخۆیی کوردستانیش، بەڵام چونکە ئەو خۆی بەکورد نازانێ، بەڵکو وەك تورکێکی هەقبێژو بەویژدان قسە ئەکات، موڵکی کوردنین.

* چۆن دەڕوانیە باری شیعری کوردی لەئێستادا؟

- وێرانە، بەتایبەتی ئەوانەی جارجار بەرچاوم ئەکەون لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان، رەنگە تاکە تاکەیەك هەڵبەستی باش هەبێ، بەڵام بەداخەوە بەرچاوم ناکەون، چونکە من ئەوەندەم کات نیە ئەو هەمو شتانە بخوێنمەوە کە ناوی هەڵبەستیان لێنراوە، هیوادارم ئەمە بەجۆرێك لەخۆهەڵکێشان نەدەنە قەڵەم،

باوەڕبكەن تامەزرۆی خوێندنەوەی هەڵبەستێكی چاكم، جاران ئێمە هەر ژین یا گەلاوێژ یا هیوا مان هەبو، هەموویانمان ئەخوێندەوەو ئەمانتوانی چاكو خراپ لەیەك جیابكەینەوە،، بەڵام ئێستا رۆژنامەو گۆڤارو دیوانی هەڵبەستو ناهەڵبەست ئەوەندە زۆرن، چاكیش لەناو خراپدا ونبوە! من وای بۆ ئەچم مەسەلەی پاداشت (موكافەئە)و چاپكردنی بەرهەمەكان لەلایەن دەزگاكانەوە، پاڵەپەستۆیەكی ئەوتۆی دروستكردوە كە خراپ نایەڵێ چاك دەركەوێ! ئەوە مەسەلەی هیزبایەتیش لەولاوە بوەستێ كە چۆن كەروێشكێك ئەكرێ بەئاسكێو ئاسكێك بەكەروێشك.

* ئایا ئەو شاعیرانەی كە جێگای سەرنجی ئێوەن كامانەن؟

- من بەر لەئێستاو ئێستاش (هەڵبەست) سەرنجم رائەكێشێ نەك (هەستیار)، لەو باوەڕەدا نیم هەمو هەڵبەستی هەستیارێك چاك یا خراپ بێ، هیوادارم هەلم بۆ بڕەخسێ بۆ خوێندنەوەی زیاترین هەڵبەست، بەتایبەتی هی نەوەی نوێ، لەو باوەڕەدام نەوەی نوێ هەڵبەستی چاكیان هەیە یا ئەیانبێ بەتایبەتی ئەوانەی بەهرەی هەڵبەستیان هەیەو گەشە بەو بەهرەیە ئەدەن بەزانیاریو مەشقكردن.

***تێبینی:***

***كامیل نیزامەدین كە نازناوی ژیرە، ساڵی 1934 لەدایكبوە، لەخێزانێكی خوێندەوارونیشتمانپەروەردا پەروەردە بوە، كۆلێژییاسای تەواوكردوە، ئێستاش بەكاری پارێزەرییەوە خەریكە، كامیل ژیریەكێكە لەو چەند كەسەی كە كۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەویەكێتی كوردیان پێكهیناوە - عەتا قەرەداغی***

---

**قانون اداره الدوله**

ئەمەش وەڵامە بە زمانی ئەرەبی بۆ پرسیارەكانی رۆژنامەی رایەت ئەلحوریە:

**ردا على اسئلة وجهتها راية الحرية**

**في عددها 66 ليوم 2004/8/16**

**كامل ذير: أرى قانون ادارة الدولة مجرد خدعة للشعب الكوردي،**

**لأنه لامعنى للفيدرالية من غير مجلس الأقاليم**

*** كيف تنطر الى التداخلات التركية في شؤون كوردستان العراق، والى اجتماعاتها مع دول الجوار ضد الكورد؟**

**- لايخفى على احد بأن تركيا لازالت تحن الى الامبراطورية العثمانية، والحقيقة أن الشعب التركي لم يكن اصلايعيش في هذه البقعة الجغرافية المسماة حاليا بتركيا، انه اصلا من بقايا المغول الذين اتوا زحفا الى هذه المنطقة واستوطنوا فيها، وهم يتقاطعون مع احفاد هولاكو وجنكيزخان، ومبدأهم ا لظلم والتعدي على الغير.**

**كان جنوب كوردستان قبل تأسيس الدولة العراقية جزءا من الإمبراطورية العثمانية، وبعد الحرب العالمية الثانية ووفقا لمصلحة بريطانيا انتزع جنوب كوردستان وضم الى الدولة العراقية الحديثة بسبب وجود بترول كركوك، بالإضافة الى خيرات كوردستان الكثيرة، ارادت بريطانيا من هذا الإجراء أن تضع العرب في العراق حراساًعلى آبارنفط كركوك ورقباء على الشعب الكوردي. في البداية كانت هناك خلافات كثيرة بين تركيا وبريطانيا والعراق حول هذا الإجراء، ولكن في النهاية تم ارضاء واسكات تركيا، ولكن تركيا لازالت تحلم بجنوب كوردستان، ولهذا السبب تقف دائماً بالمرصاد امام حقوق الشعب الكوردي في جنوب كوردستان، ومن هنا نجدها تقوم بعقد اجتماعات للتآمرعلى الكورد.**

**كانت تركيا خلال السنوات المنصرمة تتدخل في شؤون العراق بصورة عامة وفي شؤون كوردستان بصورة خاصة، بحجة القضاء على حزب العمال الكوردستاني، كانت حكومة صدام حسين آنذاك ضعيفة، كما ان العراق نفسه قد سمح لها بالتدخل في اراضيها الى حوالي 15 كم، فيما تركيا تجاوزت تلك المسافة.**

*** لماذا الحكومة العراقية صامتة؟**

يعود هذا الصمت لسببين: الأول هو ان الحكومة العراقية لم تثبت الى الآن أقدامها ولايمكنها الإمساك بزمام الأمور كلها، وأما السبب الثاني فهو أن بعض الجهات العربية والتركمانية التي لها النفوذ في الحكومة المؤقتة ترى ان التدخل التركي بشؤون العراق يخدمها.

حقيقة لا أدري لماذ الخوف من الكورد؟ وحتى قانون ادارة الدولة العراقية المؤقت الذي أقر الفيدرالية لكوردستان العراق هو أقرار غير متكامل، ذلك لأن من مستلزمات الدولة الفيدرالية وجود مجلسين هما المجلس الوطني (البرلمان) ومجلس الأقاليم، أي أن السلطة التشريعية في الدولة الفيدرالية يجب أن تتضمن هذين المجلسين، فكما هو معلوم يكون التمثيل في المجلس الوطني حسب النسبة السكانية، بينما مجلس الأقاليم يكون التمثيل فيه حسب المساواة بين الأقاليم. بالنتيجة فإن مجلس الأقاليم لاوجود له اصلا في هذا القانون، ومع ذلك تجاهل الجانب الكوردي وخصوصاً الجهات المشاركة في السلطة ببغداد هذه الحقيقة، وبالتالي أرى أن هذا القانون مجرد خدعة للشعب الكوردي، لأنه لا وجود لمعنى الفيدرالية فيما هي تفتقر الى مجلس الأقاليم. ولكن مع الأسف نرى الأحزاب الكوردستانية وبالذات الحزبين الرئيسين صامتة تجاه هذه المسألة المهمة، وذلك لأجل المصالح الحزبية الضيقة لا أكثر ولا أقل.

* لكل شعب حق تقرير مصيره وهذا بند واضح في ميثاق الأمم المتحدة، السؤال: متى يشهر الكورد مطالبتهم بهذا الحق؟

- ان من حق الشعب الكوردي والأمة الكوردية المطالبة بهذا الحق والعمل من اجله، أي من أجل الاستقلال، وبإعتقادي الظرف مؤات لأن يكون لجنوب كوردستان كيان مستقل ودولة مستقلة وليس لتهديدات تركيا أو غيرها من دول الجوار أية أهمية وهذه التهديدات ليست الا تصريحات لا تتعدى الكلام الفارغ.

## لا يا صديقي الخبز ليس من عمل القصاب

**تمهيدا لحوار أخوي مع الدكتور كمال مظهر**

انه من جيلي المضطهد، وابن بار لمدينتي المناضلة، ورفيق لي في مسيرة قوامها مئات الكيلومترات في الطرق الجبلية الوعرة مشيا على الأقدام، أو ركوباً على بغل مجازف وحمارخنوع، نحوالالتحاق بثورة ايلول المجيدة.

انه اختار ذلك الحمار بمحض ارادته، لكنه لم يخف حسده (ولو على سبيل النكتة) عندما يكرر قوله طوال المسيرة، بأن للمحظوظ سوبر بغل وللمنكوب حماروفيج (نسبة الى سوبر صالون وموسكوفيج) وفي معرض جوابه على فكرة التبادل، كان يقول: بأنه يفضل الخنوع على المجازفة، وقد انعكست هذه الكيفية في كل منا بما لنا من تركيب فكري وعضوي.

انه اتجه نحو الانزواء ليتفرغ لكتابة التأريخ، وحسنا فعل ذلك،لأن هذا المسلك ينسجم مع طبعه في الحياة، الا وهو الابتعاد عن المجازفة، أما أنا فقد رافقتنى السياسة منذ نعومة أظفارى. والسياسة بحد ذاتها مسلك من مسالك المجازفين، خاصة لدى الشعوب المضطهدة، وكم تعرضت للاعتقال والتعذيب والنفى والتهديد ومحاولات الأغتيال من مختلف السلطات الحاكمة بسبب انتماءاتي الحزبية ومواقفي المعارضة والتحدي لكل ما يسمى بالأمر الواقع في ميدان السياسة، من تلك المجازفات على سبيل المثال لا الحصر، عضويتي في الحزب الشيوعي الذي كان ألد أعداء السلطة في العهد الملكي ثم عضويتي لقيادتي كاذيك وباسوك المناضلين من أجل الأستقلال[1] وتوجهى نحو باريس لادارة اذاعة معارضة لمحتلي كوردستان[2] اضافة الى أشعاري و مؤلفاتي وكتاباتي ومحاضراتي حول الأستقلال وبأسمي الصريح، لذا كان من الطبيعي أن نقسم البغل والحمار بيننا في تلك المسيرة على النحو المذكور، غير أن هذا الصديق، وبعد سقوط النظام البعثي، يأتي الى السليمانية ويلقي محاضرة في الجامعة فحواه (اخماد الروح الثورية لإستقلال كوردستان ولو دون القصد)، خلال أفضل فرصة لتحويل الكيان السياسي القائم في جنوب كوردستان الى دولة مستقلة لتكون نقطة انطلاقة لتحرير بقية الاجزاء غير المحررة من كوردستان.. الأمر الذي أدى بي الى الرد عليه في نفس القاعة، ونالت ردودي رضا واستحسان جمهرة الحاضرين من خلال

التصفيق الحاد والمصافحات الكثيرة من الجمهور دون أن يتمكن هو من الادلاء باجابات موضوعية مقنعة. الا انه يحاول الآن تبرير ما أورده في تلك المحاضرة من خلال حديثه لصحيفة راية الحرية الغراء في عددها **66** ليوم **2004/8/16** وياحبذا لو لم يأت بهذا التبرير وبقي الموضوع طي النسيان، كما سأتطرق اليه بعد قليل، ولكن قبل ذلك، أود أن أذكر، بياناً للحقيقة والتأريخ، أنما ورد في تلك المحاضرة وذلك الحديث، لم يأت عن سوء القصد والنية. انه قدم أفضل خدمة لبني جلدته من خلال كتاباته المبدعة عن التأريخ، وهو بحق أفضل المؤرخين الكورد في عصره، وهو صادق في قوله بأنه يحلم باستقلال كوردستان ولو شتان مابين الحلم والعمل. أما الأشكال، فأنه يكمن في تجاوز الأخ للحدود الحمراء. واعني الخط الذي يتجاوزه القصاب ليجعل من نفسه خبازاً، وتلك هي العلة في الاخفاقات المتكررة للحركات الكوردية التحررية طوال تأريخها الحافل بالفشل والخسران بسبب قيام الجاهلين بالسياسة بنصب انفسهم على قمة الهرم في تلك الحركات والثورات وبالتالي الحيلولة دون أخذ الساسة المحنكين بزمام الأمور، والنتيجة الفشل والخسران.

من هذا المنطق، انني أتوجه بالرجاء الى أصحاب الكفاءات العلمية الذين لاعلم لهم بالسياسة عدم اضاعة أوقاتهم الثمينة بمثل هذه المحاضرات. والا يقعون في اخطاء تمس شخصياتهم العلمية كما في الأخطاء التي وقع فيها الأخ العزيز الدكتور كمال مظهر وهي:

**1**- انه يتكلم عن العقل في حديثه لراية الحرية بصيغة توحي بأن العقل هبة من الله الى الخنوعين الخاضعين للأمر الواقع دون سواهم من البشر، وخاصة الذين يتحدون الأمر الواقع ويصنعون المعجزات بمجازفاتهم الشجاعة، الحقيقة أن العقل قد أثبت قدرته العظيمة عند مجازفاته وتحدياته للأمر الواقع وجعل اللاممكن ممكناً. أن مقولة السياسة فن الممكنات هي مقولة تروج لها أصلاً الأقوياء الظالمون، لكبح جماح الضعفاء المظلومين، ويرددها أصحاب المصالح الخاصة والنفوس الضعيفة والعقول

الجامدة. فلولا القدرة المجازفة الخارقة للعقل وتحديها للأمر الواقع، لما تقدمت البشرية ولبقيت على حالتها البدائية ان لم تؤل الى الزوال.

انه يحذرنا في حديثه بأن لانجازف ولانتجاوز الخط الأحمر، جاهلاً أومتجاهلا بأن السياسة هي بحد ذاتها مجازفات وتجاوزات للخطوط الحمراء، فلولاهما، لما قامت الحركات التحررية للشعوب ولما حدثت الثورات والانتفاضات بوجه الطغات. ان الثورات الكوردية وانتفاضة آذار والهجرة المليونية بوجه أكبر طاغية في العالم، كانت أكبر مجازفة وتجاوز للخطوط الحمراء التي وضعها الطاغية بجيشه الجرار وأسلحته الفتاكة وقوانينه الصارمة، والنتيجة كانت اقامة الكيان السياسي الكوردي في المنطقة الآمنة. أما مجرد الحلم، حسب قوله فأنه لايغير من الواقع شيئا، فكم من الشعوب الجامدة أوالمسلمة (بفتح السين) بمفهوم الأمرالواقع، أوبمبدأ تحقيق الأستقلال شيئا فشيئا دون المجازفة، انصهروا في بودقة غيرها من الشعوب الحية المجازفة والمغامرة؟ وخير دليل على ذلك، الزحف المغولي لاسيا الوسطى والفتوحات العربية الأسلامية اللذين أديا الى توسيع رقعة أوطانهما على حساب أوطان غيرهما من الشعوب وبالتالي ابتلاعهم أثناء ما كانوا هم في انتظار جودو، أو السير بسرعة السلحفاة، حسب مبدأ تحقيق المبتغى شيئا فشيئا وحسب الدكتوركمال مظهر هكذا فأن من يرفع شعاراستقلال كوردستان، يرفعه عن عقل سليم وليس عن العاطفة، بالأضافة الى استفادته من النتائج المأساوية عن تجربة العيش المشترك مع تلك الشعوب.

2- انه، وفي معرض اجابته لسؤال من راية الحر ية مفاده: ماذا تعني بالخطوط الحمراء؟ يقول: (مثلا أن تأتي تصرفاتنا بشكل تسبب في وقوف مجموعة من دول المنطقة في موقف العداء منا، أنت تحالف ضدنا)!! كأن تلك الدول ليست اعداء لنا ولم تتحالف ضدنا وكأن مجرد تسمية انفسنا بالكورد لم تشكل جريمة عقوبتها الأبادة الجماعية عبرالتأريخ وهو خيرالعارفين بذلك!!

3- لاياصديقي العزيز، لاتقم بألقاء مثل تلك المحاضرة أو ذلك الحديث وانك غير مختص بالسياسة رغم كونك عالما بالتأريخ، والا تقع في اخطاء أخرى، كخطأ قياس ا لمعضلة الكوردية بمعضلة الألزاس واللورين، وشتان مابين الشعوب الشرق أوسط بة والشعوب الأوروبية ألم تقل في حديثك: (أن وجود العبيد والجبور في المناطق المتآخمة لكوردستان يعود الى أواخر القرن الثامن عشر والى أواسط القرن التاسع عشر؟ بينما يعود وجود الكورد في تلك المرابع الى الاف السنين، وبشهادة زينفون سنة 401 قبل الميلاد ج)؟ أيمكن أعادة تلك المرابع ومعها بلاد مابين النهرين الى كوردستان أو استعادة حدودنا المائية لغاية بحر الأبيض والخليج بمثل ماتم اعادة الألزاس واللورين الى فرنسا؟؟

4-ماذا تقصد بكلامك: (أن يومنا افضل من أمسنا)؟ وانك عالم بالتأريخ وبأن أيامنا تتجه من سيء الى أسوأ وان رقعة كوردستان تتقلص باستمرار بسبب عمليات التتريك والتفريس والتعريب والابادة في ظل الأحتلال والعيش المشترك مع هؤلاء الشعوب وتقسيم وطننا وامتنا فيما بينهم.

5- من الذي يكتب ويعمل بالعاطفة ويتصف باللاعقلانية؟ الذين يرفعون شعار استقلال كوردستان ويعملون من أجله؟ أم هؤلاء الذين يشاركونك في قولك: (أنا أؤكد بأن حق تقرير المصير للشعب الكوردي لايعني بالضرورة الأنفصال، بل يعني أن يقرر الشعب الكوردي مايريد، مثلا أن يقرر أن يكون الاتحاد اختياريا)!!

- ألايعني ذلك الأتحاد، الأستمرار على ماهو مستمر؟

- ألا يعني ذلك الأتحاد، الأبقاء على تقسيم كوردستان؟

- هل يعقل أن ترتقى تلك الشعوب مرتبة الشعبين الفرنسي والألماني أو السويسري والأمريكي؟؟

- هل أن الديمقراطية قميص تتبدل بتبديل أنظمة الحكم في أي من الدول المحتلة لكوردستان؟

- كم من الأنظمة تغيرت لتلك الدول، وكم من الدساتير ألغيت وحلت محلها غيرها من الدساتير، وبعضها نص على الشراكة في الوطن، وقوانين شرعت واتفاقيات أبرمت بشأن حقوق الكورد؟ والنتيجة، الأبادات الجماعية لنا؟؟ لماذا ننظر الى الشعبين التركي والعربي من خلال عدد من الأشخاص لايتجاوز عددهم أصابع اليدين؟ ومعلوم أن عامة هذين الشعبين هم أنفسهم دون التغير و (أن النخبة منهم تكاد لاتعرف شيئا يذكرعن تأريخ الشعب الكوردي ويتصورون بأن كوردستان كانت جزءا من العراق منذ الأزل، من قال وابلىـ حسب ا قراركم في راية الحرية)

- هل مجاملة عشرة أشخاص من مجموع أكثر من ربع مليار من العرب والترك، قد حركت عاطفتك وأدت الى وقوعك في تلك الأخطاء؟ كم من هؤلاء قطعوا وعودا فضفاضا قبل تسنمهم دست الحكم ثم نكثوا بوعودهم!؟

- لماذا تمهد للاتحاد ولو اختياريا؟ أيوجد كوردي شريف عاقل أن يفضل الأتحاد (مع كل تلك المساويء) على الاستقلال الذي هو دواء لكل داء لأمتنا الكوردية؟؟

- وأخيرا وليس أخرا،ألم اكن على حق، والحالة هذه، عندما قلت لك بعد المحاضرة: مامعناه انك لاتؤيد ولاتميل الى استقلال كوردستان؟أرجوأن أكون مخطئا واني أكن لك كل الأحترام

---

**<u>كوردو سياسەت</u>**

لەناوەڕاستی مارتی 2010، رۆژنامەنوسێکی لاوی ئەرەبیزان ماجید مهەمەد مستەفا بەکۆمەڵێ پرسیارەوە هاتە دیدەنیم. پرسیارەکانی بەئەرەبیبون بۆئەوەی لە بەشی ئەرەبیی رۆژنامەی هاولاتی بلاوی بکاتەوە. ئەنجام لە (www.hawlati.info) رۆژی 2010/4/4 بلاوکرایەوە. بەئینگلیزیش لەسایتی allvoices کەسایتێکی ئەمریکیەو گرنگیئەدا بەهەوالەکانی جیهان، بلاوکرایەوە.

ئەمەش دەقە ئەرەبییەکەی هەڤپەیڤینەکە:

"رئيس المؤتمر الوطني لجنوب كوردستان: كلما اقترب الكورد من عواصم المحتلين، كلما ابتعد عن النضال من اجل تقرير مصيره
**4/4/2010**

**في هذه المقابلة التي اجريت مع كامل ژير رئيس المؤتمر الوطني لجنوب كوردستان يسلط الاخير الضوء على القضايا الكوردية المصيرية الملحة ودور الاحزاب فيها، ومدى تأثر الاحزاب الكوردية بالعواصم المحتلة واستخدامها من قبل البعض لافشال القضية الكوردية والقضاء عليها.**

**اجرى الحوار: ماجد محمد مصطفى**

*** الاستاذ كامل ژير بتلك الصفة وبما لديكم من تجربة ونشاط حافل في العمل السياسي، ماذا عن البدايات؟**

**- كأن القدر كتب على اعماق كل كوردي ومنذ طفولته ان يتفاعل مع السياسة ويمارسها. والسبب هو حالة الاحتلال التي افرزت الظلم والاستبداد على جميع الشرائح والطوائف والمذاهب الكوردية طوال تأريخهم الحافل بالثورات والمقاومة التي ادت الى مزيد من الكوارث والويلات عليهم. ولأجل الخروج من تلك الحالة المأساوية، اخذت السياسة تنبت في اللاوعي الكوردي الجمعي، فيحاول كل فرد منهم ان يمارسها فعلا او قولا او في قرارة نفسه وهو اضعف الايمان.**
**اما المحرك الاول الذي جعلني ان اشغل جانبا من افكاري بالسياسة.. كان دوي طائرة استطلاع دخلت سماء السليمانية سنة 1939 وكان عمري انئذ خمس سنوات فقط. فقد خلقت تلك الطائرة حالة خوف في نفوس سكان المدينة، فترك الموظف دائرته واغلقت الحوانيت وكان السبب في ذلك هو الويلات التي عانت منها اهالي السليمانية من الطائرات البريطانية التي كانت تقصف السليمانية بلا رحمة وتمييز قبل بضع سنوات من ذالك التاريخ لأخماد ثورات الشيخ محمود الحفيد اضافة الى مآسي 6/ايلول 1930 ثم اندلاع الحرب العالمية الثانية في نفس السنة ودور الطائرات الحربية التي كانت تترك الدمار والمئات من القتلى يوميا في شتى انحاء العالم،**

وبذالك تفاعلت مع تلك الاحداث وتوسعت آفاق فكري من خلال احاديث مجالس اسرتي وبالاخص المفكرين منهم وهم الشاعرين الوطنيين الكبيرين شيخ سلام وهو خال والدي، و أ.ب.هه ورى وهو شقيقه واخرون من اقاربنا، فتعلمت الدروس الاولى من السياسة وعلمت باننا امة نعاني من التجزئة والتقسيم والاحتلال والاضطهاد ومحروم من الدولة القومية لنا، فعاهدت على نفسي ان اناضل من اجل ازالة تلك المظالم، وعند بلوغي 14 سنة دخلت تنظيمات الحزب الشيوعي سنة 1948 ظانا مني ان مفاتيح استقلال وحرية الشعوب تجد نفسها في دهاليز موسكو حسب مزاعم الشيوعيين. وعندما خاب ظني في ذلك بعد اعلان النظام الجمهوري اليساري في العراق ودور الحزب الشيوعي في محاربة كل تيار قومي تركت ذلك الحزب رغم تضحياتى الجسام من اجله او بسببه من قبيل اعتقالات متكررة ونفي مرة الى الشعيبة ومرة اخرى الى ابي غريب وانقطاعي عن الدراسة، ثم أقدمت مع عدد من المثقفين الى تأسيس تنظيم قومي كوردي عقائدي بأسم(كاذيك) اي جمعية حرية واحياء واتحاد الكورد وذلك بتاريخ 1959/4/14.

وبعد اندلاع ثورة ايلول، وضع كاذيك امكانياته وكوادره في خدمة الثورة. وفي سنة 1974 وبعد استئناف القتال مع نظام بغداد وبغية توحيد صفوف الثورة، قرر كاذيك تعليق نشاطه وبعد انهيار الثورة اقدم عدد من شباب الكورد من انصار كاذيك وغيرهم على تأسيس تنظيم كوردي قومي عقائدي اخر سنة 1975 بأسم (باسؤك) على غرار كاذيك ووفق نفس فلسفة واستراتيجية كاذيك . ثم قام عدد آخر من قادة وانصار كاذيك في اوربا الى تأسيس تنظيم آخر بأسم المؤتمر الوطني الكوردستاني KNC هدفه ان يكون مظلة لجمع شمل الاحزاب الكوردية في جبهة دائمة وتوجيه نشاطهم صوب النضال من اجل الاستقلال. اضافة الى دور المؤتمر في نشر الوعي القومي من خلال ادبياته وموقعه في الانترنيت ثم دور المؤتمر في تعريف القضية الكوردية بشعوب وحكومات العالم.

*** ما مدى استجابة تلك الاحزاب لاهداف المؤتمر وبالاخص النضال من اجل الاستقلال؟**

**- صفر**

*** لماذا؟**

**- لأنهم ليسوا احزابا قومية بالمعنى الصحيح اضافة الى معاناتهم من عقدة التبعية لمحتلي كوردستان، كما ليس لهم مواقف مبدئية ثابتة ولا استراتيجية واضحة في مناهجهم ناهيك عن سنوات القتال فيما بينهم وتفشي الفساد في صفوفهم وغيرها من السلبيات.**

*** والحل؟**

**- الحل هو الغاء الحزبية، اذ لاتصلح الشعوب غير المتحررة لأقامة النظام الحزبي فيها. الاحزاب في مثل هذه المجتمعات ليست الا اسفينا في جسد الامة وكابوسا عليها وبؤرة للفساد ووسيلة بيد المحتلين لشق صفوف المجتمع وجعله ضعيفا مشلولا وحقلا خصبا لنمو جراثيم التفرقة او لتسهيل تنفيذ مبدأ فرق تسد الذي تتبناه المحتلون ازاء مستعمراتهم. والاحزاب الكوردية القائمة ونتيجة لعقدة التبعية لمحتلي كوردستان منذ قرون، هي اكثر سوءا من غيرها من احزاب الشعوب ذات الكيانات السياسية الخاصة بهم.**

**ومن الناحية العلمية فقد وجدنا الاحزاب الكوردية كيف كانت تخلق شتى انواع الذرائع لتعثر عدد من الفرص للاستقلال واستبدالها بشعارات تافهة من قبيل الروابط التاريخية والديمقراطيات المزيفة والحكم الذاتي او الفيدرالية او التمسك بالدساتير التي لا تعمل بها السلطات المركزية نفسها وهي في الحقيقة ليست الا حبرا على الورق وقابلة للتعديل والالغاء. وقد رأينا عددا من الدساتير العراقية تغيرت من سيء الى اسوأ! فالدستور كما وصفه صدام حسين (هو ورقة نكتبها اليوم ونمزقها في اليوم الثاني!).**

*** موقفكم من حركة التغيير؟**

**- كنا من المؤيدين لها لعدة اعتبارات:**

**اولا: لأنها لم تكن حزبا على نمط الاحزاب الاخرى القائمة بل كانت حركة جماهيرية عارمة بغض النظر عن خلفيات رموزها.**

**ثانيا: كان من الضروري ادخال معارضة الى برلمان كوردستان لتقف حائلا امام ذلك الفساد الذي كاد ان يقضي على حكومة اقليم كوردستان العزيزة التي تأسست بدماء الاف الشهداء.**

**ثالثا: قد تكون هذه الحركة بديلا للاحزاب التقليدية القائمة وربما تقود الحركة التحررية الكوردية نحو الاستقلال، وقد سبق للسيد نوشيروان مصطفى ان اعتز بقطعة من قصيدة للشاعر م.نوري الذي ينادي فيها الاستقلال وكان ذلك الاعتزاز الى درجة دفع به ان يضع تلك القطعة على الغلاف الاول من كتابه( له كه نارى دانوبه‌وه بؤ خرى ناوزةنك).**

**لكن الان اختلف الامرحينما وجدنا هذه الحركة هي الاخرى تتجه نحو بغداد وبرلمان بغداد او نحو المناصب الحكومية في بغداد، لاعتقادنا ان بغداد وطهران وانقرة ودمشق لايحل مشاكل شعبنا كما لاجدوى من اشغال الوظائف الحكومية في تلك العواصم بما فيها رئاسة الجمهورية او اي منصب آخر مادام هؤلاء القوم لايقرون حق امتنا في تقرير مصيره لا بل وحتى الحاق ما يسمى بالمناطق المتنازع عليها، باقليم كوردستان! لذا فكلما اقترب الكورد من عواصم محتلين، كلما ابتعد عن النضال من اجل تقرير مصيره. وقد رأينا بأم اعيننا خلال الخمس سنوات الماضية عدم استطاعة تلك الاعداد الهائلة من البرلمانيين والوزراء وكبار الموظفين من الكورد بما فيهم رئيس الجمهورية من استعادة قرية الى الاقليم. هذا وللكورد تجارب طويلة لأشغال درجات رئيس الوزراء والوزراء وقيادات الجيش وعضوية البرلمان وغيرها في بغداد منذ العهد الملكي واخيرا نائب رئيس الجمهورية في عهد صدام دون حول لهم ولا قوة في دفع عجلة القضية الكوردية نصف خطوة الى الامام.**

والان نقف موقف المراقب لحركة التغيير تلك عما اذا تنتهج نفس النهج التبعي للمحتلين ام تتجه نحو المسار القومي الصحيح؟ وسوف يكون لكل حادث حديث.

* ماهو اهم انجازات المؤتمر بصفتكم من ابرز اركانه؟

– ان تأسيس المؤتمر بحد ذاته يعتبر انجازا مهما وقد قام المؤتمر بعقد ست مؤتمرات عامة لحد الان شارك فيها ممثلو بعض الاحزاب الكوردية وشخصيات كوردية بارزة وعدد من ممثلي الحكومات والبرلمانيين والصحافة الاوروبية كما وردت سيلامن برقيات التعاطف للمؤتمر ولقضيتنا الكوردية من لدن رؤساء بعض الدول الكبرى. ثم ساهم المؤتمر في تأسيس حكومة غربي كوردستان في المنفى. واهم مايقوم به المؤتمر منذ تأسيسه هو نشر الوعي القومي الكوردي عن طريق مقرراته ومؤلفات وسمينارات كوادره ومجلته وموقعه في الانترنيت وابداء ارائه الموضوعية تجاه مختلف الاحداث العالمية والاقليمية والمحلية المتعلقة بقضيتنا الكوردية.

* هل لدى المؤتمر عدد من الاعضاء يوازي الاحزاب الكوردية القائمة على الساحة الكوردستانية؟

– المؤتمر ليس حزبا كي يقوم بجمع الاعضاء وتنظيمهم في خلايا او منظمات تابعة لها، انه حركة فكرية اكثر مما يكون تنظيما على شاكلة التنظيمات الحزبية. ان مهمة المؤتمر هي نشر الوعي القومي الكوردي كما اسلفت ثم تعريف القضية الكوردية للعالم ثم العمل على تقريب وجهات نظر الاحزاب الكوردية وجمعهم في جبهة موحدة لتوحيد قواهم العسكرية وازالة المصالح والخلافات الحزبية الضيقة في مرحلة النضال التحرري على الاقل. وان هذه المهام لاتحتاج الى الكم من الاعضاء بل تحتاج الى النوع من الاعضاء والانصار.

* الى متى!؟ واذا استمرالامر على ماكان عليه الان؟

– عندئذ لايستبعد تحويل المؤتمر الى حركة جماهيرية واسعة لتحقيق هدفه الاساسي وهو الحرية والاستقلال.

* كيف تقرأ مستقبل الكورد في العراق الحالي؟

- دعني ان اجيب على هذا السؤال بشيء من التفصيل متضامنا مع ماذهب اليه الكاتب الكوردي القدير (أحمد قرداغى) في مقاله القيم غير المنشور بعنوان: عقد ممتدة عبر التأريخ.

ان العناصر الرئيسية التي تشكل النسيج الاجتماعي للدولة العراقية الحديثة لها خصائص متميزة تستمد قوتها من عقد تاريخية كامنة في اللاوعي الجمعي لتلك العناصر او التركيبات الاجتماعية ويمكن اختصار الحديث عن تلك العقد والاثار المترتبة عليها بما يلي:

1- الشيعة: وهم يشكلون الاغلبية في المجتمع العراقي وهؤلاء يعانون من عقدة الاحساس بالذنب التاريخي وهي عقدة تمتد بجذورها الى واقعة كربلاء التاريخية وفاجعة الامام الحسين(عليه السلام) ممن كان يفترض فيهم مناصرته والجهاد معه. كما ان الشيعة قد شاع فيهم نوع من(الماسوكية) يمكن ان اسميه(عقدة الظهور في دور المظلوم) وذلك من جراء تعرضهم للاضطهاد والقمع منذ العهد الاموي وعلى امتداد التاريخ الاسلامي وكان من نتائج ذلك الوضع ان اصبح الشيعي في كثير من الاحيان(وبصورة لا واعية) اكثر ميلا لان يكون ضحية ومظلوما على ان يكون متجبرا وظالما، وقد تبينت هذه الحقيقة عند مشاهدة نوري المالكي مساء يوم الجمعة 2010/3/26 في شاشة التلفزيون بعد اعلان نتائج انتخابات 7/آذار كيف ظهر في دور المظلوم الذي يتخبط ويتظلم من تلك النتائج وهو لم يزل رئيسا للحكومة وبيده سلطة الحكم وتحت امرته القوات العسكرية والمدنية! والمتبع هو تظلم المعارضة وليس العكس!

2- الكورد: واولائك قد عانوا الكثير من الظلم والتسلط على امتداد تاريخهم، ولقد كان الحاكم الفعلي في كوردستان في معظم الاحيان(ان لم نقل في كل حين) اجنبيا محتلا. وهكذا فقد استقر في لاوعي الكوردي ان حاكمه لابد ان يكون(غير كوردي) وهذه العقدة التاريخية اللاواعية لايستثنى منها ذلك الكوردي الذي قد يصبح بامكانه ان يحكم يوما ما شعبه، فهو غير واثق( على مستوى اللاوعي على الاقل) من كونه

اهلا ليكون بديلا للحاكم الاجنبي، وقد ينجح مثل هذا الحاكم في ان يحكم شعبا اخر في حين يفشل في حكم شعبه وذلك بفعل هذه العقدة التي لها تاثير مزدوج، اي تأثير على الحاكم وتأثير على المحكوم في نفس الوقت وقد تبين هذه الحقيقة من عراقية الطالباني اكثر من العراقيين الذين ينادون بان العراق جزء من الامة العربية وانه يتمسك بوحدة العراق الى درجة اكد فيه لنائب الرئيس الامريكي جوزيف بايدن بان( مشروعه المقترح لتقسيم العراق لن يلقى الاستجابة من المكونات العراقية.. دعنا نحل مشاكلنا العراقية بطرقنا الخاصة بنا) كما انه دائما يرفض فكرة الدولة الكوردية ويصفها بحلم الشعراء كأن الكورد يعيش في جنات عدن يجري تحتها انهار من السعادة بوحدته مع محتليه! وبذلك انه مؤهل لرئاسة الجمهوررية لدورة ثانية اكثر من غيره من غير الكورد الذى قد لايسمح لنفسه (من باب رعاية المشاعر على الاقل) ان يصف الدولة الكردية بمثل ذالك الوصف.

3- العرب السنة: ان هؤلاء وبفعل امتداد الحكم القهري التسلطي للحكام المسلمين السنة والذي ابتدأ منذ العهد الاموي ومرورا بالعهد العباسي وممتدا الى العهد العثماني وانتهاءا الى مايمكن ان يعرف بعهد الحكومات العربية الوطنية الحالية، قد تعودوا على الحكم الاستبدادي الفردي. ويمكن ان نقول انهم الى حد ما قد استساغوه واستلذوه. ولقد ساهم البعد الديني وجهود وعاظ السلاطين من رجال الدين في اضفاء بعد قداسي على ذلك النوع من الحكم والتحكم.

لقد تعاقب الحكام المستبدون على امتداد حقب طويلة فكون ذلك في مخزون اللاوعي الجمعي للناس مفهوم وجوب كون الحاكم مهيبا قويا ذا جبروت وبطش.

وهكذا انتهى الامر الى ايجاد نوع من الانجذاب او التعلق بالحاكم القوي المستبد والى تفضيل حكمه على حكم من نوع اخر قد يكون منفتحا وعادلا ولكنه( في اعتقادهم) هش وضعيف ومعرض لان يكن مدخلا الى الفوضى والتفكك وانعدام الاستقرار.

وكمثال على ذلك نعيد الى الاذهان ذلك التعليق(غير الطبيعي وغير المبرر) من قبل الكثير من العرب السنة في العراق وخارجه بحاكم العراق السابق(صدام حسين) واضفاء لقب (قائد الضرورة) عليه وتمجيده ايام حكمه وبعد رحيله كذلك، وكمثال

اخر لذلك المخزوناللاوعي: فقد شاهدنا اياد علاوي على شاشة التلفزيون بعد اعلان نتائج انتخاباتا 7/آذار كيف كان يفتخر بانه سيشكل حكومة قوية ذات بعد عربي واسلامى. ولتلك القوة وذلك البعد فى كلام علاوى معان وتفسير!

وعلى ضوء ما ذكرت فأني ارى ان امكانية تآلف المكونات الاجتماعية الرئيسية في العراق او اندماجها الطبيعي في كيان سياسي موحد ومتعايش امر بالغ الصعوبة (هذا ان لم اقل امر غيرممكن). وقد يقول الكثيرون ان هذا غير صحيح وانما التجربة الراهنة في العراق اثبتت الى حدما امكانية نجاح نوع من التآلف، ولكني اضيف الى ماذكرته بانه حتى لوسلمناجدلا بتحقيق بعض النجاح في الجمع بين المكونات العراقية غير المتجانسة، فلا يجوز ان ننسى ان ذلك قد تم في وجود الرعاية (او بالاحرى الوصاية الامريكية).

وعندما يغيب العامل الامريكي او يضعف دوره لاي سبب كان ( وهذا ماسيحدث عاجلا ام آجلا) فأن الاوضاع ستتأزم لتأخذ ابعادا تصعب السيطرة عليها وسوف لن تنفع التوافقات الشكلية والمجاملات الاستعراضية في ملأ الثغرات وتسوية المنازعات المتأصلة والخلافات المستحكمة.

ان التأثيرات القوية للخبرات والمفاهيم المتجذرة في اللاوعي الجمعي للشعوب والمجاميع البشرية هي من القوة والزخم الى الحد الذي قد يفوق ما يمكن تصوره. والامر الاسوأ في هذا المجال هو انه لايمكن في الغالب كبح جماح تلك التأثيرات او معالجتها باجراءات فوقية وسطحية او باللجوء الى تدابير وممارسات تقليدية هي ليست على مستوى عمق ودقة اسباب وبواعث تلك التأثيرات العميقة والخطيرة، ولذلك فهي سوف تزيد الاوضاع سوءا.

تلك هي القراءة الموضوعية والعلمية لمستقبل العراق الحالي بما فيه مستقبل الكورد. ولاشك في ان وقع الكارثة على الكورد سيكون مضاعفا ان لم يكن كليا كما كان عند انتهاء الحرب العراقية الايرانية، فعلى الكورد جميعا، حاكما او محكوما، احزابا وافرادا ان يتفهموا هذه الحقائق ويبتعدوا عن الفساد والعمالة وان يضعوا عداواتهم جانبا ويمدون خيطا بينهم ليربطهم ببعظهم لوضع النقاط على حروف ميثاق شرف

**لصيانة المصالح العليا لامتنا الكوردية وذلك بتوحيد المواقف تجاه الغير ووضع خطة لاستعادة الثقة بالنفس لمعالجة العقد التاريخية اللاواعية المستقرة في نفوسنا حاكما او محكوما جاهلا ام مثقفا واعادة الحيوية الى الشخصية الكوردية المنهارة نتيجة تلك المظالم والتسلط من المحتلين الاجانب، اذ لابد لكل داء دواء فنبذ الفساد وترك العمالة والمباشرة بالتربية القومية الصحيحة والمعالجات النفسية العلمية عن طريق الدراسة ومن قنوات وسائل الاعلام وافهام الجميع بان لا حقوق ولا حرية ولا سعادة ولا تغيير ولا تطوير ولا مساواة ولا صيانة للكرامة ولاسيادة ولا امان من غيرالاستقلال ،سوف يكون كفيلا لازالة تلك الترسبات المتراكمة في نفوسنا عبر التأريخ ومن ثم الخروج من جحيم الاحتلال وهو امر ليس بالمستحيل ولا هو حلم الشعراء فقد سبقنا في ذلك شعوب الامبراطوريات القوية اصحاب الجيوش الجرارة وشعوب الاتحاد السوفيتي الذي كان ثاني قوة في العالم رغم ما كان يملك من الاسلحة الفتاكة، فاذا الشعب يوما اراد الحياة فلابد للقيد ان ينكسر.**

*** كلمتكم الاخيرة؟**

**- لاحياة من دون الاستقلال، وللوصول الى هذا الهدف طرق وفنون، وليس بالضرورة دماء وشجون."**

دوایی كرابەكوردی بەمجۆرە:

كامیل ژیر، سەرۆكی كۆنگرەی نیشتمانی لەباشوری كوردستان، لەم وتوێژەدا تیشك ئەخاتەسەر هەنێ مەسەلەی چارەنوسسازی گرنگی مەسەلەی كوردو رۆڵی پارتەكان تێداو رادەی كاریگەرێتی پایەتەختەكانی داگیركەران لەسەر پارتە كوردیەكانو رۆڵی هەنێ بۆلەناوبردنی مەسەلەی كورد.

*وەكو سەرۆكی كۆنگرەو وەكئەوەی ئەزمونو چالاكیەكی پڕكاری سیاسیتان هەیە، چیئەڵێی لەبارەی سەرەتاكانەوە؟

-وەك چارەنوس لەناخی هەمو کوردێکی نوسیبێ کەلەمناڵیەوە ئاوێتەی سیاسەتببێو پیادەیکا وایە. هۆیئەوەش باری ئەو داگیرکراویەیە کەزۆروستەمی لێکەوتۆتەوە بۆسەر هەمو توێژو تایەفەو باوەڕە کوردیەکان بەدرێژایی مێژوی پڕ شۆڕشو بەرگری کەلەوەوە توشی زۆرکارەساتو کوێرەوەریبوە. بۆدەربازبون لەوبارە ناهەموارەش، سیاسەت خۆی کوتاوەتە ناو نائاگایی (اللاوعی) بەکۆمەڵی کوردەوە. بۆیە هەمو تاکێکی کورد هەوڵئەدا سیاسەتبکا، بەکردەوە یا بەقسە یا بەلایەنیکەمەوە لەناخیا.

پاڵنەری یەکەم کەوای لەمنکرد بەشێ لەبیرم بەسیاسەتەوە خەریکبکەم، گرمەی فرۆکەیەکی چاوگێرانبو کە**1939** هاتە ئاسمانی سلێمانیەوە، وەك لەهەنێ نوسینیترما ئاماژەم بۆ ئەو فرۆکەیەکردوە، خەلکی لەو فرۆکەیە ترسانو مەرگەساتەکانی پێشتری وەبیرهێنایەوە، سەرباری مەرگەساتەکەی **6** ئەیلول **1930**کەتا چەن ساڵێکیش دوای ئەو کارەساتە، جێگەی باسبو لەماڵی ئێمەدا. هەروەها هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دوەمو دەوری فرۆکە جەنگیەکان کەرۆژانە وێرانکاریو سەدان کوشتنیان لەگەلێ ناوچەی جیهانا ئەنجامئەدا.

بەوهۆیانەوە ئاوێتەی سیاسەتبومو لەناو دانیشتنی خێزانیشمانەوە، ئاسۆی بیرم فراوانبو و فێری وانەکانی یەکەمبوم لەسیاسەتا، زانیم ئێمە نەتەوەیەکین ئەناڵێنین بەدەس پارچەکردنو بەشبەشکردنو داگیرکردنو زۆرلێکردنەوەو بێبەشین لەدەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان، بۆیە ئەوەم خستە ئەستۆی خۆم کەلەپێناوی نەهیشتنی ئەو زوڵموزۆرانەدا تێبکۆشم.بۆ ئەو مەبەستەش،تێکەڵاو هەنێ هیزبو رێکخستنیسیاسیی نەتەوەییو نانەتەوەیی بوم، بەڵام ئێستە دورم لەهەمو هیزبێکەوە.

*بۆ؟

-چونکە ئەو هیزبانەی نەتەوەییبون، رێگرییانلێکرا. ئەوانەشی نەتەوەیینین، سەرباری ئەوەی بەگرێی خواردەستی داگیرکەرانی کوردستانەوە ئەناڵێننو نەهەڵوێستێکی سەرەتایی نەگۆڕیان هەیەو نەستراتیجێکی رون لەبەرنامەیاناو شەڕی

ناوخۆیساڵەهاو بڵاوبونەوەی گەندەڵی لەریزەکانیاناو گەلێ لایەنی نەرێنی تریان لەولاوە بوەستێ.

* ئەی چار؟

-چار نەهێشتنی پارتایەتیە، چونکە گەلانی رزگارنەبو، بۆسیستەمی پارتایەتی دەستنادەن. پارتییەکان لەمجۆرە کۆمەڵگەیانەدا هیچ نین جگەلەوەی پوازێکن لەجەستەی نەتەوەداو کابوسێکن بەسەریەوەو زەلکاوێکن بۆگەندەڵیو ئامرازێکن بەدەس داگیرکەرانەوە بۆلەتکردنی ریزەکانی کۆمەڵو ئیفلیجو لاوازکردنیو کردنی بەکێڵگەیەکی بەپیت بۆگەشەکردنی میکرۆبی دوبەرەکیو ئاسانکاری بۆبنەمای کوتیکەو کۆتیکە کەداگیرکەران بەرامبەر داگیرکراوەکانیان پەیرەویئەکەن. ئنجا پارتیە کوردیەکانی کەئەمرۆ هەن، لەئەنجامی گرێی خواردەستیانەوە بۆ داگیرکەرانی کوردستان لەچەن سەدەیەکەوە، خراپترن لەپارتیەکانی ئەو گەلانەی قەوارەی سیاسی خۆیان هەیە. لەروی کردەییشەوە ئەو پارتە کوردیانەمان بینی کەچۆن جۆرەها بیانویان دروستئەکرد بۆدانانی کۆسپ لەرێی ژمارەیەك هەلی سەربەخۆییداو گۆڕینەوەی ئەو هەلانە بەهەنێ دروشمی پروپوچی وەك پەیوەنیی مێژوییو دیموکراتی درۆزنەو ئوتونۆمیو فیدراڵی، یاخۆبەستنەوە بەودەستورانەوە کەدەسەڵاتەکانی ناوەند خۆیان کاریان پێناکەن کەلەراستیشا ئەوانە هیچنین جگە لەمەرەکەبی سەر کاغەزو شیاوی گۆڕینو هەڵوەشاندنەوەن. ئەوەبو چەندین دەستوری ئیراکمان بینی کەلەخراپەوە بۆخراپتر ئەگۆڕان.

*هەڵوێستان بەرامبەر بزوتنەوەی گۆڕان؟

-لەهەڵبژاردنی **2009** دەنگمان بۆدان لەبەر هەنێ هۆ :

یەکەم: چونکە پارتێ نەبو لەسەر شێوازی ئەو پارتانەی کەهەن، بەڵکو بزوتنەوەیەکی جەماوەری گشتگیربو بەچاوپۆشین لەپێشخانی سیمبولەکانی.

دووەم: پێویستبو بەرهەڵستکاری بخرێتە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە تابەڕوی ئەو گەندەڵیەدا بوەستێ کەخەریکە ئەو هکومەتە خۆشەویستەی هەرێمی کوردستان لەناوبەرێ کەبەخوێنی هەزاران شەهید دامەزراوە.

سێیەم: بەهیوابوین ئەو بزوتنەوەیە ببێتە جێگرەوەی پارتیە کلاسیکیە کۆنەکانو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بەرەو سەربەخۆیی بەرێ. پێشتر نەوشیروان مستەفا ئەوەنە شانازیی بەپارچە هۆنراوەیەکی هەستیار م.نوریەوە کردوە کەبانگەشەی سەربەخۆیی تێائەکاو بەرادەیەك هانیداوە ئەو پارچە هۆنراوەیە بخاتە سەر بەرگی یەکەمی پەرتوکەکەی (لەکەناری دانوبەوە بۆخڕی ناوەزەنگ)، کەچی مەسەلەکە جۆرێکیتر دەرچو کاتێ بینیمان ئەو بزوتنەوەیەش روئەکاتە بەغاو پەرلەمانی بەغاو پلەوپایە حکومیەکانی بەغا!! بەباوەڕی ئێمە بەغاو تارانو ئەنکەرەو دیمەشق چارەسەری کێشەکانی نەتەوەیی ئێمە ناکەن. هەروەها پلەوپایەی هکومی لەو پایتەختانەدا سودێکیان نابێ بەسەرۆکایەتی کۆمارو هەر پلەیەکیکەشەوە مادەم ئەو نەتەوانە دان بەمافی چارەنوسی نەتەوەکەمانا نانێن، بەڵکو دان بەگەڕانەوەی ئەو ناوچانەشەوە نانێن کەبەناوچەی ناکۆکیلەسەر ناوئەبرێن بۆسەر کوردستان! لەبەرئەوە کورد چەن لەپایتەختی داگیرکەرەکان نزیك ببێتەوە، ئەوەنە لەخەبات بۆمافی چارەنوسی دورئەکەوێتەوە. بەچاوی خۆشمان لەپێج ساڵی رابردوا بینیمان ئەو ژمارە زۆرە لەپەرلەمانکارو وەزیرو گەورەفەرمانبەرەی کورد، بەسەرۆك کۆماریشەوە، نەیانتوانی گوندێ بگێرنەوە بۆسەر هەرێم. جگەلەوە کورد ئەزمونێکی دورودرێژی هەیە لەوەرگرتنی پلەکانی سەرۆك وەزیرانو وەزیرو سەرکردایەتی سوپاو ئەندامێتی پەرلەمانو... هتد، لەبەغادا لەسەردەمی پاشایەتیەوەو دواجار پلەی جێگری سەرۆك کۆمار لەسەردەمی سەداما بەبێ ئەوەی هێزو توانایەکیان هەبوبێ بۆپاڵنانی رەورەوەی مەسەلەی کورد نیوهەنگاو بۆ پێشەوە!. ئێستاش هەڵوێستی چاودێرمان هەیە لەسەر بزوتنەوەی گۆڕان ئاخۆ ئەمیش هەمان رەوتی خواردەستی (التبعیە)ی ئەبێ بۆداگیرکەران، یا بەرەو رەوتی نەتەوەییانەی راست ئەڕوا؟ دواییش بۆ هەر روداوێ وتاری خۆمان ئەبێ.

*** گرنگترین بەرهەمەکانی کۆنگرەی نیشتمانی چیە بەوپێیەی ئێوە لەسەرکردە دەرکەوتوەکانی ئەو کۆنگرەیەن؟**

**-دامەزراننی کۆنگرە، خۆی لەخۆیا بەرهەمێکی گرنگە. کۆنگرە تائێستا شەش کۆنگرەی گشتی بەستوە کەنوێنەری هەنێ پارتی کوردیو کەسایەتی کوردی دەرکەوتوو ژمارەیەك نوێنەری هکومەتو پەرلەمانو رۆژنامەوانی ئەوروپی تێابەشداربون. هەروەها بروسکەیەکی زۆری هاوسۆزی لەسەرۆکی هەنێ لەدەوڵەتە گەورەکانەوە پێگەشتوە. گرنگترین شتێکیش کەکۆنگرە لەدورستبونیەوە ئەنجامیئەدا: بلاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەییە لەرێگەی بڕیارەکانیو نوسینو سیمیناری کادرەکانیو گۆڤارو سایتەکەیەوە لە ئەنتەرنێتودەڕبڕینی رای بابەتیانەی خۆی بەرامبەر جۆرەها روداوی جیهانیو هەرێمیو ناوچەیی پەیوەندیدار بەکێشەی کوردەوە.**

*** ئایا کۆنگرە ژمارەیەکی ئەوتۆ ئەندامی هەیەکەهاوشانی پارتییە کوردیەکانی ئێستای ناو کوردستانبن؟**

**-کۆنگرە پارتێك نییە تا ئەندام کۆبکاتەوەو لەشانەو رێکخراوەکانیا رێکیانبخا. کۆنگرە زیاتر بزاوتێکی بیرمەندییە وەك لەوەی رێکخستنێبێ لەشێوازی رێکخستنە پارتیەکان، ئەرکی کۆنگرە بلاوکردنەوەی وشیاریی نەتەوەییە وەك پێشتر وتم، دوای ئەوەش ناساندنی مەسەلەی کورد بەجیهان، ئینجا نزیککردنەوەی باری سەرنجی پارتیە کوردیەکانو کۆکردنەوەیان لەبەرەیەکی یەکگرتوا بۆیەکخستنی هێزە سەربازییەکانیانو نەهێشتنی ناکۆکیو بەرژەوەندیی تەسکی پارتیانە هیچ نەبێ لەقۆناغی خەباتی رزگاریا. ئەم ئەرکانەش پێویستیان بەچەندێتی ئەندام نییە.**

*** تاکەی!؟ ئەی ئەگەر کار هەر بەمجۆرەی ئێستا رۆی؟**

**-ئەو کاتە دورنییە کۆنگرە بچەرخێ بۆبزوتنەوەیەکی جەماوەری فراوان بۆدەستەبەرکردنی ئامانجە بنچینەییەکەی کەئازادیو سەربەخۆییە، هەر بەناوی کۆنگرەوە یا بەناوێکیترەوە .**

*** ئایندەی کورد لەئیراکی ئێستادا چۆن ئەخوێنیتەوە؟**

**-با وەلآمی ئەم پرسیارەت بەتۆزێ درێژی بدەمەوە، هاوکار لەگەڵ دیدو بۆچونێکی نوسەری بەتوانای کورد (ئەحمەد قەرەداغی) لەوتارێکی بەنرخی بلآونەکراوەیا بەناونیشانی: گرێ رۆچوەکان بەمێژودا:**

**ئەو توخمە سەرەکیانەی گیراوەی کۆمەلآیەتیی دەولەتی ئیراکی تازە دروستئەکەنو تایبەتمەندێتی خۆیان هەیەو هێز لەکۆمەڵێ گرێی مەلآسخواردو لەنائاگایی بەکۆمەڵی ئەو توخمو پێکهاتە کۆمەلآیەتیانەوە وەرئەگرن، ئەکرێ وتار لەبارەی گرێو شوێنەوارەکانیانەوە بەمجۆرە کورتکەینەوە :**

**1- شیئە: ئەمانە زۆرینەی کۆمەڵگەی ئیراکی پێکئەهێننو بەگرێی هەستکردن بەتاوانی مێژوەوە ئەناڵێنن. ئەو گرێیەش رەگی رۆچوە بەروداوە مێژویەکەی کەربەلاو مەرگەساتەکەی ئیمام حسەین لەلایەن ئەوانەوە کەئەبو پشتیبگرنو جیهادی لەگەڵدابکەن. هەروەها جۆرێ لە(ماسۆکێتی)لەناو شیئەدا بلآوە کەئەکرێ ناویبنێم (گرێی دەرکەوتن لەدەوری ستەملێکراوا) ئەویش بەهۆی ئەوەوە کەلەسەردەمی ئەمەوییەکانەوەو بەدرێژایی مێژوی ئیسلامی، بەر زۆروستەمکەوتون. لەئەنجامی ئەوبارەشەوە، شیئە لەزۆرکاتا (بەشێوەیەکی نائاگایی) بەلای ئەوەدا ئەچن کەقوربانیو زۆرلێکراون زیاترلەوەی ستەمکارو زاڵمبن. ئەم راستیەش لەبینینی نوری مالیکیەوە دەرکەوت کەچۆن ئێوارەی رۆژی هەینی 2010/3/26 دوای بلآوکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی 7ی مارت لەپەردەی تەلەفیزیۆنەوە لەدەوری ستەملێکراوا ئەیبزڕکانو سکالآی لەو ئەنجامە ئەکرد کەهێشتا خۆی سەرۆکی حکومەتبو و دەسەلآتی فەرمانرەوایی بەدەستەوەبو و هێزە سەربازیو شارستانیەکان لەژێر رکێفی خۆیابون!. سەیر ئەوەیە بەرهەڵستکاران سکالآ ئەکەن نەك بەپێچەوانەوە! ئەو خۆی کاربەدەسبو!!.**

**2- کورد: ئەمانیش بەدرێژایی مێژوەکەیان بەدەس ستەمو داگیرکراویەوە نالآندویانە، خاوەن دەسەلآتی راستینە لەزۆربەی کاتا، ئەگەر نەڵێین هەموکات،**

بێگانەی داگیرکەربوە. بەوجۆرە لەنائاگایی (فی اللاوعی) کوردا ئەوە چەسپیوە کەدەسەلاتدارەکەی هەرئەبێ (نا کوردێك بێ) ئەم گرێ مێژوییە نائاگاییە ئەو کوردەشی لێبەدەرنەبوە کەلەتوانایابوە رۆژێ لەرۆژان فەرمانڕەوایی گەلەکەی بکا، بەلام ئەوەنە باوەڕی نییە (لەسەر ئاستی نائاگایی بەلایەنی کەمەوە) کەشیاوی ئەوەیە ببێتە جێگرەوەی فەرمانڕەوای بێگانە. ئەم جۆرانە، ئەشێ سەرکەوتوبن بۆ فەرمانڕەوایی گەلێکیتر. بەلام بۆ گەلەکەی خۆیان نا!. ئەوەش بەهۆی ئەو گرێیەوە کەدو کاریگەریی هەیە، کاریگەرییەك لەسەر فەرمانڕەواکەو کاریگەریەك لەسەر فەرمان لەسەرکراوەکە لەیەك کاتا. ئەم راستیەش لەئیراکچێتیەکەی تالەبانیا دەرکەوتوە بەوەی ئیراکچێتییەکەی زیاترە لەو ئیراکیانەی بانگەشەی ئەوەئەکەن کە ئیراك بەشێکە لەنەتەوەی ئەرەبو بەرادەیەکیش نوساوە بەیەکێتی ئیراکەوە کەبەجێگری سەرۆکی ئەمەریکا جوزێف بایدنی وتوە (پرۆژە پێشنیارکراوەکەت بۆدابەشکردنی ئیراك،لەلایەن پێکهاتەکانی ئیراکەوە پەسەن ناکرێ... وازمان لێبێنە خۆمان کێشەکانمان بەرێگەی تایبەتی خۆمان چارەسەربکەین)!! هەروەها ئەو هەمیشە بیرۆکەی دەولەتی کوردی رەتئەکاتەوەو بەخەونی هەستیارانی پێناسەئەکا وەك کورد لەبەهەشتی بەرینێکی ئەوتۆدا بژی کەروبارێ بەختیاری بەژیریا بڕوا بەو یەکێتیەی لەگەڵ داگیرکەرانیا هەیەتی! بەوەش ئەو (تالەبانی) شیاوترە بۆدەورەی دوەمی سەرۆکایەتی کۆمار!.

3- ئەرەبی سوننە: ئەوانە بەدرێژایی فەرمانڕەواییانلەسەردەمی ئەمەویەکانەوە لەسەر فەرمانڕەوایی ستەمکارانەی تاکڕەو راهاتونو چێژیلێوەرئەگرنو خەڵکیان واڕاهێناوە کەفەرمانڕەوا ئەبێ بەسامو بەهێزو ملهوڕو دەسوەشێنبێ.

لەبەر رۆشنایی ئەو قسانەمانا، من وایئەبینم تێکەلاوبونی سروشتیانە لەقەوارەیەکی سیاسی یەکگرتو و پێکەوەژیانا، کارێکی یەجگار گرانەئەگەر نەڵێین کارێکی نەکردەیە.

ئنجا ئەشێ بوترێ ئەوە راستنییەو تاقیکردنەوەکانی ئێستای ئیراك ئەوەیان تارادەیەك سەلمانوە کەجۆرێك لەسەرکەوتنی ئەو پێکەوەژیانە لەتوانادایە، بەڵام من هەندێکیتر ئەخەمە سەر قسەکانی پێشوم کەئەگەر وایدابنێین هەنێ سەکەوتن لەو روەوە بەدەسهاتبێ، ئەوا نابێ لەبیرمانبچێ کەئەوە بەبونی سەرپەرشتی (یان راستر چاودێری ئەمەریکاوە بوە) کاتێکیش کاریگەری ئەمەریکی نامێنێ یا لاواز ئەبێ بەهەر هۆیەك (ئەوەش ئێستا یان کاتێکیکە هەر روئەدا) ئەوسا بارودۆخەکە بەجۆرێ ئەشێویو رێرەوێ ئەگرێ کەجڵەوگرتنەوەی گرانبێ..

ئەوەیە خوێندنەوەی بابەتیانەو کردەییانە بۆئایندەی ئیراك بەئایندەی کوردیشەوە. دوریشنیەمەرگەساتەکە لەسەر کورد دوجابێ، ئەگەر هەموی نەبێ، وەك ئەوەی دوای کۆتایهاتنی شەڕی ئیراکو ئێران. بۆیە لەسەر هەمو کوردێ پێویستە، دەسەڵاتدار یا بێدەسەڵات، پارتەکانو تاکەکان، لەم راستیانە بگەنو دورکەونەوە لەگەندەڵیو نۆکەری، دوژمنایەتیەکانیان کەلاخەنو رایەڵێك پێکیانەوە ببەستێتەوە بۆخاڵخستنە سەرپیتەکانی پەیمانێکی شەرەف بۆپاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەی کوردمان. ئەوەش بەیەکخستنی هەڵوێست بەرامبەر بێگانەو دانانی نەخشەیەك بۆگێرانەوەی باوەڕبەخۆکردن بۆچارەسەرکردنی گرێ مێژوینە نائاگاییە چەقبەستوەکان لەدەرونمانا، ، دیارە بۆهەر دەردێك دەرمانێك هەیە، رسواکردنی گەندەڵیو وازهێنان لەنۆکەرایەتیو دەسکردن بەپەروەردەی نەتەوەییانەی راستو چارەسەرە زانستییە دەرونیەکان لەرێگەی خوێننو لەکەناڵی هۆکارەکانی راگەیاندنەوەو تێگەیاننی هەموان لەوەی کەبەبێ بونی سەربەخۆیی، ئازادیو بەختیاریو گەشەو یەکسانیو پاراستنی ناموسو سەروەریو ئارامی، بونیان نابێ. ئەوانەش ئەبنە زامن بۆنەهێشتنی خڵتەی کەڵەکەبو لەدەرونمانا بەدرێژایی مێژو، دوایش دەربازبون لەدۆزەخی داگیرکردن کەئەوەش کاری نەکردەو خەونی هەستیاران نییە، پێش ئێمە، گەلانی ئیمپراتۆریە بەهێزە خاوەن سوپا زۆرەکانو گەلانی یەکێتی سۆڤیەت کەدوەم خاوەن چەکی کۆکوژبو، رزگاربون. ئەگەر گەلێك ژیانی بوێ، کۆتوبەندەکەی هەر ئەبێ بشکێ.

*دوا وتەتان؟

- بەبێ سەربەخۆیی، ژیان بونی نییە، گەیشتن بەم ئامانجەش ڕێگەو هونەری خۆی هەیەو مەجیشنیە هەر بەخوێن و مەینەتیبێ.

---

## ڕەوشی سیاسیی ناوچەکە

دیمانەی ڕۆژنامەی میدیا

کامیل ژیر:

- پیکهینانی دەولەتی کوردی هەمو کاتێ کاتێتی
- سیاسیەکانمان ئامانجیان دروستکردنی دەولەتی کوردی نیە
- لەناو کوردا ناسیۆنالیزم بەواتا تایبەتە وردەکەی لەریکخراویکی گەورەی گشتگیرا بونی نیە
- ئەگەر داهاتی نەوتی هەریم بچیتە بوجەی بەغاوە، ئەوە ناپاکیە بەرامبەر نەوەکانی ئیستەو پاشەرۆژیشمان
- هیچ نەتەوەیەك ئەوە قوبولناکا پارەی نەوتەکەی بدرێ بەفرۆکەو بۆمباو بدریتەوە بەسەر خۆیا
- داگیرکەر تانەزانبی بۆداگیرکراو باشترەو ئەو سیاسەتەی مالیکی بۆجیابوونەوە قازانج بەکورد ئەگەیەنێ
- سیاسەت هونەری ئەفراندنی مومکینەکانە
- زامنی سەربەخۆیی ، خواستو لەدەسنەدانی هەلە
- هێزی چەکدار بەپلەی یەکەم پاریزەری ئاسایشی نەتەوەییە
- کاتێ دەولەتان پشتگیریمانئەکەن کەبەرژەوەندیان هەبێ لەکوردستان، یاکورد بەرژەوەندیان بخاتە مەترسیەوە

پرسیارەکانی ڕۆژنامەی میدیا لەهەولیر ژمارە **515** لە **2012/1/17**:

**میدیا - دیمانە**

**کامیل ژیر، بیرمەندی نەتەوەییو سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی لەباشووری کوردستان لەهەڤپەیڤینیکی تایبەتا لەگەل میدیا تیشك ئەخاتە سەر رەوشی سیاسی ناوچەکەو وەلامی چەندین پرسیاری تایبەت بەدۆزی کورد ئەداتەوەو شرۆڤەیەکی نەتەوەیی بۆپرسە پەیوەندیدارو چارەنووسسازەکان ئەکا.**

**-میدیا: ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ لەماوەی رابردو نەیتوانیوە، ببێتە فاکتەری دروستبونی دەوڵەتی کوردی؟**

**+کامیل ژیر: ئیستا لەناو نەتەوەی کوردا، ناسیۆنالیزم بەواتا تایبەتە وردەکەیو لەریکخراویکی گەورەی گشتگیرا، بونی نیە. ئەوەی هەیە، تیکەلەیەکە لەکوردایەتیەکی کلاسیکیانەو نێونەتەوایەتییەکی ناتەواوو ئاینگەراییەکی وشك. ئەمە خەسڵەتی هەمو پارتە کوردییەکانە لەهەمو بەشەکانی کوردستانا بەپارتە چەپەکانو ئاینیەکانیشەوە، بیجگە لەسێ پارتی بچوکی وەك یەکیتیی نەتەوەیی کورد لەباشورو پارتی سەربەستیی کوردستانو پارتی سەربەخۆیی کوردستان لەرۆژهەلات کەئەوانیش وەك کاژیك و پاسۆك لەرابوردودا ئاستەنگی زۆریان لەبەردەمدایە بۆگەشەکردنوگەیاننی پەیامەکەیان. ئەم دیاردەیەش(دیاردەی تیکەلە ئایدیا) بۆتە هۆی سەرلیشیوانی تاکی کورد بەرۆشنبیرو نارۆشنبیری ناو ئەوپارتە هەمەرەنگانەوە بەجۆرێ کەلەکۆمەڵێ دژیەکیا ئەیگوزەرێنن! تۆسەرنجبدە:بابایەك کەخۆی بەنەتەوەیی ئەزانێ، ئیراکچیتی یائیرانچیتی یاجلخواری بۆتورکیا یابۆسوریائەکا! یاکۆمۆنستەو پینج فەرزەکەی ئیسلامیش پەیرەو ئەکا! ئیسلامیەو نەتەوایەتیش ئەکاودنیایی( عیلمانی)شە! راستە لەرابوردوداو ئیستاش هەنی هەوڵ هەیە بۆداڕشتنی بیری نەتەوەییو گەشەکردنی، بەلام بەهۆی نزمیی ئاستی هوشیاریی نەتەوەییو هەنێ هۆکاریکەوە، تائیستا ئەنجامدارنەبونو نەیانتوانیوە ببنە کارکرد(فاکتەر)ی دروستبونی دەولەتی کوردی. ئەوانە: (تیکەلە ئایدیاکان ) سەرکردایەتیەکانیان هەرلەسەرەتاوە ئامانجیان دروستکردنی دەولەتی کوردینیە، هەرچەنە خواستی**

بنکەکانیان جیاوازەو هەزارانیان لەپیناوی دروشمی یاکوردستان یانەمانا شەهیدبونو ئیستا ئەودروشمە هەر کوردستانەکەی ماوەو نەمانەکەی لێلابراوە.

-کورد زیاترلەسەدەیەکە خەبات لەدژی داگیرکەرانی کوردستانئەکا، بەڵام ئاکامو بەرهەمی ئەوخەباتەی هێندەی قوربانیەکانی نییە، ئەمە بۆچی ئەگەڕێتەوە؟

+تارادەیەك هۆکار، سیاسیەکانمانە، هەرچەنە زاراوەی سیاسیان بەسەرا ناچەسپێ! کەسێ یادەزگایەکی  سیاسی کەبیەوی رابەرایەتی کۆمەڵێ یانەتەوەیەبکا، بەلایەنی کەمەوە، ئەبێ نەخشەریگای زانستیانەی هەبێ بۆهەمو ئەگەرەکان، بەئەرینیو نەرینی. بەواتایەکیتر، سیاسەت ئەمرۆ بۆتە زانستو زانای خۆی ئەوێ. قوربانیدانیش مەرجیکی پیویستنیە بۆگەیشتن بەئامانج. سیاسەتوانیکی زانا ئەتوانێ بەبێ قوربانیدان،ئامانجەکان بەدیبێنێ . هەر ئەو نەزانینەشە بۆتەهۆی کەمبونەوەی سۆز بۆنیشتمان.

-بەردەوام سیاسەتوانانی کورد لەهەمو پارچەکانی کوردستان، ئەو قەوانە بەگوێی تاکی کوردا ئەدەن، کەزەمینەسازی بۆپێکهێنانی دەوڵەتی کوردینیە، ئایا کەی کاتیدێ؟

+ئاخر ئەوەیە نەزانینی سیاسەت. راستیەکەی پیکهینانی دەولەتی کوردی، هەموکاتێ کاتیەتی. بەلام ئەگونجێ کاتێ لەکاتیکیتر لەبارتربێ. من لەگەڵ ئەو قسەیەدانیم کەئەلێ ¨سیاسەتهونەریمومکینەکانە. بەلایمنەوە  سیاسەت هونەری ئەفراننی مومکینەکانە. جائەگەر هەر هونەری مومکینەکانبێ، ئەی دەوری سیاسەتوان چیە !؟ گەیشتن بەدروستکردنی دەولەتی کوردیش ، تەنیا لەیەك ریگەوەنیە. ریگە زۆرە. گرنگترینیان لەدەسنەدانی هەلە. دەوری سیاسەتوان بۆئەم ریگەیە: ئامادەکاریی پێشەکیە بۆقۆستنەوەی هەرهەلیکی چاوەروانکراو یاچاوەروانەکراو، لەگەل بونی خواستی سەربەخۆیی.

-ئۆپۆسیۆن بونی هەیە لەکوردستانو بەئاراستەیەکی تەندروستدا دەڕۆن یان بونینیە؟

+ئۆپۆزسیون، هەموکاتێ بونی هەیە لەهەر جیگەیەکی دنیا. بەلام هی کاراو ناکارا، ریکخراوو ناریکخراو، دروستو نادروست هەیە. جابۆئەوەی وەلامەکەمان رونتربێ، با زاراوە کوردیەکە بەکاربینین، زاراوەی بەرهەلستکار. بەرهەلستکار، ناوی خۆی بەخۆیەوەیە. واتا ئەبێ بەرهەلستیی دەسەلاتبکا بەرامبەر ناتەواویەکانی، بەرامبەر گەندەلیەکانی، بەرامبەرهەرکارو هەنگاویکی دەسەلات کەلەبەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەنەبێ. بەکورتی ئەبێهکومەتیکی سیبەربێ بەرامبەر هەر وەزارەتو دامودەزگایەکی هکومی. ئەوەیە بەرهەلستکاری کاراو ریکخراو. بەرهەلستکاری دروستیش ئەوەیە کەکارەکانی لەپیناوی بەرژەوەندیی گشتیابێ نەك تەنیا گێرەشیوینیبێ یا بەپەنجەی نەیارانی نەتەوە هەلسورێ. لەهەمو باریکیشا، ئەبێ بەشدارنەبێ لەدەسەلاتا. کەبەشداربو، لەبەرهەلستکاری دەرئەچیێ.

-نێوانی ئۆپۆسیۆنو دەسەڵات بەئاقارێکا ئەڕوا،خەڵکی کوردستان تێیدا زەرەرمەنئەبن...بۆ بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کەیسی خەڵك ئەکەن؟

+من ناتوانم ئەو بریارەبدەم. ئەگەروابن، یا وادەرچن، ئەوا بیگومان ئەبنە بەرهەلستکاریکی نادروست.

-تا چەن کێبرکێی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆسیۆن لەبەرژەوەندیی خەڵکە، یاتەنیا لەبەرژەوەندی خۆیانە؟

+کیبرکێی نیوان ئۆپۆزسیۆنیکی دروستو دەسەلات، هەمیشە لەبەرژەوەندیی دەسەلاتو لەبەرژەوەندیی خەلکەو لەهەمان کاتدا لەبەرژەوەندیی ئۆپۆزسیۆنیشە. مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن وەك مەسەلەی موجتەهید وایە. ئەگەر نەیپێکا، یەك پاداشتی ئەبێ. ئەگەر پیکای، دو پاداشتی ئەبێ. پاداشتی دوەمی ئۆپۆزسیۆنیش ئەوەئەبێ کەلە ئەنجاما خۆی دەسەلات ئەگریتە دەست.چونکە رەزامەنیی خەلك بەدەستئەهینێو زۆرینەی ئەوخەلکەش لە هەلبژاردنی ئایندەدا دەنگ بەئۆپۆزسیۆنیکی لەوجۆرە ئەدەن. بەپیچەوانەوە ئەگەر ئۆپۆزسیۆنەکە نادروستبو،

ئەوا خۆیانو خەلکەکەش زەرەرمەنئەبن.دەسەلاتیش ئەگەر بیانوی ئۆپۆزسیۆن ببرێ بەوەی چاکسازیبکا، ئەوا باوەری خەلکی بەدەسئەهینیتەوە.

-چاکسازیو نەهێشتنی گەندەڵی، کۆتایی بەکێشەکانی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆسیۆن ئەهێنن یاتۆ خوێندنەوەی دیکەت بۆئەم پرسە هەیە؟

+بەڕای من، نابێ لەنیوان ئەو دو توخمەدا کیشە هەبێ. بەلکو ئەبێ لە نیوانیانا کیبرکی هەبێ بۆدۆزینەوەو گرتنەبەری ریگاکانی چاکسازی. ئەگەر دەسەلات دەسپیشخەربو لەچاکسازیو نەهیشتنی گەندەلیا، ئەوا جاریکیکەش وەك پیشتر وتم باوەری خەلك بەدەسئەهینیتەوە. پیچەوانەکەشی، لەبەرژەوەندیی ئۆپۆزسیون ئەبێ.

-کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئیراك، تاچەن رەوشی ئیراك بەرەو ئالۆزی ئەبا؟

+راستیەکەی، ئەوەتی ئیراکهەیە، هەمیشە لەرەوشیکی ئالۆزابوە. هۆی ئەوەش ئەوەیە ئیراکلەتیکەلەیەکی ناسروشتیو نەگونجاو دروستبوە. ئیستاش بەکشانەوەی ئەمریکا، رەوشەکە زیاتر ئالۆزئەبێ. چارەسەریش تەنیا دابەشکردنیەتی. هەرهەولێ بۆدریژەدان بەم بونەوەرە ناسروشتیە، بەزیان ئەشکیتەوە بۆهەمو پیکهاتەکانی ئیراك بەگشتیو بەکورد بەتایبەتی.

-ئەو سیاسەتەی ئەمرۆ مالیکی پەیرەوی ئەکا، زەرەر بەکورد ئەگەیەنێ یا قازانج بەوەی کورد بڕیاربدات جیابێتەوە؟

+من مالیکی بە سیاسیەکی زرنگ نازانم. ئەویش لەسیاسەتا سەرنەکەوتوە. دۆستو دوژمنی خۆی لەیەك جیاناکاتەوە، ئەیەوێ لەیەك کاتا گورزی گرانی خۆی لەهەمو لایەك بسرەوینێ!. ئەویش دەرگای والاکردوە بۆگەندەلی. وەستانەوەی لەدژی فیدرالیەکان، لەنەزانینەوەیە. راستە بەپێی بنەماکانی دیموکراسی، ئەبی زۆرینەی پەرلەمان هوکم بگریتە دەس، بەلام ( راستیش)جیگەو کاتی خۆیهەیە. ئیستا کاتی ئەوەنیە ئەو باس لە زۆرینەی پەرلەمانبکا! ئیتر داگیرکەریش تانەزانبێ

بۆداگیرکراو، باشترە. بۆیە ئەو سیاسەتەی مالیکی قازانج بەکورد ئەگەیەینی بۆجیابونەوە.

-بیری ئیراکچیتی لەناو رۆهو مێشکی گەنجان بەبەرنامە دەچەسپێنرێ. ئەوە، تاچەن کاریگەری لەسەر دورخستنەوەی گەنجان ئەبێ لەبیری نەتەوەیی؟

+کاریگەرییەکی خراپو زۆر. دەرزیی سرکەری ئیراکچیتی جیاوازیەکی لەگەڵ دەرزیی سرکەری شیوئێتیو وشکە ئاینی نیە .

-کێسی تارق هاشمیو دالدەدانی لەباشوری کوردستان لەلایەن دەسەلاتدارانەوە، لەروی یاساییو سیاسی، شرۆڤەی چۆن بۆئەکەی؟

+لەروی یاساییەوە، دروستنیە دالدەی هیچ داواکراویك بۆدادگا بدرێ. لەروی سیاسیەوە ئەکرێ وەك پەنابەریکی سیاسی مامەلەی لەگەل بکرێ.

-پۆستو پارەو ئەدای خراپی بەرپرسانی کورد لەبەغا، هیچ دەستکەوتێکی نەتەوەیی نەبوە لەگەڕانەوەی بستە خاکێکو جێبەجێکردنی مادەی **140** راتان لەم بارەیەوە؟

+ بەرای من، وەك لەچەن بۆنەیترا وتومە، هەر نزیکبونەوەیەك لەپایتەختی داگیرکەرانەوە، دورکەوتنەوەیە لە بەرژەوەنیو لەسەربەخۆیی کوردستانەوە. پێدانی پۆست بەکورد، دیاردەیەکی تازەنیە. لەدروستبونی ئیراکەوە، ئەو دیاردەیە هەیەو دەسکەوتیکی نەتەوەیی بۆکورد نەبوە. گیرانەوەی ناوچە داگیرکراوەکانیش بەمادەی **140** ناکرێ. لەبارودۆخی ئەمرۆدا، ئەو ناوچانە بەبریاری پەرلەمانی کوردستانو بریاری ئەنجومەنی ئەو ناوچانە ئەگەڕیتەوە سەر هەریمی کوردستان وەك پیشتر لەوتاریکا بەبەلگەی یاساییەوە رونمکردبوەوە. ئەو وتارە لەرۆژنامەی هەوالدا بلاوکراوەتەوەو لەسایتی کونگرەی نیشتمانیی کوردستانو سایتی ئەمرۆدا-مالپەری کامیل ژیر پاریزراوە.

**-ئاسایشی کورد پارێزراونییە لەکاتی ئێستادا، سەرکردایەتی کورد چیبکا بۆپاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمان؟**

**+ئاسایشی نەتەوەییمان بەپلەی یەکەم بەهێزی چەکدارو چەکی قورسو کاریگەر ئەپاریزرێ. ئەرکی سەرکردایەتی هەریمە بەزوترین کات سوپای بەرگریی کوردستان پیکبینێ بەهەرناویکەوەبێو پڕچەکی مۆدیرنیبکاو مەشقی دابدا. ئیستا بوجەی هەریم ئەوەی تیائەبێ. پاراستنی ئاسایشی کورد ئەوەنەی نانوئاو پیویستە بۆکورد. ئیتر بابەسبێ بەیتوبالۆرەی برایەتیو پیکەوەژیانو ئەومافیمرۆڤەی دەنگی هەیەو رەنگی نیە، ئیتر بائەوەنە رو لەبەغانەکەینو پشتبەپیکهاتن(توافق) نەبەستینو خۆمان بەدەستوری ئیراکەوە ماندونەکەین. ئەوانە دورمانئەخاتەوە لەچارەسەری کیشە گەورەکەمان.**

**-ئەمریکا بەقسە هەر ئەڵێ هاوپەیمانی کوردم، کەچی لەواقیعا تائێستا هیچی بۆکورد نەکردوە، پشتی تێکردوینە، یان لەداهاتو بەتەواوی پشتمان تێئەکا، یانپشتگیریمان ئەکا؟**

**+ پشتگیریی ئەمریکا یا هەر زلهیزیکیتر بۆکورد، زۆرگرنگە. بەلام ئەبێ ئەوە باشبزانین ئەوانە لەراهی خوادا نابنە هاوپەیمانو پشتگیرمان. ئەوانە ئەشێ بە دو ریگە هاریکاریی کوردبکەن:**

**1- کاتێ بەرژەوەندیان ئەبێ لەکوردستانا.**

**2- کاتێ کورد بەرژەوەندیەکی گرنگیان بخاتە بەرمەترسیەوە، یالەدەستیانبدا. بۆنمونە: ئەگەر داخوازییەکانی کورد لەلایەن کۆمەلگەی نیودەولەتییەوە هەروا پشتگوی بخرێو هەمو سامانیکی نەتەوەییمان تالانکرێ، نابێ کوردیش بهیلێ نەوتەکەی کەرکوك بۆبەرژەوەنیی داگیرکارانی بگاتە سەردەریا. ئەوەش کاریکی ئاسانە، چونکە بۆریە نەوتەکان بەناو کوردستانا ئەروا!**

لەلایەکیکەوە کارتی نەوتی هەریم زۆر گرنگە ، ئیستا هەمو دنیا، بەزلهیزەکانو ولاتانی دەوروبەریشەوە  چاویانبریوەتە نەوتی کوردستان. کورد ئەبێ زیرەکانەو زانایانە هەلسوکەوت بەو نەوتەوە بکا. ئەبێ سەروەریی تەواوی خۆی بەسەر ئەو نەوتەوە رابگەیەنێ. نابێ بەهیچ جۆرێ ریگەبدا بەبەغا دەسبخاتە وردەکاریی ئەو نەوتەوە. ئەبێ داهاتی ئەو نەوتە تەنیا بۆهکومەتی هەریمبێ. نابێ گوێبداتە هەیتوهاواری بەغا. ئەگەر داهاتی نەوتی هەریم بچیتە بوجەی ئیراکەوە، ئەوا دەرهینانی ئەونەوتە ئەبیتە ناپاکیەك بەرامبەر نەوەکانی ئیستەو داهاتوشمانو لەبارێکی وادا دەرنەهینانی چاکترە لەدەرهینانی. لەپایچی لە%83ی نەوتی ئیمە بۆئەوانبێ!؟ چ نەتەوەیەك ئەوە قبولئەکاو لەئەنجامیشدا پارەی ئەو نەوتە بدریتەوە بەفرۆکەو بۆمباو بدریتەوە بەسەری خۆمانا!؟

- لەسەردەمی جیهانگیری، ئەلین ناسیۆنالیزم پاشەکشەی کردوەو شتێك نەماوە بەناوی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵکو ئابوری جیهانی جێگەی هەموی گرتۆتەوە، راتان چییە؟

+ناسیۆنالیزم ئەگەر بەواتای نەتەوایەتیبێ، لەگەل نەتەوەدا دروستبوەو هەتا نەتەوەش بمینێ نەتەوایتی هەر ئەمینێ. بۆچی شتیك نەماوە بەناوی دەولەتی نەتەوەییەوە !؟ کام لەنەتەوەو دەولەتەکانی دنیا وازی لەشاریکی یا گوندیکی یا بستە خاکیکی خۆی هیناوە؟ کامیان وازی لەزمانو کلتوری نەتەوەیی خۆی هیناوە؟ جیهانگیری بۆ نەمانی نەتەوایەتی نیە. جیهانگیری بەپلەی یەکەم بۆمەبەستی بازرگانیە. نەمانی ڤیزە یادراوی هاوبەش یابازاری هاوبەش لەنیوان هەنێ ولاتی ئەوروپیا، لەلایەك بۆکارئاسانی بازرگانیەو لەلایەکیکەوە بۆراوەستانە بەرامبە دیوەزمەی ئەمریکا. بەپیچەوانەوە، لەسەردەمی جیهانگیریا چەندین دەولەتی فرەنەتەوە، لەیەکترازاو هەلوەشایەوەو هەر نەتەوەیەو دەولەتی نەتەوەیی خۆی راگەیان. ئەم خەیاڵە جاران لەسەری مارکسیەکانابو کەگوایە ئەنجامی مرۆڤایەتی

هەر نەمانی جۆراوجۆریی نەتەوەكانە !! كەچی ئەنجام نەمانی خۆیانبو و نەتەوایەتیش هەر بەزیندویتی مایەوە.

-لەماوەی یەك سەدەی رابردو كورد نەیتوانی ببێتە خاوەنی دەوڵەتی كوردی، ئەمە كەی ئەبێ؟

+لەو ماوەیەدا هەنێ هۆكار هەبو كەبونە ئاستەنگ لەبەردەم دروستبونی دەولەتی كوردیا. لەوانە:

ا-پەیمانی سایكس بیكۆ كەكوردستانی بەوجۆرە دابەشكرد.هەروەها پەیمانی لۆزان كەبەدوای پەیمانی سیڤەرا هات.

ب-دۆزینەوەی نەوت لەكەركوك كەئنگلیز لەپیناوی ئەو نەوتەدا ولایەتی موسلی لكان بەئیراكی ئەرەبیەوە بۆ ئەوەی لەلایەك كەركوك لەژیر چنگی تورك دەربینێو لەلایەكیترەوە ئەرەب بكا بەپۆلیسی پاسەوان بەسەر ئەو نەوتەی كوردەوە تابەئاسانی سود لەو نەوتە وەرگرێ.

پ-سەرهەلدانی بیرۆكەی ماركسیو پیكەوەژیانو گۆرینی ستراتیجی سەربەخۆیی بەدروشمی ئۆتۆنۆمی یاخودموختاری بۆكوردو دیموكراتی بۆئیراكو ئیرانو توركیاو سوریا! هەروەها فرۆشتنی كۆماری كوردستان لەلایەن سۆڤیتەوە بەرژیمی پەهلەوی لەپیناوی پشكیك لەنەوتی ئیرانا!

ت-پشتگیریی یەكیتیی سۆڤیت بۆرژیمەكەی ئەتاتورك لەدژی شۆرشەكانی كورد. هەروەها هەلوەشاننەوەی كۆماری كوردستانی سوور لەلایەن ستالینەوە لەسەر داوای ئەتاتورك. ج-پەیمانی جەزائیر كەبوە هۆی هەرەسی شۆرشی ئەیلول.ئیستا كاریگەریی ئەو هۆكارانە نەماوە. دەولەتە هەریمیەكانیش، هەریەكەو بەدەردیكەوە ئەنالینێ. ئیراك لەگیانەلادایە، ئیرانو سوریا نزیك كەوتنن، توركیا لەلایەك سۆڤیتەكەی جارانی نەماوە،لەلایەكیترەوە ئەمریكاش ئیستا تەنیا كاتی لەگەلدا ئەباتەسەر، لەلایەكیترەوە بەدەس پەكەكەوە ئەنالینێ، چوارەمیش ئیستا توركیا

بەرژەوەندییەکانی لەباشوریکی کوردستانی سەربەخۆدایە، ئەگەر وەك کەری دێز مردنی خۆیو زیانی ئیمەی نەوێ، ئەوەشی بوێ، یاساو کۆمەلگەی نیودەولەتی ریگەی نادا دەسبگرێ بەسەر ولاتیکیتراو ئیمپراتۆریەتی ئوسمانی زیندوکاتەوە، هەر هاتیش هەمو تاکیکی کورد ئەبێ بەبۆمبیکو پیایا ئەتەقیتەوە، خۆئەو لەئەمریکا زیاترنیە کەبەوجۆرە تەقینەوانە لەئیراك هەلهات. کەواتە ئیستا باشترین کاتە بۆراگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان-. لەماوەی رابردو لەدیمانەو لێدوانو وتارەکانت هانی کوردت داوە کەزاوزێی زۆر بکەن، پێت وایە زۆربونی کورد ببێتە هۆی دروستبونی دەولەتی کوردی، خۆ نەتەوە هەیە **100** هەزار کەسەو دەولەتیان هەیە، ئێمە زیاتر لە **40** ملیۆنینو دەولەتماننیە؟

+من بەو سادەوساکاریە نەموتوە زۆربونی کورد ئەبیتە هۆی دروستبونی دەولەتی کوردی! قسەکە ئاویتەیە بەگەلێ چەمکو لایەنەوە کەوەك پرۆژەیەکی پرنمونەو پرپەلگە بلاومکردۆتەوە. ئەو پرۆژەیە مشتومری زۆری لەسەرکراو لەسایتی ئەمرۆدا هەموی پاریزراوە. بەتەمام بیانکەم بەنامیلکەیەك. گەوهەری پرۆژەکەش بەکورتی بەمجۆرەیە:

لەورۆژەوە سەلاهەدینی ئەیوبی سەلیبیەکانی لەفەلەستین راوناو کوشتاری لیکردن، رۆژئاوا ویستویتی تۆلەی ئەوە لەکوردبکاتەوە. یەکەم گورزێ کەلەکوردیدا، دابەشکردنی کوردستانبو بەجۆرێ کەکورد ببیتە کەمینە لەولاتە سەردەستەکانیا تابەشی کۆیلەیەتیو کوشتنبێ. هەر بەهۆی ئەوەوە کەکەمینەیە، بەئاشتیو لەبەردەم سنووقەکانی دەنگدانا دۆراوئەبێ. بەشەریش دەرەقەت نایەت. جا بۆدەرچون لەم تەنگژەیە، بەپێی ئەو پرۆژەیە، کورد ئەبێ خۆیبکابەزۆرینە. بۆئەوەش باشترین شوێن ئیراکە کەبەهۆی بونی قەوارە کوردیەکەوە، ئەکرێ چەن ملیۆنیێ کوردی پارچەکانیتر لەهەریم نیشتەجێکاو هانی زاوزێی زۆر بداو تەنانەت هانی فرەژنیش بدا تاکورد ئەبیتە زۆرینە لەئیراکا. ئەوسا ئەتوانێ بەئاسانی، لەریی هەلبژاردنەوە،

یابەهەر ریگایەك دەسەلاتی ئیراك بگریتەدەسو بیکا بەهۆكاری رزگاركردنی پارچەكانیتریش.

ئەم پرۆژەیە بەرامبەر ئەگەریكە كەكورد هیچ دەرفەتیكیتری نەبێ بۆسەربەخۆیی.ئەگینا ئەگەر بەریگەیەكی خیراترو ئاسانتر سەربەخۆیی بەدەسخا باشتر. كەچی چەن كۆمۆنستیك خۆیانلیكردم بەپیشكەوتنخوازی ئەوەڵبابو كەوتنە دژی پرۆژەكە. ژمارەیەك رۆشنبیریش پرۆژەكەیان بەرزنرخان.

-گەشەنەكردنو بەردەوام نەبونی پارتە نەتەوەییەكانو پەلنەهاویشتنیان بۆهەمو ناوچەكانی كوردستانو زۆربەی پارتە نەتەوەییەكان زو توانەوەو نەمان وەك كاژیكو پاسۆك، هۆكارەكەی سەركردەكانی ئەو پارتانەن یابەرنامەكەیە یاهۆكاری دیكە هەیە؟

+سەركردەكانی ئەو ریكخراوە نەتەوەییانە، ئەگەر لەسەركردەكانی یەكیتیو پارتی چاكتر نەبوبن لەهەمو رویەكەوە ، خراپترنەبون. بەرنامەكەشیان هەربەوجۆرە. كەواتە هۆكاریدی هەبوە كەبەكورتی ئاماژەی بۆئەكەم.

لەو سەردەمەدا بیرۆكەكانی ئاینیوماركسی، زالتربون بەسەر بیرۆكەی نەتەوایەتیا.كورد ئاینیكی تایبەتی خۆینەبو تاوەك ئەرەبو جو بیخاتە خزمەتی خۆیەوە. بیرۆكەكە جگەلەوەی خۆی زۆرترسناكبو لەورۆژگارەدا زۆریش بەربەرەكانی ئەكرا لەلایەن شیوئیو پارتیەوە سەرباری هكومەت. شۆرشی ئەیلول كاری كاژیكی سستكرد چونكە گەنجەكان بەزۆری رویانكردە ئەوشۆرشە. جگەلە ئابونەیەكی كەمی ئەندامان، هیچ سەرچاوەیەكی دارایی نەبو. لەگەڵ گەلێ هۆكاریكەدا كەلیرەدا ئەو مەودایەمانیە دریژەی پێبدەین. لەپەرتوكی (كوردایتی بیرو بزاڤە)دا بەدریژی لەوروەوە دواوم .هەروەها لە((كورتە وەڵام/17دا-لەناو وەڵامەكانی تایماو یادەكانما زیاتر دواوم)).

-كاژیكو پاسۆك بۆتۆ چیئەگەیەنن ؟

+دو گوڵی گەش لەلالەزاری خەباتی نەتەوەییمانا. پێشموایە بیروباوەرەکانی ئەو دو ریکخراوە هەمیشە چراوگی ریگەی ئازادیو بەختیاریی کوردو سەربەخۆیی کوردستانئەبێ. ئەو بیروباوەرانە هەمیشە زیندونو ئیستا لەهزرو پینوسی هەزاران هەزار رۆشنبیری کوردا ئەدرەوشینەوەو گەشەئەکەن-. رەوەندی کوردو بونی ژمارەیەکی زۆر لەسیاسیو رۆشنبیرو وڵاتپاریز لەدەرەوەی کوردستان، تا ئێستا چییکردوەو دەستکەوتی چیبوە، توانیویەتی پاڵپشتی وڵاتان پەیابکا؟

+بەشێ لەرۆشنبیرەکانی رەوەندی کورد، لەریگەی پینوسەکانیانەوە دریغیانەکردوە. پالپشتی ولاتان بەوان پەیاناکرێ. وەك پیشتر وتم: پالپشتی ولاتان کاتێ دروستئەبێ کەبەرژەوەندیان لەکوردستاناهەبێ یاکورد بەرژەوەندیان بخاتە مەترسیەوە.

-خوێندنەوەت بۆرەوشی پارچەکانی دیکەی کوردستان: باکورو رۆژئاوا رۆژهەلات چییە؟

+ئیستا لەبارودۆخیکی خراپان. لەباکور بەهۆی خۆراگریی پەکەکەو ریکخراوەکانیکەی سەر بەپەکەکەوە ، پیشکەوتن هەیەو چاوەروانی پیشکەوتنی زیاتر ئەکرێ. لەروژئاوا هەل لەبارئەبێ بۆراگەیاندنی سەربەخۆیی لەکاتی کەوتنی رژیمەکەی ئەسەدا ئەگەر ریکخراوە کوردیەکانی لەئیستاوە خۆیانی بۆئامادەبکەن. لەرۆژهەلات بالەوەزیاتر خۆیان بەدروشمی خودموختارییەوە نەبەستنەوەو هیزبە کوردیەکانی، هەوار لەباشورەوە بگوێزنەوە بۆناو جەماوەرەکەی خۆیان لەرۆژهەلاتو لەگەل کەوتنی رژیمی مەلاکانا، سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن.

-با هەنێ پرسیاریکەشت لێبکەین:

دادوەری شۆرشی ئەیلول بویتە لەسالانی 1974_1975 لەبریارەکانتان پشتان بەچ یاسایەك ئەبەست؟

+هەر بەیاساکانی ئیراکی .

**-ساڵی 2012 هەمو پێشبینی ئەکەن کورد ببێتە دەوڵەت، خوێندنەوەو پێشبینی تۆچییە؟ بۆئەمساڵ؟**

**+شەکرم نایەدەمت. بەهیوام وابێ. دامەزرانی دەولەتی کوردی ئەگەریکە ئەشێ لەهەر کاتیکا بێتەئەنجام. گۆڕانەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست بەخیرایی گوزەرئەکەن، ئیستا دەولەتی کوردی لەبەرژەوەنیی زۆرلادایەو دنیایش بۆتە دنیای بەرژەوەنی. گرنگ ئەوەیە دەسەلاتی کوردیش لەئاستی ئەم هەلومەرجەدابێ. کارە هەنوکەییەکان بەخیرایی ئەنجامبدا کەبریتین لە: بنەبڕکردنی گەندەلی، یەکخستنەوەی وەزارەتەکان بەراستی نەك بەڕوکەش، کۆتاییهینان بەجیاکردنەوەی بوجەی زەردو بوجەی سەوز، یەکخستنی دەزگاگانی پیشمەرگەو ئاسایشو...هتد**

**-ئێستا وەکو سەرۆکی گۆنگرەی نیشتمانی کوردستان-باشور کاردەکەن؟**

**+بەڵێ.**

**-دوا وتەتانو سەرنجتان لەسەر رۆژنامەکەمانو مالپەرەکەمان چییە؟**

**+ئیستا لەباشوری کوردستان، هەر ئەو دو تروسکەیەمان لەئاسۆی نەتەوایەتیا بەدیئەکرێ. بەهیوام هەمیشە لەگەشەسەندنابن. ئەوەنەی توانای خۆتان دریغیتان نەکردوە**

---

## <u>تاگەندەڵی بمێنێ ئایندەمان لەخراپەوە بۆخراپترئەچێ</u>

**دیمانەی تەلەفیزیۆنی کۆمار، لەگەڵ بیرمەندی نەتەوەیی کامیل ژیر 2012/11/15 سازدانی:ڕێبوار نەلاسی**

**وتووێژ لەگەڵ پسپوری یاسا، شائیر، کەسایەتی نەتەوەیی کامیل ژیر کە لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابوردوا ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکیتی کورد (کاژیك)بوەو دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی(پاسۆك)بوەو**

خاوەنی چەندین کتێبو دیوانی هۆنراوەیە، پترلەشەست ساله خزمەتی بیری نەتەوەییئەکا..بەپێویستمانزانی بینەرانی بەریزی بەرنامەی روناهی، لەنزیکەوە گوێبیستی لیکدانەوەی زانستانەی ئەم کەسایەتییە دلسۆزو بەئەزمونەی گەلەکەمانبن

.

ریبوار نەلاسی: بیروباوەری نەتەوەیی لای بەرێزتان چ واتایەکی هەیە ؟

+ کامیل ژیر: بۆ وەلامی ئەم پرسیارە، ئەشێ سەرەتا بپرسین نەتەوە چیەو لە چ سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵاوەو نەتەوایەتی چۆنئەبێتە بیروباوەڕ.

نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە خەلکێ کەهەنێ خەسڵەت ئەیانبەستێ بەیەکەوە، وەك سۆزو هەستێکی هاوبەش، زمانیکی هاوبەش، نیشتمانیکی هاوبەش، نەژادیکی هاوبەش، میژویەکی هاوبەشو چەنخەسڵەتێکیکە.

ئەم خەسلەتانە،ئەشێ هەمو پێکەوە بونیانهەبێ، یاهەنیکیان بونینەبێ. بەلام ئەوەی کۆڵەکەی ئەستوریانەو ئەبێ هەمیشە بونی هەبێ، سۆزوهەستە هاوبەشەکەیە

.

مرۆڤ هەربەخۆڕسکی(سروشتی) سۆزیکی بۆدەوروبەری خۆی هەیە.خیزانو خزمو گەڕەکو گوندو شارو نیشتمانی خۆی خۆشئەوێ، ئەم سۆزە سەرچاوەی هەستێکی هاوبەشە. ئەو هەستەو پێویستییەکانی ژیان، زمانێکی هاوبەش لەسەر زەوییەکی هاوبەش دروستئەکەنو ئەنجام نەتەوە پێکدێو بەتیپەربونی رۆژگار، مێژویەکی هاوبەش دێتەبەرهەم. ژینگەش کاریگەریی لەسەر لاوازبون یاگەشەکردنی سۆزو هەستەکەهەیە . ژینگەی نالەبار سۆزو هەستەکە کاڵئەکاتەوەو ئەبێتە هۆی زاڵبونی بیری نامۆ بەنەتەوە، وەك بیری ئاینیو کۆمۆنستی.هەروەها ئەبێتە هۆی گەندەلیو نۆکەری بۆبێگانەو گەلێ خەسلەتی خراپیتر. بەپێچەوانەوە، لەژینگەیەکی لەبارداو بەهۆی پەروەردەیەکی زانستیەوە، سۆزو هەستەکە گەشەئەسەنێو ئەبێتە بیریك کەپێیئەوترێ بیری نەتەوەیی یابیروباوەری نەتەوەیی. ئەوبیروباوەڕەش، واتای راژەی نەتەوەو زاڵبونی بەرژەوەندیی نەتەوە بەسەر بەرژەوەندیی تایبەتا

ئەگەیەنێ تائەگاتە رادەی قوربانیدانو گیانبەخشین لەپیناوی نەتەوەودا. هەمو تاکەکانی نەتەوەش ئازادو یەکسانن لەروی بڕواو ئەرکو مافەوە. ئەوەیە واتای بیروباوەری نەتەوەیی لای من. کوردیش نەتەوایەتیەکەیخۆی ناوناوە( کوردایەتی).کوردایەتیش جیاوازە لەئوروبەی ئەرەبیو رەگەزپەرستی تورکیو فارسیو نازێتی ئەلمانیو ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی.کەواتە کوردایەتی بیروباوەرە نەك بۆیەی روکەش، وەك هەنێ لایەن لەخۆیانی ئەدەن یاپاشگری ( کورد، کوردستان)ئەنێن بەخۆیانەوە.!

ئەوەی هەڵگری بیروباوەڕی کوردایەتیبێ، ئەبێ وەك مۆم بۆنەتەوەو نیشتمانەکەی بسوتێ، دوربێ لە بیگانەپەرستیو خۆبەکەمزانینو گەندەڵی، سەربەخۆیی کوردستانو ئازادیو یەکسانیی خەڵکی کوردستان، بکاتە ئامانجی خۆی.

- ئایاکورد ئەتوانێ لەچوارچیوەی ولاتانی داگیرکەریا بەمافەکانیی سیاسیو نەتەوەییخۆی بگا ؟

+ هەرگیز.. هەر نیمچە مافێکی وەك ئۆتۆنۆمیو خودموختاریو فیدرالیش(کاتی)ئەبن ئەگەر ئەوانە ئاراستەنەکرێن بەرەو سەربەخۆیی کوردستان. جائالێرەوە تایبەتمەندێتیی کیشەی کورد لەکوردستانی ئێستادا دەرئەکەوێ. نەتەوەی کورد ئەگەر لەولاتیکی وەك سویسرا یائەمریکابوایە، ئەکرا بەمافەکانی سیاسیو نەتەوەیی خۆی لەچوارچیوەی ئەو ولاتانەدابگا، بەلام لەچواچێوەی ولاتانی داگیرکەری ئێستایا، ئەوە ئەستەمە. کیشەی کورد لەم ولاتانەدا تەنیا لەگەل رژیمە داگیرکەرەکانیانیە، بەلکو لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکانی تورکو فارسو ئەرەبیشایە کەکوردستان بەماڵی باپیریانو کورد بەنۆکەری خۆیانئەزانن!!مەگەر دەگمەن. دەگمەنیش بەپێی بنەمایەکی گشتیی یاسایی، پێوانەی لەسەرناکرێ. ئنجا ئالەم روانگەیەوەیە کەئامانجی کوردایتی، روخانی رژیمی داگیرکەرەکانینیە، مەگەر بۆتاکتیکێ. ئامانج دەربازبونە لەچواچیوەی ئەو ولاتانە.

- ئایا رژیمەکانی ئیرانو سوریا ئەروخین، یاهکومەتیکی هاوبەش لەگەل ئۆپۆزسیۆنی ئیستایان پیکدێنن ؟

+ رژیمی مەلاکانی ئیران لەبورجێکی ئەوەنە بەرزا خۆیان ئەبینن کەهیچ گرنگیەك بۆئۆپۆزسیۆن دانانین. رژیمەکەی بەشار ئەسەدیش بەشی خۆشیی تیانەهێشتۆتەوە لەگەل ئۆپۆزسیۆنا. لەبەرئەوە، هەلی هکومەتی هاوبەش لەئارادانیەو تەنیا رێگە لەبەردەم ئۆپۆزسیۆنی ئەرەبی لەسوریاو ئۆپۆزسیۆنی فارسی لەئیران، روخانی ئەو دو رژیمەیە. بۆنەتەوەکانیکەی ناو ئەو دو ولاتەش، چار تەنیا سەربەخۆییە.

- لەهەلبژاردنی سەرکۆماری ئەمریکادا،باراك ئۆباما بۆچوار سالیدیکە هەلبژیردرایەوە. ئایا سیاسەتی دەولەتی ئۆباما سەبارەت ئیران وەك رابوردوئەبێو هەولئەدا بەریگەی دیالۆکو گوشاری ئابوری، ئیران ملکەچی بریارەکانی نێونەتەوەییبکا، یاسیاسەتی روخاننو هینانەسەرکاری رژیمیکی تازە ئەگریتەبەر؟

+ ئۆباما وەك پەندی لەجەنگەکانی ڤیتنامو ئیراکو ئەفغان وەرگرتبێ وایە. تابتوانێ هەولئەدا لەریگەی گوشاری ئابورییەوە مل بەرژیمی ئیران کەچبکا بۆمەبەستەکانیخۆی. ئەگەر بەوریگەیە نەگەیشتە ئەنجام،ئەوا لەریگەی ئۆپۆزسیۆنی ئیرانیەوە ئەو هەولەئەدا، بەوەی هانیانئەدا بۆراپەرینو شۆرشو یارمەتیدانیان بە چەکو پارە بۆهەمان مەبەست.واتا ملکەچکردنی یاروخاننی.

- هیزبەکانی رۆژهەلات ئەلێن پژاك بەرەسمی ناناسن چونکە لقی پی کی کەیە. لەبەرئەوە ئامادەنین هاوکاری بکەن لەگەلی. ئیوە سەبارەت بەخەباتو چالاکی پژاك لەرۆژهەلاتی کوردستان بیروراتان چیە؟

+ پارتە کلاسیکیەکانی رۆژهەلات لەبابەتی دیموکراتو کۆمەلە کەئیستا بەرەکەتیان تیکەوتوەو هەریەکەو بون بەچەن پارچەیەکەوە، پژاك بەرەسمی بناسن یا نا، گرنگیەکینیە، چونکە ئەوان ئیستا دەستەمۆی پارتەکانی باشورن بەمەرجی ئەوەی توخنی سنوری ئیران نەکەون. واتا ئەو پارتانە، لەروی کردەییەوە، لەدۆخی

پشوودانێکی هەمیشەییان. جارجارێکیش کەدەنگێ بەرزئەکەنەوە، ئەوە هەر قسەی روتەو قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە.

پڕاکیش هەرچەنە ئیرانی سەغڵەتکردوەو شەری چەکداری لەگەلئەکا، بەلام ئەوانیش چونکە ستراتیجی خۆیان بە پیکەوەژیان لەگەل ئیران دیاریکردوە، ئەوا ئەوانیش ئاسنی سارد ئەکوتنو رۆلەی کورد بەخۆرایی بەکوشتئەدەن.

- پتر لەسالیکە سەرەکوەزیرانی ئیراك نوری مالیکی دەستیکردوە بەپیلانگێڕیو بەشیوازی جۆراوجۆر هەولئەدا دەسەلاتی هکومەتی هەریم لاوازکا،چی وایکردوە ئەم سیاسەتە پێرەوکا؟ هکومەتی هەریم چیبکا بۆئەوەی پێش لەم پیلانگێڕیە بگرێ ؟

+ ئەو سیاسەتەی مالیکی دژ بەکورد، هەموکاتێ چاوەروانکراوە.یاوەك ئەرەب ئەلێ(تحصيل حاصل)ە، ئەوە سیاسەتی هەمو هکومەتەکانی بەغابوە، لەرژێمی پاشایەتییەوە تارژێمی بەئس. دوای مالیکیش هەروائەبێ تا ئەوکاتەی ئەم تێکەڵە ناسروشتییەی ئیراك لەبەریەك هەڵئەوەشێو کورد بەمافە نەتەوەییەکانی خۆیئەگا.ئنجا لەراستیا کوردەکە خۆیشی یاریدەدەربوە بۆئەوەی وای بەرامبەربکرێ! ئیراك لەبەریەك هەلوەشابو، هەلێکی زیرینبو بۆسەربەخۆییمان. بەلام دو پارتە کوردیە دەسەلاتدارەکە، بونە هاوکاری دروستکردنەوەی ئیراك!! ئیراك سوپای نەمابو، بۆیاندروستکردەوە،ئەوەتا هیشتا ئەو سوپایە لەگاگۆڵکێدایە، هێزی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلەی لێکەوتۆتەوە! ئەوە لەکاتێکا، لەگەڵ کەوتنی رژیمی بەئسا، رۆشنبیرانی نەتەوەیی کورد، بانگەشەی سەربەخۆییانکردو ئەوان نەیانبیست! لەراپرسییەکا 98٪ی جەماوەری کورد دەنگیان بۆسەربەخۆییدا، کەچی ئەوان،لەبریئەوە، ئەرەبە راکردوەکانیان هێنایەوە بۆناوچە داگیرکراوە رزگارکراوەکانو جارێکیتر ئەوناوچانەیان لکاندەوە بەئیراکەوە!! ئیتر باباسی گەندەلیەکانیان نەکەین، چونکە زۆری لەسەر وتراوەو ئەوتریۆ نایبیستن!!

ئێستاش هەل بەبەریەوەماوەو بۆبەرگرتن لەتەئریبو ئەنفالیکیتر، ئەرکی هکومەتی هەریمە زۆربەخێرایی، وەك رێکارێکی بەرگریو هەنوکەیی لەئێستادا، ئەم هەنگاوانە بنێ:

1- لەهکومەتی هیزبەوە خۆیبکا بەهکومەتی گەل .

2- دامەزراننی سوپای بەرگریی کوردستانو پڕچەککردنی. یەکەم ئەرکیش، ئەو سوپایە، سەنگی قورسی خۆی بخاتە ناوچە داگیرکراوەکانو بیانپارێزێ..

3- چاکسازیو پاکسازیی بەپەلە.

4- لەبارێکا شەڕ یەخەی گرتین، ئەمجارە یاسەربەخۆیی یا شەڕکردن تامردن

- داهاتوی کورد بەگشتی چۆنئەبینن ؟

+ ئەمە پرسیارێکی فرەرەهەندە، داهاتوی کورد بەندە بەکۆمەلێ ئەگەرو گریمانەوە.تۆنازانی لەهەگبەی سبەینیدا چیهەیە؟ چیروئەدا؟ تاچەن رژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان لەئارامیدائەبن؟ یانابن؟ یاگۆرانکارییان بەسەرادێ؟

لەئاستی ناوخۆی کوردستانا چ گۆرانێ بەسەر ئەقڵی تاکو کۆی مرۆڤی کوردادێ؟ بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد، هەر لەم دۆخە چەقبەستوەی ئیستایا ئەمینێتەوە یا رو لەئاسۆیەکی فراوانتر ئەکا؟؟ تۆبزانە،دوای دەیان سەدە لەداگیرگاری کوردستانو قەلاچۆکردنی کورد، هیشتا زوربەی زۆری پارتە کوردیەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان، گۆرانی بۆپیکەوەژیان لەگەڵ ئەو داگیرکەرانەدا ئەچرِن! ئەو داگیرکەرانەی کەنەك هەر دەستیان، بەلکو هەمو جەستەیان بەخوێنی کورد سورە! تۆ سەرنجبدە داگیرکەرانی کوردستان هەرچیچەنێ لەنێخۆیانا ناکۆکبن، لەئاستی دژایەتی نەتەوەی کوردا، هاوراو هاوکاری یەکدین.کەچی ئەو پارتە کوردیانە هەمیشە سەرقاڵی دوبەرەکیو خۆخۆریو دوکەوتوی بەرژەوەندیی پارتایەتیو بنەمالەییو تاکەکەسینو لەگۆمی گەندەلیا مەلەئەکەن! بەکورتی تائەمە رەفتارمانبێ، ئایندەی کورد لەخراپەوە بۆخراپترئەچێ. ئەگەر هۆشێکیش بەبەر تاکەکانوکۆمەلەکانی کوردا هاتەوەو هوشیاریی نەتەوەییان گەشەیکرد، ئەوسا بیروباوەری کوردایەتیش

گەشەئەکاو نەتەوەی کورد ڕێگە ڕاستەکانی سەربەخۆییو ئازادی ئەدۆزێتەوەو بەسەر داگیرکەرانیا زاڵئەبێو ئاسۆی بەختیاریمان لەروناکەوە بۆروناکتر ئەچێ.

---

## شانازییەکانمو ئاواتی گەورەم

سازدانی:خەلەف غەفور دەلو- ڕۆژنامەنوس، بۆرۆژنامەی ئاسۆ **2011/3/14**

-ئەمانەوێ لەمناڵیو سەرەتاکانی چونە قوتابخانەتەوە دەسپێبکەین، جەنابت لەکوێ لەدایك بوویتو ساڵی چەن؟

+ **1934** لە شاری سلێمانی **12/20**

-چەنەمین مناڵی خێزانەکەتان بوی؟

+سێیەمین

-باروزروفی ئەوکاتەی خێزانەکەتان بەشێوەیکی گشتیی چۆنبو؟

+مامناوەنییبو

-لە قوتابخانە زیاتر هەزت لەچ وانەیك ئەکرد؟

+زیاتر بیرکاری، وەك هیوایەتیش هەزم لەوەرزشو هونەری شانۆئەکرد.

-ئەی بۆچی لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکان بەردەوام نەبوی؟

+دوای ئەوەی ساڵێ لەوێ خوێندم، شارەزاییەکی سەرەتایم لەبواری شانۆدا پەیاکرد، دوای ئەوە چاوم لەزیاتربو،ئەمویست هەر بەهونەرمەنی نەمێنمەوە، چاوم لەوەوەبو کۆلیجی یاسا بخوینم ، لەبەرئەوە بە (تاقیکردنەوەی دەرەکی) ئامادەییم لەبەغا بڕی.

-سەرگوزشتەی ئاشنابونت بەکتێبو خوێندنەوە،ئەگەڕێتەوە بۆکەی؟

+بۆچلەکان، سەرەتای خوێنندوەم لەگۆڤاری گەلاوێژەوە دەستپێئەکا، گۆڤاری گەلاوێژ کەساڵی 1939دەستیکرد بەدەرچون. فازیلی برای لەخۆمگەورەتر،ئابونەی لەو گۆڤارەداهەبو، واتە بەشداری هەبوو هەمو ژمارەکانی بەپۆست بۆئەهات. منیش هەمویم ئەخوێنەوە، گۆڤاری گەلاوێژ بوبەسەرچاوەیەکی رۆشنبیری بۆمنو ئاسۆی بیری منی روناککردەوە. پێش گۆڤاری گەلاوێژیش دیوانی هەنێ لەشائیرەکانم خوێندبووەوە، بەتایبەتی دیوانی بێکەسو قانیئو هەنێ لەشیئرەکانی بێکەسیشم لەبەربو. بیرم دێ لەپۆلی سێی سەرەتاییبوم مامۆستا غەفوری مەلا ئەلی دەرسی کوردی پێئەوتین، شیئرێکی بێکەسی خوێنەوە، دێرێکی بەهەڵە خوێنەوە، من وتم مامۆستا تۆ ئەوەت بەهەڵە خوێنەوە، تورەبو وتی: تۆ چۆنئەزانیو من چۆن هەڵەئەکەم؟ من هەر پێداگریمکردو وتم نەخێر مامۆستا ئەوە هەڵەیە. وتی: چۆن؟ وتم دیوانەکەمان هەیە لەماڵەوەو شیئرەکەیشیم لەبەرە. وتی: بچۆ بیهێنە ئەگەر وادەرنەچو لێتئەدەم. وتم باشە، بەراکردن چومەوە بۆماڵەوە، ماڵەومان نزیکبو دوای 6ـ7 خولەك دیوانەکەم هێناو پیشانمدا، وتی ئافەرم راستئەکەی قسەکەی تۆیە. بەوجورە هەر لەمنالییەوە خوێنندوەم هەبو، لەهەرزەکاریشداچونکە بەینێ تێکەڵاوی رێکخستنەکانی هیزبی شیوئیبوم، ئەوە وایکردزۆربخوێنمەوە، بەتایبەتی ئەدەبیاتەکانی هیزبو چ گوڤارو روژنامەو کتێبێکی تریشم بەردەستبکەوتایە.

-کاریگەری خێزانت لەسەربو بۆخوێنندوە یا هەزی خۆتبو یا بەهۆی هاورێکانتەوەبو؟

+سەرەتا لەرێگای فازیلی برامەوە کە چوار ساڵ لەمن گەورەتربو، ئەو زۆری ئەخوێنەوەو کتێبی زۆریشی هەبو، جگە لەگەلاوێژو دەنگی گیتی تازەو ئەو دیوانە شیئریانەو ئەو کتێبانەی کەئەو هەیبو. دوایئەوەیش ئێمە هەر تێکرا وەکو بنەماڵەو خێزانێ، کەخێزانێکی رۆشنبیربوینو هەمیشە لەدانیشتنی خێزانمانا باس لەئەدەبو رۆشنبیریو شیئرو سیاسەتو کوردایەتی ئەکرا، ئەمانە هەموکاریگەری هەبو بۆسەرمن کەوا بەردەوامبوم لەخۆ پرچەککردن بەخوێنەواریو زانست.

-جگە لەکتێبخانەی براکەت، خۆت هەوڵی دروستکردنی کتێبخانەت نەئەدا؟

+بێگومان، ئەو کارانەی بەرۆژ ئەمکردو پارەم وەرئەگرت، لەو پارانە کتێبو رۆژنامەم ئەکڕی، بەردەوام رۆژنامەی ژینم ئەخوێنەوە، چ رۆژنامەیەکم بەردەسبکەوتایە تەنانەت رۆژنامەی ئەرەبیشم ئەخوێنەوە، خۆیشم چەنجار کتێبخانەم دروست ئەکردو کتێبی زۆرم کۆئەکردەوە، بەبیرمدێ سێ جار لەماڵەوە من کتێبخانەم دروستکردوە، بەڵام هەر سێ جارەکە لەئەنجامی ئەوەدا کەزوزو ئەگیرام، کتێبخانەکەم ئەسوتێندراو پاشان سەرلەنوێ دروستمئەکردەوە.

-نزیکترین ئەو هاورێیانەت کێبون کەلەو سەردەمەدا ئەتانخوێنەوەو کتێبتان ئاڵوگۆڕئەکرد ؟

+جگە لەبراکەمو مامەکانم، غەنی فەرەج کەزۆرکات پێکەوەبوینو ئاڵوگۆڕی بیروڕایشمان ئەکرد، دوای ئەوەیش وردەوردە لەوبوارەدا برادەریترم بۆپەیدابو وەکو جەلالی میرزا کەریم، ڤادری میرزا کەریم. کەپلەیەکی زیاتر چومەپێشەوە لەگەڵ کامەران موکریو هەمەساڵح دیلانا ناسراویم پەیاکردو بوین بەبرادەرو هەمیشە ئاڵۆگۆڕی بیروڕامان ئەکرد.لەپەنجاکانیشدا جەمال نەبەزو ئەهمەد هەردیو ئەبدولا جەوهەرو گورانو فەرەیدون ئەلی ئەمینو ئیهسان فوئادو فایەق ئارفو شیخ سدیقی شیخ مەهمودو زوریتر.

-ئاشنابونت بەسیاسەت؟

+((وەڵامی ئەم پرسیارەو پرسیارگەلێکیتر سەبارەت کاژیکو پاسۆك، هەمان ئەو وەڵامانەی پێشتربون بۆرۆژنامەی تایم، بۆیە بەپێویستمنەزانی لیرەدا دوبارەیانکەمەوە.))

-دوای تەواوبونی خوێننی زانکۆ، گەڕایتەوە بۆ سلێمانی؟

+نەخێر، دو ساڵیتر لەبەغا مامەوە، لەماوەی ئەو دو ساڵەیشدا خێزانم پێکەوەنا.

-بۆچی ئەو دو ساڵە مایتەوە؟

+وەزیفەکەم لەوێبو. ئەو کۆمپانیایەی من کارم تێائەکرد، کۆمپانیایەکی ئەهلیبو، بەڵام لە 1964دا تەئمیمکراو بو بەملکی هکومەت، ئیتر ئێمە بوین بەفەرمانبەری رەسمی.ساڵی 1987 گواسرامەوە بۆکارگەی بەرگدورین (مصلحە الخیاطە) رۆژێ بەریوەبەری گشتیی کارگەی جگەرەی سلێمانی رەسوڵی مەجید بەگ، سەردانیکردینومنی بینیو وتی: تۆ لێرەیتو بەڕێوەبەری ئیدارەیتو منیش پەکم کەوتوە لەسەر بەڕێوەبەرێکی باش، تۆ چیئەکەی لەبەغا، وەرەوە بۆسلێمانی. لەسەر داوای ئەو، گواسرامەوە بۆکارگەی جگەرەی سلێمانی.

-بۆچونت دەربارەی بەیاننامەی 11ی ئادار؟

+وەرچەرخانێبو لەمێژوی کوردا، بۆ یەکەمجار یەکێ لەهکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دانبنێ بەبونی کورداو دانبنێ بەمافی هوکمێکی زاتی بۆکورد. بەڵام لەهەمانکاتیشا ئێمەی نەتەوەیی بەپەرێزەوە دەمانڕوانییە بەیانی 11 ئادار، بەنوسراوێکیش باری سەرنجی خۆمان نارد بۆبارزانی کەپێویستە ئاگاداربێو رەنگە ئەمە پیلانیکبێو تاسەر نەبێ.گومانەکەی ئێمە جێگەی خۆیبو، ئەوەبو رژیمی بەغا چەن مەلایەکینارد بۆکوشتنی بارزانی!

-چۆن بڕیارتاندا پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکەن؟

+زوربەی سەرکردەکانی کاژیك، هەریەکەو لەکاتێکا چوینەتە پاڵ شۆڕش، لەوێ من هەم وەکو پێشمەرگەیەکو هەمیش وەکو مافناسێ چومە ئەمانەی گشتیی ئەوقافوئەدل کە ساڵح یوسفی ئەمینی گشتیی ئەو ئەمانەتەبو، لەوێ کرام بە دادوەر (حاکم) لەهەمانکاتا کرام بەپشکنەری داد، ماوەیەکیش ئەندامی دادگای سەربازیبوم کەچەن کەسێ ئەو دادگایەیان ئەبرد بەڕێوەو سەرۆکەکەی ناوی ئەبدولڕەهمان قازی بو، جەلالی ئەمین بەگو مەلا کەمالو من ئەندامبوین.

-ماوەیەك پێموابێ لەدیوانی چاودێری دارایی ئیشتکردوە، چۆن دەستتپێکردو چۆنیش کۆتاییت پێهێنا




لەڕاستەوە: کەمال مستەفا، جەلال سام ئاغا، فاروق جەمیل، سەلاحەدینی موهتەدی، کامیل ژیر.

+دیوانی چاودێری، لەڕاستیا ئیشی راستەوخۆم تێیا نەکردوە، فەرمانبەری دیوانی چاودێری دارایی نەبوم، تەنیا وەك پارێزەرێ هەنێجار ئەبوم بەبریکاری گشتیی دیوانی چاودێریی دارایی لەدەئواکانیاناو دوایش وەکو راوێژکاری یاسایی (خۆبەخش) لەگەڵ دیوانی چاودێریا پەیوەنیم هەبو ...

-تەئلیقت چیە لەسەر ئەو دیوانە؟

+دەزگایەکی زۆرچاکبو، تائێستاش هەرماوەو بەردەوامە، ئەوەی کە بیرمبێزیاترلە2700 راپۆرتیان نوسیوە لەو ماوەیەی هاوڕێی خۆشەویستم جەلالی ساماغا سەرۆکیبو.ئەو راپۆرتانە زۆری گەندەڵییەکانی هکومەتی تێایەویەکێ لەوانەی خۆی بەشائیری گەورەئەزانی، لەڕێگای دیوانی چاودێریی داراییەوەگەندەڵیەکانی ئاشکراکراو دوجار درا بەدادگا.هەروەها گەندەڵیەکانی چەن بەرپرسێکی گەورەیان دەرخست، بەڵام هەموویان دیزەبەدەرخونەکران!. لەوە ئەچێ ئەو دیوانەهەر

لەبنچینەدا بۆچاوبەست دروستبوبێ! ئەگەرنا؟ئەبوایە راپۆرتەکانیان بخستایەتە کارو بەپێی ئەوراپۆرتانە هەرچی ئەو کەسو لایەنانەی بەبەلگەوە گەندەڵیان ئیسپاتبوە، لێپرسینەوەیان لەگەڵبکرایە.

دیوانی چاودێری بەبەلگەوە نەبێ قسەناکا، دەستەیان هەیە، دەستەکانیان ئەنێرن بۆدائیرەکان، بە ئیشوکاری ساڵانەی دائیرەکانا ئەچنەوە، ئەو پارانەی وەریانگرتوە چۆن خەرجکەراوەو لەکوێدا دزی کراوەو کێ دزیویەتی، گەندەڵییەکان چین؟ ئەمانە هەموی بەبەلگەوە بەچاپکراوی کراون بەراپۆرتو نێردراون بۆپەرلەمانی کوردستان، نوسخەیەکیشی نێردراوە بۆوەزارەتەکان، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بەدواداچونیان بۆبکرێ، ئەخرایە سەر رەفەو پشتگوێ ئەخران، بۆچی؟ چونکە گەندەڵیەکان یەخەی خۆیان ئەگرێتەوە. ئەوانەش وایانکرد جەلالی سام ئاغا سەرۆکی دیوان خۆی خانەنشینکرد. دواییدیوانی چاودێریی دارایی سلێمانیو هەولێر یەکیانگرتو ئاگام لێینەما.

یەکەمەکانی ژیان:

-هەر مرۆڤێ کۆمەڵێ کەسی چەمکی یەکەم لەژیانیا هەیە، یەکەمەکانی ژیانی مامۆستا کامیل ژیر کێن؟کێ بەیەکەم مامۆستای خۆت دەزانی؟

+یەکەم مامۆستا؟ باوەرم بەوە نییە کەسێ یەکەم مامۆستام بوبێ، هەموکەسێ لەژیانیا کۆمەڵێ مامۆستای هەبوە لەیەککاتا رێبەرایەتیان کردبێ، من ئەو کۆمەڵە مامۆستایانەیلەمناڵیمەوە کاریگەریان هەبوە لەسەرم لەرێگەی نووسینو شیئرەکانیانەوە: فایق بێکەس، ئەهمەد موختار، پیرەمێرد، مەولەوی، نالی، کوردی،مەهوی، شێخ رەزا، شێخ سەلام، هەوری، گوران،هەردی،جەمال نەبەز، فازیلی برامو زۆریتر، بەرهەمەکانی ئەوبەرێزانە هەمویان کاریگەرییانهەبوە لەسەرم.

-خێزانەکەت بۆتۆ چی ئەگەیەنێ؟

+خێزانەکەم بۆمن گەلێ واتای هەیە، یەکەم ئەویش لەبنەماڵەیەکی رۆشنبیرەو کچی شێخ هەسەنی شێخ هەمە مارفە کەنوسەرێکی بەتواناو زمانزانێکی کوردیی باشبوە، ئەوانە وەکو بنەماڵەشلەگەڵما گونجاون، هەروەها هاوسەرێکی دڵسۆزو بەپەرۆشە بۆمنو بۆتەندروستیو ئایندەی من، سەرباری خۆشەویستیمان بۆیەکدی

-شانازیی بەچییەوە ئەکەی؟

+بەو خەباتەی کردومە، شانازی بەو بەرهەمانەوە ئەکەم نوسیومن، ئەو کتێبانە، هونراوەکانم، شانازی بەو هەڵوێستانەوە ئەکەم کە بوێرانە نواندومەو هەرگیز سڵم نەکردوتەوە تەنانەت لەکاتی رژێمی بەئسدا چەندین هەڵوێستم هەبوە لەسەر میکرۆفۆنو شانۆ کەبەگژ ئەو رژێمەداچومەتەوە.ئەوە سەرباری ئەوەی لەسەردەمی پاشایەتیا چەنجار گیراومو نەفیکراوم.

-لەچی پەشیمانی؟

+لەوەی **10**ساڵی تەمەنی خۆم لەریکخستنەکانی هیزبی شیوئیدا بەسەربرد.

-ئاواتی گەورەت؟

+ئازادیی کوردو سەربەخۆیی کوردستان.

## <u>دەوڵەتی کوردی</u>

هاورێی خۆشەویستم کاکە زانیار سەردارقرگەیی، زوزو سەردانمئەکا، هەرجارێکیش چەن رۆژنامەو کتێبو نامەی هاورێیانیترم بۆئەهێنێ، ماڵی ئاوابێ. ئەمجارە بەهەنێ پرسیارەوە هات، کە لەگەڵ وەلامەکانا لەژمارە**4521** رۆژی**2014/8/13** ی رۆژنامەی خەبات ل**7** بلاوکرایەوە.

پرسیاری-١- کوردستان هەر لەدوای شەرێکی نێوان عوسمانییەکانو سەفەوییەکان، کراوەتە دو بەش، دواتریش لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کراوەتە

چوار بەش. ئایا هۆکاری سەرەکیی ئەم دابەشکارییەی دوەم کە بەسەرکردایەتیی وڵاتانی زلهێزی جیهانی بەڕێوەچو، بۆچی ئەگەڕێتەوە؟

وەڵامی-١- دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی تورکیا،ئیران، ئیراکو سوریا، دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، بەپێی رێکەوتننامەی سایکس بیکۆبو. ئەتوانین هۆی سەرەکیی ئەو دابەشکردنە بگێڕینەوە بۆ 3 خاڵ:

ا-تۆڵەکردنەوەیەکبو لەنەتەوەی کورد بەرامبەر ئەو گورزەی سەلاهەدینی ئەیوبی لەخاچپەرستانی وەشان. نەخشەی دابەشکردنەکەش بەجۆرێکە کەکورد لەهەرکام لەو دەوڵەتانەدا ببێتە کەمینەیەکو هەر بەکەمینەیەتیش بمێنێتەوە بۆئەوەی نەبەشەڕو نەبەئاشتی نەتوانێ ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەشەڕ ناتوانێ چونکە کەمینەیە، کەکەمینەبو لاوازەو دەرەقەتی زۆرینەکان نایەت. بەتایبەتی زۆرینەکانی ئەو وڵاتانە جڵەوی فەرمانڕەوایییو هێزە چەکدارەکانیان بەدەستەوەیە. بەئاشتیش هەرناتوانێ چونکە لەئاستی سنوقەکانی دەنگدانا ژمارەیان کەمە. ئەوەش لەولاوە بوەستێ کەئەو دەوڵەتە سەردەستانەی کوردستان، ئەگەر لەهەمو شتێکا ناکۆکبن، لەلێدانو دژایەتیکردنی هەربزوتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی کوردیا، یەکڕاو هاوکاری یەکدین، چونکە رزگاریو سەربەخۆیی هەر پارچەیەکی کوردستان ئەبێتە مەترسی بۆدەوڵەتەکانیتری داگیرکەری کوردستان. مەبەستێکیتری ئەو دابەشکردنەی سایکس بیکۆ، توانەوەی کەمینەی کوردە لەناو زۆرینەی تورکو فارسو ئەرەبا کەکاریگەریی ئەم لایەنەیان مەترسیدارترە لەلایەنی یەکەم! ئێستە ئەگەر ژمارەی کورد بەچلملیۆن بخەملێنرێ لەناو ئەو نەتەوانەدا، ئەوا لەکوردستانێکی سەربەخۆدا ئەگەیشتە زیاتر لە شەست ملیۆن! واتا لەماوەی سەد ساڵی رابوردوا، بەهۆی ئەو دابەشکردنەوە، زیاتر لەبیست ملیۆن کورد لەناو گەلانیترا تواوەتەوە! ئەمەش راستییەکە کەهەمومان هەستی پێئەکەین. وەك نمونەیەك: هەمو نەوەکانی سەلاهەدینی ئەیوبی لەفەلەستینو ئەردەنو میسرو سۆدانا توانەوە! ئەوانە هەموی

ئەنجامی پیلانو نەخشەی سایکس بیکۆیە کەتائەم چرکەساتە کاریگەریێتیی ماوەو ئەبێ نەتەوەی کورد لێیبەئاگابێو هوشیارانە ئەو نەخشەو پیلانە لەگۆڕنێ .

ب-دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی ئوسمانی، رۆژئاوا نەیویست دەوڵەتی گەورە لەناوچەکە دروستببێ، واتا ئوسمانی بگۆڕێتەوە بەئوسمانییەکیتر!. لەبەرئەوە نەچون یەك دەوڵەتی گەورە بۆهەمو ئەرەب دامەزرێنن، ئەوەبو ئەرەبستانیان کرد بەچەند دەوڵەتۆکەیەك بۆئەوەی هەمیشە لاوازبنو نەبنە مەترسی بۆرۆژئاوا. ئێستەش هەر رێگرن لەیەکگرتنی ئەو دەوڵەتۆکانە، واتا یەکێتیی ئەرەب. دیارە لەهەمان دیدوبۆچونەوە، رێگربون لەدروستبونی دەوڵەتی کوردستانی گەورەش. مادەکانی **62،63،64** ی پەیمانی سیفەریش تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزبو بۆترساننی تورکیا تادەس لەولایەتی موسڵ هەڵگرێ.

ج-بونی نەوت لەکێڵگەکانی بابەگوڕگوڕ، هۆیەکبو بۆئەوەی ئنگلیز ولایەتی موسڵ بخاتە سەر ئیراکی ئەرەبی. تا لەلایەك ئەرەبی ئیراك بکا بەپۆلیس بەسەر نەوتەکەی کوردەوە، لەلایەکیترەوە بۆئەوەی بۆرییە نەوتەکان بەخاکی ئەرەبا بگەیەنێتە سەر دەریای سپیی ناوەراست. بەم کارەش کورد دوجار زەرەرمەندبو، جارێ بەوەی  باکورو باشوری کوردستان لەیەکپارچەوە بو بە دو پارچە. جارێکیش بەوەی  نەوتەکەی بەتاڵانبرێو بەداهاتی ئەو نەوتە هەمو بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی کورد لەناوببرێ.

پ-٢- کورد نەتەوەیەکی دەیان ملیۆنییە، خاکێکی فراوانو بەپیتیشی هەیە، هەمیشە ئەوترێ کەوڵاتانی زلهێز ئەو نەتەوانە ئەکەن بەخاوەنی وڵاتی خۆیان کەئەتوانن بەجۆرێ لەجۆرەکان قازانجیان لێبکەن، بۆچی لەکاتێکا کوردستان سامانیشی زۆرە، وڵاتان لەسەر نکوڵیکردن لەمافە بنەڕەتییەکانی کوردان بەردەوامن؟

و-٢- جگە لەو وەڵامانەی سەرەوە کەوەڵامن بۆئەم پرسیارەش، باوەڕناکەم وڵاتانی زلهێز هیچ نەتەوەیەکیان کردبێ، یا بکەن بەخاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان! بەڵام ئەشێ کاتێ نەتەوەیەك بەرەو سەربەخۆیی خۆی هەنگاوی کاریگەر

بنێ، ئەو زلهێزانە پێشبڕکێ بکەن بۆدەستێوەردان لەدەوڵەتەکەیان بەئەرێنی یا نەرێنی. بۆ ئەم راستییە نمونە زۆرە. دوای هەرەسی دەوڵەتی ئوسمانی، نەتەوەی تورك بەسەرکردایەتیی مستەفا کەمال، خۆیان دەوڵەتی تورکیای تازەیان بنیاتنا ئنجا زلهێزەکان پشتگیرییانکرد. هەر دوای ئوسمانی، نەتەوەی ئەرەب لەچەندین لاوە هەوڵی سەربەخۆیی خۆیانداو زلهێزەکان هەر ئەوەنەیانبۆکرا نەیەڵن لەیەك دەوڵەتا کۆببنەوە، لەجیاتی یەك دەوڵەت، پشتگیریی چەندین دەوڵەتۆکەی ئەرەبیانکرد! بەڵام کوردانی ژێردەستەی ئوسمانی چونکە خۆیان یەکدەنگو یەك بزاف نەبون بۆسەربەخۆیی، بەدەستی بەتاڵ مانەوە! نەك هەر ئەوسا، ئەوەتا ئێستاش کەزێرینترین هەل لەئارادایە بۆسەربەخۆیی باشوری کوردستان، هەنێ لەحیزبە کوردییە جلەوبەدەستەکانی داگیرکەران، کۆسپ ئەخەنە رێگەی سەربەخۆییمانەوە!! بێئەوەی بزانن بەو هەڵوێستەیان گۆڕ بۆخۆیان هەڵئەکەنن !

پ-٣- لەو ناوچەیەی کەکوردستانی تێدابەشکراوە،جگە لەکورد، ئەرمەنەکانو ئازەرییەکانو تورکەکانو ئەرەبەکانو فارسەکانو هیندو دەیان نەتەوەی دیکەش ژیان بەسەرئەبەن، بەشێك لەو نەتەوانە(بۆنمونە ئەرمەنەکان یا ئازەرییەکان) رەنگە ژمارەیانو روبەری نیشتمانەکەشیان لەکوردو کوردستان کەمترو بچوکتربێ، کەچی ئەوان بەمافە نەتەوەییەکانیان گەیشتون ( ئەرمەنستانو ئازەربایجان) دو نمونەی باڵان ، هۆکارچییە ئەو نەتەوانە دەوڵەتیان هەیە؟ جیاوازیی ئەوان لەگەڵ کوردا لەچیایە؟

و-٣- گرنگنییە ژمارەی کوردو روبەری کوردستان کەم یا زۆربێ، دەوڵەت هەیە لەشارێکی کورد کەمترو بچوکترە. لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەیەکی بۆبکەین، ئەویش (هوشیاریی نەتەوەییە) کورد بەپێچەوانەی نەتەوەکانیترەوە، هوشیاریی نەتەوەییەکەی زۆر لاوازە! ئەوەش بۆتە هۆیئەوەی بەساویلکەیەتی بمێنێتەوە، هەست بەناتەواویبکا، زوهەڵخەڵەتێ، دۆستو دوژمنی خۆی لێکجیانەکاتەوە، پەنا بۆداگیرکەرەکانیببا، چاوچنۆکبێ،یەکگرتونەبێ، هەلی

سەربەخۆیی لەدەسبداو...هتد. ئەگەر نەبونی هوشیاریی نەتەوەیی نەبێ، بۆچی کورد، ئیراکی لەبەریەکهەڵوەشاو دروستئەکاتەوە! سوپاکەی دائەمەزرێنێتەوە! ئەوهەمو گەندەڵییەی تیابلاوئەبێتەوە! شەڕی ناوخۆئەکا! 83٪ی داهاتی نەوتەکەی ئەدا بەپایتەختی داگیرکەرەکەیو ئەویش بیدا بەچەکو بیکێشێتەوە بەسەری کوردا!( ئاخر خۆ ئەم نەوتەی کوردستان هەر مڵکی ئەو هیزبانە یا هەر ئەم نەوەیەی ئێستای کوردنیە!) ئائەوەیە جیاوازیی کورد لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا کە تۆ ئاماژەت بۆکردنو ئەوانەن بەشێك لەهۆکار بۆنەبونی دەوڵەتی کوردی!!

پ-٤- خەباتی کورد لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی خەباتی لێکدابڕاوبوە، ئەگەر پەیوەندییەکیش هەبوبێ، زیاتر تەشریفاتیبوە، هەرچەنە هەندێجار دو پارچەی کوردستان بەیەکەوە خەباتدەکەن، بۆنموونە لەئێستادا بەشێك لەهێزەکانی باکورو رۆژئاوای کوردستان بەیەکەوە خەبات ئەکەن، یا لەرابوردوا بەیەکەوە خەباتیانکردوە..ئایا خەباتکردنی کوردان بەشێوەیەکی یەکگرتو لەهەر چوار پارچەی کوردستانا بۆئەم واقیئە گونجاوە؟ ئایا ئەم لێکدابڕاوییەی خەباتی کوردان هۆکارنەبوە بۆدواکەوتنی بەدیهاتنی خەونی دەوڵەتی کوردی؟

و-٤- بێگومان خەباتی هەر چوار پارچەکە بەیەکگرتویی، باشترو ئەنجامدارترە. هەر بۆئەو مەبەستەشە، کۆنگرەی نەتەوەیی، پێویستییەکی هەمیشەییە بۆکورد. بەڵام ئەوە مەرجنیە بۆبەدیهاتنی خەونی دەوڵەتی کوردی، بەبێئەوەش ئەکرێ لەهەر پارچەیەکا سەربەخۆیی رابگەیەنرێ لەکاتی هەلی گونجاوا. بۆسەربەخۆیی کوردستان، چەندین رێگا هەیە کەپێشتر من لەسمینارێکا لەئەڵمانیا/کۆڵن بەبەرواری ٢٠١١/٨/١٣ ئاماژەم بۆرێگاکانی سەربەخۆیی کردوە .

پ5-بەلەبەرچاوگرتنی واقیئی کوردستان لەکاتی ئێستاداو هەڵسەنگاننی لایەنە: سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتییەکان لەباشوری کوردستان، راگەیاننی دەوڵەتی کوردی لەئێستادا، تاچەندە لەواقیئەوە نزیکەو وەك زەرورەتێك ئەبێ چاویلێبکرێ؟

و-٥- راگەیاننی دەوڵەتی کوردی لەئێستاو لەهەمو کاتێکا لەواقیئەوە نزیکەو ئەبێ هەنگاوی کردەیی بۆبنرێ. بێگومان کاتەکان چونیەکنین. کات هەیە لەکاتێکیتر باشترە، بۆهەر هەلو کاتێکیش ئامادەکاریی خۆیئەوێ. لەکاتی ئێستادا، لەهەمو روەکانی سیاسیو سەربازیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەوە، هەلێکی زێڕین لەبارە بۆراگەیاننی سەربەخۆیی باشوری کوردستان، بەتایبەتی کەناوچە داگیرکراوەکان کەوتونەتە دەس پێشمەرگە، ئیراك بەکردەیی بۆتە ٣ پارچە، بەغا بوجەو موچەی لەکوردستان بڕیوە، بەغا بەدەس سوننەکانەوە گیریخواردوە، هکومەتەکەی مالیکی لاوازترین حکومەتی ئیراکە لەڕوی کەرەستەییو واتاییەوە ( مادیو مەعنەوی)و سەربازیەوە بەدرێژایی مێژوی ئیراك، بازاڕی نەوتی کوردستان لەبرەودایە، سەربەخۆیی بۆتە خواستو ویستی زوربەی جەماوەری کورد، ئەگەر لایەنێکی سیاسیی کوردیش هەبێ دژی سەربەخۆیی بوەستێتەوە، ئەوا بەڕاگەیاننی سەربەخۆیی، ئەو لایەنە وەك بەفری بەهار لەئاستی خۆی ئەتوێتەوەو تەپڵی نابوتی لێئەداو هەر جەماوەرەکەی خۆی لێیهەڵئەگەڕێتەوەو...هتد. بەڵام بەداخەوە لەوەئەچێ ئەم هەلەش وەك هەلەکانی رابوردو لەدەسبچێ! بەم بەڵگانە:

راگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەبێ لەکاتی هەلێکی وادا، کتوپڕ (موفاجەئە) یەکبێو دوانەخرێ، نەك پێشەکی بدرکێنرێو نەیاران بکەونە خۆیان بۆلەباربردنی. پێویست بەریکلامو گشتپرسی (ریفراندۆم) ناکاو تەنیا بریارێکی پەرلەمانی کوردستانی بەسە، بەتایبەتی لەگشتپرسییەکەی ٢٠٠٥دا ٩٨٪ دەنگی بۆسەربەخۆییداو پێویست بەگشتپرسییەکیتر ناکا. پێشەکی چەکی بەرگریی پێویست، بەتایبەتی دژەئاسمانیی، بۆئامادەکرابێ. زەخیرەیەکی زۆری هەمەجۆری بۆخرابێ، سەرباری هەنێ راسپاردەیتر کەناکرێ لەم نوسینەدا بدرکێنرێ. جا لەبەرئەوەی ئەمانە هیچیان نەکراون، لەباربردنی ئەم هەلەش بەدور نازانم! وەنەبێ ئەوانەش کاری نەکردەبن، داهاتی نەوتی ئێستەی کوردستان، لەوانە زیاتری تیائەبێ ئەگەر بەفیرۆ نەدرێ یا بەر شاڵاوی گەندەڵی نەکەوێ وەك ئەوەی بەشێ لەو داهاتە بدرێ بەهێزبەکان کەمانگانە ئەکاتە زیاتر لەچەن ملیۆن دۆلارو موچەی پێشمەرگەو فەرمانبەرانیش

بەڕێکوپێکی نەدرێ! نابێ بوجەی هیزب لەسەر بوجەی گشتیبێ، بەتایبەتی ئێستا ئەو هیزبانە پرۆژەی ئابوریی ناڕەوای ئەوەنە زۆریان هەیە کەلێیانئەڕژێ.

جگەلەوانە، سەربەخۆیی کوردستان پێویستی بەرەزامەنیی نەئەمریکاو نەهیچ دەوڵەتێکی دەرەکیو هەرێمینییە. هیچ دەوڵەتێ ( وەلی ئەمر)ی کورد نیە. هیچ دەوڵەتێکیش سەربازی خۆی بەکوشت نادا بۆرێگری لەباشوری کوردستانێکی سەربەخۆ، مەگەر ئیراکی لەڕولاوازو ئفلیجو لەبەریەکهەڵوەشاو کەئەویش دەرەقەتنایەت. بەپێچەوانەوە، زوربەی دەوڵەتان، ئەکەونە پێشبڕکێ بۆدانان بەدەوڵەتی کوردیی سەربەخۆدا وەك چۆن بینیمان زلهێزەکان سەرەتا دژی دابەشکردنی یۆگۆسلافیاو سۆدانبونو دوایی بونە پشتگیریان. ئابڵوقەی ئابوری ترسێکە لەسەری ترسنۆکەکانا، ئەگینا کاری کردەنیە، ئەو سنورە دورودرێژەی باشور بە دە ملیۆن کەس ناتەنرێ، باشور پێشتر سەرنەکەوتنی ئەو جۆرە ئابڵوقەیەی دیوە، زیاتر لەبیست ساڵە قەندیل ئابڵوقەی ئابوریی لەسەرەو ئەو ئابڵوقەیە سەرکەوتنی بەدەسنەهێناوە. ئێستە ئیتر هیچ پاساوێك بۆوەرگرتنی پۆست لەبەغا نەماوە. نابێ لەوەبترسین کەهەنێ قوربانیبدەین یا بۆماوەیەك توشی هەنێ تەنگژەی ئابوریببین! لەمێژوی دێرینی کوردا، باپیرانی ئێمە ساڵانێك تەنیا بەبەڕو ژیاون! ئەوە تەنیا مرۆڤە ترسنۆکو خاوەن ژێرزەمینە پڕلەدۆلارەکانن کەلەقوربانیدان ئەترسن. ئەگینا ئەوەتا ئێستە پێشمەرگە قارەمانەکان بەسکی برسیو گەروی تینوەوە ئەجەنگنو قوربانیئەدەن لەپێناوی بنیاتنانی دەوڵەتی کوردیا!

سەرنج: رۆژنامەکە هەنێ شتی لابردبو لەم نوسینە. من لێرەدا وەك ئەوەی خۆم پێشکەشمکردوە .

---

__دەمەتەقێی گروپی گوڵنار__

**لەگەڵ کامیل ژیر- دامەزرێنەری کاژیك**

**گوڵنار: کامیل ژیر کێیه؟:**

**ژیر: ناوم (کامیل)ە، نازناوم (ژیر)ە، باوکم (نیزامەدین)، باپیرم شێخ (جەلال) موفتی (شارباژێڕ)بوە، برای چیرۆکنوسو فەرهەنکساز (فازیل)م، مامم (ا .ب هەوری) نوسەرو هۆنیارو پەروەردەکارێکی گەورەبوە، شێخ (سەلام)ی هۆنیارخاڵی باوکم بوە. خەڵکی (سلێمانی)م ، هەر لە (سلێمانی) ژیاومو گەورەبوم، ئەگەرچی بە ڕەچەڵەك ئەگەڕێینەوە بۆناوچەی (چنارە)ی نزیك (دەربەندیخان)کە گۆڕی باپیرە گەورەمانی لێیە (شێخ نیزامی) ئەویش بە حەوت پشت ئەچێتەوە سەر (پیرخدری شاهۆ) کە یەکێکبوە لە پیرەکانی (زەردەشت). وەك بڕوانامە: کۆلێژی (یاسا)م تەواوکردوە ساڵی 1966، لەگەڵ خوێندنی کولیەش هەشت کۆرسی زمانی ئینگلیزیم خوێندوە لە پەیمانگای ئەمریکی لە بەغدا، هەروەها کۆرسێکی زمانی ئەڵمانیشم خوێندوە، ماوەیەکیش لە وڵاتی (سویسرا) بومو هەوڵمداوە فێری زمانی (فەڕەنسی) ببم.**

**گوڵنار: منداڵیت چۆنبو.؟**

**ژیر: چاوی منداڵیم بە فڕۆکەو جەنگی جیهانی یەکەمو هەواڵی جەنگەکەو گرانیو ڕۆژی چەندکەس دەکوژران کرایەوە.! گوێگرتن لە هەواڵو بارودۆخی دنیا، بو بە خولیام لە ڕادیۆکانەوە، ئەوە سەرەتای منداڵی منبو. بەهۆکاری ئەوەش کە من لە خێزانێکی ڕۆشنبیردابوم، هەمیشە ڕۆشنبیرانو شارەزایان لەماڵی ئێمە، باسی شەشی ئەیلولو شۆڕشەکانی کورد ئەکرا کە چۆن ئەو خەڵکە بێگوناهانە ئەکوژران کە یەکێك لەوانە (عەولە سیس)بو، ئەوەی هۆنراوەیەکم بۆ نوسیوە بەناوی (عەولە سیسی قارەمان)ەوە. ئیتر ئەو هەمو ڕوداوانە کاریان لە منداڵی من کردبو، دەستم قەڵەمی گرتو کەوتمە نوسینی هۆنراوەو وتارو چیرۆك، تا وای لێهات ساڵی 1954 توانیم، یا وێرام یەکەم هۆنراوەم بڵاوبکەمەوە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا لە تەمەنی 20 ساڵیمدا..**

**گوڵنار: چۆن گەیاندتە ڕۆژنامەی ژین.؟**

ژیر: خۆم بردم، ئەو کاتە (گۆران)ی هۆنیارسەرپەرشتی ڕۆژنامەکەی ئەکرد، کە هۆنراوەکەی خوێندەوە، زۆری بە دڵبو و دەستخۆشی لێکردم. وتی: پێمخۆشە زوزو سەرمان لێ بدەیو زوزو شتمان بۆ بنوسیت، ئەو هاندانەی ئەو وای لێکردم بە دوای ئەو هۆنراوەیەدا، چەندین وتارو چیرۆکو هۆنراوەیتر بڵاوبکەمەوە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا.

گوڵنار: بەرهەمو نوسراوەکانت چینو چەندن.؟

ژیر: **20** بەرهەمی چاپکراون، بەئومێدم بەشێکیان بە چاپ بگەیەنمەوە، هەندێ شتی نوێشم هەیە کە ئامادەن بۆ چاپ، بواری نوسینەکانیشم پێکهاتوە لە هۆنراوەو چیرۆکو شانۆنامەو یاساو سیاسەتو ڕەخنەسازی.. لەگەڵ ئەوەشدام کە هەمو کوردێ بەرهەمی خۆی بە کوردی بنوسێت، مەگەر دەگمەن، چونکە عەرەب پێویستی بە نوسینو بەرهەمی ئێمەنییە.! ئێمە خۆمان پێویستمان بە نوسەرو هۆنیارو مێژونوسی چاك هەیەو پێویستە مێژوەکەی خۆمان بەکوردی بنوسینەوە، ئەوەشی بە عەرەبی نوسراوە، بکرێت بە کوردی، بەتایبەت ئێستا وای لێهاتوە نەوەی ئەمڕۆمان عەرەبی نازانن.

بەوجۆرەو سالی **1956** یەکەم شانۆنامەی خۆم (ئافرەتو نوشتە)م چاپکرد دوای ئەوەی خرایە سەر شانۆ. **1957** یەکەم دیوانی هۆنراوەی خۆمم چاپکرد بەناوی (نازەنین)ەوە، ساڵی **1960** دوەمین دیوانی هۆنراوەم چاپکرد بەناوی (کوردایەتی)یەوە، **1983** دیوانێکیترم بەناوی (جوانی)یەوە چاپکرد، ساڵی **1993** چەند کتێبێکیترم چاپکرد لە وڵاتی سوید، لەوانە: کۆبەرهەمی هۆنراوەکانم تا ئەو ساڵە، شانۆنامەیەك لەسەر (بەشیر موشیر) بەناوی (گەورە پیاو)ەوەو لەسەرئەحەی جاویش. پەرتوکی کوردایەتیو دەوڵەتێکی کوردی. **2002** پەرتوکی أفکارو پەرتوکی کوردایەتیو سەربەخۆیی. **2006** پەرتوکی کوردایەتی بیرو بزاڤە کە هەندێ رەخنەی لەخۆ گرتوە، لەوانە د. کەمال مەزهەر، **2008** پەرتوکی کوردایەتیو کەندەڵی، **2010** دوبارە کۆی هۆنراوەکانم چاپکردەوە بەناوی کوردایەتیو جوانییەوە. **2014**

کاژیك-62پرسیار لەلایەن هەڵۆ بەرزنجەییەوە چاپی ئەلەکترۆنی، داستانی بەشیر موشیر-چاپی ئەلەکترۆنی 2015 ، کوردایەتیو دژە ناوخۆییەکان بەهاوکاریی ب.هەندرین —چاپی ئەلەکترۆنی. نوسیینیتریشم هەیە کە ئامادەن بۆچاپ سەرباری یادەکانم.

گوڵنار: ڕەخنەکانت لە دکتۆر کەمال مەزهەر چیبون.؟

ژیر: لە پەرتوکی (کوردایەتی بیرو بزاڤە)دا نوسیومن لەژێر ناونیشانی (نان بۆ نانەوایە نەك بۆ گۆشتفرۆش)، دوای ڕاپەڕین هات بۆسلێمانی، لە یەکێك لە هۆڵەکانی زانکۆی سلێمانیدا کۆبونەوەیەکی کرد، مامۆستاکانی زانکۆو خەڵکێکی زۆریش لەوێ بون، لە کاتی جۆشوخرۆشو خوێنگەرمی خەڵك بەهۆی سەرکەوتنی ڕاپەڕینەوە، ئەو کەوتە وەسفکردنی عەرەب: (هەمویان خراپ نین و من برادەری وام هەیە زۆر چاکو ڕێکوپێکە، لەو بابەتانە زۆری وت.! تەنانەت ئەو خوازیاری یەکێتی خاکی عێراقبو! کەمال مەزهەرو خەڵکانێکی تریش کەوتبونە ژێر ئەو بیروباوەڕەی کە مرۆڤ ئەبێ بۆ ئەمری واقیع ملکەچ بکا). منیش لە وەڵامدانەوەکەمدا ئاماژەم بەوە کردوە کە وانییە، مرۆڤ ئەتوانێ باری سەپاو (واقیع) بگۆڕێت، تۆ بارێکی خراپ سەپاوە بەسەرتا، نابێ ملکەچبی بۆیو بڵێی ئەمە ئەمری واقیعە.! نەخێر، ئەبێ ئەو ئەمری واقیعە بچەرخێنی بەشێوەیەك کە لەو شێوە نالەبارە ڕزگاری بکەیتو دوریبخەیتەوە.

گوڵنار: بەدەر لە نوسین، نێوانت لەگەڵ خوێندنەوەدا چۆنە.؟  ئەگەر بە بیرت بێ یەکەم کتێبێك کە خوێندتەوە چیبو.؟

ژیر: پێش ئەوەی بچمە خوێندنگە، لە حوجرە خوێندومە، حوجرەی مەلا نەجمەدینو حوجرەی مەلا بەکر، کە لەبەر خانەقای سلێمانیبون، بۆیە بەر لەوەی بچمە خوێندنگە، خوێندەواریم هەبو. برایەکم (فازیل نیزامەدین) کە فەرهەنگسازبوەو چەند فەرهەنگێکی هەیەو چیرۆکنوسبوە، ئەو ئابونەی گۆڤاری (گەلاوێژ)ی هەبو، منیش بەو کەمە خوێندەوارییەوە هەمو ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژم ئەخوێندەوە، وەکو کتێبیش یەکەم دیوانی هۆنراوەم خوێندەوە، ئەویش

دیوانەکەی (فایەق بێکەس)بو، تەنانەت هۆنراوەیەکی کە ئەڵێ: (مامە سۆفی وای تەمایە هەر بە ڕیشی پانەوە.. قەسری بۆحازرکرابێ پڕ بە حۆری جوانەوە.. ئەو ئەڵێ جەننەت بە ڕیشە چی بەسەرعیرفانەوە.. سەد سەلاحەدینو دارا قیمەتی یەك عانەیە.. گەر بەهەشت هەر بێتە جێگەی جاهیلو شێتو کەران.. دۆزەخیش مەخسوسی زانایانو فامیدەی جیهان.. خوایە بمخەیتە جەهەننەم نەچمە ڕیزی وەحشیان.. جەننەتی چی.؟ بێتو وابێ عەینی تیمارخانەیە.! چاوەکەم بەخوا خەیاڵتان خاوە چاکی تێبگەن.. خوا یەکێکی خۆشئەوێ دانابێ خاوەن عیلمو فەن..کەڵکی بۆخۆیو بەشەربێ خادمی راستی وەتەن.. هایوهویی بێ سەمەر هەر کردەوەی شێتانەیە) هەمویم لەبەرکردبو، تائێستاش هەر لەبەرمە. لەوساوە ئاشنایەتیم لەگەڵ هۆنراوەو وێژەدا پەیداکردوە. لەتەمەنی مێردمنداڵیمدا ژمارەیەك چیرۆکیشم لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوکردۆتەوە.

گوڵنار: باست لەوەکرد بەر لەوەی بچیتە خوێندنگە، لە حوجرە خوێندوتە، تا کەی کاریگەریو بیروباوەڕی حوجرەت بەسەرەوە مایەوە.؟

ژیر: وەك پۆلێکی خوێندنگەی سەرەتایی بون، ئەو دو حوجرەیەی کە من لێم خوێندبو، هەروەك دو خوێندنگە وابون، ئێمەیان فێری خوێندەواریی ئەکرد، لە هەمان کاتیشدا (جزمی عەممە)یان پێدەخوێندینو هەندێ ئایەتیشمان لەبەرکردبو بێئەوەی بزانین مانایان چیە. هەر لەوێ فێری خوێندنەوەو نوسین بوم، سودیشم زۆر لێ وەرگرت، جگە لەوەی باوکیشم هەر خوێندەوارێکی باشبو، ئەویش هەمیشە لەگەڵم خەریك ئەبو و یارمەتی ئەدام، کە چوشمە خوێندنگە، لە پۆلی دوەم دایاننام.

گوڵنار: بەنیاز نیت بیرەوەرییەکانت بنوسیتەوە.؟

ژیر: بێگومان، یەکێك لەو شتانەی ئێستا کاری لەسەر ئەکەم، بیرەوەرییەکانمە، ئەویش پێکهاتوە لە ماوەکانی **1934** تا کۆتایی**2018** وەك بەشی

یەکەم، نزیکەی **450** لاپەڕە ئەبێ، چاپە ئەلەکترۆنییەکەیم کردوەو کارئەکەم بۆئەوەی بەشێوەی کتێبیش چاپی بکەم.

گوڵنار: چ شتێك هەیە لە یاداشتەکانتدا نەتنوسیـبێو باست نەکردبێ.؟

ژیر: ئەوەی کەوا بە بیرمدا هاتبێ، لەو یاداشتانەدا نوسیومە، بەڵام بەدرێژدادڕی نا، هەوڵمداوە نوسینەکەم چڕوپڕبێ، نوسینێك کە درێژدادڕی تیابێ خوێنەریش توشی بێزاریو بێتاقەتی ئەکا، بەڵام ئەوەی کە مەبەستی جەنابتە، هەندێ شت کە نەم وتوەو نەم نوسیوە، هۆکارەکەی ئەوە بوە کە نەمویستوە درێژە بدەم بە هەندێ شتو کاتی خوێنەری پێ بکوژمو ماندوی بکەم لەکاتی خوێندنەوەدا.

گوڵنار: یاداشتو بیرەوەریی چ کەسێك کاریان تێکردویو پێیان کاریگەر بویت.؟

ژیر: یادەوەرییەکان جۆراوجۆرن، بۆنمونە کتێبێکی (هیتلەر – خەباتی من) کە ئەویش جۆرێکە لەیادەوەری، خوێندومەتەوەو سودم لێ بینیوە، لەناو کوردیشدا زۆرکەس یادەوەرییان نوسیوە، ئەوی بەردەستم کەوتبێ، خوێندومەتەوە.

گوڵنار: بە درێژایی تەمەنی خۆت، هیچ هەورازو نشێوو ئازارێك هەبوە کە هێندە تەنگت پێ هەڵبچنێ کە بڵێی خۆزگە کورد نەبومایە.؟

ژیر: هەرگیز پەشیمان نیم لەکوردبونی خۆم، بە پێچەوانەوە هەمیشە شانازیم بەوەوە کردوە کە کوردم، ئنجا هەندێك شت هەن بە دەستی خۆت نییە، مرۆڤ کە ئەفرێنراوە لەسەر گۆی زەوی، هەر کۆمەڵە مرۆڤێك سەر بە نەتەوەیەکە، هەر کۆمەڵە مرۆڤێك ژینگەیەکی خۆی هەیە، من ناوی کوردستان، خۆشەویستی کوردستان هەمیشە لە دڵمدا چەسپیوە، هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی کە کوردم، بگرە هەمیشە شانازیم پێوە کردوە، بەتایبەتی ئەگەر ئێستا بەراوردی کورد بکەین بەوەی کە ئێمە داگیرکراوین، دەرگای گەلێك شارستانییەتمان لێ داخراوە، لەگەڵ ئەوەشدا من ئەبینم کورد وەکو نەتەوە بەگشتیو وەکو خەڵکێکی پێگەیشتوو خوێنەوار، زۆر لە پێش نەتەوەو میللەتەکانی دراوسێمانەوەیە. من گەشتی زۆرم بۆئەوروپا کردوە،

بۆ ئەمریکاش. گەلێك شتی نەشیاوو ناشیرین هەیە لەوێ ، تورك و عەرەب و فارس ئەیکەن، کورد ئەوانەی نەکردوە، کورد عیزەتی نەفسی هەیە، توانیویەتی پاکێتیو کەسایەتیی خۆی بپارێزێ، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو هەمو کۆمەڵەو نەتەوەیەکدا خەڵکی دەگمەن و نەشاز هەیە، لەناو کوردیشدا هەیە، بەلاّم ئەگەر بە ڕێژە وەریگرین، ڕێژەی خراپەکاریی کورد زۆر زۆر کەمترە لە خراپەکارانی عەرەبو تورکو فارس، بەتایبەتتر تورك، زۆربەیان لە ئەڵمانیان، مرۆڤ بێزی دێتەوە لە کردەوەیان ئەوەندە دواکەوتو و هیچوپوچن. لەبەرئەوە من هەموکاتێك کوردبونم بەلاوە شانازیبوە.

گوڵنار: کوردبون چی پێ بەخشیوی.؟

ژیر: ئەوەی پێ بەخشیوم کەوا ئێمە ئەرکێکمان لەسەر شانە، ئەو ئەرکەش ئەوەیە  ئێمە ئەبێ خزمەتی نەتەوەکەمان بکەین، گەورەترین خزمەتێکیش کە نەتەوەکەمان پێویستی پێیەتی، مەسەلەی سەربەخۆییە، ئێمە تا سەربەخۆیی بەدەست نەهێنین، تا کوردستان نەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ویژدانمان پارێزراو نابێ، دەرونمان ئاسودەو ئارام دنابێ، ئازادنابین. بەسەربەخۆیی دەرگای پێشکەوتن لەبەردەمماندا ئەکرێتەوە، سەربەخۆییش گەورەترین خزمەتە کە ئێمە پێشکەش بەنیشتمانو نەتەوەکەمانی بکەین. بۆیە هەر لە منداڵیمەوە بیرم لەوەکردۆتەوە کە بۆچی ئەو هەمو نەتەوانەی دنیا وڵاتی سەربەخۆی خۆیانیان هەبێو کورد نەیبێ.؟!

.

گوڵنار: بۆ سەربەخۆیی کوردستان، جەنابتان خاوەنی فەلسەفەو تیۆرێکن کە پێویستە ئێمە پایتەختی وڵاتە داگیرکارەکانی کوردستان بگرینو لەوێوە سەربەخۆیی خۆمان چنگ بخەین،  پێت وایە داگیرکردنی پایتەختەکانیان ئاسانترە لە ڕزگارکردنی کۆلۆنێکی وڵاتی خۆمان، پێت وانییە ئەوە کێشە دروست بکا.؟

ژیر: بۆچی ئێستە کێشەمان نیە!؟ لەوەلاّمی پرسیارەکەشتا ئەڵێم: نەخێر، بەڵکو من ئەوە بە کورتترین ڕێگا ئەزانم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بۆچی.؟!

چونکە ئێمە لەدوای تێکچونی دەوڵەتی (ماد)ەوە تا ئەمڕۆ هەرچی ڕێگاکانی خەباتو هەوڵدان هەن بۆسەربەخۆیی، گرتومانەتە بەر، هیچیان نەیانگەیاندوینەتە ئامانج ، ئامانجەکەش سەربەخۆییە، ئەو پایتەختانەی داگیرکاران (دیمەشق، بەغدا، تارانو ئەنقەرە) لەڕاستیدا لەڕوی مێژوییەوە هەمویان خاکی کوردستانبون، بەتایبەتی سەردەمی مادەکان کە هەر یەکێك لەو پایتەختانە بەشێکبوە لە کوردستانی گەورە، لەبەرئەوە وەکو ملّکداری ملکی خۆمانن. مەغۆلەکان باکوری کوردستانیان داگیرکردوە، عەرەب بەهۆی فتوحاتی ئیسلامییەوە رۆژهەلاتو باشورو ڕۆژئاوای داگیرکردوە، مەغۆلو عەرەبو فارس داگیرکارن، بێگانەو نامۆن، نەك کورد. ئەوان ستەمیان لە ئێمەی کورد کردوە، خاکی ئێمەیان داگیرکردوەو کردویانە بە دەوڵەت بۆ خۆیان، لەبەرئەوە ئەگەر وەکو ڕەواییو وەکو قەرزێکیش بڵێی، ئێمە مافی خۆمانە کە ئەو شوێنانە ئازادکەین، ئەوەشی کە من باوەڕم پێیەتیو نوسیومە، بەرەنجامی ئەوەیە کە ئێمە هیچ ڕێگایەکیتر نەماوەتەوە بیگرینە بەر، شۆڕش، دانوستان، وتوویژ، ڕاپەڕین، هیچیان سودیان نەبوە بۆمان، ناتوانین بەو ڕێگایانە باوەڕ بە داگیرکاران بێنین کە کوردیش وەکو ئەوان نەتەوەیەکەو مافی خۆبەڕێوەبەریو ژیانو سەربەخۆیی هەیەو پێویستە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ. کەواتە ئەبێ بیر لە ڕێگاچارەیەکیتر بکەینەوە، ئەو ڕێگاچارەیەش ئەوەیە کە لەو پایتەختانەدا خاوەن دەسەلاتبین وەك چۆن ئەوان سالّەها خاوەن دەسەلاتبون.

ئەگەر سەرنج بدەین ئەهلی (سوننە) لە ساڵی **1920**ەوە وەکو کەمینەیەك دەستی بەسەر عێراقدا گرت تا **2003**، عەلەوییەکان لە سوریا زۆر کەمینەن، شەست – حەفتا ساڵە دەستیان بەسەر سوریادا گرتوەو ئەو هەمو شەڕو ئاژاوەیەش هەیە، ئەوان هەر جێ پێیان پتەوەو ناکەونو هەرئەوان تائێستا فەرمانڕەوان لە سوریادا. لە ئێراندا فارس تا ئەم ساتە کەمینەیەکە لەچاو ئازەریو کوردو عەرەبو بلوجو نەتەوەکانیتردا. باشە کە ئەو سێ نمونەیە کەمینەنو توانیویشیانە دەست بەسەر پایتەختی ئەو سێ وڵاتەدا بگرنو فەرمانڕەوابنو بتوانن بمێننەوەو نەڕوخێن، کورد بۆچی نەتوانێ؟!خۆ هەندێجار توانیویشێتی، لە عێراقدا (بەکر سدقی) ساڵی **1936**

کۆدەتای کرد، زابتێکی کوردبو، سەریشکەوت ، بەڵام هەڵەی ئەو ئەوەبو نەیزانی خۆی بپارێزێ، فێڵیان لێکردو فریویاندا، بانگهێشتیان کرد بۆکۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیو ئەبوایە بە موسڵدا تێپەڕێ، کە گەیشتە موسڵ لەوێ کەمینیان بۆدانابو، شەهیدیانکرد. ئەبوایە بەو پەلەیە بەغدای بەجێنەهێشتایە. ئەگەر ئەو هەڵەیەی نەکردایە، ئێستا کورد لەعیراقا ئەبو بەزۆرینەو خاوەن مافی خۆی. عەرەبو تورکومانو تێکڕا کەمینەکانیش خاوەن مافی خۆیان ئەبون. لە سوریاش (حوسنی زەعیم)و چەند ئەفسەرێکیتر کە کورد بون، ئەوانیش کۆدەتایان کردوەو سەرکەوتوشبون. بگەڕێینەوە بۆ مێژویەکی کۆنتر، سەلاحەدینی ئەیوبی  کوردبو، بە پیادەڕەو لە تکریتەوە لەگەڵ چەکدارەکانی، نیوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی داگیرکرد. کەواتە ئەستەم نییە بۆکورد ئەگەر بیەوێ فەرمانڕەوای پایتەختی هەرکام لەو وڵاتە داگیرکارانەبێ. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، سوپای عێراقی نەمابو، هێزی چەکدار لای عەرەب نەمابو، تەنها کورد هێزی پێشمەرگەی هەبو، کورد ئەیتوانی بەپای پیلانێك لەبەغدا فەرمانڕەوابێ ، ئەو کاتە ئەمریکاو ڕوسیاو زلهێزانیتر ناچارئەبون مل بۆ باری سەپاو کەچ بکەنو مامەڵە لەگەڵ ئەودەسەڵاتە تازەیە بکەن، بەتایبەتی هەر بەناوی دەسەڵاتی عیراقییەوە فەرمانڕەواییان بکردایە تا کورد بەمافە رەواکانی ئەگەیشت. ئێستاش هەر بۆنمونە، هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق بە دڵی ئەمریکا نیە، کەچی ملی شۆڕکردوەبۆئەمری واقیعو مامەڵەی لەگەڵدائەکا. ئەو زلهێزانە هەمیشە بەشوێن بەرژەوەندیی خۆیاندا وێڵن، من ئەگەر دەسەڵاتم گرتەدەس لە بەغدا ، لە ئەمریکاو ڕوسو ڕۆژئاواوتورکیاوئێرانیشی ئەگەیەنم کە بەرژەوەندییەکانیان پارێزراوئەبێ، بەڵکو ئێمەین زیاتر بەرژەوەندییەکانتان ئەپارێزین، تیرۆریشتان ناکەین، نیازیشمان نییە عێراق دابەش بکەین، کە ئەوانیش زانیان عێراق بەش بەش ناکەینو بەرژەوەندییەکانیان بەردەوام ئەبێو لەئارامیدائەبن ، ئەو کات ئەوانیش بە کردار لەگەڵمان ئەبن.

بۆزانیاریتان، سێ کۆدەتا کراوە من لە بەغدادبوم، ئەوەی قاسم ١٩٥٨، بەعسییەکان **1963**، کۆدەتای دوەمی بەعسییەکان **1968**، بەهێزێکی کەمەوە زۆر

به ئاسانی دەستیان گرت بەسەردەسەڵاتی عیراقێكدا كە ئەندامبو لە پەیمانی ناتۆداو وڵاتانی پاكستانو ئێرانو بەریتانیای لەگەڵبو. هێزەكەی قاسمو عبدالسلام فەرمانیان پێكرابو بەرەو فەلەستین برۆن، ئەبو بە بەغدادا تێپەڕینایە، لە جەلەولا كۆبونەوەیەكیان لە نێوان خۆیاندا كردبو، عبدالسلام و عبدالكریمو چەند زابتێكی كوردیش وتبویان بۆچی ئێمە بچین بۆ فەلەستینو خۆمان بدەین بە كوشت! كە گەیشتینە بەغدا كۆدەتایەك ئەكەین، كۆدەتاكەیان كردو سەركەوتوشبون، ئەوەش راستنیە كە رێخراوی ئەفسەرانی ئازاد هەبوە. ئەفسەرە كوردەكانی ئەو كودەتایە، حەمە عەلی خالە، وەحید بامەڕنی، شێخ نوریی شیخ رەشید، مستەفا بانەیی، دۆستمبونو زانیاریم لێوەرگرتون. دو كودەتاكەیتریش بەهێزێكی لەوان كەمترەوەبوو سەریشكەوتن. كوردیش ئەتوانێ لەهەلێكدا دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەو هەلەش پێشتر رەخساوەو لەئایندەدا ئەڕەخسێ، بەتایبەتی ئێستا ئەم دەسەڵاتەی بەغدا تا بڵێی لاوازەو بەردەوام نابێو پێدەچێ نەتوانێ چوارساڵەكە بەرێ بەڕێوە، بۆیە چەن لایەنێكی شیعەو سونەش، هەریەكەو لای خۆیەوە، خۆی ناوەتەوە بۆهەلێك. كوردیش با لەخەو هەستێ، بەتایبەتی ئەمڕۆ لەلایەنەكانیتر بەهێزترە.

گوڵنار: جەنابتان پێتان وایە كورد دەیتوانی حوكمڕانیی بەغدا بكا!؟ پێت وانییە ئەوەی بڕیاریدا دەسەڵات لە سوننەوە بگوازێتەوە بۆ شیعە، ئەمریكا بو؟! واتە كورد بەبێ ویستو ڕەزامەندی ئەمریكا دەیتوانی خەیاڵێكی لەوجۆرەش بە مێشكیدا بێت.

ژیر: بەڵێ ئەیتوانیو لەئایندەشدا ئەتوانێ. بەڵام ئەو توانینە هەروا سانانیە، نەخشەو پیلانو خۆنانەوەو ئامادەكاریو رابەرایەتییەكی زاناو كارامەو بوێری ئەوێ. سەبارەت ئەمریكا، یا هێزی دەرەكی، با ئەو وەهمە لەسەری خۆمان دەركەین، هەمو شت بەدەس ئەوانییە. ئیرادەی گەلانیش دەورو كاریگەرێتیی خۆی هەیە. لەوبارەیەوە نمونە زۆرە، كودەتاكانی قاسمو بەعسو ئەسەدو ناسرو قەزافیو مەلاكانی ئێرانو زۆریتر، بەپاڵپشتو پشتگیریو رەزامەنی هێزی دەرەكی نەبو.

گوڵنار: هەمیشە کورد هەستی خۆ بە کەمزانیو بێگانەپەرستی هەبوە، ئەوەتا بە شەوێکو بە سوپایەکی وەکو حەشدی شەعبی دەست دەگرێ بەسەر نیوەی خاکی کوردستاندا، چۆن دەتوانێت دەست بەسەر پایتەختدا بگرێ.؟

ژیر: ئەو هەستی خۆ بە کەمزانینە لە ئەنجامی ساڵەهای ساڵی داگیرکاریو چەوساوەییمانەوە دروستبوە، هەمیشە چەوسێنراوینەتەوە، ئازار دراوین، بەچەترسێن کراوین، کۆمەڵکوژ کراوین، لەوانەوە ئەو هەستی خۆ بە کەمزانینە دروستبوە، ئەم هیزبانەش کە ئێستا هەن، نەیانتوانیوە پەروەردەیەکی وەهای منداڵ بکەن کە لە ڕەوزەو سەرەتاییەوە مەعنەوییەتیا بەرزکەنو کەسێتیان دروست بکەن، بەگشتی نەیانتوانیوە کەسێتیی کورد سەرلەنوێ دروست بکەنەوە، ئەوە 27 ساڵە حوکمڕانن نەیانتوانیوە ئەوە بکەن، هەر خەریکی بەرژەوەندیی خۆیانبون، هەر خەریکی ڕاوڕوتبون. لایەنی پەروەردەییان فەرامۆش کردوە. سیستمی حیزبایەتی لەکوردستانا شکستی هێناوە، ئەبێ بگۆڕڕێت. پێویستمان بە قارەمانێکی نیشتمانییە، قارەمانێکی وەك دیاکۆی کوردو جۆرج واشنتۆنی ئەمریکاو گۆگۆڵی فەرەنساو ناسری میسرو هاوشێوەکانیان. ئەوانە هیچیان حیزبیان نەبوە. پێویستیمان بەخۆڕاگری هەیە. مەرج نیە پێش سەربەخۆیی، های لایف بژین. پێویستیمان بەپاشەکەوتی دراوی قورسە، بەچەکی کاریگەرە. ئەمڕۆ چەك بە پارەیە، پارە بدەی، بۆمبای ئەتۆمیشت پێئەفرۆشن، تەنانەت ئەگەر پارەشت نەبێ، بە قەرزی نەوتو گاز پێت ئەفرۆشن. بەکورتی، نابێ بیەڵین لەهیچ بوارێکا هەلمان لەدەسبچێ.

سەبارەت ئەوەی حەشدی شەعبی بەشەوو رۆژێ دەستیگرت بەسەر نیوەی خاکی کوردستانا، ئەوە لەلاوازیی کوردەوە نەبو. ئەوە لەئەنجامی ناپاکییەوەبو. پێشتریش هەرەسی نیمچە قەوارەکانی کوردو شۆڕشەکانی کورد، هەر لەئەنجامی ناپاکییەوە بوە. هۆکاری ئەو هەمو ناپاکییانەش لەناو کوردا، ئەوەیە کورد سزای ئەو ناپاکانەی نەداوە تا ناپاکیتر دروستنەبێ. هەندێ جار رێزیشیان لێگیراوە! ئیتر ژیان هەروایە، ئەگەر زەبری سزادانەبێ، کۆمەڵگە، هەرکۆمەڵگەیەك، ئەبێتە جەنگەڵستان.

گوڵنار: لەبارەی ڕیفراندۆمەوە چی دەڵێیت، ئایا ئەوە ڕێگایەکی باش نەبو.؟

ژیر: سەبارەت گشتپرسی، زۆرم نوسیوە. بروانە نوسینەکانم لە میدیاکانو لە فەیسبوك. بەکورتی وتبوم ئەو گشتپرسییە نەکردنی باشترە لەکردنی، هۆکارەکانیشم پیشاندابو. بەڵام کە هەرکرا، خوازیارو هاندەری ئەوەبوم دەنگەکان بەبەڵێ زیاترین ڕێژە بن، چونکە ئەگەر ئەو گشتپرسییەی ۹/۲۵ کەمتر لە ٥٠٪ دەنگی بهێنایە، تا سەد ساڵیتر لەڕومان نەئەهات باسی سەربەخۆیی بکەین. لەهەمو بارێکدا کورد بەگشتپرسی رزگاری نابێ. بۆچی.؟! ساڵی **1925** بو کە ویلایەتی موسڵ خرایە سەر عێراق، لە بەغدا، بو بە شاییلۆغانو هەڵپەڕکێ، تەنانەت مەلیك فەیسەڵی یەکەمو سەرۆك وەزیرانو وەزیرو کەسایەتییەکانیتر ئەیانوت: "ویلایەتی موسڵ بۆعێراق هاوشێوەی سەرە بۆ جەستەی مرۆڤ"، واتە جیاکردنەوەی ئەو ولایەتە، مردنی عێراقە، بۆیە بە درێژایی ئەم هەمو ساڵە ئەوان هیچ کات ڕازی نەبونو ڕازیش نابن سەریان لەلەشیان جیابکرێتەوە، دەست لە کوردستانو ویلایەتی موسڵ هەڵناگرن. کەوایە، تۆ ئەبێ لەڕێگایەکەوە بچیت بۆ مەسەلەکە کە ئەوان لە باری بێئاگاییدابن. کورد بەهەر رێگەیەك لەبەغدا دەسەڵات بگرێتەدەس، هەفتەیەکی پێویستە بۆپێداکوتان، دوایئەوە کۆمەڵەو کەسە گەندەڵەکان بیرلەوە ئەکەنەوە چۆن خۆیان ڕزگار بکەن. مرۆڤ کە لێی قەوما، بیر لە ژیانی خۆی ئەکاتەوە نەك شتیتر.

گوڵنار: لە دوای هاتنی سەدامەوە کە نزیکەی **40** ساڵە کۆدەتا ڕوینەداوەتەوە لە عێراقدا، بەهۆی پێشکەوتنو خۆپارێزیی سەرکردەکانەوە، ئەگەر شتی وا مومکین بێت ئەوا موفتەدا سەدرو شیعە توندڕەوەکانو سوننەکان ئەولاترن بیر لە شتی وەها بکەنەوە، بەڵام وا دیارە بۆ ئەوانیش شتی وەها نالوێ ئەگینا دەیانکرد، پێت وایە بۆ کوردێکی ماڵوێرانو ناکۆکو شپرزەو پەروەردە نەکراو زۆر قورسترەو لە خەیاڵەوە نزیکترە تا لە واقیعەوە کە دەست بگرێ بەسەر بەغداو عێراقدا.؟

ژیر: من نەموتوە کارێکی لەو جۆرە، لەم پاشاگەردانییەی ئێستەمانا، بەوانە ئەکرێ کە لەزەلکاوی گەندەڵیدا مەلە ئەکەن. ئنجا بۆچی ئەبێ گروپەکانی شیعەو

سونە، لەکورد ئەولاتربن!؟ لەکاتێکدا ئێستا پێشمەرگەی کورد لەوان جەنگاوەرترەو لەوان شارەزاترە لەجەنگدا. لەڕوی هێزیشەوە، لەوان لاوازتر نیە، تەنیا وەك پێشتر وتم: پێویستیمان بەو قارەمانەیە کە ئاماژەم بۆکرد. پێویستیمان بەو پەروەردەیەیە کە چاوەڕوانی ئەکەین. ئەوەشمان بیر نەچێ کە دنیا ئەوەی ماوێتی زیاترە لەوەی رۆیشتوە. میللەتان نەخشە بۆ سەدان ساڵیتر ئەکێشن. با ئێمەش فێربین بەردی بناغە بۆ ئایندەمان دانێین. با لەخەمی نەوەکانی داهاتوماندابین.

گوڵنار: هەر لەسەر ئەو بیرکردنەوەیەی جەنابت، جوڵانەوە نەتەوەییەکان بەتایبەت (کاژیك و پاسۆك) کە جەنابت لەناویاندا بویت، بۆچی هەوڵێکی لەو شێوەیەیان نەداوە.؟! یا بۆچی حیزبەکانی تر بیریان لە وەها پرۆسەیەك نەکردۆتەوەو پراکتیکیان نەکردوە.؟

ژیر: سەبارەت کاژیك و پاسۆك، لەپەرتوکی یادەکانمدا بە زیاتر لە پەنجا لاپەڕە ، وەڵامی هاوشێوەی ئەو پرسیارەی بەڕێزتانم داوەتەوە. ئنجا هەوڵێکی لەو شێوەیە، کاری حیزبایەتی نیە، بە کاژیکو پاسۆکو حیزبەکانیتریشەوە.

گوڵنار: پەیوەندیی نێوان ئیسلامو کورد، کورد بۆچی لە پەناو سایەی ئیسلامدا نەیتوانی ببێتە شت.؟ یا بۆچی کورد هاوشێوەی تورکو فارسو عەرەب نەیتوانی ئیسلام بکاتە چەکێك بۆخۆ بنیادنانو خۆپاراستن.؟

ژیر: هاتنی ئیسلام ساڵی **18**ی هیجری بۆکورستان، هەمو شتێکی لە کورد سەندەوە. مەسەلێك هەیە ئەڵێ: "قورئانێکیان هێنا دایان بەکورد، کورد قورئانەکەی لێ وەرگرتنو ئەوانیش کوردستانەکەیان لە کورد وەرگرت"! ئەوان وەك داگیرکەر هاتن. **کورد پێش هاتنی ئیسلام داگیرکراوو ژێردەسەی فارسبو لەئەنجامی نەمانی دوا پاشای ماد دیاکۆو ناپاکیی کوڕە کوردێکی دایك** فارسەوە. بەهاتنی ئیسلام، بو بە دو جار داگیرکراو. پێش هاتنی ئیسلام، کورد لەلایەن فارسەوە بەهیلاکچوبو. هەر کە سەرکردایەتی دەوڵەتی ماد کەوتە دەس فارس، یەکەم کاریان بریتیبو لە کۆمەڵکوژیی کورد، کوردەکان دایانە شاخ، حەوت ساڵ کورد لە شاخەکاندا بە (بەڕو)

ژیاوە. دوای ئەو مەرگەساتە، فتوحاتی ئیسلامی سەریهەڵداوە. جاهەرچەندە ئەو هێرشی عەرەبە جیاوازیی لەنێوان کوردو فارسا نەکردوە، بەڵام کوردەکە ئاهێکی پیا هاتۆتەوە بەپێی وتەی (دوژمنی دوژمنم دۆستمە) جگەلەوەی هەندێ ئایەت لە قورئاندا جێگیر کراوە وەك (إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وانثيٍ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ للَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) بەمە خەڵکیان خەڵەتانوە، گوایە جیاوازی نییە لە نێوان کوردو فارسو عەرەبدا، هەمو هەر بەندەی خودانو هەموان مافی خۆیان هەیە. بەم تێگەیشتنە کورد خەڵەتاوە، عەرەبیش لە جێی پیرەکانی زەردەشت، مەلای کوردیان دامەزراندوە، لەجێی پەرستگاکان مزگەوتیان بۆکردونەتەوە، یەکەم وانەو ئامۆژگارییەك کە ئەو مەلایانەیان پێ تەڵقین کردون، ئەوە بوە کە ئێوە ئیسلام لای ئەو خەڵکە پیرۆزو خۆشەویست بکەن، ناوی ئیسلامیو عەرەبی لەمنداڵانی کورد بنێن! ئیدی لەوەوە: ( محمد، ابو بکر، عثمان، علی، حسن، حسین، احمد، محمود، قادر، عائشە، خدیجە، فاطمەو..هتد) هاتنە نێو کلتورو فەرهەنگی کوردییەوە. کوردەکە هەرئەوەندەی بۆکرا، وەك تۆڵەیەك، بەمجۆرە سوکایەتی بەو ناوانە بکا: (حەمە، بەکر، عوسە، ئەلە، حسە، ئەحە، خولە، قالە، ئایشە، خەجە، فاتە) ناوە کوردییەکانیش بە کاریگەریی ئەو مەلا کوردانە کە موچەخۆری عەرەب بون، لەنێوبرانو هەستی کوردایەتیشیان لاوازکرد، کوردیان تەنها فێری ئەوە کرد کە موسڵمانبنو بۆ ئەوەو دنیا بژین، لەگەڵ رێزمدا بۆ هەندێ مەلای کوردپەروەر. لەلایەکیترەوە، کورد لەو کاتەدا هیچ قەوارەو دەسەڵاتێکی سیاسیو فەرمانڕەوایی نەبو کە ئیسلام تێکیدابێ، بەڵام فارسەکان خاوەن قەوارەو دەسەڵاتی خۆیانبون، بۆیە بە هەندێ شێوە بەرگرییان لێکرد، لەوانە: شیعەگەرێتی.

تورکەکانیش خەلافەتیان لە حیجازەوە گواستەوە بۆ ئەستەموڵ، بەوە نیوەی دنیایان داگیرکرد بۆخۆیان، تەنیا کوردەکە بەدەستی بەتاڵ مایەوە، هەرچەندە جارجار بەگژ عەرەبدا ئەچون وەك هاوبەشیکردن لەشەڕو شۆڕی خەوارجو روخاندنی بنە ماڵەی شۆڤێنیی ئەمەوی ساڵی **750**و دامەزراندنی دەوڵتی عەباسی بەیارمەتی ئەبو موسلیمی خۆراسانی. کەچی عەرەبەکان بەکوشتن پاداشتیان دایەوە!. تەنانەت ئەبو

دولامەی شاعیریش ئەڵێ: ( ابا مجرم ماغیرالله نعمة على عبده، حتى يغيرها العبد، افى دولة المنصور حاولت غدره، الا ان اهل الغدر اباوك الكرد).

گوڵنار: جەنابت ئاماژەت بەوەکرد کە لە کاتی هاتنی ئیسلامدا کوردەکان ژێردەستەو چەوساوەی بەردەم فارس بونو لە چەوساوەیی خۆی پەنایان بردۆتە بەر ئیسلام، ئایا ئیسلام توانی کەمێك لەو چەوساوەییەی کورد کەم بکاتەوەو کوردیش ئاهێکی بەبەردا بێتەوە لە سایەی ئیسلامدا؟

ژیر: عەرەب لەسەرەتای ئیسلامدا هێشتا گیانی عەرەبپەرستییان بەهێز نەبوبو ، بۆیە کوردیش کاردانەوەی زۆری نەبو بەرامبەر عەرەب، بگرە ئاهێکیشیان پیاهاتەوە، چونکە لەژێردەسەیەتیی فارس رزگاریانبو. بەڵام ئەوە زۆری نەخایانو لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەوییەکاندا، ئەرەبەکان وایانلێهات بەچاوێکی نزم بڕواننە هەمو ناعەرەبێك بەکوردیشەوە. لەبەرئەوە بەهاری کورد کۆتاییهات وەك لەم هۆنراوەیەی پیرێکی زەردەشتییەوە دەرئەکەوێ:

هورمزگان رمان ئاتران کژان

ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان

ئەمە لەسەر پارچە چەرمێك دۆزراوەتەوە لە یەکێك لە ئەشکەوتەکانی جێشانەو هەزار مێردی سلێمانی.

(تەواوی ئەم هۆنراوەیە لەناو وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستا ئەتا قەرەداخیدا بلاوکراوەتەوە هەر لەم پەرتوکەدا).

مەلا کوردە موچەخۆرەکانی ئەرەبیش، ساڵانێکی زۆر، کوردە گەوجێنراوەکانیان هانئەدا بەرد بگرنە گۆڕستانی باپیرانیان (کافران) و گوڵ بۆ گۆڕستانی داگیرکەران (ئەسحابیان)!.

گوڵنار: هەمیشە بەشێك لە ڕۆشنبیرانیئێمەڕەخنەوگلەییلەسەلاحەدینی ئەیوبی دەکەن، کە بۆچی بویە پێشڕەویسوپای ئیسلامو هیچی بۆکورد نەکردوە، جەنابیشتان باسی سەلاحەدینتان کرد، بۆچونی جەنابت چییە لەو بارەیەوە.؟ یا بۆچی نەیتوانی ئەو هەلە زێڕینە بقۆزێتەوە بۆبەرژەوەندی کورد، تۆش هەمان ڕەخنەو گلەییتهەیە.؟!

ژیر: بەڵێ بێگومان، هەمان ڕەخنەوگلەییمهەیە،کێشەیسەلاحەدینیئەیوبیئەوەبو کە هەستی نەتەوەیی نەبو، بەڵام فارسو تورکو عەرەب هەیانبو. ئەوەنییە فارسەکان شیعەگەریان بۆخۆیان قۆستەوەو خۆیانیان پێپاراست؟ تورکیش خەلافەتی گواستەوە بۆ ئەستەمولو بەوە بو بەئیمپراتۆریەت؟.

گوڵنار: دکتۆر جەمال نەبەز کە هاوڕێوهاوسەنگەرو تا ڕادەیەکیشهاودیدی جەنابت بوە، دەڵێ: بە درێژایی **30** ساڵ دژی سەلاحەدین بومو پێم وابو هیچی بۆ کورد نەکردوەو دەیتوانی زۆر شتیش بکا، بەڵام پاشتر کە چومە ئەوروپاو لە سەرچاوە باوەڕپێکراوودور لە بوغزو کینەکانی ڕۆژئاوا لەبارەی سەلاحەدینی ئەییوبییەوە خوێندمەوە، ئەوسا زانیم هەڵە بوم، چونکە سەلاحەدینی ئەییوبی کەسایەتییەکی کاریگەرو خۆشەویستو بە خزمەت بوە، جەنابت لەسەر بۆچونەکەی جەمال نەبەز چی دەڵێیت.؟

ژیر: ئەگەر وای وتبێ، ئەوە رای خۆیەتی. منیش ئەلێم سەلاحەدین قارەمانێکو کەسێتییەکی گەورەو بەخزمەتبوە. رەخنەی من لە نەبونی هەستی کوردایەتییەکەیەتی. ئەوەشمان بیرنەچێ ئێمە سەد ساڵە باجی ئەوە ئەدەین کە سەلاحەدین، ئنگلیزو فەرەنسییەکانی لە فەلەستین راوناو کوشتاری لێکردن، ئەوانیش کاتێ هەلیان بۆهەڵکەوت، بە پەیمانی سایکس-بیکۆ تۆڵەیان لێکردینەوە بەوەی کوردستانیان بەشبەشو کۆیلەی چوار دەوڵەتکرد. ئەوە داری سەلاحەدینە پێوەی ئەناڵێنین.

گوڵنار: باسمان له دكتۆر جه‌مال نه‌به‌ز كردو له‌م چه‌ند ڕۆژه‌ی‌ڕابوردودا جه‌نابیان كۆچیی دواییان كرد، پێمخۆشه ڕاوسه‌رنجوخوێندنه‌وه‌تبۆ ئه‌و كه‌سایه‌تییه‌ی كورد باس بكه‌یت بۆمان.؟

ژیر: منو دوكتۆر نه‌به‌ز. یه‌ك گیانبوین له دو جه‌سته‌دا. هاوبیرو هاوڕێی **60** ساڵمبو. پێكه‌وه‌و به‌هاوكاریی پێنج هاوبیریتر ته‌لاری شكۆمه‌ندی كاژیكمان هه‌ستان. پرۆفیسۆر د.جه‌مال نه‌به‌ز هه‌مو ژیانی له‌پێناوی نه‌ته‌وه‌كه‌یدا به‌ختكرد. له‌بواری نه‌ته‌وایه‌تیو سیاسیو زانستیو زمانه‌وانیو مێژوییو وێژه‌ییو ره‌خنه‌سازیدا باڵاده‌سبو. بیرمه‌ندێكی گه‌وره‌بو. كۆچی دواییه‌كه‌ی زیانێكی گه‌وره‌بو بۆنه‌ته‌وه‌كه‌مان.

گوڵنار: هه‌ر له‌باره‌ی هه‌ست و بیری ناسیۆنالیستییه‌وه، بۆچی هه‌مو هێلكه‌كه له ده‌ستو سه‌ری سه‌لاحه‌دینی ئه‌ییوبیدا بشكێنین، واته بۆچی ته‌نها تاكه كه‌سێك بكه‌ینه هۆكاری به ده‌وڵه‌تنه‌بونو به‌ره‌و دواوه‌چونی خۆمان، ئه‌دی خه‌ڵكی دیكه له كوێبون.؟ یا بۆچی كه‌سایه‌تییه‌كی دور له ئیسلامیی كوردی نه‌یتوانی كیانێك دروست بكا بۆ كورد.؟

ژیر: هه‌مو هێلكه‌كه‌مان له‌سه‌ری ئه‌ودا نه‌شكانوه. هه‌مان گله‌ییمان له‌كه‌ریم خانی زه‌ندو ئه‌بو موسلیمی خۆراسانیو هه‌مو ئه‌و كه‌سانه‌یتریش هه‌یه كه ئه‌یانتوانی ده‌وڵه‌تی كوردی دامه‌زرێننو نه‌یانكرد. ئێسته‌ش هه‌مان ره‌خنه ئاڕاسته‌ی هه‌ر كه‌سو لایه‌نێك ئه‌كه‌ین كه كه‌مته‌رخه‌میان كردوه یا ئه‌كه‌ن له‌و ڕوه‌وه. بۆنمونه: دوای ڕاپه‌ڕین هه‌لێكی زێڕینبو بۆ راگه‌یاندنی ده‌وڵه‌تی كوردی، به‌ڵام سه‌ركرده‌ی حیزبه‌كانی كورد، چون ده‌موچاوه چه‌په‌ڵه‌كه‌ی سه‌دامیان ماچكرد له‌به‌غدا. له‌كوردستانیش ده‌ستیانكرد به‌ڕاووڕوت، بێجگه له‌پاسۆك.

گوڵنار: هه‌ر له‌باره‌ی ناسیۆنالیستی كوردییه‌وه، كێ به یه‌كه‌م داهێنه‌رو بناغه داڕێژه‌رییئه‌وبیروباوه‌ڕه‌ده‌زانیتله‌ناوكورداكه‌دڵسۆزانه‌كاری‌بۆكردبێت.؟

ژیر: پێمباشه له‌جیاتی وشه‌ی ناسیۆنالیست، وشه‌ی كوردایه‌تی به‌كاربێنین. چونكه كوردایه‌تی نه ناسیۆنالستی رۆژئاوایه، نه عروبه‌ی عه‌ره‌به. ئنجا زۆرن

ئەوانەی هەڵگری بیری کوردایەتیبونو بەهۆنراوە یا بەنوسین کاریان بۆکردبێ وەك ئەحمەدی خانیو حاجی قادری کۆییو هۆنیارانیتر. بەکردەوەش وەك بابەکری خوڕەمیو هەندێ لەمیرە کوردەکانو شێخ مەحمودو سمکۆو قازی محەمەدو بارزانی. بەڵام وەك داهێنەرو بناغە داڕێژەری بیروباوەڕی کوردایەتی لەقاڵبێکی فەلسەفیداو کۆمەڵەیەکیشیان بۆدامەزراندبێو خەباتیان بۆکردبێ، هاوبیرانی دامەزرێنەری کاژیکبون.

گوڵنار: دەگوترێت یەکەم کەسێك کە هەستی نەتەوایەتی باسکردبێ – تەنانەت بەر لە ئەوروپاش – ئەحمەدی خانی شاعیری گەورەی کورد بوە، واتە یەکەم کەسبوە پێش ئەوروپاش بیری لەو هەستە کردۆتەوە، جەنابت چی دەڵێیت.؟

ژیر: راستە، منیش لەوەڵامی پرسیاری پێشودا هەر ئەوم کردە سەردەستەی ئەو ئاڕاستەیە.

گوڵنار: لەنێوان ئیسلام و زەردەشتییەتدا، کامیان بە ئایینی ڕاستەقینەیکورددەزانیت.؟ کامیان زیاتر لە ڕوحوکەلتورو مێژوی کوردەوە نزیکە.؟

ژیر: بێگومان ئاینی زەردەشتی ئاینی لە پێشینەی کوردبوەو لەگیانو کلتورو مێژوی کوردەوە نزیکە. ئنجا بە بڕوای من ئاینەکان هیچیان ئاسمانی نین. هەمویان دەسکردی مرۆڤن. لەمێژوی مرۆڤایەتیدا هەندێ پیاوی بلیمەتو زاناو چاکسازیخواز هەڵکەوتون، ویستویانە چاکسازی لەکۆمەڵگەکەیاندا بکەن لەڕێگەی ئەو ئاینانەوە.

گوڵنار: کەوایە بە قسەی جەنابت بێت هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئەم کەسایەتییانەو خودادا نەبوە.؟!

ژیر: هیچ بەڵگەیەك نابینم بۆ پەیوەندییەکی لەوجۆرە.

گوڵنار: با وا دابنێین ئیسلامو مەسیحیو زەردەشتییەتو جولەکە ئایینی ئاسمانی نین، بە بڕوای تۆ ئایینی ئاسمانی بونی هەبوەو هەیە.؟

ژیر: وتم ئاینەکان دەسکردی مرۆڤە بلیمەتەکانبون. بەپێی سەرچاوە زانستییەکانیش لەسەرەتای مێژووەوە تا ئێستا، نزیکەی دە هەزار ئاین هاتونەتە ئاراوە!. تەنانەت لەسەردەمانێکدا فەرمانڕەواکان وتویانە ئێمە وەکیلی خواین!!.

گوڵنار: ئەمە بۆچونێکی زۆر دەگمەنەو ئێستا دەیبیستم، تەنانەت ئەوانەشی کە دژایەتییەکی زۆری ئایینەکان دەکەن شتی وایان نەگوتوە، کەوابێ ئەم گەردونە لە خۆڕاو لە خۆوە دروستبوە.؟

ژیر: دروستبونی ئاین چ پەیوەندییەك بە دروستبونی گەردونەوە هەیە!؟ مەسەلەی دروستبونی گەردون وەکو ئەوەیە بڵێی ئایا مریشك لە هێلکەیە یا هێلکە لە مریشکە، کەس ناتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بەڕاستی بداتەوە، گەردونیش بە هەمان شێوە. لەسەرەتای پەیدابونی فەلسەفەوە ئەم مشتومڕە هەیە. کە ئایا ئەم گەردونە خوا دروستی کردوە یا لە خۆیەوە هاتۆتەبون.؟! ئەوەی ئەڵێ: خوا دروستیکردوە، بە پرسیارێکی ئاسان بەرپەرچیدراوەتەوە: ئەی کێ خوای دروستکردوە.؟! هیچ وەڵامێکی بەڵگەبەند نییە، تا دنیاش بمێنێ کەس وەڵامێکی دڵنیاکەرەوەی پێنابێ. ئەوە هەزارەها ساڵە فەیلەسوفە گەورەکانی دنیا کۆڵن تیایدا، ناگەنە ئەنجام، لەبەرئەوە کورد پێویست نییە خۆی بەو مەسەلەیەوە خەریکو ماندو بکا! مەسەلەی دروستبونی گەردونو بون یا نەبونی خوا، سەروی زانیاریی مرۆڤە ، بەتایبەتی ئێمەی مرۆڤی کوردی دواکەوتو! ئەو هەمو زانا گەورانەی جیهان، نەیانتوانیوە تا ئێستا، بە بەڵگەی سەلمێنەرەوە، بگەنە ئەنجامێك.

گوڵنار: با وا دابنێین – بەپێی قسەکەی جەنابت – قورئان و ئینجیل و تەورات و ئاڤێستا دەستچنو نوسراوی موحەممەدو عیساو موساو زەردەشتن، بەڵام خودا لە زۆر شوێنی قورئاندا تەحەددای هەر هەمو مرۆڤایەتی دەکا کە بچوکترین وێنەو ئایەت و سورەتی هاوشێوەی قورئان بهێنن، بەڵام مرۆڤ کۆڵەوارە، تەنانەت دەفەرموێت: ئێمە خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوارەوەو هەر خۆشمان پارێزەری دەبین، ئەگەریش ئەو چوار کتێبە دروستکراویی دەستی ئەو چوار پێغەمبەرەن،

بۆچی فەیلەسوفەکانو زانایانیتر بۆ بانگەشەو ڕێزو پلەوپایەی خۆیان شتێکی وایان نەهێنایەوەبوون.؟!

ژیر: کێ وا ئەڵێ کە (خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوارەوەو ئەیپارێزین.؟)

گوڵنار: خودا لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بە پارێزراویی قورئان داوە.!

ژیر: ئەوانەی قورئانیان نوسیوەتەوە وایانوتوە. قورئانیش لەماوەی ساڵانێکی زۆردا لەزاری پەیامبەرەوە بیستراوە. زانا ئایینیە ئیسلامیەکان رایان جیاوازە لەوڕووەوە، لەماوەی: ( ١٨، ٢٠، ٢٣، ٢٥ ساڵ ) رای زۆرینە لەسەر ٢٣ ساڵەکەیە. دوای وەفاتی پەیامبەر، خەلیفە ئەبوبەکر بینیی هەندێ لەوانەی گوێبیستی ئایەتەکانی قورئانبون لەزمان پەیامبەرەوە، لەشەڕی(رەدە)دا ئەکوژران، بۆیە ئەویش بەباشیزانی قورئان بنوسرێتەوە بۆئەوەی لەفەوتان بپارێزرێت. بۆئەو مەبەستەش داوا لە زەیدی کوڕی سابیت کراوە، ئەویش وتویێتی وەڵاهی داوای گواستنەوەی شاخێکتان لێبکردمایە ئاسانتربو لەلام وەك لە نوسینەوەی قورئان. بەپێی رای زاناکانی ئیسلام، قورئان لەلایەن ١٤ کەسەوە نوسراوەتەوە. جیاوازییش هەبوە لەو نوسراوانەدا!. دوایی یەکخراون. لەسەر شێوەزاری نوسینەوەکەش رای جیاواز هەبوە، لەئەنجامدا لەسەر شێوەزاری قورەیش قورئانیان نوسیوەتەوە.

گوڵنار: مامۆستا من ئێستا دەتوانم دەستکاریو زیادو کەم لە پەرتوکەکانی جەنابتا بکەم، بەڵام بۆچی تەواوی نەیارانی ئایینو ئیسلام نەیانتوانی هاوشێوەی قورئان بنوسن یا دەستکاریو زیادو کەمی قورئان بکەن.؟

ژیر: دەسکاریو زیادو کەمکردن، مافی کەس نیە، نەك لەقورئانا، بەڵکو لەهیچ پەرتوکێکدا. هەر نوسەرێکی بەتواناش بەشێوازی خۆی ئەنوسێ نەك بەشێوازی کەسێکیتر یا بەشێوازی کتێبێکیتر. تا ئێستا کەس هەوڵینەداوە ئاوێستایەکیتر، تەوراتێ، ئنجیلێ، قورئانێکیتر بنوسێ!. بەپێی سەرچاوە ئاینییەکان، وەك وتمان، سورەتەکانی قورئان لەماوەی 23سادا لە پەیامبەر بیستراوە. دوای وەفاتی ئەو، ژمارەیەك لە ئەسحابەکان قورئانیان نوسیوەتەوە. ئەوەبو سەرەتا، چەنجۆرێ قورئان

نوسرا، جیوازیش لەبەینیاندا هەبو، هەر یەکەو هی خۆی بەڕاست ئەزانی! پاش ئەوە ئەنجومەنێك لەزاناو شارەزایان قورئانەکانیان کۆکردەوەو بەسود وەرگرتن لە هەمویان، ئەم قورئانەی ئێستا کرا بەجێگەی باوەڕو کتێبی پیرۆز بۆئیسلام. بۆیە ئەشێ جیاوازیی هەبێ. لەسەر میعراجو بوراقیش مشتومڕ زۆرە. لەوانە بەشێك لە قورەیشەکانو مامی پەیامبەریش.

گوڵنار: بەڵام مامۆستا ئێستا لەوە سەیرتر هەیە، کەشتییەکانو فڕۆکەمرۆڤدەبەنە کەشکەڵانی فەلەك، لەوانیش سوکتر باڵۆنو پەڕەشوتو زۆر شتی تریش مرۆڤ بەرز دەکەنەوە، دوای ئەوە موحەممەد بانگەشەی ئەوەی نەکردوە باڵی گرتبێتەوە، بەڵکو گوتویەتی: بە ئاژەڵێك بەناوی (بورق) ڕۆشتوم، ئایا ئاسایی نییە.؟!

ژیر: تا ئێستا کەس بوراقی نەدیوە!.

گوڵنار: مامۆستا عەرەب گەلێکی شانازیکاربون بە پەخشانو شیعرو ئەدەبو ڕەوانبێژییانلەلوتکەدابو، جولەکە کۆتا پەیامی ئاسمانیان لەلابو و شارەزابون، مەسیحییەکان بونیان هەبوو پێشکەوتوبون، ڕۆمو فارسەکانیش خاوەن دەسەڵات بون، بۆچی جگە لە موحەممەد کەسێکیتر نەیتوانی هاوشێوەیەکی قورئان بنوسێتەوە، لە کاتێکدا تەنانەت نەیتوانیوە شیعریش بهۆنێتەوە.؟! کاتێك سەرانی قوڕەیشئەوهەمودژایەتییەیانکرد خۆ ئەوانیش دەیانتوانی شتێکی تری هاوشێوەی قورئان بهێنن بۆ ئەوەی شوێنکەوتوانی خۆیانی پێ فریو بدەنو خەڵکە ڕەشوڕوتەکە دوای موحەممەد نەکەون.؟!

ژیر: پێشتر وەڵامی ئەم پرسیارەم دایەوە.

گوڵنار: بەڵام مامۆستا وەك جەنابت ئاماژە بەوە دەکەیت دەگونجێ مرۆڤێکی نەخوێندەوار بتوانێ ئەو هەمو ئایەتەی قورئان لەبەر بکاو بیداتەوە بە گوێی مرۆڤەکانی تردا، ئەگەر هێزێکی باڵا ویستی لەسەر نەبێت.؟

ژیر: کە قورئان لەماوەی٢٣ ساڵدا لەزاری پەیامبەر بیسرابێ بەپێی رای جمهور، یا ٢٠ ساڵ بەپێی قسەی ابن عباس، عکرمە، قتادەو شعبی، بەڵێ ئاساییە. مێژوش زۆر شاعیری گەورەی نەخوێندەواری بەخۆیەوە دیوە.

گوڵنار: مرۆڤی ئێستا زۆر پێشکەوتوترن لە مرۆڤی کۆن، تەکنەلۆژیاو داهێنانە زانستی و پزیشکییەکانو چەکە کوشندەکانو هەزارەها کتێبی جۆراو جۆر زادەو بەرهەمی مرۆڤی ئەمڕۆن،شارستانییەتەکانی ئەمڕۆپێشبڕکێیانە لەهەمو بوارێکدا بگەنە لوتکەو پێشی وڵاتانیتری نەیار بدەنەوە، بۆچی مرۆڤی ئەمڕۆیەکێکنەهات بانگەشەی ئەوە بکا کەوا منیش کتێبێکی ئاسمانیو پەیامو ئایینێکی ئاسمانیم هێناوە بۆ بەختەوەرییو ئاراستەکردنی مرۆڤایەتی، ئەگەر دروست کە موحەممەد خۆی داڕێژەریقورئانە.؟!

ژیر:ئاینەکانی جو و دیانو ئیسلام باڵیان بەسەر زوربەی جیهانداگرت،دوای ئەوان سەردەمی پەیامو ئاینی تازە بەسەرچو.

گوڵنار: جەنابت لە ئێستادا لەسەر چ ڕێبازێکی.؟!

ژیر: لە ڕوی فەلسەفەو بیرەوە، خاوەنی باوەڕی کوردایەتیم.!

گوڵنار: لە کەیەوە بیروباوەڕیکوردایەتیدروستبوە.؟

ژیر: کوردایەتی وەك هەستو سۆزو بیر، لەدێرزەمانەوە هەبوە. بەڵام وەك باوەڕ(عقیدە)یەکی سنوربۆدانراو، لەدروسبونی کاژیکەوە.

گوڵنار: حیزبی هیواو ژێکافیش هەمان بانگەشە دەکەن کە ئەوان هەڵگری بیری نەتەوەیی کوردی بون.؟

ژیر: بیر(فکر) لەگەڵ باوەڕ(عقیدە) جیاوازە. هەمویان بیری کوردایەتیان هەبوە، ژێکاف، هیوا، پارتی، تێکڕا حیزبە کوردییەکان کوردایەتیان کردوەو کوردایەتیان مەبەستبوە، بەڵام کوردایەتییەکی ساکار، کوردایەتییەکیان نەکردوە کە وەکو باوەڕ بچەسپێلە مێشکی خەڵکی کوردا.

گوڵنار: ئەی کاژیك چی کردوە.؟! کۆمەڵێك خەڵکی نوخبەو ڕۆشنبیر نەبێت کەس نازانێت شتێك بوبێ بەناوی کاژیك.؟

ژیر: کاژیك لە ڕۆژێکدالەدایکبو کە دولایەنی گەورە باڵیان کێشابو بەسەر ئاوەز (عەقڵ)ی کوردا، ئەو دولایەنە (مارکسییەت و ئیسلامییەت) بون، ئاستەنگبون لەبەردەم گەشەکردنی کاژیکدا سەرباری رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان.

گوڵنار: لەو کاتەدا ئیسلامەتی کوا هەبو.؟!

ژیر: چۆن نەبو، هەبو، بەوەی کەوا مەلاکان لەهەزارو چوار سەد ساڵەوە، بە کەیفو دڵی خۆیان لە مزگەوتو پرسەکانو هەمو شوێنێکدا بە نوسینەکانیانو وتارەکانیان مێشکی خەڵکیان بەنج ئەکرد. کاژیك چواردەوری گیرابو بە شیوعییەت، ئیسلامییەت، پارتی، عێراق، ئێران، تورکیاو سوریاو لەمدواییەشدا جەلالی) هەمویان بە خوێنی سەری کاژیك تینوبون.!

گوڵنار: کەواتە با بپرسین کامەبو ئەو چوارچێوە فەلسەفییەی کە (کاژیك) بۆ بیروباوەڕی کوردایەتیی دانا.؟

ژیر: پرسیارێکی بەجێیە. وەڵامەکەی لەپەرتوکی کاژیکنامەدا ئەبینرێ، بەتایبەتی لەکورتەی فەلسەفەی کاژیکا بەمجۆرە:

کورتەی فەلسەفەی کاژیك:

کاژیکو بزوتنەوەی کوردایەتی

بەپێی بیروباوەڕی ئێمە، بزوتنەوەی کوردایەتی، لەو رۆژەوە دەستپێئەکا کە نەتەوەی کورد خۆی لەم جیهانەدا بەکورد ناسیوە. چونکە، وەك وتمان، ژیان سەراپا جەنگی مانو نەمانە، لەبەرئەوە پێمانوایە ئەوەتەی کورد هەیە بزوتنەوەی کوردایەتیش هەرهەبوە لە پێناوی مانەوەو ژیاندا. دیسان لەبەرئەوەی ئەم بزوتنەوەیە بۆ مانو ژیانە، کەواتە هەتا کورد بمێنێ، کوردایەتیش هەرئەمێنێ. جا ئەگەرچی کوردایەتی لە دەوری کۆندا بەم شێوەیەی ئێستا نەبوە، بەڵام تاکوتەراو

**کەمکەمو پچڕپچڕو لەگەڵیٚ بەرگو چەشنی جۆرجۆردا هەبوە. ویٚنەش بۆئەمە لە مێژوی نەتەوەکەماندا زۆرە، وەك ئەو هۆنەرانەی کە لە دەوری خامۆشی نەتەوەییدا، بانگیانداوە بەگوێی نوستواندا، بەتایبەتی ئەلی ترمۆکی کە لەسەدەی ٤ی هیجریدا ژیاوەو ئەهمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٦و هاجی قادری کۆیی ١٨١٥ - ١٨٩٢[1]. هەروەها ئاینی کۆنی یەزیدیەکان کە ئاینێکە لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی دامەزراوە، بەڵگەی بەهێزن بۆئەمە. دیسانەوە بەربەرەکانیی کورد بەرامبەر داگیرکەرەکانی کوردستان لە دەوری کۆنداو گۆرانیهەڵدان بەو پاڵەوانەندا کە کوردیان پاراستوە لە هێرشی بێگانە، وەك رۆستەمی زاڵو کاوەی ئاسنگەر*.**

**کەواتە ئێمە لەگەڵ ئەو مارکسیانەدا یەکناگرینەوە کە ئەڵێن "بزوتنەوەی کوردایەتی شتێکی تازە کورەو کاتیەو کوردایەتیش ئێزگەیەکە بۆگەیشتنە جیهانی ئادەمزادێتی، کە ئەمان مەبەستیان لەم جیهانە "جیهانی نانەتەوەیی شیوئیانە"یە. چونکە بەلای ئێمەوە، ئادەمزادێتی، پلەیەکی تایبەتینیە لەسەرو هەمو پلەکانیتری پەیژەی گۆڕانی کۆمەڵگاوە بیٚ، بەڵکو تەنیا هەستێکی بەرزەو لە هەمو پلەیەکدا چنگ ئەکەویٚ. بزوتنەوەی کوردایەتی بەلای ئێمەوە دەستکردی هیچ جۆرە چینو دەستەیەکی خەڵکی یا هیچ پلەیەکی مێژویی تایبەتینیە، ئەگەرچی هەندیٚ جاریش چینێکی تایبەتی بۆخۆی دایدۆشیبیٚ (ئیستیغلالی کردبیٚ) وەك هەمو شتێکیتر کە دادۆشراوەو دائەدۆشرێت. کوردایەتی بزوتنەوەیەکی خۆڕسکی (طبیعي) زینوی هەمیشەییە، لەرۆژگاری دروستبونی نەتەوەی کوردەوە ئەمیش پەیدابوەو سەریهەڵداوە، ئەگەرچی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردو گۆڕانی چەشنیی رژێمی کۆمەڵایەتی، کارئەکاتە سەر ئەم بزوتنەوەیەو پەرەی پێئەسێنیٚو سنورەکەی فراوانتر ئەکاو هێزو گورەکەی زیاتر ئەکاو وردەوردە پێشی ئەخاو ئەیخاتە قاڵبی سنورێکی**

---

1- جوانترین نمونە بۆ ئەمە شائیری بەناوبانگی کورد "بابەراخی هەمزانی"یە کە بە هۆنراوە جوانەکانی، کوردەکانی چیای داسەنی هانداوە، پشتگیری شۆرشگێری کورد "جەئفەر کوڕی میر هەسەن" بکەن دژی خەلیفەی ئەباسیو خۆشی لە سوپای میری کوردا دژی هێرشی خەلیفە (معتصم بالله) بۆتە سەرباز تا لە مانگی شەوالی ٢٦٦ی هیجریدا شەهید کراوە. ئەم کارەساتە هەزار ساڵ زیاترە.

زانستی ئاشکراوه که بیردۆزەو بیرورای لەسەر دابنرێو له ئەنجامدا هەنگاوی بەهێزتری پێدابگیرێ بەرەو ئامانج. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمه ئەوه ناگەیەنێ که ئەم بزوتنەوەیه هەر لەسەرەتای پەیدابونی کوردەوه دەستی پێنەکردوه، وەك چۆن مارکسیەکان ئەڵێن خەباتی چینایەتی هەر له سەرەتای پەیدابونی ئادەمیزادەوه له هەمو پلەیەکی گۆڕانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەربوه (بێجگه له پلەی کۆمۆنیزمی سەرەتایی). بەڵام ئەوەنده هەیه هەتا رۆژانی کارل مارکس ئەم خەباته نەخراوەته قاڵبێکی تیۆری(نظری)یەوه. ئێمەش به پێچەوانەی ئەوانەوه ئەڵێین بزوتنەوەی نەتەوەیی که هەوێنی هەمو جۆره راپەڕینو هەڵسوکەوتێکه له ژیانی ئادەمیزادا، هەر لەسەرەتای پەیدابونی ئادەمیزادەوه هەبوه، ئەگەرچی هەتا ئەم دواییەش نەخرابێته قاڵبێکی زانستیو رێکخراوەییەوه، یا بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئادەمیزاد، چەمکەکان (پرینسپڵ- مەفاهیم)ەکانی نەختێك گۆڕابێو فراوانتربوبێ.

### کاژیکو جێ چۆڵیی بیروباوەڕ

وتمان بزوتنەوەی کوردایەتی بزوتنەوەیەکی یەکجار کۆنەو لەگەڵ هاتنو بونی کوردا دروستبوه. ئەی که بزوتنەوەیەکی وا کۆنەو ئێستاش هەر زرپوزیندوه، ئیتر بۆچی نەیتوانیوه لەم ماوه دورودرێژەدا بگاته ئامانجو نەتەوەی کورد بخاته شوێنی خۆی لەسەر شانۆی ژیان؟.

بێگومان هیچ بزوتنەوەیەك لەم جیهانەدا بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ناڕوا هەتا بیروباوەڕێکی رەسەن پاڵی پێوەنەنێو نەیخاته رێ. چونکه هەمو بزوتنەوەیەکی راستینه، له بیروباوەڕێکەوه پەیدا ئەبێ. ده بەلای ئێمەوه هەمو بیروباوەڕێکی تازه، یان له یەکێکی بلیمەتەوه، یان له چەند کەسێکی لێوەشاوەی ژیرەوه سەر هەڵ ئەداو بناغەی بۆهەڵ ئەبەسترێو که بارو دۆخ (ظروف)ی باش هەڵکەوت،ئەو بیروباوەڕە له دڵی چەند کەسێکی کارزانی بەکردەوەدا ئەچەسپێو گینگڵ ئەخواو وردەورده ئەبێته بزوتنەوەو لەگەڵ تێپەڕبونی کاتدا، هەوڵئەدا بچێته قاڵبی دامودەزگایەکی رێکخراوی سنور بۆدانراوەوه. هەر بیروباوەڕێکیش بەرێکوپێکی

خۆی کوتایە ناو مەیدانەوە، کارئەکاتە سەر کۆمەڵگای خەڵکیو نەفسیەتو هەستو هۆشیان ئەبزوێنێ، وەك چۆن لە هەمان کاتدا باری سەرنجی خەڵکەکەو هەستی دەرونیان کار ئەکەنە سەر بیروباوەڕەکەو ئەیانەوێ بیبزوێنن. ئالێرەدا دو هێزی پێچەوانەی یەك دروست ئەبن، یەکێکیان هێزی بیروباوەڕەکەی کە ئەیەوێ کاربکاتە سەر دەوروپشتی خۆیو هەر بزوتنەوەیەکی کەش کە هەبێ لەگەڵ لێشاوی خۆیدا بیانبا بەڕێوە. هێزەکەی تریش سەرجەمی ئەو بیروباوەڕو بزوتنەوانەیە کە لە ناو خەڵکەکەدا باونو ئەیانەوێ بیروباوەڕەکە لەراستەڕێی خۆی لابدەنو هەریەکە هەوڵ ئەدا بەرەو ئامانجی تایبەتی خۆی بەرێ. ئەمجا ئەگەر هاتو بیروباوەڕەکە بیروباوەڕێکی ناڕەسەنبو، ئەوا ئەو بزوتنەوانەی هەن لەگەڵ خۆیاندا راپێچی ئەکەنو لەتوپەتی ئەکەنو ناوی لە ناواندا ناهێڵن. مەبەستیشمان لە بیروباوەڕی رەسەن، ئەو بیروباوەڕەیە کە لە زادەی بیرو ئەزمونی مێژوییو بەسەرهاتی نەتەوەیەکەوە هەڵقوڵابێو لە دەرەوە نەخواسترابێ. کەواتە بۆ ئەوەی بزوتنەوەیەك رێی لێ هەڵەنەبێو لە تەنگانەدا تەمی نەڕەوێتەوەو لە ئەنجامدا بگاتە ئامانج، پێویستە بەرلەهەمو شتێك ،لەسەر بنچینەی بیروباوەڕێکی رەسەنی رێکخراو دامەزرابێ.

بزوتنەوەی کوردایەتیش وەك هەمو بزوتنەوەیەکی زیندویتر، پێویستی بە بەردەوامیو کێشو خۆڕاگرتنێکی زۆر هەیە لە ناوجەرگەی ئەو تەوژمانەدا کە ئەیانەوێ راپێچی بکەن، یان لە ناوی بەرن. لەبەر ئەوە ئەم بزوتنەوەیە بەرلە هەمو شتێك، پێویستە پاڵبدا بەبیروباوەڕێکی رەسەنی واوە کە لە ناوجەرگەو ناخی دەرونی کوردەواریەوە هەڵقوڵابێو نەخشەیەکی سنور ئاشکرای بۆکێشرابێ. چونکە ئەوی راستیبێ بزوتنەوەی کوردایەتی هەر ئامانجی ئەوە نیە قەوارەیەکی سیاسیی دان پێدانراو دابمەزرێنێ، بەڵکو ئەیەوێ راپەڕینێکی وا بەرپابکا کە هەمو لایەکی ژیانی ئەو نەتەوەیە بگرێتەوەو کورد بخاتە شوێنی خۆی لەسەر شانۆی جیهانو پەیامە مێژوییەکەی کە پاشماوەو درێژەی پەیامی زەردەشتیە بگەیەنێ بەمرۆڤایەتی، ئەمەش بەرلەهەمو شتێك پێویستی بەشۆرشێکی هزرییە. ئەمجا لەبەئەوەی

ماوەیەکی زۆرە، بگرە لەو دەمەوە کە بیری زەردەشتی لە قاڵبی دروستی خۆی دەرچوە، کورد قوتابخانەیەکی هزریو فەلسەفیی کوردانەی وای نەبوە کە خۆراکی نەتەوەیی بکا بەدەم خەڵکەوە، ئا لەبەرئەوە، جێ چۆڵیەکی بیرباوەڕانە (فراغ عقائدی) لە ژیانی کوردایەتیماندا دروستبوە. دیسان لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆریشە کوردستان لەتلەتبوە، بگرە لەودەمەوە کە دەوڵەتی ماد روخاوە، کورد لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی تردا ئەژی، دیارە بیروباوەڕی بێگانە خۆی کوتاوەتە ئەم جێ چۆڵیەوەو بەشێوەیەکی ناپەسەند پڕیکردوەتەوە. کوردیش لەبەر بونی ئەو جێچۆڵیە، بە پەرۆشەوە باوەشی بۆئەو بیرباوەڕە بێگانانە کردوەتەوەو قۆزتونیەتەوە، چونکە سروشت هەمیشە دژی جێ چۆڵیە. هەمو جێیەکی چۆڵ ئەبێ پڕ ببێتەوە زو یا درەنگ سا یا بە کەرەسەی چاك یا خراپ.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کورد لەکاتێکدا باوەشی بۆئەو بیروباوەڕە بێگانانە کردوەتەوە، پێی وابوە لە رێی وەرگرتنی ئەوانەوە رزگاری ئەبێ. لەبەرئەوە، لە پێشەوە زۆر بە توندیو شێرگیرانە گرتونی، تا بە تاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتوە کە هیچیان کەڵکیان نەبوە. چونکە هیچیان پڕبەپێستی ژیانی نەتەوەییمان نەبونو گونجاونەبون لەگەڵ ئەو پەیامە مێژوییەدا کە کورد پێی سپێردراوە.

لەو بیروباوەڕانە کە کورد بە پەرۆشەوە باوەشی بۆکردونەتەوەو لێیان نائومێد بوە، بیروباوەڕی خەلافتبازیو ئوسمانلی، رژیمی دیموکراتی ئینگلیزو شیوئێتیو... هتد ئەمجا لەبەرئەوەی ئەو بیروباوەڕانە ناخۆییو ناڕەسەنبون،، دیارە ئەو بزوتنەوانەی کە لەو بیروباوەڕانەوە هەڵقوڵیون، هەر ناخۆییو ناڕەسەنبون. بۆیە هەتا سەر بەرگەیان نەگرتوەو هیچ پێشکەوتنێکیان لە ژیانی نەتەوەکەماندا وەدەست نەهێناوە.

کوردو بیروباوەڕی بێگانە لەباری سەرنجی کاژیکەوە

ئەم جێ چۆڵیەی بیروباوەڕ کە هەر لەکۆنەوە لە ژیانی کوردەواریدا هەیەو تا ئێستە بە بیروباوەڕی بێگانان پڕبوەتوە، گەلێك کاری کردوەتە سەر دەرونی نەتەوەی

کورد، به تایبەتی سەر رەوشتو خوی، بەجۆرێ وای شپرزە کردوە کە باوەڕی بە خۆی نەمێنیو لە هەمو کردارێکدا هەر چاوەڕوانو پاشڕەوو کلکی بێگانە بێو لە هەمو هەڵسوکەوتێکدا بە شانازیەوە لاسایی بێگانان بکاتەوەو بە هیچ جۆرێك توانستی پێشڕەویو شتداهێنانی تێدا نەمێنێ. بێجگە لەوەش، ئەم جێچۆڵیە کارێکی وایکردوە کە کورد تەرازویەکی خۆماڵیی نەبێ بۆکێشانی کارەساتەکانی رۆژانەو روداوەکانی جیهانو هەر لەسەر بنچینەی هەواو هەوەسو کەفوکوڵی دەرون، فەرمان بەسەر هەمو روداوێکدا بداو لە هەمان کاتدا زۆر خۆشبڕواو ساویلکەشبێ. سەرەڕای ئەوەش، چونکە بیرەباوەڕێکی رێکوپێکخراوی وای نیە شتی پێ لەبەردەزێڕ ( محەك) بدا، بێگومان هیچ پەندێکیش لە ئەزمونەکان وەرناگرێو یەك لە دوای یەك شتی تاقیکراوە تاقی ئەکاتەوەو لەهەمو دەمێکدا وەك مەلە نەزانێکی نوقومبو، دەست بۆچڵەپوشێکیش ئەبا!. بۆ نمونە، ئەو بێگانەیەی دوێنێ دەستی بڕیوەو یاریی بەچارەنوسی کردوە، ئەمڕۆ وا هاتوەتەوە مەیدانو بەڵێنی درۆی پێ ئەداتەوە، کەچی وا خەریکە پێی هەڵ ئەخڵەتێتەوە. هەوەها ئەو شیوئیەی دوێنێ جنێوی ئەدا بە کوردو کوردستان، ئەمڕۆ فەرمانی لەسەرەوە بۆ دەرچوە کە جلکی کوردی لەبەربکاو باسی کوردایەتیبکا، کەچی ئەمیش ئەڵێ: ئۆخەی دەنگ مەکە، ئەوا شیوئیەکانیش باشبون!. یا جاری وا هەیە ئەڵێ: شیوئیەکانی ئێراك شیوئیی تەواونین. لە کاتێکدا ئەگەر بیروباوەڕێکی نەتەوەیی رێکوپێکخراوی هەبوایەو هەمو شتێکی هەر بەوە بپێوایە، ئەیزانی شیوئی هەر شیوئیەو لە هەمو شوێنو کاتێکدا هەر یەکەو تەنیا ئەوەیە جاروبار بە پێی سودو بەرژەوەندیی خۆیان تاکتیکیان ئەگۆڕێ. هەروەها هەندێك لەو زۆردارە خوێنمژانەی کە لەسەر هسابی چەوساندنەوەی هەژارانو لێقەوماوانی کورد بونە ملیۆنێرو خاوەنی کۆشكو تەلارو زەویو زار، لە کاتێکدا کە بەرژەوەندیان پاش ١٤ی تەموز بە دەستی شیوئیەکان کەوتە خەتەرەوە، دەستیان کرد بە "کورد کوردێنە". کەچی زۆر کوردی ساویلکەی لە گوێی گادا نوستوی عاتیفی، باوەڕیان پێکردبون. لە کاتێکدا ئەگەر بیروباوڕێکی رێکخراو هەبوایەو شتی پێ بپێورایە، ئەیانزانی کە کوردایەتی مانای دەست هەڵگرتنە لە بەرژەوەندیی خۆیی،

نەك چەوساندنەوەی خەڵكیو خوێنمژینیان. ئەو كاتە باوەڕیان بە مانەش نەئەكرد. هەروەها زۆرجاربوە دەوڵەتە ئیستیئماریە گەورەكانو دەوڵەتە داگیركەرەكانی كوردستان بە مەرامی كاری خۆیان، ناوبەناوێك ناوێكی كوردیان بردوەو ئەیبەن، كەچی ئەوەتا ئەبینین زۆر كەس لە خۆشیاندا هەڵ ئەپەڕن. لە كاتێكدا ئەگەر بیرباوەڕێكی رێكخراو هەبوایەو شتی پێ بپێورایە، ئەزانرا كە گورگو مەڕ هەرگیز نابنە دۆستو براو كەسیش بە خۆڕایی بە ئێمە نالێ سڵاو. ئەمجا تاقیكردنەوەی زۆرو بۆنەهاتنی زۆریش، وای لەكورد كردوە كە بەجارێك باوەڕی بەخۆی نەمێنێو وا بزانێ نەتەوەیەكە خوا دروستی كردوە بۆ خزمەتكاریو لەمەوە هەزارەها قسەی پڕوپوچو بێ مانا داهێنراوە وەك "كورد كورتە"و "كورد هەرگیز نابێ بە هیچ"و ...هتد.

جێ پێی كاری بیروباوەڕی بێگانە بۆسەر هەستو هۆشی كورد، بە ئەندازەیەك قوڵە، هەرچی شانازیەكانی رابوردوی خۆی هەیە، بە هی بێگانەی ئەزانێو بێزیان لێ ئەكاتەوە. تەنانەت ئەو پەیكەرو ئابیدانەی كە لە هەمو میراتێكی كۆنماندا تەنیا ئەوەمان بەسەر چیاو كێوە سەركەشەكانی كوردستانەوە بۆماوەتەوە، ئەم لە باتی پاراستنو پەند لێ وەرگرتنیان، ئەیەوێ هەر بەجارێ لەناویانبەرێ. بەڵام لەبەرئەوەی دەست نایانگاتێ لەتوپەتیان كا، لە دورەوە بە گوللە سەروگوێلاكیان ئەشكێنێو ئەگەر پێتوت: ئەوە بۆچی وائەكەیت؟، ئەڵێ: "جا قەی چێكا بیم وەسیاقەت خۆ گاور كردە!". ئافەرین، دەستكردی باوباپیری خۆی بە هی بێگانەو گاوركرد ئەزانێو باوباپیریشی بە كافر. ناهەقی نیە، چونكە دەردەدارەو بنچینەی راستی دەردەكەش ئەوەیە بیرباوەڕێكی شۆڕشگێڕی كوردانەی نیە كە ببێتە چرا بۆ رۆشنكردنەوەی رێگەی ژیانیو محەكی تاقیكردەنەوەی زێڕو زەرد بۆی. ئا لێرەدا ئەبێ بزانین ئەم بیروباوەڕانە كە بە درێژایی چەند چەرخێكی دورودرێژ كاریان كردوەتە سەر نەفسیەتو هەستو هۆشی كورد، دیارە هەروا بە ئاسانی لاناچن. بەڵكو پێویستە بیروباوەڕی كاژیكی ماوەیەكی چاكی بەدەستەوە بێ، هەتا بتوانێ خۆی جێگیر بكا لە هەمو گۆشەیەكی ژیانی نەتەوەكەمانداو هەمو بیروباوەڕێكی بێگانە

**شاربەدەربکا[1].**

**کاژیکو دادی کۆمەڵایەتی**

**دوەمین دروشمی کاژیك "یەکسانی بۆ گەل"ە. ئێمە بیروباوەڕمان لە بنچینەدا لەسەر بەردی پتەوو بەهێزی "دادی کۆمەڵایەتی" دامەزراوە. کە واش ئەڵێین لەبەر ئەوە نایلێین دەستی کەسی پێ ببڕین یا هیچ کەسێکی ساویلکەی دڵسۆزی پێ هەڵخەڵەتێنین وەك شیوئیە کان. نەخێر، هەرگیز ئێمە ئەوە نین لافی شتێك لێبدەین کە لێوەی دوربین. دیسان ئەوەش ئێمە نین کە لە ترسی شیوئیەکان بڵێین "سۆسیالیستین". نەء. ئێمە هیچ دەمێك شتێك ناڵێین کە باوەڕمان پێی نەبێو بەڕاستی نەزانین. با خەڵکیش لێمان زیز بێو نەیەتە ریزەکانمانەوە. یان بکەوێتە لێخوێندنو بەربەرەکانیمان. ئێمە لە هیچ کاتێکدا راگرتنی دڵی خەڵکی ناگەیەنینە رادەی ئەوەی مویەك لە گیانی ئایدۆلۆجیمان لار بکاتەوە. ئێمە کە ئەڵێین باوەڕمان بە سۆسیالیزمێکی کوردانە هەیە، تەنیا لەبەر ئەوە ئەیلێین کە باوەڕمان پێیەتیو پێمان وایە کۆمەڵگای کورد تاکە یەکە کۆمەڵگایە هەمو گیروگرفتەکانی لە بنچینەدا بچنەوە سەریەك بنەڕەت. لەبەرئەوە ناتوانین باس لە رزگاریی سیاسی کورد بکەین تا باس لە رزگاریی ئابوریو خوێندەواریو کۆمەڵایەتیشی نەکەین.**

**ئەمجا بۆ ئەوەی هەمو کوردێك بتوانێ چی لەباردایە بیخاتە بەردەستی نەتەوەکەیو لەرێگەی ئەوەوە خزمەتی ئادەمیزادیش بکا، پێویستە هیچ جۆرە**

---

[1]لێرەدا ئەم پرسیارە: خۆ بیروباوەڕی کاژیک نزیکەی 70 ساڵە لەئارادایە، ئەی بۆچی ئامانجەکانی نەپێکاوە!؟ لەوەڵامدا: چونکە کاژیک، بەربەرەکانییەکی زۆر سەخت ئەکراو بواریشی بۆنەڕەخسا بەئاشکرا کاربکاو بیروباوەڕەکانی بەڕەهایی بگەیەنێتە جەماوەری کورد، ئەوەی کرا، تەنیا گۆڕانکارییەکی زۆر کەمبو لەهزری هەندێ کەسی کەمدا. بۆنمونە: ئەم کاژیکنامەیە، هەزاران کەس بەئاواتەوەبون بیبینن، بەڵام نەئەگەیشتە دەستیان، لەبەرئەوەی سەرەتا بەدەسخەت چەن ژمارەیەکی لەبەر ئەنوسرایەوەو لەناو ژمارەیەکی کەم لەهاوبیرانیشدا بڵاوئەکرایەوە. هۆی ئەوەش ئەوەبو کاژیک خۆی دەزگایەکی چاپەمەنیی نەبو، هیچ چاپخانەیەکیش زاتی ئەوەی نەئەکرد چاپیبکا. زیادەڕۆییینیە ئەگەر بڵێم زوربەی هاوبیرانی کاژیک، خۆیشیان، ئەمە یەکەمجارە ئەم کاژیکنامەیە ئەبینن!. چاپی یەکەم بە تایپ بو بەیەک دانە، ئەوانیتری بەدەسخەت!. چاپی دوەمو سێیەمیش لەئەڵمانیا کراو نەگەیشتنە کوردستان. هەمو چالاکییە هزریو کردەییەکانیتریشی، هەر بەوجۆرەبو.سەبارەت ئەو کۆسپانەیتر کە هاتنە رێگەی کاژیک، لەپەرتوکی یادەکانمدا بەدرێژی دواوم. بەهیوام بەچاپ بگەیەنرێ– کامیل ژیر.

تەگەرەیەکی وای نەهێنرێتە رێ کە ببێتە هۆی وەستاندنی تەوژمی داهێنانی بەکەڵك. کەواتە ئەبێ هەمو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگایە لە بەکارهێنانی خێروبێری ئەم وڵاتەدا بەشداربێ، بۆئەوەی بتوانێ هێزە شاراوەکانی خۆی بخاتە کاروبەپێی توانستی خۆی لەم رێگەیەوە گەورەترین بەش خزمەتو بەروبوم پێشکەش بە نەتەوەکەی بکا. ئەمەش بەوە ئەبێ کە رێی خەڵك دادۆشینو چەوساندنەوەی چینایەتیو روتاندنەوەی رەنجکێش بە هیچ جۆرێ نەهێڵرێو رێی هەمو ئیشکەرێك بدرێ کە بەری رەنجی خۆی بۆ خۆی بەرێ، بێ ئەوەی کەس لێی زەوت بکا، تا گیانی هەوڵو تێکۆشانو خۆڕەتاندنو خۆماندوکردنی تێدا نەمرێو هۆی ئەم خۆڕەتاندنو خۆماندوکردنەش ببەسترێ بەهەستی نەتەوەییەوەو بەجۆرێکی وا پەروەردە بکرێ کە گیانی خۆپەرستیو خۆویستی تێدا کەم بکرێتەوەو بخرێتە سەر رێی فیداکارێتیو دەست لە بەرژەوەندیی خۆ هەڵگرتن لە پێناوی بەرژەوەندیی بیروباوەڕی نەتەوەکەیدا.

بەڵام دیسانەوە نابێ لەمە وا تێبگەین کە ئەمانەوێ سۆسیالیزمی شیوئیانە بهێنینو بەسەر کۆمەڵگای کوردا بیسەپێنین. یان رژێمێکی سۆسیالیستانەیتر لە بێگانەیەکیترەوە وەرگرینو کوتومت بیسەپێنین! یا وەك هەندێك کۆمەڵیتر بچین لاسایی هەندێك رژێمی بێگانە بکەینەوە. نەخێر ئەم سۆسیالیزمەی ئێمە باسی ئەکەین بەتەواوی پڕبەپێستی نەتەوەکەمانە. چونکە لەناو جەرگەی ویستەمەنیو هەڵکەوتی نەتەوەکەمانو وڵاتەکەمانەوە وەرمانگرتوە. بۆیە بە خۆمانی وا رەوا ئەبینین کە ناوی بنێین "سۆسیالیزمی کاژیکانە".

راستیەکەی ئێمە سۆسیالیزم بە ئامانج نازانین وەك مارکسیەکان! تا لە پێناوی پێگەیشتنیدا هەمو پیرۆزمەنیەکانی نەتەوەکەمان بخەینە ژێر پێو وابزانین بزوتنەوەی نەتەوەیی هۆیەکە بۆگەیشتنە ئەو ئامانجە. سۆسیالیزم بەلای ئێمەوە هۆیەکە بۆئەوەی هەمو ئەندامێکی کۆمەڵگای کورد بتوانێ بەهەمو هێزێکی خۆیەوە زیاترینو پوختترین بەرهەم پێشکەش بەنەتەوەکەی بکاو لەو رێگەیەوە کورد بکاتە

هاوبەشی لە پێشخستنی شارستانێتیو کولتوری جیهاندا. ئەگینا هەمو رژێمێك کە لە دەرەوە هێنرابێو هەندێ کەس بیانەوێ بە زۆری زۆردارەکی بیسەپێنن بەسەر نەتەوەکەماندا، ئێمە زۆر بە توندی بەرەنگاری ئەوەستینو ئەوانەی پروپاگەندەی بۆ ئەکەن بە نۆکەرو بێگانە پەرستیان ئەدەینە قەڵەم. بەڵام ئەمە مانای وانیە کە ئێمە هیچ کەڵکێك لە زادەی بیری بێگانە وەرناگرینو هەرچیەك بێگانە بێو رومان تێبکا، شاربەدەری ئەکەین. نەخێر، ئەوەی لە بێگانەوە بۆمانبێو نەبێتە هۆی شێواندنی بنچینەی بیروباوەڕی نەتەوەییمان وەك بیردۆزی بیرکاریو کیمیاو پیشەسازیو داهێنراوەکانی پزیشکی، ئێمە وەریان ئەگرین. لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە نەتەوەی بلیمەتی کورد، ئەگەر رێگەی بیروباوەڕی کاژیکانەی گرت، ئەوەندەی لەباردا هەیە کە بتوانێ شتی تازە دابهێنێو لە داهێناندا پێشڕەوبێو ئەگەر شتێکیشی لە خەڵکەوە وەرگرت گیانێکی کوردانەی بکا بەبەردا. لەبەرئەوە هیچ پێویستی بەوە نیە هەر دەست لە خەڵکی پانکاتەوە. کەواتە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا سۆسیالیزمێکی تایبەتیەو هەر بۆخۆمانو هی وەك خۆمان دەست ئەدا، بۆیە پێی ئەڵێین "سۆسیالیزمی کوردی".

هەرچەندە لێرەدا ناتوانین بە دورودرێژی لەم سۆسیالیزمە کوردییە بدوێین، بەڵام ناچارین هەرئەبێ هەندێك هێڵی درشتی بخەینە رو، وەك: "دابەشکردنی زەویوزار بەسەر جوتیاراندا بەپێی دەسەڵاتیان لەبەرهەمهێنانداو لە ریشەوە هەڵکەندنی رژێمی دەرەبەگێتی. سنوردانان بۆ هەمو مڵکیەتێکی تایبەتی لەسەر بنچینەی ئەوەی کە موڵکیەتێکی تایبەتی (نقدیو عینی) نابێ بگاتە ئەندازەی (ئیستغلال). هەروەها خۆماڵیکردن (تأمیم)ی کارگەو پڕۆژە گەورەکانو پشتگیریکردنی پڕۆژە تاکی(فەردی)یە بچوکەکان کە نابنە هۆی ئیستغلالو نەهێشتنی هەمو جۆرە قۆرخکردن (احتکار)و وەبەرهێنان (استثمار)ێکی چینایەتی. گشتیکردنی هۆی بەرهەم هێنان بۆهەمو کەسێك کە بتوانێ بۆسودی گشتیو خۆی بەکاری بهێنێو ماوەدان بە دروستبونی سەندیکای پیشەیی لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی. جگە لەوەش، خۆماڵیکردنی پیشەی پزیشکیو کردنی خوێندنی سەرەتایی بە خوێندنێکی زۆرەملێو

خۆڕاییو دانانی لایەنی هەرەکەم بۆ ژیان بە ئامادەکردنی نانو جلوبەرگو دالّدە بۆهەمو ئەندامێکی کۆمەلّگاو مسۆگەرکردنەی یارمەتیو دەستگیرۆکردنی خەلّکی لە کاتی پیربونو نەخۆشیدا. هەروەها پەروەردەکردنی هەمو توانایەکی تاکیی بەکەلّكو دانی مافی کاردکردن بە هەمو کەسێكو بایەخدان بە ئارەزوو توانستو لێهاتنی هەمو ئیشکەرێكو کردنی نەریتی سوپایی بە نەریتێکی زۆرەملیو هاوبەشکردنی ئافرەت لە بەڕێوەبردنی کاروباری ژیاندا.

گوڵنار: جەنابت فەرموت: کە دژەکانی کاژیك هەمویان بە خوێنی سەری کاژیك تینوبون، لە کاتێکدا کاژیك هێشتا لە سووڕیەمتبوندابو، هیچ بلاّوکراوەو دەزگایەکی میدیایی نەبو، هێزی چەکدارو بارەگای پێشمەرگانەو ڕێکخستنیەنەبو،بۆچیدژەکانتانتینوبون بە خوێنی سەرتان.؟

ژیر: بەوجۆرە نەبو! بلاّوکراوەی هەبو بەلاّم زۆر بەنهێنی. ڕێکخستنی نهێنیی هەبو. هێزی خەباتیش بە سەرکردەو جێگرەکەیو زوربەی زۆری پێشمەرگەکانییەوە کاژیکبون ئەویش هەر بەنهێنی.

گوڵنار: هۆکاری ئەو هەمو نهێنیبونەتان و ئاشکرا نەکردنی بیروباوەڕەکەتانبۆچیدەگەڕایەوە.؟! شێرکۆبێکەسدەڵێ: کەسێکبیویستایە بگاتە ناو کاژیك ڤیر سپی دەبو.!

ژیر: ڕاستە وابو، بەلاّم ئەوە هەڵەیەکبو. نەئەبو یەجگار وابوایە. هەرچەندە ئەوەش ناچاریبو، چونکە ئەو هەمو دژەمان هەبو، ئەو کاتە ئەگەر بیانزانیایە کێین، هەمومانیان ئەکوشت. جگەلەوە، هەر کاژیك نەبو نهێنیبو، زۆر ڕێکخراوەیتر لەدنیادا نهێنیبون.

گوڵنار: دامەزرێنەری ڕاستەڤینەویەکەمیکاژیك کێبو.؟

ژیر: دوکتۆر جەمال نەبەز لەپەرتوکێکیدا (پێشخان و پاشخانی کاژیك) نوسیویەتی: "یەکەم کەس (کامیل ژیر)بو کە پەیوەندی بە منەوەکرد لە دوکانەکەی

(بەشیر موشیر) لەبەغداو داوای لێکردم کە حیزبێکی کوردی نەتەوەیی دامەزرێنین، من لە سەرەتاوە ڕازینەبوم، بەڵام ئەو زۆری لەسەر ڕۆیشتو ئیلحاحی لەگەڵ کردمو قەناعەتی پێکردم، کە قەناعەتی پێکردم، پێموت لە سلێمانیش چەند کەسێکی تری لێیەو حەزیان بە کوردایەتییە، من بەهۆی ئەوەی دەوامم هەیە لە بەغدا ناتوانم بگەڕێمەوەبۆسلێمانی،بەڵامتۆبرۆرەوەوپەیوەندیبەوکەسانەوەبکەوقسەیان لەگەڵ بکەو بزانە بۆچونیان چییە".!

منیش لەسەر پێشنیارەکەی ئەو چوم بۆسلێمانیو پەیوەندیم بەو پێنج کەسەوە کرد کە ئەو ناوی هێنابونو بریتیبون لە: عەبدولا جەوهەر، فەرەیدون عەلی ئەمین، ئەحمەد هەردی، فایەق عارف، ئیحسان فواد)، ئەوانیش هەمویان، دوای مشتومرێك، ڕازیبونو یەکدەنگبون لەسەرئەوەی کە پێویستە کورد لە ئێستادا ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دامەزرێنێو فەلسەفەی کوردایەتی داڕێژێ بەشێوەیەکی تۆکمەو دروست. ئەوەبو لە **1959/4/14**دا هەوڵەکەمان بو بەبریار. لەپشوی هاوینیشدا، لەگەڵ جەمال نەبەز لە بەغداوە هاتینەوە بۆسلێمانیو بە درێژایی ئەو چەند مانگەی پشوی هاوینو دوای ئەوەش، خەریکی داڕشتنی بیرۆکەکەبوین. کاژیکنامەو پەیڕەووپرۆگرامەمان نوسیو نەخشەی ڕێکخستنمان کێشاو دەسبەکاربوینو وردەوردە پەرەمان سەند. کێشەیەکی نەخوازراو کە هاتە ڕێمان، ڕووداوی (کانیماسی)بو،ڕۆژێکلەناوبازاڕداچەندکەسێکیشیوعیکوژران،شیوعیوپارتیخستیانە ئەستۆی کاژیك، کاژیکیان لەبەر چاوی خەڵك کرد بە دێو و درنج، تەنانەت وایان لە خەڵك گەیاندبو کە کاژیك واتە: کوردکوژە !! کاژیکیش بێبەریبو لەو تاوانە.

گوڵنار: بۆچی هەر حەوت دامەزرێنەرەکەی کاژیك خەڵکی یەك ناوچەو پارێزگا بون کە سلێمانییە.؟!

ژیر: وا ڕێکەوت.

گوڵنار: باست لەوەکرد کە پارتی یەکێکبو لەوانەی دژایەتی سەرسەختی کاژیکیان دەکرد، بەڵام ئێوە ئەوسا لە کێشەو ناکۆکی نێوان باڵی جەلالیو مەلایی

زیاتر لایەنگری پارتیو مەلاییبونو دژی باڵی بەکرەجۆو جەلالی لێدوانو هەڵوێستتان دەردەبڕی،ئایائەمە هۆکارەکەی ئەو زەبرو زەنگو توندوتیژیەی پارتیبو، یا چی.؟!
هۆکار چیبو ئێوە زیاتر لە پارتی نزیك دەبوونەوە لەکاتێکدا هەر حەوت دامەزرێنەرەکەی کاژیکیش ڕۆشنبیروخەڵکی سلێمانیشبون.؟

ژیر: ئێمە بەویژدانەوە ئەمانڕوانییە کێشەی نێوان جەلالیو مەلایی. لەهیچ لایەکیشیان نزیکنەئەبوینەوە وەکو کاژیك، بەڵام بەشداریمان لە شۆڕشی ئەیلولدا ئەکرد. شۆڕشی ئەیلولو پارتی، دو شتی جیاوازبون.

گوڵنار: سکاڵای عبدالله ئاگرین لەسەر جەمال نەبەزو تۆمەتی فرۆشتنی کاژیك بە پارتی لە دادگای هەولێر ساڵی **2015** چۆن لێك دەدەنەوە، جەمال نەبەز پێی وایە کەلەپورو میراتی کاژیك لەلایەن عبداللەوە فرۆشراوە بە پارتی، ئایا ئەمە ڕاستە.؟!

ژیر: ئەوە لەپەرتوکی یادەکانمدا دەیان لاپەڕەم لەسەر نوسیوە. هیوادار بەچاپ بگاو بکەوێتە بەر دیدی ئێوەش.

گوڵنار: کاژیك لە **2015**دا واتە دوای **56** ساڵ لە دامەزرانی، چ پاشخانو میراتو کەلەپورێکی مابو تا عبدالله بیفرۆشێت بە پارتی.؟!

ژیر: کاژیك پایزی **1974** چالاکییە ڕێکخراوەییەکانی خۆی هەڵپسارد، لەپێناوی یەکڕیزیی شۆڕشدا، نەك **2015**.

گوڵنار: کاژیك باوەڕی بەچجۆرە خەباتێك هەبو بۆکوردایەتی.؟

ژیر: خەباتی سیاسیو چەکداریش. بەڵام سەرەتا بەخەباتی سیاسی دەسمانپێکرد. ئەو کاتەی کە کاژیك دامەزرا، چەك نەبو، شۆڕشیئەیلولدروستنەبوبو، کە شۆڕشەکەدروستبو، ئێمەش بەشداریمان تیاکرد، بەپلەی یەکەم لەڕێگەی هێزی خەباتەوە دەستمان دایە چەکو چوینە شاخ. لەهێزەکانیتریشا بەشداریمان هەبو بەڵام کەمتر. هێزی خەبات هێزێکبو زوربەی کاژیکبو، فەتاح ئاغا کە ئامرهێزەکەبو،

ئەندامێکی پێشکەوتوی کاژیکبو، نوری حەمە عەلی کە یاریدەدەرەکەیبو ئەندامێکی پێشکەوتوی کاژیکبو، ئێمە هەوڵی خۆمان لەوەدا چڕکردەوە کە لەناو شارەوە گەنجانی کورد پێبگەیەنینو پەروەردەیان بکەینو بیانخەینە سەر ڕێگاو باوەڕی کوردایەتیو پاشتر بیاننێرین بۆناو شۆڕش بۆئەوەی شۆڕشەکەسەرکەوتوبێ. شۆڕشەکەبەناوی‌کوردەوەبو،دروشمیشۆڕشەکەش بریتیبو لە (یا کوردستان یا نەمان). ئەو شۆڕشەش سەرەتا لەو ئاغایانەوە سەری هەڵدا کە بە یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ زەرەرمەندبون، دوایی پارتی خۆیکرد بەخاوەنی شۆڕشەکە، ئێمەش بەشداریمان تیاکرد تا نسکۆی بەسەردا هات!

گوڵنار: مەبەستت لە "شۆڕشەکە" شۆڕشیئەیلولە.؟

ژیر: بەڵێ. دوای ئەو شۆڕشە، پاسۆك بەشداری شۆڕشی دوای ئەیلولبو. پاسۆکیش درێژدەرو هاوبیری کاژیکبو.

گوڵنار: دەتوانین بڵێین کاژیك چەند شەهیدی داوە.؟! بەتایبەت لە شۆڕشیئەیلولدا.؟!

ژیر: بەناوەکانەوە، زوربەیان لەناو شۆڕشی ئەیلولدا:

ئەنوەر مەجید سوڵتان، ئەنوەر عەلی نەجار، ئیحسان سدیق، بێستونی شەهید لەقەیوان، بێستونی شەهید لە مامەخەلان، تۆفیقی نوری بەگ، جەزای عەلی کاتب، جەلالی حاجی حسەین، حەمەئەمین گوڵچین، خولەخڕە، دڵشاد مەریوانی، رەحیم حاجی مەحمود، سەعید گەوهەر، شەریف مەولود، شەوکەتی حاجی موشیر، عەلی مەشخەڵ، عوسمان ئەحمەد، عومەری حەلاو، عومەری ساڵح مەنسور، عیزەت رەشید، غەفور ژاژڵەیی، فەتاح ئاغا، فەرهاد خەفاف، قوربانی مام رەش، کەریم سەلام، کۆڤان، محەمەدی حاجی ئەحمەد، محەمەدی حاجی مەرۆیی، محەمەد ساڵح هیتلەر، محەمەد شەوقی، محەمەد هەرسین، نوری حەمەعەلی، هاواری نوری حەلاو و دەیان شەهیدیتر کەلەریزی هێزەکانی شۆڕشدا وەك سەربازێکی نادیار گیانی خۆیان بەخشی.

گوڵنار: ئەگەر مەبەستت شۆڕشیئەیلولە،خاڵیهاوبەشو کۆکەرەوەی ئێوەو مەلا موستەفاو حیزبەکەی چیبو.؟! یا بۆچی ئێوەش سەربەخۆیانە خۆتان دژی ستەم نەوەستانەوە.؟

ژیر: خاڵی هاوبەشمان سەرکەوتنی شۆڕشەکەبو، وەستانیشبو دژی ستەم. پێویست نەبو شۆڕشەکە دو کەرتکەین. سەدان ساڵە میللەت داوای یەکڕیزی ئەکا. ئێمە کوردایەتیما لامەبەستترە وەك لەحیزبایەتی.

گوڵنار: دوای شۆڕشیئەیلولهیچکاتهەبوە کە ئێوەش لەگەڵ هێزە کوردییەکان یا خودی شۆڕشیئەیلولو سەرانی شۆڕشەکەتێکهەڵپژانوشەڕوبدا لە نێوانتاندا.؟! مەبەستم ئەوەیە کاژیك پریشکی خوێنی براکوژیو کورد کوژی بەر کەوتوە.؟!

ژیر: کاژیك خۆی پاراستوە لەشەڕی برا کوژی.

گوڵنار: باست لە نسکۆی شۆڕشیئەیلول کرد، خوێندنەوەو پێناسەت بۆ ئەو شۆڕشەونسکۆکەیچیبو.؟! دکتۆر موکەڕەمتاڵەبانی یەکەم کەسبو ناوی (ئاشبەتاڵ)ی لەو نسکۆیە نا، ئایا لای تۆش ئاشبەتاڵبو.؟!

ژیر: کۆتایی شۆڕشی ئەیلول، پیلانێکی نێودەوڵەتیبو. ئەوکاتە موکەڕەم لەژێر سێبەری بەعسدابو.

گوڵنار: سەرکردایەتی شۆڕشرێگاچارەیدیکەینەبو بۆ ڕێگرتنلەهەرەسیشۆڕشەکەومانەوەی.؟!

ژیر: پیلانەکە گەورەبو. بڕوا ناکەم لەکاتی ڕێکەوتننامەی جەزائیردا ڕێگە چارەیەك بوبێ. بەڵام زۆری نەخایان، شۆڕش بەرپابوەوە.

گوڵنار: جەنابت لە شۆڕشیئەیلولداڕۆڵوئەرکتچیبو.؟!

ژیر: دادوەرو پشکنەری دادبوم، هەموشمان پێشمەرگەبوین.

گوڵنار: چۆن ئێوە هێزی خەباتتان هەبوەو لە هەمان کاتیشدا دادوەریی شۆڕشبویت.؟

ژیر: هێزی خەبات لەسەرەتاکانی شۆڕشیئەیلولدا دروستبو، ئێمە بیرۆکەیەکمان هەبو: ئەگەر هاتو کاژیك پەلی هاویشت ،ئەبێ بنکەیەکی سەربازیمان هەبێ لەشاخ، بۆئەوەی ئەگەر هەر ئەندامێکمان مەترسی گرتن، کوشتن، چاودێریی هاتە سەر، دەربازیکەین بۆناو ئەو هێزە. کە شۆڕشیئەیلولیشدروستبو، ئێمەش لەبری ئەوەی هێزێکی سەربەخۆ دروست بکەین، سەرنجی خۆمان خستە سەر هێزی خەبات، هەرچەندە هێزی خەباتو هێزەکانیتر هەموی بە فەرمی پەیوەندیان بە بارزانییەوە هەبو، لە بارزانییەوە فەرمانیان وەرئەگرت. بۆمەسەلەی دادوەرییەکەشم، لە شۆڕشدا چەند دەزگایەکی گشتی هەبو وەك (ئەوقاف، دارایی، ڕۆشنبیرییوبەرگریی) منیش بەوهۆیەوە یاساییبوم، بومە دادوەری شۆڕش، ئەو کاتەش ساڵح یوسفی کە ئەمینی دادو ئەوقافبو، دۆستو هاوڕێمبو، من پێشتر سەرنوسەری گۆڤاری هیوابوم، ئەو شتی بۆئەناردمو بۆم بلاّو ئەکردەوە، کە منی بینی زۆری پێخۆشبو، خێرا فەرمانێکی دەرکردو منی دامەزراند بە دادوەرو پشکنەری داد (موفەتیشی عەدلی)  ماوەیەکیش دادوەربوم لە دادگای سەربازی کە سەرۆکەکەی عەبدولرەحمان قازیبو.

گوڵنار: دەگوترێ زۆرجار لە شۆڕشەکانداکۆمەڵێکتاوانوهەڵەدەکرێنو پەردەپۆش دەکرێن لەژێر ناوی خەباتو شۆڕشدا،جەنابت بە حوکمی ئەوەی دادوەر بویت هیچ کات ڕویداوە ڕوداوێکیواهاتبێتەبەردەستتو بە پێچەوانەی ڕاستیو هەقەوە بڕیارت لەسەر دابێتو پاشتر پەشیمان بوبیتو ویژدانت ئازاری دابیت.؟

ژیر: تا نسکۆی شۆڕشیشهیچی وام نەهاتەڕێ.

گوڵنار: لەبارەی کەسایەتی بارزانییەوە چی دەڵێیت.؟! خەڵکێك پێی وابوە کەسایەتییەکی خێڵەکی بوەو سیماو سیفاتی سەرکردەیی شۆڕشیپێوەنەبوە.؟!

ژیر: من واینازانم. سەرکردەیەکی شۆڕشی لێهاتو و بەتوانابو. هەر ئەو کەسانەی وا بەبارزانی ئەڵێن، بەکاژیکیش ئەڵێن: کۆمەڵێ رۆشنبیربون! ئەمە وەك

سەرگروشتەی باوکو کوڕو کەرەکە وایە! خەڵکانێك هەن هەر پیشەیان رەخنەگرتنە بێئەوەی خۆیان هیچیان لەباردابێ. بارزانی سێ جار شۆڕشی دژی داگیرکەران کردوە، هاوکاریی قازی محمەدیشی کردوە. چەندین سەرکردەی خێلیتر هەبون، هیچیان نەکردوەو کەسیش لە گوڵ کاڵتریان پێ ناڵێ!. ئەگەر بارزانی هەڵەیشی هەبێ، لایەنی چاکەکانی زیاترن. ئەوانە هەڵەناکەن کە کارناکەن. من پارتی نیم، بەڵام بەویژدانەوە ئەدوێم.

گوڵنار: لەبارەی تاکڕەوێتیبارزانییەوەقسە دەکرێ کە پارەو دەرامەتو هێزو چەکی شۆڕشهەموی لای خۆی بوەو کەس ئاگادارنەبوە، تا چەند وایە.؟!

ژیر: ئاگام لەوەنەبوە.

گوڵنار: باست لە خیانەتی **1966** کرد، ئەو جیابونەوەیە چ زیانو گورزێکی لە شۆڕشی ئەیلولدا.؟!

ژیر: گورزێکی گران.

گوڵنار: ئەو بیانو و هۆکارانەی کە باڵی جەلالی بەهۆیانەوە جیابوەوە لە مەلا موستەفا، تا چەند وابونو ڕاستبون.؟!

ژیر: ئەگەر راستیشبوبن، نەئەبوایە جیابونایەتەوە. ڕێگەیتر زۆرە بۆچارەسەر.

گوڵنار: هێڵە تایبەتیو بنەڕەتیە گرنگەکانی سیاسەتکردنی کاژیك چیبون.؟!

ژیر: هێڵە بنەڕەتییەکانو تایبەتمەندییەکانی کاژیك لە **20** خاڵدا کۆئەبنەوە کە لەبەشی (سەبارەت کاژیك)دا هەر لەم پەرتوکەدا نوسراون.

گوڵنار: هەمو حیزبێکی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان کاریگەربوە بە ئایدلۆژیا هاوردەکانی وەك مارکسییەتو لینینو ماوتسی تۆنگ، کاژیك تا چەند درێژکراوەی ئەو بیرو هزرانەبو؟

ژیر: هیچ. کاژیك هەڵقوڵاوی سروشتو هەڵکەوتەی کوردستانبو.

گوڵنار: شێركۆ بێكەس دەڵێ: بە فازیلی مەلا ڕەسوڵمگوت:
ڕاستەبویتەتەموسڵمانو باوەڕتبەئیسلامهێناوە.؟! ئەویشگوتی: بەڵێ.! منیشلام سەیربو! فازیلی مەلا ڕەسولگوتویەتی: ئێمە هەمو فیكرو ئایدلۆژیاو ڕێبازەكانمانتاقیكردنەوەوكوردیان نەگەیاندە ئامانجو مەنزڵی خۆی، هەر ئیسلام ماوە، با ئیسلامیش تاقی بكەینەوە كێ ناڵێ ڕزگاركاریو كەشتیی نەجاتی ئێمە ئیسلام نییە.؟! جەنابت بۆ قسەكەی فازیلی مەلا ڕەسول چی دەڵێیت.؟

ژیر: ئەڵێم **1400**ساڵیش لەكەشتییەكەی ئیسلامدا بوینو ئەنجامێكی بۆ سەربەخۆییو ئازادیی كورد نەبو.

گوڵنار: هەر لە ڕوانگەیقسەكەیفازیلەوە،كورددەیەهافیكریلەڕۆژئاواو سۆڤییەت و چین و وڵاتانی عەرەبییەوە هێنا، بۆچی ڕۆشنبیرانیئێمەجارێكپەنایان بۆ هێنانی بیری ئیسلامیی نەبرد سا بەڵكو كورد هەڵسێنێتەوە.؟!

ژیر: باوەڕ ناكەم هیچ نەتەوەیەك، زیاتر لەكورد، وابەستەی ئیسلام بوبێ، هەمو سەركردەكانی شۆڕشی كورد، مەلاو شێخو ئاینداربون، چیماوە تاقیی بكەینەوە؟.

گوڵنار: شێركۆ بێكەس دەڵێ: سەركردایەتی كاژیك كۆمەڵێك كەسی ڕۆشنبیروئەدیبوشاعیربون، زیاتر پیاوی مەیدانی نووسینو ئەدەب بون لەبری ئەوەی پیاوی مەیدانی سیاسەتو خەباتو شۆڕشبن،ئەمەهۆكاریلاوازیوپوكانەوەی كاژیك نەبو.؟

ژیر: دامەزراندنی ڕێكخراوێكی باوەڕداری وەك كاژیك، هەركاری رۆشنبیرانە. ئەگەر وانەبونایە، ئەوسا پێیانئەوتن سەركردایەتییەكی خێڵەكی!! كام یەك لە سەركردەی حیزبەكانیتر (شیوعی، پارتی، جەلالی) لە سەركردەو كادرانی كاژیك باشتربون.؟! ڕاستە ئێمە تا ساڵی **1964** زیاتر كاری هزریمان ئەكرد، بەڵام دوای ئەوە، حیزبێكیتر (پارتی گەلی كورد) هاتە پاڵمان، ئەوان زیاترلایەنە

جەماوەرییەکەیان گرتبو نەك ڕۆشنبیرییەکە،لەناو رەمەکی خەڵکەکەدا لایەنگری زیاتریان هەبو. بەتێکەڵبونمان، ئەو کەلێنەش نەما.

گوڵنار: جەنابتان 948 – 958 ئەندامی حیزبی شیوعی عێراقیبون، دوای ئەوە کە واز لە شیوعی دەهێنیت کاژیك دادەمەزرێنن، لەوکاتەشدا شیوعییەتبون لەگەڵ خەباتی نەتەوەییدا نەگونجاوەو دژی خەباتی نەتەوەیی بوە، ئەم وەرچەرخانە لە ناکاوە چۆن ڕویدا.؟!

ژیر: پێشتر باسم لەوەکرد کە لەبنەماڵەیەکی ڕۆشنبیری‌نەتەوەییدابوم. لە تەمەنی 14 ساڵیدا 1948 چومە حیزبی شیوعییەوە، منداڵێکی 14 ساڵە حساب بۆفەلسەفەو بیر ناکا، زیاترچاولێکەری زاڵە بەسەریا. کۆمەڵێك لە زڕمامەکانم ئەندامی حیزبی شیوعیبون، بەچاولێکەریی ئەوان چومە حیزبی شیوعییەوە.! بەبێ ئەوەی بزانم شیوعییەت چییە.؟! واشمئەزانی کلیلی سەربەخۆیی کوردستان لەمۆسکۆیە! ماوەی ئەو 10 ساڵەش کە مامەوە لە حیزبی شیوعیدا، تەنها چوار ساڵێکی لەڕیزی رێکخراوەکانی ئەوحیزبەدابوم، واتا تا ساڵی52 کە هێشتا هەر هەرزەکاربوم. دوای ئەوە بەردەوام ئەگیرامو بە ڕێی زیندانەوە بوم، هەر چەپڵەیەك لێ بدرایە، خۆپیشاندانێك بکرایە لەسلێمانی، من بەشداریم تیائەکرد. ئێمە چەند کەسێبوین پێیان ئەوتین: (مەشبوهەکان)و ئەگیراین، چەن مانگێ لەزیندانەدا ئەماینەوە. تەنانەت جارێك خۆپیشاندانێك کرابو من لەسلێمانبوم، کەهاتمەوە هەر گیرام!. ساڵی 1954یش لەگەڵ 39 قوتابییتر گیراینو بەناوی سەربازییەوە دورخراینەوە بۆ شوعەیبە، گەرچی سەربازیشمان لەسەرنەبو چونکە قوتابییبوین، بەڵام بەو بیانوەوە ئێمەیان گرت، نزیکەی 8 مانگ لەوێ مامەوە. کە هاتمەوە، چەند جاریتر ئەگیرامەوە، لە 1957دا دوبارە دورخرامەوە بۆ ئەبوغرێب، لەوێ لەژێر چاودێریی پۆلیسدا مامەوە تا کۆدەتای 14ی تەموزی 1958، بۆیە بە درێژایی ئەو 10 ساڵە من هەلی ئەوەم بۆ نەڕەخساکە لە فەلسەفەی شیوعییەت بکۆڵمەوە. هەر نەتەوەییانە بیرمئەکردەوە.

گوڵنار: کەواتە پەشیمانی کە 10 ساڵی تەمەنت لە حیزبی شیوعیدا بردە سەر.؟

ژیر: پەشیمانم، لە یاداشتەکانیشمدا نوسیومە 10 ساڵی تەمەنم بە فیڕۆڕۆیشت لەحیزبی شیوعیدا. بۆخەڵکو جیهانیش دەرکەوت کە ئەو شیوعییەتە بەرێکی نەگرت بۆمرۆڤایەتی! ئەوەبو لەمەڵبەندەکەشی کە یەکێتیی سۆڤیەتبو هەرەسی هێنا. کەچی لەکوردستاندا هێشتا بنەبڕنەبوە!!.

گوڵنار: شێرکۆی هەژار موکریانی ڕۆڵوپلەیچیبولەجولانەوەی کاژیکدا.؟

ژیر: رۆڵو پلەیەکی ئەوتۆی نەبو، بەهۆی ئەوەی کوڕیهەژار موکریانیبو، وەك لایەنگرێك وەرگیرا.

گوڵنار: ئەی شێرکۆ بێکەس ڕۆڵوبەرپرسیارێتیچیبو.؟

ژیر: ماوەیەك بەرپرسی لقی سلێمانیی کاژیکبو، لقی سلێمانیش گەورەترین لقی کاژیکبو.

گوڵنار: ئایا حەکیم کاکەوەیس هیچ ڕۆڵوپێگەیەکیهەبولەکاژیکو پاسۆکدا، چونکە ناوبراو یەکێکبو لە نوسەرە هەرە دڵسۆزە  نەتەوەییەکانی کورد.؟

ژیر: هاوبیرو بیرمەندێکی گەورەی کاژیکو پاسۆکبی.

گوڵنار: بەشیر موشیر کێبو؟

ژیر: بەشیر موشیر کوردێکی پاکو ساویلکەو دڵسۆزبو بۆکوردو کوردستان، تا سەرئێسقان کوردبو. بەرگدرویەکبو لەبەغدا، گەرچی بەبەرگدویتی گوزەرانی باشبو، بەڵام سۆزی کوردایەتی پاڵیپێوەنا دوکانەکەی کردە کتێبفرۆشی کوردیو جێگەی دانیشتنو کۆبونەوەی سیاسەتکارانی کورد. بەوە هەژارکەوت. دوکانەکەی بەکەعبەی ئامالی کورد ئەزانی. کەسایەتیە کوردەکان لە ساڵانی 30ەکانەوە ئەچونە دوکانەکەیو کۆئەبونەوە، ئەو کاتەی بەرگدروبو، جلو بەرگیشیان لا ئەدوری. بەشیر موشیر بۆ

هەمو بابەتێکی سیاسیی، بۆچونی خۆی دەرئەبڕی. ئێمەش هاوبیرانی کوردایەتی ئەچوینە دوکانەکەیو زۆر ڕێزمانلێئەگرت، قسەکانیشی زۆر خۆشبو، زۆربەی قسەکانی ئەبون بەنوکتە بەبێ ئەوەی نوکتەباز بێ. خۆی بەسەرۆکی هەمو کورد ئەزانیو لەو باوەڕەدابو ئەو ئەتوانێ سەربەخۆیی کوردستان بەدیبێنێ. ئێمەش خۆشمان ئەویست. کەسێکبو بەردەوام لە خەیاڵدا ئەژیا، من لەهەندێ نوسینمدا وتومە: لە ژیانیدا درۆی نەکردوەو قسەیەکی ڕاستیشینەبوە! چونکەخەووخەیاڵیلێ ئەبو بە ڕاستو چاوەڕێیرپوداڕوداوەکانیناوخەو و خەیاڵەکەیبو. قسەکانی سەیرو سەمەرە بون، بەڵام لای خۆی راستبون. بۆ نمونە ئەیوت: ساڵێکیان لە تارانەوە بە پاپۆڕچوم بۆ ئەستەمبوڵ.! دکتۆر مارف خەزنەدار وتی: مامۆستا من مامۆستای ئامادەییمو شارەزاییم هەیە، لە نێوان تارانو ئەستەمولڵدا دەریا نییە.! تۆ چۆن بە پاپۆڕرۆیشتوی.؟! وتی: هەیە.! خەزنەدار وتی: دڵنیام نییە.! بەشیر موشیر وتی: ئاخر هەی دیماخ، بۆ من نازانم ئێستا دەریا نییە، خۆ من باسی ئێستا ناکەم، باسی (سەفەربەر) ئەکەم، ئەو کاتە هەبو!. ئیتر ئەو لەلای خۆی پێی وابو هەر بە ڕاستی ئەو سەفەرەی بە پاپۆڕکردوە، ئیتر لەو بابەتە، شتی زۆر سەیری ئەوت، وەك ئەوەی کە پێی وابو لە جەنگی جیهانی یەکەم زاپت قوماندانیبوە، جارێك روبەڕوی **3** هەزار سەربازی ئینگلیز بۆتەوەو بە **30** سەربازەوە زۆری لێکوشتونو ڕاویناون چونکە دیماخی بەکارهێناوەو بەسەربازەکانی وتوە یەکی خاکەنازێ بگرن بەڕوتانەوەو بەسنگەخشکێ هێرشبکەنو خاکەنازەکان بدەنە بەر گوللەکانی ئەوانو بەدەسەکەیترتان تەقەیان لێبکەن، ئیتر ئنگلیز ئەو شکانەی شکا، تائێستاش خۆی بۆنەگیراوەتەوە!. ئاوا لەو بابەتانە شتی زۆر سەیری ئەگێڕایەوە کە لای خۆی راستبون.، ئێمەش زیاتر هانمانئەدا بۆئەوەی ئەو شتانەمان بۆبگێڕێتەوە،لەوەوە بو بەخۆشەویستی هەمو لایەکو قسەکانی وەکو نوکتە ئەگێڕدرانەوە. ئەنجام ئەویش بەر شاڵاوی بەعس کەوت، گرتیانو ئەشکەنجەیاندا. لەگیانەڵادا بەریاندا. دوای چەن رۆژێ، **1963/6/30** لە تەمەنی سەرو **80**ساڵیدا گیانی پاکی سپاردو چوە ریزی شەهیدانی کوردستانەوە.

گوڵنار: مامۆستا هەر لەبەغداو پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرانلەبەغدادورنەکەوینەوە، ململانێیەکی توندو بەرچاو هەبوە لە نێوان مەسعود موحەممەد لەلایەکو ڕۆشنبیرانیدیکەلەلایەکیدیکەوە،جەنابتتاچەند هەستت بەو ناکۆکییە کردبو یا ئاگاداریبویت.؟

ژیر: منو کاك مەسعود محەمەد کارمەندی کۆمپانیای مەوادی بینائی بوین لەبەغدا. ئەو بەڕێوەبەری کارگێڕیو من بەڕێوەبەری زاتیەبوم ، عەبدولخالق قوتب بەڕیوەبەری فرۆشتنبو، رەفعەت ئەحمەدو یەدوڵا فەیلیش هەر کارمەندبون لەهۆبەی فرۆشتن، سەنیە قوتب خەزنەداربو. کاتی دەسبەتاڵیمان کۆئەبوینەوەو لەهەزار ئاشمانئەکرد. ناکۆکییەکەی کاك مەسعود بەگشتی لەگەڵ هەڵگرانی بیری مارکسیدابو، بەتایبەتیش لەگەڵ مام جەلالدا لەڕوی بیرەوە. بەڵام منو کاك مەسعود هاوڕاو هاوبیربوین. تەنیا گلەیی ئەوەم لێئەکرد کە هەر بەعەرەبی ئەینوسی! ئەیوت زمانی کوردی ئەو بەلاغەتەی پێنانوسرێ وەك عەرەبی. لەیەکێ لەگردبونەوەکانماندا، هەمان مشتومڕمانبو. نیو لاپەڕەیەك لەنوسینێکی پڕ بەلاغەی خۆی دامێو وتی ئەتوانی بەهەمان بەلاغەوە بیکەی بەکوردی؟ هەر لەوێدا بە هەمان رەوان بێژییەوە کردم بەکوردی. ئامادەبوان دەسخۆشییان لێکردمو وتیان هەردوکیان لەئاستی یەك رەوانبێژیدایە. ئەویش دانی بەو راستییەدا ناو بەڵێنیدا ئیتر بەکوردیش بنوسێت. هەر واشیکرد.

گوڵنار: هۆکار چیبو کەوا بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانیکورددژوناکۆکبون لەگەڵ تاکە کەسایەتییەکی وەکو مەسعود موحەممەددا.؟

ژیر: هۆکار ئەوەبو، ئەوان ئەو توانا هزرییەی ئەویان نەبو، ئیرەییان پێی ئەهات.

گوڵنار: جیاوازیی سیاسەتو بیرکردنەوەو دونیابینی کاژیکو پاسۆك لەچیدابو.؟

ژیر: بیرکردنەوەو دنیابینیی پاسۆکو کاژیك، وەکیەکبون. گەرچی وەك ڕێکخستن جیاوازییان هەبو. دامەزرێنەرانی پاسۆك کۆمەڵێ گەنجی کوردپەروەربونو

زۆریشیان ئەفسەربون. دوای نسکۆی شۆڕشیئەیلول، لە 1976/11/21دا پاسۆك دروستبو. لەوکاتەدا ئێمەی کاژیك چالاکییەکانی رێکخستنی خۆمان ڕاگرتبو. کەوتینە پشتگیریی پاسۆك. وتمان بارودۆخی کورد ئەوە هەڵناگرێ دو حیزبی نەتەوەیی تیابێ. ژمارەیەك کادری کاژیك چونە پاڵ پاسۆك. هەردی ماوەیەك بو بەسکرتێریان. جەمال نەبەزیش یارمەتیی ئەدان. من بەنهێنی پەیوەندیم هەبو لەگەڵیان. دوای راپەڕین مەکتەبی سیاسیی پاسۆکمان دروستکرد لە پێنج کەس، ئەو پێنج کەسە، چواریان کاژیکبون. پاسۆك مایەوە تا ساڵی 1993 کە لەگەڵ سۆشیالستو پارتی گەلی کوردەکەی سامی عەبدولرەحمان، حیزبی یەکگرتنیان پێکهێناو هەر لەو ساڵەدا تێکەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانبون.

گوڵنار: کێ بون ئەو چوار ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی کە کاژیك بون لە کۆی پێنج ئەندامەکەی مەکتەب سیاسی؟

ژیر: مولازم کەریم، مژدە تایەر، عەبدوڵا ئاگرین و کامیل ژیر. تەنیا مولازم شوان کاژیك نەبو.

گوڵنار: کەوایە پێت وایە ژینگەو کۆمەڵگەی کوردی لەبارە بۆ بونی حیزبی نەتەوەیی؟ لە کاتێکدا ئەوەتا ئاسەوارو کاریگەریی کاژیکو هیواو پاسۆك و ژێکافیش تەنها لە کتێبو مێژودا ماوەتەوە.؟

ژیر: من لەگەڵ سیستمی حیزبایەتیدا نیم بۆکورد لەم باودۆخەی ئێستاماندا. لەمبارەیەوە زۆرم نوسیوە.

گوڵنار: جەنابت یەکێکی لەو کەسانەی کە باوەڕتبەئایین نییە، لایەنی ڕوحیودەرونی خۆت بە چی ئارام دەکەیت.؟

ژیر: بەویژدانی خۆم. گیانی خۆم بەوە ئارام ئەکەم کە لەگەڵ میللەتەکەمدا ڕاستگۆبموخیانەتیلێنەکەموچەن بتوانم خزمەتی بکەم، دەسپاکو راستگۆبم.

گوڵنار: 84 ساڵ تەمەنت بەڕێکردوە،چۆنلەمرۆڤوگەردونوبونونەبونگەیشتویت.؟

ژیر: **84** ساڵی تەمەنم بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، قۆناغی منالێم تا هەرزەکاریو تا **18** سالێشم ، نوێژم ئەکرد، ڕۆژوم ئەگرت، بەڵام پاشتر لە ئەنجامی تێڕامانو وردبونەوەم، گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئاین دروستکراوی مرۆڤە، کە دروستکراوی مرۆڤیشبێ، وەنەبێ لایەنی چاکەی نەبێ، ئاین تا رادەیەکی زۆر خزمەتی کۆمەلگەی مرۆڤی کردوە. بەزۆری بۆچاکسازیی کۆمەلگەی مرۆڤ هاتونەتە ئاراوە. وایانکردوە کە تا رادەیەك خەڵك لەترسی خواو قەبرو قیامەت، لەخراپە دورکەونەوە. بەتایبەتی لە ناوچەیەکی وەکو عەرەبستاندا کە کچ زیندە بەچاڵ ئەکرا، کچ هێندە سوکبو لایان، پێیان عەیببو کچیان ببێ. لەناو کوردیشداو تا حەفتا ساڵ بەر لە ئێستا، خەڵك زیاتر پێیخۆشبو کوڕیان ببێ. ئەوەتا ئێستەش ئەوترێ (شەوی شەوی بەراتێ — خوا دو کوڕو کچێکتان باتێ!) لەمیراتیشدا کوڕ دو ئەوەندەی کچی بەرئەکەوێ! بەهیوام ئەم دیاردەیە نەمێنێ. لەبەر ئەوە من وەکو وتم: ڕوحیخۆمبەوەئاسودە ئەکەم، ئەوەندەی بۆم کرابێت لە ژیانمدا، خزمەتی نەتەوەکەمم کردوە، چەندی تریش بژیم، بەڵێن ئەدەم بەردەوامبم لە خزمەتی نەتەوەکەمدا.

گوڵنار: لە چ شتێکی ژیانت پەشیمانی.؟

ژیر: ئەو **10** ساڵەی هەڵسوڕانم لەحیزبی شیوعیدا.

گوڵنار: نێوانت لەگەڵ دڵداریو کچانو عەشقدا چۆنبوە.؟

ژیر: (بە پێکەنینەوە) دڵداریی سەردەمی لاوێتیی ئێمە لەسەربانو چیغو پەنجەرەوەبو، لەدورەوە ئەتڕوانییە ئافرەتێك. ئەگەر ئەویش سەیری بکردیتایەتەوە، تۆش وات ئەزانی ئەوە حەزی لێکردوی کە زۆرجار مۆڕەوتێڕوانینیرقیشبو! بەڵام سوکە دڵدارییەکم لەگەڵ ئافرەتێکداکرد، ئەویش بەو شێوەیەبو کە لەسەر دوکانی کاکم دائەنیشتم لەسلێمانی، ئەویش جارجار ئەهاتە بازاڕ، کە ئەگەیشتە بەر دوکانەکەی کاکم، سەیرێکی منی ئەکرد. هەستم ئەکرد سەیرکردنەکەی سەیرکردنی ئەوینبو، لەوەئەچو پێیخۆشبێ پەیوەندییەك دروستبکەین. بەڵام من گیرامو

دورخرامەوە بۆ (شوعەیبە) لە دوای ئەوەی هەشت مانگ لەوێ مامەوەو ساڵێك لە بەغداش مامەوەو پاشتر گەڕامەوەبۆسلێمانیو چومەوە سەر دوکانەکەی کاکم، رۆژێك کاکم لەوێ نەبو، ئافرەتێك هات بەعەباو پەچەوە، هاتە ناو دوکانەکەو زەرفێکی دایە دەستم کەهەندێ شیرینیو دەسەسرێکی جوانو وێنەیەکی خۆی تیابو. پەچەکەی هەڵدایەوەو ناسیمەوە. بەلامەوە چرکەساتێکی خۆشبو، کە دەستی دەرکەوت، ئەڵقەیەکم لە پەنجەیا بینی، هاتمەوە سەر سفر! وتم ئەوە چییە شوتکردوە؟! دەستیکرد بەگریان! وتی: بڵێم چی، تۆ دیار نەمایتو کەسو کارەکەشم بە زۆر دایانم بە شو، ئێستاش پێمخۆشە ئەو پەیوەندییەمان هەر بمێنێ.! وتم داوای لێبوردنت لێئەکەم، ئەوە ناکەم! هەرچەندە پاڕایەوەوگریا، هەر وتم ئامادەنیم. ئیدی لەوساوە نەمبینیوەتەوە. لەگەڵ خێزانی ئێستاشم، بەبێ دڵداری، هاوسەرگیریمان کرد، لەناخی دڵەوە خۆشەویستی یەکدینو گونجاوین. چوارمنداڵیشمان هەیە بەناوەکانی: (چیا، چرا، ئارا، شارا).

گوڵنار: بەدەر لە شیعری خۆت، بە شیعری کام شاعیری کورد سەرسامیو چێژی لێدەبینی.؟

ژیر: بە گشتی بە هۆنراوەوە سەرسامم نەك بە هۆنیارەوە. چێژ لەهەمو هۆنراوەیەکی باش وەرئەگرم.

گوڵنار: گەورەترین خۆزگەو ئاواتت.؟

ژیر: سەربەخۆیی کوردستانو ئازادیی نەتەوەکەم.

گوڵنار: لە مەرگ دەترسیت.؟

ژیر: هەرگیز، بە هیچ جۆرێك لێی ناترسم، چونکە ئەوەی کەمێك ئاوەزی هەبێ، ئەزانێ هەر ئەبێ پێی بگات.

گوڵنار: باوەڕتبەزیندوبونەوەی پاش مەرگ هەیە؟

ژیر: هیچ بەڵگەیەك شکنابەم بۆئەوە.

گوڵنار: باوەڕتبەبونی خودا هەیە.؟

ژیر: بون یا نەبونی خوا، لەسەروی زانینی مرۆڤەوەیە.

گوڵنار: چ شتێك زیاتر دەتگریێنێت.؟

ژیر: کەم ئەگریم، بەڵام ئەو شتەی زۆر دڵم تەنگ ئەکا، زۆرو ستەمە لەمرۆڤو لە ئاژەڵو لەژینگە.

گوڵنار: بۆ مەرگی کێ زۆر گریاوی.؟

ژیر: بۆ مەرگی دایکمو باوکمو براو خوشکمو کەسی نزیکمو هەندێ هاوبیرو هاوڕێم. بۆ دایکم لەهەمویان زیاتر.

گوڵنار: بۆ ئەو داگیرکارییەی دوای ڕیفراندۆمکرایەسەرخاکیپیرۆزیکوردستان، چۆن هەستی خۆتت دەربڕی؟

ژیر: زۆرم لەسەر نوسیوە، شانزەی ئۆکتۆبەر خیانەتێکی گەورە بو.

گوڵنار: بەدەر لە شیعر لەگەڵ کام یەك لە ژانرەکانی تری ئەدەبدا نێوانت هەیە وەك خوێندنەوەو نوسینیش.؟

ژیر: حەزم لە شتی دورو درێژ نییە، بەتایبەتی ڕۆمان، جاران ڕۆمانیدورودرێژ ئەنوسران وەك ئەوانەی(تۆڵستۆیو گۆرکیو دەستۆفسکی) بە هەزارەها لاپەڕەیان ئەنوسی، بۆئەو سەردەمە گونجاوبون، بۆئێستا گونجاونیە، چونکە هەلی خوێندنەوەو بینینی شتیترت لە کیس ئەدا. منیش خوازیاری زیاترین خوێندنەوەو نوسینم.

گوڵنار: بە نزیکەی چەند کتێبت خۆندۆتەوە.؟

ژیر: ناتوانم ئەوە دیاریکەم، کتێبم زۆر خوێندۆتەوە، بەڵام هەزارانیشم نەخوێندۆتەوە.! کتێبخانەم هەیە، هەرچەندە دووجاریش کتێبخانەکەم لە کاتی جیا جیادا لەناو براون.

گوڵنار: نێوانت لەگەڵ مەشروبو جگەرەدا چۆن بوە.؟

ژیر: لەتەمەنی لاوێتیما ماوەیەك جگەرەم ئەكێشا، بەڵام كە بۆم دەركەوت شتێكی زیانبخشە، وازم لێهێنا. راستییەكەی هەرچی كردەوەی ناپەسەند هەیە لە دنیا، ئەشێ هەر یەكەی سودێكی هەبێ وەك (خواردنەوە، قومار)، بەڵام جگەرە ئەو سودەشی نییە.! مەشروبیشم ئەخواردەوە، زۆر بە كەمی، جەستەم قبوڵی نەئەكرد، باوەڕناكەمهیچكاتێكچارەكێكمەشروبم تەواو كردبێ، ئێستاش جار جار ویسكی ئەخۆمەوە، زۆر بەكەمی.

گوڵنار: پێناسەت بۆ ئەم چەمك و كەسایەتییانە چییە.؟

ئیسلام:

ژیر: ئایینێكە بۆهەندێ مەبەست: یەكەم: بۆ چاكسازیی كۆمەڵگەو پاكوتەمیزیو تەندروستیی مرۆڤو ئاقڵكردنی عەرەب. دوەم: بۆ فراوانبونی دەسەڵاتی سیاسیی عەرەب بەسەر نەتەوەكانیتردا. سێیەم: بەهۆی حەجو عومرەوە هەمو ساڵی پارەیەكی زۆر بڕژێتە عەرەبستانی سعودی.

كورد:

ژیر: نەتەوەیەكی بێ دەوڵەت لەنەتەوەكانی سەرزەمین.

سەلاحەدینی ئەیوبی:

ژیر: پێشتر وێنامكرد.

مەولانای رۆمی:

ژیر: برەوپێدەری سۆفێتیو خاوەنی مەسنەوییەكان بە فارسی.

مەولانا خالید:

ژیر: خاوەنی تەریقەتی نەقشبەندیو برەوپێدەری سۆفێتی.

عومەری خیام:

**ژیر: هۆنیارێکی فەلسەفیو فەیلەسوفێکی سەردەمی خۆی.**

**جەواهیریی شاعیر:**

**ژیر: هۆنیارێکی گەورەی عەرەبو دۆستی کورد.**

**قازی موحەممەد:**

**ژیر: سەرۆکی کۆماری کوردستان. سەری خۆی بەخشی لەپێناوی نەتەوەکەیدا.**

**مەلا موستەفای بارزانی:**

**ژیر: شۆڕشگێڕێکی کورد.**

**مەلای گەورەی کۆیە:**

**ژیر:مەلایەکی مونەوەرو پێشکەوتنخواز.**

**پیرەمێرد:**

**ژیر: فەیلەسوفێکی گەورەی کورد.**

**مەلا عبدالکریمی مودەڕیس:**

**ژیر: نوسەرو لێکۆڵەرێکی نەفەس درێژ.**

**شێخ مەحمودی حەفید:**

**ژیر: مەلیکی کوردستان. شۆڕشگێڕێکی کورد.**

**شێخ موحەممەدی خاڵ:**

**ژیر: پیاوێکی زانا.**

**برایم ئەحمەد:**

**ژیر: پارێزەرێکی زیرەك.**

**سەیدا ساڵح یوسفی:**

**ژیر: شەهیدێکی کاروانی کوردایەتی.**

**گۆرانی شاعیر:**

**ژیر: هۆنیارێکی داهێنەر.**

**مەسعود موحەممەد:**

**ژیر: بیرمەندێکی گەورە.**

**ئەحمەد هەردی:**

**ژیر: کوردێکی نەتەوەییو هۆنیارێکی بەتوانا.**

**نەوشیروان موستەفا:**

**ژیر: خوێن.**

**بەهادین نوری:**

**ژیر: لەمارکس مارکسیتر.**

**قاسملۆ:**

**ژیر: قوربانیی هەڵخەڵەتاندن!.**

**هێمن موکریانی:**

**ژیر: هۆنیارێکی باڵا.**

**1957 و 1958 سەرپەرشتیاری گۆڤاری (هیوا)بوم. بەناوی ژیرو بەناوی هێمنیشەوە بابەتم تیا بڵاوئەکردەوە. بێ ئاگابوم لەوەی دەسەڵاتی داگیرکەری ئێران، لەسەرئەوە، بەرۆکی هێمن موکریانییان ئەگرت! کە یەکەمجارهاتە بەغداو منی بینی، بەدەم شەڕەوە یەکدیمان ناسیو نەهامەتییەکەی خۆی بۆگێڕامەوە! دوای داوای**

لێبوردن، ئامێزانی یەکدی بوین. وتم ئەی نەیانئەزانی تۆ بە موکریانی ناسراوی؟ سەدان هێمن هەیە! یا داگیرکەرهەمیشە لەسەر بیانوە!.

## پرسی بەدەوڵەتبون

ئەم بابەتە، وەڵامە بۆ 8 پرسیاری نوسەرێك کە بەداخەوە ناوەکەی و پرسیارەکانی لەکۆمپیوتەرەکەمدا سڕراونەتەوە، بەڵام لەنێوان وەڵامەکانمەوە، پرسیارەکان ئەخوێنرێنەوە. ئەو نوسەرە بەڕێزە وتی هەمان ئەو پرسیارانە ئاڕاستەی خەڵکیتریش ئەکاو دوایی ئەیانکا بە پەرتوکێ:

1-بەڵێ دۆخی باشوری کوردستان، لەرابوردوداو ئێستەو لەئایندەشدا، گونجاوە بۆراگەیاندنی دەوڵەتی کوردی. ئنجا دروستکردنی دەوڵەت، وەك دروستکردنی هەر دامەزراوەیەك، پێویستیی بەئەندازیارو بەنەخشەو بەکەرەستەی خۆی هەیە. ئێمە کەرەستەکەمان هەیە، بەڵام کارەکە، لەرابوردودا، بەدەست ئەندازیاری خۆیەوە نەبوە تا نەخشەکەی بکێشێو دەسبەکاربێ بۆی. لەناو وەڵامی پرسیارەکانی خوارەوەدا، زیاتر لەمبارەیەوە ئەدوێم

2-ئەو چوار وڵاتە، ئیراکو سوریاو تورکیاو ئێران، بەهیچ جۆرێ لەگەڵ دەوڵەتی کوردستاندا نین. هەرچەندیش بۆیانبکرێ کێشە بۆدەوڵەتی کوردی دروستئەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو دەوڵەتە لەسەر مەریخیشبێ. ئەوە لەڕوی رکی دێرینو ئەستوریانەوە بەرامبەر بەکورد، هەروەها لەترسی لەدەسدانی پارچەکانی کوردستان. بەڵام لەڕوی بەرژەوەندییەوە، مەرجنیە، ئەوان یا دەوڵەتانی دنیا، هەڵوێستی نەرێنییان تاسەربێ. ئەمرۆ بەرژەوەندی، بەتایبەتی بەرژەوەندیی ئابوری، ئەشێ رێڕەویان بگۆڕێ ئەگەر ئەو بەرژەوەندییەیان لەباشورێکی کوردستانی سەربەخۆدا زیاتر دەسکەوێ وەك لەئیراکێکی یەکگرتودا. سەبارەت پارچەکانی کوردستانیش، مەرجنیە داگیرکەرانی کوردستان، تاسەر، بەرژەوەندیان لەبندەسبونی

ئەو پارچانەدا بمێنێتەوە ئەگەر کورد لەهەر چوار پارچەکەدا زیاتر راپەڕنو کوشتاریان لێبکەن. لەمبارەیەوە با سەیرێکی ئەم نمونەیەبکەین:

بەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، جولەکەکان رێخراوێکی نهێنییان دروستکرد بۆکوشتنی ئەو ئنگلیزانەی لەفەلەستیندا رێگربون لەقەوارەیەکی سەربەخۆ بۆجولەکەکان. لەئەنجامدا، جولەکەکان ئەوەندەیان لێ ناکاوکوژکردن، کۆڵیانپێدانو ناچار رازیبون بە دەوڵەتی سەربەخۆی ئیسرائیل!.

کوردیش، بەهەمان شێوە، ئەتوانێ هەم لەناو پارچەکانی کوردستانداو هەم لەناو پایتەختو شارەکانی داگیرکەرانداو هەم لەتاراوگەش، بەهۆی چەندین شانەی نهێنییەوە، تەنگ بەو داگیرکەرانە هەڵچنێو ناچاریانبکا دەس لەکوردستان هەڵگرن. ئێستە ئەو هەلە بۆباشورو رۆژئاواو باکوری کوردستان رەخساوە. بۆرۆژهەڵاتیش، پێویستە پارتەکوردییەکانی، لەجیاتی ئەوەی هەر لەباشوردا رێشی خۆیان لەسای سێبەردا سپیبکەن. پێویستە ئیتر لەو خەوی نەگبەتییە خەبەریانبێتەوە. ئنجا ئەشێ ئەم شێوازی خەباتو بەرەنگاربونەوەیە، کاریگەریی زیاتربێ لەسەر داگیرکەرانو زیانی کەمتربێ بۆکورد، چونکە کورد چەکی هاوتای داگیرکەرانی نیە، بەتایبەتی چەکی ئاسمانی. لێرەدا دورنیە هەندێ ترسنۆك کەبۆیەی مرۆڤایەتییان لەخۆیانداوە بۆشاردنەوەی ترسەکانیان، دەم داچەقێننو بڵێن ئەمە کاری تیرۆرستانەیە! لەوەڵامدا ئەڵێم: نەخێر، ئەمە بەرگریکردنە لەخۆ. ئاخر کەئێمە چەکی هاوتای چەکی دوژمنانمان نەبێو ئەوانیش بەهەمو جۆرە چەکێکی مۆدێرنو قورس کۆمەڵکوژمانبکەن، ئەی چیبکەین!؟ رژێمێکی وەك ئێران کەبەردەوام لاوەکانمان لەسێدارەبدا، یا تورك بەفرۆکەکانی بۆردومانمان بکا، یائیراك ئەنفالو کیمیابارانمانبکا، یا هەمویان ئابلۆقەی ئابوریمان بخەنەسەر، ئەوانە تیرۆرو تیرۆرست نەبن! بەڵام لەتۆڵەدا نەفەرێك لەوان لەپەنایەکەوە بکوژرێ، ئەوە تیرۆرە!؟ هەر بۆنمونە: ئەگەر پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵات، لەتۆڵەی هەر کوردێکدا کەئێران بەناڕەوا لەسێدارەی ئەدا، ئەمانیش فارسێك ناکاوکوژن بکەن، ئیتر ئێران ناچارئەبێ

دەس لەو رەفتارەی هەڵگرێ. لەوەڵامی پرسیارێکی فەریکە مرۆڤدۆستەکاندا کەبڵێن جا ئەو بەچکە فارسە تاوانی چیە؟ ئەڵێم ئەی ئەو گەنجە کوردە تاوانی چیبو؟.

**3**-سیاسەتی لایەنە سیاسییە دەسڕۆیشتوەکانی هەرێمی کوردستان، لەرابوردودا، گونجاونەبوە بۆ دروستبونی دەوڵەتی کوردستان. بەڵکو ئەوە هەر لەخەیاڵدانیاندا نەبوە. بەرنامەی ئەوان لەئۆتۆنۆمی، یافیدراڵی تێپەڕینەکردوە، بۆیە هیچ هەنگاوێکیان بۆبونە دەوڵەت نەناوە، نەك هەرئەوە، بەڵکو زۆر بەتوندیش بەڕوی ئەوانەدا وەستاونەتە کە خەباتیان بۆسەربەخۆیی کردبێ، ئەوەش کەیەکێتی ئەڵێ ئێمە مافی چارەنوسمان لەئەدەبیاتمانا جێگیرکردوە، مانای ئەوەنیە ئەو نوسینە هەر سەربەخۆیی بگەیەنێ، نەخێر، لەوانەیە بەپێکەوەژیان لەگەڵ ئیراکدا بشکێتەوە. دەستەواژەی مافی چارەنوس، دەستەواژەیەکی لاستیکییە، ئەتوانی بەهەردو لادا رایکێشی. بەڵام لەم دواییانەدا هەندێ لایەن هاتنە سەر هێڵی سەربەخۆییو گشتپرسییەکەی **2017/9/25**یان ئەنجامدا کە هەنگاوێکە بۆدەوڵەتی کوردستان. من کەئێستە ئەم وەڵامە ئەدەمەوە، تەنیا **5** رۆژ بەسەر ئەو گشتپرسییەدا تێپەڕیوە، بەئەنجامگەیشتنی ئەم گشتپرسییە، واتا دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەباشوردا، بەندە بەخۆڕاگریو پەشیماننەبونەوە لێی. ئەو هەڕەشانەی لەلایەن چوار داگیرکەرەکەی کوردستانەوە ئەکرێ، بایەخێکیاننابێ لەئاستی خۆڕاگریماندا. دواخستنی جاڕدانی ئەو دەوڵەتەش بۆ زیاتر لەیەك مانگ، پرۆژەکە بەرەو مرداربونەوە ئەبا. لەمبارەیەوە، لەکورتە وەڵام **22**دا بەبەرواری **2017/6/23** لەفەیسبوك وتومە:

(مەرجە کەئەبێ راگەیاننی سەربەخۆییەکە نەکەوێتە دوای هەڵبژاردنە گشتییەکەی کۆتایی ئەمساڵ! ئەگینا کێ باوەڕ بەوەئەکا گشتپرسییەکە موزایەدەنەبوە!؟)

ئێستەش، دوای گشتپرسییەکە، ئەگەر بیانویەك هەبێ بۆدواخستنی جاڕدانی سەربەخۆییەکە، ئەوا چاك وایە هەڵبژاردنە گشتییەکەی **2017/11/1** دوابخرێ بۆ کاتێکی گۆنجاو.

یەکڕیزیو یەکهەڵوێستی نێومالّی کوردیش، کەبەشێکە لەپرسیارەکە، خاڵێکی ئەرێنیە بۆئەو مەبەستە، بونی باشترە لەنەبونی، بەڵام ئەوە مەرجێکنیە. ئەو یەکڕیزیو یەکهەڵوێستییە تائێستا لەناو هیچ میللەتێکدانیە، نە لەپێش دروستبونی دەوڵەتەکانیانداو نە لەدوای دروستبونیان. ئێستە لەسەر گۆی زەوی **214**دەوڵەت هەیە، هەریەکەو بەجۆرێ دروستبوە بەبێ ئەو مەرجە. دوای دروستبونیشیان، ئەو مەرجەیان تیانیە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کەبۆیەی دیموکراتییان لەخۆیانداوەو سیستمی فرەپارتی پەیڕەوئەکەن، ئەبینی هەر پارتەو لەئاشێك ئەکەن. لەوڵاتە دیکتاتۆرەکانیشدا، راستە بەئاشکرا دوبەرەکی نابینی لەترسی دیکتاتۆرەکە، بەڵام هەمیشە لەنێوان دەسەڵاتو میللەتدا، دوبەرەکییەکی نهێنیو پەنگخواردو هەیە. خاڵێك کە گرنگە لەم بوارەدا ئاماژەی بۆبکەین، ئەوەیە کورد لەرابوردودا زیانی زۆری دیوە لەناپاکانی ناوخۆ، بەڵام تۆڵەیان لێنەکراوەتەوە. بۆئێستەوەدوا ئەبێ ئەوە بنەبڕ بکرێ.

**4**-رەهەندەکانی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە، لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان، ئەشێ بڕێك خاڵی لاوازبن لەو پێناوەدا، بەڵام نابنە بەربەستێکی هەمیشەیی لەرێگەی دروستبونی دەوڵەتێکی کوردستانیدا، بەتایبەتی ئەم دەوڵەتەی بابەتی گشتپرسییەکە کەتەنیا بۆباشوری کوردستانە. جگەلەوە، رێگەیتر زۆرە کەبەهۆیانەوە بتوانرێ بازد بەسەر رەهەندە خراپەکانی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکەدا بدرێ بۆگەیشتن بەسەربەخۆیی. من لەسمینارێکمدا لەئەلمانیا **2011/8/13** وتومە بارودۆخی هیچ نەتەوەیەکو هیچ ولاتیك، وەك نەتەوەو ولاتانیتر نیە ،

دیارە رۆژگاریش دەوری خۆی هەیە، واتا بارودوخی هەر رۆژێك جیاوازە لەهی رۆژانێکیکە.

لیرەوە دیمە سەر بارودۆخی  کوردستان بەگشتیو بارودۆخی باشوری کوردستان بەتایبەتی .

بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان بەگشتی، لەروی کردەوەو گوشارەکانی داگیرکەرانی کوردستانەوە بۆ لەناوبردنو توانەوەی نەتەوەی کورد، لەچاو چەند دەیەیەك لەمەوبەر، کەمترو بێئەنجامترە. ئەوەش ئەگەریتەوە بۆهەندێ هۆکار لەوانە :

-نەمانی یەکیك لە دو جەمسەرەکەی جیهان کە بریتیبو لەبلۆکی سۆشیالستی.

-پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤو بونی چەندین دامودەزگای نێودەوڵەتیو ناوخۆیی بۆ چاودیریکردنی ئەو مافانە .

-رزگاربونو بەدەسخستنی سەربەخۆیی **48** نەتەوە لەماوەی **36** سالی رابوردودا کە دواهەمینیان باشوری سۆدانبو.

-چاوکرانەوەو زیادبونی هوشیاریی نەتەوەیی تا رادەیەك لەناو کوردا.

-بونی قەوارە سیاسییەکەی باشوری کوردستان کە ئەشێ کاریگەریی ئەمەیان لەوانیتر زیاتربێ لەورِوەوە. بەتایبەتی لەماوەی **27** سالی تەمەنی ئەم قەوارەیەدا نەوەیەکی نوێی گەنجی دور لەگرێی دەرونیو دور لەترسی داگیرکەران هاتۆتە بەرهەم کە بەکەمتر لەسەربەخۆیی رازینابێ.

سەبارەت رێگاکانی سەربەخۆیی، ئاماژەم بۆئەم رێگایانە کردوە:

-رێگای شۆڕشی چەکدار وەك شۆڕشی جەزائیر.

-ریگای  کودەتا. وەك ئەوەی بەکر سدقی کە ئەگەر بیتوانیایە پاریزگاریی خۆی بکا، حوکمی ئیراك ئەکەوتە دەس کورد، یاهیچنەبێ باشوری کوردستان ئەبوە قەوارەیەکی سەربەخۆ.

*ـ ریگای  وتووێژو ریکەوتن. وەك  ئەوەی چیکۆسلۆفاکیا.*

ـ ریگای ئەنجامی شەڕێکی جیهانی کە نەخشەی ولاتان  بگۆرێ .وەك ئەوەی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم.

ـ ریگای دەسگرتنی کەمینەیەك بەسەر پایتەختی دەولەتیکی فرە نەتەوەدا، وەك کەمینەی فارس بەسەر ئیرانو کەمینەی سوننە بەسەر ئیراك پێش 2003و کەمینەی عەلەوی بەسەر سوریادا. ئەو هەلە بۆ کوردیش ریکەوت ، وەك ئەوەی سەلاحەدینی ئەیوبیو ئەبو موسلیمی خۆراسانیو کەریم خانی زەند، بەلام نەیانزانی بۆ سودی کورد بەکاریببینن. ئێستەش بەدوری نازانم هەلێکی وامان بۆهەلکەوێ. ئەم خالە زۆر گرنگەو لەسەرڕۆیشتنی زیاتری ئەوێ. ئەشێ ئاسانترین رێگەشبێ بۆسەربەخۆییمان.

ـ ریگای سودوەرگرتن لەبەرژەوەندیی دەولەتان. کە ئەمەیان لیرەدا تۆزیك دریژەی ئەوێ: بۆ نموونە — سەرەتا بەرژەوەندیی رۆرژئاوا لە ئیراکیکی یەکگرتودابو بۆئەوەی ئەرەب بکا بە پۆلیسی پاسەوان بەسەر نەوتەکەی کوردەوەو بۆئەوەی بۆریە نەوتەکان بەولاتانی ئەرەبدا بگەینیتە سەر دەریا. بەلام دوای خۆمالیکردنی نەوت لە ئیراکداو دوای گەیاندنی نەوت بۆ سەر دەریا لە ریگەی تورکیاوەو دوای ئەوەی ئەمریکاو ئنگلیز شکستیان هینا لە ئیراکی ئەمرۆداو دوایئەوەی دەرکەوت باشوری کوردستان هەموی لەسەر دەریایەك نەوتە ، ئەمرۆ بەرژەوەندیی رۆژئاواو ئیسرائیلیش لە باشوریکی کوردستانی سەربەخۆدایە، بگرە بەرژەوەندیی تورکیاش ئەمرۆ هەر لە باشوری کوردستانیکی سەربەخۆدایە ئەگەر تورکی رەگەزپەرست ئەو بەرژەوەندییە نەکا بەقوربانی رکی ئەستوری لەکورد، ئەگەر کردیشی، ئەو زیاتر زەرەرمەندئەبێ. روسیاش لەبواری نەوتو گازا هەمان بەرژەوەندیی هەیە.

بەلام گریمان هچکام لەو رێیانە بۆ ئیمەی کورد گونجاونەبو. هەروەها گریمان ئەم ئیراکەی ئیستا هەر وەك خۆی مایەوەو هیچ دەرفەتێك نەبێ بۆسەربەخۆیی کوردستان. هەموشمان ئەزانین کە کوردستان بەسەر پێنج دەولەتی بێگانەدا دابەشکراوە. لەهەر یەك لەو بەشانەشدا، کورد کەمینەیە لەچاو نەتەوەکانیکەدا. ئەوەش بۆتە خالێکی سەرەکیی لاواز بۆ کورد لەهەمو ئەو بەشانەی کوردستاندا. بەهۆی ئەو کەمینەیەتییەوە، کورد، لەشەریشداو لەئاشتیشدا، هەمیشە لایەنی دۆڕاوبوەو دۆڕاو ئەبێ تا بەم شیوەیەی ئیستا لەچوارچێوەی ئەو دەولەتانەدا

بمێنێتەوە. با دەولەتی ئیراك بکەین بەنمونەیەك بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان. ئەگەر رێژەی کورد لەئیراکدا بگاتە 17٪ یا ئەو پەری 25٪ ئەوا لەچاو زۆرینەی 75٪ کەدا، بەشەڕ دەرەقەت نایەت. لەئاشتیشدا، ئەگەر رژێم دیموکراتیشبێ، ئەوا لەئاستی سنووقەکانی هەلبژاردنو پەرلەمانی ناوەندا، هەر کەمینەئەبێو بەپێی بنەماکانی دیموکراسی، رای پەسەندکراو، هی زۆرینەکە ئەبێ. بەتایبەتی بەشە نەتەوەییو ئاینیەکانیدی هەرچی چەندێ ناکۆکبن لەنیوخۆیاندا، لەئاستی بەرەنگاربونەوەی مافەکانی کوردا ئەبنە یەك راو یەك ریز. کەواتە لەهەردو بارەکەدا، کوردەکە ئەگەر یەك راو یەك ریزیشبێ لەناوخۆیدا، هەر دۆڕاو ئەبێ. لەدوای تاقیکردنەوەی سالانی رابوردو ئەوەش دەرکەوت کە پرسی ئۆتۆنۆمیو فیدرالیش، هیچی لێسەوزنابێو ئەنجامەکەی هەر مەرگەساتئەبێ بۆکورد. چونکە ئۆتۆنۆمیو فیدرالی، لەناو دەوڵەتو گەلانی دیموکراتیدا ئەژینو ئەمێننەوە. گەلە سەردەستەکانی کورد، لەخەویشدا نابن بەو دیموکراتییەی لەرۆژئاوادا پیادەئەکرێ.

بەڵێ : ( بارودۆخی هیچ نەتەوەیەك وەك هی نەتەوەیەکیتر نیە ) واتای ئەمەش ئەوەیە ریگەچارەی رزگاریی هەر نەتەوەیەك، مەرجنیە وەك هی نەتەوەکانیدیبێ. لەبەرئەوە ئەبێ بیر لەریگەچارەیتر بکەینەوە بۆسەربەخۆییمان لەئاستی ئەو هەڵکەوتە تاڵەی کە کورد کەمینەیە لەچاو نەتەوەکانیتردا لە تورکیاو ئیرانو ئیراکو سوریای ئەمرۆدا. .ریگەچارەیەکی وەك بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە، بۆ نمونە، ناوی ئەنێین: پرۆژەیەك بۆسەربەخۆیی کوردستان بەبێ خوێن ئەشێ گونجاوبێ.

پرۆژەکە :

بنەمایەکی گشتی یاسایی هەیە ئەڵێ: ئەگەر رێگر نەما، رێلێگیراو ئەگەڕێتەوە (اذا زال المانع، عاد الممنوع) ریگرەکەش لەم بوارەدا وەك لەسەرەوە پیشانماندا، بونی کوردە وەك کەمیینەیەك لەو دەوڵەتانەدا. بەڵام ئەگەر کورد لەبەشێکی وەك ئەم بەشەی باشوردا بو بەزۆرینە لەچاو دانیشتوانی ئیراکدا، ئەوا ریگرەکە نامێنێو ئەوسا ئەشێ لەشەریشو لەئاشتیشدا براوەبێ. هەڵکەوتەی شیعەش لەئیرانو لە ئیراکدا،

باشترین نمونەیە بۆئەم راستییە. لەئیراندا لەدێرزەمانەوە دەسەلات بەدەست شیعەوەیە چونکە زۆرینەیە. لە ئیراکیشدا، لەهەلی لیدانی رژیمی بەعسدا، شیعەی زۆرینە، بە ئاسانی دەسەڵاتی گرتەدەستو ئەمەریکاش لەئاستی ئەو زۆرینەیەداو لەئاستی ئەو هەلکەوتەیەدا دەستەوستان ماوەتەوە.

کورد چۆن ئەبێتە زۆرینە لەئیراکدا؟

بۆ ئەم مەبەستە: بەهۆی قەوارە سیاسیەکەی هەریمی کوردستانەوە، هەرچی زوترە، تا ئەمیش بەئەنجامی حکومەتەکەی شێخ مەحمودو کۆمارەکەی کوردستان لەئیران نەچوە، دەرگا واڵاکرێ بۆکوردی پارچەکانیکەو هەلی کارکردنو ناسنامەو نیشتەجێبونیان بۆدابینکرێ وەك چۆن وڵاتانی رۆژئاوا ئەوە بۆ کۆچبەرانی رۆژهەلات دابینئەکەن. لەراستیشدا ئیستا ئەم هەرێمە پیویستی بەدەستی کار هەیە. ئەوەتا لە وڵاتانی ئاسیاوەو لە ئیرانو تورکیاو ئیراکی ئەرەبیشەوە، بەلێشاو خەڵك روئەکەنە ئەم هەرێمە، کە ئەوەش لە مەترسی بەدەرنیە!. ئنجا بۆچی ئەوەی بۆ بیگانە رەوابێ، بۆ کوردەکە خۆی رەوانەبێ؟

لە هەمان کاتدا: هانی زۆربونی منداڵ بدرێ بەوەی بۆ هەرپیاوێکو هەر ژنیك، بەکوردە هێنراوەکانیشەوە، بەرامبەر هەر **7** منداڵ ، پیاوەکەشو ژنەکەش خەڵات بکرێ. ئەگەر مندالەکان بون بە **10**، ئەوا دو جار خەڵاتو بەوجۆرە بۆ **12** منداڵ سێجار خەلات...هتد. خەڵاتەکانیش، ئەشێ بریتیبن لەزەوی، دراو، دەرمالەو هەرشتێکیکە. جا بابزانین چۆن؟ ئیستا تیکڕای مندالی ژنی کورد لەباشوری کوردستاندا، بەتایبەتی لەشارەکاندا، لەچوار مندال تێپەرناکا. رێژەی کوردیش لەئیراکدا بە **20**٪ ئەخەملێنرێ. بەڵام ئەگەر تێکڕا (معدل)ی مندال گەیشتە دە، ئەوا لەماوەی دە سالێکدا رێژەکە ئەبێ بەنزیکەی **50**٪ ئنجا ئەگەر نزیکەی یەك ملیون ژنی کوردی پارچەکانیکەی کوردستان بەخۆیانو میردو منالیانەوە هاندرانو هاتنە ئەم هەرێمەو ئەوانیش تێکڕای مندالیان گەیشتە دە، ئەوا رێژەی کورد لەئیراکدا لەماوەی **10** تا **14** سالدا لە **75**٪ تێپەر ئەکا. ئەوسا لەهەمو بارێکدا، لەشەرو لەئاشتیشدا، کوردەکە براوە ئەبێو نەك هەر سەربەخۆیی ئەم هەرێمە بەلکو

بەبێ دەنگو بەبێ خوێن ، کورد ئەبێتە خاوەنی دەوڵەتی ئیراکیش. بەوەش گەورەترین پێگە بۆ رزکارکردنی پارچەکانیکە ئەرەخسێ.

هاندانی چەند ملیونێك کوردی پارچەکانیتر کە روبکەنە ئەم هەرێمە، کارێکی ئاسایو رەوایە. سەدام حسین لەبەرنامەیدابو کە سێ ملیون ئەرەبی فەلەستینی لەکوردستان نیشتەجێبکا سەرباری بەئەرەبکردنی موسڵو کەرکوکو گەلێ ناوچەیکەی کوردستان. ئنجا بەدەر لەو مەبەستەی سەرەوە، ئەرکی سەرشانمانە جێگەی سەدان هەزار شەهیدانی کوردستان پڕکەینەوە. ئەرکی سەرشانمانە جێگەی نزیکەی ملیونێك لاوی پەنابەری کورد لەتاراوگە پرکەینەوە. جگە لەوانە، ئیستا لەم هەریمەدا، کەرتی کشتوکاڵیش لەئاستی سفردایە. شێلمو توریشمان لەدەرەوەی وڵاتەوە بۆدێ. هۆکاری ئەوەش ئەگەریتەوە بۆکۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شار بۆئەوەی ببنە موچەخۆری حکومەتو پارتییە سیاسیەکان بەناوی پۆلیسو پاسەوانی سنورو پیشمەرگەوە.
زۆربونی منداڵو هاوردنی کوردی پارچەکانیکەی کوردستان، ئەو کەلێنەش پڕئەکاتەوە. داهاتی ئەم هەرێمەش ئیستا ئەوەندە زۆرە، ئەگەر لێینەدزرێ، ئەم پرۆژەیەو چەندین پرۆژەیکەشی تیائەبێ. بەو جۆرە، بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە، یاهەر ریگەیەکیکە، ئەگەر سەربەخۆیی دەستەبەرکرا، ئیتر ئەوسا پێویستی بە مندالی زۆر نامینی. دیارە ئەمە پرۆژەیەکی درێژخایەنە، میللەتانی پێشکەوتو پرۆژەی زۆر لەوە درێژخایەنتریان هەیە. بەڵێنی بلفۆر، بۆنمونە، 30ساڵ پێش دەوڵەتی ئیسرائیلبو.

ئابەوجۆرەو بەو رێگایانە، بەسەر رەهەندە جیۆپۆلەتیکە رێگرو لاوازەکاندا سەرئەکەوین.

5-رێکەوتننامەی سایکس-بیکۆی ساڵی 1916 کە بۆ دابەشکردنی ناوچەی کەوانەی بەپیت (هلال الخصیب)بو لەنێوان بەریتانیاو فەرەنسەدا، دەوری نەماوەو بەسەرچوە. نەك هەر ئێستە، بەڵکو پێشتریش چەندین گۆڕانی بەسەرداهاتوە وەك پەیمانی سیڤەر 1920، پەیمانی لۆزان 1923. هەروەها سەربەخۆبونی ئیراك ساڵی 1932، سوریا 1946، لبنان 1943، ئەردەن 1946، ئیسرائیل 1948و تادوایی،

سەرەڕای ئاڵوگۆڕی هەندێ ناوچە لەنێوان ئەو وڵاتانەدا. کەواتە سەربەخۆیی کوردستان هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێکەوتننامەی سایکس-بیکۆوە نەماوە.

6-بواری ئابوریمان زۆرگونجاوە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت. زەویو سەرچاوەی ئاوییو دەستی کاری زۆر، نەوتو گازی زۆرمان هەیە. ژمارەشمان لەباشوردا ئەگەر هەشت ملیۆنیشبێ، زۆرنیە. داهاتمان ئەگەر بەدەستێکی پاکەوەبێ، ئەوا داهاتی ساڵانەی هەر تاکێکی کورد لەتاکێکی دەوڵەتەکانی کەنداو کەمترنابێ. وڵاتێکی وەك بولگاریا، بۆنمونە، سەرەکیترین داهاتی، دۆشاوی تەماتەیە کە هەناردەی دەرەوەیئەکا.

بواری ئاسایشو سیاسیمان بەندە بەدەرچون لەژێردەستەیەتی ئیراك. ئەو داهاتە زۆرەی وڵاتەکەمان ئەوەی تیائەبێ ببینە خاوەنی هەموجۆرە چەکێکی ئاسمانیو زەمینی کەئەوە زامنی ئاسایشی نەتەوەییمان ئەبێ سەرباری سوپای ئازاو گیانفیدای پێشمەرگە کەبەهۆی شەڕی دائشەوە بۆتە خاوەن ئەزمونێکی زۆرو ورەیەکی بەرزتر لەجاران.

ئێمە کەتائێستا بواری ئابوریو ئەمنیو سیاسیمان خراپبوە، هۆکەی ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی داگیکراوبوینو سامانی نەتەوەییمان بەتاڵانبراوە لەلایەن داگیرکەرەوە. نەك هەرئەوە، بەڵکو داهاتەکانما کراون بەچەك بۆکۆمەڵکوژیمان!. لەماوەی 27ساڵی رابوردوشمانا، سامانی نەتەوەییمان لەلایەن پارتە گەندەڵەکانمانەوە بەتاڵانبراوە. بەڵام لەکوردستانێکی سەربەخۆدا، بوار زیاترئەبێ بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆترازوی لاسەنگ. تاقیکردنەوەی دەوڵەتە تازەدامەزراوەکانی ئەو جیهانەش هەر وابوەو بەرەبەرە نەمامەکان گەورەبونو هاتونەتە بەر.

7-وڵاتە زلهێزەکان، کاتێ ئامادەئەبن دانبنێن بەدەوڵتی کوردستاندا کە بەرژەوەندییەکی زیاتریان بۆبڕەخسێ لەو دەوڵەتەدا. ئەمڕۆ هەمو ئەو زلهێزانە، بەگشتی، چاویان بڕیوەتە نەوتو گازی باشوری کوردستان کە بەنرخێکی هەرزانتر لەئیراکو وڵاتانیتر دەستیان ئەکەوێ. لەڕوی ناوچەی نفوزیشەوە، ئەمریکاو ئەوروپا لەم ناوچەیەدا تەنیا کوردستانیان بەدەستەوە ماوە. سوریاو ئیراك کەوتونەتە بەر

هەژمونی ئێرانەوە. ئێرانیش لەژێر هەژمونی روسیادایە. تورکیاش کەپێشتر کۆرپە خۆشەویستەکەی ئەمریکاو ئەوروپابو، ئێستە زیاتر بەلای روسیادا ئەیشکێنێتەوە! کەواتە ئەو زلهێزانە هەمویان ئەبێ ئامادەبن دانبنێن بەدەوڵەتی کوردستاندا ئەگەر نەکەونە هەڵەی سیاسییەوە.

8-ئێستا کورد لۆبیی نیە. لۆبییەکی کوردیی کاریگەر لەجیهادا، بەبوجەیەکی زۆر ئەبرێبەڕێوە، ئەو بوجەیەش ئێستا نیە، بەڵام کەبوین بەدەوڵەت پێویستە بیبێ.

**2017/9/30**

*سەرنج :

1-لەسمینارەکەی ئەڵمانیامدا، فرە ژنیشم بە رەوا زانیوە بۆ ئەم مەبەستە.

لەباسێکی پێشترا لەم پەرتوکەدا، رای جیاوازو رای پشتگیریش پیشاندراوە.

2-ئەم نوسینە هی پێش روداوی 16ی ئوکتۆبەرە. سەبارەت ئەو روداوە، رایترمان ئەبێ

3-پرۆژەیەك بۆ سەربەخۆیی...لەنوسینیتریشما دوبارەبۆتەوە، ئەشێ لەئایندەشا سێبارەی بکەمەوە! چونکە پرۆژەیەکە بەئاسانی هەرسناکرێ لەلایەن دەرونە شکستخواردوەکانەوە! ئەبێ وەك بزمار بەچەنجارێ چەکوشوەشاندن داکوترێ.

---

## بیرەوەرییەکانم لەنێوان نامە کراوەکانما

روداوەکانی ناوچەی کوردستانو جیهان بەگشتی، بەخێرایی تێئەپەڕێ، ئەگەر دەسەڵاتێکی کارامەو دەسپاك لەکوردستانا دەسبەکاربوایە، پێویستینەئەکرد بۆهەر روداوو دیاردەیەك ئێمەومانان هەڵبدەینێ. بەڵام نەبونی دەسەڵاتێکی لەوجۆرە، منو سەدان کەسیتر ناچارئەکا، بیرو راکانمان بخەینە بەرچاوی دەسەڵاتو رای گشتی وەك

خەمخۆرێکی نەتەوەو نیشتمانەکەمانو پەرۆشیمان بۆ پاراستنی قەوارە سیاسییەکەی باشوری کوردستانو ئاڕاستەکردنی بەرەو سەربەخۆیی.

لەدوای راپەڕینیش، بارزانی لەسەردانێکیا بۆسلێمانی، لەوتێل سەرچنار لەبەردەم پێشوازیکەرانێکی زۆراو لەناو وتەکانیا وتی: (ئێمە ئەزانین پردێ بڕوخێنین، بەڵام نازانین پردێ دروستکەین). لێکدانەوەی ئەم وتەیە، ئەوەی ئەگەیان کەئەوو تێکڕا ئەوانەی لەشاخەوە هاتونەتەوەو دەسیان بەسەر دەساڵتاگرتوە، پێویستییان بەکەسانی لێزان هەیە تا یارمەتییانبدەن لەبەڕێوەبردنی وڵاتا. بۆیە هەرکەسەو لای خۆیەوەو بەپێی توانای خۆی، هەوڵیداوە بێتەدەنگ بۆرێنماییو ئامۆژگاریی ئەو دەسەڵاتو بەرپرسانە. منیش لەو گۆشە نیگایەوەبو کەهەنێ نامەو وتارم ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی هەرێمکردوە وەك:

**<u>نامەی یەکەم - بەڕێز سەرۆکی هەرێم: نەجارێ کارەساتو نەدو</u>**

لە پەیامەکەی ئیوارەی **2011/3/3**تانا لەجێی خۆیایە کەئاماژەتان بۆچارەسەرکردنی بریندارەکان کردوە. بەلام هیچ ئاماژەیەکی بۆچارەسەرکردنی مافی ئەو بریندارانەو شەهیدەکان تیانیە! ئەمە ئەگەر پشتگوێخستنی ئەو مافەیە، ئەوە جارێك کارەساتە. خۆئەگەر لەبیرچونی ئەو مافەیە کەنابێ لەبیربکرێ، ئەوە دوجار کارساتە.

مافی یەکەمی ئەو شەهیدانەو مافی بریندارەکانیش، سزادانی بکوژانو بریندارکەرەکانە. دوەم مافیشیان قەرەبوکردنەوەیە. جائەگەر بەرێزتان لەگەڵ ئەو دو مافەیانانین، ئەوە جارێك کارەساتە. ئەگەر پەییشتان بەو دو مافە نەبردوە، یا ئەیزاننو ناتانەوێ تاوانکاران سزابدەن، ئەوە دوجار کارەساتە.

لە پەیامەکەتانا بەجوانی وتوتانە ئەبێ گەلی ئێمە ئازادبێ لەخۆپیشاندانو ناتانەوێ لەکوردستانێکا بژین ئەگەر میلەتی کورد تیایا ئازادو سەرفرازنەبێ. بەڵام هەر خۆشتان لەیاسای خۆپیشاننانا ئەو ئازادیەتان نەهێشت بەوەی ئەبێ پێشەکی رەزامەنی بۆخۆپیشانان وەرگیرێ کەئەمە لەراستیا رێگریە لەخۆپیشانان. جا ئەگەر

ئێستا، دوای ئەو وتانەی بەرێزتان، ئەو یاسایە نەخەنەوە دوخی جارانی، ئەوە جارێك کارەساتە. ئەگەر ئەو کۆتو بەندەش هەر لەدەستو پێی ئەو یاسایەدا بمێنێتەوەو بەرێزیشتان هەر لە کوردستانا بژین! ئەوە دوجار کارەساتە!

لە پەیامەکەتانا وەك داخوازیەکی رەوا داوای چاکسازیو موئالەجەی ئەساسیتان کردوە. بەڵام ئەوەتان نەوتوە ئەبێ لەخودی خۆتانو خودی مام جەلالەوە دەسپێبکا، بەوەی سامانی خۆتانو سامانی خواردەستەکانتان لەئەندامانی سەرکردایەتیی دو هیزبەکەتانو خزمو خوێشتان پیشانی میللەت بدەن، سامانی ئاشکراو سامانی ژێر پەردەش کەبریتیە لەکۆمپانیو پرۆژەکانو پارەی سپی نەوتە رەشەکەو چیوچیتر. جائەگەر سەرەتا بەم هەنگاوە دەستپێنەکەنو هەمو سامانێکی زیادەتان هی ئاشکراو هی ژێرپەردەش نەگێرنەوە بۆملکی گشتی، ئەوە جارێك کارەساتە. ئەگەر واشبزانن میللەت بێخەبەرە لەو سامانانە، ئەوە دوجار کارەساتە.

لەپەیامەکەتانا ئاماژەتان بۆهەڵبژاردنی گشتیی پێشوەختکردوە، ئەو هەلبژاردنە ئەگەر هەروەك ئەوانەی پێشو بەشێوازی( لیست)و تەنیا بۆگۆڕینی دەموچاوەکانبێو موچەی زۆرو خانەنشینیو زەویو ماشین مافی خەڵکیان لەبیرنباتەوە، ئەوە جاریك کارەساتە. ئەگەر شێوازەکە نەگۆڕن بۆ(بازنەیی) بۆئەوەی پەرلەمانکارەکان ببنە نوێنەری خەڵکو هەر ناوچەیەو نوێنەری خۆی بناسێو لیپرسینەوەی لەگەڵابکا، ئەوە دوجار کارەساتە.

بەهۆی دیاردەی پەنجابەپەنجاوە پێشتر فەرمانگەکانتان پڕکرد لەخەڵکی نەشارەزاو ناپێویستو ئەوەش بوەهۆی هەڵئاوسانو زیادکردنی رۆتینو تەگەرە لەڕێی ئیشوکاری خەڵکیا، ئەوە جاریك کارەساتبو. ئیستاش کەشانازی بەوەوە ئەکرێ 25هەزار فەرمانبەریتر دامەزرێنرێ بەبێکردنەوەی پرۆژەی پیشەسازیو کشتوکاڵیو خزمەتگوزاری بۆیان، ئەوە دوجار ئەبیتە کارەسات.

لە پەیامەکەتانا راشکاوانە دانتان بەداواکارییەکانی گەنجەکانا ناوەو بەپێشنیاری زۆرزۆرچاکو زۆر بەنرخ ناوتانبردون، ئەگەر لەماوەیەکی دیاریکراوا، بەریکەوتن

لەگەڵ ئەنجومەنی کاتیی مەیدانی ئازادی، نەتوانن ئەو داواکارییە(11+26) خاڵەرەوایانە جیبەجێکەن، ئەوە جارێك کارەساتە. ئەگەر لەگەڵ ئەو نەتوانینەشا هەر دەسبەرداری سەرۆکایەتی هەرێم نەبن، ئەوە دوجار کارەساتە!.2011/3/1

<u>**نامەی دوەم - بەرێز سەرۆکی هەریم**</u>

ئاخۆ چی لەوەباشترئەبێ کورد مافەکانی بەئاشتیانەو لەریگەی وتوویژەوە بەدەسبێنێ وەك لەزۆر بۆنەدا بەریزتان جەخت لەسەر ئەم چەمکو دیدوبۆچونە ئەکەنەوە !؟

من نازانم ئەم قسەیەتان بۆسیاسەتە؟ یا لەتەواوی باوەڕتانەوەیە ؟ بۆهەر مەبەستێبێ ، ئەوا هیچ کام لەو دەولەتانەی کوردستانیان داگیرکردوەو مافەکانی کوردیان زەوتکردوە ، نەبەم قسەیە هەڵئەخەلتێو نەهیچ مافیکیش بەئاشتیانەو لەریگەی وتوویژەوە بەکورد رەوا ئەبینێ. بۆراستیی ئەم قسەیەمان، با ئاوڕێ لەمیژو بدەینەوە:

لەتیکچونی دەولەتی مادەوە ، کام لەدەسەلاتدارەکانی تورکو فارسو ئەرەب ، نەك مافی چارەنووس ، بەلکومافی خوینن‌و نووسینیشیان بەکوردی بەکورد رەوابینیوە !؟ خۆ بەدرێژایی ئەو سەدان سالە، کورد هەر بەشەڕو بەچەك داوای مافەکانی خۆینەکردوە! راستییەکەی ئەنجامی پێکەوەژیانی کوردو ئەو نەتەوانە بەدریژایی میژو، نەك هەر لەکاتی شەڕا، بەلکو لەکاتی ئاشتیشا، هەر کوشتارو توانەوەی کوردو تالانکردنی سامانی سەرزەویو ژێرزەویی کوردستانبوە.زلهیزەکانی دنیاش، بەیەکیتیی سۆڤیتی جارانو روسیای ئیستەشەوە، هەمیشە هەر لایەنگرو یارمەتیدەری ئەوانبون.

ئەگەر لەدیوی ئاوەژوی ئەو چەمکو دیدوبۆچوونەشەوە هەلویستەیەك بکەین، ئەبینین ئەگەرجارجارێ کورد نیمچە مافیکی دەسکەوتبێ، تەنیاوتەنیا لەریگەی هێزەوە دەسیکەوتوە.لەئیراکا: شۆرشەکانی شیخ مەهمودو راپەرینی 6 ی ئەیلول وایانکرد خویننی سەرەتایی لەناوچەی سلیمانیا بەکوردیبێ. شۆرشی ئەیلول ( بەیانی 11/ئازار )ی وەبەرهێنا، شۆرشی گولانو شۆرشی نوێ، کارکردی یارمەتیدەربونبۆئەم

قەوارەیەی ئیستای هەریم. لەتورکیاشا لولەی توفەنگەکانی پەکەکەیە رژیمی تورکی ناچارکرد بۆکرانەوەی دیموکراتیو ئیستا دانبەوەدائەنین کەلەتورکیادا کوردیش هەیە، جارەناجاریکیش ئەگەر لەهەلیکی ئاشتیانەدا دەسکەوتیکمان بۆریکەوتبێ وەك ئەوەی پەیمانی سیڤەر یاکۆماری کوردستان لەمهاباد یادەستورەکەی قاسم، ئەوا چونکە ئەوانە بە بازوەکانی کورد خۆی نەبونو دواییش هیزیکی چەکداری کاریگەری کوردی نەبوە بیانپاریزێ،زۆری نەخایانوە بەکزەبایەك هەمو گەلاکانیان هەڵوەریوە.ئەومژدە خۆشەش کەلە وتاریکا ئاماژەتان بۆکرد،هەرچیبێ، ئەویش هەر بەهێز ئەپارێزرێ!.لەسەر ئاستی جیهانیش، بۆنمونە: هاوسەنگیی هیزی چەکداری ئەلمانو فەرەنسا، کۆتایی بەکیشەی ئەلزازو لۆرین هینا، بۆمبا ئەتۆمیەکانی ئەمریکا، کۆتاییان بەجەنگی جیهانیی دوەم هینا. بەکورتی، لەسەرەتای میژووەوە، هەر هیزو چەك کارکردی یەکلاییکەرەوەی کێشەکانبوە. ئیستەش ئەو کۆمەلگە دەولەتیو مرۆییانەی گۆرانیی خۆشی ئاشتیو مافی مرۆڤ ئەچرن، لەهەر کاتیکیدی زیاتر گەشە بەهەمو جۆرە چەکەکانیان ئەدەن!

لەسەرەتای سالی **1994**ەوە بۆنی خوینی شەری ناوخۆ ئەهات.وەك هەولێ بۆریگرتن لەو شەرە، رۆژی **1994/3/30** لەسەری رەش هاتمە دیدارتان. یەکێ لەتەوەری باسەکانمان ئەوەبو وتم باشترین ریگری لەو شەرە، ئەوەیە پارتیو یەکیتی ببن بەیەك، باهەر ئێوە سەرۆکو مام جەلالیش سکرتیربێو...هتد. پێشتریش رۆژی **1994/3/23** لەقەلاچوالان بۆهەمان مەبەست، دیدەنی مام جەلالم کرد، لەوەلاما بەرێزتان سەرگروشتەی ئەو کابرایەتان بۆگیرامەوە کەلەگوێ دەریایەك بەجامێ ئاوی دەرئەهیناو رۆیئەکردەوە ناو دەریاکە !! لێیانپرسی ئەوە چیئەکەی؟ وتی ئەمەوی ئەم دەریایە بکەم بەماستاو! وتیان جاچۆن ئەوە ئەکرێ؟ وتی منیش ئەزانم ناکرێ، بەلام ئەگەرکرا، ئاخۆ چ خێریکم دەسئەکەوی!؟ئنجا وتتان راستە ئەگەر ئەو دوهیزبە ببنەوە بەیەك، ئاخۆ چ خێریکمان دەسئەکەوێ، بەلام ئەو بوونبەیەکە وەك ئەو ماستاوەیە!. ئەوەبو دوای هەلگیرسانی شەرەکەش، لیژنەی کۆششی نەتەوەییمان دامەزرانو، کەوتینە هەولیکی زیاتر بۆراگرتنی ئەو شەرەو هەندەی نەمابو ئەو

لیژنەیەش بکەویتە بەر دەزریژی کەمینیکو چارەنوسیان ببیتە چارەنووسی شەهیدی کوردایەتیو هەولی ناوبژی خوالیخۆشبو جەلالی هاجی هسەین کەئیستا ناوی لەکولەکەی تەڕیشا ناهێنرێ .ئیستە جێیخۆیەتی منیش بپرسم: ئایا مەسەلەی مافی کورد بەئاشتیانەو بەوتویژ، وەك ماستاوەکەی ئەو کابرایە نیە!؟یابەبێ هێزیکی چەکداری هاوتای هیزی چەکداری ئیراك، ئەم قەوارەیەی هەریمیش هەمان چارەنوسی کۆمارەکەی مهابادی نابێ هەرکاتێ ئیراك کەوتەوە سەرپێو بوەوە بەئیراکەکەی جاران؟؟ ئاخۆ ئیستە لەپایچی دەسەلاتی بەغا لەمامەڵەیەکا هەر لەئەمریکا بایی 3،5ملیار دۆلار چەك ئەکڕێ؟ لەکاتیکا لەژێر هیچ هەرەشەیەکی دەرەکیانیە بەهوکمی ئەوەی ئەندامیUN ە کەئەبو لەبەرامبەرا دەسەلاتی هەولیریش نیو ئەوەنە چەکی بەرگریی بکڕیایە لەبەرئەوەی لەژیر چەندین هەرەشەی دەرەکیایە.

شاردراوەنیە کەبەدریژایی میژو، ماف هەر بەزەبری هیزوچەك سەنراوە. ئەگەر هەنێ جاریش بەوتوویێژ وەرگیرابێ، ئەوە لەپشتی ئەو وتوویێژەوە، چەکو هێز هەبوە.ئەم هاوکیشەیە هەر وابوەو هەر وایەو هەر واش ئەبێ. کوردواتەنی: کوتەك ئەزانێ قۆناغ لەکوێیە. بۆیە ئەبو ئیستە لەهەنێ بۆنەدا بەسەدان دەبابەو فرۆکەی جەنگیەوە نمایشی سەربازی لەشەقامەکانو ئاسمانی هەولیرا بکرایە، بۆئەوەی لەترسی ئەوهیزە، مافەکانی کورد دابینبکرایەو بپاریزرایەو هیچ نەیاریك پڕکێشی ئەوەی نەکردایە پێبخاتە خاکمان، نەك لەبەرخاتری قسەی خۆشی(ئاشتیانەو وتوویێژ!!)یاخۆخەڵەتانن بەدەستور کەهیچیان لێسەوزنابێ.بوجەی هەرێمیش ئەوەی تیائەبێ ئەگەر تالاننەکرێ. داهاتەکانی هەریمی کوردستان، بەبەراورد لەگەڵ رێژەی دانیشتوانیا، لەهی هەنێ ولاتی دەوروبەر زیاترە کەئەوان پێیبونەتە خاوەنی هەمو جۆرە چەکیکی زەمینیو ئاسمانی. گوێش مەدەنە دەستور ریگەی ئەوە ئەدا یانا؟ کێ لەئیراکا کۆڵی بەدەستورەوە هەڵگرتوە؟ ئەگەر دەستور پەیرەو بکرایە،ئەبولەپیش 2007ەوە مادەی 140 جیبەجیبکرایە!! ئەوە لەبێهیزیی ئیمەوەیە کەناوچە

داگیرکراوەکان ناخرینەوە ئامێزی هەریم. دەستور لەم ولاتانەی دەوروبەرا، وەك سەدام ئەیوت (پەڕەکاغەزیکە ئەمرۆ ئەنوسرێو سبەینێ ئەدڕینرێ)

دلنیام ئیوەش پیتانخۆشە هیزیکی بەرگریی لەوجۆرەمان هەبێ، بەلام چاو ئەبینێو دەس کورتە( العین بصیرە والید قصیرە) دواییش دێمەسەرئەوەی بۆچی ئەو دەستە کورتە؟باجارێ ئاماژەیەکی خێرا بۆهکومەتی هەریم بکەین.

لەهەمو دنیادا خەلك بۆیە هکومەت هەلئەبژیری، بۆئەوەی ئەو هکومەتە فەرمانرەوابێو یاسا سەروەربێ. کەچی لەم هەریمەی ئیمەدا تائیستەش تەنیا دوهیزبەکە فەرمانرەواو سەروەرن! ئەوەش گرێکوێرەی هەمو کیشەکانە. ئەشێ بەریزیشتان ئەوەی پیخۆشنەبێ. بەلام هەر پیخۆشنەبون بەسنیە. ئەبێ یائەم دیاردەیە نەهێڵن، یائەو سەرۆکایەتی هەریمەتان قبوڵنەبێ.چارەسەریش کارێکی ئەوەنە گراننیە. لەهەلبژاردنەکانی داهاتوا، هەر هەلبژاردنێکی پاکژ، لەهی پەرلەمانەوە تاهی سەندیکایەك، چ لایەك زۆرینەی دەنگی هینا، بائەولایەنە دەسەلات وەرگرێوئەوانیدی ببنە چاودێر بەسەر دەسەلاتەوەو واز لەو هاوپەیمانیە بینن کەلەپیناوی دابەشکردنی ساماندایە. ئەوهاوپەیمانیە، دریژەدانە بەدیاردەی شومی پەنجا بەپەنجاو هەمو گەندەلیەکان بەشەڕە شەرمەزارەکەی ناوخۆشەوە. بەلێ هەر ئەو دیاردەیەیە بۆتە هۆی ئەم ئەنجامە خراپانە:

1- یەکنەگرتنەوەی دو ئیدارەکە بەتەواوی.ئاخر ئەمە هەتاکەی!؟ ئیستە کەس نازانێ ئەم هەریمە یەك هکومەتی هەیە یا دو!؟ راستیەکەی لە نیوان یەکهکومەتیو دوهکومەتیا هکومەتێکی کارا ونبوە، یائەکرێ بلێین هکومەتیکی کەمئەندام(معوق)هاتۆتە بەرهەم!! بەهەمانشێوە پەرلەمانیش!!.ئەم مۆدیلی دوسالبەدوسالەی هکومەتو پەرلەمانەش، هەر دریژەدانە بەدیاردەی شومی پەنجابەپەنجاکە.!

2- تالانکردنی سامانی هەریم لەلایەن دەسرۆیشتوی هیزبەکانەوە.ئەمەشیان تا کەیو کەی پرئەبن !؟پێویستنیە هیزب بەسامانی گشتی بژی ، یاهیزب سودمەندی

یەکەمبێ لەپرۆژە گشتیەکان . لەدنیای دیموکراسیدا هیزب بەئابونەی ئەندامو پرۆژەکانیخۆی ئەژی. ئیتر کاتیئەوەهاتوە کۆتایی بەو مۆدیلە هیزبیە بهێنرێ کەخەلکانێکی بێبەرهەم کردویان بەخەڵوەتگەی پەککەوتوان(دار العجزە)بۆبژێویو دەولەمەنبونی خۆیان.!

**3-** دروستنەکردنی سوپایەکی یەکگرتوی بەرگریو پڕچەککردنی، ئەی ئەمەیان بۆکەی !؟نابێ لەوەزیاتر چاوەروانی رەزامەنیی کەسانیدیببن .ئەوە ئەرکی سەرۆکی هەریمەو ئەنجامنەدانی لەئەستۆی ئێوەیە .

**4-** رەهانەکردنی دەستی دیوانی چاودیری داراییو پێکنەهێنانی دەزگایەکی پاکژی(نەزاهە)ی کارا بۆبنەبرکردنی گەندەڵیەکان، تاکەی!؟ .

**5-** چەندینوچەندین پرسیاریتری بێوەلام.....

ئەوانەن بونەتە هۆی دەسکورتیەکە.

جگەلەوانە ، لەروی دەرونی(سایکۆلۆجی)شەوە، وتاری( ئاشتیو وتووێژ )و پەروەردەنەکردنی تاکی کوردو سوپایەکی کوردی بەگیانی کوردایەتیی شۆرشگیرانە ، لەهەماسی نەتەوەییو ئامادەیی بۆخۆبەخشین لەپیناوی کوردستانا، کەمئەکاتەوە.بەبێهەماسی نەتەوەییش، ئەرکی هیزی چەکدار، بەهیزی پیشمەرگەشەوە،لەئەرکیکی وەزیفیی رۆتینی تیپەڕناکاو نابیتە ئەو هێزەی لەرۆژی تەنگانەدا پشتی پێببەسرێ هەرچیچەنێ ژمارەی زۆرو چەکی زۆربێ!. کوردستانیش هەر بریتینیە لەم **3** پاریزگایە.هیشتا کاروانەکە زۆری ماوە بگاتە مەنزڵ.

سەدام هسەین لەوتاری(خندق واحد ام خندقان)دا ئەلێ :- ئەبێ کاریکی وابکەین کورد نەلەباری مادی(هیزی چەك) نەلەباری مەئنەوی(دەرونی) نەلەئیستاداو نەلەپاشەرۆژا دەسەلاتی ئەوەی نەبێ لەئیراك جیاببیتەوە. واتا دەولەتی سەربەخۆی خۆی نەبێو هەرکۆیلەبێ!.نەبونی سوپایەکی کوردیی پڕچەکی کاریگەر،خواستو ئاواتەکەی سەدامو هەمو نەیارانی کوردە.!

بەهیوام ئەم چەند دیڕە بەسنگیکی فراوانەوە وەرگرنو هاوکارییەکبێ بۆگێڕانەوەی هاوسەنگی بۆترازوە لاسەنگەکان کەئەوە ئەرکی سەرشانی ئێوەیەوهیچ بیانویك نابیتە پاساو بۆئەنجامنەدانی، ئەگینا میژو رەهم بەکەسناکا .

2012/3/1 لەگەڵ ریزو سوپاسم

<u>نامەی سێیەم :راسپاردەیەکی کراوە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم</u>

سەبارەت ئەو هەرەشانەی بەغا بۆکەمکردنەوە، یا بڕینی بوجەی هەرێم، دروستترین هەڵوێستو وەڵام ئەوەیە: ئێمەش لە 83٪کەی داهاتی نەوتی هەرێمو ناوچە دابرینراوەکان، لەبەغا ئەبڕین.

ئەم هەلوێستو وەلامە، جگەلەوەی رەوایە، شولكێکی تەریشە بۆسەرلوتی ئەو دەنگە ناسازانە. یائەرەبواتەنی( اراوی لە الموت حتی یرضی بسخونە)

ئنجا ئاخۆ ئەتوانین ئەوەبکەین؟

بەلێ . ئەویش بەدو رێگە.:

1-دەسگرتن بەسەر بیرە نەوتەکانی ناوچە دابڕینراوەکانا کەملکی سرفی گەلی کوردستانە.

2-یائەگەر ئەوە نەلوا، بڕینی بۆرییە نەوتەکان بۆتورکیا.

ئەشێ کاردانەوەی ئەوە، هەلگیرسانی ئاگری شەڕێکبێ کە من بەدوری ئەزانم، چونکە ئیستا ناوەند توانای شەڕێکی لەوجۆرەینیە. ئەگەر هەر کردیشی، ئیستا لەم لاوازییەیا دۆڕاوئەبێ. لەراستیشا ئەو شەڕە هەمو کاتێ ئەگەرێکی چاوەروانکراوە، نەك لەسەر کردەوەیەکی لەوجۆرە، بەلکو لەسەر بچوکترین بیانو، یالەسەر هیچ!!کەواتە بالەسەر هیچ، جاریکیتر ئەنفال نەکرێینەوە. وەنەبێ روی دەمیشم تەنیا لەدەسەلاتەکەی مالیکیبێ ، ئەشێ دوای ئەو، رەهمەت بۆکفندز بنێرین!

2012/12/12

## نامەی چوارەم بۆسەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمان، رای گشتی

پێشنیارێکی کراوە بۆنەخشەی سوپای پێشمەرگە

مەترسیدارترین دیاردە بۆقەوارەیەکی سیاسیی وەك هەرێمی کوردستان، نەبونی سوپایەکی یەکگرتوی هکومەتی هەرێمو بونی دو سوپای هیزبیی وەك ئەوەی ئێستا بە (70و80)ی پێشمەرگە ناوئەبرێن! راستە ئەم دو سوپایە لەبارودۆخێکی نائاساییا دروستبون، بەڵام نابێ تاسەر بەردەوامبن. ئەگەر لەڕێی رێکەوتنێکەوە یەکنەخران، ئەبێ بیر لەرێگایەکیتر بکرێتەوە. جگەلەوە، نەتەوەیەکی دیلو ژێردەسەی وەك کورد کەبەدرێژایی مێژوەکەی لەژێر هەڕەشەی لەناوبردندابوەو ئەبێ، پێویستە هەمو تاکەکانی، نێرو مێ، مەشقپێکراوی سەربازیو شارەزای بەکارهێنانی چەکبنو بەگیانێکی نەتەوەییانە پەروەردە بکرێن.

بۆئەو مەبەستە، کورتەی پرۆژەو رەشنوسی یاسایەك پێشنیارئەکەین وەك نەخشەیەك بۆدامەزراننی سوپایەکی نیشتمانیو مەشقپێکردنی گەنجانی هەردو رەگەزی نێرو مێی کورد کەبەرەبەرە هەمو تاکەکانی کۆمەڵ ئەگرێتەوەو یاساکەش ناوبنرێ ( یاسای سوپای پێشمەرگەی کوردستان) بەپێی ئەم مادانەی خوارەوە:

م-١: لەسەر هەمو گەنجێ پێویستە، نێر یا مێ، کە ١٨ ساڵ تەمەن تەواو ئەکا، بەشداریی خولێکی مەشقی سەربازیو فێربونی بەکارهێنانی چەکی جەنگبکا بۆماوەی ٣ مانگ کەبریتییە لەمانگەکانی تەموزو ئابو ئەیلولی هەمو ساڵێ لەیەکێ لەنزیکترین بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکەی یاگوندەکەی یاهەر بنکەیەکیتر.

م-٢: دوای تەواوبونی خولەکە، ئەو بنکەیە ناسنامەیەك ئەدا بەو کەسانەی لەخولەکەدا سەرکەوتو ئەبن. ئەوانەی سەرکەوتو نابن، بۆیان هەیە ساڵەکانی ئایندە بەشداریی خولیتربکەن تاسەرئەکەون.

م-٣: لەدوای دەرچونی ئەم یاسایەوە، ئاماژەبۆکراوان لە م-١ی سەرەوە لەهەمو مافێکی شارستانی بێبەش ئەبن وەك مافی خوێنن، دامەزرانن، ملکداری، شۆفێری، هاوسەرگیریو هتد، ئەگەر خاوەنی ئەوناسنامەیە نەبن کەلەبنکەی مەشقپێکردنەکەوە ئەیاندرێتێ بەپێی نمونەیەکی وەکیەك کەوەزارەتی .پێشمەرگە بریاری لەسەرئەداو ئەینێرێ بۆبنکەکان .

م-٤: ئەم یاسایە ئەوانە ناگرێتەوە کەئێستا پێشمەرگەن یاپۆلیسن. ئەوانەش ناگرێتەوە کەتوانای جەستەییاننیە بۆبەشداری لەو خولەدا بەراپۆرتی لیژنەیەکی پزیشکی کەئاراستەی هەر بنکەیەکی پۆلیسی ئەکاو ئەو بنکەیەش ناسنامەی تایبەتیی بۆئەکا .

م-٥: هەر سەرکەوتویەك لەو خولانەدا بۆیهەیە داوابکا بچێتە سوپای پێشمەرگەی کوردستانی پێشنیارکراوەوە لەم رێگایانەوە:

١ :کۆلێجی ئەفسەران ٤ ساڵ بۆئەوانەی بڕوانامەی ئامادەییان هەیە یاهەر بڕوانامەیەکی هاوسان بەئامادەیی. کۆلێجی پزیشکی سەربازی ٥ ساڵ بۆدەرچوانی ئامادەیی بەشی زانستی بەپێی ئەونمرانەی بۆسکولی پزیشکی زانکۆکانی کوردستان دیاریئەکرێ.

ب: پەیمانگەی یاوەر ئەفسەران (نائیب زابت) ٣ساڵ بۆئەوانەی بروانامەی ناوەندییان هەیە .

ت: خولی پلەدار ١ ساڵ بۆئەوانەی دەرچوانی شەشی بنەڕەتین.

ج: خولی سەربازی ٦ مانگ بۆئەوانەی هیچ بروانامەیەکیاننیە.

هەمو ئەو توانایانە شەرەفی پێشمەرگایەتییان پێئەبەخشرێ .

م-٦: ئەو توانایانەی م-٥ وابەستەئەبن بەوەزارەتی پێشمەرگەوەو وەزارەت رێکاری کارگێڕیو داراییو یاساییو فەوجەکانیان بۆدیاریئەکا. هەروەها وەزارەت

مامۆستاو راهێنەر لەكۆلێجە سەربازییەكانو لەهێزەكانی ئێستای پێشمەرگەوە تەنسیب ئەكا بۆمەشقو راهێنانی تواناكانی م-٥ ی سەرەوە.

م.-٧: وەزارەت بۆهەرساڵێ ژمارەی تواناكانی م-٥ بەپێی پێویست دیاریئەكا .

م-٨: ماوەی راژەو خانەنشینیو بڕی موچەو پاداشتو ئافەرینو پلەبەرزكردنەوەو سزادانوهەر رێكارێكی پێویست، بە یاسایتر دیاری ئەكرێ .

م-٩: سوپای پێشمەرگەی كوردستان لەوەزیرەوە تا هەمو ئەندامانی سوپاكە، ئەبێ دوربن لە پەیوەندیی پارتایەتییەوە .

بەوجۆرە، ئەگەر ئەم پرۆژەیە بخرێتە بواری جێبەجێكردنەوە، هكومەتی هەرێم ئەبێ بەخاوەنی سوپای خۆی وەك دەوڵەتانیتر، مەترسیی شەڕی ناوخۆ نامێنێ، هەمو نەوەكانی خوار ١٨ ساڵیمان، بەرەبەرە، ئەبنە شارەزا لە بەكارهێنانی چەكداو لەكاتی پێویستا چەكدارئەكرێنو ئەبنە پشتیوانی سوپای پێشمەرگەی كوردستانو بەرگریكار لەماڵو نیشتمانی خۆیان كەئەمە بۆكوردی ستەمدیدە ئەبێتە رێگر لەمەترسیی ئەنفالێكیترو دوبارەنەبونەوەی شەنگاڵێكیتر. باوانەیەك لە كۆبانێی خۆڕاگریشەوە وەرگرین. باجارێكیتر پشت نەكەینە دوژمن. بەرگری لەنەتەوەو نیشتمان ئەركی هەمو تاكێكی كۆمەڵە بەپێی توانایان. پێشمەرگە قارەمانەكانی ئێستاشمان لەگەڵ هەڵكشانی تەمەنیانا، لەبەرەوە خانەنشین ئەبنو ئەركەكانیان ئەسپێرن بەنەوەكانی دوای خۆیان ئەوانەی ئەم یاسایە ئەیانگرێتەوە.

بەهیوام بیرمەندانو شارەزایانی بەڕێز، نەخشەكە دەوڵەمەنتربكەن.

## نامەی پێنجەم- نامەیەكی كراوەی بەپەلە بۆدەمیرتاش

**2016/6/10**ئەم نامەیەمان ئاڕاستەی هاوسەرۆكی هەدەپە سەلاهەدین دەمیرتاشكرد وەك پێشبینییەك، بەڵام گوێیلێنەگرتین. ئەنجام پێشبینییەكەمان هاتەدیو زیندانیكرا!

**بائەمجارە مێژو خۆی دوبارەنەکاتەوە! با جارێکیکەش سەرکردەکانی کورد نەبنە مەڕی قوربانی وەك سەرکردەی ئەو میرنشینیانەی بەپێی خۆیان چونە پایتەختی داگیرکەرانو کوژران، یاوەك قازی، وەك چوار ئەفسەرەکە، یاوەك ئوجەلان کەبەکلاوێك گیراو ئێستا باجی ئەو هەڵەیەی ئەدا کەنەچوە قەندیل!.**

**ئەوە ئێوەی پەرلەمانکارەکانی هەدەپە، بۆچی وا بێخەم پاڵتان لێداوەتەوە!؟ نابینن ئەردۆگان چۆن تەڵەتان بۆئەنێتەوەو دوای ئەم لابردنی پارێزبەندییە ئەتانخاتە زیندانێکی تاریکتر لەوەی ئوجەلان!؟ بەتەمای ئەوەنەبن گوایە رای گشتی جیهانی لەسەرتان هەڵبداتێو فریاتانبکەوێ. ئیتر لەوەزیاتر شوێن کلاوی بابردوی خەباتی دیموکراتیك مەکەون. ماف لەلولەی چەکدایە. هەڵەیەکتانکرد مەیکەن بە دو، بەوەی پارتەکەتانکرد بەپارتێکی تورکی لەپێناوی چەن کورسییەکی زیاتری پەرلەمانا! ئێ، بەوە بونبەچی!؟ دیارە ئێوە هیچ پەندێکتان لەئێمەی باشور وەرنەگرتوە کە 90 ساڵە گەمەی پەرلەمان ئەکەین لەبەغاو لەورێگەیەوە هیچمانبەهیچ نەکردوە! ئێستەش ئێوە فریای خۆتانکەون، خۆتانمەدەن بەدەستەوە. هەرچی زوترە یەکێ لەم رێگایانە بگرنەبەر:**

**1-خۆتان بشارنەوەو دەسکەن بەخەباتی ژێرزەمینی تاهەلتان بۆئەڕەخسێ بۆگرتنەبەری یەکێ لەم دو رێگەیەیتر.**

**2- بچن بۆدەرەوەی وڵاتو پەرلەمانەکەتان بکەن بەپەرلەمانی باکور لەتاراوگە.**

**3- خۆتان بگەیەننە قەندیلو لەسەر ئەو چیایە ئاڵای دەوڵەتی باکوری کوردستان هەڵکەن. ئەشێ ئەم رێگەی سێیەمە باشترینیانبێ، بەتایبەتی ئێوە رەوایەتیی یاسابیتان هەیە بۆ ئەوکارە، چونکە هەڵبژێردراوی گەلی باکورن.**

## نامەکانی هاوبیران

نامەکانی نێوان منو ژمارەیەك لایەنو هاوبیرانو هاوڕێیان، بەشێکن لەیادەکانمو بایەخی مێژویی خۆیان هەیە. لێرەدا گوڵبژێرێکی ئەو نامانە پێشکەشئەکەم. بەداداوای لێبوردنەوە بەرواری هەندێکیانم لانەماوە. زۆر نامەیتریش لەلام بزربون.

## هاوبیری هێژا کاك جەواد

سلاوی ئازادی و سەربەخویی

نامەکەی **2011/1/16**ت گەیشت . ئەو **11** خالەی نووسیوتە جیگەی دەسخوشیو ریزگرتنە لە تۆ. ئیمە ئەو راستییە ئەزانین کە جەواد مەلا هاوبیریکی تیکوشەرو کولنەدەرو ماندونەناسە لەریگەی کوردایەتیو بیری نەتەوایەتیدا. بەلکو لەو **11** خالە زیاتریکردوەو هەمیشە چاوەروانی زیاتری لیدەکری بۆ ئایندە. ئەوانە ئەبێ  کاك جەواد خوی نەیلێ : خەلکیتر بیلێن.

لەگەل ئەو راستیانەدا، ئەلێین ئەو نامەیە وەلامیکنیە  نە بو نامەکەی هاوبیر کاك کاوسی **2011/1/12** نە وەلامیکیشە بو ئەو پروژەیەی من **2010/12/27**و رونکردنەوەکەی دوایی پیشکەشمکردن.

کاك سیروان لە نامەکەیدا باس لە پەرشوبلاویی نەتەوەییەکانی کورد ئەکات. ئەلێ بریارەکانی کونگرە بەکردەوە نەخراونەتە بواری جیبەجیکردنەوە . ئەلێ کوبونەوەو دانیشتنماننیە. ئەلی دەستەیەکی سەرکردایەتیمانیە. ئەلێ ئەو کوردانە بەسەربکەینەوە  کە لە کونگرە دورکەوتونەتەوەو ئەوانەش کە بیری نەتەوەییان هەیە. ئەلێ نابێ کاك جەواد متمانەی بە خەلك نەبێ. داوای کوبونەوەو دانیشتن ئەکات.

قسەکانی کاك سیروان هەموی رەواو بابەتیانەیەو مەبەستی گەشەو فراوانکردنی کونگرەیە. کەسمان چاومان لە کورسییەکەی تۆوە نیە . تۆ ئەبوایە وەلامی ئەو قسانە بدەیتەوە نەك ئەو نامە **11** خاڵیە ! ئیمە هەمیشە وتومانەو

خوشت له نامەکتدا وتوته {دوربین له حیزبایەتی } کەچی به تەلەفون پیتوتوه ئەتەوێ حیزبی نهینی له باشور دامەزرینیت !! ئەمه قسەیەکی سەیرەو پیچەوانەی یەکن!

کاك سیروان رەخنەی له منیش گرتوه که گوایه ئەمەویت کونگره لەناو کونگره دامەزرینم ! من هیچ زویر نەبوم . بەنامەیەك وەلامیکی بابەتیانەی ئەدەمەوه بەبیئەوەی مەتحی خوم بکەم یا باسی ئەو کارانه بکەم که کردومن.

کاك جەواد داوات لیئەکەم که تۆو کاك جەمال و کاك بروسکەو کاك سیروان کوبونەوەیەك بکەن. منیش بەتەمام مانگی مایس سەردانی ئەلمانیا بکەم ئەگەر ڤیزەم دەسکەوت. ئەوسا 5 کەسیش دائەنیشینو بەرای هەمومان کاریك ئەکەین لەوبارانەوه.

لەگەل رێزم. کامیل.

**عزیزی الاستاد جواد المحترم**

رسالتکم **2016/8/25**

ارجو ان لاتتجاوز مذکراتکم **500**صفحه، لانه سوف لاتجد لها قارئا یملك الوقت الکافی لقرائتها، اننا الان نعیش فی عصر السرعه والاختصار.. وفیما یلی الاجوبەباختصار:

**1**- لم یعلن کاژیك تجمید نشاطه کلیا سنه **1974**. انما اتخذ قرارا فی کونفرانس نغده ان لا یکون عقبه امام ثوره ایلول التی اشترك فیها جمیع الاحزاب الکوردیه تحت قیاده البارزانی، بمافیها الجلالیین سنه**1974**. فاتخذ کاژیك قرارا بتجمید انشطته الاعلامیه فقط والاستمرار علی انشطته التنفیذیەالسریه لحین نتیجه الحرب المصیریه الدائره حینئذ، خاصه کان کاژیك مشترکا فی الثوره قیاده وقواعدا وبیشمرکة کجندی مجهول. غیر ان النتیجه المؤسفه للثوره من جهه، وقیام پاسوك فی **1975** من جهه اخری، حالت دون استئناف انشطته الکلیه فترك الساحه

لپاسوك الذى بنى على نفس مبادىء كاژيك. ثم سمح كاژيك لاعضائه التعاون مع پاسوك عسى أن يكون النجاح نصيبه، لكن پاسوك هو الاخر فشل فى جمع الجماهير حوله لان الحزبين كانا جسمين غريبين فى عقول الجماهير الكورديه المسيطر عليها المبادىء الماركسيه والاسلاميه ولازال الامر كذلك، لا بل زاد الطين بله فى الفساد القاتل المنتشر فى شرايين المجتمع الكوردى غير الخافى على احد! شأنهما فى ذلك شأن المؤتمر الوطنى الذى لم يتجاوز عدد أعضائه أصابع اليدين!

2- حركه شيركو هەژار لا تستحق الذكر. انه مريض نفسيا، تمكن من خداع خمسه اشخاص من القواعد الدنيا لكاژيك وهو الاخر لم يكن عضوا فى ايه لجنه قياديه ، فاجتمعوا فى احدى المقاهى واصدروا بيانا هزيلا مفتقرا للمعلومات الصحيحه عن كاژيك حتى عن اسماء قياده كاژيك، وقام الحزب الشيوعى- القياده المركزيه المعاديهلنا بطبعه وتوزيعه، فانسحبت اربعه منهم فورا، وانتهت تلك المسرحيه الهزليه وماتت فى مهدها ولم تخطو ايه خطوه اخرى، لذا لم تر قياده كاژيك ان تعير لها اهميه. وانه لمن المعلوم بأن صاحب السلطه لتغيير قياده حزب ما، هو المؤتمر فقط

بصدد توحيد پاسوك مع سوشيالست وپارتى گەلى كورد الذى كان يرأسه سامى، باسم حزب يەكگرت- التوحيد، كان امرا اضطراريا حسب اعتقاد قيادات تلك الاحزاب. لانهم فشلوا فى الحصول على اى مقعد فى البرلمان، فتوحدوا كى يكون لهم وزنا، ولكن دون جدوى. ومن جهه اخرى، قام الپارتى واليكيتى بقطع المال

عنهم فاضطروا التوحيد مع الپارتى وقسم منهم مع اليكيتى. مع العلم اننى كأحد قيادى پاسوك كنت ارى ان يستمر الپاسوك على تنقيمه ونضاله، وطرحت ذلك على القياده فى أحد اجتماعاتها، لكننى لم اجد اى اذن صاغى لكلامى، والشاهد فى ذلك هو كل من على بك وبختيار شوكت واميد عباس وغيرهم، الامر الذى جعلنى ان انسحب من الپارتى بعد الاندماج مباشره،خاصه لم يكن شعار البارتى الاستقلال. ثم

**وتركت الحزبيه نهائيا منذ 1993. مع العلم لو كنت مندمجا مع البارتى لاصبحت وزيرا او قياديا أو عذوا فى البرلمان على الاقل بتلك الرواتب الخياليه !**

**اما اغتيال هەرسين وفتاح اغا وادريس، فانه امر غامض لحد الان. واننى ذات يوم قلت لسامى بأنك متهم باغتيال هەرسين، غير انه نفى ذلك وحلف اليمين بانه لم يكن فى تلك المنطقه حين ذلك الاغتيال، واننى بصفتى القانونيه لم اكن املك اى دليل ملموس يكذب ادعاء سامى، أضف الى ذلك: كون ثارى هەرسين يمارس نشاطه داخل البارتى وكان سامى فى الموقع القيادى لذلك الحزب .!**

**ارجو أن ترى مذكراتك النور وأطلب لكم العمر المديد.**

**كامل ژير 2016/9/3**

---

**نص الرساله**

**<u>عزيزى ماموستا كامل الورد</u>**

**تحياتى لك وللعائله وجميع الاخوه عندكم**

**انى الآن بصدد كتابة مذكراتى التى قد تتجاوز 20 ألف صفحه وانى بحاجه الى رأيك فى الامور التاليه:**

**1- لماذا اعلن كازيك عن تجميد نشاطه فى العام 1974؟**

**2- هل حركه شيركو هجار كانت انقلابا على الحزب فى العام 1975 لأن شيركو قدزارنى فى دمشق فى العام 1976 واخبرنى عن انقلابه وزيارته للشهيد فتاحومحاولته معه لكى يستمر بالثوره بعد اعلان توقفها....**

**اريد ان اعلم هذه النقاط وخاصه ردود فعل الحزب وخاصه القياده؟**

**المعلومات التى بحوزتى تثبت ان سامى عبد الرحمن كان المسؤول الاول علىاغتيال الشيخ محمد هرسين والشهيد فتاح آغا... وحاول ان يغتال الاخ حمه**

**عزيزولكن حمه عزيز استطاع الافلات منه ومن ثم السفر للخارج.... فكيف يقوم باسوكبتوحيد عناصره مع حزب سامى عبد الرحمن؟؟؟ انها عندى تشكل علامه استفهام كبيره؟؟**

**وما هو سبب الاندماج مع البارتى الذى يطالب بالحكم الذاتى وباسوك الذييطالب بالاستقلال؟**

**مع انى اعرف آزاد مصطفى جيدا ولكن محتمل انه عندك معلومات اخرى وعن دوره فيحركه شيركو هجار وفى القضاء على كازيك وباسوك؟؟**

**وان آزاد كان يدافع عن الفكر القومى بكتاباته وان اعتبر ذلك سياسه لا تختلفعن سياسه حزب البعث الذى اسمه بعث واحياء العرب بينما قد قتل من العرب اكبرمما قتلت اسرائيل.... وكما ان البعث السورى قام بتمويل كافه مؤتمراتالمعارضه السوريه فى الخارج وذلك من اجل السيطره عليها ويتخذ فى ذلك سياسهبأن المعارضه السوريه تحت سيطرته افضل من المعارضه السوريه تحت سيطرهغيره... وكان آزاد يسير على نفس السياسهان هذه الاحداث لها خلفيات ودوافع خفيه وغير التى تم الاعلان عنها ارجو منكتوضيحها لأنك على علم بمجرياتها من الداخل وانى على ثقه بأنك افضل الرفاقمن اجل شرحها لى.**

**لك منى حبى ومودتى**

**هاوبيرتان جواد**

---

**<u>براو هاوبيرى خۆشەويستمان كاكە عارف باوەجانى</u>**

**سلاوى ئازادى و سەربەخۆيى**

**پيرۆزباييت ليئەكەم بۆ سميناره  جوانەكەت و دەست و دەمخۆش**

**لەكەل ئەم سەرنجانەدا :**

1- پەیمانی سیڤەر واژو نەکرا. ئەو پەیمانە تەنیا رەشنوس (مسودە )یەکبو کە ئنگلیز ویستی تورکی پێبترسینێ بۆئەوەی ئەگەر رازینەبن واز لە ولایەتی موسل بینن ، ئەوا کوردستانی گەورە دروست ئەبێو باکوری کوردستانیشتان لەدەسئەچێ. بەوە تورك وازی لە ولایەتی موسل هێنا.

2- چاکتر وائەبو لە کۆتاییدا ئاماژەت بۆئەوە بکردایە کە ئەگەر کوردستان سەربەخۆبو، ئەبێتە دەوڵمەندترینو بەهیزترین ولاتی ناوچەکە.

3- ئەرکی ئێمەیە لەئێستاوە لایەنگری یەك دەولەتی کوردی بین نەك چوار بەلاتەوە سەیرنەبێ بلێی ئێمە دەوڵەتێکمان لەسەر پارچەیەکی کوردستان بۆدروستناکرێ! یەك دەوڵەت لەسەر چوار پارچەکە چۆن!! وانییە، ئەمەیان ئاسانترئەبێ، چونکە لایەنگیری نێودەوڵەتیمان زیاترئەبێ. بەرگریی ناوخۆشمان بەهێزترئەبێ. ئەمە هەویرێکی ئاوکێشە، دانیشتنو وتووێژی زۆری ئەوێ. هیوادارم ئەو بوارەمان بۆبڕەخسێ.

4- پەرلەمانی تاراوگەش ئەبێ یەك پەرلەمانبێ بۆ هەمو کوردستان.

5- چاك وایە هەولەکانمان بۆ (بەرەو سەربەخۆیی) یەکبخەین. لەمبارەیەوە با هاوپەیمانیەکەتان بیرێکی لیبکاتەوە.

6- بەنیازم مانگی 7 و 8 سەردانێکی ئەوروپا بکەم. سەرەتا بۆ ئەلمانیاو لەوێ کۆبونەوەیەکی گشتی لەگەل هاوبیرانی سەربەخۆییخواز بکەم ، پێمخۆشە ئێوەش بەشداربن. لەرای خۆتان ئاگادارم بکە.

شادو سەرکەوتوبن

سلیمانی **2011/6/24**

---

**<u>براو هاوبیری خۆشەویستمان کاك سیروان بابە عەلی</u>**

زۆر سوپاس بۆ نامەکەتان

ئەم نامەیەی ئیوە لە هەمو نامەکانیتر زیاتر وتوویژ هەلئەگریٚ. مەگەر لە دانیشتنیکدا پیکەوە لەسەری بدویٚین.

ئیستا بە کورتی:

1- باوەر ناکەم لەناو کوردا تا ئیستا نەتەوەپەرست یا نەژادپەرستیك هەبیٚ .ئەوپەری خواستی کوردیك سەربەخۆییو ئاشتیە لەگەل گەلانو کەمینەکانی ناو کوردستاندا.

2- کاژیك نەتەوەییبو نەك نەتەوەپەرست . پێمخۆشە ئەگەر بەلگەیەکت لابیٚ بۆ نەتەوەپەرستی کاژیك ، ئاگادارم بکەیت بۆ ئەوەی ئیستا خۆمانی لیٚلادەین .

3- من هیچ جیاوازییەك نابینم لە نێوان زاراوەی نەتەوەیی و نیشتمانیدا. نەتەوەیی نیشتمانییەو نیشتمانیش نەتەوەییە. نیشتمان دایکی نەتەوەیە. ئەوەی هیتلەرو سەدامو وینەکانیان، نازیتیو فاشستیتیبو گەرچی بۆیەی نەتەوەوایەتیشیان لەخۆیاندابیٚ.

4- هەمو نوسینەکانی تۆ ئەوەی بەرچاوی من کەوتون، دورن لەکوسمۆپۆلیتیەوە، بەلکو نیشتمانیو نەتەوەییانەن.

5- مەرجنیە بیرۆکەو بزافی سەربەخۆیی کوردستان هەر ئەبی نیوەی کورد زیاتری لەگەلدابیت، بەلام پێویستە سەرکردایەتییەکی کارامەو دور لەگەندەلی رابەریبیٚ. دنیا هەروابوە.سەرکەوتن بەزۆرینە نییە.

6- بۆهەمو هەولێك، کردە پەشیمان باشترە لەنەکردە پەشیمان، باوەرناکەم کارەساتیش روبدات.

7- ئەو خالانەی سەرەوە هەر بۆ وتوویژیکی برایانەبو. بەگشتی سودمان لەنامەکەی تۆ وەرگرت. نەخشە ریگاکەمان لەگەل زوربەی بیروراکانی تۆو هاوبیرانیتردا گونجاون.

هیوادارین پەیوەندیمان بەردەوامبیٚ

فەرمون بۆخو یندنەوەی نەخشە ریگاکەو ئاگادارمانبکە لەهەر سەرنجیکی تازەت

لەگەڵ ئەوپەری ریزماندا

سلیمانی 2011/6/30

---

<u>**بەریز بەریوەبەری پەروەردەی مەلبەندی سلیمانی**</u>

**ب/ وەلامو پیشنیار**

**ئاماژە بە نوسراوتان لەبارەی میژوی پەروەردە لەشاری سلیمانی.**

**1- پیشەکی پیرۆزباییتان لیئەکەم بۆ ئەو هەنگاوە پڕسودەتان لەو بارەیەوە.**

**2- داوای لیبوردنئەکەم کە بەهۆی باری خراپی تەندروستیمەوە لە ئیستادا توانای بەشداریمنیە لەو سیمینارەدا . راستیەکەشی بابەتی ئەو سیمینارە ناچیتە چوارچیوەی پسپوری منەوە . با نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساببێ.**

**3- بۆئەوەی ئیمە تەنیا لەرابوردودا نەژین، وای بەباشئەزانم ئەم سیمینارە بکریتە سەرەتایەك بۆبەستنی کۆنفرانسیکی فراوان بەمەبەستی پیکهاتن لەسەر نەخشەریگەیەك بۆدارشتنی بەرنامەیەکی پەروەردەی نەتەوەییانەو زانستیانەی هاوچەرخ بۆهەرکام لەقۆناغەکانی باخچەی ساوایانو سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی بەجۆریك کەخوینکار هەر لەسەرەتای پەروەردەکردنیەوە:-**

**أ- گیانی نەتەوەییو نیشتمانیی تیاگەشەپیبدرێ.**

**ب- پاکژبکریتەوە لەخەوشە بۆماوەییەکانی خۆبەکەمزانینو هەستبەناتەواویکردن.**

**ج- وا پەروەردەبکرێ کە هەست بەکەسیتیی تەواوی خۆیبکات. هەروەها ئەو سیستمی پەروەردەییەی ئیستا پەیرەو ئەکرێ بگۆڕرێ بەسسیستمیکی پەروەردەی**

سەردەمانە بەسوودوەرگرتن لەو سیستمە پەروەردەییانەی لە ولاتانی زانستو تەکنەلۆجیاو شارستانیدا پیادەئەکرێ، بۆئەوەی تواناو بەهرەی خویندکار هەر لەمندالیەوە دیاریبکرێو گەشەی پێبدرێو هەر کەسەو زیاتر بۆ بەهرەو تواناو ئارەزوەکەی خۆی ئاراستەکرێ بەجۆرێ کە پێوانە بۆخویندکار سەرکەوتنو پیشکەوتنبێ لەو لایەنە تایبەتیانەی خۆیداو وانەکانیتر ببنە وانەی پلە دوەمینو سێەمین و نەکرینە پیوانەی دەرچون(نجاح). هەوەها پاداشت و خەلاتی مادیو واتایی بدرێ بەهەر خویندکاریك کە داهینان(اختراع)یك بکات لە هەر بواریکی ژیانداو ... هتد. بیگومان بۆ ئەم مەبستە ئەبێ سود لەتواناکانی ناوەوەو دەرەوەی ولاتیش وەرگیرێ.

بەهیوام منیش تائەو کاتە بتوانم بەشداری لەو کۆنفرانسەدا بکەمو بەهەمومان راژەی زیاتری نەتەوەکەمانبکەین . داواکاریشم ئەم پیشنیارە بخریتە بەرچاوی بەشدارانی سیمینارکەتان.

لەگەل ریزو سوپاسم.

**کامیل ژیر سلێمانی 2012/2/1**

---

<u>**بەریز کاك سیروان کاوسی**</u>

**ئەم کاتەت باش**

ئەوەی ناردوتە لەبارەی دەستوری کونگرەوە،یا پێڕەوو پروگرامی کونگرە، راستە هەموی بیروباوری نەتەوەییانەیە، بەلام لەروی دارِشتنو رێنوسەوە، هەروەها لەروی قەبارەو قورساییو توانای کونگرەوەو، لەروی واقیعو لەروی یاساییشەوەو...هتد ناتەواوو پڕ لەهەلەو نەگونجاوو نادروستەو روی ئەوەی پیوەنیە بلاوبکریتەوە.

لەلایەکیترەوە ئەوە ئەگەر دەستوری پەسندکراوی کونگرەی شەشەمە؟ من نەمبیستوە شتیکی لەوجورە خرابیتە بەردەم ئەو گونگرەیەو بیروڕای بۆ وەرگیرابیّو پەسندکرابیّ .لەبەرئەوە نابیّ بەناوی ئەو کونگرەیەوە ئێمە کاغەز رەشکەینەوە.

سەرنجێکیتر ئەوەیە: ئەو بەردە قورسەی ئەو دەستورە هەلیگرتوە، نیشانەی نەهاویشتنە. ئەمرۆش وا زیاتر لەسالیك بەسەر ئەو گونگرەیەدا تیپەریوە. هیچ کەسیکو هیچ لیژنەیەکیش مافی ئەوەی نیە ئەمرۆ بەناوی پارەوە قسەبکا یا دەستورو بەرنامە دارێژیّ.

لەبەر ئەو هویانەو زور شتیتریش کە لیرەدا مەودای نووسینیان نیە، ئیمە پیمانباشە هەر بیدەنگەی لیبکریّو جاریّ هەر لەسەر دەستورە کۆنەکە بڕۆن باشترە تا کونگرەی حەوتەم  کە بەهیوام لەکوردستان ببەستریّ، ئێمە لێرە، بشتبەست بەو بیروراِیانەو رایتریش، هەولّئەدین  دەستوریکی باشو واقیعیو یاسایی ئامادە بکەین. دیارە پێشەکیش ئەینێرین بۆ ئێوە.

ڕێزو سوپاس.

---

<u>**براوهاوبیری خۆشەویست ماموستا باخەوان**</u>

ڕێزو خۆشەویستی

سوپاس بۆ وەڵامە جوانەکەت

وەك دەمەتەقێیەك، نەك دەمەقاڵەو بۆ کاتبردنەسەرێکی خۆش، لام باشە چاوێك بە هەندیّ وشەی ناو وەڵامەکەتاندا بخشێننەوە کە ئەگەر من هەڵەنەبم بەمجۆرەبن باشترە:

**1**- خۆشنوود  نەك  خۆشحاڵ ، چونکە پیتی ح لە کوردیدا نیە.

2- کردوه  نەك کردوویە، چونکە ئێستا هەوڵئەدرێ وشە کورتکرێتەوە.

3- لێکرد نەك لێی کردو

4- کۆکردۆتەوە نەك کۆکردووەتەوە.

5- فلیم نەك فیلم، ئەوە عەرەب ئەڵێ  فیلم. لەکوردیدا هیچ کات پیتی ی بەدوای پیتی ل دا نایەت

ئنگلیزیش ئەلێ  فیڵم  نەك فیلم. واتا هەر نەتەوەیەك بەپێی سروشتی زمانەکەی  وشەکە ئەگونجێنێ . نازانم  لە هولەندا  چی پێئەوترێ؟

هەمو نوسینەکانت ئەخوێنمەوەو زۆرم بەدڵن. هەربژینو سەرکەوتوبن.

بەهیوام کەهاتنەوە بەدیدارتان شادببم

---

**<u>هاوبیری بەڕیز کاك سیروان کاوسی:</u>**

نامەکەی **2013/1/15**تان

ڕاستە سەرەتا نە ئێوەو نە منو نەهیچ کەس خاوەنی کەرامات نیە ،بەڵآم بەتیپەربونی کات،راستییەکان دەرئەکەون. باوەرناکەم کۆنگرەش سەرەتا دوکانداناںبوبێ، بەڵآم گەلێ جار ئەنجام وەك خواست نایەتەدی. بریا وانەبوایە.

من لە موعاناتی ئیوە ئەگەم. ساڵآنیك رەنجتان لەگەل باخیکدا داو باخەکەش سەوزنەبوو! بەلام ئەو **12**ساڵەی ئاماژەتان بۆکردوە، تۆو هاوبیرانیدی، رەنج بەخەسار نەبون .جگە لەفراوانبونی ئاسۆی بیری پیرۆزی نەتەوەییتان، بەرهەمێکی باشیشتان هەبوە، هەم وەك هزرو هەم وەك پێگەیاندنی هاوبیرانیتر. دنیاش ئەوەی ماوێتی زیاترە رۆیشتوە .بەری رۆژیش بە تاکە یەك کەس ناگیرێ.

من ئاگام لە بوجەی کۆنگرە نیە . باوەریشناکەم بەریتانیا هەزاران پاوەنی بە کۆمەلەی رۆژئاوای کوردستان دابێ . حکومەتی بەریتانی هەر ئەوەندە بە کۆمەلە

رۆشنبیرییەکان ئەدا کە تەنیا بەشی وردە مەسرەفەکانیان بکا بە کولەمەرگی.

ناشزانم لە شوێنیتر هیچی وەرگرتوە یا نا!؟.بەتایبەتی من لە 2005دا بە کۆنگرە ئاشنابوم ،پێشتر هیچ پەیوەندییەکم بە کۆنگرەوە نەبوەو ئاگام لەدامەزراندنی نەبوە. بەلام پیشتر کاك جوادم لە کاژیکدا ناسیوەو زانیومە کوردیکی نەتەوەیی دلسۆزو پاکە. دوای ئاشنابونیشم بە کۆنگرە، هەندێ پرسیارم لەلا دروستبوە، بەڵآم هەمیشە بەوە وەلامی خۆمم داوەتەوە وتومە ئەم هەولە، وەك دوکانەکەی بەشیر، لەهیچ باشترە ! راستیەکەی ئەو دوکانەو کۆنگرەش گەلێ سودیان هەبوەو هیچ زیانێکیشیان لە نەتەوەی کورد نەداوە .چەند جاریکیش بە کاك جەوادم وتوە : پیویستە کۆگرە سەرکردایەتییەکی هەلبژیردراوی هەبێ ، بەلام ئەو هەر بەوە وەلامیداوەتەوە کەبۆیە ئەوە ناکا چونکە ئەترسێ کەسی خراپ بکەویتە سەرکردایەتیو دوایی موئامەرە لە کۆنگرە بکاتو لەناوییبەرێ!! وەڵآمەکەی جەواد بۆ سمکۆش، گەرچی نەیزانیوە بەباشی دایڕێژێ، بەلام تارادەیەك لایەنی راستیی تێدایە! ئەی ئەوەنیە تا ئیستاش پەلی هەر حیزبیکی کوردی بەدەستی بێگانەیەکی داگیرکەرەوەیەو ستراتیجی هەموشیان لەهەر 5پارچەکەدا، پیکەوەژیانە لەگەل داگیرکەردا؟ خەلکە سادەو بێلایەنەکانیش هەر چەپلە بۆ ئەو حیزبانە لێئەدەنو دەنگیان ئەدەنێ سەرباری گەندەلیەکانیان، تاکوتەرایەك نەبێ، کەس گوێ لە ئیمە ناگرێ! ئەی ئەمە جاشیتی نەبێ چیە ؟؟ئیمە وەك کاژیك 15سال خەباتی ژیزەمینیو شاخمانکردو وەك پاسۆکیش 17ساڵ، کەچی لەهەلبژاردنەکەی 1992دا ئەو خەلکە ناهوشیارە کەمتر لە 1٪دەنگیان داینێ ! .دیارە هۆی ئەوەش نەبونی هوشیاریی نەتەوەییە، بۆیە پێوستی زۆرمان بەخەباتی رۆشنبیریی نەتەوەییە .بێگومان خەباتی ریکخراوەییش پیویستە، بەلام کارێکی سەختە .ئیمە پیشتر لەترسناکترین رۆژگارا شانمان دابوە بەرو هەول ئەدەین لەداهاتوشدا شانی بدەینەبەر. ئەوە بارو دۆخی کوردستان بەوجۆرە ! سەیرئەوەیە لە سکەندناڤیەکەی ئێوەش لەماوەی 12سالدا تەنیا 10 هاوبیر گەلآڵەبوە !!کەچی بەهەزارانێك لەدەوری حیزبە کوردیە نانەتەوەییەکان کۆبونەتەوە!!

نووسیوتە گوایە من بەهەلەدا چوم. رونت نەکردۆتەوە هەلەکە چیە؟ پێمخۆشە بیزانم ؟ ئەو رستەیەش کەبەدوای ئەو قسەیەدا هاتوە، تەمومژاوییە، تکایە رونیکەرەوە .مەبەستت لە بیری بازرگانیو هەلپەرستیو کاسبکاری چیەو لەگەڵ کێتە ؟

نووسیوتە بەشداری لە حیزبیکدا ناکەن کەجەواد مەلای تیدابێ! ئارەزوی خۆتانەو ئیوە ئازادن. ئیمە هەرکات دەستمان دایە کاریکی ریکخراوەیی ،دەرگا بە روی کەسدا داناخەینو پێوانەش بۆ قبوڵکردنی لایەنگر ئەوە ئەبێ ئەو کەسە ناپاکیی نیشتمانی نەکردبێ. نامانەوێ وەك جاران تەنیا عەیار **24** قبولبکەین! ریگەشنادەین کەسی خۆپەرستو رەفتار دیکتاتۆر بەرزبیتەوە بۆ پلەکانی سەرو. بەکورتی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو. هەر بۆ زانیاریتان ، ئیمە نامانەوێ حیزب دروستکەین. حیزب لەولاتی ئیمەدا، هەموی هەر ئەبیتە حیزبی ستالینی! بە حیزبی نەتەوەییشەوە! بێگومان ئاگادارتان ئەکەین لەبەرنامەو شێوازی کارکردنمان .

هەر شادو سەرکەوتوبن

کامیل ژیر **2013/1/19**

---

## <u>زۆر بەڕێز پێشمەرگەو فەرماندەی گیانفیدا مامۆستا مەلا عەلی زمناکۆ</u>

سڵاوی ئازادی و سەربەخۆیی

بەرامبەرسەرکەوتنو نەبەردییەکانی پێشمەرگەی قارەمان کە ئێوە نمونەیەکی دیارو دێرینی پێشمەرگایەتینو خاوەنی مێژویەکی پڕلەشانازین لەو بوارەدا لەپێناوی ئازادیی نەتەوەکەمانو سەربەخۆیی کوردستاندا کە بەڕێزتان رۆڵی بەرچاوتان هەیە لە تێشکانی داعشداو بونەتە مایەی سەربەرزیو ئارامیی نەتەوەکەمان لەسەنگەرەکانی بەرگریی پێشەوەی شەڕدا.

**شادمانم هەستی خۆم لەهۆنراوەیەکدا بەناوی ( سرودی سەربەخۆیی ) دەربڕم بۆسەربەخۆیی نیشتمانی خۆشەویستمانو وەك دیارییەك پێشکەش بەڕیزتانو هەمو پێشمەرگەی قارەمانی بکەم .**

**هەڵبەت ئەوەش رونە کە دیاریی شوان، یا شنگە، یا هەڵەکۆك . فەرمون ئەمەش هۆنراوەکە:**

سرودی سەربەخۆیی

**مژدە مژدە ، مژدەیە بۆ شارو دێ**

**واکەژاوەی سەربەخۆیی کەوتە ڕێ**

**سەربەخۆیی هێزو بیرو باوەڕە**

**رەوتی رێگەی شێرەکوردانی نەڕە**

**سەربەخۆیی نەوشکۆفەی سەردەمە**

**بێ هەبونی، کامەرانی ئەستەمە**

**داری ئازادی بەبونی دێتە بەر**

**مەشخەڵانی ئاوەدانی، تاجی سەر**

**ئەو قەڵایە، پایەیە بۆ نیشتمان**

**بەردەبازی چارەسازی کێشەکان**

**بچنە رێگەی ئەوفریشتەی نەوگوڵە**

**فەرشی سوری بۆهەوادەن،جێی دڵە**

**کوردە تۆ کانی بەپیتی گەوهەری**

**وا لە ئاسۆدایە خۆرت، سەروەری**

کێوی جوودیش بۆبزورگیت بەڵگەیە

پشتو باڵو ڕاگرت: پێشمەرگەیە

تۆ نەوەی مادی، نەژادی پاکژی

وەك نەرێتی باپیرانت کەڵ بژی

براو هاوبیرتان:

کامیل ژیر سلێمانی 2015/5/15

---

**هاوبیری خۆشەویستم د.هۆگر مەحمود فەرەج**

وتارەکەتان، کوردو ترەمپ..ئامانجەکانی پێکاوە. دەستو بیرتان خۆش. ڕاستە کێشەی گەورەمان دەردە کوردەکەیە، هیچ کوردێ چاوی بەکوردێکیترا هەڵنایە، دانی پیانانێ. لەسەردەمی مەلیك مەحمودا هەر کوێخا روتەڵەیەك ئەیوت جا خولەی شێخ سەئید چیەو من چیم!! کەچی بۆسەرسەرییەکی وەکو مولازم موهسین، ملکەچبون! ئێستاش هەروایە. ئەرەبی شیئە پێڵاوبارانی مالیکییانکرد لەبەسرە، کەچی لەسلێمانییەوە دەستەدەستە ئەچنە دەرباری مالیکی! دەك خەجاڵەتبن.

پلانی (ئەی ، بی ، سی) لای ئەمانەش هەیە کەئێستا هیزبایەتییان سەپانوە بەسەر ئەم هەرێمی باشورەدا، بەڵام پلانەکانیان بۆپڕکردنی گیرفانو بۆلێدانی یەکدییە!

کەسەیری خاوەن بڕوانامەکانی ناو ئەو هیزبانە ئەکەین، هەزار خۆزگە بەبێ بڕوانامەکانی دو چەرخ لەمەوبەری ناو میرنشینیەکان ئەخوازین!

سەبارەت ئنگلیز، ئاوێکەو، نەوە دواینەوە، بۆیان ڕژاوە کەئەبێ دوژمنی هەمیشەیی کوردبن لەتۆڵەی جاشایەتییەکەی سەلاهەدینی ئەیوبیا کەبەخوێنی

هەزاران رۆڵەی کورد خاچپەرستەکانی لەقودس راونا وەك خزمەتکارییەك بۆئەرەب. ئەگەر ئەو گەوجێتییەی ئەیوبی نەبوایە، ئێستا ئەرەبو دەرهاویشتەکانی ئەرەب لەم ناوچەیەدا بونیانئەبو. بەرئەنجام ئەوەیە: ئەبێ هەمیشە بەپەرێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئنگلیزبکەین.

کاکە هۆگر: ئەم پارتە کوردییانەی ئێستا، نەهەواڵی ئایدۆلۆژیا ئەزانن، نەهەواڵی بەرژەوەندیی گەل. ئەمانە تەنیا لەخەمی بەرژەوەندیی هیزبایەتیو گیرفانی سەرکردەکانیانن. هیچ گوێ بەنەفرەتی مێژوش نادەنو گاڵتەیان پێیدێ!

مەسەلەی یەکدەنگی میللەتێ، نەلەخۆوە دروستئەبێ، نەبەنزاو داوالێکردن! بەدو رێگە دروستئەبێ ، یا بەسەروەریی یاسا، وەك ئەوەی لەوڵاتانی رۆژئاوادا هەیە، یا ئەبێ سەرکردەیەکی دیکتاتۆر دەستەبەریکا وەك ئەوانەی هیتلەرو ستالینو رەزا شاو ئەتا تورکو سەدام. جائەگەر دیکتاتۆرەکە کەسێکی نیشتمانیبێ، ئەنجامی یەکدەنگییەکە باشترئەبێ..ئاخ بۆئەتا کوردێ.

بەگشتی وتارەکەتان زۆر بەجێیەو دەستو هزرتان هەرخۆشو بەردەوامبن.

---

<u>**نامەی هاوبیر نوری کەریم**</u>

گەورەم مامۆستا ژیر، وێرای سڵاو و رێز و هەواڵپرسین، هیوادارم لەگەڵ ئەم بارودۆخە سەختەشدا بیگوزەرێنن و تەندروستیتان باش بێت.

قوربان، پار دوای ئەو رۆژەی هاتینە خزمەتتان و بەرگی دوەمی (سەرنجێك لە کاژێك1959..) پێشکەشکردن، من گەرامەوە ئەڵەمانیا ودواتر هەر سێ بەرگەکەی کتێبی (پانۆرامای دیرۆکی دێرین ونوێ کورد)م بۆناردن کەکاتی خۆی(2013) حەزمکرد پێشەکییەکی بۆ بنوسیت و رێکنەکەوت،دوای چاپکردنی ناردمە خزمەتتان

كە بەرێزتان لە چەند شوێنێكدا ناوتان هاتووە و دواتریش  بۆ كارئاسانیی بە ئیمەیل  بەرچاورونییەكم بە ئەم شێوەیە بۆ ناردن، بەڵام هیچم لێ نەبیستەوە..

مامۆستا كامیل ژیر لە دوتوێی كتێبی پانۆرامای دیرۆكی دێرین و نوێی كورد:

بەرگی دوەم لاپەرە/ **145**: راستە ئەڵێن كوردایەتی نابێتە بیروباوەڕلای زۆربەی زۆری جەماوەرخەڵكی بۆ شەر هەر لە بۆسەو ئارادایە بۆ بێگانەی دژو بەدكار دەسكەلایە(نایەتەبیرم هۆنراوەی وام وتبێ. ئەو كتێبانەشم پێنەگەیشتوە- كامیل).

مامۆستا كیان ماندوونەبن ، هیممەتو بەرەكەتتان زیادبێ.

وەك رێنماییت كردم لەنووكەوە بە نامییلكەكەدا  (سەرنجێك لەكاژیك) چومەوە، راستە هەڵەی (جاپ ـ تایپ)ی زۆر تێكەوتبوو ، چاكمكردن، هەربەدەم ئەوەشەوە وشەیەك لێرە ، دەستەوازەیەك لەوێ رستەیەك لەملاو دێڕێك یاپتر لەولاتر، لابردن یازیادكردنی بەسەرداهاتوە بەڵام لەوناوەڕۆكەی پێشتر دەرنەچووم. لەبارەی سەرنجەكانیشتەوە جەند روونكردنەوەیەك دەخەمە بەرچاو.

یەكەم :لا.**14**/ نەمنووسیوە سەركردایەتی كاژیك دابەشبووە بەسەر سێ دەستەدا، بەڵكو نووسیومە (وامەزەندە دەكەم دامەزرێنەرانی كازیك هەر لەسەرەتاوە نەخشە رێگایەكیان بۆ ئەركەكانیان داناوە) ئەوە بەو مانایەی ئەركەكانیا دابەشكردووە.

دووەم:برایم ئەحمەد بەڵێ نەتەوەیی بوو بەڵام وەك ئێمە نا، بەڵكو بەمانا فراوانەكەی ، خۆ پارتیش بە پێوانەی ئێمە نەتەوەیی نییە بەڵام لەو خانەیەشدا پۆڵین كراوە.

سێیەم: عادیل موراد بەهەڵە كەوتۆتە نێو ئەو ناوانەوە . فەرەیدوون عەبدولقادریش مەبەستم لەئەندامی پێشووی یەكێتییە .

جوارەم : شێرکۆو فەرهاد شاکەلی ...... ؟ کاکە ئەوە قسەی دکتۆر نەبەزە. تکایە بڕوانە لا.**81** .**82**ی کاژیك **1959** بێشخان و باشخانەکانی.

بێنجەم: منیش ئەوە دەسەلمێنم ئێوە پێداگریشتان لەسەر مانەوەی باسۆك دەکرد بەلآم ئاش لەخەیالێك و ئاشەوان لە خەیالێك ! ئەوەی ئیستاش دەیکەن کارێکی بیرۆزە لآم

شەشەم: لێتان ناشارمەوە من بەش بەحالی خۆم ئەو ئالآیەی بارەگاکەی باسۆك لە قەلآجوالان نەمدیبوو ، باسی ئەو ئالآیە هەلکراوەم کردووە کە لەبارەگاکەی باسۆك هەلکرا لەشەقامی برایم باشا و بەتایبەتیش چووم بەدوای هاوبیرانی کاژیکدا چاویان روونبێتەوە وەك ئێوە ، مامۆستا فایەق عارف ، غەفوور ئەمین ، ئەحمەدئەمین، جوانەمەرگ کاکە عومەر شەمەیی . عەبدوللآئەحمەد ، کەریم عومەر ......ئەو کاتە پاسۆك هیًشتابارەگای‌نەبردبووە (بیار)ەشنەکقەلآچوالآن.

حەوتەم : لا.**64**/ بروسکە، نامەی نەهێناوە ، بەختیاری برای بروسکە. هاوینی **2014**لەگەڵ هاوبیری کۆچکردوو مامۆستا ئەحمەد سەلام هاتینە خزمەتت ، ئەم باسەم کردەوە ، ئێوە وتتان باس نەکردنی باشترە!

هەشتەم: ل.**68**/ داکۆکییان لە دوژمنانی شۆڕشدەکرد .... هەڵەی تایپەو راستکرانەوە.

نۆیەم :ئەو شتانەی لەهاوبیری کۆجکردوو مامۆستا حەمەعەلی فەرەج وەرتان گرتووە ، لەدەمی خوتانەوە بیستمان ، ئەحمەد سەلام و من ، تەنانەت بەبێکەنینیشەوە دەتگێڕایەوە کەمامۆستا حەمەعەلی چەند تووڕەو نیگەرانبوبو کەبۆماوەیەك بزرتکردبون.

دەیەم : ل.**74**/ منیش دەڵێم تێکەڵبون لەکەڵ پارتی گەلی کورد هەڵەنەبووە ، ئەنجامەکانی بێچەوانە شکایەوە.

یانزه: ل/76ئەو دو هەڵەیەی خۆمم لەمەر بەرهەمەکەی ئێوەو مامۆستا نەبەز راستکردەوە ، گەلێك سوباس . هۆنراوەکانی ئەو دیوانەی ئێوە ، هەرهەمویم وەك ئاو و دۆ لەبەر بو ، لەکۆبونەوەی شانەکانی قوتابیانی نەتەوەییدا دەمانکردە بابەتی سەرەکیی وشرۆڤەو تاووتوێماندەکرد، وەکبێتەوەیادم: ئەڵێ کردەم جێی داخ نییە کوردایەتیم قۆناغ نییە

حەزدەکەم ئەوەش بلێم لەو کتێبەمدا کە پتر لە 900 لاپەڕەیەو لەچاوەڕوانی چاپدایە، نۆ بەشی سەرەکییە ، لە سەرەتای بەشی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود. مەلیکی کوردستان ، چەندێرێك هەڵبەستی زۆر پڕماناو ئاوێنەی بالآنمای ئەوسەردەمەمداناوە .... وەکبێتەوەیادم کەڵکم لەنوسینێکیشتان وەرکرتووە لەبارەی بۆمبارانکردنی کوردستان لەلایەن فرۆکەکانی ئینگلیزەوە.

هەر تەندروست و تەمەن درێزبن . پجوکتان نوری کەریم 2016/5/3

## برای شیرینم کاکە جەمال گیان (د.جەمال نەبەز)

خوازیاری تەندروستیی باشو تەمەنی درێژتم

کاکە گیان، هەرچەندە کاژیك وەك رێکخستن نەماوە، بەڵام ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی، پەیوەندییەکی گیانیمان بەیەکەوە ماوە. ژمارەشمان کەمنیە. لەناو خەڵکاو لەفەیسبوکیش، ئێمەو تۆش، دەیان هەزار لایەنگرمان هەیە.

2009 کە بزوتنەوەی گۆڕان سەریهەڵدا، ئێمە دەنگمان دانێ بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆنێ لەپەرلەماندا دروستببێ بۆبەربەرەکانیی گەندەڵی. ئێمە دەورمان هەبو کە 25 کورسییانهێنا لەپەرلەمان. بەڵام بەداخەوە ئەنجام وادەرنەچو وەك ئێمە چاوەڕوانمانئەکرد. دەرکەوت ئەوانیش هەر گەندەڵو کۆیلەنو هەمان قوتابخانەکەی پارتیو یەکێتین! سەرەڕای خوێنی 650 شیوئی بێتاوان لە قرناقاو پشتئاشانو خوێنی

ژمارەیەك هاوبیرانمانو ساڵانی جاشێتییەکەی 66یشی بچیتەسەر! بەڵام وتمان بەشکم  گۆڕڕابن وەك ناوی بزوتنەوەکەیان! کەچی ئەویش وادەرنەچو، بۆیە دورکەوتینەوە لێیان. ئێستەش، دوای نەوشیروان، بزوتنەوەی گۆڕان تەواو وێرانبوەو بۆتە ئەسپێکی دۆڕاو کە کەسی وریا گرەوی لەسەرناکا!.

ئێمە لەنزیکەوە روانیمانە گۆڕانو گەیشتینە ئەو ئەنجامە. بەڵام تۆ لەدورەوە هێشتا ئومێدێکت بەگۆڕان ماوە وەك لەهەندێ نوسینتدا دەرئەکەوێ. جابۆئەوەی رابوردوی پڕلەسەروەریت لەکەدارنەبێ، داوای برای دڵسۆزت قبوڵبکەو جارێ ئەو سۆزەت بۆ گۆڕان هەڵپسێرە تا هەلێك ئەڕەخسێ بۆ دانیشتنێك پێکەوە بۆئەوەی بەدرێژی گفتوگۆی لەسەربکەین.

بێ گومان ئێوە ئازادن بۆ هەر بریارو هەڵوێستێ.

لەگەڵ رێزم.

2018/6/6 براتان : کامیل

کاکە کامیل گیان ، باوەڕ بکە کە نامەکەتم خوێندەوە زۆرسەرم سوڕما. چۆنکە پێموابوو کە تۆ لەهەمووکەسێکی دیکە باشتر دەزانیت کە ئەز سۆزم بەلای هیچ رێکخراوێکدا نییە ، ئەوجا هیچ رێکخراوێك ، تەنانەت چەند ساڵێکیشە لە هیچ میدیایەکی کوردستان و هیچ میدیا و کەسێکی کوردی دەرەوەش کە بۆنی هیزبایەتیی لێ بێ ناکەم . ئەوجا ئەگەر کەسێك پێیوابێ دەتوانێ ( سەروەرێتیی ) من وەك تۆ نووسیوتە (لەکەدار) بکا فەرموو با لەکەکانی سەر رابوردوویو ئێستەی خۆی لاببا ئەوجا باسی منبکا . ئەمە بێجگە لەوەی کە بەلای منەوە سەروەرێتیی مرۆڤ بریتییە لە ئازادیی ئەو مرۆڤە ئەزهەتا ئێستە پاکیی خۆم پاراستووە و دەشیپاریزم . بەڵام گوێگرتن لەقسەی مرۆڤی رامیار دەگرم ، بێ ئەوەی خۆم تێکەڵ بە هەڵسوکەوتی رامییاریی ئەو کەسە بکەم لەگۆتوبێژەکەتدا لەگەڵ (پەنجە مۆر ) باسی ئەوەت نەکرد کە لە پەنجاکاندا کەسانێك هەبوون  بێجگە لەپارتیو

شیووعیی کە پێیاندەگوتن ( ڕێبازی سێیەم ) دیارە تۆ ئەو کاتە شیووعیی بوویت ، ئاگات لەوە نەبووە ، بەڵام بەندە چەند جار لە نووسینەکانمدا باسی ئەوەم کردووە . نازانم بەشی دووەم کەینێ دەبێ ، هیوام وایە ئەمجارە باسی ئەوەش بکەیت کە لەکاتی پەلاماری ناسیۆنالیستە ئارەبەکاندا بۆ سەر کورد چ گۆتارێکی توندوتێژم لەرۆژنامەی ئەهالیدا دژبە ریاض طە یەکێك لەسەکردەکانی بەئس نووسی ، بێجگە لە نووسینەکانم لە دەنگی کورددا .

برات جەمال

---

کاکە جەمال گیان

وەڵامەکەتم پێگەیشت، ئەوەی من نوسیبوم، گلەیی هەندێ هاوبیربو کە بەپێویستم زانی ئاگادارت بکەم، ئەگینا من دڵنیام لەسەروەریی تۆ.

سەبارەت ئەو بەرنامەی پەنجە مۆرە : بریتییە لە**4** بەش، رۆژانی هەینی کاژێر **10**یشەو بڵاوئەکرێنەوە، لە فەیسبوکی منیش دوایی بڵاوئەکرێنەوە. بۆ زانیاریت ئەو چوار ئەڵقەیە **2** ساڵ لەمەوپێش تۆمارکراون ! ئێستە بڵاویئەکەنەوە! من هەر بیرمچوبوەوە.

لەگەڵ ڕێزم

برات کامیل **2016/6/20**

*

## هەندێ لەکورتە نوسینەکانم کە ئاوێنەی ئەم ڕۆژگارەماننو بەشێکن لەیادەکانم:

### کوڵۆڵخۆی کورد، بەبابێو بەباران هەر لەبەفر کەمئەبێتەوە

کوڵۆڵخۆی بەفر. ئەو بێچارەیە، گەرچی لەئاست ساردییەکەیا هیچ میکرۆبێ خۆی بۆراناگیرێ، کەچی لەبەرامبەر باو لەبەرامبەر بارانا، دەستەوستانە.

ئەوە بەفر بەگشتی. ئاخۆ ئەبێ بەفری کوردی کوڵۆڵ بەرەنگاری چەندین جۆرە باو بارانی نەیارەکانی بێتەوە!؟

لەگەڵ دەنگۆی لەدەرگادانێکی بچوکترین مافی کوردا تا ئامانجە گەورەکە کەسەربەخۆییە، چەندین جۆر باو بارانی نەیارەکانی بەسەرا ئەڕژێ! کوڵۆڵیە زیاترەکەش لەوەدایە ئەو باوبارانانەی لەبەفری کورد کەمئەکەنەوە، منەتی ئەوەشی بەسەرائەکەن کەئەوە لەدڵسۆزییانەوەیە نەك خوانەخواستە دژایەتی!

تۆ بڕوانە ئالەمکاتەدا کەلایەنە نەیارەکانی کورد لەئەوپەڕی ناکۆکیی خۆیانان ، کەچی هەریەکەو بەجۆرێ لەبەفری کورد کەمئەکاتەوە کەلەئەنجاما هەموویان لە (یەکێتی خاکی ئیراك)دا یەکئەگرنەوە. ئەوەش  کەمکردنەوەیەکی سەختە لەمافی دیاریکردنی چارەنوسی کورد! چونکە یەکەم کاریگەرییەکی ئەومافە، لەقکردنی کۆڵەکەکانی یەکێتی خاکی ئیراکە.

کوڵۆڵخۆی کورد! ئەوە لایەنە نەیارەکان بەهەرجا، کوڵۆڵیە گەورەکە لەوەدایە کەهیزبە کوردیە باڵادەستەکانی باشوری کوردستانیش، پێشبڕکێیانە لەسەر پاراستنی یەکێتی خاکی ئیراك!

ئنجا بەرامبەر هەمو ئەو باوبارانە، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیش لەبڕیارێکا ڕۆژی **6ـ1ـ2013**ی کردە پشوی فەرمی!! وەك بڵێ ئەوە هەر ئێوەنین کەسورن لەسەر یەکێتی خاکی ئیراك، واتا لەسەر کەمکردنەوەی بەفری کوردی، ئەوەتا

ئێمەش ڕۆژی دامەزراننی ئەو سوپایەی ئەنفالیکردین، ئەیکەینە ئاهەنگو پشوی فەرمی!! ئافەرین دەسەڵاتی کوردستان، هەرزەوکیلی شاری خامۆشان !!2013/1/6

**دوای ڕۆژئاوا نۆرەی باشورە**

ئەگەر تا دوێنێ ئەوە نەزانرابێ، ئەمڕۆ گومان لەوەدا نەماوە کەدائش ڤایرۆسێکە بۆلەناوبردنی هەمو کورد. دوای ڕوداوەکانی **2014/6/10** ئیتر دائش وەك کێشەی لەگەڵ شیئە نەمابێ، کەوتە پەلاماردانی کوردستان ! ڕوداوەکانیش ئەوە ئەگەیەنن کە هەر لە بنچینەدا ڕێکەوتنێك لەنێوان دائشو بەغادا هەبوبێ بۆئەوەی سوپای ئیراك لەنزیك سنورەکانی کوردستان، بەبێ بەرگری، چەکەکانیان ڕادەستی دائشبکەن! بەبەڵگەی ئەوەی هەمو جەنەراڵو سەربازەکانی ئیراك بەسەلامەتی گەڕانەوە بۆبەغدا! بێئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵا بکرێ یاسزایەك بدرێن! لەکاتێکا نەك هەر پێشمەرگەیەك، بەڵکو هەر کوردێکی سڤیلیش بەردەس دائش کەوتبێ، سەری لەلەشی جیاکراوەتەوە، شنگاڵ بۆنمونە. دوای شنگاڵیش پلانی گرتنی هەولێری پایتەختیان داناو لێی نزیکبونەوەو ئەگەر فڕۆکەکانی ئەمریکا بەفریا نەهاتنایە، هەولێر ئەبو بەشنگاڵی دوەم!

کەواتە شەڕی دائش لەئێستادا لەگەڵ کوردە نەك لەگەڵ بەغاو دیمشق. جا هەروەك چۆن سەگ بەزەبری کلکی ئێسقان ئەشکێنێ، ئەوا گومان لەوەدا نەماوە کەدائشیش بەپشتگیریی ئەنکەرە بەپلەی یەکەم، دیمشقو بەغا بەپلەی د.وەم، ئەو شەڕە لەگەڵ کوردئەکا. ئەگینا بۆچی دائش دو مانگ ئابلۆقەی ئامرلیی تورکومانئشین ئەداو نەئەیگرێو نە گوللەتۆپێکی بۆئەهاوێو دواییش بەئاسانی بەجێیدێڵێ؟! جگەلەوە، ئەو ڕەشەکوژیەی دائش لەگەڵ کوردی ئەکا، لەگەڵ مەسیحییەکان ئەوەی نەکردوە!!

ئنجا ئەو شەڕە سەختەی ئێستا دائش لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستانی ئەکا، چ پەیوەندییەکی بەخەلافەتی ئیسلامییەوە هەیە!؟ یا چ پەیوەندییەکی بەشەڕی

سونەو شیئەوە هەیە!؟ کوردانی ڕۆژئاوا نەکافرنو نەشیئەن! کەواتە شەڕەکە شەڕی قەلاچۆکردنی کوردەو هیچیتر! قەلاچۆکردنی هەمو کورد، بەڵام بەنۆرە. دوای ڕۆژئاوا نۆرەی بەشەکانیتری کوردستانە چۆنیان بۆڕێکبکەوێ، ئەشێ دوای ڕۆژئاوا نۆرەی باشورو دوای باشور باکورو ئنجا ڕۆژهەڵاتیش! کەواتە گەوجیو گەمژەییە ئەگەر لەهەمو کونجێکی کوردستانەوە، بەپەلە بەهانای ڕۆژئاواوە نەچن، بەتایبەتی هکومەتی هەرێمی کوردستان کەئێستا خاوەنی چەکی کاریگەرەو پشتگیرییەکی نێودەوڵەتیشی هەیە. یائەگەر بەدەستیاویشبێ، ڕۆژئاواو باکور، لەماوەی چەن مانگی رابوردوا، کەمیان نەکردوە بۆبەرگری لەباشور !

دو سەدە لەمەوپێش (ئەفسەری روسی- پی.ئاواندانو- ئەڵێ: هەستو هۆشی نەتەوایەتی کورد هێجگار کزە. بۆنمونە، لەشەڕی نێوان ئێمەو هەر تیرەیەکی کوردا، تیرەکانیتر تەماشاچیبون، تانۆرە ئەگەیشتە سەر ئەوانیش. هیچ بیریان لەوە نەئەکردەوە بەهانای هاوڕەگەزەکانیانەوە بچن. هەندێجار لەڕکی یەکدی، یارمەتیی ئێمەشیان ئەدا)

بائەو بێهەستو بێهۆشیی نەتەوەییە بەسبێ. بالەوەزیاتر بەداگیرکەرانی کوردستان نەخەڵەتێین. بابەهانای یەکدییەوە بچین. **2014/9/20**

## <u>هەرامو هەڵاڵ!</u>

ڕۆژی ٢\٦\٢٠١٥ سێ لایەنی لەخواترس، هۆڵی پەرلەمانی کوردستانیان بەجێهێشت بەو بیانوەی قەرزکردنی نێودەوڵەتی هەرامە. بۆپەردەپۆش، هەنێ بیانوی نیشتمانیشیان خستە پاڵ هەرامەکە. دەسخۆشیی لەو لایەنانە ئەکەم بەرامبەر ئەو پەرۆشییەیان بۆهەرامنەخواردنو ڕەتکردنەوەی پاروی هەرام.

بەمبۆنەیەوە داوا لەو لایەنە لەخواترسانەئەکەم، لەسەر ئەم هەڵوێستەیان بەردەوامبن، بەمەرجێ هەمان هەڵوێستیان هەبێ بەرامبەر هەمو هەرامێ. یەکێ لەو

هەرامانە کەزۆر هەرامترە لەو قەرزە، ئەو بڕە پارەیە کەئەو لایەنانە، مانگانە یاسالآنە، لەبوجەی هکومەتی کوردستانی وەرئەگرن کەماڵی میللەتە!! با ئەوانە خۆیان بکەنە سیمبول بۆهەرامخۆرەکانیتریش. بۆنمونە: بەپێی سەرچاوەکان، تەنیا دو دەسەڵاتدارەکەی هکومەتی هەرێم، لەنێوان ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠ مانگانە ٧٠ ملیۆنو ساڵانە ٨٤٠ ملیۆن دۆلاریان بۆخۆیانو هیزبەکەیان لاداوەو لەخواترسەکانیشیان بێبەشنەکردوە لەو هەرامە!!

ئاشکرایە داهاتەکانی وڵات ئەچنە بوجەی هکومەتەوە، هەر حکومەتێ، ئەوانە پارەی میللەتن کەئەبێ تەنیا بۆسودی گشتی خەرجبکرێ وەك: پرۆژە گشتییەکان، هێزی بەرگریی، ئاوەدانکردنەوە، مووچەی کارمەندان، هاوردە، پەرەپێدانو گەشەکردنی ئابوریو زانستییو تەندروستییو... هتد. جگەلەوانە، هەرپارەیەك بەلایەنەکانو پارتییەکان بدرێ، هەرامە! هەرامو گوناهەو ئەچێتە ئەستۆی کاربەدەستانی هکومەتەوە کەگەمە بەداهاتی میللەتئەکەن. هەرامو گوناهە کەئەچێتە ئەستۆی ئەو لایەنو پارتییانەشەوە کەوەریئەگرن! ئەوانە ئەبێ بەئابونەی ئەندامەکانیانو قازانجی پرۆژەکانیان بەڕێوەببرێن نەك بەپارەی میللەت!

بەمبۆنەیەوە داوا لەهکومەتی کوردستانئەکەم ئەو گوناهە لەئەستۆی خۆی داماڵێو چیتر پارەی میللەت نەدا بەوانەی بارەگاکانیان کردۆتە تەمەڵخانەو لەوەرگەی هەرام. هەروەها داوا لە پارتییە سیاسییەکانو لایەنەکان بەگشتیو سێ لایەنە لەخواترسەکان بەتایبەتیی ئەکەم، ئیتر لەوەزیاتر ئەو پارە هەرامە نەکەن بەقوڕگی خۆیاناو پرۆژە ئابورییەکانیش راگیراوبنو کارمەندانی گشتییش ژاراوی بێ مووچەیی بچێژن!! **2015/6/2**

## <u>دەوڵەتی کوردیو تاکۆس-بەڵامەکان</u>

ئەمەش نمونەیەکیترە لەڕەوشی ئێستەی باشوری کوردستان:

سەری خۆم نائێشێنم بەبەکرێگیراوانو ناپاکانەوە. ئەوانە بۆڕازیکردنی ئاغاکانیان، هەرئەبێ دژی دەوڵەتی کوردیبن، بەزستان جارێ ئەوترێ سارد. ئەم

مێزگردە بۆئەوانەیە کەپاکنو پڕبەدڵ خوازیاری دەوڵەتی کوردین، کەچی یەکی (تاکۆس-بەڵام)ێکیان بەدەستەوەیەو ئەیخەنە بەر ڕەورەوەی سەربەخۆیی کوردستان!. فەرمون ئێوەو مێزگردەکە:

یەکەم: من باوەڕم بەدەوڵەتی کوردی هەیە، بەڵام ئێستە کاتینیە.

مێزگێڕ:بەخێریێ کەی کاتی دێ!؟ لەتێکچونی دەوڵەتی مادەوە تائێستە هەرکاتینەهات!؟

دوەم: گەرچی مافی چارەنوس بۆهەمو نەتەوەیەکە، بەڵام ئەبێ ئێمە پلەبەپلە بۆیبچین، وەك: پلەی یەکەم مافی رۆشنبیری، دوەم ئۆتۆنۆمی، سێیەم فیدرالی، چوارەم کۆنفیدراڵی، پلەی پێنجەم سەربەخۆیی.

مێزگێڕ: پەیژەیە! بۆچی ئەبێ ئەم پلەوملەیە هەربەباڵای کوردا بڕابێ؟ کوا کام لەنەتەوەکانی دنیا بەو پلانەدا چونەتە سەربانی سەربەخۆیی؟ ئنجا ئاخۆ هەر پلەیەك چەن سەدەی ئەوێ!؟

سێیەم: سەربەخۆیی رەوایە، بەڵام باجارێ گشتپرسییەك بۆناوچەدابڕاوەکان بکەین، دواییش گشتپرسییەك بۆخۆمانو....

مێزگێڕ: تۆ تازە ئەمانگێڕتەوە بۆمادەی بەدناوی **140**!؟ ئەو مادەیە لە **2007**ەوە تۆپیوە. گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو ناکرێ! پێشمەرگەی قارەمان جۆگەیەك خوێنیرشت تا دەستیگرت بەسەر ئەو ناوچانەدا!! ئەگەر دوربا بەچەقەنەی بەرپرسێکی گەندەڵ کەلەسایسێبەرا پاڵیداوەتەوەو لرفیلێئەدا، لەو ناوچانە بکشێنەوە، ئەوە دڵنیابن بەر غەزەبی نەتەوە ئەکەون!.. گشتپرسیش قومارە، یائەیبەیتەوە یائەیدۆڕێنی! ئنجا ئاخۆ کەسی ژیر، قومار لەسەر مافی خۆی ئەکا!؟ ئەگەر چاوێکیش بەمێژودا بگێڕینەوە، لە سێوچوار نەتەوە زیاتر نابینین لەڕێی گشتپرسییەوە دەوڵەتی خۆی راگەیاندبێ. بۆچی چاو لە(**210**)دەوڵەت بنوقێنینو تەنیا چاو لەچواریان بکەین!؟

چوارەم: سەربەخۆیی مافی هەمو نەتەوەیەکە، بەڵام ئەبێ جارێ ئێمە ئارامو خاوەن سەروەریو خاوەن تواناو داهاتبینو لەژێر هەژمونو گوشارو سێبەری هیچ دەوڵەتێکدا نەبینو...

مێژگێڕ: کۆمەڵێ مەرجی چاکە لەکولەکەی خەیاڵا!. پرسیار ئەوەیە: لەسەر کام ئەستێرە!؟ ئەگەر لەسەر زەویبێ، مەگەر ئەو مەرجانە لەولایەتەکانی ئەمریکادا هەبن بۆسەربەخۆییان ئەگەر بیانەوێ! ئنجا ئاخۆ ئەو هەمو دەوڵەتانەی دنیا، پێشەکی ئەو هەمو مەرجانەیان دەستەبەرکردبو پێش سەبەخۆییان!؟ پرسیاری دوەم: تا سەربەخۆییەکی رێژەیی دەستەبەر نەکەین، تەنانەت لەشارێکیشا، چۆن ئەبینە خاوەن سەروەریو تواناو داهاتوو چۆن ئارامئەبین؟ پرسیاری سێیەم: ئێستە جگە لەئەمریکا، چ دەوڵەتێکیتر لەژێر هەژمونو گوشارو سێبەری هیچ دەوڵەتێکیترانیە؟؟ ئێمە ئەگەر نەشبوینە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆی رەها، نابێ دەوڵەتێکی ژێر سێبەریش رەتکەینەوە لەبابەتی ئەو دەوڵەتانەی سەرەتا لەژێر سێبەری نێودەوڵەتیابون یا فەوارەیەکی کۆنفیدراڵی یافیدراڵی ئەگەر هیچ دەرفەتێنەبو بۆسەربەخۆیی. گرنگ ئەوەیە هەلی سەربەخۆیی لەدەسنەدەین.

پێنجەم: من تا سەرئێسقان لەگەڵ سەربەخۆییدام. بەڵام ئەمانە موچەیان پێدابینناکرێ، گەندەڵییان بۆبنەبڕناکرێ چونکە خۆیان گەندەڵن..ئاخر ئەگەر لەدەوڵەتی سەربەخۆشدا هەرئەم گەندەڵانە فەرمانڕەوابن، ئەو دەوڵەتە بۆچیچاکە!؟ درۆئەکەن، هەربۆ موزایەدەیە! چاوەڕوانی هێلکە لەبەراز ناکرێ..

مێژگێڕ: لەسەرخۆ کاکە لەسەرخۆ! هێلکە بەدورمەبینە لەبەرازیش. ئەوە بەرازە بەراز!! کەکردی ئەیکا. دەساودەسکردنی دەسەڵاتو چاکسازیو نەهێشتنی گەندەڵیو دابینکردنی خۆشگوزەرانیش، هەمیشە لەدەوڵەتێکی سەربەخۆدا باشترو ئاسانتر ئەنجامئەدرێن. ئنجا تۆ لێیانگەڕێ، ئەمە ئەزمونە بۆیان، ئەگەر هەر موزایەدەبو، ئەوا دڵنیابە ئەو موزایەدەیە ئەبێ بەپاچی گۆڕهەڵکەنن بۆیان. ئێستە میللەت کاغەزی سپی ئەخوێنێتەوە.!

شەشەم: دەوڵەتی کوردی دروستە، بەڵام ئەوە خەونی شائیرانە، دورە لەویستی سیستمی بەڕێوەبەرایەتیی جیهانەوە، جارێ ئەبێ مۆڵەت یا تیشکی سەوز لەوان وەرگرین.. ئەها چییان بەبەهاری ئەرەبیکرد چونکە لەویستی ئەوان لایاندابو!؟

مێزگێڕ: گەلێ خەونی شائیران هاتۆتەدی. ئەو سیستمە ئەگەر هەشبێ، تائەمڕۆ مۆڵەتێکی لەوجۆرەی بەهیچ نەتەوەیەك نەداوە، ئەوسیستمە هەمیشە لەگەڵ باری سەپاو (ئەمری واقیع) مامەڵەیکردوە وەك بەنەخوێنەکەی مەلای مەزبورە!. بەگشتی ئەگەر بارەسەپاوەکە زیانی بۆپەزەکەی ئەواننەبێ، مێشێك میوانیاننابێ. ئەو دائشە کەللەپوتە ئەگەر تیرۆری بۆناوئەوان نەگواستایەتەوە، ئێستە لە (یو ئێن) تۆزیئەکرد. دەوڵەتی کوردی زیانێکی بۆئەواننابێ، بەڵکو ئێستە لەبەرژەوەندیی ئەوانیشە.
سەبارەت بەهاری ئەرەبی، کورد ئەڵێ مریشك خۆی خۆڵ بەسەرخۆیانەکا، کەس ناتوانێ خۆڵی بەسەرداکا. ئەو دەوڵەتانەو سەرۆکەکانیان توشی لوتبەرزیبونو خۆیان خۆڵیانکرد بەسەرخۆیانا.

هەوتەم (پێڕی تۆقیوەکان بەلەرزو هەنسکەوە): ئێمەش خوازیاری سەربەخۆیین، بەڵام ئەترسین کۆمەڵکوژ بکرێین، یا بەلایەنی کەمەوە توشی ئابڵوقەی ئابوریببینو هەمومان لەبرسانابمرین !

مێزگێڕ: مەترسن. لەمێژەوە بەئابڵوقەی ئابوری راهاتوین. ساڵانێ باپیرانمان بەبەڕوی شاخەکان ژیان. چەنجارێ ئابڵوقەی رژێمەکانی دەوروبەریشمانديو سەرکەوتنیان بەدەسنەهێنا. سەری دنیاش بەپوش نەگیراوە.سەبارەت کۆمەڵکوژی،سەربەخۆییشمان رانەگەیانبو، چەنجارێ کۆمەڵکوژکراین! ئەو قوربانیانە بۆسەربەخۆییبونایە باشترنەبو!؟ ئنجا ئێوە بۆوا لەسەربەخۆیی تۆقیون؟ بۆچی تا ئێستە بەبێ سەربەخۆییش، داگیرکەرانمان لێمانگەڕاون لەرەوشێکی ئارامو ژیانێکی بەختیارابین!؟ کورد وتویێتی: پوشتیو سەلامەتی. ئاخر کەسەلامەت نەبین، پوشتێتی بۆ!؟

بەڕێزان: ماسیگرتن بەبێ پێتەڕبون نابێ. سەربەخۆییش قوربانیی ئەوێ. کە مردن هەر لەڕێمانبێ، شەهیدبون باشترنیە؟ دڵنیابن ئەو هەمو خوێنەی بۆئۆتۆنۆمیو خودموختاریو خۆسەریو دیموکراتیك رشتمان، بۆسەربەخۆیی نیوئەوەنەی نەئەویست. تکایە ئیتر ئەوەنە ئەو (تاکۆس-بەڵام)انە مەخەنە بەر رەورەوەی دەولەتی کوردی. گریمان ئەو تاکۆس-بەڵامانەتان، زیویشبێ، بێدەنگیتان ئەبێتە زێڕ. دوریشنیە ئەو تاکۆسانە، لەئەنجامی خۆبەکەمزانینەوەبێ!! ئای چ دەردێکی کوشندەیە خۆبەکەمزانین!! نەخێر بەڕێزان، ئێمە کەمنین. ئێستە ئەو دنیایە بەدەس دائشەوە زەلالەتیەتی، دائشیش بەدەس ئێمەوە کونە مشکی لێبۆتە قەیسەری.ئێوە بڕواننە قارەمانێتییەکانی پێشمەرگەو گەریلاو شەڕڤانانو تاکۆس-بەڵامەکانتان توڕدەن. دەوڵەتی کوردی لەلولەی چەکدایە. (تاکۆس: دارێکی وەك باگردێنەو دەسکێکیهەیە، ئەدرێتە بەرتایە تا ئۆتۆمبێل خلنەبێتەوە لەکاتی وەستانا) 2016/6/5.

**<u>هیزبایەتیی ئەم سەردەمەو هەزار خەوش</u>**

خەوشەکانی هیزب هەر ڤایرۆسی کۆمەڵنین، بۆناوخۆی خۆشیان دەردوبەڵان. لەهەر هیزبێکا کەم یازۆر، بەنهێنی یائاشکرا، باڵباڵێنەهەیە. لەیەکچونێکیش لەنێوان ژنو مێردو دوباڵیی پارتییەکاناهەیە.

لەنێوان ژنو مێردا، بیانەوێ یانەیانەوێ، هەمیشە ململانێیەکی خۆڕسکیی هەیە. ماکی ئەو ململانێیەش،خواستی زاڵبونە، ئەم بەسەر ئەو، یا ئەو بەسەر ئەما.

دوباڵیی پارتییەکانیش، هەر بەوجۆرەیە. هەرباڵەو ئەیەوێ بەسەر باڵەکەیترا زاڵبێ.

ئەوەی نێوان ژنو مێرد، ئەگەر زو بەلایەکا نەخرا، ئەنجام، درەنگ یا زو، جیابونەوەیە لەیەکدی.

دوباڵیی پارتییەکانیش، هەربەوجۆرە، جیابونەوە ئەبێ لەیەکتر.

**جیابونەوەی ژنو مێرد، هەمیشە زیانە بۆهەردولا. بۆمناڵەکانیانو کەسوکاریشیان.**

**جیابونەوەی دوباڵەکەش، دیسان، زیانە بۆئەندامەکانیانو نەتەوەش بەگشتی.**

**ئەشێ ژنو مێردەکە، بەگرێبەستێکی تازە، یابەمارەبەجاش، یەکبگرنەوە.**

**دو باڵەکەش، هەروەها.**

**ئەو یەکگرتنەوەیە بەسود ئەگەڕێ بۆ ژنو مێردەکە.**

**هەمان سود بۆدوباڵەکەش.**

**ئەو ناکۆکییە لەناو خێزانی گەورەو خێزانی بچوکیشا روئەدا.**

**هەروەها لەناو پارتی گەورەو پارتی بچوکیشا.**

**نمونەی خێزانی گەورە: بەشیر موشیر کەدوای 50ساڵ پێکەوەژیان لەگەڵ دایکی شامیلا، جەوابیدا (تەلاقیدا) وتی ئەمڕۆ بۆمدەرکەوت ئەرەب دەرچوو!!**

**نمونەی پارتی گەورە: پارتی دیموکرات کەباڵی جەلالیی لێجیابوەوە 66 و31ئابیان لێکەوتەوە!. یا گۆڕان کەلەیەکێتیی جیابوەوەو، وتیان ئەیگۆڕینو نەشیانگۆڕی!. وتیان گەندەڵی ناهێڵین، خۆشیان بون بەبەشێ لەدەسەڵاتە گەندەڵەکە، وتیان کورد ئەگەیەنین بەمافە نەتەوەییەکانی، ئەمانیش رایانکردەوە ژێر باڵی رژێمی بەغای داگریکەر، باسیان لەیەکخستنی دو ئیدارەکەی هەرێمئەکرد، دەسیانکرد بەبانگەشەی فیدراڵیی پارێزگەکان کەبەوە هەرێم ئەبێتە چوارپێنج کەرتو ئیدارە!**

**یەکگرتنەوەی دوهاوسەری لەیەکپچڕاو،تەنانەت بەمارەبەجاشیش، خێرێکی گەورەی لێئەکەوێتەوە بەمەرجێ دراوسێی دژ! نەچوبنە پاڵ هیچ لایەکیان .هیزبەکانی ئێرە لەئێستاوە ئەو خێرەشیان لێچاوەڕواناکرێ چونکە دەمێکە هەریەکەو کەوتۆتە ژێر هەژمونی دراوسێیەکی دژ!. بانەوەکانی داهاتومان بزانن ئەمە وێنەیەکە لەرەوشی هیزبایەتیی ئەم سەدەمەی ئێمە.**

**2016/5/4**

**<u>دەمەتەقێیەکی مێژویی نێوان موهتەدیو ژیر</u>**

**ئەم دەمەتەقێیەش هەر بەشێکە لەیادەکانم**

**سەلاهەدینی موهتەدی: بیراز- من ئیراکم من ئیراکم!**

**یادی بەخێر گۆرانی مەزن هێندەی لەبواری شێئرو ئەدەبو هونەرا داهێنەرو بەهرەمەندبو، هێندەش لە شێئرە سیاسییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ژیانیا لاڕێو ناسەرکەوتوبو. بێ هێزو بێ پێز. دور لەو جوانیو ئەوینەی کەهەمیشە ئاوێتەی شێئرە نەمرەکانییبو! گۆران، گۆرانی رچەشکێن بەرلەوەی لەسەر تەختی خەستەخانەو بەنەخۆشیی شێرپەنجە بمرێ، لەناو تابوتی شێئرە هیزبییەکانی ساڵانی کۆتایی تەمەنیا نێژرابو.**

**ئەگەر ئەورۆ سەیری ئیراکی سەردەمی کردبایە، گۆران دەبو بڵێ: من ئیراکم، من ئیراکم، شیئە ئەو لاقم، سونە ئەم لاقم، کوردیش ناوگەڵۆزم لەپشتەوە تەپوتۆزئەکا!**

**دوکتۆر رەفیق سابیری فەلسەفەو کۆمەڵناس چاکیبۆچوە کەدەڵێ: لەئیراکا یەك گەلی ئەرەب نییە. دو گەل هەیە، گەلی ئەرەبی شیئەو گەلی عەرەبی سوننە.**

**تابلۆ کۆنەکەی ئیراك فەوتاوەو رەشبۆتەوە. تەرازوی هێز گۆڕاوەو ئەو هوکمانەی کەپێشو دەدرانو پێشبینی ئەکران بایەخو برەویان نەماوە.**

**یەکێ لەو هوکمانە کەزیاتر لەهەشتا ساڵ وەکو گوناهێك دەرهەق بەگەلی کورد دەدراو دەوترا تەقسیمی ئیراکبو.**

**گوایە تێکۆشانی گەلێکی مافخوراوی داگیرکراوی دابەشکراو، بۆدیاریکردنی چارەنوسی خۆی، بۆوەرگرتنی ئازادیو سەربەخۆیی، بۆیەکگرتنەوەی نیشتمانو**

گەلەکەیو دامەزراننی دەوڵەتی نەتەوەیی، تاوانێکەو سزاکەشی لەمێژە سەپاوە، کوشتنو بڕینو دەربەدەریو کاولکاری.

دابەشکردنی ئیراکو جیاوازخوازی، کرابوە پەڵەیەکی رەش بەسەر تەوێڵی هەر کوردێك کەچوکەترین پەلەقاژەی کردبایە بۆپساننی زنجیرەکانی دەستو پێی.
تەنانەت بەبێ ئەم پەلەقاژەش کوردبون ببوە بەڵگەی جیاوازیخوازی. چونکە راگوێستنو ئەنفال ژنو منالی جاشەکانیشی گرتەوە!
دوای روخانی رژێمی سەدامو دوایئەوەی کەسەری ئەو مەنجەڵە هەڵدرایەوە کەکۆمەڵگەی ئیراکی تیادا نرابوە سەرئاگر، دەرکەوت کەلایەنگرانی تەقسیمی ئیراك ئەوەنە زۆرنو ئەوەنە سورن کەکەس کوردی هەر لەبیرنەماوە!

ئێستا شیمالی وەتەنی هەبیب بۆتە روگەی پیرۆزی توریستان یاهەشارگەی هەڵاتو لەدەس تیرۆرستان، هەردولاش ئەرەبە ناسیۆلیستە سەرکوتکەرەکەی جارانن کەبەتاوانی تەقسیمی ئیراك ئەنفالیانکردینو ئێستا خۆیان خوازیاری تەقسیمن!!

نەمانی سەدام حەقیقەتێکی بۆجیهانی ئیسلامو ئەرەبو ئەوروپاو ئەمریکاو دنیای دورو نزیك دەرخست کەکورد لەمێژبو دەیزانی، کەچی گوتنەکەی کفربو، ئەویش ئەوەیە کەکۆمەڵگەی ئیراك چێشتی مجێورێکە نارێکو ناتەبا، نائاساییو نایاسایی کەیا بەزەبری شمشێرەکەی هەجاج یا بەکیمیاییەکەی سەدام قابیلی راگرتنە.

کورد قازانجی کردوە کەئەمجارەیان کەواسوری بەرلەشکرنییە. کوشتارە فراوانو بێڕەهمەکەی شارەکانی ئیراك تازە خەریکە چاوە قونجاوەکەی سیاسەتمەدارانی جیهان هەڵدێنێ و تازە تێدەگەن و لەخۆیان دەپرسن ئەگەر عەرەبی عیراق لەگەڵ یەکتر وادەکەن دەبێ لەگەڵ کورد چییانکردبێ؟
سەربڕینی رۆژانەو زکدڕینی بێ دەسپاراستنو بێ خۆفی خواو خەڵك لەکوچەو کۆڵانەکانی شاری بەغدا تازە خەریکە مەعنای ئەنفالو گۆڕی بەکۆمەڵو دەشتی

عەرعەر دەردەخاو تەفسیرێکو تەسویرێکی واقیعیانە دەداتە دەست لەوەحشیگەری بێ سنور. لەدڕندەییو خوێنخۆری ئەم جانەوەرە دو پێیە!

ئەمجارە دنیا دەزانێ ئەنفال درۆی هەڵبەسراوی کوردەکان نەبو. نە لەژمارەی قوربانیانو نە لەچونیەتی تاوانەکەدا زێدەڕۆیی نەکراوە.

بیابانی عەرەبستان هیچ، لەخاکی کوردستانیش لەدهۆکو چوارقوڕنەو خوا دەزانێ لەکوێیدیکەش بەکۆمەڵ کوژراوبنو نێژراوبن!

گەلی کورد بەدرێژایی شۆڕشە درێژخایەنەکەی دەستی درێژنەکرد بۆجینایەتی ژنو منداڵو مەدەنی بێ تاوان کوشتن. هەربۆیەش ئەوڕۆ سەرەڕای ئەو رابوردوە خوێناوییەیان، عەرەب پەنا دێنن بۆکوردستان. بۆکارو ژیان. بۆحەسانەوەو حەوانەوە. بۆئەمنو ئاسایش، بەڵام هیچیان ناوێرن روبکەنە لای برا عەرەبەکەی دیکەیان تەنانەت ئەگەر لەیەك عەشیرەتبنو نیوەیان شیعەو نیوەیان سوننەبێ!

بەڵێ کورد قازانجی کردوە کە ئەمجارەیان کەواسوری بەرلەشکرنییە .

ئەمجارەیان ئاڵای تەقسیم خەڵکیدیکە هەڵیگرتوەو شەڕی ناوخۆ لەناو دو لایەنە عەرەبەکەدایەو لەسەر گۆڕەپانی ئیراك یەکتر دێننودەبەن. کوردیش وەك مەلای مەزبورە لەوناوە وێستاوەو بۆهەر ڕوداوێ ئامادەیە- رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە**271** رۆژی **2006/9/3** ل**2**.

ژیر: بیراز-من ئیراکمو ئاشەکەی مەلای مەزبورە

ئەشێ برای خۆشەویستمان کاك سەلاهەدینی موهتەدی ئاگاداری بیرکردنەوەی هەنێ لەسیاسەتکارانی ئەو سەردەمەی ئەم دەڤەرە نەبێ کەگۆران هۆنراوەی (من ئیراکم)ی تیاوت کەئەوسا وتوێژی هاوڕییانو هەڤاڵان بەمجۆرەبو:

-ئەمانە چین راستبونەتەوەو داوای چوار پارچەکە ئەکەن؟

+بەچواریش داناکەون، داوای پێنج ئەکەن!

-کێن؟

+کۆمەڵێکن، کۆنەپەرست، شۆڤێنی، جیاخواز!

-چۆن؟

+کۆنەپەرستن، چونکە بیر لەسەربەخۆیی کوردستان ئەکەنەوە وەك بیرکردنەوە کۆنەکانی سەردەمی مادو خەیاڵی هۆنیارانی وەکو خانیو کۆیی تائەگاتە رەنجە بێوەرەکانی شێخ مەهمود. ئاخر ئەمڕۆ سەردەمی پێکەوەژیانی گەلان نیە!؟ ئایا هیچ نیشتمانێك ئازادو هیچ گەلێك بەختیارە وەك یەکێتیی شورەوی مەزن کە لەچەندین نەتەوە پێکهاتوە؟

شۆڤێنین، چونکە باوەڕیان بەبرایەتیی رەگەزە جۆراوجۆرەکاننیە!

جیاخوازن، چونکە ئەیانەوێ کۆمارە کۆرپەکەی چواردەی تەموز دولەتکەن!

جگەلەوانە، کوا کێئەڵێ ئێمە مەرجی بونەنەتەوەمان تیایە؟ ئێمە بەپێی مەرجەکانی هاوڕێ ستالین، لە کەمینەیەك بەولاوە چیتر نین. کەمینەکەش ئەبێ لەخزمەت زۆرینەدابێو ئەگەر پێویستیکرد، بکرێتە قوربانی ئەو زۆرینەیە. ئەی هەرێتیی مێژو (حتمیه التاریخ) تواندنەوەی نەتەوەکان نیە؟ ئەی نەتەوایەتی خۆی لەخۆیا قۆناغێکنیە لەمێژوا!؟

-ئەم کۆمەڵە ناویان چیە؟

+کورد کوژە.

هەڵبەت ئێستە جێی شانازیو دڵخۆشییە بۆ هاوبیرانی کوردایەتی کەدوای پەنجا ساڵێکو لەم سەردەمەدا، ژمارەیەکی بەرچاو، لەهاوڕێو هەڤاڵانی (بیرە زانستییە پێشکەوتنخوازەکان!) وەك بیرکردنەوەی (کورد کوژەکان) ئەنوسنو رێگە بەبرامان سەلاهەدینی موهتەدی ئەدەن، هۆنراوەکەی گۆران (من ئیراکم) بیرازبکاتو باس لەئازادیو سەربەخۆییو یەکگرتنەوەی نیشتمانو گەلەکەیو دامەزراننی دەوڵەتی

**نەتەوەیی بكا وەك لەلاپەڕە 2ی ژمارە 371ی رۆژنامەی بەڕێزی ئاسۆدا هاتوە. هەرچەنە مامۆستای موهتەدی، لەكۆتایی وتارەكەیا، باش نەیپێكاوە كاتێ ئەڵێ: (دەركەوت لایەنگرانی تەقسیمی ئیراك ئەوەندە زۆرن، ئەوەندەش سورن، كەس كوردی هەر بیرنەماوە) كەلەڕاستیا هۆكە ئەوەنیە، بەڵكو بۆیە كەس كوردی بیرنەماوە، چونكە سەرانی پارتییە دەسەڵاتدارەكان، بەپێچەوانەی خواستی نەتەوەی كوردو جەماوەری پارتییەكانی خۆشیانەوە، نەك هەر بەلای بانگەشەی تەقسیمی ئیراكدا ناچن، بەڵكو بونەتە مامە خەمەی ئیراكی یەكگرتو! بەجۆرێ كەلەئیراكی ئیراكیترنو لەهەوێنی نۆ قازان شیر، زیاتر خۆئەكەنە هەوێنی ئاشتكردنەوەی ئەو لایەنانەی بەدرێژایی مێژو كوردیان قڕكردوە.**

**هەروەها برای موهتەدیمان، لەوەشا نەیپێكاوە كەئەڵێ: (كورد قازانجی كردوە كەئەمجارەیان كەواسوری بەرلەشكر نیەو وەك مەلای مەزبورە لەوناوە وەستاوەو بۆهەر روداوێ ئامادەیە) كەبۆ كورد، پێچەوانەی (وەستان) راستە. كورد ئەبێ بۆ رزگاریو سەربەخۆیی، خۆی ببزوێو چاوەڕوانی قەدەری غەیبو بەزەیی ئەموئەو نەكا. ئەگینا ئەگەر لەم گەرمەی شپرزەییو شەكەتییەی ئەوانەدا، گورزی كاریگەری شێخ رەزایانەی خۆی نەوەشێنێ، ئەوا كە (گەمەكە) كۆتاییهات، بەڕێكەوتن، یا سەركەوتنی لایەكیان، ئەوسا ئاشەكەی مەلای مەزبورەی كورد، وەرئەگەڕێو سەری شكاوو بنی دڕاو بۆئێمە ئەمێنێتەوە!- رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە 281 رۆژی2006/9/26**

## **پرۆژەیەك بۆسەربەخۆیی كوردستان بەبێ خوێن**

**لەسمینارێكدا لەشاری كۆڵنی ئەڵمانیا رۆژی 2011/8/13 بەدورودرێژی ئاماژەم بۆ رێگاكانی سەربەخۆییكرد. لەوانە: رێگەی شۆڕشی چەكدار، رێگەی كودەتا، رێگەی وتووێژ، رێگەی گشتپرسی، رێگەی ئەنجامی شەڕێكی جیهانی، رێگەی دەسگرتنی كەمینەیەك بەسەر پایتەختی دەوڵەتێكی فرە نەتەوەدا، رێگەی سودوەرگرتن لەبەرژەوەندیی دەوڵەتان. دوایی هاتمەسەر پرۆژەیەك بەو ناونیشانەی**

سەرەوە کە دوایی رای جیاوازو رای پشتگیریی بەدواداهات وەك لەخوارەوە پرۆژەکەو راکانیش پیشاندەدەین:

گریمان هیچکام لەو ڕێیانە بۆئێمەی کورد گونجاو نەبو، هەروەها گریمان ئەم عیراقەی ئیستا هەر وەك خۆی مایەوەو هیچ دەرفەتێ نەبێ بۆ سەربەخۆیی کوردستا. هەموشمان ئەزانین کە کوردستان بەسەر پێنج دەولەتی بێگانەدا دابەشکراوە. لەهەر یەك لەو بەشانەشدا، کورد کەمینەیە لەچاو نەتەوەکانیکەدا. ئەوەش بۆتە خالێکی سەرەکیی لاواز بۆ کورد لەهەمو ئەو بەشانەی کوردستاندا. بەهۆی ئەو کەمینەیەتییەوە، کورد، لەشەریشداو لە ئاشتیشدا، هەمیشە لایەنی دۆڕاوبوەو دۆڕاو ئەبێ تا بەم شیوەیەی ئیستا لەچوارچێوەی ئەو دەولەتانەدا بمێنێتەوە. با دەولەتی ئیراك بکەین بەنمونەیەك بۆسەلماندنی ئەم قسەیەمان. ئەگەر ڕێژەی کورد لەئیراکا بگاتە 17٪ یا ئەو پەری 25٪ ئەوا لەچاو زۆرینەی 75٪ کەدا، بەشەڕ دەرەقەت نایەت. لەئاشتیشدا، ئەگەر رژێم دیموکراتیشبێ، ئەوا لەئاستی سنوقەکانی هەلبژاردن و پەرلەمانی ناوەندا، هەر کەمینەئەبێو بەپێی بنەماکانی دیموکراسی، رای پەسەندکراو، هی زۆرینەکە ئەبێ. بەتایبەتی بەشە نەتەوەییو ئایینیەکانیدی کە هەرچی چەندێ ناکۆکبن لەنیوخۆیاندا، لەئاستی بەرەنگاربونەوەی مافەکانی کوردا ئەبنە یەك راو یەك ریز. کەواتە لەهەردو بارەکەدا، کوردەکە ئەگەر یەك راو یەك ریزیشبێ لەناوخۆیدا، هەر دۆڕاو ئەبێ. لەدوای تاقیکردنەوەی سالانی رابوردو ئەوەش دەرکەوت کە پرسی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیش، هیچی لێسەوزنابێ وئەنجامەکەی هەر مەرگەساتئەبێ بۆکورد. چونکە ئۆتۆنۆمی و فیدرالی، لەناو دەوڵەت و گەلانی دیموکراتیدا گونجاوئەبن. گەلە سەردەستەکانی کورد، لەخەویشدا نابن بەو دیموکراتییەی لەرۆژئاوادا پیادەئەکرێ.

بەڵێ : ( بارودۆخی هیچ نەتەوەیەك وەك هی نەتەوەیەکیتر نیە ) واتای ئەمەش ئەوەیە ریگەچارەی رزگاریی هەر نەتەوەیەك، مەرجنیە وەك هی نەتەوەکانیدیبیت . لەبەرئەوە ئەبێ بیر لەریگەچارەیتر بکەینەوە بۆ سەربەخۆییمان، لەئاستی ئەو هەڵکەوتە تالەی کە کورد کەمینەیە لەچاو

نەتەوەکانیتردا لە تورکیاو ئیران و ئیراك و سوریای ئەمرۆدا . .ریگەچارەیەکی وەك بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە  کە ناوی ئەنێین:پرۆژەیەك بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەبێ خوێ،ئەشێ گونجاوبێ

پرۆژەکە :

بنەمایەکی گشتی یاسایی هەیە ئەڵێ: ئەگەر رێگر نەما، رێلێگیراو ئەگەڕێتەوە (اذا زال المانع، عاد الممنوع) ریگرەکەش لەم بوارەدا وەك لەسەرەوە پیشانماندا، بونی کوردە وەك کەمیینەیەك لەو دەوڵەتانەدا. بەڵام ئەگەر کورد لەبەشێکی وەك ئەم بەشەی باشوردا بوبە زۆرینە لەچاو دانیشتوانی ئیراکدا، ئەوا ریگرەکە نامێنێ و ئەوسا ئەشێ لەشەریش و لەئاشتیشا براوەبێ. هەڵکەوتەی شیئەش لەئیران و لە ئیراکا، باشترین نمونەیە بۆ ئەم راستییە. لەئیراندا لەدێرزەمانەوە دەسەلات بەدەست شیئەوەیە چونکە زۆرینەیە. لە ئیراکیشا، لەهەلی لیدانی رژیمی بەئسدا، شیئەی زۆرینە، بە ئاسانی دەسەڵاتی گرتەدەست و ئەمەریکاش لەئاستی ئەو زۆرینەیەداو لەئاستی ئەو هەلکەوتەیەدا دەستەوستان ماوەتەوە.

کورد چۆن ئەبێتە زۆرینە لەئیراکا؟

بۆ ئەم مەبەستە : بەهۆی قەوارە سیاسیەکەی هەریمی کوردستانەوە، هەرچی زوترە، تا ئەمیش بەئەنجامی هکومەتەکەی شێخ مەهمود و کۆمارەکەی کوردستان لەئیران نەچوە، دەرگا والاکرێ بۆ کوردی پارچەکانیکەو هەلی کارکردن و ناسنامەو نیشتەجێبونیان بۆ دابینکرێ وەك چۆن وڵاتانی رۆژئاوا ئەوە بۆ کۆچبەرانی رۆژهەلات دابینئکەن. لەراستیشدا ئیستا ئەم هەرێمە پیویستی بە دەستی کار هەیە. ئەوەتا لە وڵاتانی ئاسیاوەو لە ئیران و تورکیاو ئیراکی ئەرەبیشەوە، بەلێشاو خەڵك روئەکەنە ئەم هەرێمە،  کە ئەوەش لە مەترسی بەدەرنیە!. ئنجا بۆچی ئەوەی بۆ بیگانە رەوابێ، بۆ کوردەکە خۆی رەوانەبێ؟

لە هەمان کاتا: هانی زۆربونی مندال بدرێ، تەنانەت بەرێگەی فرە ژنیش بۆماوەی **14** ساڵێ، بەوەی بۆ هەرپیاوێك  و هەرژنیك، بەکوردە هێنراوەکانیشەوە، بەرامبەر هەر **7** منداڵ ، پیاوەکەش و ژنەکەش خەڵات بکرێ. ئەگەر مندالەکان بون

به **10**، ئەوا دوجار خەڵات و بەوجۆرە بۆ **12** منداڵ سێجار خەلات...هتد. خەڵاتەکانیش، ئەشێ بریتیبن لەزەوی، دراو ، دەرمالەو هەرشتێکیکە. جا بابزانین چۆن؟ ئیستا تیکڕای مندالی ژنی کورد لەباشوری کوردستاندا، بەتایبەتی لەشارەکاندا، لەچوار مندال تێپەرناکا. رێژەی کوردیش لەئیراکا بە **20٪** ئەخەملێنرێ. بەڵام ئەگەر تێکرا (معدل)ی مندال گەیشتە دە، ئەوا لەماوەی دە سالێکدا رێژەکە ئەبێ بەنزیکەی **50٪** ئنجا ئەگەر نزیکەی یەك ملیون ژنی کوردی پارچەکانیکەی کوردستان بەخۆیان و میرد و منالیانەوە هاندران و هاتنە ئەم هەرێمەو ئەوانیش تێکڕای منداليان گەیشتە دە ، ئەوا رێژەی کورد لەئیراکا لەماوەی **10** تا **14** سالدا لە **75٪** تێپەر ئەکا. ئەوسا لەهەمو بارێکدا، لەشەرو لەئاشتیشدا، کوردەکە براوە ئەبێ و نەك هەر سەربەخۆیی ئەم هەرێمە بەلکو بەبێ دەنگ و بەبێ خوێن ، کورد ئەبێتە خاوەنی دەوڵەتی ئیراکیش. بەوەش گەورەترین پێگە بۆ رزکارکردنی پارچەکانیکە ئەرەخسێ.

هاندانی چەند ملیونێك کوردی پارچەکانیتر کە رووبکەنە ئەم هەرێمە، کارێکی ئاسایی و رەوایە. سەدام هسین لەبەرنامەیدابو کە سێ ملیون ئەرەبی فەلەستینی لەکوردستان نیشتەجێ بکا سەرباری بەئەرەبکردنی موسڵ و کەرکوك و گەلێ ناوچەیکەی کوردستان. ئنجا بەدەر لەو مەبەستەی سەرەوە، ئەرکی سەرشانمانە جێگەی سەدان هەزار شەهیدانی کوردستان پڕکەینەوە. ئەرکی سەرشانمانە جێگەی نزیکەی ملیونێك لاوی پەنابەری کورد لەرۆژئاوادا پرکەینەوە، فرە ژنیش سەدان هەزار کچی قەیرەو بێوەژن لەتەنیایی رزگارئەکا. جگە لەوانە ، ئیستا لەم هەریمەدا، کەرتی کشتوکاڵیش لەئاستی سفردایە. شێلمو توریشمان لەدەرەوەی وڵاتەوە بۆ دێ. هۆکاری ئەوەش ئەگەریتەوە بۆ کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شار بۆ ئەوەی ببنە مووچەخۆری هکومەت و پارتییە سیاسیەکان بەناوی پۆلیس وپاسەوانی سنورو پیشمەرگەوە. زۆربوونی منداڵ و هاوردنی کوردی پارچەکانیکەی کوردستان، ئەو کەلێنەش پڕ ئەکاتەوە. داهاتی ئەم هەرێمەش ئیستا ئەوەندە زۆرە، ئەم پرۆژەیەو چەندین پرۆژەیکەشی تیا ئەبێ. بەو جۆرە، بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە، یاهەر

ریگەیەکیکە، ئەگەر سەربەخۆیی دەستەبەرکرا، ئیتر ئەوسا پێویستی بە مندالی زۆر نامینی، کۆتایی بە فرە ژنیش ئەهێنرێ.

ئەم پرۆژەیە لەدانیشتنی رۆژی 22/11/ 2008 ی ژمارەیەك كەسایەتی ئەكادیمی و نوینەرانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان و کونگرەی نیشتمانی کوردستاندا پەسەندکراو لە هۆکارەکانی راگەیاندندا بلاوکرایەوە بۆئەوەی لایەنەکان و رۆشنبیران، بەباری سەرنجیان، پرۆژەکە دەوڵەمەند بکەن. ئەوەبو مشتومریکی لیکەوتەوە کە لەخوارەوە هەندێکی بلاوئەکەینەوە .

**<u>وتارێکی موزەفەر ئەبدوڵا</u>**

http://www.dengekan.com/doc/2010/6/kamilZhir17.pdf.

پرۆژەکەی کامل ژیر هەمان پرۆژەی سەدام حوسەێنە...!

(دەربارەی پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان بە بێ خوین)

موزەفەرعەبدوڵا

mozafar_as@yahoo.com

لەچەند رۆژی ڕابردوودا لە سایتیدەنگەکاندا

لەملینەکە http://www.dengekan.com/doc/2010/6/kamilZhir17.pdf

نوسینێکم بە سەردیری پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان بە بێخوێن، کە واژۆی کامیل ژیر ،سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان – سەرکردایەتی باشوری لەسەر بوو بەرچاو کەوت.

کامیل ژێرلە کۆتایی دا ئەو تێبینی یەشی نوسیوە کە ئەم پرۆژەیەرۆژی 22_11_2008 کۆمەڵێك کەسی ئەکادیمی گفتوگۆیان لەسەرکردوەو و هاوکات وێرای کۆنگرەکەی ئەو، پارتی کاری سەربەخۆو لایەنی تریش هاوڕای بوونە.
بە جیا لەوەی کە ئەمپرۆژەیە چەند ناڕیالیستی ،و دورە لە بەدیهاتن ،بەڵام بەورادەیەیی پرۆژەیەکی لە ڕادەبەدەر فاشستی و مایەی زیاترجیاکاری قەومی یەو هەروەها پشت دەبەستێ بە جیاکاری جنسی وچەوسانەوەی ڕەهای ژنانەوە، بۆیە پێویستە نەك هەربدرێتە بەر ڕەخنە ، بەڵکو پێویستە هەر پرۆژەیەکی لەوچەشنە ڕیسواو ئیدانە بکرێت.
هەڵبەت خاڵی یەکەم لەم پرۆژەیە ئەوەیە کە، وەك نوسەریش خۆی ئاماژەی پێداوە،پرۆژەکە بەجۆریك لاسایی پرۆژەو سیاسەتەکانی سەدام حوسەینو حزبی ناسیونال قومی فاشی بەعس دەکاتەوە.
بۆیە کامل ژیربە ژیرانە و ئاشکرا خۆی خزاندۆتە جێگەو ڕێگەی سەدامحوسەین و حزبەکەیەوە.
ئەو دەڵێت بەعس دەیەویست هەمو کوردستان تەعریب بکات لە ڕێگای هێنانی 3 ملیۆن فەلەستینی یەوە و نیشتەجێ کردنیان لە کوردستان .ئەمیش دەیەوێت لە ڕێگای هاوردنی کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستانو دانی ئیمتیاز پێیان بەهەمو شێوەك لە بری ئەو کرێکارانەیکە لە بەشەکانی تری عیراق و وڵاتانی ترەوە هاتوون، تاڕێژەی کورد لە عیراق دا ئەوەندە زیاد دەبێت کە لەهەردەنگدانێکدا بتوانن ئەوەندە کاریگەریان هەبێت بە قازانجیپرۆژەی سەربەخۆیی یە بێ خوێنەکەی ئەمان.
لە جهانیئەمڕۆدا ئەگەر سەرنج لەسەر پرۆژەکانی هەمو ڕەوتەناسیونالیستی یەکان بدەین ،جا ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانیبێت ،یاخود ناسیونالیزمی عەرەب و تورك و حزبەکانیان هەموویانسەرەڕای ئەوەی نەك هەر لە هێڵی گشتی دا بەڵکو لەتاکتیکی ڕۆژانەشیان هەموو یان هاوشێوەی یەکن و لە کۆتایشداهەمویان ئاو دەڕژیننە دەریای فاشیزم و نازیسمەوە.

لەمڕووەوە کامیل ژیر و پرۆژەکەی و هەموو ئەو کەسایەتی یەئاکادیمی و لایەنە سیاسی یانە بیانەوێت یان نەیانەوێتپیادەکەرو لاسایی کەرەوەی سیاستە فاشی یەکانی سەدام وحزبی بەعسن .
ئەم پرۆژەیەش ئەو تیزە دەسەلمێنێتەوەکە ناسیونالیزم لەم سەردەمە بە شێوەیەکی گشتی چۆن مرۆڤهەرگیز وەك مرۆڤ کە ،بونەوەریکی سروشتی و کۆمەڵایەتی وخاوەن کۆمەڵێك کارەکتەری کۆمەڵایەتی یە، نابینێ. وە لەوڕووە مرۆیی یەوە سەرنجی مرۆڤ نادات و هەمیشە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی یە ئایدیۆلۆژی و ئابوری و سیاسی و نەژادیو قومی و تەنانەت عەشیرەتیشەوە سەرنجی مرۆڤەکان دەدات ولە بەرامبەر یەکتر ڕایان دەگرێت و دەیانکاتە دوژمنییەکتر . بەم شیوەیە ناسنامەی قومی و میللی و عەشیرەتی وئەم ناسنامە دارزیوانە بە ناسنامەیەکی ئەبەدی و ئەزەلیدەزانیت و ئەم جیاوازیانە بە جیاوازی جینی بەشەر دادەنێتو پیرۆز ڕایان دەگرێت.هەرگیز ئەوە نابینێ کە هەموو ئەمدیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە ئاکامی کێشەو ململانێیچینایەتی کۆمەڵایەتی مێژووییین.
خاڵێکی کۆنەپەرستانەودژی ئینسانی تری ئەم پرۆژەیە خاڵی لێوە هەڵسانی دژی ژنییەتی.
کامل ژیر و هاوبیرەکانی لەم مەیدانەدا سەدهەنگاو لە پارتی و یەکێتی واوەتر چونەو دژە ژنترنلەوان.
ئەوانە بە حیسابی خۆیان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ وژناندان بەڵام پییانوایەمادامقەومەکەیئەواندەچەوسێتەوە ئەوە پێویستە هەموو ڕیگەیەك بگیرێتە بەربۆ گەیشتن بە دەسەڵات و سەربەخۆییان.جا با ژنان کە نیوەیکۆمەڵگەن ببنە قوربانی سیاسەتە دارزیوەکانی ئەمان و حەزو ئارەزووە پیاوسالارەکانیان. گرینگ ئەوەیە قەومەکەیئەوان رزگاری بێت .کە بێ گومانە قەومەکەی ئەوان جگە لەچینی بۆرژوازی و دەست و پێوەندەکانی لە ئاغاو دەرەبەگ ومەلا و شێخ زیاتر هیچی تر نی یە.
ئەمەش هەر هەمانسیاسەتی حزبی بەعس و سەدام حوسەین بوو. بە تایبەتی

لەمسالآنەی دواییانەدا کە شەڕی کۆنەپەرستانەی نیوان ئیران وعیراق درێژەی بە خۆی دا و بەعیسش زیاتر پێویستی بە سەریازبوو بۆ نادریان و بە کوشتن دانیان لە بەرەکانیشەرەکەیاندا .بۆیە لەم ڕووەوە بەعس بانگەشەی فرە ژنیدەکرد لە پێناوی زیاد بوونی کوڕاندا. تەنانەت ماوەیەکئیمتیازی دەدا بەو کەسانەی کە کوڕیان دەبوو .تا لەناوەراستی نەوەدەکان کەوتە بەریخستنی هەلمەتی ئیمانی وکوشتن و لە سیدارەدانی بە ئاشکرای ژنان لەسەر شەقامەکان وبە بەرچاوی خەلکی یەوەو بەمەش دەستی کۆنەپەرستیئیسلامی و عەشیرەتی زیاتر زیندو کردەوە.

هەڵبەت وەکووتمان چەوسانەوەی قومی کە خۆی زادەو بەرهەمی ناکۆکی وچەوسانەوەی چینایەتی و جولآنەوەی قەومی و حزبەکانێتیهەرگیز کۆتایی نایەت لەسەر دەستی ئەم جولآنەو حزبانە . لەم ڕوەوە کێشەی خەڵکی فەلەستین و خەڵکیکوردستان

نمونەی زیندویی ئەم واقعیەتەیە کە نزیك بەسەدەیەکە بەردەوامەو سەرەڕای ڕشتنی ئەو هەموو خوین وقوربانیانەو رووداوە تراژیدییایانە بەڵام هێشتا ئەم کێشانەبە تەواوی کۆتاییان پێ نەهاتووە تەنانەت کێشەو ململانی وشەڕەکانی نێوان جولانەوەو حزبە قومی یەکانی زیاتریکردووە. سەیر لەوەدایە کە کامل ژیر و هاوبیرە ڕۆشنبیروئەکادیمی و ئەو لایەنە سیاسی یە

بەرچاوتەنگانە بەحیسابی خۆیان پرۆژەکەیان بە شێوەیەك دارشتوە کە بە بێخوین ڕشتن بگەنە سەربەخۆیی کوردستان.بەڵام دیارە ئەوانەچەوسانەوەی ژنان و فرە منالّی و فرە ژنی و پەرە گرتنیجیاوازی قەومی و عەشیرەتی و زیندو کردنەوەو بالآدەست بوونیکەلتوری کۆنەپەرستانەو دژی ژنان ...هتد ئەمانە مادام خوینیقومیان لەبەر ناروات بە کارێکی گونجاو ڕەوا دەزانن لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا بە بێ خوێن.

**رای هاوبیر سەروەر:**

هەر کە ئەو پروژەیەی کامیل ژیرم خویندەوە، زانیم کومونستیك ، جاشیك یا جلخواریك بەر تانەی ئەداو کامیل ژیریش ئەکا بە فاشست و نازی. هەرواش دەرچو. موزەفەر عبدولا ناویکی باوەڕکومونست لەسایتی WWW.DENGEKAN.COM

کەوتە وەشاندنی لیسی کوێرانەی مارکسیانە.

بەلای منەوە هەموو کەس ئازادە بۆ رەخنەگرتن . هەموو رەخنەیەك، رەوا یا نارەوا: بەدەرنیە لە سوود. ئەم رەخنەیە ئەگەرچی دوای پەنجا سال هەمان دیدوبوچوونەکانی محەمەدی مەلا کەریمە بەرامبەر بە کامیل ژیرو هاوبیرەکانی ، بواریان رەخسان بۆ وتووێژیك کە ئەبیتە خۆراکیکی هزری بو فراوانکردنی ئاسوی بیری خوێنەر. ئنجا کام لە راکان جیگیر ئەبێ ؟ ئەوە روژگار دەریئەخا وەکچۆن روژگار دەریخست باوەری کومونستی تابێ ئەداتە دواوەو ریکخستن و دامودەزگاو دەولەتەکانیشیان ئەپووکینەوە، بەجوریك کەهەر رابەرەکانی خۆیان پەنجەی پەشیمانی ئەگەزن و هەرەسیان پێدە هێنن ، بەپیچەوانەی باوەری نەتەوەییەوە کە روژلەدوایروژ گەشە ئەکاو ریکخستن و دام و دەزگاو دەولەتەکانیشیان پیشتر ئەکەونو مروڤەکانیان بەهەموو چینەکانیەوە تیروپڕتر ئەژین..سیستمی دیموکراتی بەرهەمی کومەلگە نەتەوەییەکانە کە تا رادەیەکی زور ئازادی و مافی مروڤی دەستەبەر کردوە. هەموو کومەلگە دیموکراتییەکان کومەلگەی نەتەوەیین و وازیان لەهیچ تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی خۆیان نەهێناوە ، نەهەستی نەتەوەیی نە خاك نە زمان نە کلتوورو...هتد بەپیچەوانەی سیستمە کومونستەکانەوە کە ئەیانویست ئەو پیروزمەندیانە نەهێلن ، بەلام خۆیان نەمان و خەیالپلاوەکانی کارل مارکس هیچیان لیسەوز نەبوو تەنانەت کیشەی ورگیشیان بۆ چارەسەر نەکرا ، سەرباری ئەوەی مروڤ بینرخترین سەرمایەبوو لە دەولەتە کومونستەکاندا. ئەوەشی بەچاوی خومان بینیمان سیستمە کومونستەکان فاشستیترین سیستم دەرچوون.

سیستمەکانی ئەلمانیای هیتلەرو عیراقی سەدام و هاوشیوەکانیان ، سیستمی نەتەوەیی نەبوون . ئەوانە نازی و فاشیبوون . نازی و فاشی و نەتەوەیی سێ شتی جیاوازن و کومونستەکان بۆ مەبەستی سیاسی تیکەلاویان ئەکەن .

هەموو بەرهەمەکانی کامیل ژیرو هەموو نووسراوەکانی کاژیك و پاسوك و کونگرەی نیشتمانی و نووسەرە نەتەوەییەکانیکە ، یەك وشەیان تیدانیە کە بۆنی نازیتی و فاشیتی و شوڤینیتیان لیبیت . بەلام ئەوانە چونکە دژی کومونستی و پانئیسلامی و جاشیتی و جلخواری { تورکیاچیتی و عیراق و ئیرانچیتی }و هەموو جورە گەندەلییەکن ، بۆیە لەولایەنانەوە دژایتی ئەکرین و بوختانیان بوئەکرێ.

پروژەکەی کامیل ژیر ، زور کردەیی و نزیك لە بەدیهێنانە ئەگەر دەسەلاتی هەریم بەدەست خەلکی بوێر و پاك و بیرکراوەوە بێ. ئەم پروژەیە فاشستی نیە، چونکە ستەم لە هیچ کەس و نەتەوەیەك ناکا و هیچ نەتەوەیەك ناکا بەکوردو هیچ جیاکاریەکی نەتەوەییشی تیدانیە . باشوورو هەریم و ناوچە داگیرکراوەکان بە ملکی پوختی هەموو کوردیك ئەزانێ لەسەرتاسەری کوردستانداو وەکیەك مافیان هەیە تیا نیشتەجێبن و رەگەزنامە وەرگرن و خۆبپالێون و دەنگبدەن بۆ هەر کۆڕو دەزگایەك ، وەك کامیل ژیر لە هونراوەیەکیدا وتوێتی:

کێن لە قەندیلن ؟

بازی ئازادن یا کەوی دیلن؟

هەرچیبن کوردن

رەسەن و مەردن

روو گەش و ئاڵن

لەهەرجێیەکی ئەم کوردستانە

خاوەنی ماڵن

ئەم پروژەیە جیاوازە لەوەی سەدام کە ئەیویست سێ ملیون فەلەستینی لە کوردستان نیشتەجیکا . ئەم ئەیەوێ چەند ملوینێ لە کوردی باکوورو روژهەلات و روژئاوا لەباشوور نیشتەجیکا کە ئەوەش ئاساییە و مافی خۆیانە هەرهیچنەبێ بۆ پرکردنەوەی جیگەی ئەو لاوانەی سەری خۆیان هەلگرتوە بۆ روژئاوا یا بۆ جیگەی ئەنفالەکان ، سەرباری مەبەستی پروژەکە . ئەوە بوچی بەعەرەبکردنی نیوەی باشووری کوردستان لای ئەم موزەفەرە کارەساتنیە و بەو پروژیە مروڤایەتی شکستئەهینێ ؟ کەی ئەوە وەك پروژەکەی سەدامە ؟ گریمان وەك ئەویشبێ ، جاچییە ؟ ئیمە تاکەی کوری خومان بکەین بەقوربانی کچی خەلك ؟ ئەی { جەزای سەیئە سەیئە }نیە ؟

ئەم قەلەمە دلی بەوەش ژانئەکا کە ئەگەر کامیل ژیر لەگوشەنیگای بەرژەوەندیە ئایدولوژی و ئابووریو سیاسیو نەژادیو قەومی خۆیەوە سەیری مروڤایەتی بکا ، ئەی هاورێ تۆ ئەتەوێ لە گوشەنیگای بەرژەوەندیی کێوە مالی خوی ونەتەوەکەی ویرانکا ؟ دیارەتۆ ئەو ویرانکردنەت ئەوێ پشتبەست بە بیردوزە بەدناوەکەتان قوربانیدان بە کەمینە لەپێناوی زورینەدا . دە بۆیە پروژەکە رەواو پیروزە بۆئەوەی لەو کەمینەیەتیە رزگارمانبێ . ئەگەر وانیە ، ئەوە کێ تائیستا وازی لە پچووکترین بەرژەوەندیی خۆی هیناوە لەپیناوی مروڤەکانی کوردا ؟ کام لەدەولەتە کومونستەکان وازی لە پچووکترین بەرژەوەندی خۆی هینا بۆ مروڤایەتی ؟ جگەلەوە ئاخۆ سەرکردە کومونستەکان ، سەردەستەیان ستالین ، ئەوەندە بەتەنگ مروڤ وەك بوونەوەریکی سروشتیو کومەلایەتیەوە بوو؟

ئەمیش وەك هەموو قەلەمە کومونستەکانیتر ئەلێ { هەموو رەوتە ناسیونالیستەکان ، بەهی کوردیشەوە ، هاوشێوەی یەکن و هەموویان ئاو ئەرژیننە دەریای فاشیزم و نازیسمەوە .. لەم رووەوە کامیل ژیرو پروژەکەیو هەموو ئەو

کەسایەتیە ئەکادیمیو لایەنەسیاسیانە، بیانەوێ یا نەیانەوێ، پیادەکەرو لاسایی کەرەوەی سیاسەتە فاشیەکانی سەدام و حیزبی بەعسن }

ئەم تومەتە گەورەیە هەر لەوانە ئەوەشیتەوە کە سەردەمیك چوونە ژێر بالی سەدام و بەعسەوەو بەجووتە دژی شورشی کورد وەستانەوە. راستیەکەی فاشیتیو نازیتیو بەعسیتی جیاوازن لە نەتەوایەتی . ئەوانە ئەگەر بۆیەی نەتەوایەتیان لەخویان دابێ ، ئەوە وەك ئەو بویەی دیموکراتیەیە کە کومونستەکان بۆ دەسبڕین هەمیشە لەخۆیانی هەڵئەسوون . لەم روەوە کومونستەکان چەند دیموکراتین ئەو سێ توخمەش ئەوەندە نەتەوەیین . ئنجا نەتەوایەتیش ئەگەرچی لە هەندێ هیڵی گشتیدا لەیەکچوونیك هەبێ لەنیوانیاندا بەلام لەوردەکارییەکانیاندا جیاوازن لەیەك و هەر نەتەوەیەك نەتەوایەتیەکەی خۆی بەپێی بارودوخی خۆی ئەگونجێنێ. بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە ، خوێنەرەوەی خوشەویست بەرەورووی پەرتوکە بەنرخەکەی د. جەمال نەبەز ئەکەمەوە بەناونیشانی {بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری قەومیەتی روژهەلاتی و نەبیری ناسیونالیزمی روژئاواییە }

دیاردەی نەتەوایەتی {ئاکامی کیشەو ململانێی چینایەتی کومەلایەتی میژوویی} نیە وەك ئەم نووسەرەو هاوریکانی ئەیلێن . ئەوە قەوانیکی کۆنی سواوەو مەگەر کەسانیکی لە کاروانی گەشەکردنی بیرو ژیان بەجیماوی وەك ئەم نووسەرە ، گوێ لە ئاوازە ناسازەکەی بگرێ . ژیر لەپەنجاکانی چەرخی رابوردوودا وتوێتی:

ئەلێ کردەم جێی داخ نیە

کوردایەتیم قۆناغ نیە

ئامانجیکە نەمر ، پیرۆز

مەشخەڵێکە بۆ گەل و هۆز

جائەگەر نیوە چەرخێ لەمەوبەر کەنیوەی مروڤەکانی سەر گۆی زەوی ، بەبیروباوری مارکسیتی بەنج بووبوون، بۆحەمەی مەلا کەریمیکی دەرویشی ئەو ریبازە ، بیانوویەك هەبووبێ بۆ پەلاماردانی کامیل ژیر لەسەر بیرۆکەی ئەو هۆنراوەیە ، ئەوا ئیستا  دوای بیروسترویکاو گلاسنوس و دوای هەرەسی بلوکی سوشیالستی ..هیچ بیانوویەك بۆ ئاقلێك نەماوە کە هیرش بکاتە سەر ئەوانەی ناسنامەی نەتەوەیی بە ناسنامەیەکی ئەبەدیو ئەزەلی ئەزانن و پیرۆز رایئەگرن ، مەگەر ئەو تاك و تەراو پەراگەندانەی هیشتا لە ئەشکەوتی نەزانیندا پرخەی خەویاندێ.

ئەم قەلەمە دواکەوتوە لە کاروانی مروڤایەتی ، وەك هەنگی لەدارا دۆزیبیتەوە ، نوساوە بە خاڵی {فرەژنی}دا لە پروژەکەدا ، لەکاتیکدا کامیل ژیر خۆی لەپروژەکەیدا ئەلێ:{ئیمە وەك کونگرەی نیشتمانی کوردستان هەمیشە دروشمی مافەکانی ئافرەتمان بەرزکردوتەوە کە یەکیك لەو مافانە ، تاکژنیە . ئیستاش لەرووی مافی مروف بەگشتیو مافی ژن بەتایبەتی هەمان دیدوبوچوونمان هەیە }ئەو لەپروژەکەیدا داوای تەنیا **10** تا **14**سالیکەی کردوە بۆ فرەژنی لەپێناوی زوربوونی مندالی کوردو بەرزبوونەوەی ریژەی کورد لە عیراقدا بۆئەوەی لەوەزیاتر بەکەمینەیەتی نەمینیتەوە و ...هتد . ئنجا لەراستیشدا ئیمە بمانەوێ یانەمانەوێ ئەوە زیاتر لە **1400**سالە فرەژنی دریژەی هەیەو دریژەی هەر ئەبێ بەپێی ئاین و یاسای باری کەسیتیش لە پیناوی ئارەزووی پیاودا ، ئەی بوچی ئەبێ لەپیناوی سەربە خۆیی کوردستاندا ئەو ماوە کەمە دریژەی نەبێ بەبێ رژانی خوێنی ئەو مروڤەی ئیوە بەچاو بوی ئەگرین و بەکردەوە بێنرخی ئەکەن؟

ژیر لەم تەمەنی **76**سالیەدا فرەژنی بۆخۆی ناوێ . فرەژنی ، جگە لەو مەبەستە ، سوودی زۆری بۆ کیشەی قەیرە کچ و بێوەژنیش هەیە کە ئەمرۆ لە کوردستاندا کیشەیەکی کۆمەلایەتیو مرۆییە .ئەوانیش ئافرەتن و مافی خۆیانە لە

چێژی ژیان بێبەشنەبن . ئنجا ئیوە بەپێی چ یاسایەکو چ بریکارنامەیەك خۆتان کردۆتە دەمڕاست و پاریزەری ئافرەت وەك ژیر لە هۆنراوەیەکیدا ئەلیٚ:

لەو شتانەش سەمەرەتر

جیگەی پێکەنینی پتر

ئەو بیرە کەرتوپەرتانە

خۆیانکردۆتە دەمڕاست و

داواکاری مافی ئافرەت

بیٚ وەکالەت

ئەوە لەکاتیکدا لەچەرخی گەشەی مروڤایتی بیستەم و بیست و یەکەمدا هیچ کومەلگەیەك ئەوەندەی کومەلگە کومونستەکان مروڤی تیدا بیٚنرخ نەبوە بەپیاوو ژن و منداليشەوە . مروڤ لەو گومەلگەیانەدا هیچ مافیکی دیموکراتی نەبوو و نیە . جگەلە پارتە کومونستەکان هیچ کومەلە مروڤیك ریگەیان نەئەدرا پارتیکی دیکە دامەزرینن . ئایا ئەوە ئافرەتنەبوو لەو کومەلگەیانەدا لەپیناوی پاکەتیٚ جگەرەدا {نەك لەپیناوی حەزی خۆیدا}لەشی خوی ئەفروشت ؟ ئایا ئەوەی ستالین بە مروڤە دوکتورو زاناکانی کرد ، هولاکو و جەنگیزخان ئەوەیان کردوە؟ ئایا ئەوەی رژیمی فاشستی سوڤیت لەسەر داخوازی ئەتاتورکی فاشی بە مروڤە کوردەکانی یەکیتی سوڤیتی کرد بەپیاوو ژن و مندالیانەوە ، کەمتربو لەوەی عەرەب و تورك و فارس بە کوردیان کردوە ؟ ئەوەیە ئەو مافی ژنەی هاورێیان فرمیسکی تیمساحی بۆ ئەریژن {بیٚ وەکالەت }؟

ئیمە پێمانوایە دیکتاتوریتی پرولیتاریاو دیکتاتوریتی فاشیەکان جیاوازییەکیان نیە . هەردوکیان ئاو دەڕژیننە دەریای نازیسم و فاشیزم و بەعسیزمەوە .

ئەم قەلەمە کونەپەرستە  کە ئیستاش بە بیروکە کۆن و پەککەوتەو ناکردەییەکانی دووچەرخ لەمەوپیشی مارکس{1817_1883} بیرئەکاتەوە، چوارجار نارەوا تومەتی عەشیرەتگەری ئەداتە پاڵ ژیرو هاوبیرەکانی، کە لەراستیدا عەشیرەتگەری لە فەرهەنگی هاوبیرانی کوردایەتیدا بوونی نیە ، بەلکو ئەوە ژیرو هاوبیرەکانیتی کە پەنجا سالە دژی دەرەبەگایەتی وەستاونەتەوە{بڕوانە کاژیکنامە } . هەروە ها دژی حوکمی گەندەلیو بنەمالەیەتی لە هەریمی کوردستاندا، لەکاتیکدا شیوعییەکان و مارکسیەکان بوونەتە دەسەنەخۆری ئەو بنەمالانە . ژیر 53سال لەمەوبەر بەرگری لە کچە جوتیارێك ئەکاو ئەلیَ:

بەرهەمیش بو کیَ؟ بۆ بەگ و خانم ؟

دادیش بیَو بلیَ لەناوناوانم ؟

ئەم قەلەمە کە تائیستا نەمدیوە نووزەیکی لیوەبیَ بۆ مەرگەساتی مروڤە سەرگەردانەکانی کورد، ئیستە بۆچی وا زمانی پشکوتوە لەدژی پروژەیەك بۆسەربەخۆیی کوردستان بەبیَ خوێن ؟ تۆبڵێی ئەم کاسەیە بیَ ژێرکاسەبیَ ؟ لەکۆتاییدا ئەلێم ئەگەر هەرجۆرە پروژەیەك و هەر جۆرە خەباتێکی دوور لە پاشکۆیەتیو نۆکەرایەتی، فاشێتیو نازیتیبیَ، ئەوا منیش بەشانازییەوە  فاشستو نازیم.



ئەمانە هەموی نەوەی ئەو پیاوەن



ئەمانەش هەموی نەوەی ئەو پیاوە کوردەن  کە لەشاری ئامەدی باکوری کوردستان ئەژی. بەبۆنەی جەژنەوە ریزیانگرتوە بۆئەوەی جەژنە پیرۆزەی لێبکەن.

عەلی تەحسین

ڕووداو ٢٠١٩/٦/٤ – ئامەد

**لە ئامەدی باکوری کوردستان پیاوێك کە خاوەنی 56 منداڵو 300 نەوەیە لە یەکەم ڕۆژی جەژندا بوە جێگەی سەرنجی میدیاکانی تورکیا.**

حەمۆ ئاغا لە شارۆچکەی بیسمیلی سەر بە ئامەد دەژیو چوار خێزانو 56 منداڵو 300 نەوەی هەیە. ناوی تەواوی مەهمەت ئاسلانە بەڵام بەهۆی زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەی وەکو ئاغا ناوبانگی دەرکردوە.

لە نێو خێزانە کوردەکاندا وا باوە لە یەکەم ڕۆژی جەژندا سەردانی ماڵە باوك دەکرێت، حەمۆ ئاغاش ئەمڕۆ دڵی خۆشبو بەوەی نەوەکانی سەرەیان گرتوە بۆ جەژنەپیرۆزە.

ئەو دەڵێت دوای سەردانی گۆڕستان نوێژی جەژنم کردو گەڕامەوە ماڵەکەم، بینیم منداڵو نەوەکانم لە ماڵەوە ئامادەن. ئەو هەروەها گوتی" ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی جەژنە لەگەڵ 300 نەوەی خۆم جەژنە پیرۆزەمان کرد و زۆر دڵخۆشم. ئاسودەم بەوەی لەگەڵ منداڵو نەوەکانم بۆنەی جەژن بەرز ڕادەگرین. خوا هەزاران جەژنی وامان بە نسیب بکاو هەمویانم بۆ بهێڵێت".

**ئاوا پەرەئەسێنین.**

**<u>ڕای هاوبیر پشکۆ ئەمین</u>**

**نەتەوەپەروەری ڕاستینە، نە فاشیستە، نە کۆمۆنیستە.**

**مرۆڤ نابێ هەروابەئاسانی بڕیار بدا کە هەرچی نەتەوەپەروەر بو، ناسیۆنالیستبو ئیتر ئەوە فاشیستو نازییە، ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی سیاسیی مێژوییەو ناکرێ هەروا بەئاسانی تۆ، شەلم کوێرم ناپارێزم، بە ئارەزوی خۆت**

هەرچی ناسیۆنالیستبو ئیتر بە فاشیستو نازی ناوزەدی بکەی. هەر لەبەرئەوەی کە تۆ خۆت سەربە هزرو ئیدیۆلۆژیایەکیتری، تێیان بەربیو هەرچی تۆمەت هەیە بیدەیتە پاڵیان. نەتەوەییو نەتەوەپەروەری سیستەمێکی هزرییە، لەسەردەمێکدا لەدایکبوە تۆش دەبێت بەپێی ئەوسەردەمە هەڵیسەنگینی، بەپێیی ئەو سەردەمە لێکیبدەیتەوە کە تێیدا لەدایکدەبێ، دەبێ ئەو بارودۆخە بزانی کە ئەو ناسیۆنالیزمەی تیا گەشە دەسێنێ، تیا پەروەردەبوە، پێویستە بەرلەهەر شتێك پرسی ئەوە بکرێ کە ناوەڕۆکی ئەو ناسیۆنالیزمە چیە؟ خەبات بۆچی دەکا؟ دەیەوێ دنیا داگیربکات وەك نازیەکانو فاشیستەکان کردیان؟ یاخود دەیەوێ لە زێد و نیشتمانەکەی خۆیدا وەك گەلانی تری ئازادو دەوڵەتدار، ئازاد بێو دەوڵەتی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆی هەبێ. ئازاد بێو کەس نەیچەوسێنێتەوە؟ ناشیەوێ کەسیش بچەوسێنێتەوە؟

دەکرێ بوترێ ناسۆنالیزم سیستەمێکو ئایدیۆلۆژییەکی هزرییە! دەکرێ خەبات بکا لەپێناو ئازادیو سەرفرازیو سەربەخۆیی نەتەوەکەیدا وەك هەمو گەلانیتری دنیا، لەکاتێکدا کە ژێردەستەو داگیرکراوبێ وەك کورد، یاخود پێشخستنو بەرزڕاگرتنی مێژو و کولتوری نەتەوەیەك بێو بەشداریکردن لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدا بێ لە روی پیشەسازیو زانستو ئابوریی جیهانیەوە، لەکاتێکدا کە بوە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پارێزگاری لەنەتەوەکەی خۆی بکاو بەرەوپێشەوەی بەرێ پێ بەپێ لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمدا. دەشگونجێ ببێتە هزرو ئایدۆلۆژییەکی دواکەوتنخوازو داگیرکەرو ماڵوێرانکەرو خۆبەزلزانو لادەر لە رێبازەکەی خۆی، وەك هەمو بیرو هزرێکیتر کە لە ستراتیژییەکەی خۆی لا دە دات!

وەك چۆن ئەو لادانانەی لەلایەن مارکسیەستەکانەوە کراوەو لەمێژودا رویانداوە، هەر لە لێنینو ترۆتسکیەوە بیگرە تادەگاتە ستالینو پۆلپۆتو ماوسیتۆنگەوە تا دەگاتە کۆمۆنیستەکانی لای خۆمان بەتایبەتی ساڵی (**1974**) یا ئەولادانانەی لە ئیسلامدا رویانداوە و روئەدەن، بۆیە مەرجنیە هەرچی لادانێ رویدا لەلایەن پێڕەوانی

هزرێکەوە، ئیتر لەسەر ئەو ئایدۆلۆژییە ببێتەماڵو هەرچی هەڵگری ئەم هزرە هەیە بەوە تۆمەتبار بکرێ، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە! تاوانیشە حوکمی وابدرێ نازێتی لەئەڵمانیادا رویداوە کە خاوەنی دو جەنگی جیهانی گەورەیەو فەیلەسوفانی وەك هیگڵو نیتشەو فیختە و مارکسو سەدانیتری تیا هەڵکەوتوەو خاوەنی ئابورییەکی بەهێزو وڵاتێکی پێشکەوتوو خاوەن دەیان سەدە شارستانێتیبوە! کە ئەو سەردەمە پێویستی بە بازاڕبو بۆفرۆشتنی بەرهەمەکانیو خۆڕزگارکردن لەتەنگژەی ئابوری. یاخود ئیتالیاییەك کە کۆنترین شارستانێتیی تێیدا سەریهەڵداوە، رۆژانێ تا دەگاتە وڵاتە داگیرکراو و دابەشکراوەکەی منو تۆ لە ژێر پۆستاڵو سایەی شمشێری سەربازەکانیدابوینو ئاوی وڵاتەکەمان لێحەرامکرابو، دێیت بەراوردی دەکەیت بە نەتەوەیەکی کوردی داگیرکراو و دابەشکراو کە دەیەوێ لەو ماڵە داگیرکراو و دابەشکراوەدا بە ئازادی رێگەی بدرێ بە زمانی خۆی بخوێنێ، کەس ئەنفالو کیمیاوی بارانی نەکا، داوا دەکا لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کە دیموکراسێتی پیادە بکەن، ناسنامەی ئەو وڵاتەی بدەنێ، رێگەی بدەن بە زمانی دایکی بخوێنێت، کولتورەکەی لێ یاساخ نەکەن!

دەڵێی نەتەوەپەرستەکان لە هەردەمو جێیەکبن فاشیستو نازین، ئاخر ئەمە چۆن وایە! ئەم بڕیارە موتڵەقە تۆهمەیەو داهێنانێکی چەوسێنەرانەیەو بەپێی چ یاسایەکو ئایدیۆلۆژیایەکی ئەنتیکە ئەمە وایە! ئەمە وەك پەندە کوردیەکەی لێهات کە دەڵێ: (هەرچی سمێلی سوربوو هەمزە ئاغایە!).

ناسیۆنالیزم هزرێکە مەرج نیە لەهەمو شوێنێك وەك یەك بێ، ناسیۆنالیزم کۆمەڵێك تیۆریو بۆچونە، دەکرێ لێرە شێوەیەك بێو لە شوێنێکیتر شێوەیەکیتری هەبێ، بە شێوەیەکیتر خەبات بکات لە پێناو ئەو ئامانجەدا، ئەو ناسیۆنالیزمەی کورد باسی لێدەکات، بزافێکی سیاسیی شۆڕشگێرانەو ئازادیخوازانەیە، بانگی ئازادیو سەرفرازیو یەکسانیی نەتەوەی کوردە، داوای دەوڵەتێکی دیموکراسی دەکات کە تێیدا گەل خاوەنی دەسەڵات بێ، کار بۆکرێکاربێو زەویش بۆجوتیا، کەس بەری رەنجی

کەسی دیکە نەخوا. هیچ جۆرە چەوسانەوەیەکی تێانەبێ! یاسای مرۆڤپەروەرانە تێیدا سەروەربێ. هەمو تاکێك بەرامبەر یاسا ئازادو یەکسانبێ.

بۆ دەبێ ئێمە هەر یەکسەر دیوە خراپەکەی سەبارەت بەخۆمان هەڵبژێرین!؟ بەڵام بۆبێگانەش بەدەیان شێوە شتی بۆ دابتاشین، هەربۆئەوەی پاساوی بۆبهێنینەوە و بۆیراستبکەینەوە!!؟؟

کام رۆژ گوێت لێبو ناسیۆنالیستێکی کورد هاواربکا بڵێ دەبێ ئێرانو تورکیاو سوریاو ئێراك لەسەرزەوی بونیان نەمێنێ!؟ کام رۆژ لە نوسینێکی ناسیۆنالیستەکانی کوردا بەرچاوتکەوت کە خەڵك هانبدەن ئەرەبو تورکو فارس قڕبکەن؟ لەکاتێکدا کە ئەوان بەرۆژی روناك خاکەکەی ئێمە وێران دەکەن، نەتەوەکەی ئێمە قڕدەکەن، دەبوایە بەپێی فەلسەفەی هەمو کارێ کاردانەوەیهەیە رۆژێك ناسیۆنالیستێکی کوردیش

باشە وا من ئەم رێگەیەم وازلێهێنا کە هەڵم بژاردوە لەپێناو کەمە خزمەتێك بە کورد، خۆم ناخەمە ناو (داوی نەتەوەپەرستیەوە کە داهێنانێکی چەوسێنەرانەیە بەهەمو جۆرەکانیەوە هەردەمیش دەیانەوێ قوڵو قوڵتری بکەنەوە چونکە رەگەزپەرستی کرۆکی پێکهاتەی ئەو ئایدۆلۆژیانەیە کە ئێستا بەناوی دیموکراسییو لیبریالیو ئازادییە خودپەرستیەکانی نێو سیستەمی نەخۆشو دوژمنکارانەی زاڵی ئێستای جیهان خەڵکی ناهۆشیارو داغان بەفەرهەنگی کۆنەپەرستانەی دینەکانو پیاوسالارییو ئەفسانە دابونەریتە دواکەوتوەکانی نێو کۆمەڵیان پێهەڵدەخەڵەتێندرێ)٠ چونکە نامەوێ هەڵمخلەتێننو هەڵخلەتێنرێم وەك تۆ لە ناو ئەو کەوانەیەدا نوسیوتە، ئەی چ رێگەیەك بگرمە بەر وا وازم لە نەتەوەپەرستی رێکو راست هێنا چونکە مانای رەگەزپەرستییە! دیموکرسێتی گوایە بەرهەمی ناسیۆنالیزمە، لیبرالێش ئەوە لەو خراپترە چونکە داهێنانی سەرمایەدارییە! ئێ کەواتە چی چاکە؟ دەمێنێتەوە گۆڕینی ئەم دیکتاتۆرە بەو دیکتاتۆرەیتر، وەك دەڵێن: (کەرێکم دا

بەکەرێ سندان لە بنا گوێی دەرێ!) تۆش وەك من رەفزت کردوە لەمەیاندا پێدەچێت گەر یەکیش نەگرینەوە بەڵام لە یەك نزیکبینەوە!

نەتەوەپەروەر دەست بۆ دوژمن درێژ بکەو بەکرێگیراویی بۆبکە! ئەمەت لەکوێهێنا!؟ جا کە تۆ دەستت بۆدوژمن درێژکرد ئیتر چۆن نەتەوەپەروەریت!؟ نەتەوەپەروەرەکان دەڵێن هۆی هەرەسەرەکیی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی کورد ئەوەبوە کە سەرکردە و رابەرانی کورد پشتیان بە داگیرکەرێك لە داگیرکەرەکانی کوردستان بەستوە لەپێناو روخاندنی ئەو داگیرکەرەی پارچەی شۆڕشەکەی تیا هەڵگیرساوە، واتە پشتبەستن بە داگیرکەران یەکێ لە هۆ هەرەسەرەکییکانی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی کورد بووە! بۆیە دەڵێن کورد دەبێ پشت بەنەتەوەکەی خۆی ببەستێت نەك بەدوژمنانی، جا ئەمە لەکوێو ئەوە لەکوێ؟!

خۆزگە بەو لۆجیکەی تۆ مافەکانی کورد بەدیبهاتایەو پێویستی بە قوڵکردنەوەی جیاوازیەکان نەکردایە،بەڵام دەڵێی چی، منیش لەگەڵ تۆ و (تاگور)دا دەڵێم( خوایە نەبمکەیت بە مەڕ قەساب سەرم ببڕێتو نەبشمکەی بە قەساب مەڕ سەرببڕم) ئێمە لە هەلومەرجو بارێکدا نیین کە مەڕ سەرببڕینو ناشمانەوێت هیچ مەڕێك سەربڕین، نەك تەنها ئەمڕۆ لە هەمو کاتێکا! تەماشاکە چیان پێنەکردین لە ئەنفالو کیمیاویو زیندە بەچاڵکردن، وەڵامی ئێمەش چۆنە بۆیان! گەر لەهەڵەبجە بوبی لەپاش کیمیاوی بارانەکە دەزانی چەند سەربازی رژێمە فاشیەکە بەرەڵاکراو نەکوژران لەتۆڵەی هەڵبجەدا، ئەوە نمونەیەکی بەرچاوە بۆیە لێرەدا باسی دەکەم! ئێمەی ژێردەستە لەوەتەی هەین هەر سەرمان دەبڕن، بڕوا بفەرمو بەو لۆژیکەی تۆش، قەسابەکان واز لەسەربڕینمان ناهێنن. ئەوانن کە جیاوازیەکان قوڵترو قوڵتر دەکەنەوە نەك ئێمەی مەڕ، وەك مامۆستا مەسعود موحەمەدی نەمر دەڵێت (مەڕ ئامادەیە خواردنی گۆشت حەرام بکات بەمەرجێك شێرو گورگو پڵنگ رازیبن)، ئەوانن رازی نابنو بەبێخواردنی گۆشت ناژین، نەك ئێمەی مەڕ. هەر ئەوانیشن جیاوازیەکان قوڵتر دەکەنەوە. ئەوە ئێمەی مەڕ نین کە قوڵی دەکەینەوە! ئێمە

هەمیشە داماو و بەشخوراو و چەوساوە و ژێردەستەبوین، جا بۆیە تکات لێدەکەم تۆش هاوبیری نەگبەت سەرمەبڕە و دارکاریشی مەکە چونکە بەرگەی هیچیتر ناگریێ! خۆزگە بەخۆزگە وەك تۆی بەرێز باسی کۆمۆنیستو چەپەکانی کوردستان دەکەی، وابونایە جا دەیان توانی خزمەتێکی گەورە بە کوردو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بگەیەنن! بەڵام بەداخەوە وانەبون! تەماشای سێچارەکە سەدەی مێژوی کۆمۆنیستەکانی کورد بکە، بەڵام بە چاوێکی کوردانەوە، گەر وا بوایە وەك تۆ دەیڵێی، بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئەوان دەیانگرتە دەست نەك ئەو ئەحزابە نا نەتەوەییو نا پرۆلیتاریانە، بەداخەوە کە وانیە. لەکاتێکا شۆڕشی کورد لە خواروی کوردستاندا سەریهەڵدا لە 75٪ زیاتری کورد کۆمۆنیستبو بە باوکی منیشەوە کە شێخو کۆمۆنیستبو، بەڵام کێ بۆکورد دەستی بە خەباتکرد ئەوە گرەوی بردەوە.

من لێرەوە وەك نەتەوەییەك، دەستخۆشی لەو کۆمۆنیستانە دەکەم کە هەڵگری دروشمی جیابونەوەی کوردستاننو دژی گەندەڵی وەستاونەتەوە لەپێناو مافی نەتەوەکەیاندا خەبات دەکەن. خۆزگە هەر لەیەکەم رۆژی دروستبوونیانەوە وابوونایە، بەڵام زەرەر لەنیوەیشی بگەڕێتەوە هەرباشەو لە قازانجی کوردە. هیوادارم تۆی بەرێزیش وەك کوردێك ئەم رەخنە و گلەییانەی من قبوڵ بفەرمویتو لە دڵی نەگریتو لە روانگەی ئازادیی رادەربڕینەوە، گەرچی جیاوازیش بین لە بۆچوونەکانماندا بەڵام هەردوکمان کوردینو دڵمان بۆنەتەوە و نیشتمانەکەمان لێدەدا! کاك کامیل ژیریش وەك کوردێ لەپێناوی زیاتر خوێن نەڕژاندنی کوردا چەن رێگە چارەی خستۆتە رو، یەکێك لەوانە زۆرکردنی ژمارەی کوردە لە خواروی کوردستاندا چ بە ڕیگەی هاتنو کۆچکردنی کوردی پارچەکانی تری کوردستان بۆخواروی کوردستانو نیشتەجێکردنیانوە بەهاندانی زۆربونی منداڵبون لە لایەن هەر خێزانێکەوە یاخود بەهێنانی دوژ، واتە فرەژنی لەلایەن پیاوێکەوە. وەك لە پێشەوە باسمکرد ئەو خۆی دژی ئەمەیە، دەڵێ ئەگەر بەپێی ئاینیش رەوابێ ئەوا خراپترین رەوایە وەك چۆن دەوترێت بێزراوترین حەڵاڵ تەلاقە بەڵام (دەڵێ بۆماوەیەك لەخزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەدا ئەمە بکرێ لەوانەیە لە شەرو کوشتار باشتربێ

بۆكۆتاییهێنان بەوكێشە نارەوایە )چونكە ئەو پێی وایە كە خوێنرشتن بۆمرۆڤ نەهاتوە چ كورد وەك نەتەوە چ گەلانیتری دراوسێ، گەرچی وڵاتەكەشیان داگیركردوین، زیانیان پێدەگا، بۆیە ئەم ڕێگە چارەیەی هێناوە لە خزمەتی كوردا! لای مرۆڤی نەتەوەیی، خزمەت بەنەتەوە، سەرو هەمو شتێكیتر دەكەوێتەوە، ئەو وای بۆ دەچێ، تۆش دەتوانیت خۆت چۆن بەچاكی بزانیت وا باسی لێبكەیتو رەخنەی خۆشتبگریو وەڵامیان بدەیتەوە. بەمە هەم پڕۆژەكە بەسودتر دەبێ هەم باشترین ڕێگە چارەیەكیش بۆكێشەی كوردو ناوچە داگیركراوەكان دەدۆزرێتەوە. گەر لەگەڵ رایەكەشیدا نەگونجای ئەوا لەوانەیە خەڵكی دیكە هەبێ وەك ئەو بیربكاتەوە، وەك چۆن هەشە وەك تۆ بیردەكاتەوە. مرۆڤیش ئازادە لە بیركردنەوەیدا بەتایبەتی لەم ئەوروپای سەرمایەدارییەدا!.

*

**<u>پرسی دەوڵەتو دەسەڵاتێكی گونجاو</u>**

**بۆ هەر دەردێك زانینی 3ڕێگە پێویستە:1-پەیبردن بەدەردەكە 2-هۆكەی 3-چارەكەی.**

**بۆكێشە گەورەكەی كوردیش، هەمان سێ رێگە:-**

**<u>یەكەم</u>: دەردەكە چیە؟ بێ دەوڵەتیە.**

**<u>دوەم</u>:بۆیە دەوڵەتمان نیە، چونكە لەدێر زەمانەوە، كورد كۆمەڵكوژ ئەكرێ. لەدوای هەرەسی دەوڵەتی مادەوە، فارسەكان كەوتنە كۆمەڵكوژیی كورد. فتوحاتی ئیسلامی قەلاچۆی كوردی كرد. هێرشی مەغۆلەكان كۆمەڵكوژیی كوردیشی گرتەوە. عوسمانیو سەفەوی هەریەك بەجۆرێ كوردیان كۆمەڵكوژ كردوە. ئەنكەرەو تارانو بەغاو شام، درێغیان نەكردوە لەكۆمەڵكوژیی كوردا. چەندین نمونەیتر، دواجار داعشو حەشدیش.**

ئەم کۆمەڵکوژیانە، کوردیان بەچەترسێنکردوە وەك ئەو منداڵەی کە باوکی بە لێدانی زۆر بەچەترسێنی ئەکاتو منداڵەکە لەکۆڵان یا قوتابخانە، منداڵانیتر بەئاسانی ئەیبەزێنن. واتا منداڵەکە هەر لەماڵەکەی خۆیەوە کەسێتییەکەی شکست ئەهێنیو لەناخیدا باوەڕی بەخۆی نامێنێ کەئەتوانێ ئەویش زاڵبێ بەسەر منداڵێکیتردا!. لەبەرئەوە هەمیشە وایپێخۆشئەبێ ببێتە خواردەستو پاشکۆی منداڵیتر.

کوردیش هەر وایبەسەرهاتوە. لە نەست(لاشعور)یدا باوەڕی بەوەنەماوە کەئەتوانێ زاڵبێ بەسەر ئەوانەدا کەکۆملکوژیانکردوە، باوەڕی بەوەشنەماوە کەئەتوانێ خۆی فەرمانڕەوایی خۆیبکا بەهۆی ئەو شکستانەی هێناویێتی! هەمیشە ملکەچە بۆئەوەی نەتەوەیەکیتر فەرمانڕەواییبێو ئەمیش نۆکەرێتیی بۆبکا! بەدەربڕینێکیتر، کورد توشی گرێی دەرونیی خواردەستیبوە. واتا لەنائاگاییدا وائەزانێ کە فەرمارەواکەی هەر ئەبێ بێگانەیەکبێ!. لەمەوە دیاردەی جاشێتیش دروستبوە. ئدریسی بەتلیسی بەم دەرونە سەقەتەوە میرنشینییە کوردییەکانیکرد بەپاشکۆی عوسمانی. شازدەی ئکتۆبەریش هەر بەوجۆرە!.

لەهەمو گشتێکدا دەگمەنیش هەیە. لەناو کوردیشدا کەسی وا هەڵکەوتوە کە باوەڕی بەخۆیبێ. شۆڕشی بەرپاکردوە، یا قەوارەیەکی سیاسیی بۆ کورد پێکهێناوە، بەڵام چونکە هاوکارەکانیو نەتەوەکەی لەناخیاندا شکستخواردوبون، باوەڕیان بەوەنەبوە کە ئەو سەرکردەیە سەرکەوتوئەبێ، یا ئەو قەوارەیە تاسەرئەبێ، بۆیە نەك هەر بەرگەی هێرشێکی داگیرکەریان نەگرتەوە، بەڵکو هاوکاریشبون لەگەڵ ئەو داگیرکەرەدا، واتا بە نرخێکی هەرزان، یا بەبێ هیچ نرخێك، بون بە جاشی ئەو داگیرکەرە. یا بەلایەنی کەمەوە تەنیا دەوری سەیرکەریان بینیوە!.

لەگۆشەیەکیترەوە، داگیرکەرانی کوردستانیش، بەبێ ترس، کۆمەڵکوژیی کوردیانکردوە، چونکە زانیویانە ئەگەر کورد لەشەڕێکدا سەریشکەوێ، کۆمەڵکوژیی ئەوان ناکا! لەبەرئەوەی خاوەن کەسێتییەکی شکستخواردوە، نەك لەبەرئەوەی کورد

مرۆڤدۆستە وەك هەندێ رۆشنبیری ترسنۆك ئەیڵێنو فەلسەفەی مرۆڤایەتیمان پێئەفرۆشن!! جائەگەر لەو هەلانەدا کەبۆ کورد رێکەوتون، کۆماڵکوژیی دوژمنمان بکردایەتەوە، ئەوا ئەوان، یا جارێکیتر پەلاماریان نەئەدایەنەوە، یا لەترسی تۆڵە، زاتی ئەوەیان نەئەکرد کۆمەڵکوژمان بکەنەوە. ئەم بارە دەرونیە شکستخواردوە وایکردوە کە تۆڵە لەجاشو گەندەڵو ناپاکانی ناوخۆش نەکرێتەوە!.

لەمبارەیەوە هەندێ نمونە: سەلاحەدینی ئەیوبی و ئەبو موسلیمی خۆراسانی، بەو لەشکرە زۆرەی هەیانبو، ئەیانتوانی تۆڵەی کۆمەڵکوژیی (فتوحاتەکانی ئەرەب) بکەنەوە، یاهیچنەبێ قەوارەیەك بۆ نەتەوەکەی خۆیشیان درۆستبکەن، نەیانکرد!. دوای راپەڕین، هەمو ئەو هێزە چەکدارانەی کوردیان ئەنفالکرد، کەوتنە دەست کورد، کەچی لەجیاتی تۆڵەسەندنەوە، داڵدەدرانو بەرێزەوە گەیەندرانەوە زێدی خۆیان!. جاشو گەندەڵو ناپاکانی ناوخۆش نەك هەر سزانەدران، بەڵکو پاداش درانەوە!. فرۆکەوانە تورکومانەکەی کە هەڵەبجەی کیمیابارانکردو کەوتەدەس کورد، بەرەڵاکرا!. دوای **2003** ئەرەبو تورکومان، کەرکوکو دوزو ناوچە کوردییە داگیرکراوەکانیتری کوردستانیان بەجێهێشت، کەچی دو هیزبە گەندەڵەکە چون بەرێزەوە هەمویانیان هێنایەوەو دەوڵەتی ئیراکیشیان نۆژەنکردەوە، ئەوانیش لە **16**ئوکتۆبەری **2017**دا جارێکیتر کوردیان کۆمەڵکوژ کردەوەو ناچاریانکردن لەهەندێ ناوچەدا زێدی خۆیان جێبێڵن چونکە ترسی پەرچەکرداری کوردیان نیە. ئەوەتا ئێستە، لەجیاتی خۆڕێکخستن بۆتۆڵە، لەنێوان سلێمانیو هەولێردا پێشبڕکێیە بۆئەوەی هەرێم زیاتر بخەنە ژێر بالی بەغدادەوە بەناوی دەستورو دانوستانەوە!. دانوستانەکەش بۆ بوجەو موچە، نەك بۆ سەندنەوەی ناوچە داگیرکراوەکان، یا تۆڵەی کۆمەڵکوژییەکە!! ئەوە لەکاتێکدا کورد لە**16**ی ئوکتۆبەردا بەشەڕ نەیدۆڕانوەو پێشمەرگەش شکۆی نەشکاوە. ئێستاش ئەکرێ ئەو ناوچانە بەهەمان شێوازی ئەوان بسەنرێنەوە نەك بەپاڕانەوەو دانوستان یابەدەستورو مادەی ئێکسپایەری **140**. پێشمەرگە هیچکات ئەوەندەی ئێستە بەژمارە زۆر، پڕ چەکی قورس، پاڵپشتی نێودەوڵەتیو وەرەی بەرز نەبوە. بەڵام رابەرایەتییەکەی متمانەی بەخۆینیە! یا تەنیا لەخەمی پاراستنی سامانە

ناڕەواکەیایەتی! ئەگینا ئەوە چ بیرکردنەوەیەکە ئەو رابەرایەتییەی بەو هەمو هێزو چەکی قورسو ورەی بەرزی پێشمەرگەوە نەیتوانی ئەو شوێنانە بپارێزێ، ئێستە بەدانوستان ئەتوانێ بیانسەنێتەوە!؟

ئەم گرێی خواردەستییە، لەڕابوردوەوە، رەگی بەناخی کوردا رۆچوە. کەریم خانی زەند، دوای مردنی نادر شا، **29**سال ( **1750** تا**1779** )فەرمانڕەوایی هەمو ئێرانی کەوتە دەستو ئێران ناونرا دەوڵەتی زەند، زەندییەکانیش کوردن. بەسرەش کەوتە ژێردەستی ئەو دەوڵەتە، کەچی کەریم خان لەجیاتی ئەوەی نازناوی پاشا لەخۆی بنێ، نازناوی (وەکیل)ی لکان بەخۆیەوە، مەبەستی ئەوەبو کە بەوەکالەت فەرمانڕەوابێ تا کوڕەکەی نادر شا گەورە ئەبێ، ئەوسا جڵەوی فەرمانڕەوایی ئەگێڕێتەوە بۆ نەوەی نادر شای فارس!هەر واشیکرد!! جگەلەوە چەندین هەلیتر بۆکورد رێکەوتوە کە دەسڵاتی هەمو ئیراك یا سوریا بگرێتەدەست، کەچی ئەو هەلانەی لەدەستداوە چونکە باوەڕی بەخۆی نەبوە، لەبەرئەوەی کەمینەیە! کەچی کەمینەی سونە لەئیراك **1921**تا **2003**و کەمینەی عەلەوی لەسوریاو کەمینەی فارس لەئێران تا ئێستا فەرمانڕەوان!. کوردیش ئەیتوانی، یائەتوانێ دەسەڵاتی پایتەختێك بگرێتە دەست. بەناو، هەربەناوی ئەوانەوە. بەڵام بەناوەرۆك، بۆ راژەی خۆی.

<u>سێیەم</u>: چارەسەریەکان:

ا)پێشەکی ئەبێ ئەو راستییە بزانین کە ئەم هەرێمی کوردستانەی ئێمە، بۆتە راستییەکی چەسپاو و بۆهیچ هێزو دەوڵەتێکنیە لەناویبەرێ. بەتایبەتی ئێستە لەبەرژەوەندیی زلهێزەکانە کەبیپارێزن، سەرباری بڕیارەکانی **688**و هێلی **36**و ناوچەی دژەفڕینو ئارامو دەریایەك نەوتو گاز.

ب)بۆئەم دۆخەی ئێستاو بۆپرسی دەوڵەت بەگشتیو بەکورتی، ئەوەیە کەسێك یا هێزێکی چەکداری نیشتمانیو دیکتاتۆر، جڵەوی کار بگرێتە دەستو ئەم ئەرکانە ئەنجام بدات:

1- دامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتوی رزگاریی مۆدێرن (هەر بەناوی پێشمەرگەوە لەهەردو رەگەز)و پڕچەککردنی بەهەمو جۆرە چەکێك بەچەکی ئاسمانیشەوە. تەنیا ئەو سوپایەو رابەرەکەی جڵەوی شەڕو بەرگریو کارو سەرکردایەتی وڵات بگرێتە دەس، نەك ئەوانەی 27ساڵە لەزەلکاوی گەندەڵیدا مەلەئەکەن.

سەبارەت چەك، چەندین سەرچاوە هەیە کە ئامادەن چەکی قورسو فڕۆکەو چەکی ئەتۆمیش بەقەرزی نەوتو گاز بفرۆشن. ئەوسا ناوچە داگیرکراوەکانیش بەئاسانی ئەسەندرێنەوە.

2- رونکاری (شەفافیەت) لەداهاتو خەرجییەکانداو وردبینیکردنیانو گلدانەوەی بەشێك لەداهاتی گشتی لەبانکی ناوەندا بۆیەدەك.

3-بنەبڕکردنی گەندەڵیو سزای ناپاکو گەندەڵکارو سەندنەوەی ماڵی دزراو. بەنەهێشتنی گەندەڵی، ئەبینە خاوەنی ئابورییەکی ئەوتۆ کەپێویستیمان بەبوجەو موچەی بەغدا نامێنێ.

4-پەروەردەی کوردایەتی لەمنداڵییەوە. ئەگەر ئەوە نەکرێ، ئەوا ناخی نەوەکانمان بەپەروەردەی دژەکوردایەتی پڕئەکرێتەوە.

5- رزگارکردنی کورد لەگرێی خواردەستیو وازهێنان لەبەزەییو درۆی مرۆڤایەتی. لەهەر لایەکەوە رێکەوت، ئەبێ بەهەمان شێوازی دوژمن وەڵامبدەنەوەو دەس بوەشێنن. ئەگەر ئەوەنەکرێ، چەندین جاریتر کۆمەڵکوژ ئەکرێینەوە.

6-یاسا، بەڕاستی سەروەربێو ئەنجومەنی وەزیران لەکەسانی پیشەوەر (تەکنۆکرات) پێکبێ.

7-نەهێشتنی پارتایەتی تا هوشیاریی نەتەوەیی ئەگاتە ئاستێکی بەرز. ئەو گەڕەلاوژەی پارتایەتییەی ئێستە، شێرپەنجەی کوردە.

8-نەهێشتنی درۆی دیموکراتی. دیموکراسی لەکۆمەڵگەی دواکەوتودا، واتا دەسەڵاتی زۆرینەی خراپ بەسەر کەمینەی باشدا. یا هەر ناوێکی بێ ناوەڕۆکە.

9-سیستمی پەرلەمانی دوابخرێ بۆدوای سەربەخۆیی.

10-لەدۆخی نائاساییو تەنگژەی ئابوریدا، تەنیا ئەوەندەی رادەی کەمی ژیان، موچە دابینکرێ بۆموچەخۆران بەیەکسانی (وەکیەك) لە سەرەك وەزیرانەوە تا بچوکترین موچەخۆر. خۆ ئەگەر پلە بەرزەکان بۆ ماوەیەکی گونجاو خۆبەخشانە کاربکەن، ئەوا ئەبنە نمونەیەکی باش بۆئەوەی پلە نزمەکانیش بەموچەیەکی کەم رازیبن تا کۆتایی تەنگژە ئابورییەکە.

11-خۆماڵی (تامیم) کردنی زەویو بەگرێبەستی درێژخایەن بدرێ بەکرێ بەکەرتی تایبەتو بەکۆمپانیای بیانی بۆ مەبەستی وەبەرهێنانی کشتوکاڵیو پیشەسازیو گەشتیاریو ئاژەڵداریو گەشەدانیان، واتا گەشەی ئابوری لەهەمو رویەکەوە بەکەرتی نەوتو گازیشەوە. ئەوی ئەرکەکەی ئەنجامنەدا، سزابدرێ.

12-لەم دۆخەماندا، تەنیا یەك زانکۆو یەك دەزگای راگەیاندن بەسە. ئەوانیتر پارەبەفیرۆدانو بێ بەرهەمن. بەگشتی دەسگرتنەوە (تقشف) لەهەمو بوارەکاندا.

13-دڵنیایی تەندروستی بۆهاولاتیانو پەرە بەنەخۆشخانە گشتییەکان. خەستەخانەی ئەهلیو نۆڕینگەو ئەزمونگە تایبەتەکان نەهێڵرێو موچەی پزیشکو ئەزمونکارو مامۆستا بەپێی بارستایی کارەکانیانو ژمارەی وانەکانیانبێ.

14-- دەستورێ سەروەریی یاساو ئازادیو یەکسانیو مافی پێکهاتە ئاینیو نەتەوەییەکانو مافی ئافرەتی تیاپارێزراوبێ.

15-لەهیچ کاتێکا هەمو هێلکەکان نەخرێنە سەبەتەیەکەوە. ئەبێ ئەو راستییە بزانین کە زلهێزەکان هەمیشە چاویان لەنیشتمانو لەسامانە سروشتییەکانمانە. بۆئەو مەبەستە، هەر لایەکیان بەجۆرێ یاری بەئێمە ئەکەن. ئەبێ ئێمەش خۆمان

هەرزانفرۆش نەکەین بەهیچ لایەکیان. بەڵکو پێویستە ئێمەش گەمە بەهەموویانو بە چوار داگیرکەرەکەشمان بکەین.

16-ئەگەر گەندەڵی نەهێڵین، پێویستیمان بەبوجەی بەغدا نابێ.

17-ئەگەر ژمارەی موچەخۆرانی میری بەرێژەی 75٪ کەمکرێنەوە، کەرتی تایبەتیمان ئەبوژێتەوەو بەرهەمی کشتوکاڵیو پیشەسازیو ئاژەڵیو بەروبومیان بەجۆرێ پەرەئەسەنێ کە هەناردەکردنمان لەهاوردەکردنمان زیاتربێ.

بنەما گشتییەکان:

ا- کوردایەتی، راگری بونو مانی ئێستەو ئایندەمانە. بیروباوەڕەکانیتر، فەلسەفەی ئەو جۆرە کەسانەن کە بەبڕوانامەیەك یا خوێندنەوەی چەند کتێبێك خۆیان لێئەبێتە فەیلەسوف. هەروەها فەلسەفەی ترسنۆکەکانو نەزانەکانو ئەوانەی لەئەنجامی گرێی دەرونیو خواردەستییەوە باوەڕیان بەخۆیانو نەتەوەکەیان نیەو..تاد.

ب- هەمو نزیکبونەوەیەك لەداگیرکەران، دورکەوتنەوەیە لەسەربەخۆیی.

ج-سەربەخۆیی کوردستان لەهەمو هەلێکدا کاتیەتی.

د-نۆژەنکردنەوەی ماڵی داگیرکەران، وێرانکردنی ماڵی داگیرکراوانە.

هـ- ئاشتیو برایەتی لەنێوان داگیرکەرو داگیرکراوا، کۆیلەیەتییە بۆدوەمیان. ئەبێ کوردستان لەجەنگێکی گەرم یا ساردابێ تا رزگارکردنی دوا بستە خاکی.

و-وەرگرتنی هەر پۆستێکی وەزاریو پەرلەمانیو سەربازی لەناو دەسەڵاتی داگیرکەرانا، دەرزییەکی سڕکەرە لەجەستەی کوردستان. مەگەر بۆمەبەستی قۆستنەوەی هەلێك بۆ دەسەڵات بەپێی پلانێکی تۆکمە. ئەشێ ئەمە یەکێکبێ لەچارەسەرییە کاریگەرەکان.

ز-خواپەرستی، پێویستی بەمزگەوتو کەنیسەنیە. باهەرکەس لەماڵی خۆیا خواپەرستیی خۆی بکا. مزگەوتو کەنیسەکان بکرێنە مەڵبەندی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی.

تێبینی: وەك چۆن ژینگەکان چونیەکنین، کۆمەڵگەکانیش چونیەکنین، هەرکۆمەڵگەو لەهەر سەردەمو بارودۆخێکا، جۆرە خەباتێکو جورە سیستمێکو جۆرە بیروباوەڕێکی بۆئەگونجێو گەشەی پێئەدا. واتا ئەبێ کاڵا لەقەد بالأبێ. ئەم بەرنامەیە کاڵای بەقەد باڵای ئەمڕۆی باشوری کوردستانەو لەهەلی گونجاودا دەوڵەتیش دابینئەکا. ئایندە، بەرنامەی جیاوازی خۆی ئەبێ. ئەم بەرنامەیەش پێشنیارەو شیاوی لێکۆڵینەوەیە لەهەر بەڕێزێکەوە.

**2018/1/9**

---

## ئەو شەڕانەی یەخەیان گرتوم

سروشتییە کەسانێکی نەبزوت، هیچ شەڕێکیان پێنەفرۆشرێ. بەڵام ئەوانەی لەم دنیا جەنجاڵەی ئەمڕۆماندا ئەبزوێن، ئەبێ چاوەڕوانی ئەوەشبن شەڕ یەخەیان بگرێ. من ئەگەرچی ،ناڕەوا، زیانم بۆکەسنەبوەو شەڕم بەکەس نەفرۆشتوەو ماڵی هەرامم نەخواردوەو هەمێشە لەخزمەتی نەتەوەکەمدابومو لەوپێناوەدا توشی گەڵی زیانو زیندانیو نزیك لەمەرگو لەخوێندن دواکەوتنو...تاد بوم، بەڵام دو جار شەڕی پێنوس یەخەیگرتوم. جا لەم پەرتوکەدا کە سەبارەت مێژوی ژیانمە، ناکرێ ئەو دو شەڕە، لەخوێنەرەوەی یادەکانم بشارمەوە.

1-ساڵی **1960** دوەم دیوانی هۆنراوەکانم بەناوی (کوردایەتی بیروباوەڕمانە-ئامانجی نزیکو دورمانە)وە، بڵاوکردەوە. کاك مەهمەدی مەلا کەریم، لەکابەی ئامالی کوردانەکەی بەشیر موشیر لەبەغدا، دەستی پیرۆزبایی بۆئەو دیوانە خستەدەستم.

کەچی زۆرینەبرد هەر لەو ساڵەدا، لە نامیلکەیەکی بچوکدا، بەناوی (کوردایەتییەکەی کامیل ژیر لەژێر نەشتەری لێکۆڵینەوەدا) کەوتە پەلاماردانم!.

برای هاوبیرم کاکە جەمال نەبەز بەپەرتوکی (نەشتەرە کولەکەی هەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتیدا، بەناوی زەردەشتەوە) چاپی **1960** وەڵامیدایەوە. شیاوی وتنە، دیوانی کوردایەتییەکەم، جگە لەچاپی یەکەم، چوارجار لەلایەن کتێبخانەی سەیدیان لەسنەو دو جار لەلایەن هاوبیری خۆشەویستم کاکە فوئاد سەراج، چاپکراوەتەوە. پەرتوکەکەی زەردەشتیش، جگە لەچاپی یەکەم، کاکە فوئاد دوجار چاپیکردۆتەوە. ئەو دیوانو پەرتوکە، رەنگدانەوەیەکی بیروباوەڕەکانی کاژیکبونو زۆر کەسیان خستە سەر رێبازی کوردایەتی.

**2**-ساڵی **2002** کاك هسێن مهەمەد ئەزیز، بەناوی (دیدی نەتەوەییو نانەتەوەیی)ەوە، پەرتوکێکی بڵاوکردەوە کە لێوانلێبو بەجوێنو تۆمەت بەرامبەرمن. منیش بەوتارێك لەپەرتوکی (کوردایەتی بیرو بزاڤە)دا چاپی **2006** وەڵامێکی بابەتیانەو هێمنانەم دایەوە. دوایی ئەویش رۆژی**28/2/ 2009** لەرونکردنەوەیەکدا کە لەلاپەڕە **400** ی دیوانی (کوردایەتی و جوانی)یەکەی مندا چاپی **2010** و پەرتوکێکی خۆیدا بە واژوی خۆی، بڵاوکراوەتەوە، پەشیمانیی خۆی لەپەرتوکەکەیو تۆمەتەکانی پیشانداوەو ئەڵێ هیچی راستنیە.

وەك وتم، ئەمە مێژوە. بۆکەسێك کە بەشوێن زانیاریدا بگەڕێ لەو سەردەمەدا، با ئەو سەرچاوانەش بخوێنێتەوە. بەسوپاسەوە.

*

## ئارەزوەکانم

**1**-خوێنەنەوەو نوسینو وێژەو سیاسەت: یەکەم ئارەزومە.

**2**-وەرزش: لەتەمەنی هەرزەکاریمەوە ئارەزوی وەرزشم هەبوە. لەگەل وەرزشا بەردەوامبوم تائێستاش. سەرەتا خەریکی ئاسنبەرزکردنەوەبوم، خواستی تۆپێنم هەبو بەڵام بەهۆی کاری زۆرەوە بۆمنەلوا. لەماڵا هەمێشە یاریی سویدیو یۆگامکردوەو ئەیکەم.

**3**-شانۆ: لەهەنێ شانۆگەریا، وەك ئەکتەر بەشداریمکردوە، لەوانە: ئوتێلۆ، جانفالژان، هەنێ لەشانۆگەرییەکانی یوسف ئانی، ئەلەورگەی نەخۆش. خۆشم هەنێ شانۆنامەم نوسیوە وەك گەورەپیاوو ئافرەتو نوشتە. ساڵێکیش لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەبەغا بەشی نواننو دەرهێنان خوێنومە. یەکێکیشبوم لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئاوازی کوردی لەگەڵ شەماڵ سائیبو ئەهمەد دەنگ گەورەو تایەر تۆفیقو هەنێ چالاکیی هونەریو شانۆییمان ئەنجامدابو لەبەغاو سلێمانیو هەولێر.

**4**-یارییەکان: یەکەمجار دامە. لەگەڕەکی ئێمە- سەرشەقام لەچاخانەکەی ئەزیز، گەورە دامەزانەکانی وەك ئەمینە فەنی، سەی خەلیلو بەشیرە فەنیو زۆریتر، دامەیانئەکردو لەوانەوە فێربوم.

لەگرتوخانەکانا فێری شەترەنجبوم. لەهەویری ناوی سەمون، داشەکانمان دروستئەکردو بەدوکەڵی جگەرە نیوەیمان رەشئەکرد.

لەیانەی فەرمانبەرانی سلێمانی، بلیاردۆم ئەکرد. ئەلی ئەهمەدی تەهاو هەمەغەریب باش یارییانئەکرد. دوای چەن ساڵێ، کۆمەڵێ کەرکوکی، یابڵێین ئەوانەی لەکەرکوکا ژیابون، وەك هەسەنە فەنی، هیوا نەقشبەندیو هەمەسەئید داقوقی کەیاریزانی باشبون، تێکەڵاومانبونو ساڵانە پێشبڕکێمان ئەکرد.

*

## گەشتەکانم

گەشت: خوازیاری گەشتو گەڕانو سەیرانبوم. هەمو شارەکانی باشوری کوردستانو ئیراکم دیوە. ساڵێ لەئێران شارەکانی پاوە، مەریوان، سنە، سەقز، میاندواو، ورمێ، نەغەدە، شنۆ، خانە، کرماشانو قەسری شیرینو سەرپێڵی زەهاو گەڕاوم. چەنجارێ چومەتە تورکیا، شارەکانی باکوری کوردستانو ئەنکەرەو ئەستەمولو چەن شارێکیتر گەڕاوم. لەسوریا چومەتە قامیشلۆو دیمشق. لەبولگاریا چومەتە سۆفیاو ڤارنا. لەرۆمانیا چومەتە شارێکی تەنیشت ڤارناى بولگاریا. لەهەنگاریا چل رۆژ لەبۆداپستبوم. لەسویسرا پێنج مانگێ لەجنێڤو سەردانی لۆزانو زۆریخیشمکردوە. سێ جار چومەتە ڤیەنا لەنەمسا. چوار جار چومەتە ئەڵمانیا پێنج مانگێ لەبەرلینو کۆڵن ماومەتەوەو شارەکانی بۆنو میۆنشنو دۆزەلدورفو سینگنم دیوە. دوجار سەردانی ئەمێستردامم لەهۆڵەندا کردوە. دو جار چومەتە پاریس. بەڕاگوزار دو جار بەبەلجیکادا تێپەڕیوم. بیست رۆژێ لە ستۆکهۆڵم- سوید ماومەتەوە. لەئەمریکا دو مانگ ماومەتەوەو سەردانی شارەکانی ئەتلەنتاو ناشفیڵ لەتێنیسیو واشنتۆنو نیویۆرکو تاڤکەکانی نیاگاراو لاسفیگاسو لەکالیفۆرنیام کردوە، چومەتە ساندیاگۆو کۆرۆدۆناو لۆس ئەنجلسو هۆلیۆد. سێ مانگ لەبەریتانیا لەشارەکانی لەندەنو مانجستەرو هەدەرسفێڵدو لیدس ماومەتەوە.

لەیادگارییەکانی ئەو گەشتانەما، ئەم هۆنراوانە هاتنەبەرهەم:

لەمهاباد: جێگەی داخە درەنگ هاتم بۆ مهاباد، هەموی پەری

بریا لێرە خونچەی دڵم بکرایەوە ، گەڵای وەری !

لەبۆدابست: لەدیسکۆکانی بۆدابست کۆڕی ئاهەنگ گەرمو گوڕە

سەرشانۆی جوانی رازاوە، پڕ لەکچە، پڕ لەکوڕە




**لەنیاگارا:      چ جۆرێ ماچ خۆشترینە؟**

**تەڕو پاراوو شیرینە ؟**

**درێژەی ئەم هۆنراوانە، لەدیوانەکانما ئەبینرێن.**

## کۆتاییەکی خەمناك!

**لە دوا مانگەکانی ساڵی 2018دا ، کۆچی دوایی یەکلەدوای یەکی 6 هاوبیری خۆشەویستم، کسپەیان لەدڵم هەستان.**

**دیسان پایزەو گەڵاڕێزانی درەختی ژیان**

**دوێنێ پێنج هاوبیر، ئەمڕۆ کۆستێکی وەکئەوان گران**

**فەرهادو هەکیم، فریادو نەجم، هیواو نەبەز ڕۆ[1]**

---

[1]-کۆچی دواییان ڕێکەوتی ئەم بەروارانەبو:

**گەردونی نادان، لەگەڵ ئێمەی کورد ئەم تاوانە بۆ!؟**

**ماڵ ئاوا ئەی هاوبیرانی کوردایەتی. منیش هاودەنگم لەگەڵ هاوبیرمان د. هۆگر مەهمود کە ئەڵێ: (پێدەچێ ئەمساڵ وەرزی وەرینی گیانە باڵاکانی کوردەواری بێت، دوێنێ پێنج هاوبیرمان، ئەمڕۆش وا گیانە بەفرینەکەی نەبەزی کەڵەمێرد، بۆجاویدانی، بۆئاسمانەکەی کوردستان، بۆسایەی میهری ئاهورا مەزدا، بۆ پەنای گیانی ئەشۆ زەردەشتو گەشموردانمان باڵیگرتەوە.**

**ماڵئاواییتان چ کسپەیەکە وامەرگی کاکی هەمیشە پێشمەرگەمم لەلا کاڵدەکاتەوە؟!.نەخێر نەخێر ، هەرگیز نەتەوەی کورد، ڕۆڵە بەئەمەکەکانی فەرامۆش ناکا، لەسەر پەڕەی دڵ، بەڕەنگی ئەمەك ناویان تۆمارو یادیان بۆ هەمیشە بەپیرۆزی ئەکاتەوە. ئەی گیانە پیرۆزەکان بەئارامیو ئاسودەییتان ئەسپێرین).**

**ئاخ لەم کۆتاییە خەمناکە! من بەهیوای کۆتاییەکی گەشو روناکبوم کە سەربەخۆیی نیشتمانو ئازادیی نەتەوەکەمی تیا ببینم، بەڵام هەزار ئەفسوس، شەش کورەی ئاگر کەوتە ناو دڵی زامدارمەوە!.**

**بڵێسەی شەش گڕی ئاگر، لەناو کورەی دڵمدایە**

**سوتانە، ئازار**

**لەڕێبازی نشێویدام، وەکو هەورازەڕێ وایە**

**هاوارە هاوار**

**نە هێزی پێ، نە پشتێکو نە هەستێکو نە بینایی!**

**تاریکە ڕێگام**

---

فەرهاد پاڵەوان2018/10/31، هەکیم کاکە وەیس2018/11/18، فریاد هەسەن2018/11/21، نەجمەدین مەهمود2018/11/28، هیوا نیزامەدین2018/12/10، جەمال نەبەز2018/12/8

نە هاوكاریّ، نە دۆستێكو نە دەستێكو بەتەنیایی

ئاوارە ئاسام

*

## دوابەشی ئەم یادەوەریانەم:

## ئەگەر بوم بەسەرۆک

ئەم بابەتە ئەكەم بەدوابەشی ئەم بەشەی یادەكانم. ئەگەر ماین، یادەوەریی تریشم ئەبیّ. ئەویش بەو هۆیەوە كە ئەم بابەتە بەگرنگ ئەزانم بۆئێستەو ئایندەی نەتەوەكەمان، تا بیرنەچێتەوەو دەسەڵاتێكی كوردیی پاكژو داناو زانا، بیكاتە گوڵدەستی خۆیو بیخاتە بواری جێبەجێكردنەوە.

ڕێكارە بەپەلەكانم:

1-سەرەتا ئەبم بەدیكتاتۆرێكی نیشتمانی. دوای ماوەیەكی گونجاو، پرسی سەرۆكایەتیو ڕابەرایەتی ئەسپێرم بەڕای نەتەوە.

2-ئەوی بێتە ڕێی سەربەخۆیی كوردستان، بەرەنگاری ئەبمەوە. لەرێی لۆبیەكی ئاگرینەوە، ئارامی لەپایتەختی ئێستەی دژكارانا ناهێڵم تا دەسئەگرم بەسەر ئەو پایتەختانەدا. كورد مافی خۆیەتی دەسبگریّ بەسەر ئەو پایتەختانەدا لە دو ڕووەوە:

ا)لەڕوی مێژوییەوە، هەر چوار وڵاتی ئیراكو سوریاو توركیاو ئێران، بەشێكبون لەكوردستان بەم پایتەختانی ئێستاشیانەوە.

ب)سەبارەت سەربەخۆییمان، هەمو ڕێگاكانی شۆڕشو ڕاپەڕینو دانوستانو دەستورو دیموكراتیو پێكەوەژیانو قوربانیدانو گشتپرسیو..تاد، چەندین جار تاقیكردەوە بەبیّ ئەنجام. بۆیە تاكە ڕێگەیەك كە مابیّ بۆ سەربەخۆییمان، دەسگرتنە بەسەر پایتەختی ئێستەی داگیركەراندا. ئەوەش ئاسانترە لەوەی هەمو، یا پارچەیەك، یا شارێك، یا گوندێك یا گەڕەكێك لە كوردستان ڕزگاركەین! با سەری

کەس سورِنەمێنێو بلێ ئێمە ئێستە کەمینەین، چۆن!؟ ئەی سوننەو ئەلەویو فارس کەمینە نەبونو نین؟. ئنجا بە چ رێگەیەکو چۆن؟ ئەوە ئاوەزو بەرنامەو پرۆژەی نهێنیی خۆی هەیە.

بۆ ئێستەی باشور:

3-دیموکراسی تورِئەدەم هەتا ئەوکاتەی زانیاریی نەتەوە ئەگاتە ئاستی دیموکراسی.

4- سیستمی ئەو پارتایەتیە ناهێڵم کە بەشەبوجەکەیان لەموچەی موچەخۆران زیاتربوەو سەرچاوەی گەندەڵیو دوبەرەکیو شەرو پشێویی ناوخۆبونو باڵیان بەدەستی نەیارانەوەبوە.

5- هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەکەم بەشێوازی بازنەییو بروانامەی پەرلەمانکار لە کۆلێج کەمترنەبێ.

6- هێزێکی سەربازیو پۆلیسیو ئاسایشی باوەرِدار لەهەردو رەگەز بۆسەرتاسەری کوردستان، هەر بەناوی پێشمەرگەوە، دائەمەزرێنمو بژێوییان لەئاستێکی بەرزا دابینئەکەمو لەتەمەنی 18ساڵیا مەشقی سەربازیو چونیەتیی بەکارهێنانی چەك بەهەمو گەنجێ، نێرو مێ، ئەکەم بۆماوەی 3 مانگ.

7- بەژمێرەو بوجەی گشتیی هەمو ساڵەکانی دوای راپەرینا ئەچمەوەو دوا فلسی دزراو لە گەندەڵکاران ئەسەنمەوەو بەسزای یاساییان ئەگەیەنم ئەگەر لەگۆرِیشابن.

8- سامانی ژێر زەوی تەرخانئەکەم بۆدابینکردنی هەمو جۆرە چەکێکی بەرگریو هێرش. ئەوەی ئەمێنێتەوە، وەك ماڵی سپی، هەڵیئەگرم بۆرۆژی رەشو تەنیا بەباجو رەسمو گومرگو کرێو داهاتی گشتی، دەزگاکانی میریو پرۆژەکانو موچەیەکی تێروتەسەل، وڵات ئەبەمبەرِێوە .

9- زەویی کشتوکاڵی، خۆماڵی (تامیم) ئەکەمو بەگرێبەستی درێژخایەن ئەیدەم بەکرێ بەکەرتی تایبەتو بەکۆمپانیای بیانی، بۆ مەبەستی پیشەسازیو کشتوکاڵیو گەشتیاریو نیشتەجێبونو خزمەتگوزاریی گشتیو هەلی گەشەدانیان بۆئەرەخسێنم

(گرنگیی ئەم خاڵە لەوەدایە کەهەر زەوییەك بەکرێگیرا، گیان بەبەر ئەو زەویەدا ئەکرێو بایەخی ئەزانرێو بەچاکی بەکارئەهێنرێ تا کرێکە بەفیڕۆ نەڕواو زیاترین سودبگەیەنێ).

10- هاوردەو هەنارده ئازادئەکەم بۆکەرتی گشتیو بۆکەرتی تایبەتیش بۆهەموکەس (تابەهۆی کێبڕکێوە نرخی کاڵا هەرزانبێو جۆریش باشتربێ).

11- فەرمانگەکان لەنوکەوە، لەسەر سیستمی رۆژئاوایی دائەمەزرێنمەوەو رۆتین ناهێڵمو تەنیا ٢٥٪ فەرمانبەرانی بەتوانا، بەموچەیەکی تێروتەسەلەوە، ئەهێلمەوەو هەلی کار بۆ ٧٥٪ ەکەیتری لەکەرتی تایبەت ئەڕەخسێنمو بوار بەکرێکاری بیانی نادەم. گەندەڵیش بەهەمو جۆرەکانیەوە، تاوانێکی نیشتمانی ئەبێو لێبوردنی نابێ.

12- تەنیا یەك زانکۆ، لەئاستێکی بەرزا، ئەهێڵمەوە بۆدەرچوانی زۆر باش. خوێنکارانیتر بۆپەیمانگەکان، یا رو بکەنە کەرتی تایبەت.

13- بیمەی رادەی کەمی ژیان، بە پەککەوتوانی بێ داهات، ئەبەخشم.

14- دڵنیایی تەندروستی بۆهاولاتیان دابینئەکەمو پەرە بەنەخۆشخانە گشتییەکان ئەدەمو خەستەخانەی ئەهلیو نۆڕینگەو ئەزمونگە تایبەتەکان ناهێڵمو موچەی پزیشکو ئەزمونکار بەپێی بارستایی کارەکانیان لەنەخۆشخانە گشتییەکانا ئەبێ.

15- موچەی مامۆستایان لەهەمو قۆناغەکانی خوێندنا بەپێی بڕی وانەکانیان ئەبێ.

16- موچەی خانەنشینیی سەرۆکو وەزیرو پەرلەمانکارو پلەتایبەت ئەبڕم. هەمو موچەیەکی خانەنشینی بەپێی یاسای خانەنشینیی شارستانیو سەربازی ئەبێ.

17- زمانێکی فەرمی دەستەبەرئەکەمو گرنگیش بەشێوەزارەکان ئەدەم.

18- مێژوی کورد لەدیدی نەتەوەییەوە ئەنوسمەوە.

19- هەرلەقۆناغی سەرەتاییەوە، پەروەردە ئەخەمە سەر رێچکەیەکی نەتەوەیی.

20- هەمو مزگەوتو پەرستگەو کەنیسەکان ئەکەم بەناوەندی خوێندنو زانیاری. هەموکەسێکیش ئازادئەبێ لەماڵی خۆیا ئاینداریو خواپەرستیی خۆیبکا، یا نەیکا.

21- پاشگرو پێشگری بەگو ئاغاو شێخو هاجیو مەلاو کوێخاو میرزاو هاوشێوەکانیان ناهێڵم.

22- دەستورێ دائەڕێژم سەروەریی یاساو مافو ئازادیی تاکەکەسو پێکهاتە ئاینیو نەتەوەییەکانی تیاپارێزراوبێو سنوری کوردستانی تیادیاریکرابێو یاساکان لەدەستورەوە سەرچاوەبگرن.

23-بەدەستێکی پۆڵایین لەهەمو ناپاکێکی نیشتمانو هەمو گەندەڵێ ئەدەم.

24-بەرپەرچی هەمو دەسدرێژییەکی دەرەکی بۆسەر کوردستان ئەدەمەوە بەپێی بنەمای دان بەدانو چاو بەچاوو سەر بەسەر.

بنەما گشتییەکانم:

ا- کوردایەتی، راگری بونو مانی ئێستەو ئایندەمانە.

ب- هەمو نزیکبونەوەیەك لەداگیرکەران، دورکەوتنەوەیە لەسەربەخۆیی.

پ- سەربەخۆیی کوردستان لەهەمو هەلێکدا کاتیەتی.

ت-جگە لەسەربەخۆییو بەرگریکردن لێی، رەوانیە بۆهیچ مافیکی کەمتر،خوێنی نەتەوە بەهەدەر بدرێ.

ج- پێدانی هەر پۆستێکی وەزاریو پەرلەمانی بەکورد لەناو دەسەڵاتی داگیرکەرانا، دەرزییەکی سڕکەرە لەجەستەی کوردستان، مەگەر ئەو پۆستانە بەئامانجی دەسبەسەراگرتنی ئەو پایتەختانەبێ.

خ-نۆژەنکردنەوەی ماڵی داگیرکەران، وێرانکردنی ماڵی داگیرکراوانە.

د- ئاشتیو برایەتی لەنێوان داگیرکەرو داگیرکراوا، کۆیلەیەتییە بۆدوەمیان. کوردستان لەجەنگێکی گەرم یا ساردا ئەبێ تا رزگارکردنی دوا بستە خاکی.

تێبینی: کۆمەڵگەکان چونیەکنین، هەر کۆمەڵگەو لەهەر سەردەمو بارودۆخێکا، جۆرە سیستمێکی بۆئەگونجێو گەشەی پێئەدا. واتا ئەبێ کالا لەقەد بالابێ. ئەم بەرنامەیە کالای بەقەد بالای ئەمڕۆمانەو خۆشگوزەرانیش دابینئەکا بۆگەلی کوردستان. ئاینده، بەرنامەی جیاوازی خۆی ئەبێ. ئەم بەرنامەیەش پێشنیارە بۆهەر سەرۆکێکی هەڵکەوتوی قارەمانی دیکتاتۆری نیشتمانی، نەك بۆخودی خۆم.

***

لێرەدا کۆتایی بەم بەشەی یادەکانم ئەهێنم. ئەگەر ماین، بەشی دوەمیشی ئەخەینەپاڵ.

له بەشی دوەمدا:

1- درێژە بە هەندێ بابەتی بەشی یەکەم.

2- روداوە تازەکان.

3- وەڵامی پرسیارو رەخنە لەبابەتەکانی بەشی یەکەم

4- کورتە وەڵامەکانم لە فەیسبوك

5- کۆی دیوان لە فەسبوك

6- فەلسەفەی بەشیری لە فەیسبوك

7- هەر بابەتێکی پێویستیتر.

لەگەڵ رێزم.

## سی . ڤی کامیل ژیر:

## CurriculumVitaeC.V

ژیر، نازناوی کامیل نیزامەدین جەلالە،لەدایکبوی1934/12/20لەسلێمانی، دەرچوی کۆلێجی ماف لەبەغا1966، هەشت کۆرس زمانی ئنگلیزیی لەپەیمانگەی ئەمریکی بۆ فێربونی زمان لەبەغاو یەك کۆرس ئەڵمانی لەپەیمانگەی گۆتە لەبەغا خوێندوە. پێنج مانگ لەجنێڤ هەوڵی فێربونی زمانی فەرەنسیی داوە، ساڵێك لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکان لەبەغدا هونەری نواندنو دەرهێنانی خوێندوە. دو بڕوانامەی لەبواری کارگێڕیدا لەبەغدا وەرگرتوە، سەرپەرشتیاری گۆڤاری هیوا 1957،1958، سەرپەرشتیای رۆژنامەی خەبات بەشی کوردی 1959، سەرپەرشتیاری رۆژنامەی سەربەخۆیی 1991تا1993بوە. دادوەر لەشۆڕشی ئەیلول، پارێزەر لەدادگاکانی بەغاو سلێمانی، دامەزرێنەری کاژیك بەهاوکاریی شەش هاوبیریتر. لەدامەزرێنەرانی کۆڕی سەربەخۆیی کوردستانە. بەرپرسی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانە لەباشوری کوردستان. ئەندامی مەکتەب سیاسیی پاسۆك بوە. چەنجار لەسەردەمی پاشایەتیو بەئسدا زیندانیکراوە. ساڵی 1954 نەفیکراوە بۆ شوئەیبەو ساڵی 1957 نەفی کراوە بۆئەبوغرێب. ساڵی 1967هاوسەرگیریی کردوە. لەفەیسبوك بە 3بابەت (کورتە وەڵام، دیوان، بەشیر موشیر) لەگەڵ نزیکەی پێنج هەزار هاوڕێیدا لەگفتوگۆدایە.

**-ئەم خەڵاتو رێزلێنانە کراوە:**

1-خەڵاتی جوانترین هۆنراوە بۆ بەهاری کوردستان 2-خەڵاتی یەکێتیی ئەدیبو نوسەرانی کورد 3-خەڵاتی وەزارەتی رۆشنبیریی کوردستان 4-خەڵاتی بزاڤی رۆشنبیری 5-خەڵاتی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان 6-خەڵاتی رۆژنامەی خەبات 7-خەڵاتی پێشمەرگە.



خەبات







حکوومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پێشمەرگە
فەرماندەیی سلێمانی- یەکەی ٤٨

«خەڵاتی پێشمەرگە»

بەڕێز/ مامۆستا کامیل ژیر

لەپای ئەو هەوڵ و کۆشش و شەونخونی و ماندووبوونانەی ساڵانێکی زۆر لە پێناو نەتەوەی کورددا کێشاوتانە، وەک پێشمەرگەئاسا تەمەنێکی پڕ لە سەروەریتان بەخشیە نەتەوەکەمان و خزمەتگەلێکی بەرز و بەنرختان پێشکەش کردووە، بەناوی سەرجەم پێشمەرگەکانمانەوە دەستخۆشیتان لێدەکەین.. هەر لەو سۆنگەیەشەوە بڕیارماندا ئێمەی پێشمەرگە ڕێزتان لێ بنێین و، وەک پاداشتێکی شۆڕشگێری خەڵاتی شایستە بەخشینە کەسێکی شایستە بەناوی «خەڵاتی پێشمەرگە»، کە بەرزترین خەڵاتی شۆڕشگێڕییە لە کوردستان.

لەو سەروبەندەیشدا بەرزتان دەستێشان کران لە لایەن بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی فەرماندەییمان ( فەرماندەیی سلێمانی- یەکەی ٤٨ )، سەر بە یەکەکانی ( ٨٠ )، ئەم خەڵاتە ناوازەیەتان پێشکەش بکەین. هیوادارین لەمەو دوایش درێژە بە ڕەوتی کاروانی ڕۆشنگەری و بیری کوردایەتی و نەتەوەپەروەری بدەن و بە پێشووس و هێز و بیری گەشتان نەوەکانی نەتەوەکەمان پەروەردە بکەن لەسەر بنەمای هزری نەتەوەیی و زانست و زانیاری و ڕۆشنبیرییەکی گەشەدار..

دووبارە سوپاس و پێزانینمان ئاراستەتان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین..

مەلا عەلی زەنگۆ
فەرماندەی فەرماندەیی سلێمانی



خەڵاتی جوانترین هۆنراوە
بەسەر بەهاری کوردستاندا
درا بە هۆنراوەکەی
کامیل ژیر
1957



بۆ کامل ژیر

خزمەتی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی مەزنترین بیدالیای هەرە بەرزی ژیانی ئێمەی
کوردەواریمانە .. یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی کورد بە بۆنەی سێیەم میهرەجانی شیعری
کوردی بە دەر ، قەدرزانی و ڕێز گرتنی ئێوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ چونکە ئێوە
برادەرانی ڕۆشناکی بوون لەم ڕێگە پیرۆزەدا کە خزمەتی چاکی گەل و ئەدەبی کوردییان کردووە.
ئێمە سەربەرزی و تەمەن درێژیتان بۆ دەخوازین

یەکێتی
ئەدیبان و نووسەرانی کورد

١٩٨٦-٩-١١



لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەسەڵاتی رۆشنبیر بەرجەستەدەبێت

هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بڕاگەی رۆشنبیری لە سلێمانی

ڕێکەوت: 22 / 2/ 06
ژمارە:

بۆ بەڕێز/ کامیل ژیر

بەڕێزتان لەلایەن بڕاگەوە دەستنیشان کراون ،کە خەڵاتی زێرینی هەژار موکریانیتان پێببەخشن لە فیستیڤاڵی هە...
موکریانی دا ، لەم ڕووەوە ئاگادارتان دەکەین ، لەو ڕۆژە دیاری کراو ئامادەبن
لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستی دا

ڕۆژی: 2006/2/23
شوێن: هۆڵی سلێمانی – ئەنیشتە سەنتەری گەنجان
کات : 10:30 سەرلەبەیانی
3:00 پاش نیوەڕۆ

بڕاگەی رۆشنبیری لە سلێمانی



حکومەتی هەرێمی کوردستان
Kurdistan Regional Government

MINISTRY OF CULTURE
وەزارەتی ڕۆشنبیری

ڕێزنامە

بەڕێز / ...کامل ژیر.....................

لەگەڵ چوونە نێو ساڵێکی نوێ و بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٦)ی تایبەت بەپێزانینی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنووسەران و هونەرمەندان، خزمەتی بەرچاوی بەڕێزتان لەبواری پەرەدان بەرۆشنبیری کوردی بەرز دەنرخێنین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین.

فلک الدین کاکەیی
وەزیری ڕۆشنبیری
سەرۆکی ئەنجومەنی پێزانین لە نووسەران و هونەرمەندان

بەرهەمە هزرییە چاپکراوەکانی:

1. ئافرەت و نوشتە، شانۆنامە- کوردی1956 چاپی بەغداد
2. نازەنین، هۆنراوە(شێعر) کوردی 1957 چاپی بەغداد
3. کوردایەتی، هۆنراوە کوردی 1960 چاپی بەغداد
4. جوانی، هۆنراوە کوردی 1983 چاپی سلێمانی
5. گەورەپیاو، شانۆنامە کوردی 1992 چاپی ستۆکهۆل
6. هەڵبەستەکانی ژیر، هۆنراوە کوردی 1993 چاپی ستۆکهۆلم
7. کوردایەتی و دەوڵەت، توێژینەوە کوردی 1994چاپی ستۆکهۆلم
8. افکار، توێژینەوە عەرەبی 2002چاپی سلێمان
9. کوردایەتی وسەربەخۆیی، توێژینەوە کوردی 2002چاپی سلێمانی
10. کوردایەتی بیروبزاڤە، توێژینەوە کوردی 2006 چاپی سلێمانی
11. کوردایەتی و گەندەڵی، چیرۆك کوردی 2008 چاپی سلێمانی
12. کوردایەتی و جوانی، هۆنراوە کوردی 2010 چاپی سلێمانی
13. کاژێك وەڵامی 62پرسیاری هەڵۆبەرزنجەیی، کوردی2014چاپی ئەلەکترۆنی
14. داستانی بەشیرموشیر، رۆمان کوردی 2014چاپی ئەلەکترۆنی
15. کوردایەتی و دژەناوخۆییەکان، رەخنە کوردی 2015 چاپی ئەلەکترۆنی
16. یادەکانم 2019 چاپی سلێمانی
17. بۆچاپ لەئایندەدا:
18. حوار - عەرەبی
19. سەرجەم هۆنراوەکانم
20. نوسراوەکانم لەسەر بەشیرموشیر
21. بەشی دوەمی یادەکانم